# مێژووی دبلۆماسی

# و

# پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

# مێژووی دبلۆماسی
# و
# پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان

**نووسینی**

**د. ئەحمەد نەقیب زادە**

**وەرگێڕانی**

**مستەفا مەعروفی**

**هەولێر - ٢٠٠٨**

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **مێژووی دبلۆماسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان**
- نووسینی: د. ئەحمەد نەقیب زادە
- وەرگێڕانی: مستەفا مەعروفی
- نەخشەسازی ناوەوە: طـە حسین
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (١٨٣٩)
- نرخ: (٤٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٠٨)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆک

**کتێبی یەکەم**

هەلومەرجی جیهان لە ڤیستیڤالەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی ١

**فەسڵی یەکەم**

جیهان لە ڤیستیڤالەوە تا کۆنگرەی ڤیەن ٣

**بەشی یەکەم**

ڤیستیڤال و ئاکامەکانی ٥

**بەشی دووەم**

ئالوگۆڕەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ٢٣

**بەشی سێیەم**

دیپلۆماسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا ٣٧

**فەسڵی دووەم**

رووداوە گرنگەکانی جیهان لە کۆنگرەی ڤیەنەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی ٥٥

**بەشی یەکەم**

کۆنگرەی ڤیەن و گرنگیی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا ٥٧

**بەشی دووهەم**

ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئورووپا لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠یەوە تا یەکیەتیی ئەڵمان ٧٩

**بەشی سێیەم**

هەلومەرجی نێونەتەوەیی لە ١٨٧٠وە تا پێکهاتنی هاوپەیمانێتی سێقۆڵی ١١١

**بەشی چوارەم**

ئاڵوگۆڕ لە پێوەندیيە نێونەتەوەیيیەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا ١٥١

**کتێبی دووەم**

پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ ١٨٣

**بەشی یەکەم**

شەڕی یەکەمی جیهانی و ئاکامەکانی ١٨٧

**بەشی دووەم**

مەسەلە گرنگە نێونەتەوەییەکان لە دەیەی ١٩٢٠دا ٢٢١

**بەشی سێهەم**

پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ١٩٢٩وە تا ١٩٤٥ ٢٣٧

**بەشی چوارەم**

شەڕی دووهەمی جیهانی ٢٥٩

**فەسڵی دووەم**

ئاڵوگۆڕە گرنگە نێو نەتەوەییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ ٢٨٧

**بەشی یەکەم**

قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد ١٩٤٥ تا ١٩٦٣ ٢٨٩

**بەشی دووهەم**

ئاڵوگۆڕی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا ٣٠٩

**بەشی سێهەم**

شەڕی نوێی سارد و سەرەتای لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت ٩٠. ١٩٧٩ ٣٢٥

**بەشی چوارەم**

پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە دەیەی ١٩٩٠دا ٣٤١

# کتێبی یەکەم

## هەلومەرجی جیهان
## لە ویستڤالییەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی

لەم قۆناغەدا دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە سەرەتادا لە شێوەی دەوڵەتی پاشایی ETAT) (PRINCIERدا پێك هاتن. پاشاکان لە چوارچێوەی ناوچەیەکی تایبەتدا نوێنگەی دەسەڵاتی سیاسیی پێڕەوانی خۆیان بوون. بەڵام لە شۆڕشی فەرەنسا بەم لاوە (١٧٨٩) چەمکی نەتەوە وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ و یەکەیەك لە رووی مافەوە پێناسە کرا کە هێز و دەسەڵاتێکە لە سیمای حکوومەتی هەڵبژێراوی خەڵك (دیموکراسی)دا خۆی دەنوێنێ. لەم قۆناغەدا ئەو کۆمەڵگایانەی لە کۆمەڵگاکانی دیکە زیاتر تایبەتمەندیی نەتەوەییان وەدەست هێنابوو، بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بوون. ئەو کۆمەڵگایانە هەروەك دواتر باسی دەکەین بریتی بوون لە: فەرەنسا، بریتانیا، رووسیا، پرووس و ئوتریش. ئەم پێنج دەسەڵاتە پێوەندییەکانی خۆیان بە فەرمی لە کۆنگرەی ڤیەن (١٨١٥) رێکخست، بەجۆرێك کە سیستەمێکی چەند جەمسەری لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێز تا ساڵانی کۆتایی سەدەی ١٩ درێژەی کێشا. ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بوونە هۆی ئاڵوگۆڕ لە سیستەمە سیاسییەکانی ئەورووپا و لە ئاکامدا ئاڵوگۆڕ لەپێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. سەرهەڵدانی هێزە نوێیەکانی وەك ئیمپراتۆریی ئەڵمانیایا و پاشایەتیی ئیتالیا و دەرکەوتنی ژاپۆن و ئەمریکا لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەلایەك و پەرەگرتنی رکەبەرایەتیی هێزە کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپایی لەلایەکی دیکە، سیستەمی نێونەتەوەیی تووشی گۆڕان کرد و وردە وردە جیهانی بەرەو شەڕی یەکەمی جیهانی پاڵ پێوەنا.

# فەسڵی یەکەم

جیهان لە ویستیڤالەوە تا کۆنگرەی ڤیەن

# بەشی یەکەم

## وێستیڤال و ئاکامەکانی

پەیماننامەکانی وێستیڤال بریتی بوون لە دوو پەیماننامەی"مونیتێر"و" ئوزنابروك" کە لە کۆتایی شەڕی سی ساڵەی ئایینیدا لە ناوچەی وێستیڤاڵیی ئەڵمانیا ئیمزا کران. شەڕی سی ساڵەی ئایینی بوو کە بواری بۆ ئەم پەیماننامەیە رەخساند و، دەسکەوتەکانی جگە لە ئازادیی ئایینی کە پێشتریش لەسەر رەزامەندیی ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆم ـ جێرمەن و پاشایەتیی فەرەنسا بوو، بریتی بوو لە دانان بە مافی ئازادیی شازادەکان بۆ ئیمزای پەیماننامەکانی ئاشتی یان شەڕ. بەمجۆرە جەستەی ئیمپراتۆری کەلەبەری تێکەوت و چوارسەد شازادەنشین سەربەخۆییان وەرگرت و بەدەسەلاَت گەیشتن. بەم شێوەیە بوو کە وێستیڤال بوو بە سەمبول و نوێنگەی سەردەمێکی نوێ و خاڵی دەستپێکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان. بەواتایەکی دی وێستیڤال نوێنگەی رێنسانس لە بواری پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بوو.

### ١ـ بوارەکان

رێنسانس و ریفۆرمە ئایینییەکان وەك هەر ئاڵوگۆڕێکی دیکە دوو گرووپی کۆنەپەرست و نوێخوازی لە بەرامبەر یەکتردا راگرت. لە پێشدا بواری فکری و پاشان سیاسیی ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکانی پێکهێنا کە ئاماژەیان پێ دەکەین.

**أ) رێنسانس**

رێنسانس یان بووژانەوە بە ئاڵوگۆڕێك دەگوترێ کە لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدەدا هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی ئەورووپای رۆژئاوای گرتەوە و بوو بە هۆی گەشەکردنی بوارەکانی هونەری، ئەدەبی، سیاسی و کۆمەلاَیەتی. سەبارەت بەوە بەو ئاڵوگۆڕانە دەڵێن



بووژانەوە چونکە قۆناغی هەزار ساڵەی سەدەکانی نێوەڕاست وەك قۆناغێکی بێ رووح و تاریك کۆتایی هات و سەرلەنوێ پەنایان بردەوە بەر میراتی یۆنان و رۆمی کۆن. بەلاَم ئەمڕۆ ئیدی کەس بەمجۆرە باسی قۆناغی سەدەکانی نێوەڕاست ناکا و هەموو کەس دەزانێ سەرچاوەی زۆر لە ئاڵوگۆڕەکانی سەدە نوێیەکانی ئەورووپا هەر لەم قۆناغەدا دەستیان پێکرا.

لە راستیدا شەڕەکانی خاچ ( ١٠٩٥- ١٢٩٢) لە نێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانەکاندا و شەڕی سەد ساڵە (١٣٤٠- ١٤٥٣) کە لە نێوان بریتانیا و فەرەنسادا روویاندا، زەبری کاریگەری لە ئەورووپاییەکاندا و ئەوانی بۆ ئاڵوگۆڕی قووڵ ئامادە کرد. لە ماوەی شەڕی خاچ-دا ئەورووپاییەکان لەگەڵ فەلسەفە و حیکمەتی یۆنان و شارستانییەتی ئیسلام ئاشنا بوون، هەرچەند مێژوونووسانی ئەورووپایی حاشا لەو کاریگەرییە دەکەن. لەلایەکی دیکە ئەم شەڕانە بوونە هۆی ئەوەی شارەکانی قەراخ دەریای سپی نێوەڕاست وەکو فلۆرانس و ڤێنیز رمێنیان بکەوێتێ و بوار بۆ سەفەری گەرۆك و دەریاوانەکان پێك بێنن. بەمجۆرە سەردەمی فتووحات دەستی پێکرد و دۆزینەوەی قارەی ئەمریکا لە ساڵی ١٤٩٨دا زێڕ و سامانێکی زۆری بە نسیبی ئەورووپاییەکان کرد. کەڵەکە بوونی سامان ژیانی نزمی ئەورووپاییەکانی گۆڕی. ئێستا هەندێك کەس بە تێکڕای ئەم ئاڵوگۆڕانە دەڵێن "رێنسانس"و تاقمێکی دیکەش پێیانوایە بریتییە لە سێ بەش واتە رێنسانس، ئۆمانیزم و ریفۆرمی ئایینی. هەر چییەك بێ لە سەرەتادا بوو بە هۆی گەشەکردنی هونەر و ئەدەب و شارەکانی ئیتالیا کە ناوەندی ئەم ئاڵوگۆڕانە بوون، بوونە مەکۆی پەیکەرساز، وێنەکێش و شاعیران کە شاکارە هونەرییەکانی جیهانیان خوڵقاند. لە هەموو ئەو بەرهەمانەدا سەرنجدان بە مرۆڤ بە روونی دیار بوو. بەلاَم لە نێو ئەمانەدا دووکەس بەناوەکانی" ئیراسمۆس"و "لوڤور دیتاپل" (هەردووکیان لە ساڵی ١٥٣٦دا مردن) بەتایبەتی فەلسەفەی ئۆمانیزمیان بنیاتناو بە گەڕانەوە بۆ ئەندێشەکانی یۆنانی کۆن ئاماژەیان بە کەفایەتی رووحیی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و ناسینی شتەکان کرد. ئیراسمۆس کتێبی" لە پەسنی شێتی دا"ی لە ساڵی ١٥١١دا بلاَو کردەوە. لەم کتێبەدا کە ئاماژە بەدەستە وەستانیی عەقڵ لە مەسەلە میتافیزیکییەکاندا و پێداگرتن لە سەر حاڵەتە عیرفانییەکان دەکا، کاریگەریی ئەندێشەکانی ئەفلاتوون بەرچاو دەکەون.

لوڤوردیتاپلیش لە "متألهین"(خواناس) و فەیلەسووفانی فەرەنسا بوو، یەکێك لە هەوڵ وەرگێڕانەکانی ئینجیل و بەرهەمەکانی ئەرەستۆی پێشکەش بە کۆمەڵ کرد.

خوێندنەوەی تەنانەت چەند لاپەڕێك لە کتێبی "لە پەسنی شێتی دا"سەرنجی مرۆڤ بۆ زەبرێك رادەکێشێ کە وەبناخەکانی مەعریفەناسی و ئوسوولەکانی زاڵ بەسەر روانگەی کلێسا دەکەوێ. ئەم کتێبە گاڵتە بە دونیای پووچی بانگەشەکارانی سەدەکانی نێوەڕاست دەکا. هەوڵی ئۆمانیستەکان ئەمە بوو کە باوەڕ و دوگمەکانی کلێسا تێك بشکێنن و حاڵە رواڵەتییەکانی قۆناغی سەدەکانی نێوەڕاست لەقاو بدەن و مرۆڤ بۆ سروشتی خۆی بگەڕێتەوە.

رووداوێکی دیکە کە لەو سەردەمەدا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، داهێنانی هونەری چاپ بوو کە لە دەیەی ١٥٥٠دا گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن و بەرهەمە گرنگەکانی ئەوکاتی بە ژمارەیەکی زۆرەوە خستەڕوو. بەمجۆرە ئینجیل و بزووتنەوەی هوشیاری هاتە نێو خەڵکی ئاساییەوە. لەڕاستیدا بزووتنەوەی وەرگێڕان و فەننی چاپ دوو دیاردەی لاوەکی بوون کە رۆڵێکی گرنگیان لە بڵاوکردنەوەی ئەندێشە نوێیەکاندا هەبوو.

**ب) بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی**

کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەژاری و نەداری و هەر عەیب و عارێکی دیکە کە خەڵك لە ژیانی خۆی وەڕەز دەکا، بەرلە هەموو شتێك لەسەر رێکخستنی سیاسی و سیاسەتمەداران هەژمار دەکرێ. بەڵام خەڵکی ئەورووپا لە سەدەکانی سێزدە و چاردەی زایینیدا هەژاری، تاعوون، بەڵا و مەینەتبەشییەکانی دیکەیان لە چاوی کلێسا دەزانی کە نوێنگەی سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی سەدەکانی نێوەڕاست بوو. سەیر ئەوە بوو لە سەرەتادا ئەندێشەی ریفۆرم کە لە کلێسادا سەری هەڵ داو رۆمانییە وشیار و بەرپرسەکان، بۆخۆیان هەستیان بە پێویست بوونی کرد. بەڵام پێکهاتەی کلێسا بە چەشنێك بوو کە هیچ ئاڵوگۆڕ و ریفۆرمێکی قەبووڵ نەدەکرد. لە ئاکامدا سەرچاوەی ئەم ئاڵوگۆڕە حاشاهەڵنەگرانە کەوتە دەرەوەی کلێسا. ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بە هۆیە حاشاهەڵنەگرەکانی ریفۆرمی ئایینی بکەین کە بریتی بوون لە ریفۆرمی ئەو رێوشوێنە کۆمەڵایەتییانەی لەلایەن کلێساوە بەسەرخەڵکدا سەپابوون، دەبێ ئاماژە بە سێ هۆ بکەین:

ــ هۆی ئایینی: خەمی خەڵك بە نیسبەت داهاتووی بیروباوەڕی ئایینی لە کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاست و پەرەگرتنی ئەندێشەی دژی ئایین، لایەنگرانی ئایینی مەسیحییان خستە بیری ریفۆرمی ئایینییەوە. ئەم حەزە کە لە لایەنگری لە ئایینەوە سەرچاوەی دەگرت، بوو بە هۆی مەحکووم کردنی هەڵسوکەوتی باو لە کلێسادا و لایەنگری لە پێوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ خودا لەڕێگەی پەنابردنی راستەوخۆ بۆ ئینجیلەوە. هەربۆیە دەیان وەرگێڕان لەسەر ئینجیل کرا و



رێگەی بۆ دەست پێڕاگەیشتنی خەڵکی خوێندەواری ئاسایی بە ئینجیل خۆش کرد. بەهۆی دەستڕاگەیشتنی راستەوخۆی خەڵك بە ئینجیلەوە، پێویستیی خەڵك بە رووحانییەکان کە تەفسیری کتێبی پیرۆزیان لە پاوانی خۆیان نابوو، کەم بۆوە. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوە نوێیە لەلایەنی هەستی زوهدگەرایی و دژی عەقڵگەرایی تومیست (سەن تۆماس داکن) و لایەنگری ئەندێشەی نیۆ ئەفلاتوونی و ئۆمانیستی بوو کە بناخەکانی کلێسای وردە وردە لەرزۆك کرد.

هۆی ئەخلاقی: کەڵك وەرگرتنی خراپی کاربەدەستانی کلێسا لە پلە و پایەی خۆیان و هەڵسوکەوتی پێچەوانەی رێوشوێنە ئایینی، ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکان کەلەوان رووی دەدا، دەبووە هۆی ئەوەی لەبەرچاوی خەڵك بکەون و روو لە کلێسا وەرگێڕن. زۆر لە قەشەکان دەچوونە راوێ و لە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان خۆیان نەدەبوارد. ئەگەرچی کلێسا پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی بۆ قەشەکان قەدەغە کردبوو، ئەوان روویان کردبووە کارێکی دزێوتر واتە ژیان لەگەڵ سۆزانییەکان. زۆربەیان خەریکی کڕین و فرۆشتنی بەهەشت (ناسراو بە کردەوەی سیموونی کە بە سەن سیموون لە یارانی مەسیح نیسبەت دەدرێ و گۆیا خەڵکی ئێرانیش بووە) بوون و ئاگایان لە غەم و مەینەتییەکانی خەڵك نەبوو. هەرچەند ئەم وەزعە پاش رێفۆرمەکانی گریگواری حەوتەم، پاپی بە دەسەڵاتی سەدەی یازدە (١٠٧٣- ١٠٨٥) کە هێندێك ریفۆرمی بەربڵاوی بەمەبەستی یەکسان کردنی وەزعی ئۆسقۆف و قەشەکان و بووژاندنەوەی دەسەڵاتی کلێسا بەرێوەبرد، کەمێك باش بوو و ئەوە بوو کە دەسەڵاتی پاپەکانی ئەوەندە زیاد کرد کە توانییان ئیمپڕاتۆڕ لە بەرامبەر خۆیاندا بە چۆك دابێنن. بەڵام بەربڵاویی فەساد و وێرانی لەوە زیاتر بوو کە بە هەوڵێك راست و دروست بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە شەڕەکانی خاچ کە بە دوای ریفۆرمەکانی گریگواردا روویاندا، بوونە هۆی زیادبوونی دەسەڵات و سامانی کلێسا و لەئاکامدا دەرفەتێکی زیاتری بۆ فەساد پێکهێنا.

کێشەی ئیمپڕاتۆر و پاشایەکان لەگەڵ پاپ لەسەر مافی دیاریکردنی پلەوپایەی کلێساکان و کاروکردەوە ئایینییەکان بوو (INVESTITURE)کە جاری وابوو دەبووە هۆی سزاروپاپیزم واتە دەسەڵاتی پاپ بەسەر سزاردا و، جاری واش بوو پاپ لە بەرامبەر بەربەرەکانیی شا بۆ وێنە دەسگیرکردنی بنیفاسی هەشتەم لەلایەن فلیپ لوبڵ پاشای فەڕەنسادا یان بەربەرەکانیی هێنریی هەشتەم پاشای بریتانیا، شکستی دەخوارد.

هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان: یەکێك لە دیاردەکانی فەسادی کلێسا تەخشان پەخشان کردن و مشەخۆرییەك بوو کە خەرجەکەی لەڕێگەی سەپاندنی باج (ماڵیات) بەسەر ئیمانداران

لە سەرانسەری ئەورووپادا دابین دەبوو، یان لەڕێگەی فرۆشتنی بەهەشت بە تاوانبارانی دەوڵەمەندەوە دەست دەکەوت. ئەم خۆسەپاندنە بارێکی قورس بوو هەم لە سەر پشتی خەڵك و هەم لەسەر شانی دەوڵەتەکان و، دەبووە هۆی نارەزایەتیی دەوڵەتەکان و شازادەکان. ئەم شازادانە نیشانیان دەدا کە حەزیان لەسەربەخۆییە لەبەرامبەر ئیمپراتۆڕدا. ئیمپراتۆڕیی پیرۆزی رۆم ـ جێرمەن لەساڵی ٩٦٢دا لەلایەن "ئاتونی گەورە"وە دامەزرا تاکو بە پێڕەوی کردن لە "شارلمانی" هەموو ناوچەکانی ئەورووپا لە ژێر ئالأی ئایینی مەسیحدا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەم ئیمپڕاتۆرییە ناوچەکانی ئەمڕۆی ئیتالیا، ئەڵمانیایا، هۆڵەندا، بەلجیکا، چیك، سلۆڤاکی، ئوتریش، پۆلۆنیا و جاروباریش ئیسپانیای دەگرتەوە. هەر لە ئەڵمانیایا بە تەنیا نزیکەی چوارسەد میرنشین هەبوو کە پێڕەوی یان لە ئیمپڕاتۆریی پیرۆز دەکرد. لە سەدەی چواردەی زایینییەوە هەموو ئیمپڕاتۆرەکان لە بنەماڵەی هابسبۆرگی ئوتریش هەڵدەبژێردران. بەڵام جگە لە میرنشینەکان کلێساکانی فەڕەنسا و بریتانیاش پێرەوییان لە پاپی رۆم دەکرد. یەکەم زەبر فەڕەنسا لە دەسەڵاتی پاپی وەشاند. سەرەتا فلیپ لوبل کە لە بەرامبەر بنیفاسی هەشتەمدا راوەستابوو، بیری "گالیکەن" واتە سەربەخۆیی کلێساکانی فەڕەنسای پەرەپێدا وای تەنگ بە بنیفاسی هەشتەم هەڵچنیبوو کە ناوبراو لە داخان وەزگی دا. جێگرەکەیان لە نێوکاندیداکانی فەڕەنسا هەڵبژارد و بنکەکەیان بۆ ئاڤینیوون لە باشووری فەڕەنسا راگواست. (١٣٠٩) کە تا ساڵی ١٣٧٧ درێژەی کێشا. لە ئاکامدا ئەم رەوتە رێککەوتننامەی (کۆنکۆردای بولونی ـ ١٥١٦) سەربەخۆیی کلێسای فەڕەنسای لێ کەوتەوە. زەبری دووەم بە سەربەخۆیی کلێسای بریتانیا لەلایەن هنریی هەشتەمەوە لە ساڵی ١٥٣٤دا و بیروباوەڕی ئانگلیکەن کەهەمان سەربەخۆیی هەمیشەیی کلێسای بریتانیا لە رۆم بوو، وە دەسەڵاتی پاپ کەوت. لەو سەردەمەدا ئیدی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی نیوەی ئەورووپای داگرتبوو و بریتانیا بۆ هەتاهەتایە هاتە سەر دینی پرۆتستانت.

هەروەك ئاماژەی پێکرا، زۆر لە شازادەکان لە نەبوونی ئازادی و سەربەخۆیی نارازی بوون و هەر کە بزووتنەوەی ریفۆرم دەرکەوت لەگەڵی کەوتن. لەڕاستیدا کلێسا و ئیمپڕاتۆری دوو ئەستۆندەکی تاولێك بوون کە یەکەمیان کۆڵەکەی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی و ئەوی دیکەیان کۆڵەکەی سیاسی- نیزامیی سەدەکانی نێوەڕاست بوو. لە بەرامبەر ئەم تەوەرەیەدا بزووتنەوەیەکی نوێش هەبوو کە دوو کۆڵەکەی هەبوو، یەکێکیان ئایینزایی ـ فەرهەنگی و ئەوی دیکە سیاسی بوو. ریفۆرمخوازان لە بەرامبەر ئیمپڕاتۆردا یەکیان گرت. ئەگەر



پشتیوانییەکی ئەوتۆی سیاسی لە بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی نەدەبوو، روون نەبوو کە چارەنووسەکەی بە کوێ دەگا.

دەستپێکردنی بزووتنەوە: لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا لە ٣١ی ئۆکتۆبری ١٥١٧دا "مارتین لۆتەر" ( ١٤٨٣- ١٥٤٦) قەشەی کلێسای ویتنبێرگی ئەڵمانیا نامە رەخنەگرانەکەی کە لە ٩٥ماددەدا نووسرابوو لە سەردەرگای کلێسایەك هەڵواسی کە نوێژی لێ دەکرد. لەو نامەیەدا هەڵسوکەوتی پاپ و ئالبێرئەمیری براندنبۆرگی لە بەخشینی تاوان و فرۆشتنی بەهەشتدا لەقاودا و مەحکوومی کرد. ئەم شتە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینزایەکی نوێ لە ئایینی مەسیح دابوو کە توانی نیوەی ئەورووپا بگرێتەوە و مێژووی ئەم سەرزەوییە بگۆڕێ. کاریگەریی بیروڕاکانی ئیراسمووس و ئۆمانیزم بەسەر بیروباوەڕەکانی لۆتەردا بەروونی دیاربوو. هەرچەند هێندێك کێشەشیان لەنێواندا هەبوو. هەروەك ئەشاعەرە لە ئیسلامدا، لۆتەریش ئایینزای نوێی لەسەر بنەمای ویست و تەقدیری خودا دامەزراند و موریدەکانی خۆی لە هەر چەشنە واسیتەیەك یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی چارەنووسی خۆیان دەپاراست. زۆری پێنەچوو کەسانێکی دیکەش ئایینزای پرۆتستانتیزم، یان رەخنەیان پەرە پێدا." ژان کالڤین"( ١٥٠٩- ١٥٦٤) لە فەڕەنسا و" زوینگلی"( ١٤٨٤- ١٥٣١) لە سویس ئایینزای لەم چەشنەیان وەڕێخست. سنووری بزووتنەوەی کالڤین بە پێچەوانەی زوینگلی کە بە مردنی کۆتایی هات، زۆر زیاتر چووو وەك دووەمین شەپۆلی ئایینزای پرۆتستانتی لێهات. بە جێگیربوونی ئەو لە جنێڤدا و دامەزراندنی کۆماری جنێڤ، زۆربەی ویلایەتەکانی ئەڵمانیای خستە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی خۆیەوە و بۆماوەیەك وەپێش لۆتەریانیزمیش کەوتەوە. بزووتنەوەی پرۆتستانتیزم خێرا بەسەر ناوچەیەکی زۆر لە ئەورووپا بە تایبەتی باکووری ئەو قارەیەدا بڵاوبۆوە و هەوڵی کلێسای رۆم بەمەبەستی بەخۆداهاتنەوە لە شێوەی شوورای ترێنت (١٥٤٥- ١٥٦٣) دا بە سەر هەواری خاڵێدا کەوتن بوو. بە تایبەتییش راگەیەندراوی کۆتایی کلێسا زۆر بە پارێزەوە و کۆنە پارێزانە بوو. هەلومەرجی ئەورووپا لە کاتی مردنی کالڤین لە ساڵی ١٥٦٤دا و هاوکات لەگەڵ دەرچوونی راگەیەندراوی ترێنت و پاش ئیمزای ئاشتیی ئەگسبۆرگ لە ساڵی ١٥٥٥دا و پەسندکردنی ٣٩ ماددەی دامەزراندنی کلێسای ئەنگلیکەن لە ١٥٦٣دا بەم شێوەیە بوو:

ــ له نیمچەدورگەی ئیبری و چەند بەش له ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاستدا، پرۆتستانتیزم زەمینەی لەباری نەبوو و هەڵسوکەوتی سەرکوتکەرانە و کاسولیزم سەرلەنوێ سەقامگیر ببۆوە.

ــ لەباکووری ئەورووپا به پێچەوانەوە، پرۆتستانتیزم رەگی داکوتابووو ویلایەتەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، پاشاییەکانی ئەسکاندیناڤیا و هەرێمەکانیان وەك فینلەند، ئایسلەند لۆتەریانیزم داپۆشیبوو.

ــ کالڤینیزم له ئیسکاتلەند و بیروباوەڕی ئەنگلیکەن که جۆرێك له پرۆتستانتیزمی بریتانیایی بوو له ویلز بڵاو ببۆوە.

بەڵام ناوچەکانی نێوان ئەو دوو بەشەی ئەورووپا وەك فەرەنسا، هۆڵەندا، رەنانی، سویس، ئوتریش، بوهیم، هەنگاریا، و پۆلۆنیا شاهیدی سەرکەوتنی کالیڤینیزم بوون کەله لایەن بۆرژواکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا. بەڵام حکوومەتەکان تاڕادەیەك به کاسۆلیك وەفادار مابوونەوە. لەمەودوا شەڕی نێوان کاسولیکەکان و پرۆتستانتەکاندا حەتمی بوو. ئەو ناوچانەی کەوتبوونە نێوان ئەم دوانە، بوونە مەکۆی سەرەکیی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان. له فەرەنسادا کاروباری وڵات بەدەست پاشاوە بوو، بەڵام له ئەڵمانیا ئەم شەڕانە تایبەتمەندیی نێونەتەوەییان هەبووو له شێوەی شەڕی سی ساڵەی ئاییندا خۆیان دەنواند.

بەڵام بیروڕاکانی لۆتەروکالڤین هەڵگری چ شتێك بوون که کلێسای وەلەرزە خست؟ گرنگترین شت ئەوەبوو که ئەم بزووتنەوەیە پێویستیی خەڵکی به کلێسا له کاروباری ئاییندا نەهێشتەوە. مرۆڤ دەیتوانی به بێ واسیتەی کلێسا پێوەندیی به خوای گەورەوە هەبێ و له رێگەی خوێندنەوەی دەقی پیرۆزی ( ئینجیل)ەوە له قسەکانی خوا بگا و حاڵی بێ. ئایینزای نوێ لەسەر سێبنەما دامەزرابوو: تەنیا خوا، تەنیا دەقی پیرۆز و تەنیا رێگە چارە، له دیارییەکانی خوان. بەمجۆرە پێڕەوانی ئایینی مەسیح بۆ ئازادی و دەربازبوون له هەموو واسیتەکان و مەرجەعە دونیاییەکان بانگهێشتن کران. تەنانەت لۆتەر ئەو نامەیەی که له ساڵی ١٥٢٠دا بڵاوی کردەوە، ناوی" نامەی ئازادیی مەسیحییەکان"ی لەسەر دانا و تێیدانووسی: "مرۆڤی مەسیحی ئازادترین مرۆڤ و سەروەری هەموو شتێکە و لەبەرامبەر هیچ کەسدا سەرنەوی ناکا."



## شەڕە ئایینزاییەکان و شوێنەوارەکانی

شەڕە ئایینزاییەکان زیاتر لەسەد ساڵ درێژەیان کێشا که تەنیا سی ساڵ لەم شەڕانە لایەنی نێونەتەوەییان هەبوو. ئەو شەڕانە وەك له دایکبوونێك وابوون که منداڵەکەیان بریتی بوو له دەوڵەتی نەتەوەیی. بوارە فکرییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەسکەوتی کێشەی نێوان دین و دەوڵەت بوو له کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاستدا. سەربەخۆیی بواری سیاسەت به فەرمی ناسرا، پیاوە گەورەکانی کلێسا وەك "سەن تۆماس داکن" "مانگولدو لۆتنباخ"و" گیوم دوکام" ئەمەیان قەبووڵ کرد که کاروباری دونیایی پێوەندیی به جیهانی عەقڵ و سیاسەتەوە هەیە که ئەمەش هەر دەسکردی خوایە و کاروباری بیروباوەڕ و کلێساکانیش پێوەندییان به جیهانی ئیلهام و رووحییەوە هەیە که سنوورەکەیان جیایە و مەنتیقەکەی جیاوازە. بوارە عەینی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنیش به سەرهەڵدانی قەیران له سیستەمی فیئۆداڵیدا و پێویستیی کۆبوونەوەی دەسەڵات وەدیهات. بەڵام له دایکبوونی دەوڵەتی مۆدێرن پێویستیی به قوربانییەك هەبوو که له شەڕێکی خوێناویدا ئەنجامدرا ئەویش بریتی بوو له مەرگی ئیمپراتۆریی پیرۆز. کتێبی پاشای نیکۆلۆی ماکیاڤیلی نوێنگەی نووسراوی ئەم ئاڵوگۆڕانە بوو که تا کۆتایی سەردەمی وێستیڤالی واتە تا ئەم ساڵانەی دوایی ئێعتیباری خۆی لەدەست نەدا.

### أ ) بارودۆخی ئیمپراتۆریی پیرۆز و هێزەکانی دیکەی جیهان له سەدەی شازدەدا

له ئەورووپا بارودۆخەکە بەمجۆرە بوو، سێ هێزی سەرەکی له مەیدان دابوون که بریتی بوون له: ئیمپراتۆریی پیرۆز، پاشایەتیی فەرەنسا، و پاشایەتیی بریتانیا. له ساڵی ١٥٢٠دا شارۆلی پێنجەم که به "شارلکەن" ناوبانگی دەرکرد، له جێی" ماکسیمیلیەن" دانیشت. ناوبراو ئوتریش، هۆڵەندا، بەلجیکا و فرانتش کونتەی لەلایەن باوکیەوە به میرات بۆ مایەوە و لەلایەن دایکیشییەوە ئیسپانیا، ساردنی، سیسیل و ناپل و کۆلۆنییە ئەمریکاییەکانی ئیسپانیای بەمیرات پێ گەیشت. بەمجۆرە بنەماڵەی هابسبۆرگی ئوتریش بەسەر بەشێکی زۆری ئەورووپادا زاڵ بوو. له فەرەنساش فرانسوای یەکەم دەسەڵاتی بەدەست بوو که زۆر بەتوندی رقەبەرایەتیی بنەماڵەی هابسبۆرگی دەکرد. رقەبەرایەتیی فەرەنسا لەگەڵ ئوتریش بەڕادەیەك بوو که دەوڵەتی فەرەنسا ئامادە بوو لەگەڵ تورکە عوسمانییەکان یەك بگرێ که مەسیحی نەبوون. له بریتانیا چەند بنەماڵە دەسەڵاتیان هەبوو که گرنگترینیان بنەماڵەی ستوارت پاشای سکۆتلەند بوو. تیۆدۆرەکانیش وێلزیان لەبەردەست دابوو که دوایین دەسەڵاتداری ئەم بنەماڵەیە، ئەلیزابت بوو که له ساڵی ١٥٥٨دا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و به دەستێوەردان له کاروباری سکۆتلەند

دەسەڵاتی خۆی پەرە پێدا و بە پێشکەوتن لە هونەر و ئەدەبدا یەکێك لە قۆناغە پڕشانازییەکانی بریتانیای لە سەرەتای سەدە نوێیەکاندا تۆمار کرد.

بەڵام شارلکەن کە پاشایەکی دەمارگرژ و لایەنگری کلێسا بوو، نەیتوانی ئەو ناوچە بەربڵاوانەی بە نسیبی ببوون بپارێزێ و یەکیەتیی ئایینزای دەستەبەر بکا. هۆی سەرەکیی ئەم مەسەلەیە هێرشی پەیتا پەیتای عوسمانییەکان بوو بۆ سەر سنووری ئەم ئیمپڕاتۆرییە، بە چەشنێك کە لە ساڵی ١٥٢٩دا ڤیەنیان گەمارۆدا. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٥٥٥دا بە قەبووڵ کردنی ئاشتیی ئەگسبۆرگ ملی بۆ ئازادیی ئایینزایی (کاسولیك و پرۆتستانت) راکێشا و ساڵێك دواتر دەستی لە پلە و پایەی خۆی هەڵگرت و گۆشەی تەنیایی هەڵبژارد. ناوبراو ساڵی ١٥٢٢حکوومەتی ئوتریش، بوهیم و هەنگاریای پێشکێش بەبرای خۆی فێردیناند کرد و لە ساڵی ١٥٥٥دا ناوچەکانی دیکەی ژێردەسەڵاتی خۆی دا بەکوڕەکەی فلیپ کە بە "فلیپی دووەم" پاشای ئیسپانیا ناوبانگی دەرکرد. ناوبراو شاری مەدریدی کردە پایتەخت و لە ساڵی ١٥٨٠دا پورتوگالیشی خستە چوارچێوەی سنووری خۆیەوە. بەمجۆرە سنووری هابسبۆرگەکان نەك هەر کرا بە دوو بەش بەڵکو کەلەبەر کەوتە نێوان ئیسپانیا و ناوچە قووڵەکان واتە هۆڵەندا، لۆگزامبۆرگ و بەلجیکا. ئەم ناوچانە بریتی بوون لە حەڤدە میرنشین کە هیچ رێککەوتنێك (یەکیەتییەك) لەنێوانیاندا نەبوو. یەکێك لە گیروگرفتەکانی فلیپی دووەم سەربەخۆیخوازیی خەڵکی ئەم ناوچانە بوو کە ناوبراویان بە پێچەوانەی باوکی بە پاشایەکی نامۆ دەزانی. یەکێك لە کارەکانی فلیپی دووەم دامەزراندنەوەی دەزگای ئەنگیزاسیۆن یان پشکنینی بیروباوەڕ بوو کە لەوناوچانەی باسیانکرا دایمەزراند. ئەمە لەحاڵێك دابوو کە زۆربەی ویلایەتەکانی هۆڵەندا و بەلجیکا روویان کردبووە ئایینزای پرۆتستانت. راپەڕین تەواوی ئەو ناوچانەی گرتەوە و شوورای فیتنە کە پاشان بوو بە شوورای خوێن، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بە فەرمانی فلیپی دووەم بە لە سێدارەدان مەحکووم کرد." ویلیەم درانژ" کە خۆی جێگری فلیپ بوو، بوو بە سەرکردەی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی. لە ساڵی ١٥٧٦دا نوێنەرانی حەڤدە ویلایەت کێشە ئایینزاییەکانی خۆیان خستە لاوە و لەدژی فلیپ یەکیان گرت و یارمەتیی بریتانیاشیان لە پشت بوو. فلیپ توانی دووبەرەکییان بخاتە نێوەوە. دە ویلایەتی باشوور کە زۆربەی کاسولیك بوون بە شێوەی کاتی چوونە پاڵ ئیسپانیا. بەڵام حەوت ویلایەتەکەی باکوور لە ساڵی ١٥٧٩دا "یەکیەتیی ئۆترێخت"یان پێکهێنا و لە ساڵی ١٥٨١دا بەناوی هۆڵەندا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. لەو نێوەدا هێندێك رووداو خولقان کە



بریتانیای والێکرد لێبڕاوانە پشتیوانی لە پرۆتستانتەکان بکا. بەمجۆرە لە ساڵی ١٥٨٨دا شەڕێکی توند لەنێوان ئیسپانیا و بریتانیادا روویدا کە بەسەرکەوتنی بریتانیا کۆتایی هات. گەردەلوولێك کە لەو رووداوەدا هات و کەشتییەکانی ئیسپانیای تێکشکاند بەبای پرۆتستانت ناوبانگی دەرکرد. فلیپی دووەم ساڵی ١٥٩٨مرد.

ئاکامی گرنگی ئەم شەڕە راگواستنی هێزی دەریایی ئیسپانیا بۆ بریتانیا و هۆڵەندا بوو. هۆڵەندا بۆ ماوەی دوو سەدە بەرمێن و لە باریماڵییەوە دەستێکی باڵای هەبوو و ئامستردام بوو بە ناوەندێکی موعتەبەری بازرگانی و ماڵی لە ئەورووپادا. لە ساڵی ١٦٠١دا کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات لەلایەن هۆڵەنداوە دامەزرا. دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە لووتکەی قۆناغی ئابووریی نوێ یان سەردەمی مەریکانتلیزم بوو کە لە روانگەی ئابووریزانانی وەك"والێرشتاین"وەك دایکی ئاڵوگۆڕەکانی دیکە سەیری دەکرا. هەر وڵاتێك لەم قۆناغەدا لە باری ئابوورییەوە سەرکەوت، پێشکەوتنەکانی داهاتووی خۆی دەستەبەر کرد. دەوڵەتی نەتەوەیی سەردەمی پشەسازیی بە وەخت لەم وڵاتانەدا گەشەیان کرد، لە حاڵێکدا وڵاتانی ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ئەورووپا بەهۆی دووربوونیان لە دەریا یان هەر هۆیەکی دیکە، تا سەدەی بیستەم نەیانتوانی ئەم سەرکەوتنانە بەدەست بێنن. بەهەر هۆیەك بووە، هاوکاریی هۆڵەندا و بریتانیا بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە دەستی پێکرد. لە ساڵی١٦٠٧دا بریتانیاییەکان لە ڤیرجینیا و لە ساڵی ١٦١٢دا هۆڵەندییەکان لە نیۆیۆرك (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئێستا) دامەزران. بە پێچەوانە، ئیسپانیا قۆناغی پاشەکشەی خۆی دەست پێکرد. لە ساڵی ١٦٤٠دا پورتوگال دیسان سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنایەوە.

لەم سەردەمەدا فەڕەنساوییەکان هیچیان لەم ئاڵوگۆڕانە پێنەبڕا، چونکە خەریکی گێرەوکێشەی نێوخۆ و شەڕی ئایینزایی بوون. ئالبێرماله لە ژمارەی شەڕە ئایینزاییەکانی فەڕەنسادا باسی هەشت دانە دەکا، چواریان لە سەردەمی شارۆلی نۆیەم و چوار شەڕی دیکەش لە سەردەمی هێنریی سێیەم و هێنریی چوارەمدا روویاندا. لە ساڵی ١٥٥٩دا هێنریی دووەم کوژرا، لە چوار کوڕەکەی تەنیا فڕانسوای دووەم ساڵێك پاشایەتیی کرد و پاش وی براکەی شارۆلی نۆیەم بوو بە پاشا. کاترین دومدیسی هاوسەری هێنریی دووەم کە خەڵکی ئیتالیا بوو دەستی لە کاروباری حکوومەتی کوڕەکانی وەردەدا. بە فیتی ئەو بوو کە قەتڵوعامی سێن بارتولمە لە ساڵی ١٥٧٢دا روویدا و سەربازانی دەوڵەت وێڕای کاسولیك و بەکرێگیراوەکان، ژمارەیەکی زۆر لە پرۆتستانتەکانیان کوشت.

دەسەڵاتی کاپەسینەکان بە هاتنی هێنریی چوارەم لە بنەماڵەی بۆربۆنەکان (کە تا شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لە دەسەڵاتدا مانەوە) لە ساڵی١٥٨٩دا کۆتایی هات. هێنریی چوارەم یا هێنریی ناڤار بۆخۆی سەرۆکی گرووپی هوگەنوو یان پرۆتستانتەکانی فەڕەنسا بوو بەڵام چووە سەر ئایینزای کاسولیك. بەڵام بە پێی فەرمانێکی ئەو کە بە فەرمانی نانت ناوی دەرکرد لە ساڵی ١٥٩٨دا ئازادیی ئایینزا پەسند کرا.( وەك ئاشتیی ئەکسبۆرگ کە لە ساڵی ١٥٥٥دا لەلایەن شارلکەنەوە قەبووڵ کرا). ناوبراو لە ساڵی١٦١٠دا بەدەستی شێتێك کوژرا و لوویی سێزدەیەم کە هێشتا باڵغ نەببوو لە ژێر پشتیوانیی دایکی خۆیدا ماری دومدیسی و کاردینال ریشلیۆ بوو بە پاشا.

بەڵام لە دەرەوەی ئەورووپا ئیمپراتۆرییەکانی چین، هیند، عوسمانی و ئێران تەنیا هێزی بەرچاو بوون. بۆ باکوور و رۆژهەڵاتی ئەورووپاش ئیمپراتۆرییەکانی سوید و پولۆنیا گرنگ بوون.

ئیمپراتۆریی چین لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی مینگ دابوو. هیندوستان بە چەند دەوڵەتی بچووك بچووك دابەش ببوو کە هەمووییان کەوتنە ژێردەسەڵاتی بابەر لە پاشماوەکانی تەیموور(١٥٣٠). گەورەترین پاشای بابەر هیندی گەورە بوو کە لە ساڵی ١٥٥٦دا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بەڵام لە ئێران تارادەیەك هەر ئەوە روویدا کە لە ئەورووپادا رووی دابوو. شا ئیسماعیلی سەفەوی کە لە ساڵی ١٥٠١دا تاجی لەسەرنا، دەسەڵاتە ناوچەییەکانی لەنێو برد و دەوڵەتێکی ناوەندی کە خاوەنی ئایینزایێکی رەسمی بێ، دامەزراند. شاری ئیسفەهان، دووەمین پایتەختی سەفەوی لە گەورەترین شارەکانی جیهان بوو و هەر لەو کاتەشدا ناوەندی ئەدەب، فەلسەفە و بازرگانییش بوو. ئەگەر قۆناغی یەکەمی دەوڵەتانی مۆدێرنی ئەورووپاش بە دەوڵەتانی رەها ناوببەین کە بریتی بێ لە ناوەندێکی سیاسی بە سنووری دیاریکراوەوە، کە خەڵکی سەر بە دەسەڵاتێکی سیاسیی تێدا کۆدەبوونەوە، لە ئێرانیشدا ئەم بارودۆخە پێك هات و بەڕاستی دەکرێ شاعەبباسی سەفەوی (١٥٨٨- ١٦٢٩) بە لوویی چاردە (١٦٦١- ١٧١٣) ناسێنەری دەوڵەتی رەها بشوبهێنین. بەڵام بزووتنەوەیەك لە ئەورووپا دەستی پێ کرد و درێژەی هەبوو، لە حاڵێکدا ئەم بزووتنەوەیە لە ئێران و بەگشتی لە رۆژهەڵات لەگەڵ چەندین پچڕان و دابڕانی ترسناك بەرەوروو بووە.

دەکرێ دەوڵەتی سەفەوی بە دەوڵەتی فەڕەنسا لە ئەورووپادا و ئیمپراتۆریی عوسمانیش بە ئیمپراتۆریی پیرۆزی رۆم ـ جێرمەن بشوبهێنین. ئیمپراتۆریی عوسمانی کە سەرەتای دامەزرانی



دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەیەم بە گرتنی قوستەنتەنیە لە ساڵی ١٤٥٣دا پێکهات. ئەم ئیمپراتۆرییەش وەك ئیمپراتۆریی پیرۆزی ئەورووپا لە چەندین ناوچەی بەربڵاو و نارێکوپێك لە ئەورووپاوە تا کەنداوی فارس پێکهاتبوو کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لە سەر ئایینزا بوو. سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢- ١٥٢٠) پاش شەڕی چاڵدران و سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی شائیسماعیلی سەفەویدا و گرتنی قاهیرە، سووریا، مەککە و مەدینە، لە ساڵی١٥١٧دا خۆی وەك خەلیفەی موسوڵمانان ناساند. دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە سەردەمی سلێمان موجەللەل (١٥٦٤- ٦٦)دا گەشتە لووتکە و رێگەی ئەورووپای گرتەبەر. هێزەکانی عوسمانی دوو جار لە ساڵەکانی ١٥٢٩ـ١٥٣٢دا شاری ڤیەن بنکەی ئیمپراتۆریی پیرۆزیان گەمارۆدا. ئیمپراتۆر ناچار بوو لە ساڵی ١٥٦٤دا پەیمانی قوستەنتەنیە کە تا ساڵی ١٦٠٦بە قووەتی خۆی مایەوە، پەسند بکا و ساڵێ بڕێکی بەرچاو بداتە سوڵتانی عوسمانی. عوسمانییەکان و ئوتریشییەکان چەند سەدە لەسەریەك لە شەڕدابوون و لە لای رۆژهەڵات رقەبەری ئیمپراتۆریی عوسمانی، وڵاتی ئێران بوو و رقەبەری ئیمپراتۆریی پیرۆزیش لەلای رۆژئاوا وڵاتی فەڕەنسا بوو. هەربۆیە پێوەندییەکی باش لەنێوان عوسمانی و فەڕەنسا لەلایەك و ئێران و ئوتریشیش لەلایەکی دیکەوە دامەزرابوو. بەڵام لاوازیی دەسەڵاتی عوسمانی لە پەیمانی کارلۆڤیتزە و دەستی پێکرد کە لە ساڵی ١٦٩٩دا لە بەرامبەر یەکیەتیی پیرۆز (پێکهاتوو لە رووسیا، پۆلۆنیا و ئیمراتۆری)دا ملی بۆ راکێشا.

**ب) شەڕەکانی سی ساڵە و پەیماننامەکانی وێستڤالی**

هەروەك باسکرا ئەورووپا بەسەر سێ ناوچەدا دابەش بوو: باکووری پرۆتستانت، باشووری کاسولیك و ناوچەی ناوەندییش شتێك لەنێوان ئەم دوانەدا بوو. ویلایەتە پرۆتستانتەکانی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٦٠٨دا بە هاندانی ئەمیر پالاتین یەکیەتییەکیان پێکهێنا و دەرگای پێوەندییان لەگەڵ هۆڵەندا و ئیسپانیا کردەوە. ویلایەتەکانی کاسولیکیش ساڵێك دواتر بە رێبەرایەتیی باویەر یەکیەتییەکیان پێکهێنا و داوای یارمەتییان لە ئیسپانیا کرد. بەمجۆرە رێگە بۆ نێونەتەوەیی بوونی شەڕێکی ئایینزایی خۆش کرا. لەلایەکی دیکەوە پەیمانی دەست هەڵگرتن لە دوژمنایەتی کە لەنێوان ئیسپانیا و هۆڵەندا لە ساڵی ١٦٠٩دا بەسترابوو، لەساڵی ١٦٢١دا کۆتایی پێ دەهات. ستراتیژییەکان بەمجۆرە بوون کە ئیسپانیا لە بیری شکستی هۆڵەندا دابوو و فەڕەنسا کە لە مێژ بوو ترسی لە بنەماڵەی هابسبۆرگ بوو بە هاتنە سەر

کاری حکوومەتێکی بەهێز لە ئەڵمانیا زۆر دڵخۆش نەبوو. هەربۆیە دەوڵەتی فەرەنسا سەرەڕای ئەوەی کاسولیك بوو بڕیاریدا پشتیوانی لە یەکیەتیی پرۆتستانت بکا.

له ساڵی ١٦١٨دا خەڵکی بوهیم بەلایەنگری لە پرۆتستانتەکان نوێنەرانی ئیمپراتۆر فێردیناندیان کوشت. فێردیناند بڕیاری شەڕیدا. هەرچەند فەرەنسا و هۆڵەندا پشتیوانییان لە پرۆتستانتەکان دەکرد، هێزەکانی ئیمپراتۆر توانییان بیانشکێنن. یەکیەتیی پرۆتستانتەکان لە ساڵی ١٦٢١دا هەڵوەشاوە و ڕێبەرایەتیی پرۆتستانتەکان کەوتە دەستی پاشای دانیمارك. بەڵام ئیئتیلافی پرۆتستانتەکان هەرچەند پشتیوانیی دانیمارك، فەرەنسا، هۆڵەندا و بریتانیای لەگەڵ بوو شکستی خوارد و پێڕەوانی ئایینزای نوێ ناهومێد بوون. داراییەکانی کلێسا کە دزرابوون گەڕانەوە جێی خۆیان و وادەهاتە بەرچاو دەتگوت بارودۆخەکە بۆ هەمیشە بە قازانجی کاسولیکەکان کۆتایی هاتووە. بەڵام زۆر زوو پرۆتستانتەکان ڕێبەرێکی نوێیان لێ هەڵکەوت بە ناوی " گوستاو ئادولفوس" پاشای سوێد. ئەو لە ساڵی ١٦٣٠دا هێندێك هێزی نارده ئەڵمانیا و لەگەڵ ئیمپراتۆریی پیرۆز پێك هەڵپڕژان. ریشیلیۆش کە بۆخۆی ئۆسقۆفێکی کاسولیك بوو، تەفرەقەی دەخستە نێو بەرەی کاسولیکەکانەوە. بەڵام پاشای سوێد لە ساڵی ١٦٣٢دا کوژرا و ڕێبەرایەتیی ڕەوتی دژی ئیمپراتۆری کەوتە دەستی فەرەنسا. لەگەڵ ئەوەدا فەرەنساوی، سوێدی، هۆڵەندی و بریتانیاییەکان هەموویان لە بیری لاوازکردنی بنەماڵەی هابسبۆرگی ئوتریش دابوون، لە نێوخۆشیاندا هێندێك دووبەرەکییان هەبوو کە کۆسپی سەرڕێگەی سەرکەوتنیان بوو. شەڕەکان ئەوەندەیان درێژە کێشا کە هەردوولا شەکەت ببوون و لە ساڵی ١٦٤٤دا سەرەتایەك بۆ وتووێژی ئاشتی ڕەخسا. دەوڵەتانی کاسولیك لە شاری مۆنتێرۆ و دەوڵەتانی پرۆتستانت لە شاری ئوزنابروك لەگەڵ نوێنەرانی ئیمپراتۆردا کەوتنە وتووێژەوە و لە ساڵی ١٦٤٨دا دوو پەیماننامە ئیمزا کران کە بە پەیماننامەکانی وێستیڤالی ناوبانگیان دەرکرد. بەڵام دەوڵەتی ئیسپانیا تا ساڵی ١٦٥٩هەروا درێژەی بە شەڕدا لە دژی فەرەنسا. بەڵام پەیماننامەکانی وێستیڤال شتێك نەبوون جگە لە قەبووڵی دوو ئەسڵ، واتە ئازادیی ئایینزا کە پێشتریش لە ئاشتیی ئەگسبۆرگ ١٥٥٥ و فەرمانی نانت ١٥٩٨دا پەسند کرابوو و ئەوی دیکەش سەربەخۆیی سیاسیی شازادەنشینەکانی ئەڵمانیا کە بەهۆی پێداگرتنی سوێد و فەرەنسا پەسند کرا.

هەر لەم کاتەش دا پەیماننامەکانی ڤیستیڤال نەخشەی ئەورووپایان گۆڕی. بە پێی ڕێککەوتننامەکان سویس و ویلایەتەکانی هۆڵەندا بە ڕەسمی سەربەخۆییان وەرگرت. باویەر بەشی باشووری پالاتینای بە مافی بەشداربوون لە هەڵبژاردنی ئیمپراتۆرەوە وەدەست هێنا.



(تەنیا حەوت یەکە لە میرنشینەکانی ئەڵمانیا مافی هەڵبژاردنی ئیمپراتۆریان هەبووکە پێیان دەگوترا ئەمیرانی هەڵبژێردراو.) بەشی باکووری پالاتینا وەك ناوچەی ژێرفەرمانی هەشتەمین ئەمیری هەڵبژێردراو درا بە شارۆڵ لوویی کوڕی فریدریك ئەمیری براندنبۆرگ. براندنبۆرگ درا بە بنەماڵەی هوهن زولێرن. لە سەر پێداگرتنی فەرەنسا کە دەیەویست هێزێکی دیکە لەبەرامبەر بنەماڵەی هابسبۆرگدا قوت بکاتەوە بوونە خاوەنی هێز و دەسەڵاتێکی زۆر (پاشان هەر ئەم بنەماڵەیە لە سەدەی ١٩دا هێرشیان کردە سەر فەرەنساو ئەم وڵاتەیان تێك شکاند و ئیمپراتۆریی یەکگرتووی ئەڵمانیایان پێکهێنا.) سوێد کە لەسەرکەوتووەکانی شەڕی سی ساڵە بوو، بە یارمەتیی فەرەنسا بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر و بوو بە خاوەنی کورسییەك لە مەجلیسی دیتی ئیمپراتۆریدا و تا ئەوکاتەی پیتری مەزن لە ڕووسیا دەرکەوت، باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای لەژێر ڕکێف دابوو. ناوچەی دەسەڵاتی ئیمراتۆریی پیرۆز بە کردەوە بە ئوتریش، هەنگاریا و بوهیم بڕایەوە کە خۆی یارمەتی بەجیابوونەوەی ئەو لە جەستەی ئیمپراتۆریدا. بەڵام سەرکەوتووی سەرەکی لە شەڕەکانی سی ساڵەدا، فەرەنسا بوو کە نەك هەر زەبرێکی گەورەی لە جەستەی دوژمنی لەمێژینەی خۆی واتە بنەماڵەی هابسبۆرگدا، بەڵکو بۆ خۆشی بوو بە خاوەنی ئیمتیازات لە بواری ماف، سیاسەت و ئابووریدا. ئەو قۆناغەی پاش وێستیڤال دەستی پێکرد، قۆناغی مەرگی ئیمپراتۆرییەکانی پیرۆزی ڕۆم ـ جێرمەن، عوسمانی، پۆلۆنیا و سوێد بوو و سەردەمی گەشە کردنی وڵاتانی فەرەنسا، بریتانیا و بڕێك دواتریش قۆناغی بەهێزبوونی ڕووس، پرووس و ئوتریشە.

### ٣ ـ ئاڵوگۆڕە زانستی و فەلسەفییەکان

بەهاتنی سەدەی نوێ، ئیپیێستێمە یان چوارچێوەی نوێی ئەندێشە و زانستیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەورووپای کلاسیك جێگەی تێڕوانینە میتافیزیکییەکانی گرتەوە.کلاس بەمانای چین و هەڵکەوتە و سەردەمی کلاسیك بەمانای پێناسە و دیاریکردنی جێگەی دروستی هەر بابەت و چەمکێکە. هەڵکەوتی ئایینزا، پێگەی زانستە جۆراوجۆرەکان، پێناسە و سنووردانان لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەن کە بوون بەهۆی ئەوە بە پێی ئەو پێناسانەی جێی پەسندن، زانستە جۆراوجۆرەکان قەڵەمبازێکی بێوێنە باوێن. لەڕاستیدا دەیەی ١٦٢٠سەردەمێکە کە گیانی زانستی خۆی دەرخست و باوەڕ بە سێحروجادوو لە مێشکی

خەڵکیدا سڕایەوە و لەژێر کاریگەریی ئەندێشەکانی دیکارتدا عەقڵگەرایی وردە وردە زاڵ بوو و ئەورووپای کلاسیك لەدایك بوو.

### أ ) وشیاربوونەوەی گیانی زانستی

پێوەندییەکی حاشاهەڵنەگر لەنێوان ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، سیاسی و دۆزینەوە زانستییەکاندا هەیە کە پێویستیی بە تێڕوانینێکی هەمەلایەنە بۆ دیاردەیەکی وەکو ڕێنسانس هەیە. ئەوەی گرنگە زیندوویەتیی کۆمەڵ و وەخەبەرهاتنی فکرە کە مرۆڤ بەرەو دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ گیروگرفتەکان و دۆزینەوەی دیاردەی نوێ هاندەدا. هێندێك لە زانایان لە سەدەی شازدەدا سیستەمی ئەندێشەی ئەرەستۆییان خستە ژێر پرسیارەوە، بێئەوەی سیستەمێکی دیکەی لە جێ دابنێن. زۆریان تەنیا بە ئیلهامات و قسەی دڵ و ئەوەی کە پێی دەڵێن هەستی شەشەم قانع بوون و تیۆریی نوێیان هێنایە گۆڕێ. هەروەك کۆپێرنیك (١٥٤٣مرد) باسی ناوەندەتیی خۆری هێنایەگۆڕێ. کووزانوسیش (١٤٠١- ١٤٦٤)باسی جیهانی بێپایانی هێنایەگۆڕ، واتە ئەوە کە جیهان ناوەندێکی واقعی و نەگۆڕی نییە و لەئاکامدا ئەو پرسیارە کە خۆر ناوەندی جیهانە یان زەوی، بێ مانایە. باجیۆردانۆبرۆنۆ (١٥٤٨- ١٦٠٠) لە فەیلەسووفانی ئیتالیایە کە بەرهەمی زانایانی ئیسلامیی وەك ئیبنی سینا، ئیبنی روشدی خوێندبۆوە، نەك هەر شك وگومانی لەسەر بنەما ئایینییەکانی کلێسا دانا و شانۆنامەی کۆمێدیی"مەشخەڵدار"ی بۆ گاڵتە پێکردن بە ڕێبەرانی کلێسا نووسی، بەڵکو تیۆریی جیهانی بێپایان و خوای بێ پایانی هێنایەگۆڕێ و بەو ئاکامە گەیشت کە چونکە ناکرێ دوو بێپایان پێکەوە بن، کەوابوو خودای بێ سنوور و جیهانی بێ سنوور هەر یەك شتن. هەر وەك "ویل دورانت" بەهەق دەڵێ خورافەپەرستیی خەڵك گەورەترین کۆسپی سەررێگەی گەشە کردنی زانست بوو لە سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست و دەسپێکی ڕێنسانسدا. هەربۆیەش هاندان بۆ نەهێشتنی ئەم رووحیە و سەرنجدان بە هۆکارە عەینییەکان و رووداوەکان و بەربەرەکانی لە دژی تابۆ نازانستییەکان کە وەك پەیامی ئاسمانی سەیریان دەکرا، گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی ڕێنسانس بوون" گرنگیی ڕێنسانس لە تێڕوانینێك دایە کە لە بڵاوکردنەوەیدا هەوڵی بۆ دا. پێداگرتنی ڕێنسانس لەسەر گرنگیی مرۆڤ لەم ژیانەدا، بووبە ئاکامی پێداگرتنی ئاسایشی ئێستای مرۆڤ. مەبەست لە ئاسایشی ئێستا، هاندانی مرۆڤە بۆ تەکنەلۆژیایە کە خۆی هەنگاوێکی بچووکە تا تیۆریی زانستی." هەر لەو کاتەشدا بە مەبەستی چوونەدەر لە



کەش‌وهەوای سەدەکانی نێوەڕاست دەبوایە هێندێك ئاڵوگۆڕ لە شێوەی ئیستیدلال و بەڵگە هێنانەوەدا رووبدا. ئەم موعجیزەیە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا روویدا.

### ب) قەڵەمبازی زانستی

لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا ئامرازی نوێی دیتن و ئەژماردن هاتە نێو دونیای زانستەوە و کۆتایی بە زۆر لە ئوسووڵ و بناخەکانی سەدەکانی نێوەڕاست هێنا. "سیموون ئیستوین" لە دەوروبەری ١٦٠٠دا لۆگاریتم و جەبری نوێی داهێنا. ئەم داهێنانە دەرفەتی بەزانستی فیزیادا تاکو ژمێریاری بەکاربێنێ، لەحاڵێکدا گیروگرفتی زانایانی ئەوکات تێکەڵ کردنی فیزیك و میتافیزیك بوو. بۆ وێنە هێزی بزوێنەریان بە وشەیەکی ناروونی وەك IMPETUS پێناسە دەکرد. بەڵام ئیستوین توانی ئوسووڵی تێکەڵکردنی وزەکان، دۆخی پێوەنددراو و هایدرۆ-دینامیك بدۆزێتەوە. هەنگاوی دواتر" کۆپلێر"(١٦٣٠مرد) و گالیلۆ (١٦٤٢مرد) هەڵیان هێنایەوە. ئەمانە جووڵەی تەنەکانیان بە یارمەتیی ژمێریاری روون دەکردەوە. گالیلۆ عەدەسەی نزیکبینی بۆ دیتنی ئەستێرەکان و یەکەم مایکرۆسکۆپی داهێنا. هەر لەو سەردەمەدا" ویلیام هاروەی"یش گەڕانی خوێنی دۆزییەوە (١٦١٦).

کاتێك ئەم داهێنان و توێژینەوە و دۆزینەوە پەراکەندە و بچووکانە لە پەنا یەکتردا دابنێین، لە لێکدانیاندا روانگەیەکی نوێی فەلسەفی پێکدێ کە سیستەمی فکری دەگۆڕێ. ئینجا دەکرێ بڵێین ئەم رووداوە بچووکانە بوونە هۆی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی. بەم پێشەکییە دەتوانین بڵێین"فرانسیس بیکن" ڕاگەیەندراوی ئەم ئاڵوگۆڕانەی بڵاوکردەوە. ناوبراو لە ئەرغەنوونی نوێدا (١٦٢٠) خەریکی شیکردنەوەی رۆڵی ئەزموون دەبێ وەك یەکەم هەنگاو لە توێژینەوە، تێگەیشتن و زانستدا، کە خۆی بە مانای ماڵئاوایی لە میتافیزیکە. بەمجۆرە ساڵی ١٦٢٠ ساڵێکە کە زانست خۆی لە ناروونی و ئەشکەوتی میتافیزیك دەرباز کردو لە سیستەمی عیللیەت کە تا ئەو کاتە تێی‌دا زیندانی بوو، هاتەدەر. لەو نێوەدا نابێ رۆڵی "ڕێنێ دیکارت" وەك فەیلەسوفێکی هەڵکەوتوو کە بەرهەمی ڕێنسانسیشە لە بیر بکەین. "سەرهەڵدانی زانستی نوێ لە ماوەی سەردەمی ڕێنسانسدا و مناقشەیەك کە لە سەری کراوە، لە کۆتاییدا بوو بە هۆی جۆرێك گومانکردن لە بارەی کێشە مەعریفییەکاندا و گەڕان بەدوای میتۆدێکی زانستی بوو بەکارێکی پێویست... دیکارت (١٥٩٦- ١٦٥٠) ئاڵاهەڵگری ئەم میتۆدە بوو، هەرچەند کە ئەندێشەی وی لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئەوەی کە گرنگییەکی تایبەتیی بەم ڕووداوانەدا و دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەندێشە نوێیەکان بەنێو خەڵکدا، دژکردەوەی کلێسا بوو. بەو ڕادەیەی کۆڕوکۆمەڵی زانستی و ژمارەی زانایان لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەدا بەرەو زیاد بوون دەچوو، دڵەڕاوکێی کلێساش لەوە کە جێگە و مەکانی خۆی لەسەر بناخەی باوەڕی نەگۆڕو بێ ئەملاوئەولا دامەزراند بوو لە دەست بدا، لە زیاد بوون دابوو. زانایان لە هەموو بوارەکاندا تۆوی شك و گومانیان دەچاند و کلێساش ئەوانی بە بەرەڵڵا ناودەبرد. لەم لایەشەوە کەسانی زیرەك و نوکتەباز دەستیان دەکرد بە قەڵسەگێران لە کلێسا تا تووڕەی بکەن و ئاگری بەزمەکە خۆشتر بکەن. لەو کەسانە ڤانینی بوو کە لە ساڵی ١٦١٦دا ڕازەکانی سروشتی نووسی و کلێسا بڕیاری سووتاندنی کتێبەکەیدا و نووسەرەکەی ناچار کرد تۆبە بکا، بەڵام ئەو زیاتر ناوبانگی دەرکرد. گالیلۆش دژایەتیی نێوان تیۆریی کۆپێرنیك و ئامۆژگارییەکانی ئینجیلی ڕوون کردەوە. کلێساش لە بەرامبەردا، سیستەمی کۆپێرنیکی لە ساڵی ١٦١٦دا مەحکووم کرد و داوای لە گالیلۆ کرد تا لێی دوور بکەوێتەوە. گالیلۆش بەرواڵەت قەبووڵی کرد بەڵام لەڕاستیدا زیاتر لە سەری سوور بوو. دەزگای پاپ سەرلەنوێ لە ساڵی **١٦٣٣**دا داوای لە گالیلۆ کرد بەڕەسمی تۆبە بکا. ڕێنێ دیکارت توانی کێشەی نێوان زانست و ئیمان کۆتایی پێبێنێ و، عەقڵی وەك تاکە پێوانەی جێگەی پەسند سەلماند و پاسکالیش درێژەی بەڕێگای ئەودا. دیکارت نوێنگەی ئەورووپای کلاسیك بوو کە نەك هەر سنووری زانست و ئیمانی دیاری کرد، بەڵکو سنووری بەشەکانی زانستیشی دیاری کرد و شك و سەرگەردانیی گۆڕی بۆ شك وگومانی میتۆدی." تەنیا شتێك کە لێی دڵنیاین ئەوەیە کە من بیردەکەمەوە، کە وابوو هەم." هەر لەو کاتەشدا گرنگیی دیکارت دوای مردنی گەیشتە لووتکە، واتە ئەو کاتەی سەیریان کرد ئەو بڕوا بە خوا، زانست وعەقڵی لە مرۆڤدا پێکهێناوە.

سەیر ئەوەیە کە هەر لەو سەردەمەدا ئابووریی مێریکانتلیزمیش لە دایك بوو کە سەرەتای ئابووریی سەرمایەداریی پیشەسازییە. بە بۆچوونی ئابووریناسان وەك دایکی ئاڵوگۆڕەکانی دیکە سەیری دەکرێ.

## بەشی دووەم

### ئالوگۆڕەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا

**١ـ دروستبوونی دەسەڵاتە نەتەوەییەکان**

ئەکتەرە نوێیەکانی مەیدانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان واتە دەوڵەتە نێونەتەوەییەکان کە لە سەدەکانی ١٦و١٧دا قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیان لە شێوەی دەوڵەتە رەهاکاندا تێپەڕ دەکرد، دەستیان کرد بە ململانێیەکی بێ وێنە تاکو بتوانن ئەوەندەی بکرێ دەسەڵاتێکی زیاتر وەدەست بێنن. دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە چوار توخمی خاك، حەشیمەت، حاکمییەت و حکوومەت پێك دەهاتن. گرنگترینیان خاك بوو کە دەوڵەتەکان پێیان خۆش بوو تا دەکرێ پێوەی زیاد بکەن. بەڵام هێشتا حەشیمەت لە چوارچێوەی نەتەوە پێناسە نەکرابووو خەڵکی دانیشتووی وڵاتێك بە رەعییەتی سوڵتانی ئەم وڵاتە دەژمێردران کە ئەمە خۆی حاکمییەت و حکوومەتی تێدا دەردەکەوت. هەر لەم قۆناغە دوو سەد، یان سێ سەد ساڵەیەدا دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە شێوەی دەوڵەتی پاشاییدا بە وەلانانی دەسەڵاتە ناوچەیی و فیۆداڵییەکان خەریکی کۆکردنەوەی دەسەڵات و دامەزراندنی ناوەندێکی تاقانە بوون، دەستیان بە دامەزراندنی دەزگایەکی بەڕێوەبردنی بنکەیی کرد کە دەسەڵاتەکەیان لە سەرانسەری وڵاتدا بەیەك شێوە و لەسەر یەك یەکی حەشیمەت دەستەبەر بکا. لوویی چاردە نموونەیەکی باشی لە دەوڵەتێکی رەها دەخستەڕوو. لە قۆناغێکدا کە لە پەیماننامەکانی وێستیڤالییەوە دەست پێدەکا و لە کۆنگرەی ١٨١٥ی ڤیەن کۆتایی پێدێ، لە سەرەتادا فەرەنسا خەریکی دیاریکردنی سنووری زەبینییەکان و جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی بوو. دوایە نۆرە گەیشتە بریتانیا و هەر لەو کاتەش کە وڵاتانی پرووس و ئوتریش وەك دەوڵەتی سەربەخۆ لە جەستەی ئیمپراتۆریی



پیرۆز جیابوونەوە بەرەو لووتکەی هەرەمی دەسەڵاتی نێونەتەوەیی هەڵکێشان و رووسیا وێڕای پەرەپێدانی سنوورەکانی لە ئەورووپادا زیاتر خۆی کۆ کردەوە و بوو بە خاوەنی توانایەك بۆ یاریکردنی رۆڵێکی باشتر. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە حاڵێکدا روویان دەدا کە ئیمپراتۆرەکانی عوسمانی، سوێد، پۆلۆنیا و ئیمپراتۆریی پیرۆز بەرەو فەوتانی یەکجاری یان نیسبی دەچوون. بەمجۆرە نەخشەی سیاسیی ئەورووپا گۆڕا و سیستەمێکی چەند جەمسەری لە سەر بناخەی هاوسەنگیی هێز خەریك بوو پێك دەهات. هاوسەنگیی هێز بەوجۆرە بوو بە بناخە و بنەڕەتی پێنج دەسەڵاتی گەورەی ئەورووپا کە هیچ کامیان توانای وەلانانی ئەوی دیکە یان پەرەپێدانی زیاتر لە حەددی سنوورەکانی بەزەرەری هێزەکانی دیکە نەبوو. هەر لەم کاتەشدا رقەبەرایەتییەکی زۆریشیان لەنێودا هەبوو. فەرەنسا و بریتانیاش لە ئاستی جیهاندا و رووسیا و بریتانیا لە ئاستی ناوچەییداو وەك جیرانێك پێکەوە لە رقەبەرایەتی دابوون. ئەورووپا لەگەڵ پەرەگرتنی زانست، فەرهەنگ و نیزامیی خۆیدا لە حاڵی پێشکەوتن دابوو. هێزە غەیرە ئەورووپاییەکانیش لەبەرامبەریاندا لە حاڵی پاشەکشە دابوون. سەدەی هەژدە قۆناغی گۆڕانی ئەم پێشکەوتنانە بوو کە لەسەردەمی رێنسانسدا دەستیان پێکرابوو. عەقلانییەت بوو بە ژێربینای مەعریفەی نوێ و شۆڕشی فەرەنسا توێژێکی نوێی بە دەسەڵات گەیاند کە هەڵگر و پارێزەری ئەندێشە نوێیەکان بوو.

**أـ سەردەمی هەرەتی توانای فەرەنسا**

هێزوتوانای فەرەنسا لە دوو هۆی نێوخۆ و دەرەوە سەرچاوەی دەگرت. بەگشتی لاوازی یان بەهێزیی وڵاتێك لە سەردەمی نوێدا بەو دوو هۆیەوە بەستراوەتەوە. لاوازیی دەسەڵاتەکانی دیکە وەك ئەوەی لە یاریی تێنسدا باوە دەگەڕێتەوە بۆ توانای یاریزانی بەرامبەریش. ئامادەبوونی مەیدانی نێونەتەوەیی بۆ جوولەی یاریزان، رۆڵێکی گرنگی لە سەرکەوتنی ئەم وڵاتەدا هەیە. رێکوپێکیی نێوخۆ، دەسەڵاتی ئابووری و نیزامیی یاریزانێکیش بریتین لە هۆی نێوخۆیی.

**١ـ هەلومەرجی نێونەتەوەیی**

لە ساڵی ١٦٤٨دا واتە ئەو کاتەی پەیماننامەکانی وێستیفالیا ئیمزا کران چوار وڵات یان باشترە بڵێین چوار ناوەندی دەسەڵات لە بەرامبەر فەرەنسادا هەبوون، یەکەم، ئیمپراتۆریی پیرۆزی رۆم- جێرمەن، دووەم، کۆماری پۆلۆنیا، سێیەم، ئیمپراتۆریی عوسمانی، چوارەم، بریتانیا. سێ هێزەکەی یەکەم هەروەك گوتمان لە حاڵی فەوتان دابوون و

بە لەنێوچوونی ئەوان بەتایبەتی فەوتانی ئیمپڕاتۆریی پیرۆز، وڵاتانی پرووس و ئوتریش پێك هاتن و رووسیا بەهێز بوو. بەڵام بریتانیا وڵاتێك بوو لە حاڵی پێشکەوتن دابوو کە لە داهاتوودا دەبووە رکەبەری فەڕەنسا.

ـ ئیمپڕاتۆریی پیرۆزی رۆم ـ جێرمەن، پاش وێستیڤال بوو بە ناوێکی بێ نێوەڕۆك کە وەك "ڤۆلتێر" دەڵێ نە پیرۆز بوو نە رۆمی. لە ساڵی ١٥٥٥ ئەو کات کە شارلکەن ئەم ئیمپڕاتۆرییەی لەنێوان برا و کوڕەکەیدا بەش کرد، یەکپارچەیی خۆی لەدەستدا و پاشان هۆڵەندییەکان و سویسییەکان و خەڵکی لێوارەکانی باڵتیکیش لە چوارچێوەکەی چوونەدەر و لە هەمووی گرنگتر سەربەخۆیی چوار سەد میرنشینی ئەڵمانیایای بوو کە بە پێی پەیماننامەکانی ڤیستیڤاڵی مافی شەڕ و ئاشتییان وەدەست هێنا و چاوەدێریی ئیمپڕاتۆری بەسەریاندا تەنیا لایەنی رواڵەتیی هەبوو. لەلایەکی دیکەوە بنەماڵەی هابسبۆرگ کە بە هۆی دووبەرەکییەك کە لە ئیمپڕاتۆریدا هەبووو کەمرەنگ بوونەوەی دەسەڵاتەکەی، وایان بە باش زانی کە پاڵ وەئوتریش بدەن و دەسەڵاتی خۆیان لەو چوارچێوەیەدا دەدی و بەکردەوە بیری جیایی ئوتریش لە ئیمپڕاتۆرییان بڵاو دەکردەوە. هەربۆیەش رقەبەراتیی نێوان فەڕەنسا و ئوتریش وردە وردە بوو بە رەقەبەرایەتیی نێوان فەڕەنسا و ئوتریش.

ـ کۆماری پۆلۆنیاش پاش ئەوەی لە سەدەی چاردەدا لە ژێر رێبەرایەتیی پاشاکانی "ژاژلۆن"دا یەکی گرت و لە سەردەمی " کادیمیری چوارەمدا" گەیشتە لووتکە، توانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆماوەیەکی دوورودرێژ رۆڵی خۆی بگێڕێ. لاوازیی پۆلۆنیا دەگەڕێتەوە بۆ هێرشی پەیتا پەیتای وڵاتانی دراوسێ و دەستێوەردانی ئەریستۆکراتەکان لە سیاسەت و حکوومەتدا کە ئەمانە کۆسپی سەر رێگەی کۆبوونەوەی دەسەڵات بوون. دیتیان ئەنجوومەنی دەوڵەمەندانی پۆلۆنیا پاشایان هەڵبژارد (هەربۆیەش کۆماری پۆلۆنیایان پێدەگوت) و بەمەبەستی پێشگیری لە بەهێزبوونی خۆیان لە پێدانی چەك و سەرباز بەوی دەپاراست. لەئاکامدا کاتێك پاشای پۆلۆنیا تووشی شەڕی بێگانە بە تایبەتی رووسیا دەبوو، ناچار بوو بە قەول و بەڵێن و دانی بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی بە شایەکی دیکە، داوای یارمەتیی لێ بکا. ئەم بارودۆخە تا ئەو جێگایەی چووە پێش کە لە سەدەی حەڤدە بەملاوە وڵاتی پۆلۆنیا چەندینجار لێی هەڵوەرێ و سەرەنجام لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدەدا لە نەخشەی سیاسیی ئەورووپا سڕایەوە. لەئاکامدا نەك هەر فەڕەنسا ترسێکی لە پۆلۆنیا لە دڵدا نەبوو، بەڵکو بوارێکی باشیشی بۆ دەستێوەردان بۆ رەخسا.



ـ ئیمپڕاتۆریی عوسمانیش هەروەك دیتمان لە پەیمانی کارلۆ ڤیتز ١٦٩٩ کە لە بەرامبەر یەکیەتیی پیرۆز (پێکهاتوو لە ئیمپڕاتۆریی پیرۆز، رووسیا و پۆلۆنیا)دا تەسلیم بوو، بەپێی ئەم پەیمانە هەنگاریای لە دەستدا و رێگەی توانەوەی گرتەبەر. گەندەڵی و ئاڵۆزیی نێوخۆ لەلایەك و دەسەڵاتی رۆژلەڕۆژ زیاتری وڵاتانی ئەورووپایی لەلایەکی دیکەوە هۆی ئەم توانەوەیە بوون. بە جۆرێك کە لە کاتی مەرگی سلێمان موجەللەل لە ساڵی ١٥١٦دا تا ساڵی ١٧٠٣ لەسەر یەك ١٢ سوڵتان حوکمیان گێڕا. جگە لەوەش دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی هیچ کات زەرەر و زیانی بۆ فەڕەنسا نەبوو. بەپێچەوانەوە بوو بە هۆی لاوازبوونی رکەبەری فەڕەنسا واتە بنەماڵەی هابسبۆرگ.

ـ بەڵام بریتانیاش هەرچەند داهاتوویەکی روونی لە پێش بوو، بەهۆی گیروگرفتی نێوخۆیی کە بەدرێژایی سەدەی حەڤدە بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتبوو، هیچ کەندوکۆسپێکی بۆ فەڕەنسا پێك نەدەهێنا. بنەماڵەی ستوارتەکان لە ساڵی ١٦٠٣دا جێگای بنەماڵەی تیۆدۆرەکانی گرتەوە. لەم قۆناغەدا بۆرژواکانی بریتانیا هاتنە نێو پەرلەمانەوە و لە شێوەی پیۆریتنەکاندا دژایەتییان لەگەڵ ئەنگلیکانیزم کرد کە جیمزی یەکەم پشتیوانیی لێدەکرد. وردە وردە سەڵتەنەتخوازەکان بە دروشمی شا و کلێسا، لە بەرامبەر پەرلەماندا راوەستان. لە ساڵی ١٦٢٥دا چارلزی یەکەم جێگەی جیمزی یەکەمی گرتەوە و کێشەی شا و پەرلەمان لە ساڵی ١٦٢٨دا کە پەرلەمان "راگەیەنرا و مافەکان"ی بڵاوکردەوە گەیشتە لووتکە. شا لە ساڵی ١٦٢٩دا پەرلەمانی داخست. بەڵام شۆڕشی سکۆتلەند لە ساڵی ١٦٣٨دا شای موحتاجی پەرلەمان کرد تاکو ماڵیاتی پێویستی بۆ پەسند بکا. بەمجۆرە پاش ١٥ ساڵ داخران لە ساڵی ١٦٤٠ پەرلەمان کرایەوە. بەڵام نوێنەران هەروا درێژەیان بە دژایەتی لەگەڵ پاشادا. شا پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە. بەڵام لە هەڵبژاردنەوەیەکی دیکەدا دیسان هەر ئەو نوێنەرانە هەڵبژێردرانەوە و تا ساڵی ١٦٦٠ لەسەر کورسیی نوێنەرایەتی مانەوە و پەرلەمان بە پەرلەمانی دوورودرێژ ناوبانگی دەرکرد. کێشەی پەرلەمان لە ساڵی ١٦٤٢دا کە نوێنەران گەڵاڵەی سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئۆسقۆفەکانیان پەسند کرد، بوو بە شەڕێکی تەواو مانا. لەم شەڕانەدا کە لە ساڵی ١٦٤٨دا دەستیان پێکرا، "ئولیڤێر کرامۆل" بوو بە فەرماندەی هێزەکانی پەرلەمان و بەتەما بوو چارلزی یەکەم بکوژێ. بەڵام پەرلەمان دەنگی پێ نەدا. ئەو ژمارەیەك لە نوێنەرانی دەرکرد و لەگەڵ نوێنەرانی دیکە (پەرلەمان بە هۆی کەمیی نوێنەران بە پەرلەمانی سەقەت ناوبانگی دەرکرد) بڕیاری کوشتنی چارلزی یەکەمیاندا (١٦٤٩)و پاش

ئەمە سیستەمی کۆماری ڕاگەیەنرا. کرامۆل بە تایبەتی لە ساڵی ١٦٥٣ەوە کە پەرلەمانی داخست و لە دەرگاکەی نووسی "ئەم خانووە بۆ کرێیە" توندوتیژییەکی زۆری نواند و بەوپەڕی دیکتاتۆرییەوە فەرمانڕەوایی کرد. بەڵام لە سیاسەتی دەرەوەدا تاڕادەیەك سەرکەوتوو بوو. قانوونی دەریاوانیی لە ساڵی ١٦٥١دا بە هوڵەندا پەسند کرد و بۆ ماوەیەك لە شەڕ دژی ئیسپانیادا لەگەڵ فەڕەنسا یەکی گرت و هێندێك سەرکەوتنی وەدەست هێنان. کرامۆل لە ساڵی ١٦٥٨دا مرد و کوڕەکەی لە دوو ساڵ زیاتری خۆ نەگرت و دەستی کێشایەوە. ستوارتەکان دیسان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و بارودۆخەکە هاتەوە سەر دۆخی پێشوو. چارلزی دووەم لە ساڵی ١٦٦٠دا تا١٦٨٥ پاشایەتیی کرد و لەم ساڵەدا جیمزی دووەم بووە پاشا و بە ئاشکرا پشتیوانیی لە ئایینزای کاسولیك دەکرد و لە ئاکامدا سەرلەنوێ شەڕ لەنێوان پیوریتینەکان و سەڵتەنەتخوازەکاندا دەستی پێ کردەوە و بوو بە هۆی شۆرشی بەشکۆی ١٦٨٨ و لابردنی جیمزی دووەم لەسەر تەختی پاشایەتی. خەڵك دوای ئەم شۆڕشە کچی جیمزی دووەمیان لەگەڵ هاوسەرەکەی کردە پاشا کە ژنی ویلیام درانژ، پاشای هۆڵەندا بوو و دەسەڵات کەوتە دەستی پەرلەمان. لەم کاتەدا بۆ یەکەمجار مەترسییەك بۆ پاشایەتیی لوویی چواردە هاتەئ و هۆیەکەشی شەڕی فەڕەنسا و هۆڵەندا بوو کە ئێستا بریتانیای لەپشت بوو. جگە لەوەش جیمزی دووەم پاش ئەوەی لە پاشایەتی خرا پەنای بردە بەر فەڕەنسا و پەرەی بە شەڕی فەڕەنسا لەگەڵ هۆڵەندا و بریتانیادا.

کەوابوو هەلومەرجی نێونەتەوەیی تا ساڵانی کۆتایی سەدەی حەڤدە نیشاندەری هەلومەرجێکی بەتەواوی لەباربوو بۆ فەڕەنسا. ئێستا دەبێ بزانین ئیمکاناتی فەڕەنسا وەك ئەکتەرێك تا چ ڕادەیەك بۆ کەڵك وەرگرتن لەو هەلومەرجە لەبار و بە سوود بووە. وا وێدەچێ دەبێ سەردەمی پاشایەتیی لوویی چواردە بە دوو سەردەمی لەبار و نالەبار دابەش بکرێ. لە قۆناغی یەکەمدا شاهیدی پێشکەوتنەکانی فەڕەنساین لە مەیدانی نێونەتەوەییدا و لە قۆناغی دووەمدا شاهیدی پێکهاتنی ئیئتیلافێکی نێونەتەوەیی دژی فەڕەنساین.

**٢ ـ توانا و ئیمکاناتی فەڕەنسا**

أ) ئامرازە مافی و دیپلۆماتییەکان: سیاسەتمەدارانی فەڕەنسا بە تایبەتی دۆك دوریشیلیۆ وەزیری لوویی سێزدەیەم و مازارین کە لەلایەن "ئان دیتریش" شاژنی دایکەوە بە وەزیری لوویی چواردەهەم هەڵبژێردرابوو، ئامرازە حقووقییە پێویستەکانیان بۆ هەڵسوکەوتی فەڕەنسا لە ئاستی نێونەتەوەییدا دابینکرد و شەخسی لوویی چواردەهەمیش بۆ پێکهێنانی سوپایەکی



دەوڵەتی خەزێنەیەکی دەوڵەمەند و ئامرازەکانی دیکەی دابینکرد. ئامرازە حقووقی و دیپلۆماتییەکان بریتی بوون لە: پەیماننامەکانی وێستیڤال ١٦٤٨و پەیماننامەی پیرنە ١٦٥٩و پەیماننامەی ئۆلیڤا و کۆپینهاگ ١٦٦٠.

پەیماننامەکانی وێستیڤال کە لە سەردەمی منداڵیی لوویی چواردەهەمدا بەستران بە جۆرێك دارێژرابوون کە جگە لە لاوازکردنی بنەماڵەی هابسبۆرگی ئوتریش، فەڕەنسای کردبوو بە دەستەبەرێك بۆ ئازادیی میرنشینەکانی ئەڵمانیا و جێگیرکەری هەلومەرجی مەوجوود لە ئیمپراتۆریی پیرۆزدا. فەڕەنسا جگە لەوەی هێندێك ناوچەی ڕۆژئاوای ئەڵمانیای خستە سەر خاکی خۆی، بۆ هەمیشە خەیاڵی لە پێکهاتنی ئیمپراتۆرییەکی جیهانیی کاسولیك بە هۆی هابسبۆرگەکانیش ئاسوودە بوو و دابەشبوونی ویلایەتەکانی ئەڵمانیا بۆ میرنشینەکانیش دەرفەتێکی لەباری بۆ فراوانخوازی و دەستێوەردانی فەڕەنسا لە کاروبارەکانیاندا ڕەخساند. بەتایبەتیش زۆر لەو میرانە وەدوای پێوەندی گرتن بە دەسەڵاتەکانی دەرەوە دەکەوتن تاکو لەبەرامبەر میرەکانی دیکەدا دەسەڵاتی خۆیان زیاد بکەن. لەوانە ویلایەتەکانی باویەر و کۆلنی کە هەڵبژاردەی ئیمپراتۆریش بوون پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ فەڕەنسادا هەبوو و فەڕەنسا لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستی لە هەڵبژاردنی ئیمپراتۆردا وەردەدا.

بەڵام ئاشتیی پیرنە بەمجۆرە بوو کە، چونکە ئیسپانیا لە بیری سوودوەرگرتن لە بزووتنەوەی دەوڵەمەندانی فەڕەنسا لە دژی لوویی چواردەی هێشتا منداڵدا بوو کە بە "فروند" بە ناوبانگە ( دوو جار لە ساڵەکانی ١٦٤٨ ـ ٤٩ و ١٦٥٠- ٥٢) لە ساڵی ١٦٤٨دا ئامادەی ئاشتی بوو لەگەڵ فەڕەنسا. بەڵام مازارین توانی بریتانیای بەقازانجی خۆی لە شەڕ وەربدا و سەرەنجام ئیسپانیا ناچار بکا بۆ ئاشتی. بریتانیا کە پێی وابوو هۆڵەندییەکان بازاڕی ئەورووپا و کۆلۆنییەکانی لە چنگ هێناوەتە دەر، لەدژی ئەم وڵاتە شەڕی کرد و سەرەنجام قانوونی هاتوچۆی کەشتیی لە ساڵی ١٦٥١ دا بەسەر هۆڵەنددا سەپاند و لە ساڵی ١٦٥٥دا بە بەرپیوانیی مازارین کێشە بازرگانییەکانی خۆی لەگەڵ فەڕەنسا چارەسەر کرد. فلیپی چوارەم پاشای ئیسپانیاش بە پشتیوانی لە هۆلەندا و بەمەبەستی وەدەستهێنانی سوودی بازرگانی، کە لە دەستی دابوو لە ساڵی ١٦٥٦دا شەڕی لەدژی بریتانیا ڕاگەیاند. بەمجۆرە زەمینەی دۆستایەتیی فەڕەنسا و بریتانیا پێکهات و لە ١٦٥٧دا لە بەرامبەر دانی بەڵێنی بەندەری دینکریك بە بریتانیا ڕێککەوتننامەی نیزامیی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەسترا. بەمجۆرە ئیسپانیا ناچار بوو لەگەڵ فەڕەنسا ئاشت بێتەوە. ڕێککەوتننامەی پیرنە لە ساڵی ١٦٥٩ لەنێوان دوو

ولاّتدا سەری گرت و بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە بنەماڵەی پاشایەتیی ئیسپانیا دەبوو یەکێك لە کچەکانی بداتە لوویی چواردەهەم. ئەم کچە ناوی ماری ترێز کچی فلیپی چوارەم بوو. ئەمە دەرفەتی بە فەڕەنسا دەدا پێ بنێتە نێو کێشەی پێوەندیدار بە جێنشینیی پاشای ئیسپانیا.

سێهەمین ئامرازی ئاشتیی ئۆلیڤا کە بەسەرهاتەکەی بە کورتی بەمجۆرە بوو: سەرەتا شارول گوستاو پاشای نوێی سوێد هێرشی کردە سەر پۆلۆنیا و وەرشەوی داگیر کرد (١٦٥٩). پاشان ئیئتیلافێك پێکهاتوو لە پۆلۆنیا، رووسیا، دانیمارك براندنبۆرگ (دوایی بوو بە پرووس) لە دژی سوێد پێکهات کە ژان کازیمیر پاشای پۆلۆنیا پەیمانی بەخشینی بەشێك لە خاکی ولاّتەکەی بە هەرکامێکیان دابوو. لە پێشدا سوێد لێبڕاوانە لە بەرامبەریاندا راوەستا. بەلاّم تووشی لاوازی بوو و فەڕەنسا بۆ پێشگیری لە شکستی هاوپەیمانی خۆی لە ماوەی شەرەکانی سی ساڵەدا هاتە مەیدانەوە. بە تایبەتییش شکستی سوێد دەیتوانی ئاکامەکانی وێستیڤال بخاتە ژێر پرسیارەوە. لەلایەکی دیکەشەوە پۆلۆنیاش هاوپەیمانی رۆژهەلاّتیی فەڕەنسا بوو و لاوازیی لە رادەبەدەری بە سوودی فەڕەنسا نەبوو. ئەوەی یارمەتیی بە فەڕەنسادا مەرگی شارول گوستاو بوو کە لە ساڵی ١٦٦٠دا روویدا و مازارین حەکەمییەتی بەدەستەوە گرت و بەرەزامەندیی هۆڵەندا و بریتانیا رێککەوتننامەی ئۆلیڤای لەوساڵەدا لەنێوان سوێد و پۆلۆنیادا لەسەر بناخەی دابەشکردنی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەر بوو بەست و ویلایەتەکانی براندنبۆرگیش لە ژێر ناوی دەوڵەتی سەربەخۆی پرووس ناسرا و لە ساڵی ١٧١٣دا لەلایەن ئیمپراتۆریی پیرۆزەوە پەسند کرا. رێککەوتننامەی کۆپنهاگیش لە نێوان سوێد و دانیمارك بەسترا. بەمجۆرە فەڕەنسا توانی جگە لە پاراستنی پەیماننامەکانی وێستیفالی، بە خستنە لاوەوەی هابسبۆرگەکان لە کێشەکانی ئەورووپادا سەپاندنی رێکخستنی نوێ بەسەر رووسیادا، بوو بە پارێزەری هاوسەنگیی هێزەکان و حەکەمی سەرەکی لە کێشەکانی ئەورووپادا. لە ساڵی ١٦٦١ مازارین مرد. لوویی چوارده بۆخۆی کاروبارەکانی ولاّتی گرتە دەست.

ب ـ خورشید شا، لوویی چواردەهەم (١٦٤٣ ـ ١٧١٥): تایبەتمەندییە کەسییەکانی لوویی چواردەهەم بۆ فەڕەنسا خاڵێکی پۆزەتیڤ و حاشاهەڵنەگر بوو. ئەو کە لە ساڵی ١٦٣٨ دا لەدایك ببوو، لە پێنج ساڵیدا بوو بە پاشا. سەردەمی منداڵەتیی خۆی لەگەڵ دژایەتیی ئەریستۆکراتەکانی فەڕەنسا تێپەڕ کرد کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسپانیاوە پشتیوانییان لێدەکرا و لە مێژووی فەڕەنسادا بە "فروند" بەناوبانگە. ئەو رووداوە بوو بەهۆی ئەوەی لوویی بڕوای بە دەوروبەری خۆی نەمێنێ. ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لە لەپاواننانی دەسەلاّت و کورت



کردنەوەی دەستی ئەریستۆکراتەکاندا هەبوو. ئەو سوپایەکی پێکهێنا کە راستەوخۆ لەژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی خۆی دابوو. ناوبراو تەنانەت لە دانانی تاقە وەزیرێکیش خۆی پاراست (بە ئامۆژگاریی مازارین) و بۆخۆی کاروبارەکانی رێك دەخستن. ئەو هەمیشە بەتەنیا نانی نیوەڕۆی دەخوارد. ئەو قسەیەی وی قەت لەبیر فەڕەنساوییەکان نەچۆوە: "فەڕەنسا یانی من". بەلاّم ئەو چاوەدێرێکی هەبوو بەناوی "کۆلبێر" کە باوەڕپێکراوی ئەو بوو. هەر ئەویش بوو کە بەڕاستی فەڕەنسای سەرلەنوێ دروست کردەوە. سوننەتی دەوڵەتگەرایی یان ئەتاتیزم لە فەڕەنسا هەمیشە بەهێز بووە (بەپێچەوانەی بریتانیا کە کۆمەڵگای مەدەنی لە دەوڵەت بەهێزتر بوو) بەلاّم لەسەردەمی لوویی چواردەهەمدا ئەو سوننەتە گەیشتە لووتکە. هونەر، ئەدەب، بیناسازی، زانست و پیشەسازی، لەسەردەمی خورشیدشای خواپێداودا گەیشتە لووتکە، تا ئەو جێگایەی نەك هەر لە مێژووی فەڕەنسادا شتی وا نەبوو بەڵکو لە مێژووی ئەورووپاشدا لە بیرەوەریی مێژوودا تۆمار نەکرابوو. قسەیەکیش لە بارەی بەراوردکردنی وی لەگەڵ شاعەبباسی گەورە لە رۆژهەلاّت پێویستە. شاعەبباسیش کە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی ولاّتی خۆیو کۆکردنەوەی دەسەلاّت و جێگیرکردنی سنوورەکان و ئاسایشی رێگەوبانەکان بوو، بۆ سزادانی سەرپێچیکارانی سزای توندی دیاری کردبوو، زۆر لە دەوروبەرەکانی خۆی کوشت و کوێر کرد. بە چەشنێك کە داهاتووی سەفەوییەکانی بەرەو تاریکی برد. بەلاّم لوویی چواردەهەم داوای لە "ژەنراڵ کوندە"، ئەو کەسەی لە شۆڕشی فروندی دووەمدا لە دژی راپەڕیبوو، کرد بەناوی بەرژەوەندییەکانی ولاّتی فەڕەنسا و بۆ دارشتنەوەی فەڕەنسایەکی گەورەتر و بەهێزتر بگەڕێتەوە سەر پۆستی خۆی. لەسەردەمی ئەودا زۆر پیاوی گەورە بۆ داهاتووی فەڕەنسا پەروەردە کران. بەمجۆرە بوو کە رۆژئاوا بەرو پێش چوو و رۆژهەلاّتیش چەقی.

هەرچی بۆ پتەوبوون، بەهێزبوون و رێکوپێکیو نەزاکەت پێویست بوو لەنێوخۆدا دابین کرا و فەڕەنسا دەسەلاّتێکی وەدەست هێنا کە لەژێر سێبەریدا توانی زۆر بەئاسانی بەسەر دوژمنانیدا زاڵ بێ. هەر لەو کاتەشدا زێدەخوازی و شەڕی دوور و درێژ ولاّت لە پێ دەخا.

## ٢ ـ وەستانی فەڕەنسا و سەرەتای بەهێزبوونی بریتانیا

هەروەك ئاماژەی پێکرا سەردەمی پاشایەتیی لوویی چاردەیەم دەبێ دابەش بکەین بۆ دوو قۆناغی پێشکەوتن و وەستان. لە قۆناغی یەکەمدا هەلومەرجی لەباری نێوخۆ لەگەڵ هەلومەرجی لەباری نێونەتەوەیی دەگونجا و بارودۆخێکی بێوێنەی بۆ فەڕەنسا مسۆگەر کردبوو. بەلاّم لە قۆناغی دووهەمدا لاوازییەکی نیسبی کە لە شەڕ و تێکهەڵچوونە

درێژخایەنەكانەوە لە لایەك و پێكهاتنی ئیئتیلافێكی نێونەتەوەیی لە دژی فەڕەنسا لەلایەكی دیكەوە، تەنگی بەو وڵاتە هەڵچنی.

**أ ) ـ قۆناغی پێشكەوتن**

لە ساڵی ١٦٦١ەوە كە لوویی چواردەهەم دەسەڵاتی گرتە دەست، تا سەرەتای دەیەی ١٦٩٠ فەڕەنسا لە هەموو بوارەكاندا سەركەوتوو بوو. یەكەم ئامراز كە لوویی چاردە كەڵكی لێ وەرگرت، رێككەوتننامەی پیرنە بوو. لە ساڵی ١٦٦٥دا فلیپی چوارەم پاشای ئیسپانیا مرد. تاج و تەختەكەی بۆ شارۆلی دووەم لە ژنی دووەمی فلیپی چوارەم بە میرات مایەوە كە تەنیا چوار ساڵی تەمەن بوو. لەكاتی مردنی ویدا زاوایەكانی شارۆلی دووەم واتە لوویی چواردەهەم و لیئۆپۆلد ئیمپراتۆری رۆم ـ جێرمەن بۆ جێنشینیی وی مافی وەك یەكیان هەبوو. یەكەمیان مێردی"ماری ترێز"و ئەوی دیكەیان مێردی "ئان دی تریش" بوو. بەڵام پاش مەرگی شارۆلی دووەم، لوویی چواردەهەم بە پشت بەستن بە یەكێك لە ماددەكانی قانوونی هۆڵەندا كە بە پێی ئەم قانوونە منداڵەكانی ژنی یەكەم لە جێنشینیی پاشای مردوودا لە پێشترن، خوازیاری بەڕێوەچوونی ئەم قانوونە بوو لەو ناچانەدا كە پێشتر ئەو قانوونەیان تێدا بەڕێوە چووبوو. واتە ماری ترێز، خێزانی لوویی چاردەیەم لە جێی باوكی كۆچكردووی، فلیپی چوارەم لە هۆڵەندای ئیسپانیا دابنیشێ (هێندێك لەو وڵاتانەی لە قووڵایی دابوون و بەشی زۆری بەلجیكای ئەمڕۆ سەر بە ئیسپانیا بوون). ئیسپانیا ئەمەی قەبووڵ نەكرد. فەڕەنسا لە ساڵی ١٦٦٨دا هێزەكانی خۆی لە هێندێك لە ناوچەكانی بەلجیكا دامەزراند. لەو نێوەدا لیئۆپۆلد كە تووشی بەرهەڵستیی هەنگارییەكان و شەڕی توركەكان ببوو، بێدەنگ بوو. بەڵام دەسەڵاتە دەریاییەكان واتە هۆڵەندا و بریتانیا لە دژی فەڕەنسا یەكیان گرت. سوێدیش لەگەڵیان كەوت و سێكوچكەی لاهەیان پێكهێنا. لەئاكامدا جۆرێك هاوسەنگیی هێزەكان پێكهات. لوویی چواردەهەمیش بە پاراستنی دوازدە شوێنی گرنگ لەوانە شارەكانی لیل و تورنە كە ئێستاش لە شارە گرنگەكانی فەڕەنسان، چاوپۆشیی لە داخوازەكانی دیكە كرد و لە مانگی مای ١٦٦٨دا رێككەوتننامەی "ئێكس لاشاپێل"ی ئیمزا كرد.

پێوەندیی باشی هۆڵەندا و فەڕەنسا دوای سەدەیەك بەرەو ناخۆشی چوو. لوویی چواردەهەم لەگەڵ چارلزی دووەم یەكیان گرت و رێككەوتننامەی "دوڤێر"یان پێكەوە ئیمزا كرد. پاشان لەگەڵ پاشای سوێد پێكهات و بەڵێنی پێدا ئەگەر سەر كەوت هێندێك لە بەندەرەكانی



هۆڵەندای بداتێ. ژمارەیەك لە شازادەكانی ئەڵمانیاش لەگەڵ فەڕەنسا یەكیان گرت و ژمارەیەكیشیان بێلایەن مانەوە. پاشان هۆڵەندا گەمارۆ دراو لە ساڵی ١٦٧٢دا هێرشی بریتانیا بۆ سەر هۆڵەندا دەستی پێكرد و لوویی چواردەهەم فەرماندەیی شەڕی بە ئەستۆوەگرت. هۆڵەندییەكانیش لەگەڵ ئیسپانیا و براندنبۆرگ یەكیان گرت كە سوودێكی نەبوو. لوویی چواردەهەم شارەكانی هۆڵەندای یەك بەدوای یەكدا داگیر دەكرد تا گەیشتە ئوترێخت. هۆڵەندییەكان بەنداوەكانیان بەردا و لەشكری فەڕەنسا وەبن ئاوێ كەوت و لوویی چواردەهەم ناچار بوو داوای ئاشتی بكا. ئەو هەلومەرجانەی ئەو بۆ ئاشتیی دانابوون، پڕ بوو لە سووكایەتی و بوو بە هۆی هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی هۆڵەندییەكان. لێرەدا هۆڵەندییەكان "گیوم درانژ"(پاشای بریتانیا پاش شۆڕشی ١٦٨٨)یان بە رێبەری دەوڵەت هەڵبژارد. ناوبراو لەگەڵ ئیسپانیا و ئیمپراتۆری پیرۆز یەكی گرت و براندنبۆرگ و دانیماركیشی لەگەڵ خۆیدا. ئەگەرچی فەڕەنسا ناچار بوو رێككەوتننامەی "نیمەگ" لە ئاگۆستی ١٦٧٨دا قەبووڵ بكا و لە ساڵی ١٦٧٩شدا لەگەڵ ئیمپراتۆری پیرۆز پەیمانی ئاشتی ئیمزا بكا، بەڵام توانی فرانش كونتێ و ئەلزاس بخاتە سەر خاكی فەڕەنسا و سنوورەكانی باشووری فەڕەنسا بگەیەنێتە سویس. جگە لەوەش توانای نیزامیی فەڕەنسا بۆ هەموو وڵاتانی ئەورووپایی دەركەوت. فەڕەنسا لەو شەڕانەدا توانی بەو سنوورانە بگا كە ئێستا هەیەتی و وەك هێزێكی حاشاهەڵنەگر خۆی سەلماند. هەورەها روون بۆوە فەڕەنسا ناتوانێ ببێتە دەسەڵاتێكی جیهانی و ئیمپراتۆرییەك لە ئەورووپادا. پاش ئاشتیی "نیمەگ" سیاسەتی لوویی چواردەهەم لەسەر لكاندنی ئەو ناوچانە سوور بوو كە فەڕەنسا داوای دەكردن. ئەمانەش داخوازێكی بەهێزی دیكەیان نەبوو. بە پێی ئەم سیاسەتە كە بە كۆبوونەوەی "ریۆنیۆ" ناوبانگی دەركرد، فەڕەنسا توانی پاشماوەی ئەلزاس و ستراسبۆرگیش بخاتە سەر خاكی خۆیەوە. ئەم ناوچانە لە ناوچە ئەڵمانیایای زمانەكان بوون. بەڵام ناڕەزایەتیی ژمارەیەك لە میرنشینەكانی ئەڵمانیا كاری نەكرد و ژمارەیەكیان كە یارمەتیی ماڵییان لە فەڕەنسا وەردەگرت، بێدەنگەیان لێكرد. ئەندامانی ئەنجوومەنی "دیت"یش بوونە دووبەشی لایەنگر و دژی فەڕەنسا.

**ب) قۆناغی دووەم: قۆناغی سەقامگیری و وەستان**

لە ساڵی ١٦٨٣وە سێ رووداو بارودۆخەكەیان بە زەرەری پێشكەوتنەكانی فەڕەنسا گۆڕی كە بریتی بوون لە: شكستی ئیمپراتۆری عوسمانی، هەڵوەشانەوەی فەرمانی نانت لەلایەن لوویی چواردەهەمەوە و شۆڕشی شكۆداری فەڕەنسا.

شکستی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی لەبەرامبەر یەکیەتیی ئیمپڕاتۆریی پیرۆز، پۆلۆنیا و رووسیادا، لاوازیی ئەم ئیمپڕاتۆرییەی دەر خست و ئیمپڕاتۆریی لیئۆپۆلد لەلای رۆژهەڵاتەوە بێ خەم بووەو چاوی بڕییە رۆژئاوا. جگە لەوەش فەڕەنسا لەو یەکیەتییە و شەڕە پیرۆزەدا بەشدار نەبوو و هیچ سوودێکی لێ نەدی. لە حاڵێکدا رووسیا، پۆلۆنیا و میرنشینی ڤێنیسیا کە بە پێشنیاری پاپ لە ساڵی ١٨٨٤دا کەوتە بەرەی ئیمپڕاتۆرەوە، بەتایبەتی رووسیا، سوودێکی زۆریان لە شکستی عوسمانیدا دەدی. بەمجۆرە ئیمپڕاتۆری هێندێك هاوپەیمانی پەیدا کرد کە دواتر لە بەرامبەر فەڕەنسادا یارمەتییاندا. لیئۆپۆلد کە دەیزانی فەڕەنسا چاوی تەماعی بڕیوەتە ویلایەتەکانی ئەڵمانیا ئاگای لە مەرامەکانی لوویی چواردەهەم لە بارەی هابسبۆرگەکانی ئوتریشدا هەبوو، هەموو هەوڵی خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی دەوڵەتانی کاسولیکی لەگەڵ کەوێ.

رووداوێك کە لە لاوازبوونی فەڕەنسادا رۆڵی هەبوو، هەڵوەشانەوەی فەرمانی نانت بوو کە لە ساڵی ١٥٩٨دا هێنریی چوارەم دەری کردبوو و ئازادیی ئایینزایی لە فەڕەنسادا بەڕەسمی ناسیبوو. لوویی چواردەهەم لە ساڵی ١٦٨٥دا ئەم فەرمانەی هەڵوەشاندەوە و پرۆتستانتەکانی ناچارکرد زێد و نیشتمانیان تەرکی بکەن. ئەوانەی کە زۆربەیان سەرمایەدار بوون، دەسمایەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرت و لە فەڕەنسا چوونەدەر. "پیەر بایل" باوکی ئەنیسلکۆپیدیی فەڕەنسا یەکێك لەو کۆچبەرانە بوو کە چووە هۆڵەندا. لەلایەکی دیکەشەوە پرۆتستانتەکان لەگەڵ ویلیام درانژ پاشای هۆڵەندا یەکیان گرت. بەمجۆرە هەم وڵاتانی کاسۆلیك بە رێبەرایەتیی ئیمپڕاتۆر لە دژی فەڕەنسا یەکیان گرت و هەم وڵاتانی پرۆتستانت بە رێبەرایەتیی هۆڵەندا. ئەم دوو گرووپە لە وڵاتان سەرەنجام یەکیان گرت و یەکیەتیی ئەگسبۆرگیان لە ساڵی ١٦٨٦دا پێکهێنا. دوو ساڵ دوای ئەمە دوایین هاوپەیمانی لوویی چواردەهەمیش لە دەست چوو. جیمزی دووەم پاشای بریتانیا پاش شۆرشی شکۆداری ١٦٨٨ جێگەی خۆیدا بە دوژمنی لوویی چواردەهەم واتە ویلیام درانژ. لەئاکامدا بەرەیەکی یەکگرتوو لە سەرانسەری ئەورووپادا لە دژی لوویی چواردەهەم پێکهات. لەمەودوا لوویی چواردەهەم دوو شەڕی گرنگی لە پێشن کە بریتین لە: شەڕ لەگەڵ یەکیەتیی ئەگسبۆرگ و شەڕی جێگریی ئیسپانیا.

یەکیەتیی ئەگسبۆرگ دەیەویست فەڕەنسای بەرێتەوە سەر سنوورەکانی پیرنە و وێستیڤال. ئەگەر شۆرشی بریتانیا رووی نەدابا، یەکیەتیی کاسولیکەکان دەبوا پارێزگاری لە دەسکەوتەکانیان لە رۆژهەڵاتدا بکەن. بەڵام بە روودانی ئەم شۆرشە فەڕەنسا کەوتە تەنگانەوە. بەختی لوویی چوارده لەوەدا بوو کە ورەوردە کەلێن کەوتە نێو یەکیەتیی ئەگسبۆرگەوە. کاتێك



ئیمپڕاتۆریی پیرۆز رووی کردە رۆژئاوا، تورکەکان دەرفەتیان قۆستەوە و سەرلەنوێ بێلگرادیان داگیر کردەوە. ئەم رووداوە ئیمپڕاتۆری ناچار کرد ئیمتیازاتی زیاتر بداتە شازادەکانی ئەڵمانیا و ئەوان لە شەڕ لەگەڵ فەڕەنسادا رابگرێ. ئیمپڕاتۆر کە بۆخۆی لەشکرێکی وای لەبەردەستدا نەبوو و ترسی لە شکستی دووبارە هەبوو، هێندێ پەیامی بۆ لوویی چوارده ناردن و رەزامەندیی خۆی بۆ رێککەوتننامەی ئاشتی دەربڕی. ئەم بێنەوبەریە لە ساڵی ١٦٩٢وەوە تا ساڵی ١٦٩٧ کە وتووێژەکانی رایسویك دەستیان پێکرد، درێژەی کێشا. لوویی چواردەهەم کە تەنگی پێ هەڵچنرابوو، نەویی کێشا و ئاشتیی رایسویك هەر لەو ساڵەدا لە نێوانیاندا بەسترا. لەو کاتە بەدواوە لوویی چواردەهەم دەستی لە سیاسەتی مەزنیخوازانەی خۆی هەڵگرت. ئیمپڕاتۆریی پیرۆز کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرت و بۆ هەمیشە خۆی لە هێرشەکانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی رزگار کرد. لە ساڵی ١٦٩٩دا پەیماننامەی کارلۆویتز لەنێوان تورکیا، ئوتریش، پۆلۆنیا، رووسیا و ڤێنیسیادا بەسترا و بەپێی ئەم پەیماننامەیە ئیمپڕاتۆریی عوسمانی زۆر لەو ناوچانەی لە ئەورووپادا دەستی کەوتبوون، لەدەستدا.

بەڵام لە ساڵی ١٧٠١ەوە شەڕەکانی جێگریی ئیسپانیا دەستیان پێکرد و تا ساڵی ١٧١٣ و پەیمانی ئوترێخت درێژەی کێشا. شارۆلی دووەم پاشای ئیسپانیا لە ساڵی ١٧٠٠دا وەفاتی کرد. دووکەس بەتەمای تاج و تەختەکەی بوون کە هەر ئەو دوو کەسەکەی پێشوو واتە لوویی چواردهەم و لیئۆپۆلد، زاواکانی بوون. نەخشەی لوویی چواردەهەم ئەوە بوو کە دەیەویست ئەو ناوچانەی ئیسپانیا گرتبوونی دابەش بکا. بەمجۆرە کە "ئارشیدۆك شارول" نەوەی لیئۆپۆلد ببێتە پاشای ئیسپانیا. لەبەرامبەردا ئەو ناوچانەی ئیتالیا کە ئیسپانیا گرتبوونی، وەبەر فەڕەنسا بکەون و ئەویش ئەم ناوچانە بە ساوا، نیس و لۆرێن بگۆڕێتەوە. بەڵام شارۆلی دووەم وەسییەتنامەیەکی بەجێ هێشت کە بە گوێرەی ئەو وەسییەتنامەیە دەبوا یەکیەتیی میراتەکانی بپارێزرێ و بکەوێتە دەست نەوەی لوویی چواردەهەم و ئەگەر لوویی چواردەهەم قەبووڵی نەکرد، ئینجا بکەوێتە دەست نەوەی لیئۆپۆلد. بەڵام لوویی قەبووڵی نەکرد. هەرکە رێبەرانی ئەورووپا ئەمەیان بیست دەنگی نارەزایەتییان بەرز بۆوە، بەتایبەتی ویلیام درانژ یان ویلیامی سێیەم پاشای بریتانیا کە لە دەسەڵات و پەرەگرتنی فەڕەنسا دەترسا کە لە بەلجیکاوە تا دەریای سپیی نێوەڕاستی دەگرتەوە. بۆیە یەکیەتییەکی گەورەی لە دژی لوویی چواردەهەم پێکهێنا و هاتە نێو شەڕێکەوە کە تا ساڵی ١٧١٣ی خایاند. لە یەکیەتیی دژی فەڕەنسادا وڵاتانی بریتانیا، هۆڵەندا، ئیمپڕاتۆریی پیرۆز، براندنبۆرگ، ساوا و پورتوگال بەشدار بوون. لەم

شەڕانەدا هێزی فەڕەنسا لاواز بوو تا ئەوەی سەرەنجام پەیمانی "ئوترێخت" لە نێوان فەڕەنسا و ئەو وڵاتانەی سەرەوە لە ساڵی ١٧١٣دا و پەیمانی "راشتاد" لە ساڵی ١٧١٤دا لەنێوان فەڕەنساو ئیمپڕاتۆریی هابسبۆرگدا بەسترا.

## ئاکامەکانی شەڕی جێگری

لێکۆڵینەوەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە لێکۆڵینەوەی هەر شەڕێکدا بە دوای هاوسەنگیی نوێدا دەگەڕێ کە هێزی نوێی تێدا دێتە مەیدان و هێزی دیکە لە مەیدان دەچنەدەر، یان وڵاتێك تووشی کەوتن و هەستانەوەی دەسەڵات دەبێ. شەڕەکانیش هەروەك رێکخراو و نیهادەکان خاوەنی دوو شوێنەواری ئاشکرا و نادیارن. شوێنەوارە ئاشکراکانیان لە پەیماننامەکانی دوای شەڕدا دەردەکەون و شوێنەوارە نادیارەکانیشیان لە پەراوێزدا روو دەدەن و ئاکامێکی نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە کە جاری وایە لەوەی کە دەیخوازێ زۆر گرنگترن.

شوێنەوارە ئاشکراکان: ئەم شەڕانە لە پەیماننامەکانی "ئوترێخت"و "راشتاد"دا تۆمار کراون. بەپێی ئەم پەیماننامانە بڕیاردرا فلیپی پێنجەم نەوەی لوویی چواردەهەم ببێتە پاشای ئیسپانیا بەڵام نابێ قەت لە بیری ئەوەدا بێ دوو پاشایەتیی ئیسپانیا و فەڕەنسا تێکەڵ بە یەك بکا. وڵاتانی ساوا و براندنبۆرگ کە لەو شەڕانەدا بە قازانجی بەرەی دژی فەڕەنسا شەڕیان کردبوو بە پلەی پاشایەتی گەیشتن. ساوا کە بە زەرەری فەڕەنسا و ئوتریش پەرەی گرت، بە ناوی پاشایەتیی ساردنی یان پیەموون وردەوردە بوو بە ماکەی یەکیەتیی ئیتالیا کە لە ساڵی ١٨٧٠دا بە ئامانج گەیشت. پاشایەتیی براندنبۆرگیش بە ناوی پاشایەتیی پرووس بوو بە تەوەرەی یەکیەتیی ئەڵمانیا کە ئەویش لە ساڵی ١٨٧١دا روویدا.

هەروەها بەپێی ئەم پەیماننامانە دەستی فەڕەنسا لە هێندێك لەو ناوچانەی کە لە وەختی سیاسەتی رێئۆنیۆن یان کۆبوونەوەدا وەدەستی هێنابوون، کورت بۆوە. بە پێچەوانەوە ئوتریش توانی بەسەر زۆر ناوچەی ئیتالیادا زاڵ بێ. بۆیە ئیتالیاییەکان لە کاتی راپەڕینی سەربەخۆییخوازانەدا دەبوا لەبەرامبەر هێز و دەسەڵاتی ئوتریشدا راوەستن.

لەلایەکی دیکەوە بریتانیا کە سەرکەوتووی سەرەکیی ئەم شەڕانە بوو، دەرووی "جبل الطارق"ی کە دەروازەی دەریای سپیی نێوەڕاستە لە بەردەستی خۆیدا هێشتەوە. دەستی بە بەندەری هانۆڤەریش راگەیشت کە ئەو دەرفەتەی بۆ پێك دێنا دەریای باڵتیکیش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. داخرانی بەندەری دینکریك بەندەرەکانی بریتانیای وەڕمێن دەخست و ئەو



وڵاتەی دەکردە باڵادەستی دەریای باکوور و بە یەکگرتن لەگەڵ پورتوگال دەستی ئەم وڵاتە لە دەریای سپیی نێوەڕاستدا ئاوەڵاتر دەبۆوە. هەروەها بریتانیا لە بان دەریاکانیش وڵاتانی وەك ترینۆڤ و کەنداوی هوودسن و ئاکادیی کەوتە دەست. بەمجۆرە لەم قۆناغەدا زۆر لە کێشە زەمینییەکان لە ئەورووپا کۆتاییان هات.

شوێنەوارە نادیارەکان: لەماوەی ئەم شەڕانەدا هێندێك شت روویاندا کە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە رێگەیان بۆ بریتانیا کردەوە. یەکەم ئەوە بوو کە یەکیەتیی بریتانیا، سکۆتلەند و ئیرلەند لە ساڵی ١٧٠٦ لە گەرمەی شەڕەکانی جێگریی ئیسپانیادا سەری گرت و بریتانیای مەزن پێکهات. جگە لەو ئیمتیازانەی بریتانیا لە پەیمانی ئوترێختدا وەدەستی هێنان، "بازرگانیی کۆیلەشی بۆ ماوەی سی ساڵان گرتە دەست کە لە ساڵی ١٧١٥ تا ١٧٥٩ لە نێوان ئەمریکا و کۆلۆنییەکانی ئیسپانیادا لە گۆڕێدا بوو و لەو پەیمانەدا گونجاندی و لە پاوانی خۆی نا." دوو روکنی ئیمپڕاتۆریی بریتانیا واتە بازرگانی و کۆلۆنی کردنی وڵاتان دابین کرابوون و سەردەمی زاڵبوونی بریتانیا دەستی پێکرد. هەرچەند دەسەڵاتی هۆڵەندا کەمێك بووژایەوە، چونکە فەڕەنسا لە چوون بۆ دەریای باکوور و ئیمپڕاتۆریش لە چوون بۆ بەلجیکا قەدەغە کرابوون، بەڵام ئەوەی روویدا بەزەرەیی فەڕەنسا و ئیمپڕاتۆری پیرۆز بوو نەك بە زەرەری بریتانیا کە ئیدی زەریاکانی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوە، لە حاڵێکدا دەسەڵاتی هۆڵەندا لە دەریای باکوور هەورازتر نەدەچوو. بەمجۆرە ئاکامی سەرەکیی شەڕەکانی جێگریی ئیسپانیا سەرهەڵدانی دەسەڵاتی بریتانیای مەزن بوو کە لە بریتانیا، سکۆتلەند و ئیرلەند پێکهاتبوو. لە حاڵێکدا دەسەڵاتی فەڕەنسا وەستا و دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری پیرۆز بەرەو نەمان چوو.

## بەشی سێیەم

### دیپلۆماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا

لەم سەدەیەدا دەگەینە کۆتایی قۆناغی یەکەمی دەوڵەتە مۆدێرنەکان، واتە دەوڵەتی ڕەها و دەوڵەتی پاشایەتی. گەورەترین ڕووداوی ئەم سەدەیە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسایە لە ١٧٨٩دا کە بە خستنەڕووی پێناسەیەك لە نەتەوە، ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو هاوسەنگییە نێونەتەوەییەکانەوە. کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی گرنگی دیکە لە بوارەکانی وەك زانست، ئەدەب و فەلسەفە ڕوویاندا کە بە ناوی "سەردەمی ڕۆشنگەری" دەناسرێن. بەڵام لە باری دیپلۆماسی‌دا هاتنی هێزی دیکەی وەك ڕووس، پرووس و ئوتریش بۆ مەیدانی نێونەتەوەیی لە جێی ئیمپراتۆرییەکانی دیکەی وەك سوید، پۆڵۆنیا عوسمانی و جێگۆڕکێی تەوەرەی فەڕەنسا ـ بریتانیا لە جێی تەوەرەی فەڕەنسا ـ ئیمپراتۆری لە گرنگترین مەسەلەکانی سەدەی هەژدەیەمن. ڕووداوەکان بەجۆرەن کە پێنج دەسەڵات: فەڕەنسا بریتانیا، ڕووس، پرووس و ئوتریش لە ئەورووپادا لە لووتکەدان و بە پێکهێنانی هاوسەنگیی هێز لە نێوخۆیاندا سیستەمی نوێی نێونەتەوەیی دادەڕێژن. لە ڕۆژهەڵاتدا ئیمپراتۆریی عوسمانی، چین و هیند بەرەو کزی دەچن و دەسەڵاتی ئێران بە ڕووخانی بنەماڵەی سەفەوی لە ساڵی ١٧٢٢دا تووشی لاوازییەکی گەورە دەبێ. هەرچەند نادرشا بۆ ماوەیەك بۆشایی دەسەڵاتی سەفەوییەکانی پڕ کردەوە، بەڵام بە سەرهەڵدانی ئاغا محەممەدخانی قاجار لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨دا ئێران تووشی ئاڵۆزیی نێوخۆیی ببوو. دەتوانین ڕووداوەکانی سەدەی ١٨ بۆ سێ قۆناغ دابەش بکەین: لە ساڵی ١٧١٣ڕا تا ١٧٤٠و لە ١٧٤٠ڕا تا ١٧٨٩ (شۆڕشی فەڕەنسا) و لە شۆڕشەوە تا کۆنگرەی ١٨١٥ی ڤیەن.



#### قۆناغی یەکەم: ١٧٤٠ ـ ١٧١٣

ئەم قۆناغە قۆناغی ئاشتی بوو و هێندێك وردە تێکهەڵچوون کە ڕوویاندا درێژەی شەڕەکانی جێگری و سەقامگیریی دەسەڵاتە نوێیەکانی ڕووسیا و ئوتریش بوون. هۆی ئارامیی ڕێژەیی ئەم قۆناغە یەکێکیان لاوازیی بریتانیا بوو کە لەگەڵ قەیرانی نێوخۆیی بەرەوڕوو ببوو ئەوی دیکەش پێویستیی فەڕەنسا بە قەرەبووکردنەوەی وێرانییەکان و زەرەر و زیانەکانی شەڕ و پێویستیی لوویی شازدەیەم بە پتەوکردنی بناخەکانی دەسەڵاتی خۆی بوو کە لە ساڵی ١٧١٥دا جێگەی لوویی چواردەهەمی گرتەوە. لە بریتانیاش ئەم بارودۆخە لە گۆڕێدا بوو. لە لایەك سکۆتلەندو ئیرلەند کە لەگەڵ بریتانیا کەوتبوون، ئابوورییەکی تێکڕووخاویان هەبوو و لەلایەکی دیکەشەوە لە ساڵی ١٧١٤دا پاشایەتی بە جۆرجی یەکەم برا کە لە بنەماڵەی هانۆڤێر بوو و شارەزای بریتانیا و زمانی ئینگلیزی نەبوو. ئەم شتە هەرچەند بۆ دێموکراسیی ساوای بریتانیا زۆر بەکەڵك بوو و پێشی بە دەستێوەردانی شا لە کاروباری وڵاتدا دەگرت و کاروبارەکان دەکەوتنە دەستی سەرۆك وەزیران و حیزبەکەی، بەڵام لەڕووی سیاسەتی دەرەوەدا جۆرێك لاوازی بوو. جۆرجی یەکەم تا ساڵی ١٧٢٧ پاشایەتیی کرد. لەو ماوەیەدا ڕژێمێکی کابینەیی بە سەرۆکایەتیی حیزبی ویگ (بریتی بوو لە بورژواکان لەبەرامبەر حیزبی توری کە سەڵتەنەتخواز بوون) یەکەم نموونەی دیمۆکراسیی لیبراڵی لە بریتانیا پێکهات. بە هۆی هەلومەرجێکی وەك یەك کە لە بریتانیا و فەڕەنسادا هەبوو، قۆناغێکی ئاشتی لە نێوان ئەم دوانەدا پێکهات کە تا ساڵی ١٧٣١ی خایاند و لە یەکیەتییەکی سێقۆڵی پێکهاتوو لە بریتانیا، فەڕەنسا و هۆڵەندادا خۆی دەنواند کە لە ساڵی ١٧١٧دا لە نێوان ئەم سێ وڵاتەدا پێکهات. ئەمە بە سیستەمی ستانهۆوپ ـ دووبوا (وەزیرەکانی دەرەوەی بریتانیا و فەڕەنسا) ناوبانگی دەرکردو مەبەستەکەشی پاراستنی دەسکەوتەکانی پەیمانی ئوترێخت بوو.

بەڵام کێشە لاوەکییەکانی ئەم قۆناغە لە سێ ناوچەدا کۆ ببونەوە. یەکێکیان ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست بوو کە کێشە لە چوارچێوەی ڕکەبەرایەتیی شارولی شەشەم ئیمپراتۆر و فلیپی پێنجەم پاشای ئیسپانیا دابوو. ئەوی دیکە ناوچەی باکووری ئەورووپا کە کێشەکانی لە لاوازیی شارولی دوازدەیەم ئیمپراتۆری سوێد و ڕقەبەرایەتیی ڕووسیا و هانۆڤێر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات سەرچاوەی دەگرت. ناوچەی سێیەم باڵکان بوو کە ناوچەی ڕقەبەرایەتیی ئوتریش و عوسمانی و ڕووسیا بوو. قەیرانەکانی ئەم سێ ناوچەیە لە نیهایەتدا پێکەوە بەسترابوونەوەو بە هێندێك ڕێککەوتننامە کۆتاییان پێهات.

ناوچەی دەریای نێوەڕاست: نە شارۆلی شەشەم ئیمپراتۆر و نە فلیپی پێنجەم پاشای ئیسپانیا هیچ کامیان بە قەبوولْ کردنی پەیمانی ئاشتیی" ڕاشتاد" دڵخۆش نەبوون و بە نهێنی خەریکی گۆڕینی ئەو شتانە بوون کە لەم ئاشتییەوە سەرچاوەیان دەگرت. شارۆلی شەشەم کە هەم ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆم ـ جێرمەن بوو و هەم پاشای ئوتریش سەبارەت بەوەکە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ویدا و لە سەرزەوییە نزمەکان (هۆڵەندا و بەلجیکا)دا هێندێك سنوورو بەربەستی هەبوون و بەندەری هانۆڤەر داخرابوو و لەو ناوچانەی ئیتالیادا کە لە بەردەستی ویدا بوون هێندێك لێك ترازان هەبوو و دەسەڵاتی دوورگەی سیسیل بە پاشایەتیی تازە دامەزراوی ساوودا (ساردنی) ئەسپێردرا بوو، زۆر بە توندی نارازی بوو. ئیمپراتۆر بڕیاریدا بەکردنەوەی ڕێگەیەك بۆ دەریا ئازادەکان پیشەسازیی ئوتریش ببوژێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە فلیپی پێنجەم پاشای ئیسپانیا و نەوەی لوویی چواردەهەم هەرچەند دەستی لە پاشایەتیی ئیسپانیا هەڵگرتبوو، بەڵام هێندێك بەرنامەی بۆ ئیتالیا هەبوون کە جێی نیگەرانی بوون. ئەو بە هاندانی ژنی دووەمی کە خەڵکی پارمی ئیتالیا بوو نەخشەی بۆ پاشایەتیی منداڵەکانی لە ئیتالیا داڕشت. ئەو ئالبیروونی (هەمان ئەلبیروونی نازناوی ئەبوو ڕیحانە کە ئەو ناوە چووەبووە ئەورووپاش)ی وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژارد کە قەشەیەکی ئیتالیایی بوو و ڕای سپارد نەخشەکانی لە ئیتالیادا بۆ بەڕێوە بەرێ. لە دەرباری ئیسپانیادا دەستەواژەی "ئیتالیای ئێمە..." بەمەبەستی ئامادەکردنی زەمینەیەکی فکری بۆ لکاندنی ئیتالیا بە مەدریدەوە جێی خۆی گرتبوو. بەهەرحاڵ ئالبیروونی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی سەرەتا دەستی بە بەهێزکردنی هێزی دەریایی ئیسپانیا کرد.

ـ باکووری ئەورووپا: لە ساڵی ١٧١٥دا لاوازیی سوێد بە چەشنێك بوو کە وڵاتانی دیکەش چاوی تەماحیان تێبڕیبوو. پیتری گەورە کە لە ساڵی ١٦٨٢دا بە دەسەڵات گەیشتبوو و تا ساڵی ١٧٢٥ کە کۆچی دوایی کرد هەوڵیدا رووسیای نیوە وەحشی بکا بە وڵاتێکی ئەورووپایی پێشکەوتوو بە سنوورێکی بەربڵاوەوە. یەکێك لەو دەرفەتانەی بۆی هەڵکەوت دەستێوەردان بوو لە کاروباری نێوخۆی سوێد. ئەو یەکیەتییەکی لە ساکسۆنەکان، پرووسییەکان و دانیمارکییەکان پێکهێنا کە هانۆڤێریشیان لەگەڵ کەوت. بەڵام هانۆڤێر کە بۆخۆی لە پێشڕەویی رووسیا دەترسا، هەوڵیدا خەڵکی ئەڵمانیاش کە هەر ئەو ترسەیان هەبوو لەگەڵ خۆی بدا. لە ماوەیەکی کورتدا هانۆڤێر توانی دانیمارکییەکانیش لەگەڵ خۆی بدا و ویلایەتەکانی بۆرم و وردن کە دانیمارك لە سوێدی ئەستاندبوون لەم وڵاتەیان بکڕێ (١٧١٥). لە لایەکی



دیکەشەوە بریتانیاش پشتیوانیی لە سیاسەتی دژی رووسیی هانۆڤێر دەکرد و بەمجۆرە شەڕی باکوور بوو بە شەڕی نێوان رووسیا و هانۆڤێر.

ناوچەی باڵکان: دژایەتیی عوسمانی ـ رووسیا و عوسمانی ـ ئوتریش بووە هۆی هێندێك تێکهەڵچوون کە سەرەنجامەکەی بە زیانی عوسمانیو بە سوودی ئوتریش و رووسیا تەواو بوو. لە پەنا سەرکەوتنەکانی رووسیا لە باڵکاندا دەبێ ئاماژەیەکیش بە پێشڕەوییەکانی ئەم وڵاتە لە ئێرانیشدا بکەین. پیتری گەورە کە زۆری حەز لە لەشکرکێشی بۆسەر هیندوستان هەبوو، کەڵکی لە هەلومەرجی نالەباری ئێران لە بەرەبەری رووخانی سەفەوی وەرگرت و هاتە قەفقاز (١٧٢٣). بەڵام قولیخان حاکمی ئێرانیی قەفقازیش پاش بەربەرکانییەکی کەم خۆی بەدەستەوەدا. پیتری گەورە لە دەربەند دامەزرا و لەوێوە بەسەر بەشێك لە ئازەربایجان، گیلان و ئەستەرئابادیدا زاڵ بوو. خەڵکی ئەم ناوچانەش لە ترسی ئەفغانەکان بۆ دەسەڵاتی پیتر مڵیاندا. عوسمانییەکانیش ناوچەکانی رۆژئاوای وڵاتیان داگیر کرد. هەر لەو کاتەدا باڵیۆزی فەڕەنسا لە عوسمانی بە فەرمانی دەوڵەتی خۆی دوژمنایەتیی نێوان رووسیا و عوسمانیی چارەسەر کرد و ئاشتی کردنەوە و پەیمانی ئیستانبووڵی لە نێوانیاندا ئیمزا کرد. بەڵام زۆری پێ نەچوو پیتری گەورە مرد و نادرشای ئەفشار لە ئێرانێدا هاتەوە و وردە وردە ناوچە داگیرکراوەکانی لە دەست داگیرکەران هێنایەوە دەر. لە ساڵی ١٧٣٢دا بە پێی ڕێککەوتننامەیەك کە لەگەڵ رووسیا بەسترا، دەربەندی باکۆش وەسەر ئێران خرایەوە.

## چارەسەری رووداوەکان

سەرەتا شەڕی ئیمپراتۆر و عوسمانی دەستی پێکرد و بەسەرکەوتنی شارۆلی شەشەم و ڕێککەوتننامەی پاساروویتز لە ساڵی ١٧١٨دا کۆتایی هات. لەمەو بەدوا ئیمپراتۆر شارۆلی شەشەم وەك سەرکەوتوو دەستی بۆ پاکانە حیساب لەگەڵ ئیسپانیا و چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ئیتالیا ئاوەڵاتر بوو. لەو نێوەدا بریتانیا بە تەمبێکردنی ئیسپانیا و وێرانکردنی هێزی دەریایی ئەم وڵاتە رازی بوو. کەوابوو لەسەرەتا ئوتریش لەگەڵ یەکیەتیی سێقۆڵیی لاهە کەوت ئەو یەکیەتییەی کردە یەکیەتیی چوارقۆڵی. فشاری ئەم وڵاتانە بۆ سەر ئسپانیا بووە هۆی ئەوەی فلیپی پێنجەم چاوپۆشی لە تاج و تەختی فەڕەنسا بکا و دەست لە نیاز و مەرامەکانی لە ئیتالیادا هەڵگرێ (ژۆنیوەریی ١٧٢٠). لەو کاتەدا ئیسپانیاش لەگەڵ یەکیەتیی چوارقۆڵی کەوت و بەکردەوە کەوتە ژێر چاوەدێریی چوار وڵاتەکەی دیکە. هاوکات لەگەڵ ئەم تەرتیباتەدا

شەڕەکانی باکوور لە نێوان هانۆڤێر و هاوپەیمانانی لەلایەك و رووسیا لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ١٨١٨دا لە گۆڕێدا بوو. سەرەتا بە رێککەوتننامەی ستۆکهۆڵم لە ساڵی ١٧١٩دا و پاشان بە رێککەوتننامەی "نیشتاد" لە دیسەمبەری ١٩٢١دا کۆتایی هات. بە پێی رێککەوتننامەی ستۆکهۆڵم، سوێد پومرانی و ستێتیی دەدا بە پرووس‌و لکانی برێم‌و ۆردنی بە هانۆڤێری بە رەسمی ناسی‌و ئیمتیازێکی زۆری بە دانیمارکدا. لە ئاکامدا رووسیا لەبەرامبەر هانۆڤێر و هاوپەیمانانی‌دا شکستی خوارد و ئەمەش بوو بە هۆی دڵخۆشیی بریتانیا کە لەوە دەترسا دەسەڵاتێکی بەهێز لە رۆژهەڵاتی ئەورووپادا سەرهەڵبدا. هەر لەو کاتەش‌دا رووسیا بە پێی رێککەوتننامەی نیشتاد بەسەر بەشی زۆری لێوارەکانی باڵتیك واتە لیتوانی، لیتوونی و ئیستوونیدا زاڵ بوو و ئەو دەریاچەیەی کردە دەریاچەیەکی رووسی. بەمجۆرە رووسیاش لە شکستی عوسمانی‌دا سوودمەند بوو و بەدوای پەیمانی پاساروویتز و لاوازبوونی عوسمانی‌دا رێککەوتننامەی ١٧٢٠ی بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاند و سوودی لە شکستی سوێدیش وەرگرت. بەڵام توانای دەستێوەردانی نەگەیشتە ئەورووپا. بەڵام سیاسەتی رووسیا هەروا بەرەو پێش دەچوو و بە پانتایی خاکی وڵاتەکەی زیاد دەکرد. دوای ئەمە چاوی تەماحی بڕیە پۆلۆنیا و باڵکان.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بریتانیا هەوڵی‌دا دەسەڵاتی دەریایی وڵاتان بەتایبەتی ئیسپانیا بە مەبەستی باڵادەستیی دەریایی خۆی، لە مەیدان دەر بکا. لە ساڵی ١٧٣٧دا وتووێژەکانی کۆمپانیای لەندەن و بریستۆڵ ئیمتیازێکی زۆری لەلایەن ئیسپانیاوەی بە دواوە بوو. لە ساڵی ١٧٣٩دا رێککەوتننامەی بازرگانیی کۆیلە لەلایەن بریتانیاوە هەڵ پەسێردرا و شەڕ لە دژی ئیسپانیا کە چەند ساڵ پێشتر دەستی پێ‌کردبوو، پێی نایە قۆناغێکی فەرمییەوە.

## کۆتایی ئارامیی رێژەیی و شەڕی جێگریی پۆلۆنیا (١٧٣٣ ـ ١٧٤٠)

لە ساڵی ١٧٣٣دا ئاگۆستی دووەم پاشای پۆلۆنیا کۆچی دوایی کرد و بۆ دیاریکردنی جێگرەکەی دوو گرووپ لە وڵاتان کەوتنە بەرامبەر یەك. فەڕەنسا لە کۆنەوە چاوی لە پۆلۆنیا بوو. هەرچەند بڕیار وابوو شازادە خانمێکی ئیسپانیایی بە مەبەستی زەماوەند لەگەڵ لوویی پازدەیەم کە لە ساڵی ١٧١٥دا لە جێی لوویی چواردەهەم دانیشتبوو، لە دەرباری بۆربۆنەکانی فەڕەنسادا پەروەردە بکرێ، بە بیانووی ئەوەی تەمەنی کەم بوو ناردیانەوە ئیسپانیا و کچی پاشای لەسەرکار لابراوی پۆلۆنیا "ستانیسلاس لیکزنیسکی"یان بۆ لوویی پازدەیەم گواستەوە. کەوابوو فەڕەنسا لایەنگری پاشایەتیی خەزووری لوویی پازدەیەم بووو رووسیا و ئوتریشیش



لایەنگرییان لە ئاگۆستی سێیەم کوڕی ئاگۆستی دووەم دەکرد. لە نێو پۆلۆنیاش‌دا ئەنجوومەنی دیت بەسەر دوو گرووپدا دابەش ببوو. شەڕ ساز بوو. لەلایەك ئوتریش و رووسیا و لەلایەکی دی فەڕەنسا، ئیسپانیا و ساردنی (ساووا). پڕیشکی شەڕ گەیشتە ئەڵمانیا و ئیتالیاش، تاکو سەرەنجام بە پەیماننامەی ڤیەن لە ساڵی ١٧٣٨ لە نێوان فەڕەنسا و ئوتریش‌دا بەسترا و کۆتایی هات. لەو ماوەیەدا ئاگۆستی سێیەم بە کردەوە پاشایەتیی کرد. بە پێی ئەو بڕیارنامەیە بڕیار درا دووك نشینی لۆرێن کە ئی زاوای شارۆلی شەشەم بوو و لە ماوەی شەڕەکان‌دا لەلایەن فەڕەنسا و ئیسپانیاوە داگیر کرابوو لە ژێر رێبەرایەتیی ستانیسلاس‌دا بەڕێوە بچێ و پاش مردنی وی بدرێتە فەڕەنسا. ئیسپانیاش توانی ناوچەکانی ناپل و سیسیل بۆخۆی بستێنێ و ناوچەی لۆمباردی ببێتە ئی پاشایەتیی تازە دامەزراوی ساردنی (ساووا) و تەنیا ناوچەی پارێم بۆ ئوتریش دەمایەوە و ناپل و سیسیل لەدەست ئەم وڵاتە چوون. سەیر ئەوە بوو ئیمپڕاتۆر ساڵێك دواتریش لەگەڵ شکستێکی دیکە بەرەوڕوو بوو کە بریتی بوو لە پەیماننامەی بێلگراد(١٧٣٩) کە بە پێی ئەمە ناچار بوو ناوچەکانی باشووری دانووب و چەند بەشی دیکە لە باڵکان بداتەوە عوسمانی. لە ساڵی ١٦٩٩وە ئەوە تەنیا ئەم جار بوو ئیمپڕاتۆریی عوسمانی ئەوەندە سەرکەوتنە کەمەی وەدەست دێنا. لە ماوەی شەڕەکانی جێگریی پۆلۆنیادا دژایەتیی قازانجەکانی عوسمانی ـ ئوتریش پەرەی گرت و لە ساڵی ١٧٣٦دا شەڕی ئەم سێ وڵاتەی لێ کەوتەوە کە لە سێپتەمبەری ١٧٣٩دا بە پەیماننامەی بێلگراد کۆتایی هات.

## قۆناغی دووەم: ١٧٤٠ ـ ١٧٨٩

لەم قۆناغەدا شاهیدی ئاڵوگۆڕی قووڵی رووحی ـ دەروونی و فەلسەفی ـ زانستین لە ئەورووپادا کە سەرەنجام بە شۆڕشی فەڕەنسا دەبڕێتەوە. ئەندێشەکانی دیکارت لە هەموو جێگایەك بوون بە سەرەتای بزووتنەوەیەکی نوێ لە ناسین و زانست‌داو ئاکامەکەی بوو بە جۆرێك پۆزەتیڤیزمی زانستی کە لە نیۆتۆنەوە تا جۆن لاك دەگرێتەوە. ئەهلی زانست و رۆشنگەری و پێشکەوتن خەریکی بڵاوکردنەوەی زانستی نوێ بوون کە سەردەمی رۆشنگەری پێك دێنن. قۆناغی مۆدێرنیتە لە سەر بنەمای عەقڵانیەت، پێشکەوتن و زانستی عەینی، دەست پێ‌دەکا. تەنانەت رژێمە سەرەڕۆکانی ئەو کاتیش پشت بە عەقڵ دەبەستن، وەکو رژێمی "فریدریکی گەورە" کە بە سەرەڕۆی نوورانی بەناوبانگ بوو. لە پەنا ئەم ئاڵوگۆڕە ئارامەدا دیپلۆماسی و شەڕ پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. دامەزراندنی باڵیۆزخانەی بەردەوام و سوپای

پرۆفیشتالْ دەبنە دەستووری کاری دەوڵەتان. بەڵام لە پێوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا دوو تەوەرە روون و بەرچاو بوون: رکەبەرایەتیی فەرەنسا و بریتانیا لەسەر کۆڵۆنییەکان و ئەوی دیکەش رکەبەرایەتیی پرووس و ئوتریش لە ئەورووپادا. دوو شەڕ نوێنگەی ئەو دوو رکەبەرایەتییەن: یەکەمیان شەڕەکانی جێگریی ئوتریش و ئەوی دیکەیان شەڕی حەوت ساڵە. لە پەنا ئەم شەڕانەدا فراوانخوازیی رووسیا بە زەرەری دوو کۆنە ئیمپڕاتۆریی روو لەنەمان، واتە ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و پۆلۆنیا نابێ لەبیر بکەین.

**أ ) شەڕی جێگریی ئوتریش (١٧٤٠ ـ ١٧٤٨)**

لە ساڵی ١٧٤٠دا دوو کەس لە پاشایانی ئەورووپا مردن و دوو کەسایەتیی دیکە جێگای وانیان گرتەوە. فریدریك ویلمیلّی یەکەم جێگای خۆیدا بە فریدریکی دووەم ناسراو بە فریدریکی مەزن. ئەوی دیکە ماری ترێز کە لە جێگای شارۆلی شەشەم ئیمپڕاتۆری پیرۆز و پاشای ئوتریش دادەنیشت. بەڵام ماری ترێز دوو داواکاری هەبوون کە بریتی بوون لە شارول ئالبێر ئەمیری هەڵبژێردراوی باویەر کە زاوای ئیمپڕاتۆری پێشوو واتە ژۆزێفی یەکەم و ئەوی دیکە ئاگۆستی سێیەم بوو. فریدریکی دووەم کەڵکی لەم کێشەیە وەرگرت و سیلیزیی داگیر کرد. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی فەرەنسا بەپێی عادەتی کۆنی لە رکەبەرایەتی لەگەڵ هابسبۆرگەکانی ئوتریشدا پشتیوانیی لە ئالبێر دەکرد. شارول ئالبێر ئەو کات بەسەر پراگدا زاڵ ببوو و لە فێبریوەری ١٧٤٢دا خۆی بە ئیمپڕاتۆر دانا و تاجی لەسەر نا. ماری ترێز هەوڵێکی زۆری دا و بە دانی هێندێك ئازادی بە هەنگارییەکان توانی پراگ بستێنێتەوە. لەو نێوەدا بریتانیا پشتیوانیی لە ماری ترێز کرد و پاشایەتیی ساردنی یان ساوای لەگەڵ خۆیدا. بەمجۆرە بەرەیەك لە دژی فەرەنسا پێکهات. فەرەنساش لە دژی ئەم بەرەیە کەوتە شەڕ. فریدریکی دووەم پاشای پرووس کە هەوڵی فرەوانکردنی دەسەڵاتی خۆی بەزەرەری ئوتریش دەدا سەربەخۆ کەوتە پاڵ فەرەنسا و لە ترسی سەرکەوتنی ئوتریش پراگی داگیر کرد. سوپای فەرەنساش خۆی بۆ گرتنی هۆڵەندا ئامادەکرد و لەم کارەدا سەرکەوت. بەمجۆرە فەرەنسا و پرووس لە لایەك و ئوتریش و بریتانیا لە لایەکی دیکە کەوتنە بەر یەك. لەم کاتەدا شارۆل ئالبێر مرد و فرانسوا دو لۆرێن مێردی ماری ترێز لە ساڵی ١٧٤٥دا وەك ئیمپڕاتۆر هەڵبژێردرا (سەردەمی شارۆل ئالبێر ١٧٤٢ ـ ١٧٤٥ تەنیا سەردەمێك بوو کە ئیمپڕاتۆریی پیرۆز لەدەست هابسبۆرگەکانی ئوتریش هاتە دەر). شەڕەکانی جێگریی ئوتریش شەڕی هاوسەنگیی هێزەکان بوو. هەم لایەنەکانی ئەورووپایی واتە پرووس و ئوتریش بە جۆرێك لە هاوسەنگی گەیشتن، هەم



لایەنە کۆلۆنیالیستییەکان واتە فەرەنسا و بریتانیا. ئەم هاوسەنگییە خەڵکی وەڕەز کردبوو و لە ئاکامدا لوویی پازدەهەم ئامادە بوو پەیمانی ئاشتیی ئێکس لاشاپیل لە ساڵی ١٧٤٨دا ئیمزا بکا. بەپێی ئەم پەیمانە پرووس ناوچەی سیلیزیی بۆخۆی دەپاراست و پاشایەتیی ساردنییش نۆڤۆواری خستە سەر خاکی خۆی. دەوڵەتی فەرەنسا هۆڵەندای چۆڵ کرد و هەرچەند لە بارودۆخێکی باشدا بوو، بەڵام هیچ سوودێکی لەو شەڕە دوور و درێژانە پێ نەگەیشت و بوو بەهۆی تووڕەیی خەڵکی خۆی.

**ب ) شەڕی حەوت ساڵە ١٧٥٦ ـ ١٧٦٣**

سەرچاوەی شەڕی حەوت ساڵە دەگەڕێتەوە بۆ شەڕەکانی جێگریی ئوتریش. دوو لایەنی سەرەکی هەمان فەرەنسا و بریتانیا و تەوەرەیەکی لاوەکییش ئوتریش و پرووس بوو. بەڵام هەروەك ئاماژەی پێدەکەین، لەم شەڕانەدا فەرەنسا و ئوتریش لە لایەك و بریتانیا و پرووس لە لایەکی دیکە پێکەوە یەکیان گرت کە بە یەکیەتیی بەراوەژوو ناوی دەبرێ. لە شەڕەکانی جێگریی ئوتریشدا بارودۆخەکە بەمجۆرە بوو:

ئوتریش + بریتانیا

پرووس + فەرەنسا

بەڵام لە شەڕی حەوت ساڵەدا بارودۆخی یەکگرتنی جەمسەرەکانی کێشەکان ئاوای لێهات:

پرووس + بریتانیا

ئوتریش + فەرەنسا

بریتانیا دەیەویست باڵادەستیی خۆی بەسەر فەرەنسادا بگەیەنێتە ئەو جێگایەی کە گەرانەوەی بۆ نەبێ و تەواوی کۆلۆنییەکانی لەدەست بێنێتەدەر. بۆیە لە ساڵی ١٧٥٥دا فەرمانی بە هێزە دەریاییەکانی خۆیدا لە لێوارەکانی هیند و ئەمریکادا دەست بەسەر گەشتییەکانی فەرەنسادا بگرن. لەو نێوەدا ئوتریش کە لە شەڕەکانی پێشوودا بە یەکگرتن لەگەڵ بریتانیا چی پێنەبڕابوو، بڕیاریدا بۆ بەرەبەرەکانی لە دژی پرووس، هەستی ئایینزایی فەرەنسای کاسولیك بجووڵێنێ و پشتیوانیی ئەم وڵاتە لە خۆی مسۆگەر بکا. لە لایەکی دیکەشەوە پرووسیش لە پشتیوانیی فەرەنسا دڵنیا نەبووو مەیلی بەلای بریتانیادا شکایەوە. فەرەنسا و ئوتریش پەیمانی دۆستایەتییان لە ڤێرسای لە ساڵی ١٧٥٦دا ئیمزا کرد و کەوتنە پاڵ یەك. لەو بارودۆخەدا فریدریکی دووەم ئۆلتیماتۆمێکیدا بە ئوتریش و لە ئاگۆستی ١٧٥٧دا ناوچەی ساکسی داگیر کرد و شەڕی حەوت ساڵە پێی نایە قۆناغێکی جیددییەوە.

ژمارەیەك لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیا و رووسیا پشتیوانییان لە ئوتریش کرد. هاوپەیمانی ئوتریش واتە فەرەنسا بە داگیرکردنی هانۆڤێر هەرەیەشەیەکی جیددیی بۆ پرووس پێکهێنا. پرووس کەوتە پەلەقاژە و شتێکی وای نەمابوو بەتەواوی شکست بخوا و لە مەیدان بچێتەدەر. بەڵام بە یارمەتیی بریتانیا و لێهاتوویی فریدریکی دووەم لەو شکستە حەتمییە دەرباز بوو. هەر لەو کاتەدا رووسیا توانی بە زیانی پرووس هێندێك پێشرەوی بکا. بەڵام بەرەی سەرەکیی شەڕ بریتانیا و فەرەنسا بوون کە وا دەهاتە بەرچاو فەرەنسا شکستی حەتمی دەخوا. زۆری پێنەچوو فەرەنسا ناوچەکانی خۆی لە هیند و کەنەدا لەدەستدا و بریتانیاییەکان دورگەکانی مارتینیك و کووبایان داگیر کرد. لە ئاکامدا چەند رووداو ئەم شەرەیان لە کۆتایی نزیك کردەوە. سەرەتا مەرگی ئەلیزابیت (کچی پیتری گەورە) ئیمپراتۆری رووسیا و هاتنە سەرکاری پیتری سێیەم لە جۆنیوەریی ١٧٦٢دا کە رووسیای لە شەڕ هێنایە دەر و بێلایەنیی خۆی راگەیاند، ئەوی دیکە هاتنەسەرکاری جۆرجی سێیەم کە لەساڵی ١٧٦٠ەوە لە جێی جۆرجی دووەم لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت و خوازیاری ئاشتی بوو. سێیەم لاوازیی نیزامی وماڵیی فەرەنسا کە رێگەی بە درێژەکێشانی شەڕ گرت. بەمجۆرە وتووێژەکانی ئاشتی لە فێبریوەری **١٧٦٣**دا بە پەیمانی پاریس کۆتاییان بە شەڕەکانی فەرەنسا و بریتانیا هێناو بە پەیمانی هۆبرتسبۆرگ کێشەی پرووس و ئوتریشیش کۆتایی هات. لەم شەڕانەشدا دیسان دۆڕاوی سەرەکی هەر فەرەنسا بوو. بە پێچەوانەی شەڕەکانی جێگریی ئوتریش کە جۆرێك هاوسەنگیی هێز پێکهات، لەم شەڕانەدا فەرەنسا زۆربەی کۆلۆنییەکانی لە دەست دان. دەبێ هۆی لاوازیی فەرەنسا لە بارودۆخی نێوخۆی ئەم وڵاتەدا بدۆزینەوە. لە کاتێکدا بریتانیا لێهاتووترین و بەتواناترین ئەفسەر و مەئموورەکانی خۆی دەنارده کۆلۆنییەکان و رەوانەی دەکردن بۆ ئەوەی فەرەوانیان بکا، دەرباری فەرەنسا دز و جەردەکانی بۆ پاراستنی کۆلۆنییەکانی دەنارد. لە حاڵێکدا کە کۆمەڵگای مەدەنیی بریتانیا چاوەدێرییەکی کارای بەسەر دەزگای سیاسیی وڵاتدا دەکرد و ئاستی فەسادی گەیاندبووە لانی کەمی خۆی، فەرەنسا دەستەویەخەی فەساد بوو. بریتانیا بەراستی سوودی لە دێموکراسی وەرگرت و فەرەنسا باجی سەرەرۆیی فەسادێکی دەدا کە لە درێژەکێشانی دەسەڵاتی تاکە کەسێکەوە سەرچاوەی دەگرت. سەرەرای نابەرابەریی بریتانیا و فەرەنسا، تیۆریی هاوسەنگیی هێزەکان هەر لەم شەڕانەدا هاتەگۆڕێ و ئیمیریخ فێن واتیل بە سوود وەگرتن لە بۆچوونەکانی توسیدید لە مێژووی شەڕەکانی پلوپونزدا کە لە نێوات ئاتێن و ئیسپارتدا رووی دابوو، ئەم تیئۆرییەی بووژاندەوە. چونکە هیچ کام لە هێزەکانی ئەورووپا



نەیانتوانی یەکتری لە مەیدان وەدەر بنێن. ئاکامێکی دیکەی ئەو شەڕانە هەروەك باسی دەکەین شۆرشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا بوون کە بەشی زۆری بەهۆی بەتاڵبوونی خەزێنەی فەرەنسا و بریتانیا بوو. بریتانیا نرخەکەی خستە ئەستۆی خەڵکی ئەمریکا و بوو بەهۆی راپەڕینی وان. بەڵام فەرەنسا کە کۆلۆنیی ئاوا دەوڵەمەندی نەبوون، نرخەکەی بەسەر خەڵکی خۆیدا سەپاند و بوو بەهۆی راپەڕینیان.

**ج ) درێژەی شەڕو کێشە لە ئەورووپا**

یەکێك لە رووداوە تاڵەکانی ئەورووپا لە سەدەی ١٨دا لێكهەڵوەشان و لەنێوچوونی پۆڵۆنیا بوو. بە مردنی ئاگۆستی سێیەم واتە ئەو پاشایەی لە ساڵی **١٧٣٨**دا بە یارمەتیی رووسیا و ئوتریش هاتە سەرکار، **"ئیستانیسلاس ئاگۆست پۆنیاتوفسکی"** لە ساڵی **١٧٦٤**دا بوو بە پاشای پۆڵۆنیا. ئەم پاشایە بە رێککەوتننامەی **١٧٦٨** وڵاتی خۆی خستە ژێر سەرپەرستیی رووسیاوە. فەرەنسا کە هەمیشە بۆ پاراستنی هاوسەنگی پشتیوانیی لە پۆڵۆنیا دەکرد، هەوڵیدا عوسمانی هان بدا بۆ شەڕ لەدژی رووسیا بۆ ئەوەی پۆڵۆنیا پارێزراو بێ. بەڵام ئەم کارەش بە قازانجی رووسیا تەواو بوو. چونکە رووسەکان لە شەڕی عوسمانیدا توانییان کریمە، مۆلداڤی و والاشی (رۆمانیای ئێستا) بگرێ و هێزی دەریایی خۆی بنێرێتە دەریای سپیی نێوەڕاست. پاشاکانی پرووس و ئوتریش لە پێشرەوییەکانی رووسیا نیگەران بوون و بە مەبەستی یەکگرتن لە دژی رووسیا کەوتنە وتووێژ لەگەڵ یەکتر. بەڵام فریدریکی دووەم لە جیاتی یەکگرتن لەگەڵ ئوتریش، لەگەڵ "کاترینی دووەم" ئیمپراتریسی رووسیا لەسەر دابەشکردنی پۆڵۆنیا رێك کەوت و لەو نێوەدا بەشی ئوتریشیشیدا. پاش ئەمە پەیمانی "سان پیترزبۆرگ" لە جولای **١٧٧٢** لەنێوان سێ وڵاتدا ئیمزا کرا و بەشێکی زۆری خاکی پۆڵۆنیایان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد. رووسیا پاش ئەم پەیمانە و لکاندنی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی پۆڵۆنیا بە خاکی خۆیەوە بەدەسەڵاتی زیاترەوە لەگەڵ عوسمانی کێشەی دەکرد. سەرەڕای راپەڕینی پوگاچوڤ کە یەکێك لە بەهێزترین راپەڕینەکانی رووسیا بوو، توانی بڕیارنامەی کوچووك کینارچی لە ساڵی ١٧٧٤دا بەسەر عوسمانیدا بسەپێنێ و بە گرتنی چەند بەش لە ناوچە ئەورووپاییەکانی عوسمانی توانی بەسەر دەریای رەش و نیمچە دورگەی کریمەدا زاڵ بێ کە سەرەنجام لە ساڵی **١٧٨٣**دا بە فەرمی و بە تەواوی بوو بە بەشێك لە خاکی رووسیا. لەو کاتەوە رووسیا رۆڵی پشتیوانی لە مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی یاری کرد. ئوتریشیش لە بەرامبەر پشتیوانی لە رووسیادا ناوچەی بوکووڤینی دەست کەوت. لاوازیی

عوسمانی سەرەتای لەخەو راپەڕینی نەتەوەکانی بالکان بوو و بەهێز بوونی رووسیا مانای کۆتایی هاتنی رۆڵی فەرەنسا بوو لە رۆژهەڵاتی ئەورووپادا. مانەوەی ژیانی عوسمانی لەمەو بەدوا تەنیا قەرزداری سیستەمی هاوسەنگیی ئەو هێزانە بوو کە لە ئەورووپادا پێك هاتبوون.

**د ) روخساری کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆیی ئەمریکا**

لەسەرەتای سەدەی ١٧ی زایینیدا وڵاتانی باکووری رۆژئاوای ئەورووپا جێگەی کۆلۆنیالیستەکانی پێشوو واتە پورتوگال، ئیسپانیا و ڤێنیسیایان گرتەوەو بە رێگەیەکی سیستەماتیکدا و لە سەر بنەمای بازرگانیی یارمەتیدراو دەستیان کرد بە گرتنی ناوچەی دیکە و دەستبەسەرداگرتنی کۆلۆنییەکۆنەکان. لە سەدەی ١٨دا رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی زیاتر لە نێوان بریتانیا و فەرەنسادا بوو. بریتانیا بەدوای قازانجە نەتەوایەتییەکانیدا بوو و فەرەنساش بەدوای قازانجەکانی دەربارەوە بوو. هەرچەند کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات لە ساڵی ١٦٠١دا زۆر لێبڕاوانە هاتبووە مەیدان، دیسان تا نێوەڕاستەکانی سەدەی هەژدە هەلومەرجی فەرەنسا باشتر بوو. لانیکەم لەڕووی دەسەڵاتی سیاسی و حوزووری لە ناوچە جیاجیاکاندا لە بریتانیا لەپێشتر بوو. لە ساڵی ١٧٤٠دا بازرگانیی ئەورووپا پێی نایە قۆناغێکی بەرز لە گەشەسەندن و رمێن. دامەزراوە بازرگانییەکان لەپشتی دەریاکان زیاد دەبوون. لە لایەکی دیکەوە بریتانیا گیروگرفتی نێوخۆیی تێپەڕ کردبوو و ببوو بە خاوەنی سیستەمێکی سیاسیی سەقامگرتوو لەسەر بنەمای کۆمەڵگایەکی مەدەنی. لە حاڵێکدا فەرەنسا پاش لوویی چواردەیەم تووشی سستی و فەساد ببوو و ژنانی دەرباری لوویی پازدەیەم دەستیان لە کاروباری سیاسی و نیزامی وەردەدا. "مارکیز دو پومپادور" گراوی لوویی پازدەیەم کۆسپی دەخستە سەر رێگەی گەورە نێردراوی فەرەنسا لە هیندوستان. بەجۆرە بوو بریتانیا دەستی بەسەر بەشێکی گرنگ لەو بازرگانییەدا گرت. دوو ناوچە زیاتر لە هەر جێگایەك کێشەی لەسەر بوو: یەکەم زەریای هیند و رۆژهەڵاتی دوور، جگە لە چین کە هێشتا وەك خۆی بوو. ئەوی دیکە ناوچەی ئاتلانتیك یان زەریای ئەتڵەس واتە ئەو ناوچانەی ئەورووپاییەکان بۆی دەچوون.

لە ناوچەی زەریای هیندا بەرهەمەکانی ئەورووپا سەرنجی توێژێکی بچووکیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا کە سوودێکی وای نەبوو. بەڵام لە بەرامبەردا ئەورووپاییەکان بەدوای بەهارات، قوماشی لۆکە و کاڵا و شتومەکی جوانەوە بوون. ئەوکات گیای دەرمانی لە ئێران و هیندەوە بەرەو ئەورووپا دەچوو و رۆژهەڵاتی پڕ لە سێحر و جادوو، چیرۆکەکانی هەزارویەکشەوە، ئەفسانەی ئیسفەهان و شارەکانی چین و هیند بۆ ئەورووپاییەکان ئەوەندە



سەرنجڕاکێش بوون کە ژنانی دەرباری لوویی پازدەیەم بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆلای خۆیان راکێشن لاسای ژنانی چینیان دەکردەوە. مۆنتسکیۆ لە زمانی دوو ئیسفەهانییەوە رەخنەی لە کۆمەڵگای خۆی دەگرت (نامە ئێرانییەکان). سروشتی بوو رکەبەرایەتی لەسەر ئەم وڵاتانە توند بێ. بەڵام بریتانیاییەکان توانییان وردەوردە هیند لە رکەبەرەکانیان پاك بکەنەوە زەمینەی هاتن بۆ وڵاتانی دەوروبەری هیند وەك ئێران، ئەفغانستان و تەبەت پێك بێنن. نفووزی بریتانیا لە چینیشدا زیادی کرد. لە ئاستی بازرگانیی چیندا کە لە ساڵی ١٧٤٠تا ١٧٨٠ سێ بەرامبەر زیادی کردبوو، بریتانیا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. بریتانیا لە رێگەی بازرگانییەوە چۆکی بە چیندا و لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩دا شەڕی تریاکی لە دژی ئەم وڵاتەدا دەستی پێکرد.

لە ناوچەی زەریای ئەتلەسیشدا ناوچەکانی ئەمریکا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا سەرنجی ئەورووپاییەکانی راکێشابوو. بارودۆخی جوگرافیایی ئەم ناوچەیە ببووە هۆی کۆچی ئەورووپاییەکان بۆ وێ، بە تایبەتی لە بەرئەوەکە ئەورووپا ئەوکات بە هۆی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و پەرەگرتنی ئابووری بەدەست زۆر بوونی حەشیمەتەوە دەیناڵاند. لە ٤ ملیۆن کەس حەشیمەتی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٩٠دا نزیکەی ٣/٢٥ ملیۆن کەس سپی پێست بوون کە ٨٠٪یان کۆچبەرانی بریتانیایی و ئەوی دیکە کۆچبەرانی هۆلەندی و سوێدی، پرۆتستانتەکانی فەرەنساوی، ئەڵمانییەکان و جوولەکەکان و هێندێکیش ئیرلەندی بوون کە هەموویان لە فەرهەنگی ئەنگلوساکسۆنی و فەرهەنگی پرۆتستانتیدا توانەوە. لە شەڕەکانی حەوت ساڵەدا ئینگلیزەکان بەسەر زیاتر لە ٩٠٪ی ناوچەکانی ئەمریکادا زاڵ بوون. بەڵام ئەم شەڕانە هەروەك گوتمان بریتانیای لەگەڵ گیروگرفتی ماڵی بەرەوڕوو کرد. بۆ چارەسەری ئەم گیروگرفتە دەوڵەتی بریتانیا باج (ماڵیات)ێکی قورسی بەسەر سێزدە کۆلۆنیی ئەمریکادا سەپاند. بەشێك لەو باجانە پێوەندییان بە قانوونی پوول (تەمبر)ەوە هەبوو. بە پێی ئەم قانوونە خەڵکی ئەمریکا ناچار بوون بۆ هەر کارێکی ئابووری پوولەکەیان باتڵ بکەن پارەکەی بدەن. ئەم قانوونە لە ساڵی ١٧٦٦دا شکستی خوارد بوو. چونکە خەڵك زۆر بە توندی دژایەتییان لەگەڵ کرد. پەرلەمان پاش هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پوول مافی دانانی باجی کۆلۆنییەکانی بۆ خۆی هێشتەوە (جوونی ١٧٦٧) و باجی نوێی بۆ ئەو کاڵایانە دانا کە بۆ ئەمریکا دەچوون. ئەم قانوونەش پاش سێ ساڵ شەڕو کێشە لە ساڵی ١٧٧٠دا هەڵوەشایەوە. بەڵام باجی چا وەك خۆی مایەوە. خەڵکی ئەمریکا لە دیسەمبەری ١٧٧٣دا بە بەرگی سوورپێستەکانەوە هێرشیان کردە سەر کەشتیی هەڵگری چا و بارەکەیان هەڵڕشتە نێو ئاوێ.

ئەم کارە سەرەتای هێندێك توندوتیژی بوو کە لە ئاکامدا ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمریکای لێ کەوتەوە. دوای ڕاپەڕینی بۆستۆن کالاکانی ئینگلیز لە ناوچەکانی ئەمریکا قەدەغە کران، بەتایبەتی ئەو کالایانەی لە لایەن کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتەوە دەنێردران. دژکردەوەی بریتانیا توند بوو. بەندەری بۆستۆن داخراو هەڕەشە لە ئازادییەکانی خەلك کرا. بەلام تا بریتانیا توندتری دەگرت، دژکردەوەی خەلکی ئەمریکاش توندتر دەبوو. "ساموئێل ئادامز" ڕێکخراوێکی بە ناوی "کوڕانی ئازادی" پێك هێنا و کۆمیتەیەکی پێوەندیی دامەزراند تاکو پێوەندی لەنێوان بزووتنەوە پەرشوبلاوەکاندا پێك بێنێ. یەکەم کۆنگرەی نوێنەرانی خەلکی ئەمریکا لە سالی ١٧٧٤ لە شاری فیلادلفیادا پێك هات. نوێنەران ڕایانگەیاند کە تاج و تەختی مەلەکەی بریتانیایان قبوولە بەلام پەرلەمانی بریتانیا بە نوێنەری خۆیان نازانن و بڕیارەکانی بەڕێوە نابەن. کۆنگرەی دووەم فەرمانی پێکهێنانی سوپای ڕزگاریدەریدا و فەرماندەییەکەی بە جۆرج واشینگتۆن سپارد کە پاشان بوو بە یەکەم سەرکۆماری ئەمریکا. کۆنگرەی نوێنەران لە ٤ی جولای ١٧٧٦دا بە ئیلهام لە ڕاوبۆچوونەکانی جۆن لاك، مۆنتسکیۆ، ژان ژاك ڕۆسۆ، و بنیاتنەرانی دیکەی ئەندێشەی دێموکراسی، ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمریکایان دەرکرد کە لەگەل پێشوازیی گشتی بەرەوڕوو بوو. لەم ڕاگەیەنراوەدا پێ لەسەر ئازادیو بەرابەریی بەرەی ئادەمیزاد داگیراوە و وەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤی بە دەستەبەری بەختەوەریی مرۆڤ ناو بردووە. بریتانیا بە ناچاری لە سالی ١٧٨٢دا سەربەخۆیی ئەمریکای بەڕەسمی ناسی و دەستەبەری ئەمە بریتی بوو لە پەیمانی پاریس کە لە سالی ١٧٨٩دا بەسترا. قانوونی بنەڕەتیی ئەمریکا کە لە سالی ١٧٨٧دا داڕێژرابوو لە ٧ی مارسی ١٧٨٩دا گەیشتە قۆناغی بەڕێوەبردنەوە. هەر لەو سالەدا جۆرج واشینگتۆن وەك یەکەمین سەرکۆماری ئەمریکا هەلبژێردرا. فەڕەنساوییەکان نەك بە مەبەستی یارمەتیدانی دێموکراسی بەلکو بۆ زەبرلێدان لە بریتانیا پشتیوانییەکی لێبڕاوانەیان لەو حەرەکەتەی خەلکی ئەمریکا کرد. لەبەرامبەر ئەمەدا، بریتانیاش لە ڕێگەی پەرەپێدان بە شۆڕشی فەڕەنسا تۆلەی خۆی لە ڕژێمی ئەم ولاتە کردەوە.

## قۆناغی سێیەم: لە شۆڕشی فەڕەنساوە تا کۆنگرەی ڤیەن(١٧٨٩- ١٨١٥)

هەروەك گوترا شەڕی حەوت سالە فەڕەنساشی تووشی گیروگرفت کرد. دەستبلاویی دەربار و ئەریستۆکرات و رووحانییەکان لەلایەك و قەیرانی کشتوکال لە سالی ١٧٨٨دا وێڕای زستانی



سارد لەلایەکی دیکەوە پەرەیان بە قەیرانی مالی و ناڕەزایەتییەکانی خەلك دەدا و ڕاپەڕینی وەرزێڕانی خۆشتر دەکرد. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا پاشای فەڕەنسا لوویی شازدەیەم فەرمانی کردنەوەی ئەنجوومەنی چینە سێقۆلییەکەی (ئەتا ژنرو)ی دەرکرد کە ١٧٥ سال بوو بەڕێوە نەچووبوو. ئەم ئەنجوومەنە لە پێنجی مارسی ١٧٨٩دا پێکهات. مەبەستی شا وەرگرتنی باج و ڕێکوپێك کردنی بارودۆخەکە بوو. بەلام ئەو کارقایمییە ئیدی زۆر درەنگ ببوو. لەم ئەنجوومەنەدا لەنێوان چینی سێیەم واتە خەلکی ئاسایی و چینی بژاردە واتە ئەریستۆکراتی دونیا و ئاخیرەتدا دژایەتیی بیروبۆچوون هاتە پێش. سەبارەت بەوەی کە ئەریستۆکراتەکان ئامادە نەبوون باج بدەن، شا ڕازی بوو ژمارەی نوێنەرانی چینی سێیەم لەگەل تێکڕای نوێنەرانی دوو چینەکەی دیکە (ئەریستۆکرات و رووحانییەکان) بەرامبەر بێ. ( لە ١١٦٥ نوێنەر ٥٧٨ کەس بۆ چینی سێیەم، ٢٩١ کەس بۆ چینی رووحانییانی کاسولیك و ٢٩٦ کەس بۆ ئەریستۆکراتەکان دانرا). لە لایەکی دیکە نوێنەرانی چینی ئەریستۆکرات ئامادە نەبوون لەگەل نوێنەرانی چینی سێیەم لە یەك جێدا کۆ ببنەوە. لە ئاکامدا نوێنەرانی خەلکی ئاسایی کە بە جیا لە شوێنێك کۆبوونەوەیان دەگرت، لە پڕ بڕیاریاندا خۆیان بە ئەنجوومەنی نەتەوەیی ناو بەرن. هەر لەو کاتەشدا وەك ئەنجوومەنی دامەزرێنەران لە ڕۆژی ٢٠ی جوونی ١٧٨٩دا سوێندیان خوارد و تاکو قانوونی ئەساسی داڕێژراو پەسند کرا، ئەوان درێژەیان بە کاری خۆیاندا. لێرەدا دەربار، ئەریستۆکرات و کلێسا لە لایەك و نوێنەرانی خەلك لە لایەکی دیکەوە لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستان. دەربار لە ڕۆژی ١٢ی جولایدا تاقە وەزیری ڕێفۆرمخوازی کابینە "نەکر"ی لەسەرکار لابرد و سەربازەکانی لە شەقامەکانی پاریسدا دامەزراند. تێکهەلچوون لەنێوان سەربازەکان و خەلك لە ڕۆژی ١٤ی جولای ١٧٨٩دا کە وەك ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش دیاری کراوە، رووخانی زیندانی باستیلی بەدواوە بوو. پاش ئەمە ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤ لە ١٧ ماددەدا لە ڕۆژی ٢٦ی ئاگۆستی ١٧٨٩دا دەرچوو.

ئەنجوومەنی دامەزرێنەران ڕۆژی ١٣ی سێپتەمبەری ١٧٩١ قانوونی بنەڕەتیی نوێی بلاو کردەوە و ڕۆژی ٣٠ی سێپتەمبەر خۆی هەلوەشاندەوە. قانوونی بنەڕەتیی نوێ حکوومەتی پاشایەتیی مەشرووتەی بەڕەسمی دەناسی. تاکە ئەنجوومەنێك کە ئەندامەکانی وەك ڕابردوو لەلایەن کەسانێکەوە کە بەڕادەیەکی دیاریکراو باجیان دەدا، هەلبژێردرا. بەلام ڕادەی دانی باج بۆ هاوولاتیان لەچاو پێشوو کەمتر بوو. بە پێی ئەمە ٤/٣ میلیۆن کەس مافی دەنگدانیان دەبوو. پاشان ئەنجوومەنی قانووندانان لە یەکی ئۆکتۆبری ١٧٩١دا هەلبژێردراو تا ٢٠ی

سێپتەمبەری ۱۷۹۲ واتە کەمتر لە ساڵێك درێژەی بەکاری خۆیدا. قۆناغی پاشایەتیی مەشرووتەش هەر ئەو یەك ساڵە بوو.

ئەم شۆڕشەش وەك زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان نیشانەیەك لە پێکهاتەی خەباتی چینایەتی، بیروباوەڕ، حەز و ئارەزووی تاکەکەسی و خەباتی جەماوەری لە دژی بارودۆخی زاڵ و دەسەڵاتداران بوو و وردەوردە لە میانەڕۆیی بەرەو توندڕۆیی دەچوو. رادیکالیزم لەو کاتەوە پێی نایە قۆناغێکی جیددییەوە کە شا و شاژن لە جوونی ۱۷۹۱دا لە بەرگی خزمەتکاراندا رایان کرد. شا گیرا و لە کۆشکی تویلری زیندانی کرا. ئیدی رێزوحورمەتی شا نەما و متمانەی خەڵك لە نێو چوو. لەو کاتەشدا قانوونی بنەڕەتیی مافی سنوورداری ئەوی بەفەرمی ناسی. شاش پاش پەسند کرانی قانوونی ئەساسی سوێندی خوارد کە پێی وەفادار بێ. بەڵام قۆناغی مەشروتییەت کۆتایی هات و لوویی شازدەیەم لە ئاگۆستی ۱۷۹۲دا لەسەرکار لابرا و رەوتی کۆماریخوازی سەرکەوت. کۆماری یەکەمی فەڕەنسا رۆژی ۲۲ی سێپتەمبەری ۱۷۹۲ راگەیەنرا. پاش راگەیەنرانی کۆمار، ئەنجوومەنی قانووندانان جێگای خۆی دا بە ئەنجوومەنێکی نوێ بەناوی کۆنڤانسیۆن تاکو قانوونی ئەساسیی فەڕەنسا ئامادە بکا. لوویی شازدەیەم بە دەنگی ئەم ئەنجوومەنە لە ۲۱ی جۆنیوەریی ۱۷۹۳دا لەسێدارە درا. هەر لەوکاتەدا فەڕەنسا کەوتە بەر هێرشی نیزامیی ئوتریش کە خەتای شۆرشگێڕانی فەڕەنسا بوو. چونکە پێیان وابوو ئوتریش مەکۆی پیلانگێڕانی دژی شۆرشە. دیکتاتۆریی کۆماریخوازەکان لە سەرەڕۆیی پاشاکان کەمتر نەبوو. لە پاریس ۱۳۷٦ کەس لەسێدارە درا کە دەکرێ ئاماژە بە ناوی "لاوازیە" کیمیازانی بەناوبانگ، "مالزرب"، "ئاندرێ ژید"ی شاعیر بکەین. دانتۆن کە یەکێ بوو لە رێبەرانی شۆرش بە فەرمانی رۆبسپیر کوژرا. کوودیتای نۆیەمی ترمیدوور (۲۷ی جولای ۱۷۹٤) بوو بەهۆی رووخان و لەسێدارەدانی رۆبسپیر. قانوونی ئەساسیی ۱۷۹٥ رێبەرایەتیی وڵاتی بە گرووپێکی پێنج کەسی بەناوی دیراکتۆر سپارد. ئەم بارودۆخە تا کوودیتای ۱۸ی برۆمێر (۹ی نۆڤەمبەری ۱۷۹۹) و هاتنە سەرکاری "ناپلیۆن بوناپارت" درێژەی کێشا و قانوونی ئەساسیی نوێ سیستەمی کۆنسۆلیی بە شێوەی رۆمی کۆن پەسند کرد. بەڵام بوناپارت لە ۱۸۰٤ بەملاوە خۆی وەك ئیمپڕاتۆری فەڕەنسا ناساند.



### ب ) شەڕەکانی شۆرش و ناپلیۆن

شۆرشی فەڕەنسا لە ساڵی ۱۷۹۲وەوە تا رووخانی ناپلیۆن لە ساڵی ۱۸۱٥دا بەردەوام تووشی شەڕ بوو. دەکرێ ئەم شەڕانە بکەینە دوو بەش. لە شۆرشەوە تا هاتنە سەرکاری ناپلیۆن لە ساڵی ۱۷۹۹دا و ئەوی دیکە قۆناغی ناپلیۆن.

لە ساڵی ۱۷۹۲وەوە کە شەڕ لەگەڵ نەمسا دەستی پێ کرد تا ساڵی ۱۷۹٥ کە کۆنڤانسیۆنی میللی بارودۆخەکەی بەدەست بوو، فەڕەنسا وردەوردە لەگەڵ هەموو لایەك تووشی شەڕ بوو. بەڵام هەر لەو ماوەیەدا ناوچەکانی ساوا، بەلجیکا، لێواری چەپی رووباری راینی کەوتە دەست و بە خاکی خۆیەوەی لکاندن. لە ساڵی ۱۷۹٥ بەملاوە کە قۆناغی حکوومەتی وەفدی بەڕێوەبردن بوو، گەندەڵی، کەسبەکەسی و قات وقڕی بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بوو، سوپای فەڕەنسا بە فەرماندەیی ناپلیۆن هێندێك سەرکەوتنی وەدەست هێنان.

لە ساڵی ۱۷۹٥دا پەیمانی ئاشتیی باڵ لەنێوان فەڕەنسا و هۆڵەندا و پرووسدا ئیمزا کرا (پرووس لە دابەشکردنی پۆلۆنیادا نیگەرانی بەشی خۆی بوو)و لە ساڵی ۱۷۹۷دا پەیمانی ئاشتیی کامپۆڤۆرمیۆ لەنێوان فەڕەنسا و ئوتریشدا ئیمزا کرا. بوناپارت دوای گەڕانەوەی سەرکەوتوانەی خۆی لە ئیتالیاو میسر لە ساڵەکانی ۱۷۹۷و ۱۷۹۸دا جۆرێك دەسەڵاتی کاریزماتیکیی بۆخۆی پەیدا کرد کە بتوانی خۆی پێ لە وەفدی بەڕێوەبردن بێمنەت بکا و خۆی وەك کۆنسۆلی یەکەم بە دەسەڵاتێکی زیاتر لە سەرکۆمار یان پاشایەکی مەشرووتە لە لووتکەی دەسەڵاتدا دانا. ناپلیۆن سەرەتا لە کۆنکۆردای ۱۸۰۱دا لایەنی مەدەنی و حقووقیی دا بە داگیرکردنی ئیتالیا و بە ئاشتیی ئامێن لە ساڵی ۱۸۰۲دا بریتانیای لە درێژەدان بە دوژمنایەتی گێڕایەوە و بنەمای دەوڵەتێکی بۆرژوازیی بە قانوونە مەدەنی و نوێیەکان، دانانی قوتابخانە، بانك و هتد لە فەڕەنسادا داڕشت.

بەڵام لە ساڵی ۱۸۰٤دا ناپلیۆن ناوی ئیمپڕاتۆری لەسەرخۆی داناو بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لەبەر دەستی خۆیدا دەستی کرد بە ریزە شەڕێکی دووردرێژ لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئەورووپادا کە لە هەموویاندا سەرکەوتنی وەدەست هێنا. بەڵام هێرش بۆ سەر رووسیا لە ۱۸۱۲دا چارەنووسی ئەوی دیاری کرد. سەرکەوتنی ناپلیۆن بەسەر ئوتریشدا کە بە یارمەتیی رووسیا یەکیەتیی سێیەمی لە دژی ناپلیۆن پێك هێنابوو، رێگەی بۆ سەرکەوتنەکانی وی خۆش کرد. ئوتریش لە ئیسترلیز شکستی خوارد و پەیمانی پرێسبۆرگی لە ساڵی ۱۸۰٥دا لەگەڵ فەڕەنسا ئیمزا کرد. پێشڕەوییەکانی ناپلیۆن لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیا و شەڕە سەرکەوتووەکانی لە ئیتالیا، ئیسپانیا و شوێنەکانی دیکە بەڕاستی ئەویان وەك ئیمپڕاتۆریك لێ کردبوو.

تەنیا شکستی ناپلیۆن لەم ساڵانەدا شەڕی دەریایی ترافالگێر لە ساڵی ١٨٠٥دا بوو کە لەبەرامبەر هێزی دەریایی بریتانیادا روویدا. لە ساڵی ١٨٠٦دا وڵاتانی ئەورووپایی یەکیەتیی چوارەم (پێکهاتوو لە رووسیا، پرووس، بریتانیا و ساکسۆنی)یان لە دژی پێکهێنا. بەڵام دیسان سەرکەوتن هەر بۆ ناپلیۆن بوو و پەیمانی تیلیسیتی لە ١٨٠٧دا لەگەڵ رووسیا بەست بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە لە ریزی دوژمنانی بەرێتە دەر و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا بەتەواوی بسەپێنێ و سەرەنجام دەسەڵاتی ئەوێی بە برایەکەی خۆی سپارد. پاش ئەمە لە ساڵی ١٧٠٩ (١٨٠٩ ـ وەرگێڕ)دا پێنجەمین یەکگرتن لە دژی ناپلیۆندا روویدا. لەم یەکیەتییەدا ئوتریش لایەنی سەرەکی بوو لە بەرامبەر فەرەنسادا کە سەرەنجام لە شەڕی ڤاگرامدا شکستی خوارد و ملیٚ بۆ پەیمانی ڤیەن راکێشا. (نۆڤەمبەری ١٨٠٩).

بەڵام سەرەنجام سیاستە نالەبارە ئابینییەکانی ناپلیۆن بۆ وێنە گرتنی پاپی حەوتەم، باجدانانی قورس، شەڕی درێژخایەن و تاقەتپڕووکێن، بناخەکانی دەسەڵاتی ئەویان لاواز کرد تا سەرەنجام هێرش بۆ سەر رووسیا کە زیانێکی زۆری بە سوپایەکەی گەیاند و پاشان ساڵێك دواتر هێرشی سەرنەکەوتوانەی بۆ سەر ئەڵمانیا، زەمینەی رووخانی ئەویان ئامادە کرد. لەشکرکێشیی ناپلیۆن بۆسەر رووسیا دووەمین هەڵەی مێژوویی لەم بابەتە بوو کە پاش هێرشی ئیمپڕاتۆریی سوێد لە ساڵی ١٧٢٠دا روویدا (سێیەمین هەڵە هێرشی هیتلێر بۆسەر سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤١دا بوو.) بەتایبەتی ئەوەش کە شەشەمین یەکگرتن لە دژی ناپلیۆن روویدابوو کە بریتانیا و سوێد لەگەڵ رووسیا یەکیان گرت. ناپلیۆن بەشێکی زۆر لە سوپایەکەی لە شەڕی رووسیادا لە دەستدا. هەرلەو کاتەشدا ساڵێك دواتر لەشکرێکی لاوی ئامادە کرد و هێرشی کردە سەر ئەڵمانیایا. ئیمپڕاتۆریی پیرۆز توانی یەکگرتنی حەوتەم لە دژی ناپلیۆن پێك بێنێ. ئینجا پاش لاواز بوونی ناپلیۆن (بەهۆی هێرش بۆسەر رووسیا) و راپەڕینی نەتەوەیی خەڵکی ژێر چەپۆك، توانی زەبرێکی قورسی لیٚ بوەشێنێ. ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٤دا شکستی خوارد و تەسلیم بوو و بە پێی پەیمانی ڤۆنتێن بلوو لەقەبی ئیمپڕاتۆری و حکوومەتی دوورگەی ئالبی پیٚ بەخشراو بنەماڵەی بۆربۆنەکان سەرلەنوێ گەڕانەوە سەر تەخت (لوویی هەژدەیەم).

پاش لاچوونی ناپلیۆن پەیمانی پاریس لە ٣٠ی مای ١٨١٤ لە نێوان فەڕەنسا و هاوپەیماناندا ئیمزا کرا. بەپێی ئەم پەیمانە سنوورەکانی فەڕەنسا بۆ سنوورەکانی ساڵی ١٧٩٢ گەڕانەوە. بەڵام ناپلیۆن پاش دە مانگ مانەوە لە ئالب سەرلەنوێ لە مارسی ١٨١٥دا گەڕایەوە پاریس و حکوومەتێکی سەرەڕۆی دامەزراند کە تا شکستی واترلۆ (١٨ی جوونی



١٨١٥)و تەسلیمی بیٚئەملاوئەولای وی و داگیرکرانی فەڕەنسا و دوور خستنەوەی وی بۆ دوورگەی سێنت هێلێن، درێژەی کێشا. هاوپەیمانان پەیمانی دووەمی پاریسیان لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٨١٥دا بەسەر فەڕەنسادا سەپاند و ئەم وڵاتەیان بە دانی خەسارەت و سنووردار کردن لە هێندێك بواردا مەحکووم کرد.

ئەوەی ناپلیۆن کردی دوایین هەوڵی فەرەنسەییەکان بوو بۆ پێکهێنانی ئیمپڕاتۆریی ئەورووپایی لە چەشنی ئیمپڕاتۆریی شارلمانی (٨٠٠ی زایینی). ئەم هەوڵە سنوورەکانی ئەورووپای تێکدا، هاوسەنگیی پێکهاتوو لە شەڕی حەوت ساڵەی شێواند و تۆوی شۆرش و ئەندێشەی نوێی لە ئەورووپادا چاند. بەڵام رووخانی وی بوو بە هۆی گەڕانەوەو سەقامگیر بوونی بارودۆخ لە چوارچێوەی رێککەوتننامەیەکی تێکڕاییدا واتە کۆنگرەی ڤیەن، کە پاش پەیماننامەی وێستیڤال وەك دووەمین کۆنگرەی ئەورووپایی بۆ داڕشتنی سیستەمێکی نوێ سەیری دەکرێ.

لە قۆناغێکی ٢٦ ساڵەییدا کە لە شۆرشی فەڕەنسا (١٧٨٩)وە دەست پیٚدەکا و بە کۆنگرەی ڤیەن(١٨١٥) کۆتایی دێ، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، زانستی نوێ و ئابووریدا پێکهات کە نوێنگەی بەرچاوی نوێبوونەوە بوو. داهێنانی مەکینەی هەڵم لە لایەن جیمز واتەوە لە بریتانیا و بڵاوبوونەوەی خێرای لە بەشەکانی دیکەی ئەورووپادا، تاقە لایەنێکی باش کە رۆژهەڵات هەیبوو ئەوەشی ستاند کە بریتی بوو لە کرێکاری هەرزان و بەرهەمی قوماشی هەرزان. ئیدی ئەورووپا پێویستیی بە قوماشی هیندی نەما. چونکە مەکینەیەك بە رادەی دەیان کرێکار بەرهەمی دەدا. لە لایەکی دیکە ئابووریی لیبڕاڵی توانای جووڵەیەکی بیٚ سنووریدا بە ئابووریی ئەورووپا. لە رووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشەوە خەڵکێك کە شۆرشێکی مەزنی وەك شۆرشی فەڕەنسایان دیتبوو و لە ژێر تیشکی قەڵەمبازی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا رادەی زانیاریی خۆیان دەبردە سەرێ، جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی دیکەی جیهان پەیدا کرد. هاوکات لەگەڵ شۆرشی فەڕەنسا، تاران لە لایەن ئاغا محەممەد خانی قاجارەوە وەك پایتەخت دیاری کرا و ژیانی خەڵکی ئێران پاش دەیان ساڵ ئاڵۆزی لە ژێر سایەی دڵڕەقیی ئاغا محەممەد خاندا رێکوپێك بوو و رمێنی پەیدا کرد. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە زۆر درەنگ دەستی پێکرد و ئیدی ئەورووپاییە بەهێزەکان ئیزنی هیچ بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیان بە وڵاتانی دیکە نەدەدا. ئێران، عوسمانی، هیند، چین و تەنانەت ئیسپانیا و پورتوگالیش لە سیستەمی نێونەتەوەییدا کەوتنە پەراوێزەوە.

## فەسڵی دووەم

رووداوە گرنگەکانی جیهان لە کۆنگرەی ڤیەنەوە
تا
شەڕی یەکەمی جیهانی

## بەشی یەکەم

### کۆنگرەی ڤیەن و گرنگیی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

ئەم کۆنگرە و کۆنفرانسانەی پاش شەڕێکی هەمەلایەنە پێك دێن، وەك ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەران وان کە پاش ڕوودانی شۆڕشێك کاری داڕشتنی قانوونی ئەساسیی وڵاتیان بە ئەستۆوەیە. بۆیە لە پلەی یەکەمدا ناسینی ئەو هێزانەی لەم جۆرە کۆنگرانەدا دەبنە هۆی گۆڕینی بڕیاری ئەندامان یان جێ پەنجەیان لەسەر بڕیارەکان دیارە، پێویستە. پاشان دەبێ سەرنج بدەینە ڕێککەوتنی هەمەلایەنە کە لە نێوان هێزە بەشدار بووەکاندا روو دەدا و لە ڕاستیدا دامەزرێنەری سیستەمێکی نێونەتەوەیین.

#### ١ـ هێزەکان و بەرنامەکان لە کۆنگرەی ڤیەندا

بە پێی پەیماننامەی ٣٠ی مای ١٨١٤ی پاریس (ماددەی ٣٢) کە پاش دەست-لەکارکێشانەوەی ناپلیۆن و پەیماننامەی ڤۆنتێن بلوو (١١ی ئەپریلی ١٨١٤) مۆر کرا، بڕیار درا بە مەبەستی چارەسەری کێشە نێونەتەوەییەکان بە تایبەتی دابەشکردن و بەسەرڕاگەیشتنی ئەو ناوچانەی لە فەڕەنسا ئەستێندراونەتەوە، کۆنگرەیەك بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو وڵاتانی ئەورووپا لە ڤیەن پێك بێ. ئەم کۆنگرەیە لە ئۆکتۆبری ١٨١٤ەوە تا جوونی ١٨١٥ بە بەشداریی شا و شازادەیەکی زۆر کە نوێنەرایەتیی وڵاتانی خۆیان دەکرد، بەڕێوە چوو. جگە لە تەزار ئەلیکساندر ئیمپڕاتۆری ڕووسیا، فرانسیسی یەکەم ئیمپڕاتۆری ئوتریش و فریدریك ویلهیڵمی سێیەم پاشای پرووس و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی وەك مەتەرنیخ، سێنپێرگ لە ئوتریش، کاسلەری و لۆرد ولینگتۆن لە بریتانیا، تالیران و دوك دودالبێرگ لە فەڕەنسا، هاردنبێرگ و دو هۆمبلێت لە پرووس و نوێنەرانی وڵاتانی خوارەوەش



بەشدار بوون: لە ئیسپانیا کۆنت دولابرادۆر، لە پورتوگال کۆنت دو پالمەلاو چەند کەسی دیکە و لە ڕووسیا ڕازومفسکی و کونت دو نوسێلروود و چەند کەسی دیکە و هەروەها نوێنەرانی دانیمارك و ناپل و مۆدێن، سیسیل، ساردنی، هۆڵەندا، ویلایەتەکانی ڕۆمانیا، سویس، باویەر، ساکس، هانۆڤێر، ورتنبێرگ و میرنشینەکانی ئەڵمانیا و شار و کۆمەڵگا ئیتالیاییەکان تێیدا بەشدار بوون. تەنیا نوێنەری عوسمانی کە ئەوکات وەك هێزێکی ئەورووپایی سەیری دەکرا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار نەبوو، یان باشترە بڵێین وەریان نەگرت.

بەڵام نابێ پێمان وابێ تەواوی ئەو وڵاتانەی لەم جۆرە کۆنفرانسانەدا بەشدار دەبن مافی وەك یەکیان هەیە، بەڵکو ڕۆڵی هێندێك وڵات تەنیا ئەوەیە بڕیاری دەسەڵاتە گەورەکان پەسند بکەن. لە کۆنگرەی ڤیەندا بڕیاری سەرەکی لەلایەن چوار هێزی گەورەوە درا کە لە پەیماننامەی شوموون لە یەکی مارسی ١٧١٤دا هاوپێوەندیی خۆیان لە بەرامبەر فەڕەنسادا پاوانکردنی بڕیارەکان لە بارەی مەسەلە گرنگەکاندا، ڕاگەیاندبوو. لە ماددەی ١٥ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتبوو کە لایەنەکان لە کاتی ئیمزای ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ فەڕەنسادا بۆچوونەکانیان ڕێك بخەن و لە بارەی ئەم ڕێگایانەدا کە ئاشتی دەستەبەر دەکەن، پێکەوە راوێژ بکەن. پاشان وا ڕێككەوتن کە بەرلەوەی بە فەرمی کۆنگرەکە بکەنەوە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا کێشەکانیان چارەسەر بکەن و بەپێی قازانجی وڵاتەکانی خۆیان کۆمەڵە بڕیارێك بدەن و پاشان بە مەبەستی پەسند کردنی بڕیارەکانیان کۆنگرەکەی بکەنەوە. ئەم چوار وڵاتە توانییان لە دوو پرۆتۆکۆڵدا کە لە ٢٢ی سێپتەمبەری ١٨١٤دا ئیمزا کران لەسەر دابەشکردنی ئەو ناوچانەی مەبەستیان بوون، ڕێك بکەون و کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان بێنن. کاتێك کۆنگرەی ڤیەن بەڕێوە چوو وڵاتانی دیکە قەت نەیانتوانی لە بڕیارەکاندا بەشدار بن و بەشداریی نوێنەرانی ئەم وڵاتانە شوێنێکی لەسەر چارەنووسی ئەوان دانەنا و بە قەولی مێژوونووسێکی فەڕەنسەوی "مافی گشتی لەمەوبەدوا جگە لە مافی بەهێزەکان ناتوانین مانایەکی دیکەی بۆ دابنێین." ڕەنگە تەنیا هەوڵەکانی فەڕەنسا بە نوێنەرایەتیی تالیران تا ڕادەیەك شوێنی لەسەر بڕیارەکانی کۆنگرە هەبووبێ.

ئێستا کە دیتمان کارەکانی کۆنگرە تەنیا لە چوارچێوەی ویستی هێزە گەورەکاندا بوو، پێویستە بزانین هەرکام لەوانە چ بەرنامەیەکیان بە دەستەوە بووە و چیان لەدڵدا بووە. هەرکام لەو چوار دەربارە بە حەزێکی زۆرەوە خۆیان گەیاندبووە ڤیەن تاکو بۆچوونەکانیان بە مەبەستی قازانجەکانی داهاتوویان وەك ئەسڵێکی نێونەتەوەیی بە خەڵکی جیهان بسەلمێنن.

بریتانیا خەونی بە پەرەپێدان و چەسپاندنی باڵادەستیی هێزی دەریایی خۆی دەدی، بەتایبەتی سەرکەوتنەکانی ئیمپڕاتۆریی بریتانیا لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسادا کە لە سایەی لاوازیی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە وەدی هاتبوون، سەرنجی بریتانیای زیاتر بۆ لای کۆلۆنییەکان ڕاکێشابوو و لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەستی بەو ناوچانە رابگا کە لەلایەن ئیسپانیا، پورتوگال و هۆڵەنداوە داگیر کرابوون. هاوکاریی بریتانیا لەگەڵ خەباتگێڕانی کۆلۆنییەکانی ئەو وڵاتانەی ناویان برا، هەر لەو پێوەندییەدا بوو. دیپلۆماسیی بریتانیا لە کۆنگرەی ڤیەنیش هەر لەسەر ئەم تەوەرەیە داڕێژرابوو. چونکە بریتانیا بۆی دەرکەوتبوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی بێهاوتا لە دەریاکاندا بێلایەنیی فەڕەنسا و رووسیا پێویست بوو. چونکە لەوانە بوو فەڕەنسا بەهۆی بازرگانی و رووسیاش بەهۆی بەرژەوەندییەك کە لە بارەی قوستەنتەنیە و مەسەلەی رۆژهەڵات-دا هەیبوو ببنە کۆسپی سەر ڕێگای بریتانیا. نەخشەی بریتانیا بۆ پووچەڵکردنەوەی دژکردەوەی ئەم دوو وڵاتە ئەوە بوو کە لە بەرامبەر وەرگرتنی کاپ و سیلان لە هۆڵەندا، بەلجیکای بدەنە هۆڵەندا کە لە فەڕەنسایان ئەستاندبۆوە بۆ ئەوەی هەم فەڕەنسا لاواز بێ و هەم هۆڵەندا نەکەوێتە بیری ئەستاندنەوەی کۆلۆنییەکانی خۆی. لە بارەی رووسیادا دەیەویست ئەم وڵاتە لە دەستێوەردانی زیاتر لە پۆلۆنیا بگێڕێتەوە و لە بەرامبەر یەکیەتیی پرووس و ئوتریشدا رای بگرێ و بە پێچەوانە دەستی ئەم دوو وڵاتە لە پۆلۆنیادا ئاوەڵا بکاتەوە. جگە لەوەش بۆ کەمکردنەوەی نفووزی فەڕەنسا لە ئیتالیادا، بریتانیا رەزامەندیی خۆی بۆ دەسەڵاتی ئوتریش بەسەر ئەم وڵاتەدا دەربڕی. سەرەنجام لە بارەی یەکیەتیی ئەڵمانیادا بۆچوونی بریتانیا ئەوە بوو پێکهاتنی ئەڵمانیایەکی گەورە بە سوودی ئاشتیی گشتی نییە، بەڵکو مەسڵەحەت ئەوەیە میرنشینەکانی ئەڵمانیا لەژێر چاوەدێریی هاوبەشی ئوتریش و پرووسدا بن و کۆنفیدراسیۆنی میرنشینەکانی ئەڵمانیا تا ئەو جێگایەی دەکرێ لاواز و ناڕێك بن. لەسەریەك هەڵوێستەکانی بریتانیا لە کۆنگرەی ڤیەندا نیشاندەری دژایەتی لەگەڵ رووسیا و فەڕەنسا و لاوازکردنی هۆڵەندا و پورتوگال واتە دژایەتی لەگەڵ هەموو ئەو هێزانە بوو کە لە باری کردەوە و لە باری تواناوە هێزی دەریاییان هەبوو.

دووەمین وڵات کە فراوانخوازی و چاوچنۆکییەکەی کۆنگرەی ڤیەنی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ئوتریش بوو. لە نێوان ئوتریش و بریتانیادا بیروبۆچوونێکی هاوبەش هەبوو، بە جۆرێك کە دەکرێ بڵێین لە نێو دەسەڵاتە وشکایییەکاندا هیچ وڵاتێك وەکو ئوتریش و بریتانیا قازانجی هاوبەشیان نەبوو. بەڵام لە بارەی پرووسەوە ئەم جیاوازییەی بیروبۆچوونە هەبوو کە



مەتەرنیخ پێی خۆش نەبوو پرووسییەکان بەسەر درێستدا زاڵ بن و نفووز لە نێو ئەڵمانیادا کە لە پاوانی ئوتریشدا بوو نەهێڵن. لە حاڵێکدا کاسلەری بە نفووزی پرووسییەکان لە نێو میرنشینەکانی ئەڵمانیادا تا رادەیەکی سنووردار رازی بوو. هەر لەم کاتەدا ئەم جیاوازییە لە بیروبۆچووندا هیچ کات نەبووە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەم دوو وڵاتە. بەڵام تاڕادەیەك زەمینەی بۆ سوود لێ وەرگرتنی تالیران ئامادە کرد.

داخوازەکانی رووسیا بە پێچەوانە، بە تەواوی دژی سیاسەتەکانی بریتانیا و ئوتریش بوون. تەزار پێی خۆش بوو لەبەرامبەر ئەو زیانەی لە شەڕ لەگەڵ ناپلیۆندا وێی کەوتبوو، دوکنشینی وەرشەو داگیر بکا و بە تواندنەوەی وردەوردەی عوسمانی نفووزی خۆی لە باڵکاندا پەرە پێ بدا. سروشتییە کە ئەم بۆچوونە بەر لە هەموو شتێك رووسیای لەگەڵ نەمسا تووشی کێشە دەکرد. چونکە ئوتریشیش باڵکانی بە ناوچەی ژێر نفووزی خۆی دەزانی. کەوابوو دەردەکەوێ ئوتریش لەگەڵ دوو هێزە وشکایییەکەی دیکە واتە رووسیا و پرووسدا نەدەگونجا.

لەبەر ئەم کێشانە، هاوپەیمانان ئەورووپا بۆ پێکەوە سازان لەسەر سەرلەنوێ داڕشتنەوەی، ڕێگەیەکی درێژیان لەبەر بوو. تەنیا لە بارەی فەڕەنساوە بوو کە هێزەکانی ئەورووپا کۆك بوون. لاوازیی فەڕەنسا و تەریك کەوتنەوەی، دەبووە هۆی یەکگرتنی ئەم وڵاتانە. لێرەدا ڕۆڵی تالیران لە کەڵك وەرگرتن لە کێشەی چوار هێزی گەورە و راکێشانی پشتیوانیی وڵاتانی پلە دووەم گرنگ بوو. هەر ئەوەش وای کرد ناوی تالیران وەك ناوی ماکیاڤیلی لە نێوان چاك و خراپ دابێ و بوو بە هۆی ئەوەی سەرەڕای بەدناوییەکەی وەك پیاوێکی نیشتیمانپەروەر سەیری بکەن. تالیران هەر کە بە بەرنامەی ئەو چوار وڵاتەی زانی هەوڵیدا بەربەرەکانییان بکا. زۆر باش تێگەیشت ئەوان هاوبیروبۆچوون نین و بە پشتبەستن بەم هۆیە، دەکرێ پێش بە یەکگرتنی تەواویان لە دژی فەڕەنسا بگرێ. جگە لەوەش تالیران بە زیرەکی تێگەیشت کە دەکرێ ڕێگایەکی دیکە بدۆزرێتەوە، ئەویش بریتی بوو لەوەی کە هەرچەند دەوڵەتانی بەشدار لە رووی هێزەوە یەکسان نەبوون بەڵام لە رووی مافەوە یەکسان بوون. ئەو هەوڵیدا بە پشتیوانی لە وڵاتانی بچووك هەستی دۆستایەتی لەگەڵ فەڕەنسایان تێدا پێك بێنێ. ئەم نەخشەیەی سەرکەوتنی بەدواوە بوو. تالیران بە پشت بەستن بە پرەنسیپی مافی گشتییەوە هاتە مەیدان. ئەوەی کە بڕیارەکانی کۆنگرە دەبێ بە پێی مافی گشتی و وەبەرچاوگرتنی مافی تەواوی نەتەوەکانی بەشدار، بدرێن، لەگەڵ دژایەتیی نوێنەرانی هێزە گەورەکان بە تایبەتی پرووس (بەهۆی سەخڵەت بوون بە نیسبەت مافی میرنشینەکانی ئەڵمانیا) بەرەوڕوو بوو. "هاردنبێرگ

لە یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا هاواری کرد: نەخێر بەڕێز مافی گشتی! (تالیران) دەلیلێك نییە بۆ ئەوەی بە پێی مافی گشتی هەڵسوکەوت بکەین. تالیران گوتی بەشداریی تۆ لێرە دەگەڕێتەوە بۆ مافی گشتی." سەرەنجام ئەم ئەسڵە هەرچەند بە رواڵەت پەسند کرا و سەرکەوتنێکی ئەخلاقیی بۆ فەڕەنسا وەدەست هێنا، بەڵام وڵاتانی گەورە هەوڵیاندا گرنگیی ئەم مەسەلەیە بگەیەننە نزمترین پلەی خۆی. هەر بۆیە کاتێکی زۆر بە فیڕۆ چوو تا ئاخیرەکەشی کۆنگرە بەڕاستی بۆچوونی وڵاتانی دیکەی وەبەرچاو نەگرت. سەرەنجام یەکیەتیی چوارقۆڵی کە بۆ ماوەیەك بە هۆی دیپلۆماسیی تالیران لاواز ببوو، بە هۆی گەڕانەوەی ناپلیۆن لە دوورگەی ئەلب دیسان بووژایەوە و کێشە نێوخۆییەکانی بۆ بەرەبەرکانی لەگەڵ دوژمنی هاوبەش لە بیر کرد. ئەگینا کێشەکانیان لەسەر دابەشکردنی ناوچەکان لەوە قووڵتر بوو کە بتوانن بە ئاسانی پێکەوە بسازێن. کۆنگرەی ڤیەن بە پەلە کۆتایی بەکارەکانی هێنا و لە ٩ی جوونی ١٨١٥دا راگەیەندراوی خۆی بڵاو کردەوە (بە ئیمزای هەشت دەسەڵاتی بەشدار لە پەیماننامەی پاریس و لەگەڵ وڵاتانی دیکەی بەشدار: دانیمارك، هۆڵەندا، ناپل، ویلایەتەکانی رۆمانیا، مۆدێن، سیسیل، باویەر، ساکس، هانۆڤێرۆ...) هەروەك دیترا، پەیماننامەی ڤیەن بەرهەمی رێککەوتنی کۆتایی و بەجیای دەسەڵاتە گەورەکان بوو. بە پێی بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەن پۆلۆنیا بەرەسمی لەنێوان رووسیا، نەمسا و پرووسدا دابەش بوو (ئەم کارە بەکردەوە لە ١٧٩٤دا کرابوو) دوو لە پێنجی وڵاتی ساکس خرابووە سەر پرووس و پرووس جگە لەمە هەموو ئەو ناوچانەی کە لە ساڵی ١٨٠٦دا و بەر لە سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لەبەر دەستی دابوون، دیسان دەستی کەوتەوە. سویس یەکپارچەیی خاکی خۆی پاراست و چەند ناوچەی بچووکیش لە نەمسا و ساردنیی وەبەر کەوت و سەربەخۆیی سیاسی و ئابوورییەکەی بەهۆی دەسەڵاتە گەورەکانەوە دەستەبەر کرا. لە بارەی ئیتالیاوە واریکەوت کە پاشای ساردنی هەموو ویلایەتەکانی خۆی جگە لە بەشێك لە ساوا کە بە فەڕەنسا و سویس بەخشرابوو، بپارێزێ، و نەمسا تەواوی ئەو ناوچانەی ئیتالیا کە داگیری کردبوون (بەر لە ١٨٠٥) واتە ڤنسی (ئەو ویلایەتەی لە ناوەندی ڤینیسیایە) و لومباردیو چەند بەش لە خاکی ئیتالیای دەست کەوت و رۆمیش وەبەر پاپ کەوت. جگە لەوەش وڵاتانی ئەڵمانیایای زمان، کۆنفیدراسیۆنێکیان پێکهێنا کە لە ٤٨ ویلایەت پێك هاتبوو کە ئوتریش بەرجەستەترین ئەندامی بوو. ئەم جار دەوڵەتانی ئەورووپا لە بەرامبەر فەڕەنسادا توند جوڵانەوە. تەنانەت بە نیازی ئەوە بوون ئەو شتە عەنتیکانەی فەڕەنسا لە ماوەی بیست ساڵدا وەدەستی هێنابوون و زۆربەشیان لە



رێککەوتننامەیەکدا درابوونە فەڕەنسا و لە مۆزەخانەی لۆڤەردا دەپارێزران لە دەست ئەم وڵاتای بێننەدەر.

## ٢- پرەنسیپەکانی نەزمی نوێی نێونەتەوەیی

کۆنگرەی ڤیەن گرنگترین کۆبوونەوەی نوێنەرانی دەسەڵاتە ئەورووپاییەکان بوو پاش کۆبوونەوەکانی وێستیڤالیا لە ١٦٤٨دا کە دواتر نموونەی وەك پەیماننامەکانی ئاشتیی ڤێرسا ١٩١٩ و کۆنفرانسی یاڵتای لە ١٩٤٥دا هەبوو. هەروەك گوترا ئەم جۆرە کۆنگرە و کۆنفراسانە کە لە کۆتایی شەرێکی هەمەلایەنەدا پێك دێن، زۆرجار وابووە چارەنووسی جیهان بۆ ماوەیەك دیاری دەکەن و وەك ئەنجوومەنی دامەزرێنەران گەلاڵەی سیستەمێکی نێونەتەوەیی بە گوێرەی رەزامەندیی دەسەڵاتەکان دادەرێژرێن. هەربەو جۆرەی قانوونە بنەرەتییەکان بەرهەمی هەلومەرجێکی تایبەتین کە پاش لێك هەڵوەشانی سیستەمێکی کۆن پێك دێن، پرەنسیپەکانی سیستەمێکی نوێی نێونەتەوەییش لە هەولومەرجێکدا رێك دەخرێن کە سیستەمی کۆن تێك چووە و جیهان بۆتە دوو بەرەی خاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵات. ئەوانەی لە شەڕدا براوەتەوە لەنێو خۆیاندا رێك دەکەون و نەزم دادەمەزرێنن و مەشرووعیەتی پێدەدەن و هێزی بەرێوەبردنی دەدەنێ. لەهەردوو بواردا واتە دارشتنی قانوونی بنەرەتی و رێکخستنی پرەنسیپە نوێکانی جیهان دۆخێکی دەروونیی دووچەشنە زاڵە کە لایەکی رووی لە دوژمنی هاوبەش یان رژێمی پێشووە و لایەکی دیکەی رووی لە رکەبەرایەتیی سەرکەوتووەکان لە دابەشکردنی بەرهەمی سەرکەوتن دایە.

بەپێی بەڵگە مێژووییەکان دەکرێ بڵێین سیستەمی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە هەر قۆناغێکدا لە ئاکامی رێککەوتنی دەسەڵاتە گەورەکاندایە و پرەنسیپەکانی ئیعتیباریان هەیە تا ئەو کاتەی سیستەمێکی دیکە هەر بەم شێوەیە جێگیر دەبێ. هێنری کیسنجێر لە پێشەکیی کتێبی خۆیدا بەناوی "جیهانێکی دووپات بۆوە" ئەم بابەتەی لە روانگەی ناسراو بە ریالیزمەوە شی دەکاتەوە. کیسنجێر لەسەر ئەو باوەڕەیە گەران بەدوای ئاشتیدا نابێتە هۆی دەوامی نەزمی نێونەتەوەیی، بەڵکو سەقامگیری لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لەسەر بنەمای قەبووڵی مەشرووعیەتی چەند پرەنسیپ لەلایەن دەسەڵاتە زاڵەکان بەسەر جیهاندا دەبێتەهۆی ئەو نەزمە. دیارە لێرەدا نابێ پێمان وابێ مەشرووعیەت لەگەڵ عەدالەت یەکە، تەنانەت بە مانای رێککەوتنی نێونەتەوەییش نییە لەبارەی سروشتی رێککەوتنەکان یان قەبووڵی

شێوەیەکی تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا. بەڵکو مەشرووعیەت بەمانای قەبووڵی چاوچێوەی نەزمێکی نێونەتەوەیی‌یە لەلایەن دەسەڵاتە گەورەکانەوە. لە ئاکامدا مەشرووعیەتی سیستەمێك بەو مانایەش نییە کە تەواوی وڵاتەکان لەو نەزمە رازین، بەڵکو لەوانەیە هێندێك وڵاتی وەك ئەڵمانیا لە بەرامبەر بڕیارەکانی ڤێرسای (١٩١٩)دا راوەستن. لەم حاڵەتەدا رەنگە سیاسەتی دەرەوەی ئەم جۆرە وڵاتانە لایەنی شۆڕشگێڕانەی هەبێ و بە مەبەستی تێکدانی ئەم نەزمە هەنگاو هەڵێننەوە. ئاکامێکی دیکە کە لەم باسە وەردەگیرێ ئەوەیە نەزمی مەشرووع ئەگەری ئەوەی هەیە کێشە لەنێو نەبا بەڵکو سنووورداری دەکا. هەر بۆیە قسە لەسەر ئاسایشی موتڵەق لەم حاڵەتەدا جێی نییە، چونکە ئاسایشی موتڵەق بۆ وڵاتێك بەمانای نەبوونی ئاسایشی تەواو بۆ وڵاتانی دیکەیە، بەڵام قسە لە ئاسایشی رێژەیی لە دۆخی رێککەوتنی بیروبۆچوونەکاندایە. دیپلۆماسی بە واتای کلاسیکیی خۆی واتە یەکگرتنەوەی بیروڕاکان و چارەسەری کێشەکان لە رێگەی وتووێژەوە. هەروەها تەنیا لەو حاڵەتەدا واتە لە حاڵەتی بوونی نەزمێکی نێونەتەوەیی مەشرووع (لەسەر رێککەوتنی گشتی)دا ئیمکانی هەیە.

یەکێك لەو رێککەوتننانە کە بەم شێوەیە بە رێککەوتنی دەسەڵاتە گەورەکان نەزمی نێونەتەوەیی پێکهێنا، ئەو کاتە بوو کە نەزمی کۆن بەهۆی لەشکرکێشی ناپلیۆن بۆناپارت و پێداگرتنی لەسەر سەپاندنی نەزمی فەڕەنسەوی بەسەر وڵاتانی دیکەدا لەنێو چووبوو و پاش شکستی ئەو پێویست بوو چوارچێوەیەکی نوێ بەپێی رێککەوتنی نوێ دیاری بکرێ. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە بەشەکانی نەزمی نوێ پێشتر ئامادە کرابوون. پێنج جەمسەری دەسەڵات لە ١٦٤٨ وە تا ١٧٦٣ واتە کۆتایی شەڕەکانی حەوت ساڵە پێك هاتبوون و هەر لەم شەڕەشدا هاوسەنگیی هێزەکانیش وەك ئەسڵێکی پاشگەز نەبۆوە قەبووڵ کرا، بەڵام لە کۆنگرەی ڤیەندا ئەم توخمانە بەشێوەی نەزمێك پەسند کران.

ژاك دورووز مێژوونووسی فەڕەنسی لە پێشەکیی بەشی چوارەمین کتێبەکەیدا بەناوی "مێژووی دیپلۆماسی لە ١٦٤٨ تا ١٩١٩" ماندووبوونی ئەورووپا لەشەڕ و، پێویستیی خێرا بە ئاشتی پاش چارەگە سەدەیەك ئالۆزی و ملهوڕی وەك هۆیەکانی پێکهاتنی کۆنگرەی ڤیەن ناو دەبا. مێژوونووسێکی دیکەی فەڕەنسی دوبریتە دوساڤینی ئاشتیخوازیی ئەورووپا لە کۆنگرەی ڤیەن بە وەدیهاتنی بیروباوەڕی ئاشتیی ئەبەدیی قەشە سەن پیەر (١٧١٣) و کانت (١٧٩٣) و لایەنگرانی یەکگرتنی ئەورووپا دەزانێ کە دیسان لە نووسراوەکانی سەن سیموون و پیەردا دەردەکەون. بەڵام ئاشکرایە درێژەکێشانی پرەنسیپەکانی کۆنگرەی ڤیەن بۆماوەی نزیك



بە سەدەیەك بەهۆی بەشداریی دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپا و پەسەندکردنی ئوسووڵەکانی کۆنگرە لەلایەن ئەوانەوە بووە نەك بیروباوەڕی ئاشتیخوازانەیان. هەروەك لەرزۆك بوونەکەشی بەهۆی نارەزایەتیی ژمارەیەك لەوان و بێ‌موبالاتیی بەرەبەرەی ئەوان لە پێکهاتنی کۆنگرەی ڤیەن بوو کە تا سنووری هەڵوەشانەوەی برد. (دیارە لێرەدا وا دادەنێین ئەگەر ئەوئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە نەدەبوون کۆنگرەی ڤیەن بەو هۆیانەی سەرەوە باسیان کرا، نەدەما.)

بناخەی ئەو سیستەمەی لە کۆنگرەی ڤیەن دارێژرا کاری کاسلەری و مەتەرنیخ بوو. وەك کیسنجێر دەڵێ یەکەمیان دایڕشت و ئەوی دیکەیان مەشرووعیەتی پێدا. ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای "هاوسەنگیی هێزەکان" دامەزرا.

پارێزەری ئەسڵیی هاوسەنگیی هێزەکان، رێککەوتنی دەسەڵاتە ئەورووپاییەکان ناسراو بە"کۆنسێرتی ئەورووپا" بوو. واتە هیچ وڵاتێك مافی ئەوەی نیە پێ لە بەرەی خۆی زیاتر راکێشێ. ئەگەر وڵاتێك بیەوێ بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤیەن بخاتە ژێر پێ، لەگەڵ دژکردەوەی هاوئاهەنگی هێزەکانی دیکەی ئەورووپا بەرەوڕوو دەبێ. لەماوەی سەدەی نۆزدەدا چەندین جار کار و کردەوەکانی کۆنسێرتی ئەورووپامان دیوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٣٠ لەکاتی راپەڕینی خەڵکی بەلجیکادا کە فەڕەنسا دەیەویست کەڵك لە دەرفەت وەربگرێ و بەلجیکا بخاتە سەر خاکی خۆیەوە، لەگەڵ دژکردەوەی هاوئاهەنگی تەواوی دەوڵەتە گەورەکان (بریتانیا، رووسیا، پرووس و نەمسا) بەرەوڕوو بوو. لە ساڵی ١٨٣٩ دا لە گەرمەی کێشەی بابی عالی و میسردا، وڵاتانی ئەورووپایی کە هەرکامیان بەدوای قازانجی خۆیەوە بوو، سەرەنجام سوڵتان مەحموودی دووەمیان ناچار کرد نێوبژیوانیی ئەورووپاییەکان قەبووڵ بکەن و چارەسەری کێشەکە بەرنە کۆنفرانسێك کە لە باڵیۆزی پێنج وڵاتی گەورەکان پێك هاتبوو. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٥٣ لە شەڕەکانی کریمەدا سێ وڵاتی گەورە فەڕەنسا نەمسا و بریتانیا پێکەوە لەبەرامبەر رووسیادا راوەستان و وایان نیشاندا کە هەرچەشنە کارێکی سەرەڕۆیانە سەرکوت دەکەن. کۆنگرەی بەرلین ١٨٧٨و کۆنفرانسی پەکین ١٨٩٥یش نیشانەیەکی دیکە لە کۆنسێرتی ئەورووپا بوو. جگە لەمانە کاریگەریی کۆنسێرتی ئەورووپا و هاوسەنگیی هێزەکان بە جۆرێك بوو کە بیسمارکیش لە بەرنامەی یەکیەتیی ئەڵمانیادا خۆی ناچار بە وەرگرتنی رەزامەندی لە هێزەکانی دیکە دەزانی. واتە نابێ لە سنووری دیاریکراو تێپەڕێ. بە جۆرێك کە پاش گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی خەیاڵی هەرچەشنە ئامانجێکی بەرزەفڕانەی لە خۆی دوور کردەوە. هەربۆیە سەرەڕای سەرهەڵدانی هێزی گەورەی وەك ئەڵمانیا کە بەکردەوە هاوسەنگیی هێزەکانی

تێك دەدا، و سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بناخەی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپای دەگۆڕی، رووحی کۆنگرەی ڤیەن تا کۆتایی سەدە سێبەری خستبووە سەر پێوەندییەکانی وڵاتانی ئەورووپا و رۆڵی بریتانیا لە پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە وڵاتانی قارەدا چارەنووس‌ساز بوو.

## ٣- کۆنگرەی ڤیەن: گەڕانەوە بۆ هاوپێوەندیی پاشایەتییە ئەریستۆکراتەکان

بێگومان شۆرشی مەزنی فەڕەنسا کە سەرەتای وەرزێکی نوێ لە مێژووی ئەورووپادا بوو، پاش وەدیهێنانی ئامانج و ئەندێشەکانی خۆی بزاوتی گەورەی دیکەی بەدوادا هاتن. ئەو چینە نوێیەی شۆرشەکەی خۆی ئەنجام دابوو دەیەویست سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی خۆی واتە دیموکراسی و ئازادیی ئابووریيش دابمەزرێنێ. بێگومان بیروباوەڕەکانی شۆرش بە سنوورەکانی فەڕەنسا نابڕێتەوە و خەریك بوو سەرانسەری ئەورووپا دابگرێ و هەرچەشنە کۆسپ و تەگەرەیەك لە سەر رێی خۆی لابەرێ. لە حاڵێکدا کۆنگرەی ڤیەن بە تەواوی هێز و توانا لەبەرامبەریدا راوەستا و هەوڵیدا سیستەم و شێوازی رابردوو بگەرێنێتەوە و بیپارێزێ. بە واتایەکی دیکە کۆنگرەی ڤیەن دەیەویست ئەریستۆکراسی لە تەواوەتیی خۆیدا ببووژێتەوە. نووسەرێکی فەڕەنسەوی رستەی سەرنجڕاکێشی "ئەریستۆکراسیی نێونەتەوەیی" لەبارەی کۆنگرەی ڤیەنادا بەکار هێناوە. بێگومان ئەمە دوایین و لە هەمان کاتدا گەورەترین "ئەریستۆکراسیی نێونەتەوەیی" وەچەی مێژوو بوو کە دەبوو بمرێ.

لە کتێبی "تالیران"دا کە تارلە نووسیویەتی، نووسەر و وەرگێڕ وێڕای ئاماژە بە گەشەکردنی بورژوازی لەو سەردەمەدا، تالیرانی کردۆتە قارەمانی ناسین و تەتبیق کردنی شەپۆلی نوێ و هۆی سەرکەوتنەکەشی بەوە ناو بردووە کە رەوتی مێژووی ناسیوە. تارلە دەنووسێ: " بەڵێ، لەسەردەمی شۆرش و حکوومەتی دیکتاتۆریی نیزامیی فەڕەنسادا کە لە ناخی شۆرشەوە سەرچاوەی گرتبوو، دەبوا خێرا وەسەرەوەی رقەبەرە ئەورووپاییەکانی کەوتبا، بۆ یەکەم جار ئەریستۆکراتێکی بە زەوق و سەلیقە لە یەکێك لە یەکەم دەروەکانی ئەم دراما گەورەیەی مێژوودا هاتە مەیدان. ئەو بە بیرێکی لەڕادەبەدەر تیژ و داهێنانێکی زۆر توانی بەهۆی پێش‌بینیی رووداوە حەتمییەکان، رووخانی بێئەم‌لاوئەولای سیاسیی چینی خۆی و سەرکەوتنی ئەو بورژوازییەی کە دیار بوو بۆ وی ناخۆش و نامۆ بوو، پێش‌بینی بکا." لە جێگەیەکی دیکەدا وێڕای ئەوە کە دەڵێ تالیران خیانەتی بە هەموو شتێك دەکرد، دەڵێ: "



بەڵام خیانەتی لە چینی بورژوای سەرکەوتوو نەکرد، هەرچەند زۆری لەگەڵ بێگانە بوو، تەنیا لەبەر ئەوەی دەیزانی بە تەواوی حەتمییە."

بەهەرحاڵ مەبەستی ئێمە لێرەدا شیکردنەوەی کەسایەتیی تالیران نییە، بەڵکو باس لەسەر هەبوونی شەپۆلی نوێ لەلایەك و دانانی کۆسپێك لەسەر رێی ئەو بە ناوی کۆنگرەی ڤیەن و گەڕانەوەی پاشایەتییە سەرەڕۆکانە لەلایەکی دیکە و ئێستا دەبێ بزانین شەپۆلێکی ئاوا و گابەردێکی ئاوا چ تۆفانێکی لێ دەکەوێتەوە. لەلایەك یەکگرتنێکی پیرۆز، سیستەمی سەرکوتی مەتەرنیخ و یەکیەتیی چوارقۆڵی پێك دێ و لەلایەکی دیکەش راپەڕینەکانی ئیتالیا، ئیسپانیا و سەرەنجام شۆرشە ئازادیخوازانەکانی ١٨٢٠و ١٨٣٠ کە سەرانسەری ئەورووپایان داگرتبوو.

نەك هەر تاج و تەخت و بنەماڵەی بۆربۆنەکان کە بە لە سێدارەدانی لوویی شازدەیەم (جۆنیوەری ١٧٩٣) وا گومان دەکرا کە بۆ هەمیشە لە مێژوودا لەنێوچوون، دیسان گەڕانەوە فەڕەنسا، بەڵکو تەواوی ئەو پاشایانەی لەلایەن ناپلیۆنەوە پەرتەوازە ببوون دیسان گەڕانەوە سەر تەخت و ئەوانەش کە لەسەر کار مابوونەوە و لە تەواوی ئەو بەڵێنانەی لەبارەی ئازادیدا بە خەڵکیان دابوو پاشگەز بوونەوە. فیردیناندی حەوتەم پاشای ئیسپانیا لە کاتی گەرانەوەدا و بەر لەوەی بگاتەوە مەدرید، فەرمانی گرتنی ئازادیخوازان و تەنانەت ئەوانەی بۆ هاتنەوەی وی شەڕیان کردبوو، دەرکرد و قانوونی بنەڕەتیی ١٨١٢ی هەڵوەشاندەوە. ڤیکتور ئیمانوێل پاشای تورن کە بەر لە ١٧٨٩ بە بڕیاری گرووپی بەڕێوەبەری ناچار بوو بچێتە ساردنی و هێندێك لە ویلایەتەکانی لەدەست بدا، کاتێك گەڕایەوە تورن تەواوی خزمەتکارەکانی پێشووی هێنایەوە سەر کار. لە ئەڵمانیا دوك هێس هەموو هەلومەرجەکەی وەك ئەو رۆژە لـێ‌کردەوە کە ناپلیۆن لە ولایەتی هێس دەری کردبوو. فریدریك گیووم سێیەم پاشای پرووسیش کۆتایی بە هەموو قەول و بەڵێنە ئازادیخوازانەکان هێنا.

گەڕانەوەی کۆنەپارێزی و سوننەتگەرایی لە ئەورووپادا کەیف و شادیی گشتی‌یشی لەگەڵ بوو. رێبازی رۆمانسیزم کە لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەدەب هەبوو، شوێنی لەسەر رەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیش دانا. کۆنەپارێزی، ئازادیخوازی، نەتەوەخوازی، هەموویان بەجۆرێك سوودیان لە رێبازی رۆمانسیزم وەرگرت. کۆنەپارێزی لە روانگەی رۆمانتیکە ئەریستۆکراتەکانەوە، وەك رێزگرتن لە مەزهەب و پاشا و ئەریستۆکرات و بە کورتی سووکایەتی بە عەقڵگەرایی سەدەی هەژدە خۆی

دەنواند. پێیان وابوو گەرانەوەی پاشایەتی جیهان بۆ نرخ و بایەخەکانی رابردوو دەگێڕێتەوە. لە بریتانیا نووسەرانی وەك والتەر سکات (١٨٣٢-١٧٧١) و لە فەرەنسا کەسانی وەك فرانسوارێتیۆ شاتوبریان کەوتنە ستایشی مەزهەب، ئەخلاق و سوننەت، بەڵام پاشان بۆ خۆیان کەوتنە ژێر کاریگەریی لیبرالیزمەوە.

لە قۆناغی دواتردا پاشاکانی ئەورووپا لە بەرامبەر شەپۆلی ئازادیخوازیدا، پێویستیان بە هاوپێوەندیی زیاتری بە کردەوە هەبوو. تەزارئەلیکساندری یەکەم، بناغەکانی ئەم هاوپێوەندی-یەی دارشت و بەناوی مەسیحییەت و پەروەردەی بەرزی ئایینییەوە پاشاکانی ئەورووپای بۆ هاوپێوەندی بانگهێشتن کرد. بە رواڵەت تەزار کەوتبووە ژێر کاریگەریی ژنێکی مەزهەبی بەناوی کرودنەر. ئەم ژنە لەو سەردەمەدا بەهۆی پێشگۆیی و گرتنە پێشی رێوشوێنی پیرۆز کەوتە بەر سەرنجی تەزار و گۆیا تەزار دەقی پێشنیاری خۆی لەبارەی یەکیەتیی پیرۆزی پاش پەسەندکردنی وی داوەتە ئیمپراتۆری نەمسا و پرووس. جیا لە لایەنە مەزهەبییەکانی پێشنیاری تەزار لە رووی سیاسییەوە لە بنەڕەتدا مەبەستی وی ئەوە بووە کە مەیدانی سیاسیی ئەورووپا بە جارێکی نەداتە دەست مەتەرنیخەوە. بە تایبەتیش لەبەر ئەوە کە مەتەرنیخ بەدوای دژایەتیی قازانجەکانی دوو وڵاتی نەمسا و رووسیادا لەگەڵ پێشنیاری بریتانیا لەبارەی هێنانی فەرەنسا بۆ نێو بەرەی یەکگرتووەوە رازی ببوو و ترس و تەریك کەوتنەوە رووسیای داگرتبوو. بۆیە کاتێك پێویستیی یەکگرتنی پاشا سەرەرۆکان هەستی پێکرا، تەزار هەوڵیدا تێکەڵاوێك لە مەزهەب، دیپلۆماسی و ئاشتی بخاتەڕوو. دیارە زۆر کەس، یەك لەوان مەتەرنیخ لەسەر ئەو باوەڕە بوون لایەنی مەزهەبیی پێشنیاری تەزار زیاترە و لە رووی سیاسییەوە لە بنەمایەکی زاڵمانە زیاتر نەبووە. مەتەرنیخ لە بیرەوەرییەکانیدا کە لە ساڵی ١٩٢٩دا بڵاو بۆوە دەنووسێ: "تێکەڵاوێك لە بیروباوەڕی مەزهەبی و بیروڕای سیاسیی ئازادیخوازانە لە یەکیەتیی پیرۆزدا رەنگیان دابۆوە، ئەوەش نەدەکرا ئەگەر کاریگەریی خانمی کرودنەر و بیرماسی لەسەر نەبوایە. کەس وەك من نازانێ ئەوەی ئەو کات کرا چەندە بێ نێوەرۆك بوو." سەرەنجام راگەیەندراوی تەزار کە لە ٢٦ی سێپتەمبەری ١٨١٥دا ئیمزا کرا رایگەیاند کە سێ پاشاکەی رووس، پرووس و نەمسا بیروباوەڕی مەسیحییەت تێکەڵاوی پێوەندییەکانیان دەکەن و کێشەکانیان لە رێگەی ئاشتییەوە چارەسەر دەکەن و لەکاتی پێویستدا یارمەتیی یەکتر دەدەن و بەچاوی برایەتییەوە سەیری یەکتر دەکەن. پاش ئەمەش وڵاتانی دیکەش بۆ هاتنە نێو ئەم پەیمانە بانگهێشت کران. پێداگرتنی تەزار لەسەر مەسیحییەت و یەکگرتنی پاشا



مەسیحییەکان مانایەکی دیکەشی هەبوو کە بە سەرنجدان بە یەکێك لە لایەنەکانی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا کە لەسەردەمی کاترینی دووەم وەك خۆی مابۆوە، دەکرێ قەبووڵ بکرێ، ئەویش بریتییە لە هەڵوێست گرتن لەدژی ئیمپراتۆری عوسمانی و لەبەرامبەر یەکتر راگرتنی ئیسلام و مەسیحییەت. هەروەك بڵاوبوونەوەی راگەیەنراوی یەکیەتیی پیرۆز لەلایەن ئیمپراتۆری رووسیا لە فێبریوەری ١٨١٦دا بووە هۆی دڵەڕاوکێیەکی زۆری سوڵتان مەحموود (١٧٨٥)، ئەو بۆچوونەی هێنایە گۆڕێ کە ئەگەر تەزار بۆماوەیەکی کورت بێدەنگی لە مەسەلەی رۆژهەڵات کردبوو و پێشرەوییەکانی لەساڵی ١٨١٢دا راگرتبوو، تەنیا سەبارەت بە مەترسییەکی گەورەتر واتە ناپلیۆن بووە. هەروەك بەستنی پەیمانی گوڵستان لەگەڵ ئێرانیش لەو هەلومەرجەدا بە نێوبژیوانیی بریتانیا بوو. ئێستا ئەو مەترسییە لەنێو چووبوو و بێگومان تەزار حەزی لەوە بوو بێتەوە سەر بەرنامە سەرەکییەکەی. دیارە سیاسەتی فراوانخوازانەی رووسیا لە ناوچەی بوغازەکان و دەریای سپیی نێوەڕاست لەگەڵ قازانجەکانی بریتانیادا لە دژایەتی‌دا بوو. نەمساش پێی خۆش نەبوو رووسیا لە ناوچەی بالکادا دەستی بڕوا. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو مەسەلەیە کە مەبەستی سەرکیی تەزار لەنێوبردنی عوسمانی بووە نەك ئاشتی و کێشەکانی ئەورووپا، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین بیروبۆچوونەکانی کاسلەری و مەتەرنیخ کە دەیانگوت کێشەکانی قاڕەی ئەورووپا بۆ تەزار گرنگ نین، تا رادەیەك لەگەڵ راستیدا دەگونجا. دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەگەرچی یەکیەتیی پیرۆز لەبەرچاوی رێبەرانی دیکەی ئەورووپادا شتێکی کەم بایەخ بوو، "ئازادیخوازان بە نوێنگەی رووحێکی سەرەڕۆیانە و کۆنەپەرستانە و بە سەرەتایەك بۆ کارێك و هێرشێکی گشتی لەدژی بیروباوەڕی ئازادیخوازانەیان دەزانی و وەکو یەکیەتیی پیرۆزی پاشاکان لەدژی نەتەوەکان نیشانیاندا و لە ئاکامدا رق و نەفرەتی گشتییان لە دژی ئەم یەکیەتییە وەرێ خست."

بێ کیفایەتیی یەکیەتیی پیرۆز لەلایەك و دژایەتیی قازانجەکانی رووسیا و قازانجەکانی بریتانیا لەگەڵ نەمسا لە ناوچەی دەریای نێوەڕاست لەلایەکی دیکەوە ئەم دوو وڵاتەی دوایی‌یان هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بۆخۆیان کاروبارەکان بگرنە دەست و بۆشایی یەکیەتییەکی بەهێز پڕبکەونەوە. لەو کاتەوە کە لۆرد لیڤرپوول سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لە وەڵامی نامەی کاسلەری‌دا کە تێڕوانینی ویی لەبارەی یەکیەتیی پیرۆز پرسیبوو، کردەوەی سەرەڕۆیانەی تەزاری مەحکووم کردبوو و داوای لە کاسلەری کردبوو کە لەگەڵی نەکەوێ (٣ی ئۆکتۆبەری ١٨١٥).

وا وێ دەچوو پەیمانێکی دیکە گەڵاڵە بکرێ کە لەوانە بوو هەم کاریگەریی زیاتری هەبێ و هەم کار و کردەوەکانی تەزار پووچەڵ بکاتەوە.

دژ کردەوەی بریتانیا پەیمانی چوارقۆڵی بوو. بەستنی پەیماننامەی چوارقۆڵی سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ دیپلۆماسیی بریتانیا کە لە بەرامبەر رقەبەری خۆی واتە رووسیادا وەدیی هێنا و رۆڵی سەرکەوتوانەی خۆی پاراست. جگە لەوەش ئەم پەیماننامەیە رێگەی دیپلۆماسیشی گۆڕی و رێگەی بۆ یەکیەتیی پێنج قۆڵی (پانتارشی) و سەرەنجام سەقامگیرکردنی سیاسەتی نەمسا و سیستەمی مەتەرنیخ خۆش کرد. تا ئێستاش تەواوی پەیماننامەکان و یەککگرتنەکان لە دژی فەرەنسا پێك دەهاتن، بەڵام دژایەتیی قازانجەکانی رووسیا و بریتانیا و نەمسا بوو بەهۆی ئەوەی ئەم دوو وڵاتە دواتر لە رادەی هێرش و حەساسیەتی خۆیان بەرامبەر بە فەرەنسا کەم بکەنەوە و زیاتر چاویان لە رووسیا بێ. لەوکاتەوە رێگەی فەرەنسا بۆنێو یەکیەتییەکان و کۆنفرانسەکانی ئەورووپا کرایەوە و لە حاڵەتی وڵاتێکی تێکشکاو و لەحاڵی شەڕدا هاتەدەر. لە سەرەتای پەیماننامەی چوارقۆڵییشدا هاتوە، کە چونکە مەبەستەکانی کۆنگرەی ڤیەن لەنێوبردنی مەترسیی ناپلیۆن و دەسەڵاتی نیزامیی فەرەنسا بوو، هاتۆتە دی، پاشایانی خاوەن شکۆی نەمسا و بریتانیا و هەورەها ئیمپراتۆری رووسیا و پاشای پرووس ئاسایشی ئەورووپا بەوە دەزانن کە نەزمی مەوجوود لەسەر بنەمای دەسەڵاتی پاشاکان و قانوونە بنەڕەتییەکان بپارێزرێ و لەسەر ئەوە سوورن کە هەموو توانای خۆیان لە پاراستنی ئاسایشی گشتیدا بەکار بێنن و پێوەندییەکانیان بە مەبەستی پاراستنی قازانجی خەڵکی خۆیان توندوتۆڵتر بکەن و گرنگیی زیاتر بەو ئەسڵانە بدەن کە لە پەیماننامەی شومون (١ی مارسی ١٨١٤) و پەیماننامەی ڤیەن (٢٥ی مارسی ١٨١٥)دا خەریکن ئامادەی دەکەن. یەکیەتیی چوارقۆڵی یەکەم یەککگرتنێکی رێكخراو و رێك وپێك بوو کە لە جیاتی پەیماننامە جۆراوجۆرەکان لەنێوان لایەك و چەند لایەنی دیکەدا، تەواوی لایەنەکانی پەیماننامەکەی لە رێگەی دەقێکەوە دەبەستەوە. ماددەی ٦ی ئەم پەیماننامەیە رادەگەیەنێ: "بۆ دەستەبەرکردن و ئاسان کردنی بەڕێوەچوونی ئەم پەیماننامەیە و پتەوکردنی پێوەندیی چوار پاشا کە ئەمڕۆ بۆ بەختەوەریی جیهان یەکیان گرتوە لایەنە بەرزەکانی ئەم پەیماننامەیە وایان بە باش زانی کە بە نۆرە هێندێك کۆبوونەوە بە مەبەستی دابینکردنی قازانجە هاوبەشەکان و لێکدانەوەی رێگە پێویستەکان بۆ ئاسایش و بەختەوەریی خەڵك و بۆ پاراستنی ئاشتی لە ئەورووپا، لەژێر چاودێریی خۆیان یان وەزیراندا پێك بێنن." ئەم کۆبوونەوانە بەمەبەستی درێژەدان بەو ئەسڵانە بوو کە لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٨١٥دا دارێژرابوون تا لەلایەك



رووسیا نەتوانێ دیسان دەست بۆ کارێکی دیکە ببا و لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك قازانجەکانی ئەم هێزانە دەکەونە مەترسییەوە بتوانن چالاکییەکانی خۆیان رێك بخەن و بەپێی ماددەکانی ٢ تا ٥ بتوانن وەخۆ بکەون. ئەوان بە هێنانە دیی نموونەی وەك ناپلیۆن پێویستیی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێك لەدژی هێزە شۆڕشگێڕەکانیان تەئیید کرد. دیارە لەبارەی دەستێوەردانەوە دوو بۆچوونی جیاواز هەبوون. یەکێکیان بۆچوونی بریتانیا بوو کە دەیگوت یەکیەتیی چوارقۆڵی لە رووی نیزامییەوە تەنیا دەبێ رووی لە فەرەنسا بێ و ئەگەر هێزە شۆڕشگێڕەکان لە نێوخۆی وڵاتێکدا نائارامییان پێك هێنا، لە ئەستۆی چوار دەسەڵاتە گەورەکە نییە دەست لەو کارە وەر بدەن و ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە عوسمانی و کۆلۆنییەکانی ئەمریکاوە هەیە لە چوارچێوەی رێککەوتنی ئەورووپا بەدەرن. ئەوی دیکە سیاسەتی رووسیا بوو بریتی بوو لەوە کە یەکیەتیی پاشایەتییەکانی ئەورووپا گشتییە و دەبێ بتوانێ دەست لە کاروباری تەواوی وڵاتانی ئەورووپا وەربدا و مەسەلە پەیوەندارەکان بە دەریای نێوەڕاست و ئەمریکاش تاوتوێ بکا. لە راستیدا تەزار بەدوای هاوسەنگییەکی بەرینی جیهانیدا دەگەڕا کە تەواوی وڵاتان تەنانەت، فەرەنسا، ئیسپانیا و ئەمریکاش تێیدا بەشدار بن. سروشتییە کە لەم حاڵەتەدا بیرۆکەی یەکیەتیی پیرۆز بەهێزتر دەبوو و رووسیاش دەیتوانی باڵادەستیی بریتانیا و نەمسا بشکێنێ و دەست لە کاروباری ئەمریکای باشوور و عوسمانیش وەربدا. ئەم دوو سیاسەتە دژ بە یەکە یەکێکیان نیشانەی دوورکەوتنەوەی بریتانیا لە کێشەکانی ئەورووپا و قەناعەت بە پاراستنی هاوسەنگی و پێشگیری لە بووژانەوەی فەرەنسا و بەکورتی هەرەشەی راستەوخۆ لە قازانجەکانی بوو و ئەوی دیکەش نیشاندەری هەوڵی رووسیا بۆ بەدەستەوە گرتنی دیپلۆماسیی ئەورووپا و توانای دەستێوەردان بوو لە کاروباری چوارگۆشەی جیهانیدا. ئەمە دەبووە هۆی نیگەرانیی مەتەرنیخ و وای لێدەکرد کە یەکەم، لە بەرامبەر بێ‌موبالاتیی بریتانیادا ئامرازێکی سەرکوتی کاریگەر بدۆزێتەوە و دووهەم، لە بەرامبەر رووسیادا سیستەمێکی جێی متمانە پێك بێنێ کە دیپلۆماسیی ئەم وڵاتە بخاتە ژێر کاریگەری نیزامییەوە. ئەو سیستەمەی کە مەتەرنیخ لەبەردەستیدا دەبوو، بە پەرەگرتنی خەباتی ئازادیخوازانە تەنیا وەکو ئامرازی سەرکوتی میللەتانی ئەورووپای لێ‌دەهات. ئەو کۆنفرانسانەی لەمەوبەدوا پێك هاتن، هەرکامیان دەستێوەردانی هێزە گەورەکان لە کاروباری وڵاتە بچووکەکاندا و، بەشداریی ئەوانیان لە سەرکوتی راپەرینی میللەتە چەوساوەکان پاساو دەدا تا بەم هۆیە پێش بە پەرەگرتنی (بیری) ئازادیخوازی بگرن.

## ٤-کۆنگرەی ئیکس لاشپێل و سیستەمی سەرکوتی مەتەرنیخ وەك تەواوکەری کۆنگرەی ڤیەنا

هەروەك ئاماژەی پێکرا کێشەی بریتانیا و رووسیا دەفەرتی بۆ ئازادیی کردەوەی مەتەرنیخ رەخساند تا رێبازی خۆی بڵاوبکاتەوە و بۆ پاراستنی دۆخی مەوجوود و سەرکوتی هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە یان نەتەوەخوازی، یەکیەتیی پاشاکانی ئەورووپا بەهێز بکا. پرەنسیپەکانی مەتەرنیخ دەکرێ لەم رستەیەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە: دژ کردەوەیەك لە بەرامبەر شۆڕشی فەڕەنسا و ئەو بیروباوەڕەی کە لەو شۆرشەوە بۆ دەرەوە بڵاوبۆوە. مەتەرنیخ لەو خۆشی و شادییە کە ئەوکات نیسبەت بە ئەندێشەی وەك مەشروعییەت و مافی خودایی و گەڕانەوە بۆ رابردوو (بەر لە ناپلیۆن) دەردەبڕا هیچ چەشنە بەشدارییەکی نەبوو. ئەو پیاوێك بوو هی سەدەی هەژدەهەم، تەوەرەی سەرەکیی سیستەمێك کە لە بیروزەینی ئەو دابوو، بریتی بوو لە هاوسەنگیی هێزەکان. ئەو هاوسەنگیی هێزەکانی لە هاوکارەکەی گەنتز ـ تیۆریسیەنی شەڕ لەدژی فەڕەنسای شۆڕشگێڕـ وەرگرتبوو. بە بۆچوونی مەتەرنیخ هاوسەنگیی هێزەکان لەپێشدا لە نێوخۆی وڵاتەکاندا پێك دێ. واتە نەزمی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر هێزە خراپکارەکان و پاشان هاوسەنگیی هێزەکان لەنێوان دەوڵەتاندا. بە بۆچوونی ئەو هیچ شتێك لە بزووتنەوە میللی و ئازادیخوازەکان مەترسیدارتر نییە بۆ دەوڵەت. لە ئاکامدا مەترنیخ دژی هەرچەشنە گۆڕانێك بوو لەدۆخی ئێستادا. ئەو یەکگرتنی پاشاکانی بۆ پێکهێنانی پۆلیسێکی نێونەتەوەیی لەدژی شۆڕشدا بە پێویست دەزانی. هەموو مەرجێکی لەبار بۆ مەتەرنیخ هاتە پێش تا مەرامی خۆی جێبەجێ بکا. چوار وڵاتی گەورە بەمەبەستی دڵنیابوون لە دانی خەسارەت، بەشێك لە هێزەکانیان لە خاکی فەڕەنسادا راگرتبوو و چونکە فەڕەنسا لەو ماوەیەدا بە رێکوپێکی قەرزەکانی خۆی دابۆوە، چەند مانگێکی نەمابوو کۆتایی پێ بێ، سێساڵ دوای نۆڤەمبەری ١٨١٥ مەسەلەی چۆل کرانی خاکی فەڕەنسا لەلایەن هێزەکانی چوار دەوڵەتی گەورەوە هاتە گۆڕێ. هەروەها ئەو چوار دەسەڵاتە بەو ئاکامە گەیشتبوون تێکەڵاویی سەربازەکانیان لەگەڵ وڵاتێك کە هێشتا رووحی شۆڕشگێڕیی بەسەردا زاڵە، مەترسیدارە و لەوانەیە ببێتە هۆی گوازرانەوەی ئەو بیروباوەڕە و بنەمای پاشایەتی لەرزۆك بکا. "هەربۆیە مەسەلەی چۆلکردنی فەڕەنسا بەشێوەیەکی جیددی لە سەرەتاکانی ١٨١٧دا هاتە گۆڕێ. بەڵام وا ساغ بوونەوە کە بەر لە بڕیاری یەکجاری، بەپێی ماددەی ٦ی پەیماننامەی ٣٠ی نۆڤەمبەری



١٨١٥ی پاریس (یەکیەتیی چوار قۆڵی) کۆبوونەوەیەك پێك بێنن. پاش پاکانە حیسابی ئەپریلی ١٨١٨ ئەو کۆبوونەوەیە لە مانگی سێپتەمبەر لە ئیکس لاشپێل پێك هات. لەبارەی بابەتەکانی کۆنفرانسەکانی ئیکس لاشپێل هەر ئەو کێشە کۆنانەی رووسیا و بریتانیا سەریان هەڵدایەوە. رووسیا پێی خۆش بوو تەواوی وڵاتان بانگهێشت بکرێن و تەواوی کێشەکان باس بکرێن، بەڵام بریتانیا دەیەویست کۆنفرانس لەنێوان چوار هێزی گەورە لەلایەك و فەڕەنساش لەلایەکی دیکەدا پێك بێ. وڵاتە گەورەکان بە هێنانە گۆڕێی مەترسیی دووبارەی فەڕەنسا لەگەڵ بۆچوونی بریتانیا هاودەنگ بوون و فەڕەنسایان بە تەنیا لە بەرامبەر خۆیاندا رادەگرت. کاتێك دوك دوریشیلیو وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا رەوانەی ئیکس لاشپێل کرا، لەوێ سەرۆکی وڵاتانی پرووس، رووس و نەمسا بەڵێنی چۆلکردنی خێرای خاکی فەڕەنسایان ئەوپەڕەکەی تا ٣٠ی نۆڤەمبەر پێدا. ئەم بەڵێنە کە لە کۆنڤانسیۆنی ٩ی ئۆکتوبەری ١٨١٨دا رەسمییەتی پەیدا کرد، کۆتایی بە سووکایەتیی فەڕەنسا هێنا و خەڵکی فەڕەنسا هەستی بەوە کرد لە کۆتایی ئەو نەگبەتییانە نزیك بۆتەوە کە لە پەیماننامەکانی  پاریس و کۆنگرەی ڤیەن بۆی هاتبوو، و دەگاتە ئاستی میللەتانی دیکە. لەحاڵێکدا چوار دەسەڵاتە گەورەکە فەڕەنسایان بە بەرەژێرتر لە خۆیان سەیر دەکردو کێشەی ئەوان پێشگیری لە دزەکردنی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە بوو.

پاش رێککەوتن لەسەر چۆلکردنی خاکی فەڕەنسا ریشیلیۆ پێشنیاری کرد فەڕەنسا بۆ نێو یەکیەتیی چوار قۆڵی قەبووڵ بکەن و ئەم یەکیەتییە بکەنە پێنج قۆڵی (پانتارشی). تەنیا وڵاتێك پشتیوانیی لەم پێشنیارە کرد، رووسیا بوو. کاسلەری بەگوێرەی بیروبۆچوونی وڵاتەکەی حەزی دەکرد یەکیەتیی چوارقۆڵی بپارێزێ. لێرەدا بوو مەتەرنیخ توانی رێگەچارەیەکی مام-ناوەندی بدۆزێتەوە و سەر رشتەی کارەکان بە دەستەوە بگرێ. مەسەلەی سەرەکی کە سێ وڵاتی بریتانیا، پرووس و نەمسا لەسەری کۆك بوون ئەوەبوو کە دەبێ بیر لە رێگە چارەیەکی پێویست بکرێتەوە تاکو فەڕەنسا نەتوانێ کەڵکی خراپ لە ئازادی وەربگرێ. چونکە ئێستا فەڕەنسا بە مەکۆی هەستی شۆڕشگێرانە و کاری خراپ دەژمێردرا، بەچەشنێك کە زەمینە بۆ سەرکەوتنی هێزە چەپەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە خۆش ببوو. هەربۆیە چوار دەسەڵاتە گەورەکە لە یەکەمی نۆڤەمبەری ١٨١٨دا کۆنڤانسیۆنێکیان ئیمزا کرد کە جگە لە دووپات بوونەوەی دەقاودەقی بەڵێننامەکانی پەیماننامەی شومون (١ی مارسی ١٨١٤) و پەیماننامەی پاریس ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٨١٥ (یەکیەتیی چوار قۆلی) شتێکی دیکە نەبوو. لەم پرۆتۆکۆلەدا چوار دەسەڵاتی گەورە دیسان پەیمانیان بەست کە یەکیەتیی خۆیان بپارێزن و لەکاتی پێویستدا

هێزەکانی خۆیان بە هاوبەشی بەکار بێنن بۆئەوەی ئەگەر هەرچەشنە ئالۆزییەك لە فەرەنسادا رووی‌دا کە ئاسایشی هاوسێیەکانی بشێوێنێ، نەزمی ئەم وڵاتە کە بۆ خۆیان پێکیان هێنابوو، سەرلەنوێ دابمەزرێننەوە. بە واتایەکی دیکە ئیمکانی دەستێوەردانیان لە کاروباری فەرەنسادا پەسەند کرد.

پاش گرتنەبەری ئەم رێگەچارانە، دڵنیابوون لەوەی کە رۆڵی جاندارمی ئەم چوار وڵاتە گەورە پارێزراوە و هەرچەشنە هەڵگەرانەوەیەکی فەرەنسا سەرکوت دەکرێ، بەشداریی فەرەنسا لە کۆبوونەوە پێش‌بینی‌کراوەکان لە ماددەی ٦ی پەیمانی پاریس (٣٠ی نۆڤەمبەری ١٨١٥)دا پەسەند کرا. پرۆتۆکۆلی کۆتایی کۆنفرانسەکانی ئیکس لاشپێل کە لە شێوەی ریزە کۆنفرانسەکانی یەکیەتیی چوار قۆلی چووبووە دەر و ببوو بە کۆنگرەیەکی دیکە، لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٨١٨دا لەلایەن پێنج وڵاتەوە ئیمزا کرایەوە. بەجۆرێك کە لەنێوان یەکیەتیی پیرۆز و یەکیەتیی چوار قۆڵی‌دا تێکەڵاوییەك رووی‌دا و فەرەنسا جێگەی خۆی لە کۆنسێرتی ئەورووپادا دەست کەوتەوە. ماددەکانی ١و٢ی پرۆتۆکۆل پێیان لەسەر هاوپێوەندیی ئەو دەوڵەتانە داگرتبوو کە ئیمزایان کردووە و ماددەی ٣ی راگەیاندبوو:" فەرەنسا بە گەرانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتیی مەشرووع و لەسەر بنەمای قانوونی بنەرەتی لەمەوبەدوا بەڵێن دەدا وێرای هێزە ئەورووپاییەکان لە پاراستن و پتەوکردنی سیستەمێکدا هەوڵ بدا کە وەك تاکە ناوەندی ئاشتی‌پارێز، ئاشتی بۆ ئەورووپا بێنێتەوە." ئاشکرایە ئەوەی بوو بەهۆی قەبووڵکرانی فەرەنسا لە کۆڕی هێزە گەورەکاندا ترس بوو لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان کە مەتەرنیخ لێی دەترسا. کۆنگرەی ئیکس لاشپێل شتێك نەبوو جگە لە دەستەبەری یەکریزیی پاشاکان لە بەرامبەر خەڵکدا. هەربۆیە لێکدانەوەی ئازادیخوازەکان لەسەر یەکیەتیی پیرۆز و سەپاندنی مافی دەستتێوەردان و پێداگرتن لەسەر ئەخلاق و مەزهەب بە رواڵەت بەربەستێکی پتەوی لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا پێك هێنابوو، بەڵام ئەم بینایە لە بەرامبەر شەپۆلە بە تەوژمەکانی ئاڵوگۆڕدا وەك تەونی جاڵجاڵۆکە زیاتر شتێکی دیکە نەبوو. لەرووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەرچەند کۆنگرەی ئیکس لاشپێل بە هێنانی فەرەنسا بۆنێو یەکیەتیی پاشایەتییە گەورەکانی ئەورووپا بوو بەسەرچاوەی هێندێك ئاڵوگۆڕ، بەڵام نەیتوانی کێشەی نێوان بریتانیا و رووسیا چارەسەر بکاتەوە. ئەم کێشانە پاشان لایەنی دیکەیان بە خۆیانەوە گرت و بوون بەهۆی ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا دابەش بن بۆ دوو قۆڵ کە رووسیا لە قۆڵی سەرەرۆکان و بریتانیاشی لەگەڵ فەرەنسا و ئیسپانیا دەخستە بەرەی لیبراڵەکانەوە.



٥- پەرەگرتنی خەباتی ئازادیخوازی و دژکردەوەی بەرەی یەکگرتووی ئەریستۆکراسی

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ‌کرا شۆڕشە ئازادیخوازەکان لە سەرەتادا لە ئەڵمانیا و پاشان لە ئیتالیا (لە ناپل و پیەموون) و سەرەنجام لە ئیسپانیا سەریان هەڵدا.

لە شازادەکانی ئەڵمانیا تەنیا کەسێك بەڵێنەکانی ١٨١٣ی بەجێ هێنا ئەویش گراندوك ساکس‌وایمار بوو کە ئازادیی هەڵبژاردنیدا بە نەتەوەی خۆی. لەوە بەدوا خەڵکی میرنشینەکانی دیکەی ئەڵمانیاش بێدەنگ دانەنیشتن و پاشاکانی باویەر، باد و ورتمبێرگ ناچار بوون هێندێك ئازادی بدەن بە خەڵکی خۆیان. پاشای پرووس کە سەیری بارودۆخەکەی کرد لە ترسی ئەوەی لە کاروان پاش کەوتوە و متمانە لەدەس دەدا لەبەرامبەر ئازدیخوازاندا دەستی شل کرد. بە تایبەتیش کەف‌وکوڵی پارلمانتاریزم زۆربەی شوێنەکانی ئەڵمانیا داگرتبوو. زانستگەی یەنا ببوو بە مەکۆی تێکۆشانی رووناکبیری و ئازادیخوازی و فریدریك گیووم ناچار بوو هێندێك ئیمتیاز بدا بەڵام مەتەرنیخ سوور بوو لەسەر ئەوە کە پێشی پێ بگرێ. کوژرانی نووسەرێکی بەناوبانگی دژی لیبراڵیزم بە ناوی "کوتزەبوو" بەدەستی کارول ساند یەکێك لە خوێندکارە ئازادیخوازەکان، بیانووی پێویستیدا بەدەستی مەتەرنیخ تا بە پاشای پرووس نیشان بدا مەترسیی ئازادیخوازی زۆر لەوە زیاترە کە ئەو بیری لێ‌دەکاتەوە. مەتەرنیخ توانی دەرباری ڤیەن و بەرلین بەتەواوی بێنێتە سەر ئەو باوەڕە. پاشان لە دوو کۆبوونەوەدا، یەکەمیان لە کارلسباد (٧ تا ٣٠ی ئاگوستی ١٨١٩) و ئەوی دیکە لە ڤیەن (لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٨١٩ تا ١٥ی مای ١٨٢٠) کە لە پرووس پێك هات، ریزە مەرجێکی پێویست بۆ لەنێوبردنی شوێنەوارەکانی ئازادیخوازی بە نەمسا و هەموو ئەندامانی کۆنفیدارسیۆنی ئەڵمانیا قەبووڵ بکا. دەوڵەتی پرووس پاش کۆنگرەی کارلسباد کۆنترۆڵێکی توندی خستە سەر چاپەمەنی و زانستگەکان و پاشای پرووس کە بەهۆی سیاسەتەکانی مەتەرنیخ چاوترسێن ببوو. حاڵەتی ترس و دوودڵی بەسەر هەموو میرنشینەکانی ئەڵمانیادا زاڵ ببوو. فشارێك کە لەلایەن پرووس و نەمساوە لەسەر میرنشینەکانی ئەڵمانیا بوو ئەوانی ناچار کرد بەدوای هێزی سێهەمدا بگەڕێن کە بتوانێ لە بەرامبەر ئەو دوو وڵاتەدا بیانپارێزێ. بەهێز بوونی ئەم فکرە و پێوەندیی شازادەی ورتمبۆرگ لەگەڵ ئیمپراتۆری رووسیا و داوای یارمەتی لە ئەندامەکانی دیکەی کۆنفیدراسیۆنی ئەڵمانیا لە ئەلیکساندر، مەتەرنیخی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر ئەم رێگە چارانەی ئێستا کراون و بەمەبەستی پێشگیری لە شۆڕشی خەڵك لە ئەڵمانیادا بوون

دەبێ بیر لە ڕێگەچارەی دیکەش بکرێتەوە کە پێش بە ئازادیخوازیی دەوڵەتەکان بگرێ. ئەم مەبەستە لە کۆبوونەوەی ڤیەندا هاتە دی.

لەم کۆبوونەوەیەدا دیت (ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیی دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا) بڕیاریدا ڕێز لە مافی دەستێوەردان و بەکارهێنانی هێز لەو وڵاتانەدا کە لە کارلسباددا بڕیاریان لەسەر درابوو، نەگرن. دیارە مەتەرنیخ لەگەڵ گیروگرفتێکی زۆر کە بەهۆی خۆراگریی هێندێك لە شازادەکانی ئەڵمانیاوە بوو، بەرەوڕوو بوو بەڵام سەرەنجام توانی سەرکەوتنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ئەڵمانیا و یەکیەتیی ئەم ویلایەتانە بۆ ماوەی چەند ساڵ وەپاش بدا.

هەرچەند مەتەرنیخ هەرا و هۆریایەکی زۆری لەبارەی ڕووداوەکانی ئەڵمانیاوە وەڕێ خست، بەڵام وا دەهاتە بەر چاو کە شەپۆلی ئازادیخوازی لە ئەڵمانیادا لەچاو ئەو شەپۆلانەی لە شوێنەکانی دیکەی ئەورووپادا لە گەشەکردندا بوو، لاوازتر بوو. سەرکوتی ئازادیخوازی لە ئەڵمانیا تا ڕادەیەك بە بێدەستێوەردانی هێزەکانی دیکەی ئەورووپا تەنیا بەهۆی نەمسا و پرووس دوو ڕکەبەری سەرپەرست ڕوویدا، بەڵام بزووتنەوەکانی ئیسپانیا و ئیتالیا دەستی وڵاتانی دیکەشی تێکەوت. لە جۆنیوەری ١٨٢٠دا ئازادیخوازانی ئیسپانیا فێردیناندی حەوتەمیان ناچار کرد قانوونی بنەڕەتیی ١٨١٢ سەرلەنوێ بەڕێوەبەرێ. شەش مانگ دوای ئیسپانیا خەڵکی ناپل دەستیان کرد بە شۆڕش و داوایان لە فێردیناندی یەکەم شازادەی ناپل کرد کە ئەویش ملێ بۆ قانوونی بنەرەتی ڕاکێشێ. ئەم ڕووداوانە کە هاوکات بوون لەگەڵ کوژرانی دوك دوبری برازای لوویی هەژدەهەم پاشای فەڕەنسا (فیبریوەری ١٨٢٠) بەدەستی کۆماریخوازێك، ئاسۆی شۆرشێکی تێکڕایی و سەرانسەریی ڕوونتر کردبۆوە. بەڵام مەتەرنیخ هێشتا ئەوەندە دەسەڵاتی هەبوو کە هەموویان لە گەرووی ا بخنکێنێ. مەتەرنیخ لێرەش کەڵکی لە دژایەتیی ڕووسیا و بریتانیا وەرگرت و سەر ڕشتەی کارەکانی بەدەستەوە گرت. تەزار لە سەرەتای دەستپێکردنی ئاڵۆزی لە ئیسپانیادا باسی دەستێوەردانی وڵاتانی ئەورووپایی لەم وڵاتەدا دەکرد. هەربۆیە ئەم پێشنیارە لەگەڵ دژایەتیی بریتانیا بەرەوڕوو بوو، بەو هۆیەی کە ئیسپانیای وەك هێزێکی دەریایی سەیر دەکرد، دەستێوەردان لە کاروباری ئەوێی بە سیاسەتی نێوخۆی وێ دەبەستەوە. کاسلەری لە یادداشتی ٥ی مای ١٨٢٠ی خۆیدا دەڵێ کۆنسێرتی ئەورووپا تەنیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فەڕەنسا پێکهات و شۆڕشی مەدریدو ئاڵۆزییەکانی ناپل هیچ کامیان هەڕەشە لە ئاشتیی ئەورووپا ناکەن و لە ئاکامدا گەلەکۆمەکیی پێویست نییە. مەتەرنیخ لەونێوەدا ئۆگریی بە مەسەلەی ئیسپانیاوە نەبوو، بەڵام لە بارودۆخی ئیتالیا



زۆر دەترسا، واتە دووهەم ناوچەی ژێر نفووزی خۆی (پاش ئەڵمانیا) نەمسا بوو. مەتەرنیخ ڕۆژی ٢٥ی ژوئیە بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند کە بەمەبەستی پاراستنی قازانجە تایبەتییەکانی نەمسا، دەیەوێ یەك لایەنە دەست بخاتە نێو ئیتالیاوە. بریتانیا دژی مەرامی مەتەرنیخ بوو و ئەو هەنگاوەی ئەو بە دژایەتی لەگەڵ ڕووحی کۆنگرەی ڤیەن دەزانی. سەرەنجام مەتەرنیخ ڕێگەچارەیەکی عاقڵانەتری دۆزییەوە کە بریتی بوو لە پێکهێنانی کۆنگرەیەك لە ترۆپۆ (لە سیلیزیی نەمسا) کە لە ئوکتوبەری ١٨٢٠دا بە بەشداریی نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی کۆی ئەورووپا بەڵام بەبێ بەشداریی نوێنەری بریتانیا پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا مەتەرنیخ پاش پووچەڵ کردنەوەی هەوڵی تەزار بۆ هێنانەگۆڕی مەسەلەی ئیسپانیا، مافی دەستێوەردانی دەسەڵاتە ئەورووپاییەکانی وەك ئەسڵێك بە بەشداران قەبووڵ کرد و بڕیاردرا پاشای ناپل بۆ کۆنگرەیەکی دیکە بانگ بکرێ و ئەگەر ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە بە ئاکام نەگا لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز بارودۆخی ناپل بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی ئاسایی. کۆنگرەی دووەم لە لایباخ پێکهات (جۆنیوەری ١٨٢١) لەم کۆنگرەیەدا مەتەرنیخ بەبێ ماندووبوون، مافی دەستێوەردانی نەمسای لە کاروباری ناپلدا بەسەر شای ئەم وڵاتەدا سەپاند.

بەو جۆرەی کە لە بەرامبەر فرەخوازیی نەمسا لە ئەڵمانیادا وڵاتی پرووس هەبوو، لە بەرامبەر فرەخوازیی نەمسا لە ئیتالیاشدا وڵاتی فەڕەنسا هەبوو کە پێشی بە زێدەڕۆیی مەتەرنیخ دەگرت. هەر لەم کاتەشدا ڕاپەڕینی لەم چەشنە لە تورێن کە بۆ لایەنگری لە خەڵکی ناپل ڕوویاندا و، بوو بەهۆی لابردنی ڤیکتور ئیمانۆئیلی یەکەم زەمینەی بۆ دەستێوەردانی نەمسا لە پیەموون و ڕاونانی ئازادیخوازان پێکهێنا. بە سەرکوتی ڕاپەڕینەکان لە ئیتالیا مەتەرنیخ بۆ ماوەیەك ئاسوودە بوو، بەڵام کێشەی ئیسپانیا و خۆسازکردنی تەزار بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ئەم وڵاتە و سەرەنجام ڕاپەڕینی یۆنان خەوی لە مەتەرنیخ حەرام کرد. بۆیە لە کۆنگرەی لایباخ بڕیاردرا بۆ چارەسەری تەواوی کێشەکان کۆبوونەوەیەکی دیکەش دابنرێ. ئەم کۆبوونەوەیە لە سێپتەمبەری ١٨٢٢دا لە ڤیرۆندا هەڵکەوتوو لە ڤینیز پێکهات و لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا (سەرەڕای دژایەتیی بریتانیا) وڵاتانی ڕووس، پرووس، فەڕەنسا و نەمسا بەجیا حکوومەتی ئیسپانیا وشیار بکەنەوە کە فێردیناندی حەوتەم بە دەسەڵاتی تەواوەوە بگەڕێننەوە سەر تەخت، ئەگینا ئەم وڵاتانە سەبارەت بەوەی کە ئیسپانیا پرەنسیپەکانی ئەخلاق و ئاشتیی پێشێل کردووە، هێرشی دەکەنە سەر و بارودۆخەکەی دەگەڕێننەوە حاڵەتی پێشوو. سەرەنجام هێزەکانی فەڕەنسا بە ڕەزامەندیی دەسەڵاتەکانی دیکە

و بێدەنگیی بریتانیا هاتە نێو ئیسپانیا و لە ٢٤ی مای ١٨٢٣دا دوك دیئانگولێم فەرماندەی فەرەنسی هاتە نێو مەدرید. هەرچەند فەرەنسا حەزی لەوە بوو حکوومەتی مەشرووتەی پاشایەتی لە ئیسپانیادا بێتە سەرکار، بەڵام فێردیناندی حەوتەم لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا رژێمی پاشایەتیی رەهای دامەزراند. سەرکەوتنی پاشایەتیی رەها لە راستیدا سەرکەوتنی سیاسەتی دەستێوەردەرانەی مەتەرنیخ بوو. کاتێك بریتانیا سەرکەوتنی پاشایەتیی رەهای لە ئیسپانیادا و هەوڵی تەزار بۆ دەست راگەیشتن بە کۆلۆنییە ئەمریکاییەکانی ئیسپانیای دی، بڕیاریدا خۆی لە ئەمریکا نزیك بکاتەوە و بەیارمەتیی ئەم وڵاتە ئەمریکای لاتین هەروا لەژێر نفووزی ئابووریی خۆیدا رابگرێ. کانینگ بە پێچەوانەی کاسلەری کە هەوڵی دەدا دەسەڵاتی ئیسپانیا بەسەر ئەمریکای لاتیندا بپارێزێ و لەبەرامبەر فەرەنسا و رووسیا و ئەمریکادا بەهێزی بکا، دەیەویست لەگەڵ واشنگتۆن بکەوێتە وتووێژ لە بەرامبەر ئەگەری دەستێوەردانی ئیسپانیا، فەرەنسا، یان یەکیەتیی پیرۆزدا جۆرێك دەستەبەر بۆخۆی دابین بکا. بەدوای ئەم هەوڵانەدا دوکتورینی مۆنرۆئی (پەیامی ٢ی دیسەمبەری ١٨٢٣ بۆ کۆنگرەی ئەمریکا) رێگەی بۆ کانینگ خۆش کرد. مۆنرۆئی رایگەیاند کە ئەورووپا ئێستا بۆتە مەکۆی سەرەرۆیی و هەوڵی ئێمە دەبێ ئەوە بێ کە کیشوەری خۆمان وەك لانکی ئازادی لێبکەین. ئەمریکا دەست لە کاروباری ئەورووپا وەرنەداو کۆلۆنییەکانی ئەورووپاش بە رەسمی دەناسن و بەپێچەوانەش هەرچەشنە هەولێکی ئەورووپا بۆ پەرەپێدانی نفووزی خۆی لە کیشوەری ئەمریکادا وەك کردەوەیەکی دوژمنانە سەیر دەکا. دوکتورینی مۆنرۆئی لە کاتێکدا رادەگەیەنرا کە رووسیا خەیاڵی دەستێوەردانی لە ئەمریکای لاتینی لە مێشکیدا بوو و فەرەنسا بە وەزیرایەتی شاتۆبریان خەونی سەقامگیرکردنی پاشایەتیی بۆربۆنەکانی لە کیشوەری ئەمریکادا لەخۆی دوور نەدەکردەوە. ئەگەر دەستێوەردانی فەرەنسا لە کاروباری ئیسپانیادا سەرکەوتنێك بوو بۆ سیاسەتی مەتەرنیخ، نزیکایەتیی بریتانیا و ئەمریکا و راگەیاندنی دوکتورینی مۆنرۆئیش سەرکەوتنێك بوو بۆ سیاسەتی کانینگ و زەبرێکی قورسی لە سیستەمی پۆلیسی ئەورووپا دەدا کە مەتەرنیخ دامەزرێنەر و رێبەری بوو. زەبرێکی دیکەش شۆڕشی سەربەخۆیی یۆنان لە سیستەمی مەتەرنیخیدا. لەکاتی ئەم شۆڕشەدا دژایەتیی بیروڕا لەنێوان رووسیا و نەمسادا سەری هەڵدا. یۆنان لە یەکەمی جۆنیوەری ١٨٢٢دا داوای سەربەخۆیی کردو لەکاتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ڤێرۆنیشدا چەند نوێنەری ناردنە کۆنگرە کە وەرنەگیران. مەتەرنیخ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە شۆڕشی یۆنان لایەنی ناوچەیی هەیە و



پێوەندیی بە کێشەکانی ئەورووپاوە نییە. لەحالێکدا رووسیا مەسەلەی پشتیوانی لە ئۆرتۆدۆکسەکانی یۆنانی هێنابووە گۆڕێ و پشتیوانی لە سەربەخۆییخوازان دەکرد.

نەمسا و بریتانیا پێیان خۆش نەبوو رووسیا نفووزی خۆی لە باڵکاندا پەرە پێبدا. بەڵام درێژەکێشانی شەڕی یۆنان بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی مەتەرنیخ کە دڵنیا بوو تورکەکان خێرا شۆڕشەکەی بێدەنگ دەکەن، زەمینەی بۆ دەستێوەردانی رووسیا خۆش کرد. دنەدانی هەستی مەزهەبیی مەسیحییەکان لەدژی موسوڵمانەکان وردە وردە فەرەنسا و بریتانیاشی خستە گەڵ رووسیاو بوو بەهۆی دەستێوەردانی ئەم سێ وڵاتە لە کاروباری یۆناندا (٢٠ی ئۆکتوبەری ١٨٢٧). ئاکامی ئەم کێشە دووردرێژ و ئاڵۆزە لەبەریەك هەڵتەکانی یەکجاریی سیستەمی مەتەرنیخ بوو. ئەو کە دژی شۆڕشگێڕەکان بوو نەیتوانی لە دەستێوەردانی ئەورووپا و پێکهێنانی یەکیەتییەکی سێقۆڵی لەدژی عوسمانی و لە کۆتاییدا پێش بە شەڕی رووسیا و عوسمانی (١٨٢٨) بگرێ و هەوڵی وی بۆ تێکدانی پێوەندییەکانی رووسیا و فەرەنساش لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوو. نیکۆلای یەکەم کە لە یەکەمی دیسەمبەری (١٨٢٥)دا لەجێی ئەلکساندەری یەکەم ببوو بە ئیمپراتۆر لەگەڵ ئەوەدا بەتوندی سەرەڕۆ و هاوفکری مەتەرنیخ بوو لـێی دوورکەوتەوە و قازانجەکانی رووسیای خستە سەرەوەی قازانجەکانی ئەورووپا. بەجۆرە لەکۆتایی دەیەی ١٨٢٠دا لە سیستەمی مەتەرنیخ چ نەمابۆوە. بریتانیا بە پشتیوانی لە کۆلۆنییەکانی ئەمریکای باشوور و فەرەنسا و رووسیا بە بەشداری لە رووداوەکانی یۆنان سەرکەوتوویی ئەو سیستەمەی کە لەسەر بناغەی پاراستنی هەلومەرجی مەوجوود لە ئەورووپادا سەقامگیر ببوو تێکدا. مەتەرنیخ نەیتوانی لەدژی پەرەگرتنی بیری ئازادیخوازانە و نەتەوەخوازی کەڵك لە یەکیەتیی پیرۆز وەرگرێ. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کێشەی رووسیا و بریتانیا کە ببووە هۆی بەهێزبوونی مانۆڕی مەتەرنیخ هەروا لە جێی خۆی بوو و شۆڕشەکانی ١٨٣٠ جارێکی دیکە رووسیا و نەمسای خستە پاڵ یەك.

## بەشی دووەم

### ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئورووپا لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠یەوە تا یەکیەتیی ئەڵمانیا

ئەو هێزە ریشە داکوتاوانەی کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەورووپایان لە بنەڕەتەوە گۆڕی و کاریگەریی خۆیان لەسەر سیاسەتی دەرەوە و لە ئاکامدا لەسەر هەلومەرجی نێونەتەوەییش دانا. شۆڕشەکانی ١٨٣٠و ١٨٤٨، لە دەسەڵات کەوتنی مەتەرنیخ و هاتنە سەرکاری ناپلیۆنی سێهەم و یەکیەتیی ئەڵمانیا لەو ئاڵوگۆڕانە بوون کە لایەنی نێوخۆیی‌یان هەبوو، بەڵام لە هەلومەرجی نێونەتەوەییدا رۆڵێکی بنەڕەتییان یاری کرد، بەجۆرێك کە لە ساڵی ١٨٧٠دا لەگەڵ جیهانێکی نوێ بەرەوڕووین کە بە تەواوی لەگەڵ جیهانی ١٨١٥دا جیاوازە.

### ١- شۆڕشەکانی ١٨٣٠و شوێنەوارە نێونەتەوەییەکانی

شۆڕشەکانی ١٨٣٠ی ئەورووپا لە راستی‌دا سەرکەوتنی شەپۆلی ئازادیخوازی بوو کە نیشانەکانیمان لە راپەڕینەکان و ئاڵۆزییەکانی لە سەرەتای دەیەی١٨٢٠دا دیت. لە پاریسەوە دەست بەم شۆڕشانە کرا. دژایەتیی نێوان سیستەمی سیاسیی فەڕەنسا کە بە گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆنەکان بۆسەر تەخت لە رادەبەدەر رەنگ و بۆی سەرەڕۆیی پێوەدیار بوو لەلایەك و کۆمەڵگەی لە حاڵی گۆڕانی ئەم وڵاتە لە لایەکی دیکەوە، لە سەردەمی شارولی دەیەم کە لە ساڵی ١٨٢٤ەوە لەجێی لوویی هەژدەهەم دانیشتبوو، لەرادەبەدەر پەرەی گرتبوو. هەڵسوکەوتی سەرەڕۆیانەی شارول و سیستەمی داخراوی فەڕەنسا پێگەی ویی لەنێو خەڵکدا لاواز کرد. رووناکبیرانی وەك شاتوبریان، ڤیکتور هۆگۆ، لاموونەی و... کە لە ساڵەکانی ١٨٢٠ و ١٨٢٤دا کە رۆمانسیزمی فەڕەنسایان لە پاڵ گەڕانەوەی پاشایەتی‌دا دانابوو، وردە وردە بۆچوونەکانیان نەرم کردو و بەلای ئازادیخوازیدا شکانەوە. نزیك بوونەوەی رۆمانسیزم، رێبازی ئەدەبیی جێگەی



پەسەندی ئەوکات لە ئەندێشەی لیبراڵیزم کاری ئازادیخوازانی ئاسانتر دەکرد. لە کۆتایی دەیەی ١٨٢٠دا لیبراڵیزم، رۆمانسیزم و بوناپارتیزم بە ئەندێشەی هاوواتا سەیریان دەکرا. رستەی بەناوبانگی ڤیکتۆر هۆگۆ: "رۆمانسیزم شتێك نییە جگە لە لیبراڵیزم لە ئەدەبیاتدا" (مارسی ١٨٣٠) و شیعرێکی دیکەشی لەبارەی قارەمانەتیی ناپلیۆن (فیبریوەری ١٨٢٧) ئەم راستی‌یە دەسەلمێنن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە کەشوهەوای فکریی کۆمەڵیش لەگەڵ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکاندا دەگونجا، فەرمانی سەرەڕۆیانەی شارولی دەیەم بۆ سانسۆری چاپەمەنی و... هتد بوون بەهۆی رووداوی ئەو رۆژانەی بەرۆژە زێڕینەکان ناسراون ٢٧، ٢٨، ٢٩ی جوون و رووخانی شارول. سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە (سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازیی نوێی فیلیپیش پاش ماوەیەك بە رێگەی ئەوانی پێش خۆی داچوو) لە راستی‌دا سەرکەوتنی یەکێك لە ئەندێشەکانی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا و سەرکەوتنی چینی مام ناوەندی و سەرکەوتنی لیبراڵیزم و سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی بوو. بە واتایەکی دی ئەوەی لەساڵی ١٨٣٠دا لە فەڕەنسادا روویدا، سەرەتا هەر ئەو شتە بوو کە لە ساڵی ١٦٨٨ لە بریتانیا رووی دابوو. لوویی فیلیپ شای هەڵبژێردراوی خەڵك جێگەی شارولی دەیەم هەڵبژێردراوی خوای گرتەوە. لایەنێکی دیکەی شۆڕشی ١٨٣٠ نارەزایەتیی فەڕەنسا بوو لەدژی کاردروستایەتیی کۆنگرەی ڤیەن و رێگەنەدانی فەڕەنسا بوو بۆ کۆنسێرتی ئەورووپا. خەڵکی فەڕەنسا لە بەرگی شۆڕشدا نارەزایەتیی خۆیان لە زۆرەملەییە نێونەتەوەییەکان بەسەر وڵاتی خۆیاندا و گەراندنەوەی پاشایەتی لە رێگەی دەستێوەردانی بێگانە دەربڕی و خوازیاری بەدەستەوە گرتنی رۆڵی شۆڕشگێڕانەی فەڕەنسا لە ئەورووپادا بوون. دەکرێ بۆ ماوەیەکی زۆر نەتەوەیەك سووکایەتیی پێ بکرێ و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تەریك بخرێتەوە؟ بووژاندنەوەی پاشایەتیی بۆ بۆربۆنەکان لە فەڕەنسادا دووبارە بە خەڵکی فەڕەنسا تەحەممول نەدەکرا. یەکەم، بەهۆی ئەوەی لوویی هەژدەیەم و شارۆلی دەیەم هەر لە سەرەتاوە ئاوڕیان لە ئازادیخوازان و رووحی ئازادیخوازی نەدەدایەوە و ئەمەش خەڵکی زیاتر هان دەدا ئەمانە لە رەگ و ریشەوە هەڵکێشن. تەنانەت تالیرانیش گوتبووی کە بۆربۆنەکان بە لابردنی ئالای سێ رەنگی (ئارمی شۆڕشی مەزن) و هەڵبژاردنی ئالای سپی کەنیشانەی بووژانەوەی فیۆدالیزم بوو لەڕاستی‌دا گۆڕی خۆیان هەڵکەندووە.

دووهەم ئەوەی کە خەڵکی فەڕەنسا، هاتنەوەسەرکاری بۆربۆنەکانیان بە پیلانی دەرەوە دەزانی. هێربێرت فیشەر مێژوونووسی ئینگلیزی (١٩٣٩مردووە) دەنووسێ: لوویی هەژدەیەم و تاجوتەختەکەی قەرزداری رووداوی سووکایەتیی نەتەوەیی واترلۆ بوون. هێزە

هاوپەیمانەکان پەیکەرێکی بێناو و بێشکۆیان بەسەر نەتەوەیەکدا سەپاند کە تینووی سەرکەوتن و شانازی بوو.

هەربۆیە شۆڕشی ١٨٣٠ی پاریس لەلایەن چینی مام ناوەندی و کرێکارانی ئەم شارەوە جگە لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆ ئامانجی نێونەتەوەییشی هەبوو. ئەم شۆڕشە هەر بە فەڕەنسا کۆتایی پێنەهات و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی گرتەوە کە لە کۆنگرەی ڤیەن نارازی بوون. لە شۆڕشێکی لەم چەشنە کە لە ٢٥ی ئاگۆستی ١٨٣٠دا رووی‌داو پاشایەتی هۆڵەند (پی-یێ‌با)ی کردە دوو بەش (هۆڵەندا و بەلجیکا). ئەم وڵاتە بەپێی ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی ڤیەندا بە بێسەرنجدان بە هەستی خەڵك و جیاوازیی نەتەوایەتی و زمان و مەزهەب لە بەلجیکا و هۆڵەندای ئەمرۆ درابوون پێك هاتبوو. بیانووی ئەو بڕیارەش ئەوە بوو کە لە سەدەی شازدەیەمدا وڵاتێکی لەم چەشنە هەبووە. لە حاڵێکدا لە سەدەی شازدیەمەوە تا ساڵی ١٨١٥ ئاڵوگۆڕێکی زۆر، ناوچە جیاوازەکان ئەم وڵاتەیان لێك جیا دەکردەوە. شۆڕشی ئاگۆست ئەم فەرق و جیاوازییانەی دەرخست و سەرەنجامیش لە ساڵی ١٨٣٢دا بوو بەهۆی سەربەخۆیی بەلجیکا لە هۆڵەندا. رەوتی شۆڕش ئیتالیاشی گرتەوە. نەتەوەخوازەکان لە تاراوگە لە پەنا کۆر و کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکانی پاریس هەوڵی وەڕێخستنی راپەڕینیان لە ناوچەکانی ئیتالیادا. ئاڵۆزییەکان لە کۆتاییەکانی ١٨٣٠و سەرەتاکانی ساڵی دواتردا شارەکانی مۆدێن و پارمی گرتەوە. بەڵام خەڵکی ئیسپانیا بەهۆی لاوازیی رێبەرانیان چیان دەست نەکەوت و ئەم راپەڕینانە زوو دامرکان. لە پۆلۆنیاش ئەم راپەرینانە بەهۆی دەسەڵاتی هەمەلایەنەی تەزار بە هیچ کوێ نەگەیشتن. لەسەریەك ئاڵۆزییەکانی ١٨٣٠ پێکهاتەی دارێژراوی کۆنگرەی ڤیەنی وەلەرزە خست و سەلماندی کە چارەسەری نایەکسانانەی کێشەکان و دیاری‌کردنی چارەنووسی نەتەوەکان تەنیا بە زەبری هێز و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویست و داخوازەکانیان رێگەچارەیەکی تاسەر نییە.

بەڵام دەبێ بزانین دژکردەوەی بەرەی یەکگرتووی کۆنەپەرست لە بەرامبەر شۆڕشەکانی ١٨٣٠دا چ بووە. ئایا تەنیا چاوەدێرێکی بێدەنگ بوو یان وەڵامدەرێکی ددان شکێن . لەڕاستیدا ئەم شۆڕشانە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پۆلینبەندییەکی نوێیان پێکهێنا. لەلایەك پاشایەتییە موتڵەقەکانی وەك رووس، پرووس و نەمسا و لەلایەکی دیکەش دەوڵەتە ئازادترەکانی دیکەی وەك بریتانیا، فەڕەنسا و ئیسپانیا.

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەو مەسەلەیە بکەین کە یەکیەتییەکانی پێشوو بە کردەوە لەنێو چووبوون و هەرچەند مەتەرنیخ توانیبووی وڵاتەکەی لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠ بپارێزێ، بەڵام



بریتانیای لەپەنا نەمابوو. بەتایبەتییش ئەوەی کە ئەم وڵاتە کەوتبووە ژێر کاریگەریی شەپۆلی ئازدیخوازی و سەرەنجامیش لە ساڵی ١٨٣٢دا قانوونی رێفۆرمی هەڵبژاردنی قەبووڵ کرد. رووداوەکانی رۆژهەڵاتیش ببوونە هۆی دوورکەوتنەوەی رووسیا و نەمسا لەیەکتر و یەکیەتیی پیرۆز لە ناوێك زیاتر چی لــێنەمابۆوە. لەهەمان کاتدا بەرەی دیکە لە ئەورووپادا چاوەڕوان دەکرا پێك بێن. بۆ پاشایەتییە سەرەرۆیەکان واتە وڵاتانی وەك رووس، پرووس و نەمسا تەنیا پێوانە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ڤیەن بوو و شۆڕشەکانی ١٨٣٠ شتێك نەبوون جگەلە لەرێ لادانی کاتی. ئەمانە سەرەڕای دژایەتیی نێوخۆیان و لەبیرکردنی یەکیەتیی پیرۆز جارێکی دیکە هەوڵیاندا لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئازادیخوازاندا هاوپێوەندیی خۆیان گرێبدەنەوە و هێزەکانی خۆیان لە بەرامبەر نەیاراندا یەك بخەنەوە. لەساڵی ١٨٣٣دا چاوپێکەوتنێك لە مونشێن گرێنتس لەنێوان سێ وڵاتی رووس، پرووس و نەمسادا رووی‌دا و لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو سێ وڵاتە کۆنەپارێزیی ئەشرافییەتیان وەك پرەنسیپێکی نەگۆڕ لە سیایەتی خۆیاندا داناو ئەو مافەیان بۆ هەموو پاشا سەربەخۆیەکان بە رەسمی ناسی و کاتێك پێویست بێ واتە ئەگەر تووشی ئاڵۆزی بوون داوا لە وڵاتانی دیکە بکەن فریایان بکەون و ئەوکات ئەو سێ دەوڵەتە وەڵامی گونجاویان پێبدەنەوە. ئەم کۆنفرانسە لەڕاستیدا رێوڕەسمی بیرەوەریی یەکیەتیی پیرۆز بوو. چونکە لەو کۆنفرانسەدا جگە لەبیرهێنانەوەی ئوسوولەکانی یەکیەتیی پیرۆز ئەویش بۆ دوایین جار کارێکی دیکە رووی نەدا. لەو سەردەمەدا لە پرتوگاڵ و ئیسپانیادا شەڕی نێوخۆ لەنێوان لیبراڵ و لایەنگرانی قانوونی بنەڕەتی لەلایەك و لایەنگرانی پاشایەتیی موتڵەقە لەلایەکی دیکەوە لە گۆڕێ دابوو. فەڕەنسا و بریتانیا پشتیوانییان لە لیبراڵەکان کرد و لە ٣٢ی ئەپریلی ١٨٣٤دا کۆنفرانسێکیان لە لەندەن پێکهێنا کە لە بەرامبەر کۆنفرانسی مونشێن گرێنتسدا بوو. پشتیوانیی فەڕەنسا و بریتانیا لە لیبراڵیستەکانی پورتوگال و ئیسپانیا بوو بەهۆی سەرکەوتنی لیبراڵیزم لەو دوو وڵاتەدا و کۆنفرانسی لەندەن یەکیەتیی سەرەڕۆکانی بەجۆرێك سست و لاواز کرد کە شوێنەوارێك لە بڕیارەکانی مونشێن گرێنتس نەمایەوە. لەسەریەك ئەورووپای پاش ١٨٣٠ لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی کۆنگرەی ڤیەندا دیترا جیاوازی-یەکی بەرچاوی هەبوو و لە جێگەی یەکیەتیی هەموو دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەورووپا لە بەرامبەر ئازادیخوازاندا، کیشوەری ئەورووپا بە سەر دوو گرووپ لە وڵاتان دابەش بوو کە هەرکام سیاسەتێکی جیای گرتبووە بەر.

ئەورووپا هێشتا ئاڵوگۆڕێکی زۆری لەسەر ڕێ بوو. یەکیەتیی فەڕەنسا و بریتانیا بە سەرنجدان بە کەسایەتیی لوویی فیلیپ و لەلای دیکە یەکیەتیی نەمسا و رووسیا بە سەرنجدان بە جیاوازی قازانجەکانیان نەدەکرا تاسەر بێ و سەرەنجام شەپۆلی ئازادیخوازی لەڕێ دابوو تا جارێکی دیکە لە ساڵی ١٨٤٨دا شۆڕشێکی بەرین و بەربڵاو پێك بێنێ.

## ٢ـ شۆڕشەکانی ١٨٤٨و هەلومەجی ئەورووپای دوای ئەمە

شۆڕشەکانی ١٨٤٨یش لە پاریسەوە دەستیان پێکرد. سەرچاوەی ئەم شۆڕشانەش لە هەوڵی خەڵکی ئەورووپا بۆ وەدەستهێنانی ئازادیی زیاترەوە سەرچاوەیان گرتبوو. خەڵك کە لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠دا بە ئاکامی دڵخوازی خۆیان نەگەیشتن و ئەو ئازادییانەش کە وەدی هاتن خێرا لەنێوچوون و دیسان بەکەڵك وەرگرتن لە قەیرانە ئابوورییەکانی ساڵانی ١٨٤٦ و ١٨٤٧ دەستیان کرد بە راپەڕین. ئەم شۆڕشانە تەواوی ئەورووپایان گرتەوە (جگە لە بریتانیا کە بۆخۆی پشتیوانیی لە شۆڕشگێڕەکان دەکرد تاکو دەوڵەتە ئەورووپاییە وشکانییەکان تووشی لاوازی بکا. رووسیاش لەبەرئەوە کە بۆ ماوەیەکی کاتی دەستی گەیشتە ئەورووپا.) ئەم شۆڕشانە کە بە "بەهاری خەڵك" ناوبانگیان دەرکرد هەر بەتەنیا چینی مام ناوەندیی بەشداریی تێدا نەکرد، بەڵکو هێزە کرێکارییەکان و رووناکبیرانی سۆسیالیستیش تێیدا بەشداربوون. هەربۆیە ئەم شۆڕشانە لەلایەنی جۆراوجۆرەوە و بەر لە هەموان لەلایەنی کۆمەڵناسییەوە کەوتوونەتە بەر سەرنج . سەرنجی کۆمەڵناسانی وەك ئاگوست کونت، ئالێکسی دوتوکوڤیل و مارکس لەسەر ئەم شۆڕشانە لەبەر گرنگیی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیەتی. بەڵام ئێمە سەرنج دەدەینە لایەنی سیاسی و، کاریگەرییەکانیان لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکان. ئەم شۆڕشانە هەر بەو خێرایەی سەرانسەری ئەورووپایان داگرت، هەر بەو خێراییەش شکستیان خوارد و دیسان رژێمە ئەریستۆکراتییەکان دەسەڵاتی بێهاوتای خۆیان گرتەوە دەست. شکستی ئەم شۆڕشانە لە ئیتالیا و ئەڵمانیا کە تێکەڵ بە هەستی نەتەوەخوازی ببوون، زیاتر لەهەرجێگەیەکی دیکە بوونە هۆی ناهومێدیی نەتەوەخواز و ئازادیخوازەکان. چونکە ئەم دوو میللەتە جگە لە ئازادیخوازی بە ئاوات بوون ئەو شۆڕشانە ببنە هۆی یەکیەتیی نەتەوەییشیان. وا دەهاتە بەرچاو کە رژێمە ئەریستۆکراتەکان جارێکی دیکە لە بەرامبەر شەپۆلی شۆڕشدا هاوپێوەندیی پێشووی خۆیان وەدەست دێننەوە و بارودۆخەکە دەگەرێننەوە سەر ساڵەکانی پاش کۆنگرەی ڤیەن. بەڵام شوێنەوارە قووڵەکانی شۆڕش کە لەلایەك بوونە هۆی لاوازیی روانگەی



ئەم سیستەمە و لەلایەکی دیکەشەوە دژایەتی و کەلەبەری سیاسی و بیروبۆچوون کە لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠ تا ئەم کاتە لەنێویاندا پێك هاتبوو لە بنەڕەتدا پێشیان بە یەکیەتییەکی ئەوتۆ گرت.

بەر لە هەموو شتێك شوێنەواری ئەم شۆڕشانە لە نەمسا بوون بەهۆی راکردنی مەتەرنیخ و لاوازیی وڵاتەکەی. نەمسا جگە لەوەی کە تووشی شۆڕشی نێوخۆ ببوو، دەبوایە لە بەرامبەر ئازادیخوازانی ئیتالیا و هەنگاریاشدا راوەستێ و دیسان دەسەڵاتی نەمسا لە ئەڵمانیادا دامەزرێنێتەوە. ئەم دەستێوەردانانە لەلایەك بوونە هۆی لاوازیی هێزەکانی و لەلایەکی دیکە بوونە هۆی تێکهەڵچوونی نەمسا لەگەڵ وڵاتانی وەك فەڕەنسا و پرووس. شوێنەوارێکی دیکەی ئەم شۆڕشانە لەسەر ئەورووپا، گۆڕانی رژێمی سیاسی بوو لە فەڕەنسادا کە بوونە هۆی هاتنەسەرکاری ناپلیۆنی سێیەم و ئەمەش بوو بەهۆی تێکهەڵچوونی یەکیەتیی نێوان فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپایی. بەگشتی دەکرێ هەلومەرجی ئەورووپاش پاش شۆڕشەکانی ١٨٤٨بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین. قۆناغی یەکەم یان قۆناغی لاوازیی نەمسا و سەرەڕۆیی کاتیی رووسیا کە تا ساڵی ١٨٥٣ی خایاند و قۆناغی دووهەم کە قۆناغی دەسەڵات نواندنی ناپلیۆنی سێهەمە و تا ساڵی ١٨٧٠ درێژەی کێشا.

### أ) سەرەتای فەوتانی نەمسا و سەرەڕۆیی کاتیی رووسیا

شازادە ڤون شوارزنبێرگ کە لە جێی مەتەرنیخ بوو بە گەورە و راوێژکاری نەمسا توانی تا کۆتایی ساڵی ١٨٤٨ شۆڕش لەنێوخۆی نەمسا و ئیتالیا و بوهێمدا سەرکوت بکا. بەڵام نەیتوانی پێش بە لاوازیی وڵاتەکەی بگرێ. گیروگرفتی سەرەکیی نەمسا بوونی میللەتی جۆراوجۆر بوو لەو ئیمپراتۆرییەدا کە لە رووی زمان، نەژاد و مەزهەبەوە جیاواز بوون. ئەم گیروگرفتە هێزی بزووتنەوەی نەمسای لە مەیدانی نێونەتەوەییدا نەهێشتبوو و ئەمە لە حاڵێك دابوو کە نەمسا دەبوایە لەگەڵ نفووزی فەڕەنسا لە ئیتالیادا و لەگەڵ نفووزی پرووس لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیا و نفووزی رووسیا لە باڵکاندا بەرەبەرەکانی بکا. فەڕەنسییەکان لە ئیتالیادا توانییان لە بەرامبەر دەسەڵاتی نەمسا بەسەر ویلایەتەکانی باکووردا لەڕێگەی پشتیوانی لە پاپ تا رادەیەك لە ئیتالیای ناوەندی و ویلایەتەکانی کلێسادا نفووز بکەن. ئەم دابەش بوونەی دەسەڵات لە ئیتالیادا پاشان بوو بەهۆی گیروگرفتی گەورەتر بۆ نەمسا کە لە شەڕەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ فەڕەنسا لەساڵی ١٨٥٩دا دەرکەوتن. لە ئەڵمانیاش ئەگەرچی شوارزنبێرگ توانی هەوڵی پەرلەمانی فرانکفورت بەمەبەستی چوونەدەر لەژێر دەسەڵاتی

نەمسا پووچەڵ بکاتەوە و پێش بە نفووزی زیاتری پاشای پرووس لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا بگرێ، بەڵام نەیتوانی شوێنی باشی ئابووریی پرووس لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا کە وردە وردە لەکاری یەکیەتیی گومرگی ١٨٣٤دا کەوتبووە دەستی، لەنێو بەرێ. هەر ئەو بارودۆخە ئابوورییە زەمینەی نفووزی پرووسی لە ئەڵمانیادا پێکهێنا. ئەوە لە حالێکدا بوو کە نەمسا لەگەڵ گیروگرفتی ماڵی و سیاسیی نێوخۆ دەستەویەخە بوو. هەر لەو کاتەشدا نەمسا توانی زاڵبوونی کاتیی خۆی بەسەر ئەڵمانیادا بسەپێنێ و پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆلموتز لە ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٨٥٠دا لەنێوان فریدریك ویلهێلم پاشای پرووس و سوارزینبێرگدا پرووسی لە ئەڵمانیا بە تەواوی دەم لە پووش کرد و گەڵاڵەی پاشای پرووس لەبارەی "یەکیەتیی سنووررداری ئەڵمانیا" بە رێبەرایەتی پرووس بکاتە بلقی سەر ئاو و ئەو وڵاتە ناچار بکا داخوازەکانی قەبووڵ بکا. بەڵام لە "پاشەکشەی ئۆلموتز" ئاگری تۆڵەی خەڵکی پرووسی خۆش کرد. کێشەی دوولایەنی (سیاسی و ئابووری)ی پرووس و نەمسا لەسەر نفووز لە ئەڵمانیادا، کێشەیەکی لەبڕان نەهاتوو بوو و سەرئەنجام بوو بەهۆی شەڕی ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی ١٨٦٦دا و شکستی یەکجاریی نەمسا لە ئاستی نێونەتەوەییدا. لەسەرییەك دەتوانین شۆڕشەکانی ١٨٤٨ سەرەڕای سەرکەوتنە کاتییەکانی بەسەرەتایەك بۆ فەوتانی نەمسا و رووخانی ئەم وڵاتە لە هێزێکی پلە یەکەوە بۆ ئاستی هێزێکی مام ناوەندی دابنێین. بەڵام رووسیا بە پێچەوانەوە بەهۆی دووربوون لە شۆڕشەکانی ١٨٤٨و بە کەڵك وەرگرتن لە شەڕی نێوخۆو دەرەوەی هێزە ئەورووپاییەکان، وەك دەسەڵاتدارێکی بەهێزی لێهات لە ئەورووپادا. سروشتی بوو کە رووسیا بۆ پەرەپێدان بە نفووزی خۆی لە باڵکاندا کەڵك لەو بارودۆخە وەربگرێ. بەتایبەتی لەبەرئەوە کە نەمسا و شوارزنبێرگ بۆخۆی، کەڵکیان لە یارمەتی و رازیبوونی رووسیا وەرگرتبوو بە مەبەستی پتەوکردنی دەسەڵاتیان بەسەر ئەڵمانیادا. هەڵس-وکەوتی رووسیا لە باڵکاندا نارەزایەتیی توندی بریتانیا و فەرەنسای بە دواوە بوو. فرەخوازیی رووسیا لە باڵکان و ناوچەی دەریای نێوەڕاستدا سەرەنجام بوو بەهۆی شەڕەکانی کریمە (١٨٥٣-٥٦)و سەرەتای دەسەڵات نواندنی ناپلیۆنی سێیەم.

**ب) ناپلیۆنی سێیەم و سیاسەتی ئەورووپا**

نیشانەکانی شۆڕشی ١٨٤٨ زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە لە فەرەنسادا دیار بوو و لایەنە سیاسییەکەشی لەهی وڵاتانی دیکە زیاتر بوو. دوای ئەو راپەرینانەی کە لە ساڵی ١٨٤٧دا فەرەنسایان داگرت "پاشایەتیی ژوئیە" تووشی گیروگرفتی جیددی بوو و لەسەرکار لابردنی



گیزوو سەرۆك وەزیرانیش نەیتوانی راپەرینەکان رابگرێ و سەرەنجام لوویی فیلیپیش ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە و رابکا. پاش رووخانی لوویی فیلیپ سیستەمی کۆماری (دووەم) راگەیەندرا و حکوومەتێکی کاتی کە بەشی زۆری لە پارێزەر و رۆژنامەنووسانی بە بیروباوەڕ سۆسیالیست، وەك لامارتین لیدرو رولین، ئاراگۆن، لوویی بلان پێك هات.

هەر لەو کاتەشدا قانوونی بنەڕەتیی کۆماری دووەمی فەرەنسا پەسەندکرا و مافی هەڵبژاردنی بۆ هەموو پیاوانی سەرووی ٢١ ساڵ بە فەرمی ناسی. توندرۆیی سۆسیالیستەکان بوو بەهۆی هێندێك ئالۆزی کە خەڵکیان لە بەرنامەکانی خۆیان تووشی بەدگومانی کردبوو و زەمینەی بۆ قەبوول کردنی حکوومەتێکی بەهێز پێك دەهێنا. لە هەڵبژاردنی سەرکۆماردا کە رۆژی دەی دیسەمبەری ١٨٤٨ بەڕێوە چوو لوویی ناپلیۆن بە ٥,٥ میلیۆن دەنگ لە رکەبەرەکانی، کاڤێنیاك (١,٥ میلیۆن دەنگ)، لیدرو رولین (٤٠٠هەزار دەنگ) و لامارتین (١٨هەزار دەنگ) بردەوە. دووبەرەکیی کۆماریخوازەکان رێگەی بۆ قانوونە کۆنەپەرستانەکان و دەسەڵاتی لە رادەبەدەری سەرکۆمار خۆش کرد. سەرەنجام لوویی ناپلیۆن لە ٢ی دیسەمبەری ١٨٥١دا پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و بەپێی قانوونی بنەڕەتیی جۆنیوەریی ١٨٥٢ کە بۆخۆی دایڕشتبوو حکوومەتێکی ملهوڕی دامەزراندو لە ( ٢ی دیسەمبەری ١٨٥٢)ەوە خۆی بە ناپلیۆنی سێیەم وەك ئیمپراتۆری فەرەنسا ناساند. ئەوە کە بۆچوونی خەڵکی فەرەنسا پاش ئەو شۆڕشە دیموکراتیکانەی ١٨٤٨ دیکتاتۆرێك و برازای دیکتاتۆری پێشوویان وەك سەرکۆمار هەڵبژارد، رەنگە جگە لە بارودۆخی نێوخۆ هۆیەکی دەرەوەشی هەبێ. لێکدانەوەی نێونەتەوەیی ئەم ئالوگۆڕە لە فەرەنسادا ئەوەیە کە خەڵك بەدوای کەسانێکدا دەگەڕان هێز و دەسەڵاتی فەرەنسا کە لەدەست چوو بوو بگەڕێننەوە و ئەو کۆت و بەندانەی کە کۆنگرەی ڤیەن لە دەست وپێی فەرەنسای بەستبوو، بکاتەوە. سیاسەتی دەرەوەی ناپلیۆنی سێیەمیش تا رادەیەك ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ. ئەو لە هەوڵی گۆڕینی سیستەمێك دابوو کە بۆ فەرەنسا زۆر بەرتەسك بوو.

هەوڵی ناپلیۆنی سێهەم لە گەڕاندنەوەی رۆڵی فەرەنسا وەك پشتیوانی و بەرگریکاری کاسولیکەکانی جیهان بوو. بەشداری لە شەڕەکانی کریمە، پشتیوانی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ئیتالیا و بالکاندا، دەستێوەردان لە چین (١٨٥٧-٦٠) لە کووشن شین (ڤیەتنام ١٨٥٩-٦٢)و لە مەکزیك (١٨٦٢-٦٧) هەموویان هەوڵێك بوون کە فەرەنسای نارازی لە کۆنگرەی ڤیەن بەمەبەستی رووخاندنی ئەم پەیکەرە ئەنجامی دەدان. لە کردەوەدا شەڕەکانی کریمە و بەتایبەتی کۆنگرەی پاریس ١٨٥٦، ناپلیۆنی سێیەمیان وەك پیاوێکی بەدەسەڵات ناساند.

رووسیا کە هەوڵی پەرەپێدانی نفووزی خۆی لە باڵکان و دەریای سپی نێوەڕاستیدا دەدا، لە پەرەپێدانی ناکۆکیی مەزهەبی و قەومیدا زەمینەی بۆ شەڕێکی خەست لەگەڵ عوسمانی پێکهێنا. بەڵام زوو لەگەڵ یەکیەتییەکی پێکهاتوو لە بریتانیا، فەڕەنسا و عوسمانی بەرەوروو بوو و سەرەنجام ناچار بوو ملێ بۆ راو بۆچوونەکانی هێزە ئەورووپاییەکان رابکێشێ. لە کۆنگرەی پاریس کە لە ساڵی ١٨٥٦دا بۆ روون کردنەوەی چارەنووسی رووسیا پێکهات، ناپلیۆنی سێیەم وەك سەرکەوتووی سەرەکیی شەڕەکە دەرکەوت. لەم کۆنگرەیەدا دەوڵەتەکانی بریتانیا، فەڕەنسا، نەمسا و رووسیا پێیان لەسەر پشتیوانی لە مەسیحییەکانی دانیشتووی ئیمپراتۆریی عوسمانی داگرت کە بەرابەری و یەکسانییان لەلایەن دەرباری عوسمانی و بەهۆی "خەتی هومایوونیی سوڵتان"ەوە بە رەسمی ناسرابوو. هەروەها یەکپارچەیی خاکی عوسمانی، بێلایەنیی دەریای رەش، بارودۆخی شازادەنشینەکانی ناوچەی دانووب و سەربەخۆیی رێژەیی لە بەرامبەر رووسیاشدا پێیان لەسەر داگیرابۆوە.

لەسەریەك کۆنگرەی پاریس کۆتایی بە سەرەڕۆیی رووسیا هێنا و بوو بەهۆی فەوتان و لاوازیی زیاتری نەمسا چونکە لەماوەی شەڕدا بارێکی قورسی خەرجی شەڕی لەسەر شان بوو. جگە لەوەش نەمسا نەك هەر دۆستایەتیی رووسیای لە دەستدا بەڵکو رووبەروبوونەوە لەگەڵ دوو وڵاتیشدا کە لە ناوچەی ژێر نفووزی نەمسا بوون پێیاننایە قۆناغێکی نوێ لە سەرکەوتن، ئیمپراتۆری نەمسا لە تەریك مانەوە و لاوازبووندا بوو. فەڕەنسا کەڵکی لەو هەلومەرجە وەرگرت. لە ساڵەکانی ١٨٥٨و ١٨٥٩دا کە فەڕەنسا خەریکی دەستپێکردنی شەڕێك بوو لە دژی نەمسا ( بە پشتیوانی لە ئیتالیا) توانی لەگەڵ رووسیا رێککەوتنێکیش بکا. رووسیا بەڵێنی دا ئەگەر هاتو شەڕ لەنێوان نەمساو فەڕەنسادا رووی دا بێلایەن بێ. ناپلیۆنی سێیەم کە پاش کۆنگرەی پاریس خاوەنی ئابڕووی سیاسیو نیزامییەکی بەرچاو لە ئەورووپادا بوو پشت ئەستوور بە دۆستایەتی لەگەڵ بریتانیاش بوو. ترسی لەشەڕ لەگەڵ نەمساو تەمبێکران لەلایەن ئەم وڵاتەی نەبوو. سیاسەتمەدارانی نوێی ئیتالیا بەتایبەتی کاڤوریش بەردەوام داوای یارمەتییان لە ناپلیۆن دەکرد. بە هاندانی ئیتالیا شەڕ لەگەڵ نەمسا دەستی پێکردو بەسەرکەوتنی فەڕەنسا لە ماجینتا (٤ی جوونی ١٨٥٩)و پاشان بە پەیماننامەی تەرکی دوژمنایەتی ڤیلافراتکا (٨ی جولای) خێرا کۆتایی هات. هەرچەند ناپلیۆنی سێیەم سەرکەوتنێکی تەواوی وەدەست هێنا و دەیتوانی لەوەش زیاتر بڕوا و دەستی نەمسا بەتەواوی لە ئیتالیادا کورت بکاتەوە، بەڵام بەربڵاویی بەرنامە شۆڕشگێڕییەکانی کاڤور کە بەدوای



یەکیەتیی تەواوی ئیتالیا و بە لابردنی پاپ لەلایەك و ترس لە دژکردەوەی پرووس لەلایەکی دیکەوە بوونە هۆی ئەوەی ناپلیۆن هەر بەوەندە واز بێنێ. هەر لەو کاتەشدا پاش ئەم شەڕە گەورەیی و ئابڕووی سیاسیی ناپلیۆن گەیشتە لووتکە و وەك پشتیوانی نەتەوە بندەستەکانی ئەورووپا ناسرا. چونکە نەك هەر پشتیوانیی لە ئیتالیاییەکان کرد بەڵکو پشتیوانیی لە نەتەوەکانی باڵکانیش کرد و سەربەخۆیی رۆمانیاشی وەدەست هێنا. بەڵام هەر لەو کاتەدا بەهۆی بەرنامەی بەرزەفڕانە رێگە بۆ لاوازبوونی ناپلیۆنی سێهەم خۆش بوو.

ناپلیۆنی سێیەم لەنێوان ساڵەکانی ١٨٥٧و ١٨٦٠دا وێڕای بریتانیا خەریکی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی چین دابوو. نەك هەر توانی پەیماننامەی زۆرەملێ بەو وڵاتە ئیمزا بکا، بەڵکو دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوت و سەرپەرشتیی فەڕەنسا بەسەر کوشن شین (ڤیەننام)ی کامبۆجیش دا بسەپێنێ. وا دەهاتە بەرچاو سنووری دەسەڵاتی ناپلیۆن نەیدەتوانی لەوە زیاتر تێپەڕێ. چونکە توانای ئابووری و نیزامیی فەڕەنسا لەلایەك و سیاسەتی وڵاتێکی وەك بریتانیا کە رۆڵی چارەنووسسازی لە رووداوەکانی سەدەی نۆزدەدا هەبوو لەلایەکی دیکەوە، لەوە زیاتر رێگەیان بە ناپلیۆن نەدەدا. هەڵەی ناپلیۆن دەستێوەردان بوو لە کاروباری نێوخۆی مەکزیکدا (١٨٦٢-٦٧). چونکە نە توانای ئابووری و نیزامیی فەڕەنسا ئەوەندە بوو کە بتوانێ خۆ لە کاروباری ئەمریکای لاتین هەڵقورتێنێ و نە بریتانیاش ئیزنی بە فەڕەنسا دەدا لە ناوچەی ژێر نفووزی ویدا چالاکی بکا. بەتایبەتی ئەوەی دەبووە هۆی نیگەرانیی بریتانیا نزیکایەتیی ئیسپانیا و فەڕەنسا بوو. شکستی ناپلیۆن لە مەکزیك کە بە کوژرانی ماکزیمیلین نوێنەر و جێگری ئیحتیمالیی ناپلیۆن لە مەکزیك دابوو روویدا (جوونی ١٨٦٧)، وەك سەرەتایەك بوو بۆ رووخانی وی، چونکە نەك هەر تووشی سەرشۆڕیو شکست لە مەکزیکدا بوو، بەڵکو ئاگای لە کاروباری ئەورووپاش نەما و پرووس توانی بەسەر ئەڵمانیادا زاڵ بێ. وەك ژەنەڕاڵ راندەن گوتەنی جگە لە نەمسا فەڕەنساش لە سیدوا شکستی خوراد. لەڕاستیدا نێوبژیوانیی ناپلیۆن لە شەڕەکانی پرووس و نەمسا (١٨٦٦)دا دوایین کارتی سەرکەوتن بوو کە ناپلیۆن توانی لە مەیدانی دیپلۆماسییدا کەڵکی لێوەربگرێ. لەوە بەدوا بریتانیا کە لە گێچەڵی ناپلیۆن نیگەران ببوو لە هێزێك دەگەڕا بتوانێ پێش بە خۆڕانانی وی بگرێ. لە جونیوەری ١٨٦١یش دا پالمریستۆن بۆ روسێلی نووسیبوو:"ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین تاکو فەڕەنسا لە بەرێوەبردنی بەرنامە بەربڵاوەکانی بگێڕینەوە." نەمسا ئیدی پاش شکستی لەبەرامبەر پرووس (١٨٦٦)دا ئەو هێزە نەبوو بتوانێ مەبەستی بریتانیا وەدی بێنێ. بەناچار پرووس بە

راوێژکاریی بیسمارك تەنیا وڵاتێك بوو کە بریتانیا دەیتوانی لە بەارمبەر فەڕەنسادا رابگرێ. حەزی ئەڵمانییەکان بۆ یەکگرتن و، کێشەیەك کە لەو پێناوەدا دەکەوتە نێوان فەڕەنسا و پرووسەوە بواری شەڕی بۆ ئەو دوو وڵاتە پێك هێنا. سەرەنجام هێرشی پرووس بۆ سەر فەڕەنسا لەساڵی ١٨٧٠دا کۆتایی بە هەژدە ساڵ دیکتاتۆریی ناپلیۆنی سێیەم هێنا.

## ٣- ناسیۆنالیزم وەدیهاتنی یەکیەتیی نەتەوەیی ئیتالیا و ئەڵمانیا

هەرچەند هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە دایك بووە و هەمیشە لەنێوان خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بۆتە هۆی خەبات، شەڕ و ئاشتییەکی زۆر و لە ئاریۆبەرزەنی ئێرانی و ژاندارکی فەڕەنسی و ژان ژاك رۆسوی سویسییەوە بگرە کە هیچ پۆلینبەندییەکی بەبێ پاشگری "هاووڵاتی جێنیڤایی" دانەدەنا، هەموویان تەژی لەخۆ باییبوون و دەمارگرژیی نەتەوەیی بوون. بەڵام ناسیۆنالیزم هیچ کات بەقەد سەدەی نۆزدەهەم وەکو رەوتێکی گشتی و بیروباوەرێکی گەشەکردوو دەرنەکەوتبوو. لەکاتی دەرکەوتنی "دەوڵەتە نەتەوەیییەکان"ەوە ناسیۆنالیزم وەك سەرچاوەی نیهادە حقووقی و سیاسییەکانی دەوڵەت و وەك بنەمای جیاکردنەوە و دیاریکردنی سنوورەکان و پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان ناسرا. هەر لەو کاتەدا پێناسەی " نەتەوە "و ئیرادەی نەتەوەیی تا شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لێڵ و ناڕوون بوو. پاش ئەوە ئەم ئەندێشەیە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لە ئەورووپادا پەرەی گرت وەك یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی ئالۆگۆڕەکانی سەدەی نۆزدەی ئەورووپا و هۆی دیاریکردنی رەوتی رووداوەکان بوو. یەکێك لە هۆیەکانی توندی و بەتەوژمیی ئەم رەوتە فکرییە رەنگە ئەو بەربەستە بێ کە کۆنگرەی ڤیەن لەپێشی دانابوو. پێوانەی سەرەکی لە ئامادەکردنی پەیماننامەکانی ١٨١٥دا پێوەندیی دەسەڵات بوو. دەسەڵاتە گەورەکان بێئەوەی گوێ بدەنە هەست و ئامانجی نەتەوە بچووکەکان، ئەوانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد. زۆر لە ناوچە میرنشینەکانی ساکسیان بە تاوانی لایەنگری لە ناپلیۆن لێك دابڕاند. بەلجیکایان پێشکەش بە هۆڵەندا کرد، گوێیان بە ئۆگریی ئەڵمانیاییەکان بە یەکیەتیی نەتەوەیییان نەدا و خستیانە ژێر رکێفی نەمسا. چارەنووسی هەنگارییەکان، سلاڤەکان و خەڵکی ناوچەی باڵکانیان بەم شێوەیە دیاری کرد. بەمجۆرە بوو کە هەستی نەتەوایەتی رەنگی شۆڕشی بە خۆیەوە گرت و بوو بە هێزی پاڵنەری زۆربەی شەڕەکان، شۆڕشەکان و ئالۆگۆڕەکانی سەدەی نۆزدە لە ئەورووپادا، شۆڕشەکانی ١٨٣٠ لەگەڵ لیبراڵیزم و شۆڕشەکانی ١٨٤٨ لەگەڵ



دیموکراسی وێك کەوتنەوە. شەڕەکانی یەکیەتیی ئیتالیا و یەکیەتیی ئەڵمانیا و قەیرانەکانی ناوچەی باڵکان هەموویان لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوەیان گرت و سەرەنجام هێندێك کەس پێیانوایە شەڕی یەکەمی جیهانی لە قەیرانی ناسیۆنالیزم و کۆتایی ئەو قەیرانە و رێگەچارەی ئەم مەسەلەیەوە سەرچاوەی گرت. لانیکەم دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی هۆی نەتەوەیی بوو (هەرچەند هۆی دیکەش زەمینەی تەقینەوەکەیان پێك هێنابوو) و لەکۆتایی شەڕیشدا نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان وەدەست هێنا.

هەر لەم کاتەشدا ناسیۆنالیزم لەم قۆناغەدا لە دوو هۆکاری گرنگەوە سەرچاوەی دەگرت. هۆیەکیان شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بوو کە بە بڵاوکردنەوەی ئەندێشەی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی نەتەوەیی ئیلهامدەری هەستی نەتەوایەتی بوو. دەسەڵاتی نەتەوەیی بە واتای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بە دەستی خۆی کە تەنیا کاروباری نێوخۆ ناگرێتەوە بەڵکو شوێن لەسەر پێوەندییە دەرەوەیییەکانیش دادەنێ. دیارکردنی سنوورە نەتەوەیییەکانیش لە ئیرادەی کەسێك (شا یان ئیمپراتۆر) هاتەدەر و پێوەندیی بە ئیرادەی خەڵکەوە دەبێ. ئەگەر لە رابردوودا نەتەوەی جۆراوجۆر کە خاوەنی هیچ لایەنێکی هاوبەش وەك مەزهەب یان مێژووی هاوبەش نەبوون و لەژێر ئیرادەی ئیمپراتۆریکدا ئیدارە دەکران، بەو مانایە نییە لە سەدەی نۆزدەشدا ناچار بن لەگەڵ یەکتر بژین. بەڵکو هەر نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیدا دەسەڵاتی خۆی هەبێ و یەکەیەکی سیاسی پێك بێنێ. لە کردەوەشدا سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن ئەم دیارییەی بۆ نەتەوەکانی ئەورووپا وەك ئیتالیا و ئەڵمانیا هێنا کە بۆ ماوەیەکی کاتی یەکیەتیی نەتەوەیی خۆیان وەدەست هێنایەوە. هەر لەو کاتەشدا ئەو نەتەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسادا بوون، بەجۆرێك بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتییان لە دژی هێرشکەران لەخۆیاندا هەست پێدەکرد. راپەڕینی ئیسپانییەکان و خەڵکی تیروول و ئەنجوومەنی کاربونا لە ئیتالیا نموونەیەکن لەو هەستە نەتەوایەتییە کە لە دژی فەڕەنسەوییەکان سەریان هەڵدا. هۆیەکی دیکەی ناسیۆنالیزم سوننەتگەرایی و پەنابردنە بۆ رابردوو و پێوەندییە قەومییەکان. ئەم رەوتە بەپێی سروشتی خۆی رەنگ و بۆیەکی رۆمانسیزمیشی پێوەیە و لەگەڵ ئەندێشەی ئازادی و دێموکراسی بێگانەیە. زمان لەو جۆرە ناسیۆنالیزمەشدا لە حاڵەتی پێکهێنانی پێوەندی دەچێتەدەر و وەك سەمبولی سەربەرزیی نەتەوەیی و قەومیی لێدێ. نەتەوە ستەم لێکراوەکان بەزۆری هەستێکی تایبەتییان بۆ پاراستنی زمانی خۆیان هەیە. لە خەبات دژی نەتەوەی باڵادەستدا کەڵك لە گۆڕانیی ناوچەیی و دابونەریتی قەومیش وەردەگرن. هەرکات

مەزهەب و قەومی ژێردەسەڵات لەگەڵ مەزهەبی قەومی زاڵ جیاواز بێ، مەزهەب و ناسیۆنالیزم پێکەوە گرێ دەدرێن (وەك ئیرلەند).

جاری واشە بینا مێژووییەکان دەبنە سەمبولی ئەو ناسیۆنالیزمە. جیاوازیی ئەم دوو رەوتە لە ناسیۆنالیزمی فەرەنسی و ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیایادا دیارە. ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیایای هەر لە سەرەتاوە رەنگی رەگەزپەرەستیی بەخۆیەوە گرت. لە حاڵێك دا ناسیۆنالیومی فەرەنسی باری فەلسەفیی هەبوو و لەسەر بنەمای رێزگرتن لە مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا بوو. نەك پاساوێك بۆ فراوانخوازی (دیارە بەشێوەی تیۆری). ئێستاش ئەم پارادۆکسە لە رەوتە نەتەوەیخوازەکاندا دیارە. ناسیۆنالیزمی فەرەنسی لایەنی پێشکەوتنی هەیە و ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیایای هەڵگری ژەنگی رەگەزپەرەستییە. هەر لەوکاتەشدا هەردوو رەوت لە ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی نۆزدەی ئەورووپادا رۆڵی گرنگیان هەبوو.

بێموبالاتیی کۆنگرەی ڤیەن لە ئاست ئەو مەسەلەیە نەك هەر لەنێوی نەبرد، بەڵکو بوو بەهۆی بەهێزتر بوونی هەستی نەتەوایەتی و توندتر بوونی خەباتی خەڵك لەپێناوی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان. پاشا بەشدارەکان لە کۆنگرەی ڤیەن تەواوی زکر و فکری خۆیان بۆ لەنێوبردنی شوێنەوارەکانی شۆڕشی فەرەنسا تەرخان کردبوو. لەبیریان چووبوو کە عیشق بە سەربەخۆیی و یەکیەتیی نەتەوەیی بوو خەڵکی لەدژی ناپلیۆن هاندا و ئەوانی لەگەڵ پاشاکان خستە یەك بەرەوە. ئێستا چۆن دەکرا ئەو هەستەیان تێدا سەرکوت بکرێ و خەڵکی ئەڵمانیا وەك پێشوو لەچەند بەشی بچووکدا لێك جیابکەینەوە و خەڵکی ئیتالیا لەژێر چەپۆکی بێگانەدا رابگرێ؟ وتەی بەناوبانگی مەتەرنیخ کە دەیگوت ئیتالیا تەنیا وشەیەکی جوگرافییە، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو لەگەڵ رووحی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی بێگانە بوو.

ئاکامی بێموبالاتیی کۆنگرەی ڤیەنا بەرامبەر بە ئازادیخوازی و نەتەوەخوازیی خەڵك بوو بەهۆی ئەوە کە ئەم دوو رەوتە بکەونە پاڵ یەکتر و لە ساڵی ١٨١٥ەوە تا دەیەی ١٨٣٠ دیاریکردنی ئەوە کە خەباتی نەتەوەکانی ئەورووپا لە دژی سەرەرۆیی و دەسەڵاتی بێگانە لەبیری ناسیۆنالیزمەوە سەرچاوەی گرتوە یان لە بیری لیبراڵیزمەوە، کارێکی قورس بوو. شۆڕشەکانی ١٨٣٠ راست نیشانەی تێکەڵاویی لیبرالیزمو ناسیۆنالیزم بوو. شۆڕشی خەڵکی بەلجیکا لەدژی دەسەڵاتی هۆڵەندا ئەو قانوونە بنەڕەتییە ئازادانەیەی پاش سەربەخۆیی ئەم وڵاتە پەسەند کرا، نیشاندەری هاورێیەتی لیبراڵیزم و ناسیۆنالیزم بوو. شۆڕشی ١٨٣٠ی



پۆلۆنیاش هەر ئەم حاڵەتەی هەبوو. بەڵام لە ساڵانی١٨٣٠دا ناسیۆنالیزم هاوڕێ بوو لەگەڵ بیری دێموکراتیك. لە ئیتالیادا بزووتنەوەی لایەنگرانی "ئیتالیای لاو" کە مازینی دامەزرێنەری بوو، تێکەڵاوێك لە بیری کۆماری دێموکراتیك، سەربەخۆیی و یەکیەتیخوازی بوو. لە شۆڕشە دێموکراتیکەکانی ١٨٤٨دا وشەی "بەهاری خەڵك" لەلایەك بە واتای ئازادیی نەتەوەیی و لەلایەکی دیکە بە واتای دەسەڵاتی خەڵك بوو. لە زۆربەی ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی بێگانە کۆسپی سەر رێگەی یەکیەتیی نەتەوەیی بوو، هەوڵ بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی سیستەمی مەشرووتە لەگۆڕێ دابوو، ناپلیۆنی سێیەم خۆی وەك پشتیوانی نەتەوە بندەستەکان دەناساند. دیارە هەروەك گوترا مەبەستی وی دەربازبوون بوو لەو تەنگ و چەڵەمانە کە کۆنگرەی ڤیەن بۆ فەرەنسای پێك هێنابوو. بەڵام گرنگیدانی ئەو بە مەسەلەی نەتەوەخوازی نیشانەی بەهێزیی ئەم رەوتە بوو. هەرچۆنێك بێ شۆڕشەکانی ١٨٤٨ دەرەتانێکی لەبار بوون بۆ وەدیهاتنی بیری ناسیۆنالیزم. هەرچەند ئەم بزووتنەوانە سەرکوت کران و ئەورووپای کۆنگرەی ڤیەن دیسان حاکم بۆوە، بەڵام زۆر لە ویست و داخوازە نەتەوەییەکان لە ساڵەکانی دواتردا وەدی هاتن و نەتەوە وەك یەکێك لە پرەنسیپەکانی مافی نێونەتەوەیی و پێوانەیەك بۆ بە رەسمی ناسینی دەوڵەتەکان قەبووڵ کرا. نەخشەی سیاسیی ئەورووپا لە ١٨٧٠دا بەهۆی وەدیهاتنی هێندێك لە ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی نەتەوە کۆنەکانی ئەورووپا لەچاو ساڵانی پێشوو ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بەرچاوی تێدا پێك هات کە لەهەموان گرنگتر وەدیهاتنی یەکیەتیی نەتەوەیی ئیتالیا و ئەڵمانیا بوو. پاشان شەڕە نەتەوەییەکانی باڵکان بۆ وەدیهێنانی سەربەخۆیی (کە سەرەنجام شەڕی یەکەمی جیهانیش لەوێ هەڵایسا) بوو بەهۆی ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە سنوورەکان و بەگشتی لە هەلومەرجی سیاسی ئەورووپادا کە لە بەشەکانی دیکەدا باسی دەکەین.

### أ- یەکیەتیی نەتەوەیی ئیتالیا

دامەزرانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە ئیتالیادا یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی سەدەی ١٩ بوو. دوای رووخانی ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژئاوا ئیتالیا لەنێو حکوومەتە فیئۆداڵییەکاندا دابەش بوو کە سەرۆکایەتیی هەرکامیان کەوتە دەستی شازادەیەکی بنەماڵە پاشاییەکانی ئەورووپا. وڵاتە بچووکەکانی ئیتالیا جاری وابوو بە نۆرە و جاری وابوو هاوکات لەژێر نفووزی ئیسپانیا، نەمسا و فەرەنسا دابوون. هۆیەکانی یەکگرتن وەکو مەزهەبی کاسۆلیك، فەرهەنگی پڕ لە شانازیی رابردوو لە بەرامبەر هۆیەکانی دووبەرەکییدا لەبیر کران.

سەرەتای وشیاریی نەتەوەیی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٨٥٩ و ١٨٧٠دا بوو بەهۆی یەکیەتیی نەتەوەیی ئیتالیا و ئەو وڵاتەی بردە ریزی وڵاتانی گەورەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ناپلیۆن. دیارە زەمینەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دێموکراتیکەکەی لەماوەی سەدەی هەژدەیەمدا پێك هاتبوو. بەڵام فشارێك کە لەلایەن ناپلیۆنەوە لەسەر ئەم وڵاتە بوو، بوو بەهۆی خرۆشانی هەستی دژی بێگانە. ناپلیۆن دەیەویست چەند ویلایەتی بەستراوە لە دەوروبەری فەڕەنسادا پێك بێنێ و هەر کامێکیان بە کەسێك لە بنەماڵەی خۆی بسپێرێ.

ناپلیۆن لەماوەی ساڵانی کۆنسۆلیی خۆیدا، زەمینەی بۆ نفووز لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئیتالیادا پێك هێنا. لە ١٨ی مای ١٨٠٤ دا خۆی وەك ئیمپراتۆری فەڕەنسا ناساند و دوای هێندێك کارودروستایەتی ساڵێك دواتر خۆی وەك شای ئیتالیا ناساند (١٧ی مارسی ١٨٠٥)و وردە وردە هێندێك ناوچەی پێوە زیاد کرد. لە ساڵی ١٨٠٦ەوە تا رووخانی ناپلیۆن، ئیتالیا دابەش ببووە سەر سێ بەشی سەرەکی و هەر بەشێك بە حاکمێکی فەڕەنسا سپێردرابوو: ١- پاشایەتیی ئیتالیا کە میلان و ڤێنیز و بوهارنەی دەگرتەوە، بە زاوای ناپلیۆن سپێردرابوو، ٢- پاشایەتیی ناپل کە بە موورا سپێردرابوو، ٣- ئەو ناوچانەی خرابوونە سەر خاکی فەڕەنسا وەکو پیەموون، تیسکان، ژێن، پارێم و رومانی. دوو بنەماڵە کە لە ئیتالیادا فەرمانڕەوایەتی-یان دەکرد، لە بەرامبەر ناپلیۆن رایان کرد. دەرباری تورێن پەنای بردە بەر ساردنی و بۆربۆنەکانی ناپل پەنایان بردە بەر سیسیل. جگە لەو داسەپاندنانە، ناپلیۆن باجێکی قورسیشی خستبووە سەر ئیتالیاییەکان و سەربازێکی زۆری لەوان هێنایە نێو سوپای خۆیەوە. بەجۆرێك لە لەشکرکێشی بۆ سەر رووسیادا لە ٢٧ هەزار سەربازی ئیتالیایی تەنیا هەزار کەس گەڕانەوە زێد و نیشتمانی خۆیان. هەر لەم کاتەدا فەڕەنسییەکان یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا و ئازادی مەزهەب و...یان بۆ ئیتالیاییەکان بە دیاری هێنا کە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەیان بوو. ئەم جۆرە بەرابەرییانە لە سەرانسەری ئیتالیا بە یەك شێوە و وەبەرچاو دەگیرا و زەمینەی بۆ یەکیەتیی سیاسی پێك هێنا و بیروباوەڕی وەك یەکیەتی و دەسەڵاتی نەتەوەیی، باس‌وخواسی سەربەخۆیی لەدژی ناپلیۆندا بەهێز دەکرد.

بە رووخانی ناپلیۆن هەلومەرجی ئیتالیا هاتەوە سەر دۆخی جاران. پاشاکانی پێشوو هەرکامیان گەرانەوە سەر پاشایەتیی خۆیان. لە ئیتالیای دابەشکراودا دیسان هەر بێگانە بە دەسەڵات گەیشتنەوە. نەمسا ناوچەکانی وەك میلانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە کە ناپلیۆن لەم وڵاتەی جیاکردبۆوە و بە خاکی ئیتالیای لکاندبوو و ویلایەتی ڤێنیزیشی پێوە زیاد کرد و



خستیە ژێر دەسەڵاتی ئارشیدۆکێکی نەمسا کە لەلایەن ئیمپراتۆری نەمساوە حوکمی دەکرد. جگە لەوە فەرمانڕەوایانی تێسکان، مۆدێم و پارێمیش هەموویان نەمسایی بوون.

هەلومەرجی سیاسیی ئیتالیا لەو سەردەمەدا لە سێ رستەدا کورت دەبێتەوە: پارچەپارچەیی، سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی بێگانە. راپەڕین دژی دەسەڵاتی بێگانە و وەدەستهێنانی ئازادیی سیاسی و قانوونی بنەڕەتی لەو یەکەم هەنگاوانە بوون کە سەرەنجام بوون بەهۆی یەکیەتی و سەربەخۆیی ئیتالیا لە ساڵی ١٨٧٠دا.

یەکەم هەنگاوەکانی خەڵکی ئیتالیا راپەڕینێك بوو کە بەهۆی ئەفسەران و ئەنجوومەنە نهێنییەکان بەتایبەتی کۆڕی نهێنی کاربونارا بەڕێوە چوو. ئەو ئەنجوومەنە لەساڵی ١٨٠٧دا لە کێوەکانی ناپلدا پێکهات و ئامانجەکەی بریتی بوو لە خەبات دژی دەسەڵاتی ناپلیۆن و پاشان دەسەڵاتی نەمساییەکان کە (لە ١٨١٥ بەدواوە) بوو. ئەو ئەنجوومەنە زۆربەی ئەندامەکانی لە کرێکارانی کانگەی خەڵووزی بەردی ئەم ناوچەیە پێکهاتبوو و رەنگە هەربۆیەش وشەی کاربۆنارایان لەخۆیاننا و بەهۆی ئاڵۆزی و تێکۆشانی سیاسیی توندوتیژ وەك ئەنجوومەنێکی ئەفسانەیی لــێ‌هاتبوو.

پاش گەڕانەوەی هەلومەرجەکە لەساڵی ١٨١٥دا کاربونارا هەڵوێستی سیاسیی خۆی گۆڕی و لە جیاتی هێرش بۆسەر فەڕەنسییەکان کە ببوونە دۆست و هاوخەمی ئیتالیاییەکان هێرشەکانیان بە دروشمی یەکیەتی و ئازادی بۆ سەر نەمساییەکان دەست پێ‌کرد. پەرەگرتنی فراماسونێریش هەر لەو کاتەوە دەستی پێ‌کرد. کاربونارا و فراماسونێری هەردووکیان لایەنێکی هاوبەشیان هەبوو، ئەویش بواری ئەندام وەرگرتن بوو.

هەردووکیان ئەندامیان لەنێو لیبراڵەکانی دژی دەسەڵاتی قەشەکان و ئەفسەرانی دژی پاشادا وەردەگرت. ئەو مەسەلەیە بوو بەهۆی نزیکایەتیی ئەو دوو ئەنجوومەنە. ئەوانە توانییان رێپێوانێك لە ناپل (١٨٣٠) و پیەموون (١٨٣١) پێك بێنن و شا ناچار بکەن قانوونی بنەڕەتی قەبووڵ بکا. بەڵام ئەم هەنگاوە هیچ کات نەبوو بە گەلەکۆمەکییەکی جەماوەری و سەرەنجام هێزەکانی نەمسا سەرکوتی ئازادیخوازانی گرتە ئەستۆ و رێبەرایەتیی بزووتنەوەی پەرش و بڵاو کرد. بزووتنەوە سیاسییەکان بۆماوەی دە ساڵ لە ئیتالیادا کەوتنە حاڵەتی هەڵپەسێرانەوە و سەرلەنوێ لە تەواوی ناوچەکانی ئیتالیادا بەتایبەتی ویلایەتەکانی ژێر دەسەڵاتی پاپ سەرەڕۆیی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشایەوە.

لەکۆتایی ساڵی ١٨٣٠دا بزووتنەوەیەکی دیکە لە ویلایەتەکانی مۆدێن، پارێم و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پاپ دا دەستی پێکرد کە شۆڕشی ١٨٣٠ی فەڕەنسای کردبووە نموونەی خۆی. واتە خەڵکی ئەم شارانە بۆ وەدەستهێنانی قانوونی بنەڕەتی و ئازادی و چاپەمەنی و... هتد دەستیان بە ڕاپەڕین کرد. لە هەموو جێگەیەك، بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی کلێسا نارەزایی و فشاری سەرەڕۆیی خەڵکی بۆ خرۆشان هان دەدا و پاپ بەردەوام داوای یارمەتیی لە فەڕەنسا دەکرد. هەرچەند ئەم شۆڕشانە سەرکوت دەکران بەڵام خەباتی خەڵکی ئیتالیا پێی دەنایە قۆناغێکی نوێوە کە ڕێگەی بۆ یەکیەتی خۆش دەکرد. چونکە ئەگەر تا ئێستا خەبات لەلایەنی ناوچەیی و پچڕپچڕی هەبوو لەو کاتەوە ڕەوتە جیاجیاکان لە ڕێگەی بەرنامەی هاوبەشەوە بەیەکترەوە گرێ دەدران. یەکێك لەو ڕێبەرانەی کاریگەرییەکی زۆری لەم ڕێکخستنەدا هەبوو مازینی بوو. ئەو دامەزرێنەری ئەنجوومەنی نهێنیی ئیتالیای لاو بوو کە ئەندامی تەنیا لەنێو کەسانی چل ساڵ بۆ سەرەوە وەردەگرت و ئامانجەکەشی دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری یەکیەتیی ئیتالیا بوو. ئەو کەمێك دواتر دیسان بەرنامەی خۆی بەشێوەیەکی بەربڵاوتر دەست پێکردەوە و باسی لە ئەورووپای لاو و پێك هاتوو لە ڕژێمە کۆمارییەکانی برا دەکرد. لەساڵی ١٨٤٤دا لقەکانی ئەورووپای لاو لە وڵاتانی دیکەش وەك پۆلۆنیای لاو، ئەڵمانیای لاو، سویسی لاو، فەڕەنسای لاو و ئیتالیای لاو کە هەمووی لەژێر چاودێریی کومیتەیەك دابوون، پێك هاتن. مازینی دوژمنی کلێسا بوو بەڵام بەدڵ مرۆڤێکی بەئیمان و لەخوا ترس بوو. دروشمەکەی بریتی بوو لە ئازادی، بەرابەری، مرۆڤایەتی، یەك خودا، یەك دەسەڵات و حوکمی خودایی بوو. دەوروبەر و هاوکارەکانی مازینی زۆربەیان لەچینی دەوڵەمەند بوون. هەرچەند مازینی لە کاربۆنادا بەدوای پاکی دا بوو بەڵام لە کردەوەدا هەر شێوەی تیرۆری هەڵبژاردبوو.

هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی مازینی، لە سەرەتاکانی دەیەی ١٨٤٠دا بزووتنەوی ئازادیخوازانەی ڕابوون (ریزورجیمینتۆ) لەنێو ئەدیبەکاندا پێکهات و بە بڵاوکردنەوەی چەند نامیلکە و کتێب ناوبانگێکی شیاو و مەقبوولییەتێکی جەماوەریی پەیدا کرد. بەڵام هەموو ئەم کارانە پێویستییان بە هەنگاوی بە کردەوەی واقیعبینانە هەبوو کە پاش شۆڕشی ١٨٤٨ پێکهات. ئەگەر لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠،١٨٢٠دا ئیتالیاییەکان چاوەڕێی نموونەی دەرەوە بوون، لە شۆڕشی ١٨٤٨دا هەستی دژایەتی لەگەڵ نەمسا بە ڕادەیەك بوو کە خەڵکی ویلایەتەکانی ڤینزو لومباردی هەرکارێکی زانیبایان پێچەوانەی قازانجەکانی نەمسایە خۆیان لە ئەنجامدانی دەبوارد. بۆوێنە خۆیان لە کێشانی جگەرە دەپاراست چونکە سەرچاوەیەکی داهات



بوو بۆ دەوڵەتە دەسکردەکان (بیرهێنەرەوەی ڕووداوی خەڵوز لە ئێراندا کە چەند ساڵ دوای ئەوە ڕوویدا) تەنانەت سۆزانییەکانیش جوابی ئەفسەرانی ئەڵمانی و نەمسایییان نەدەدایەوە.

ئەوەی لەم ساڵەدا یارمەتیی بزووتنەوەی ئیتالیای دەدا شۆڕشی ڤیەن بوو کە بوو بەهۆی ڕووخانی مەتەرنیخ و وای لـێهات نەمسایییەکان نەتوانن بزووتنەوەی ئیتالیا بە تەواوی و بە خێرایی سەرکوت بکەن. لیبڕاڵەکانی پیەموون بڕیاریاندا کەڵك لە هەلومەرجەکە وەربگرن و نەمسایییەکان بە تەواوی لە ئیتالیا دەربکەن. کاڤور لە گۆڤاری ریزورجیمینتۆ پاشای ساردینی هان دەدا لەدژی نەمسا شەڕ بکا.

شا فەرمانی بە سوپا دا و ڕەوانەی لۆمباردیی کرد. هێزەکانی تیسکان، پاپ، ناپلیش پێڕەوییان لـێکرد. تا ئەم کاتە شۆڕش نێوەڕۆکێکی لیبڕاڵیی تێکەڵ بە ناسیۆنالیزم و سەڵتەنەتخوازیی هەبوو و پاشاکانی ئیتالیا ئامادە بوون لە دژی بێگانە یەك بگرن. بەڵام وردە وردە دووبەرەکی کەوتە نێوان سەڵتەنەتخوازەکان و کۆماریخوازەکان و ئەم دووبەرەکییە بوو بەهۆی لاوازبوونی بزووتنەوەی یەکیەتیی ئیتالیا و سوپای بێگانە توانی بە ئاسانی هەلومەرجەکە بێنێتەوە سەر دۆخی جاران. سوپای وڵاتانی فەڕەنسا، ئیسپانیا و نەمسا و ناپل یارمەتیی پاپیاندا و سوپای نەمسا لۆمباردی و ڤێنیز (ڤینیسیا) و ناوچەکانی باکووری ویلایەتەکانی کلێسای گرت و سوپای فەڕەنسا مەئموور کرا بارودۆخی ڕۆما بێنێتەوە سەر حاڵەتی خۆی. لەهەموو ناوچەکان شۆڕش لەگەڵ شکست بەرەوروو بوو.

تەنیا پاشای ساردنی قانوونی بنەڕەتیی قەبووڵ نەکرد و ئاڵای سێ‌ڕەنگی نەتەوەیی کردە ئاڵای خۆی و بوو بە سەرچاوەی هاندانی هەستی نەتەوایەتی و زەمینەی بۆ یەکیەتیی ئیتالیا خۆش کرد. ڤیکتۆر ئیمانوئێلی دووەم، پاشای ساردنی لەگەڵ وەزیرەکەی کاڤور وەدیهێنانی یەکیەتیی ئیتالیایان خستە نێو بەرنامەی خۆیانەوە. لەمەوبەدوا بزووتنەوەی یەکیەتیی ئیتالیا کە تا ئەو کاتە لەژێر کاریگەریی مازینی و مێتۆدی ئارمانی خەیاڵی (ئایدیاڵی ڕۆمانتیکی)ی وی دابوو پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و کەوتە دەستی ڕێبەرایەتیی واقیعبینانەی کاڤورەوە. کاڤور لە ساڵی ١٨١٠دا لە بنەماڵەیەکی ئەرسیتوکراتدا لە دایك بوو و لە سەردەمی لاوەتی لە سوپادا خزمەتی کرد و لە ساڵی ١٨٣٠دا بەهۆی لایەنگری لە شۆڕشەکانی ئەم ساڵەدا لە سوپا دەرکرا. زمانی زگماکیی ئەو فەڕەنسی بوو و دوکتورینی لیبڕاڵ بۆرژوایی فەڕەنساش شوێنی لەسەر دانابوو و ریفۆرمی ئابووری و بیری مەشرووتەی پاشایەتیی لە ئینگلیزەکان فێر ببوو و دژایەتییەکی توندی لەگەڵ دەستێوەردانی کلێسا لە کاروباری دەوڵەتدا دەکرد. ئەو کە

خاوەنی تایبەتمەندیی بەرز و لێهاتوو بوو، بوو بە گەڵاڵەدارێژەری سەرەکیی یەکیەتیی ئیتالیا. لە کارە گرنگەکانی وی ئەوە بوو کە چارەنووسی ئیتالیای بە چارەنووسی ئەورووپاوە گرێدا.

ئەو لەپێشدا لەگەڵ لایەنگرانی یەکیەتیی ئیتالیا کە لە تاراوگە بوون و ئەوانەش کە لەنێوخۆ بوون پێوەندیی دامەزراند. لەو کاتەدا ئیدی کەم کەس هەبوو باسی کۆماری بکا. بیروبۆچوونی کاڤور لەهەموو شوێنێك جێگەی پەسەندی یەکیەتیخوازان بوو. کاڤور لەوە واقعبینتر بوو کە ئەو پێشەکییانە بۆ یەکیەتیی ئیتالیا بە بەس بزانێ. ئەو بە پێچەوانەی نیشتمانپەروەرانی ساڵی ١٨٤٨ باوەڕی وابوو ئیتالیا ئەوەندە بەهێز نییە کە بە تەنیا پێ بنێتە مەیدانەوە. بەڵکو دەبێ یارمەتی لە وڵاتێکی دیکە بخوازێ. بەشداریی سوپای ساردنی لە شەڕەکانی کریمەدا (١٨٥٣-٥٦) بە لایەنگری لە فەڕەنسا و بریتانیا هەرچەند بە کردەوە سوودێکی بۆ ئیتالیا نەبوو ڕێگەی بۆ بەشداریی ساردنی لە کۆنگرەی پاریسدا کردەوە، هەرچەند نەمساش دژایەتیی لەگەڵ ئەمە کرد. جگە لەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ساردنی بچێتە نێو ریزی وڵاتانی ئەندامی کۆنسێرتی ئەورووپا و بکەوێتە پاڵ وڵاتانی ئازاد.

دوو وڵاتی ئینگلیز و فەڕەنسا تەنیا وڵات بوون ئیتالیا دەیتوانی پشت بە یارمەتییان ببەستێ. بەڵام پشتیوانیی بریتانیا لە پشتیوانیی سیاسی تێنەدەپەڕی. لە حاڵێکدا ئیتالیا پێویستیی بە یارمەتیی نیزامی هەبوو. هەربۆیە کاڤور ناپلیۆنی سێیەمی بە باشترین پشتیوان دەزانی. هەروەك گوترا، ناپلیۆنی سێیەم پاش کۆنگرەی پاریس (١٨٥٦) بوو بە خاوەنی ئابڕوو و شکۆیەکی تایبەتی لە ئەورووپادا و بڕیارەکانی گرنگییەکی تایبەتییان هەبوو. ناپلیۆن کە رۆژگاریك ژیانی نیوە نهێنیی خۆی لە ئیتالیادا بەسەر بردبوو جۆرێك هەستی هاودەردیی لە بەرامبەر ئەو وڵاتەدا هەبوو، چونکە لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و پەرەپێدان بە نفووزی خۆیدا بێباك بوو، باشترین کەسایەتی بوو کاڤور دەیتوانی پشتی پێ ببەستێ. ئیتالیاییەکان تەنانەت چەندین جار دەستیان کرد بە توندوتیژی بۆئەوەی سەرنجی وی رابکێشن. سەرەنجام پاش دوایین دەستدرێژی لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی ئیتالیای لاو بەناوی ئورسینی بوو، ناپلیۆنی سێیەم کاڤوری بانگهێشتن کرد کە لە لاپلومبێر چاوی پێبکەوێ و لەبارەی چارەنووسی ئیتالیادا قسەی لەگەڵ بکا. لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە ساڵی ١٨٥٨دا روویدا ناپلیۆن بەڵێنیدا تەواوی شانشینی لۆمباردی و ڤێنتیسیا لەنەمسا بستێنێتەوە و بیداتەوە ئیتالیا. لە بەرامبەردا ئیتالیا ویلایەتی ساڤوئی و ڤینیز بداتە ناپلیۆن.



بەگوێرەی ئەم کاردروستایەتییانە، ناپلیۆن لەساڵی ١٨٥٩دا شەڕی لەگەڵ نەمسا دەست پێکرد. (دیارە شەڕەکەی نەمسا لەدژی ساردنیدا دەستی پێکرد.) شەڕەکە هەر بەتەنیا شەڕی نێوان دەوڵەتان نەبوو بەڵکو حیزبەکانیش دەستیاندایە. هەموو ئەو حیزب و کەسانەی لایەنگری پاشایەتیی سەرەڕۆ و دەسەڵاتی پاپ بوون کەوتنە پاڵ نەمساوە (تەنانەت لە فەڕەنسا شەڕ لەلایەن ئەم گرووپانەوە مەحکووم کرا.) هەموو نیشتمانپەروەران و لایەنگرانی یەکیەتیی ئیتالیا، فراماسۆنەکان و حیزبە لیبڕاڵییەکان و لائیکەکان لە ئەورووپا پشتیوانییان لە ئیتالیا کرد. سەرکەوتنی هێزەکانی فەڕەنسا و ساردنی لە ئەگێنتا زۆر بەرچاو بوو و نەمساییەکان لۆمباردییان بەتەواوی چۆڵ کرد. بەڵام شەڕی سۆلفرینۆ بە چل هەزار کوشتەوە ناپلیۆنی تووشی بەزەیی کرد و داوای دەست هەڵگرتنی لە شەڕ کرد. دیارە ئەو هەڵوێستە لە رووی سیاسی و نیزامیشەوە بێهۆ نەبوو. چونکە سوپای ناپلیۆن لاواز ببوو و لەوانە بوو درێژەکێشانی شەڕ ببێتە هۆی پەرەگرتنی نارەزایەتی. جگە لەوەش پێشڕەویی لەڕادەبەدەری ناپلیۆن دەبووە هۆی نارەزایەتیی هێزەکانی دیکەی ئەورووپا وەك رووس و پرووس. سەرەنجام ئەو پرسیارە هاتە گۆڕێ کە ئایا یەکیەتیی ئیتالیا بە قازانجی فەڕەنسایە یان ناپلیۆن پێی باش بوو ئیتالیاش وەك ئەڵمانیا لە کۆنفیدراسیۆنێك پێك بێ کە بتوانێ دەست لە کاروبارەکانی وەر بدا.لە چاوپێکەوتنی جولای ١٨٥٩ لە ویلافرانکا، لەنێوان ناپلیۆن و فرانسوا ژۆزێف ئیمپراتۆری نەمسادا پێشنووسی ئاشتییەك ئیمزا کرا (پەیماننامەی کۆتایی لە زووریخ ئیمزا کرا) کە بەپێی ئەو پێشنووسە نەمسا ویلایەتی لۆمباردیی دەدا بە ساردنی، ئەوە یەکەم هەنگاو بوو لە رێگەی یەکیەتیی ئیتالیادا. ئیتالیاییەکان دڵیان لەو کارەی ناپلیۆن رەنجا. چونکە چاوەڕێی ئەوە بوون شەڕەکە تاکو گەڕانەوەی ڤینیز و یەکیەتیی باکووری ئیتالیا تا لێوارەکانی ئادریاتیك درێژەی هەبێ و ناپلیۆن بەڵێنەکانی بەجێ بگەیەنێ، ناپلیۆن لە بەرامبەر ئەم پاشگوێخستنەدا چاوی لە ساڤۆئێ و ڤینیز لە خستنە سەر خاکی فەڕەنسا پۆشی.

لەماوەی شەڕدا ڤیکتۆر ئیمانوئێل داوای لەهەموو خەڵکی ئیتالیا کردبوو چەك بگرنە دەست و هەستی یەکیەتیخوازیی لەهەموو جێگەیەك بڵاوکردبۆوە. لەزۆربەی ویلایەتەکانی باشووردا هەلومەرجەکە بۆ یەکیەتی لەگەڵ ساردنی لەبار بوو. ویلایەتەکانی تیسکان، ڤێنیز، پارێم، مۆدێن و رومانی بە زۆربەی دەنگ حەزی خۆیان بۆ یەکیەتی لەگەڵ ساردنیدا راگەیاند. هەرلەو کاتەشدا رەزامەندیی ناپلیۆنی سێیەمیش بۆ وەسەریەك کەوتنەوەی رۆمانی و دوشەها کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پاپ بوون، پێویست بوو. کاڤور کە دەیزانی ناپلیۆنی سێیەم

حەزی لە ساڤوئێ و ڤینیز بوو بۆ خستنە سەر خاکی فەرەنسا، لکاندنی ویلایەتەکانی باشووری لەجێگەی ڤینیسی لە بەرامبەر ساڤۆئێ و ڤینیزدا پێشنیار کرد. بەمجۆرە ڕەزامەندیی ناپلیۆنی وەدەست هێنا. لە جۆنیوەریی ١٨٦٠دا ویلایەتەکانی تیسکان، مۆدێن، پارێم و ڕۆمانی و هەرلە کۆتایی ئەو ساڵەدا ناپل مەرەشە و ئەمبری خستە سەر ساردنی و پاشایەتیی ئیتالیا ڕاگەیەندرا. بەڵام ئەو یەکیەتییە هێشتا تەواو نەبوو، چونکە ڤێنیسی لەبەردەستی نەمسا، ڕۆم لەبەردەستی پاپدا مابوونەوە. لەساڵی ١٨٦٦دا شەڕی پرووس و نەمسا دەرفەتێکی دیکەی دا بە ئیتالیاییەکان تا لە دژی نەمسا بێتە مەیدانی شەڕ. لەم شەڕەدا سوپای نەمسا لە بەرامبەر سوپای پرووس لە سادوادا بە چۆك داهات. بەڵام بەسەر ئیتالیادا سەرکەوت. نەمسا داوای لە ناپلیۆنی سێیەم کرد کە نێوبژیوانی بکا تاکو خۆی لە هێرشی زیاتری پرووس دەرباز بکا. ناپلیۆن بەو مەرجە کە نەمسا ڤینیز بداتە ئیتالیا نێوبژیوانییەکەی قەبووڵ کرد. بەمجۆرە ویلایەتی ڤێنیزیش لە ساڵی ١٨٦٦دا خرایە سەر ئیتالیا. لەمەوبەدوا خودی ناپلیۆن کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی یەکیەتیی ئیتالیا بوو وەك کۆسپێك هاتە سەر ڕێگەی یەکیەتیی یەکجاریی ئیتالیا. ناپلیۆن لەلایەن کاسولیکەکانی فەرەنساوە پشتیوانیی لـێدەکرا. بۆ ڕەزامەندیی ئەوان پشتیوانیی لە دەسەڵاتی سیاسیی پاپ دەکرد. چونکە هێزەکانی گاریبالدی لە ساڵی ١٨٦٧دا پاشەکشەی کرد، هیچ شتێك جگە لە رووخانی ناپلیۆن لەساڵی ١٨٧٠ لەبەرامبەر سوپای پرووسدا نەیتوانی ڕۆم بخاتەوە سەر ئیتالیا. هەرکە پرووس هێرشی کردە سەر فەرەنسا، لەم ساڵەدا ناپلیۆن هێزەکانی خۆی هێنایەوە وڵات کە لە ساڵی ١٨٤٩وە بۆ بەربەرەکانی لەدژی پرووس لە ڕۆمدا هێشتبوونیەوە. هەرکە فەرەنسا لە سیدان شکستی خوارد، ئیتالیاییەکان هێرشیان کردە سەر ڕۆم و ئەو شارەیان گرت.

پەسەندکردنی لکاندنی ویلایەتەکانی پاپ بەخاکی ئیتالیاوە خرایە ئەستۆی دەنگی گشتی-یەوە و بە ١٣٠هەزار دەنگی بەڵێ لە بەرامبەر ١٥٠٠دەنگی نەخێردا ناوچەکانی کڵێسا کەوتنە سەر ئیتالیا و، ڕۆم وەك پایتەختی نوێی ئیتالیای یەکگرتوو دیاری کرا (یەکەمی ئاگوستی ١٨٧١). بەڵام یەکیەتیی ئیتالیا هێشتا هەر مابوو. چونکە ویلایەتەکانی ئیرەدێنت یان ئەوانەی هێشتا نەلکابوون وەك تیرۆول، تیرییست هەروا لەبەر دەستی نەمسادا بوون.



## ب ـ یەکیەتی ئەڵمانیا

ئۆتۆنی مەزن لە بنەماڵەی ساکسۆنەکان لەساڵی ٩٦٣ دا نازناوی ڕەسمیی "ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆمەن — جێرمەنی"ی بۆ پاشایەتیی خۆی لە ناوچەی ئەم ئەڵمانیای ئەمڕۆدا هەڵبژارد. پاشان لە ١٤٣٧ی زایینیدا کە ئەو نازناوەیان پێبڕا بوو. سەرەڕای شەڕەکانی سی ساڵە و پەیماننامەکانی وێستیڤاڵیا (١٦٤٨) کە جیایی مەزهەب و سیاسەتی بەرەسمی ناسی و پاش ئەوەش ئەڵمانیا کرا بە ٣٥٠ میرنشینی سەربەخۆ، ئەو ناوە بێنێوەرۆکە هەروا لەسەر ئەڵمانیا مایەوە. تا سەرەنجام بە هێرشی ناپلیۆن لەساڵی ١٨٠٦دا فرانسوای دووەم ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و نەمسا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، نازناوی "ئیمپراتۆری ڕۆمەن ـ جێرمەن"یش نەما.

کۆنگرەی ڤیەن ١٨١٥ بە پێداگرتن لەسەر ئەسڵی مەشرووعیەت، ڕێگەی بۆ گەڕانەوەی دۆخی پێشوو خۆش کرد و زۆربەی شازادە ئەڵمانیاییەکان گەڕانەوە سەر تاج و تەختی خۆیان. بەڵام لەجێگەی ٣٥٠ میرنشین تەنیا ٣٨ ویلایەتی خودموختار کە وەك ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی جێرمەن (بە سەرۆکایەتیی ئیمپراتۆری نەمسا) سەیریان دەکرا، پێك هات. پێکهاتنی کۆنفیدارسیۆنی جێرمەن ئەویش بە سەرۆکایەتیی دەوڵەتێکی بێگانە بۆ خەڵکێك کە ساڵانێکی زۆر پەرەیان بە هەست و ئاواتە نەتەوایەتییەکانیان دابوو، وەڵامێکی گونجاو نەبوو. بەڵام بۆ ئەو شازادانەی گەڕابوونەوە سەر تەخت و بۆ ئەو هێزانەی لە هەستی شۆڕشگێڕی دەترسان، شتێکی زۆر خۆش بوو.

لەمەودوا ئەنجوومەنی فیدراڵ (دیت) بە بەشداریی نوێنەرانی دەوڵەتیی ویلایەتەکانی ئەڵمانیا لە فرانکفۆرت لەلایەك، لایەنی ڕقەبەری پرووس و نەمسا بوو و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خۆی ببوو بە ئامرازێکی قانوونی بۆ سەرکوتی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان کە بۆ ماوەیەك شوێنی لەسەر ڕقەبەرایەتیی ئەو دوو وڵاتەش دانا. کەوابوو گەڕانەوەی هەلومەرجی پێشوو لە ئەڵمانیادا بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و نەتەوەخوازەکان هاوکات لەگەڵ وڵاتانی دیکەش ئەم وڵاتەشی تووشی ئالۆزی کرد. لە ساڵەکانی ١٨١٨ تا ١٨٣٠ هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو ئەو خوێندکارانەدا کە لە شەڕ دژی فەرەنسادا بەشدار ببوون سەری هەڵدا. ئەوانە پێشتر کۆمیتەیەکی نهێنییان دامەزراندبوو و دەستدرێژی بۆ سەر گیانی سەرۆکی دەوڵەت، ((ناساو)) لەلایەن خوێندکارێکەوە بیانووی پێویستیدا بەدەست مەتەرنیخ تاکو هەروەك پێشتر باسمان کرد لە کۆنفرانسەکانی کارلسباد (١٨١٩) و ڤیەن (١٨٢٠) مۆڵەتی سەرکوتی بزووتنەوە و

هەڵوەشاندنەوەی قانوونی بنەڕەتیی ویلایەتەکانی باشوور وەربگرێ. ئەڵمانیاییەکان تا ساڵی ١٨٣٠ دەرفەتی هیچ چەشنە دژایەتییەکیان لەگەڵ رژێمە دیکتاتۆرەکاندا بۆ هەڵ نەکەوت. بەڵام لەو کاتەوە تا ئەو ساڵە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە بیروبۆچوونی رووناکبیرانی ئەڵمانیادا پێك هات. ترس لە فەڕەنسا و ناپلیۆن جێگەی خۆی دابوو بە رق و نەفرەت لە دیکتاتۆری. ئەڵمانیایایی‌یەکان لەمەوبەدوا لە رووی هەستی هاودەردی دەیانڕوانیە نەتەوە ژێردەستەکان کە بۆ ئازادیی خۆیان خەباتیان دەکرد بۆ وێنە فەڕەنسەوییەکان و پۆلۆنییەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە، وەك دەستدرێژیکەر بۆ سەر مافەکانیان سەیری پرووس و نەمسایان دەکرد.

لەئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕە فکرییەدا، عیشقی ئازادی و هەبوونی قانوونی بنەڕەتی بیری یەکیەتیی نەتەوەیی‌یان دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. شۆڕشگێڕە لیبڕالیستەکانی ١٨٣٠ جموجۆڵیان خستە نێو ئازادیخوازەکانی ئەڵمانیایشەوە و بەهۆی ئەو ترسەی کە ئەم شۆڕشە خستبوویە نێو دڵی شازادە زاڵەکان بەسەر ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا، یەك بەدوای یەك ملیان بۆ قانوونی بنەرەتی و هێندێك ئازادی راکێشا. بەڵام پاش ئەوەی مەترسییەکە رەوییەوە بە بیانووی جۆراوجۆر پێشیان بە ئازادیی خەڵك گرت. لە شۆڕشە دێموکراتیکەکانی ١٨٤٨یش‌دا سەرەڕای سەرکەوتن لە رۆژەکانی یەکەم‌دا سەرەنجام دەسکەوتێکیان لـێ‌نەکەوتەوە.

لەو سەردەمەدا لیبڕالەکان ببوونە دوو بەش: توندڕەوەکان کە لایەنگری پێکهاتنی کۆماری دێموکراتیك بوون و میانەرۆکان کە خوازیاری سازان لەنێوان بیری یەکیەتی و لیبڕاڵیزم لەگەڵ پاشایەتیی موتڵەقەدا بوون. ژمارەیەکیش پێشنیاریان بە پاشای پرووس کرد پۆستی ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا قەبووڵ بکا تاکو لەژێر چۆکی نەمسایی‌یەکان بێنەدەر. بەڵام پاشای پرووس بەهۆی رێزێك کە بۆ بیری مەشرووعیەت هەی‌بوو و هەروەها بەهۆی ترس لە تێکهەڵچوون لەگەڵ مەتەرنیخ و رەنگە بەهۆی سووکایەتییەك کە بە ئازادیخوازانی دەکرد، قەبووڵی نەکرد. جێگیربوونی پاشایەتییە موتڵەقەکان لە ڤیەن و بەرلین کۆتایی بە جموجۆڵی لیبڕاڵەکان و دێموکراتەکان هێنا.

دوای ماوەیەك پاشای پرووس کەوتە فکری فیدراسیۆنێك لە ویلایەتەکانی باکووری ئەڵمانیا، لەگەڵ ئۆلتیماتۆمی نەمسا (پاشەکشەی ئۆموتز، نۆڤەمبەری ١٨٥٠) بەرەوڕوو بوو. دوای ئەوە ئاگری رقەبەرایەتیی پرووس و نەمسا لە ئەڵمانیادا بلێسەی سەند.

شکستی شۆڕشی ١٨٤٨ لە ئەڵمانیادا کە بە بۆچوونی نووسەرێکی فەڕەنسی (خاوەن بیروبۆچوونی مارکسیستی)، "لەئاکامی دوورکەوتنەوەی رووناکبیرانی ئەم شۆڕشە بوو لە



کۆمەڵانی خەڵکدا" کاری یەکیەتیی ئەڵمانیا تا هاتنە سەرکاری بیسمارك وەدوا خست. ئەگەر لە یەکیەتیی ئیتالیادا، مازینی، کاڤور، ڤیکتۆر ئیمانۆئێل، گاریبالدی و تەنانەت ناپلیۆنی سێیەم دەوریان هەبوو، لە یەکیەتیی ئەڵمانیادا بیسمارك بە تاقی تەنیا ئەم کارە گرنگەی کرد.

کاردروستایەتی‌یەکە بەو شێوەیە کرا کە بە هاتنەسەرکاری گیوومی یەکەم (ویلهیلّمی یەکەم) لە ساڵی ١٨٦١دا کە ئەویش وەك ئەندامانی بنەماڵەی هوهێن زۆلێرن پیاوێکی مەزنیخواز بەڵام بێ‌هونەر بوو، گرنگییەکی زۆری دەدا بە هێزی نیزامیی وڵات. یەکەم هەنگاوی وی بەهێزکردنی سوپا و بەڕێوەبردنی دووبارەی قانوونی کۆنی (١٨١٤)ی سیستەمی سەربازی بوو ( سێ ساڵ خزمەت لەژێر ئاڵادا و چوار ساڵیش یەدەگ). ئەو بەهێزکردنی بناخەی نیزامیی بەمەبەستی ئامانجە بەرزەفڕانەکانی خۆی دەویست و بەجۆرە ژمارەی سوپای گەیاندە ٢٢٠هەزار کەسی ئامادە و ٢٢٠ هەزار کەسی ئیحتیات. ئەوەی لەو سەردەمەدا پرووسی گەیاندە لووتکەی دەسەڵات هەڵبژاردنی بیسمارك بە راوێژکاری بەرزی پرووس بوو. ئەو لە ساڵی ١٨٦٢ لەوپەڕی ناهومێدی‌دا بیسمارکی لەو پۆستەدا دانا. چونکە ئەنجوومەنی ویلایەتی پرووس لەو کاتەدا لەژێر فشاری چینی مامناوندیدا لەگەڵ زیادکردنی باج کە بۆ بەهێزکردنی سوپا پێویست بوو، دژایەتیی دەکرد و بە بۆچوونی ئەو بیسمارك کەسێك بوو کە توانای چارەسەری ئەم کێشەیەی هەبوو.

"شازادە ئاتوفێن بیسمارك" لە ساڵی ١٨١٥ دا (واتە ئەو کاتەی کۆنگرەی ڤیەن بەڕێوە دەچوو) لە یەکێك لە بنەماڵە ئەریستۆکراتەکاندا لەدایك بوو. ساڵی ١٨٤٧ بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی ویلایەتیی پرووس و ساڵی ١٨٥١ تا ١٨٥٨ وەك نوێنەری پرووس لە ئەنجومەنی فیدراڵیی فرانکفۆرت هەڵبژێردرا. پاشان لە ساڵی ١٨٥٩ تا ١٨٦٢ وەك باڵیۆزی پرووس لە دەرباری سان پیترزبۆرگ دیاری کرا و لەساڵی ١٨٦٢دا چەند مانگ بەرلەوەی ببێ بە راوێژکاری بەرزی پرووس وەك باڵیۆزی ویلهیلّمی یەکەم لە پاریس ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. فەرمانی راوێژکاریی بەرزی پرووس بەناوی بیسمارکەوە لەساڵی ١٨٦٢دا یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی ئەورووپا لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا بوو.

ئەو ئەزموونێکی زۆری لەماوەی بوونە باڵیۆزی لە دوو پێتەختی گرنگی ئوورووپادا کۆکردبۆوە و لێهاتوویی‌یەکی بێ‌وێنەی هەبوو. ئەمە ئەوی کردە گەورەترین سیاسەتمەداری سەردەمی خۆی. ئەو هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی خۆی بە قووڵی خوێندەوە. لەلایەکی دیکەوە دیتی خەڵکی ئەڵمانیا بەوپەڕی ئۆگرییەوە تینووی یەکگرتن و

نوێکردنەوەی یەکیەتی و گەورەیی خۆیانن و بیسمارك کە بەجێهێنانی کارە گرنگەکانی تەنیا لەرێگەی "خوێن و ئاسن"ەوە دەزانی هاتە سەر ئەو باوەڕە کە لەم رێگەیەوە و لەژێر ئالای بنەماڵەی هۆهێن زولێرندا یەکیەتیی ئەڵمانیا وەدی بێنێ. هەرچەند نێوانی لەگەڵ رەوتە مێژوویی‌یەکانی سەدەی نۆزدەدا خۆش نەبوو، بڕیاریدا سواری شەپۆلی بەهێزی سەدە واتە ناسیۆتالیوم بێ و بیخاتە خزمەتی ئامانجە بەرزەفڕانەکانی خۆیەوە. بیسمارك ئامرازی کاری خۆی لەهەر جێگەیەك بوایە وەدەست دەهێنا و هەر کە بەمەبەستی خۆی دەگەیشت فڕێی دەدا. هیچ چەشنە رێزێکی بۆ شانازی و شکۆمەندی دانەدەنا. تەنیا ئامرازی وی هێز بوو، بەڵام لەهەر جێگەیەك پێویست بوایە خۆی خۆشەویست دەکرد. رێزی لە پەیماننامەکان دەگرت تا ئەو کاتەی بە قازانجی بوایە، واتە ماکیاڤیلیستێك بوو کە قەت دەست وپێی خۆی نەدەبەست. هەمیشە بە روونی بیروبۆچوونەکانی دەردەبڕی، بەڵام لە هەڵبژاردنی رێگەکانی پێگەیشتنیاندا وردەکارییەکی بێوێنەی لەخۆی نیشان دەدا. زۆر کەللەشەق و خۆڕاگر بوو و لە بڕیارەکانی‌دا کەم وابوو تووشی هەڵە بێ.

بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان، لیبڕاڵیستەکان و یەکیەتیخوازانی ئەڵمانیا تا سەردەمی بیسمارك بەهیچ کوێ نەگەیشتبوون. ئەڵمانییەکان تەنیا توانیبوویان یەکیەتییەکی گومرگی لەنێو خۆیاندا پێك بێنن. لە ساڵی ١٨٣٦دا زۆربەی میرنشینەکانی ئەڵمانیا ئەندامی ئەو یەکیەتی‌یە یا "زولڤێرن" بوون. پرووس رۆڵی رێبەرایەتییەکەی لەئەستۆ بوو. بەمجۆرە نفووزی ئابووریی پرووس لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا زۆر پەرەی سەندبوو. بەڵام ئەوەی مەبەستی کۆمەڵانی خەڵکی ئەڵمانیا بوو واتە یەکیەتیی سیاسیی ئەڵمانیا، بیسمارك لەماوەی سێ شەڕدا وەدیی هێنا. ئەوەش نەدەکرا ئەگەر لێهاتوویی بیسمارك و سوپایەك نەبوایە کە ویلهیلم پێکی هێنابوو.

سەرەتا لەساڵی ١٨٦٤دا وێڕای نەمسا شەڕی لەگەڵ دانیمارك دەست پێکرد. دانیمارك ویلایەتە ئەڵمانییەکانی شێلێزویگ، هێڵشتینی داگیر کردبوو و پرووس چەندین جار داوای کردبوونەوە. بەڵام ئێستا هەم سوپای پرووس دەسەڵاتی ئەم کارەی هەبوو و هەم هەلومەرجی نێونەتەوەیی لەبار بوو. پاش گرتنی ئەم دوو ویلایەتە لەسەر بەڕێوەبردنیان لەنێوان نەمسا و پرووسدا کێشە ساز بوو. بەئیمزاکردنی کۆنڤانسیۆنی گاشتاین لەمانگی ئاگوستی ١٨٦٥دا کێشە بۆماوەیەك کۆتایی هات و ئیدارەی دوك نشینەکان لەنێوان دوو دەسەڵاتدا دابەش بوون. بەڕێوەبردنی هێڵشتین کەوتە ئەستۆی نەمسا و ئیدارەی شێلزویگیش کەوتە ئەستۆی پرووس.



لەوانەیە مەبەستی بیسمارك لە چارەسەری کاتیی کێشەکە وەدەستهێنانی کەش‌وهەوای دیپلۆماتیکی پێویست بوو بێت بۆ کێشە لەگەڵ نەمسا. هەروەها نیگەرانیی لەدژکردەوەی خەڵکی دوو ویلایەتەکە و هەستی دژی پرووس ئەوانیش هۆیەکی دیکەی مودارای کاتیی بیسمارك بوون. بەڵام رێککەوتنی گاشتاین رێگەچارەیك نەبوو بۆئەوەی کێشەی نەمسا و پرووس لەنێو بەرێ. چونکە وەدیهاتنی ئامانجەکانی بیسمارك شتێك نەبوو کە نەمسا بتوانێ لە بەرامبەریدا بێ‌موبالات بێ. لێهاتوویی بیسمارك وای کرد شەڕەکە بەجۆرێك بەرێوەبچێ کە دەستی پێکرد شکستی نەمسا لەچەند حەوتوویەك زیاتری پێ‌نەچوو. بیسمارك هاوکات لەگەڵ خۆئامادەکردن بۆ شەڕدا رێگەی هاوکاریی لەگەڵ ئیتالیاش خۆش کرد و لە بێ‌لایەنیی ناپلیۆنی سێیەمیش دڵنیا بوو و ئاگاداری هەڵوێستی دۆستانەی رووسیا بەرامبەر بە پرووسیش بوو. بەو پێشەکییانەوە پرووس چووە شەڕی نەمسا ئەوەش لە حاڵێك دابوو زۆربەی شازادەکانی ئەڵمانیا کەوتبوونە پاڵ ئەم وڵاتەوە. سوپای پرووس سەرەتا ویلایەتەکانی باکووری ئەڵمانیا وەك هانۆڤەر، هیس، کاسیل و نەساوی داگیر کرد و رووی کردە باشووری رۆژئاوا و بێ‌هیچ چەشنە گیروگرفتێك ساکس و باویەریشی گرت.

شکستی سادوا نەمسای ناچار کرد مەرجەکانی پرووس قەبووڵ بکا. یەکەم بەرهەمەکانی شەڕ لێکهەڵوەشانی فەرمیی کۆنفیدراسیۆنی ئەڵمانیا بوو. نەمسا جگە لەوەی کە ئەو هەڵوەشانەی بە رەسمی ناسی، قەبووڵی کرد کە رێکخراوێکی نوێ بەبێ بەشداریی نەمسا بۆ بەرێوەبردنی ئەڵمانیا دیاری بکرێ. پرووس لەژێر فشاری هێزە سیاسی‌یەکاندا بەتایبەتی فەرەنسا کە یەکیەتیی ئەڵمانیان بە قازانجی خۆیان نەدەزانی ناچاربوو بە پێکهێنانی کۆنفیدراسیۆنێك لە ویلایەتەکانی باکوور قەناعەت بکا. لە شوێنەوارەکانی دیکەی ئەم شکستە بۆ نەمسا ئەوە بوو ملێ بۆ سەربەخۆیی نێوخۆی هەنگاریا رابکێشێ و ناوی ئیمپراتۆریش بگۆڕێ بۆ نەمسا و هەنگاریا. لەسیاسەتی دەرەوەشدا چونکە دەستی لە ئەڵمانیا و ئیتالیا کورت بۆوە سەرنجێکی زۆری دایە باڵکان کە تێکهەڵچوونی لەگەڵ رووسیا و عوسمانیی بەدواوە بوو. ئاکامێکی دیکەی ئەو شکستە بۆ نەمسا ئەوە بوو کە بەمەبەستی چالاکی لە باڵکاندا پێویستیی بە هاوپەیمانێکی وەك ئەڵمانیا هەبوو. هەربۆیە ئەو شکستە نەك هەر نەبووە هۆی دوژمنایەتیی نێوان ئاڵمانیا و نەمسا بەڵکو نەمسا بوو بە هاوپەیمانێکی دەستەمۆکراو بۆ ئەڵمانیا.

لەبارەی ئەڵمانیاوە ناپلیۆنی سێیەم پێشنیاری کرد لە بەرامبەر کۆنفیدراسیۆنی باکووردا، کۆنفیدراسیۆنێکیش بۆ وڵاتانی باشوور پێك بێ. بەڵام کۆنفیدراسیۆنی باشوور قەت پێك

نەهات و وڵاتانی باشوور لەو نێوەدا پەیمانی بەرگری و هێرشیان لەگەڵ پرووس ئیمزا کرد. پرووس کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرت و دەستی کرد بە فرەوان کردنی سنوورەکانی ویلایەتەکانی شێلێزویگ و هۆڵشتێن و هەروەها سێ وڵاتی هانۆڤەر، هیس، کاسیل و ناساوی خستە سەر خاکی پرووسەوە. کۆنفیدراسیۆنی ویلایەتەکانی باکووریش بە تەواوی کەوتنە ژێر نفووزی بیسمارك و گیوومی یەکەم.

بەمجۆرە نیوەی کاری یەکیەتیی ئەڵمانیا کۆتایی پێهات. بیسمارك دەیەویست ئەو کارە گرنگە تەواو بکا. نەمسا ئیدی مەترسییەك نەبوو لەسەر پرووس و ئەگەر کۆسپ و تەگەرەیەك هاتبایە سەر ڕێگەی ڕەوتی یەکگرتنی یەکجاریی ئەڵمانیا حەتمەن لەلایەن فەڕەنساوە دەبوو.

ئەگەر ناپلیۆنی سێیەم لەبارەی هێرشی پرووس بۆسەر نەمسا بێدەنگیی نواند، جگە لە گیروگرفتی نێوخۆ، لەبەرئەوە بوو کە پێی وابوو شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە زۆر دەخایەنێ و هەردوولا لاواز دەبن و سەرەنجام بەنێوبژیوانیی وی کۆتایی پێ دێ. چونکە کێشەکە بە پێچەوانەی ئەمە بوو و فەڕەنساش لەو سەرکەوتنەدا هیچی پێنەبڕا، یەکەم نارازی لە پرووس ناپلیۆن بوو. بیسمارك بە لێزانیی خۆی نێوبژیوانیی ناپلیۆنی لەشەڕ لەگەڵ نەمسادا قەبووڵ کردبوو. چونکە ئەگەر ئەو سەرکەوتنانە درێژەیان کێشابا، یەکەم: ڕەنگ بوو یەکیەتییەك لە وڵاتانی ئەورووپا لەدژی پرووس پێك هاتبا ( کۆنسێرتی ئەورووپا)، دووهەم: ناپلیۆنی سێیەمیش داوای بەشی خۆی لە سەرکەوتنانەدا بکا. جگە لەوەش مەبەستی سەرەکیی وی واتە کورت کردنەوەی دەستی نەمسا لە ئەڵمانیا هاتبووە دی، ئیدی پێویست نەبوو شەڕ درێژە بکێشێ.

سەرکەوتنی بیسمارك و بەستنی پەیمانی پراگ لەنێوان پرووس و نەمسادا شەپۆلێکی دژایەتیی لەدژی وی لە فەڕەنسادا پێك هێنا. ئەو هەلومەرجە پڕ لەکێشەیە بە هەوڵ و کۆششی پیاوانی ئاشتی لە دەوڵەتی فەڕەنسادا هێور بۆوە. چونکە ناپلیۆن نەخۆش بوو پێی لەسەر شەڕ دانەگرت و وا وێدەچوو کە ئاشتی هاتبێتە دی. بەڵام ڕووداوێکی سیاسی، ناسەقامگیریی ئاشتیی دەرخست. ڕووداوەکە بەمجۆرە بوو کە لە ساڵی ١٨٦٨دا ڕاپەڕینێك لە ئیسپانیا لەدژی دەربار وەڕێ خرا. لە ئاکامدا شاژنی ئیسپانیا لە پاشایەتی خرا. ژەنڕاڵ پریم کە سەرۆکایەتیی ڕاپەرینەکەی لە ئەستۆ بوو بڕیاریدا پاشایەك لە بنەماڵەیەکی گرنگی پاشایی لە ئەورووپا بۆ وڵاتی خۆی دیاری بکا. تیروپشکەکە بەناوی شازادە لیۆپۆلد لە بنەماڵەی هوهێن زولێرن دەرچوو.



پاش دژایەتیی ناپلیۆنی سێیەم، ئەو شازادەیە خۆی لە قەبووڵکردنی پاشایەتی پاراست. دیسان لە بەهاری ساڵی ١٨٧٠دا دەوڵەتی ئیسپانیا داوای لە لیۆپۆلد کرد پاشایەتیی ئیسپانیا وەربگرێ.

دیسانیش بەهۆی هەوڵی ناپلیۆن ئەو شتە سەری نەگرت، بەڵام دەوڵەتی فەڕەنسا پێی لەوەش زیاتر ڕاکێشا و داوای لە دەوڵەتی پرووس کرد دەبێ بەڵێن بدا لە داهاتووشدا پێش بە شتێکی وا بگرێ. پاشای پرووس کە لەو کاتەدا لە ئیمس دەژیا، خۆی لە دانەوەی وەڵام بە بەندەتی باڵیۆزی ناپلیۆن پاراست. دەنگدانەوەی ئەو باسانە لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا بەگوێرەی ویستی بیسمارك بەجۆرێك ڕێك خرا کە بۆ فەڕەنسا بە سووکایەتی دەژمێردرا. دوای ئەمە فەڕەنسا پێوەندیی خۆی لەگەڵ پرووس پساند و شەڕی لەدژی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند.

**ت) شەڕی فەڕەنسا و پرووس و پێکهاتنی ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا**

لەنیوەی دووەمی جوولای ١٨٧٠ دا دوو وڵاتی فەڕەنسا و پرووس خەریکی ئامادەکردنی هێز و جاڕدانی خەڵك بوون. هەموو وڵاتانی ئەڵمانیا کەوتنە پاڵ پرووسەوە. هێزەکانی باویەر، ورتسبێرگ و باد (ویلایەتەکانی باشوور) لەگەڵ هێزەکانی پرووس و هانۆڤێر و هیس (ویلایەتەکانی باکوور) کەوتن. چونکە دوژمنایەتییەکە لەلایەن فەڕەنسا، واتە وڵاتێکە کە ئەڵمانییەکان خۆشیان نەدەویست، دەستی پێکرابوو. بیسمارك بە پێچەوانەی ساڵی ١٨٦٦(شەڕ لەگەڵ نەمسا) بە ئاسانی توانی ویلایەتەکانی باشووریش ڕەگەڵ خۆی بدا. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا توانی نەمسا و ئیتالیا بێلایەن بکا و لەلایەن ڕووسیاشەوە کە هێشتا بیرەوەرییەکانی شەڕەکانی کریمەی لەبیر نەچووبۆوە، دڵنیا بوو شتێك ڕوونادا. بریتانیاش ڕۆژی ٢١ی جوولای بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند بوو. ڕەنگە بەهۆی هەڕەشە و گوڕەشەکانی ناپلیۆن و دەستێوەردانی بێجێی وی لە کاروباری مەکزیك و ئەو پرستیژە چاوترسێنانەیەی کە پاش شەڕی کریمە وەدەستی هێنابوو تەمبێکرانی فەڕەنسای پێناخۆش نەبوو. جگە لەوەش بانگەشەی ناپلیۆن لەبارەی بەلجیکادا و لەسەر هەست بوونی بریتانیا بە نیسبەت ئەم وڵاتە، چونکە بە سنووری ئەورووپایی خۆی دەزانی و پێی خۆش نەبوو هیچ هێزێکی ئەورووپایی دەسەڵاتی بەسەریدا هەبێ، یەکێکی دیکە لەو هۆیانە بێ کە بریتانیا پێی خۆش بوو فەڕەنسا تەمبێ بکرێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە فەڕەنسا لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە تەواوی تەریك کەوتبۆوە، شەڕ لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەڵایسا (ئاگۆست). هێزەکانی پرووس لە ڕووی ژمارە، تەداروکات و فەرماندەیییەوە لەچاو فەڕەنسا زۆر لەپێشتر بوو. لەماوەی کەمتر لە

مانگێکدا نیشانەکانی شکست لە سوپای ناپلیۆندا دەرکەوتن و ژەنراڵەکانی ناپلیۆن یەك بەدوای یەکدا شکستیان دەخوارد و رایان دەکرد. رۆژی یەکەمی سێپتەمبەری ١٨٧٠ دوایین پاشماوەکانی سوپای ناپلیۆن کە بۆ ناوچەی سێدان پاشەکشەیان پێکرابوو، نەیانتوانی خۆیان لەبەر ئاگری تۆپخانەی پرووسدا رابگرن و ناپلیۆن کە چوار سەعات لەژێر ئاگردا مابۆوە و چاوڕێی مەرگ بوو، بەڵام چارونووس بە بارێکی دیکەدا کەوت. ئاڵای سپی بە نیشانەی ئاشتی و دەست هەڵگرتن لەشەڕی لەسەر شوێنی دامەزرانی خۆی هەڵدا و شمشێری خۆی لەگەڵ نامەیەکدا بۆ شای پرووس نارد بەم دەقە: "برایەکەم ! لەبەرئەوەی مەرگم لەنێو سەربازەکانمدا بەنسیب نەبوو هیچ چارەیەکم نییە جگە لەوەی کە شمشێرەکەم بدەمە دەستی خاوەن شکۆ. من بۆ خاوەن شکۆ دەبمە برایەکی باش." رۆژی دووەمی سێپتەمبەر ناپلیۆن سواری ئەسپی خۆی بوو و بەرەو گوندی دونشێری شوێنی نیشتەجێبوونی شای پرووس کەوتەڕێ. ناپلیۆن پێیوابوو وا باشترە راستەوخۆ لەگەڵ شای پرووس چاوپێکەوتنی هەبێ و وتووێژ بکا. بۆئەوەی بەڵکو بتوانێ تا رادەیەك لە ئاکامە زیانبارەکانی شکست کەم بکاتەوە.

لە رێگەدا ناپلیۆن تووشی بیسمارك بوو و بیسمارك هەوڵیدا پێش بە چاوپێکەوتنی ناپلیۆن لەگەڵ گیوومی یەکەم بگرێ. بیسمارك دەیەویست بەر لە چاوپێکەوتنی دوو دەسەڵاتدارەکە پەیماننامەی دڵخوازی خۆی لەگەڵ ناپلیۆن ئیمزا بکا و چونکە هەستی بەوە کرد کە ناپلیۆن خۆی وەك دیلێکی شەڕ دێتە بەرچاو و خۆی بەخاوەن سەلاحییەت نازانێ بۆ ئەو ئیمزایە لێی پەشیمان بۆوە.

ژەنراڵ مولتکە واتە ئەو کەسەی ناپلیۆن هیوادار بوو روویەکی خۆشتری پێ نیشان بدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ شای مەرجی تەسلیمی سوپای فەڕەنسا بەستەوە. لە پاشنیوەڕۆی ئەو رۆژەدا هەواڵی تەسلیمی سوپای فەڕەنسا لە سێدان گەیشتە بیسمارك و دوای ئەمە ناپلیۆن روخسەتی چاوپێکەوتنی پێدرا. چاوپێکەوتنەکە کورت و تاڵ بوو. ئیدی ناپلیۆن لەو کاتەدا نەیدەتوانی تکایەکی گرنگ بێنێتە گۆڕێ. دەیەویست لەڕێگەی بەلجیکاوە لەگەڵ پارێزەران بی-بەنەوە ویلهیلم شووهە لە نزیك کاسیل تا تووشی سەربازانی فەرەنسی نەبێ. بەڵام جاروبار ژمارەی کەمی پارێزەرانی ئیمپراتۆر بەنێو سەربازانی چارەڕەشدا کە خۆیی بوون تێدەپەڕی و ناپلیۆن تووشی خەم و خەفەتێکی تێکەڵ بە شەرمەزاری دەبوو.

سەربازانی ئەڵمانیا و پرووس کە هەموو کۆسپەکانیان یەك بەدوای یەکدا تێپەڕ دەکرد، گەیشتنە دەروازەکانی پاریس و کۆشکی ڤێرسایان داگیر کرد. هەر لەو کاتەدا میرنشینەکانی



ویلایەتەکانی باشووریش هاتنە نێو کۆنفیدارسیۆنی ئەڵمانیاوە و بڕیاریاندا دیسان پاش تێپەڕینی چەندین ساڵ ناوی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا زیندوو بکەنەوە.

لە رۆژی ١٨ی جوولای ١٨٧١دا شازادەکانی ئەڵمانیا لە هۆڵی ئاوێنەی کۆشکی ڤێرسای واتە ئەو جێگەیەی بیسمارك بنکەی فەرماندەیی سوپای گەمارۆدەری پاریسی لێکۆکردبۆوە کۆبوونەوە و تاج و تەختی خۆیان پێشکێش بە گیوومی یەکەم کرد و ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا راگەیەندرا. رۆژی ٢٨ی جۆنیوەری ئەو ساڵە رێککەوتننامەی نەهێشتنی شەڕ لەنێوان دەوڵەتی کاتیی فەڕەنسا و دەوڵەتی پرووسدا لە ڤێرسای ئیمزا کرا و گەمارۆ لەسەر پاریس هەڵگیرا. پێشنووسی رێککەوتننامەی ئاشتی لە ٢٨ی فێبریوەردا رێك خرا و بەپێی ئەمە بڕیار درا ویلایەتی ئەلزاس و بەشێك لە لۆرێن بخرێنە سەر ئەڵمانیا و دەبێ فەڕەنسا لەماوەی ٥ساڵ دا بڕی ٥ میلیارد خەسارەتی شەڕ بدا و بەمەبەستی دەستەبەرێك بۆ دانی ئەو غەرامەتە، ئەڵمانیا هێزەکانی خۆی لەچەند ناوچەی رۆژهەڵاتی فەڕەنسادا بێڵێتەوە. ئەو پێشنووسە بە هێندێك ئاڵوگۆڕەوە بە زەرەری فەڕەنسا لە دەی مای ساڵی ١٨٧١دا لە فرنکفۆرت لەلایەن هەردوو لاوە ئیمزای کۆتایی لەسەر درا. پەیمانی فرانکفۆرت دڵی خەڵکی فەڕەنسای بە جۆرێك لە رقو کینە پڕکردبوو کە بۆماوەی نزیك بەنیو سەدە پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەی ژەهراوی کرد.

لە پیلانی بیسمارك لە رووداوی دژکردەوەی گیوومی یەکەم لە ئیمسدا وادیارە ئەو لەو کاتەدا خوازیاری شەڕ لەگەڵ فەڕەنسا بوو. ئەوە کە ئەو لەو شەڕەدا بەدوای چ دا دەگەڕا دەبێ لەزمانی خۆیەوە ببیسین. ئەو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: "ئەمن هاتبوومە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو کەلەبەرەی بە درێژایی مێژوو کەوتبووە نێوان باکوورو باشووری نیشتمان لەوە ئاسانتر ناکرێ پڕ بکرێتەوە کە بەهۆی شەڕێکی نەتەوەیی لەدژی نەتەوەی دراوسێ بێ کە لە کۆنەوە هێرشی کردۆتە سەر ئێمە." بەبۆچوونی بیسمارك تەنیا هەڕەشەی فەڕەنسا دەیتوانی وڵاتانی باشووری ئەڵمانیا کە هێشتا هەر بە سەربەخۆیی دەژیان بخاتە گەڵ کۆنفیدارسیۆنی ئەڵمانیا.

بەڵام ژان ژوورس سوسیالیستی بەناوبانگی فەڕەنسا کە بۆخۆشی شاهیدی شەڕی پرووس و فەڕەنسا بووە، بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشی هەیە کە بە وردی سەلمێنەری گرنگیی باسەکەی ئێمە واتە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیاە. ئەو لە بەشی دووهەمی کتێبی خۆیدا بەناوی "شەڕی فەڕەنسا و ئەڵمانیا (١٨٧٠-٧١) " کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٨دا بڵاو بۆوە، ئەو پرسیارە

دێنێتە گۆڕێ کە بەرپرسایەتیی ئەم شەڕە دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ پاشان هەموو بەرپرسایەتی-یەکە دەخاتە ئەستۆی فەڕەنسا. بە گێڕانەوەی قسەیەکی بیسمارك دەیگوت: "فەڕەنسا لە رووی سیاسییەوە بێئاگاترین خەڵکی جیهانە، چونکە ئاگای لەوە نییە لەلای خەڵکی دیکە چ روو دەدا." ژوورس فەڕەنساوییەکان بەوە تاوانبار دەکا کە چۆن هەست و ئۆگریی نەتەوەیی کە لە ساڵی ١٨١٣ەوە لە ئەڵمانیادا پەرەی گرتبوو و باڵی بەسەر کەشوهەوای سیاسیی ئەو وڵاتەدا کێشابوو پێیان وابوو کاتییە و تێدەپەڕێ. لە حاڵێکدا ئەگەر فەرەنسییەکان بیری ئەڵمانیای-یەکانیان بە وردی خوێندبایەوە و ناسیبایان، دەیانزانی کە ئایدیالیزمی ئەڵمانیا نە لایەنی ئینتیزاعیی هەیە و نە لەخۆڕاش بوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەگەڵ راستییەکاندا دەگونجا. پێگەیشتوویی ئەڵمانیای خەریك بوو پردێکی زەریفی دروست دەکرد کە لە یەکپارچەیی خۆیدا بەمەبەستی یەکیەتی، لەتیۆرییەوە بەرەو کردەوەپێی دا بپەڕێتەوە. بەڵام لەبەر چاوی فەڕەنسی‌یەکان ئەو بینایەی کە بە رەنج و کوێرەوەری دادەرێژرا جگە لە تەپوتۆزێکی رۆمانسیانە شتێکی دیکە نەبوو. سەرەنجام بە بۆچوونی ژوورس، فەڕەنسی‌یەکان وەك کۆسپی سەر رێگەی یەکیەتیی نەتەوەیەك ئەویش لە سەردەمی ناسیۆنالیزمدا، باری قورسی تاوانیان لە هاتنە پێشی ئەم بارودۆخەدا دەکەوێتە سەرشان.

ژان ژوورس باسی شتێك دەکا کە ناکرێ چاوپۆشیی لـێبکرێ. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ میللەتانیش تووشی سزای کارەکانیان بن. ئایا فەڕەنسای شۆڕشگێڕ کەفارەتی تاوانی هاورێباز بوون لەگەڵ مەتەرنیخ لە سەرکوتکردنی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی نەدەدا.

لە کۆنگرەی ڤیەن جگە لەوەی کە دیکتاتۆرەکان کەوتنە بەرامبەر خەڵکەوە، هێندێك لە وڵاتان زوڵمیان لە هێندێك وڵاتی دیکە کرد و ئەو گێژاوە نەتەوەخوازییە ئاکامی ئەو کارانە بوو. نەمسایی‌یەکان کاتێك بەسەر ئەڵمانیاییەکاندا زاڵ بوون سەرەنجام کەوتنە بەر رقو نەفرەتی ئەوان و فەرەنسییەکانیش نەیانتوانی ببنە بەربەستی یەکیەتیی ئەڵمانیا.

ئیتالیاش یەکیەتیی خۆی وەدەست هێنا و لەمەوبەدوا بە چارەسەرکرانی کێشە نەتەوایەتی-یەکانی ئەورووپای رۆژئاوا، ناوچەی باڵکان بوو بە ناوەندی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان.

# بەشی سێیەم

## هەلومەرجی نێونەتەوەیی لە ١٨٧٠وە تا پێکهاتنی هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی

### ١) هەلومەرجی گشتی

هەرچەند ناکرێ لە مێژوودا قۆناغێك لە قۆناغێکی دیکە جیا بکرێتەوە یان مێژوو بەسەر چەند قۆناغی جیاجیادا دابەش بکەین، بەڵام دەکرێ هەندێك رووداوی گرنگ دەستنیشان بکەین کە دەبنە هۆی هێندێك ئاڵوگۆڕ یان هۆکاری نوێ لەو بوارانەدا کە مەبەستمانە، زۆر زەق و بەرچاو بن و وەك سەرەتایەك بۆ قۆناغێکی تا رادەیەك نوێ بێنە گۆڕێ. دەکرێ ساڵی ١٨٧٠ لەم روانگەیەوە بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ دابنێین. زۆر لەو ئاڵوگۆڕانەی کە چەند ساڵ پێشتر دەستیان پێ‌کرابوو لە ساڵی ١٨٧٠دا ئەنجام دران: یەکیەتیی ئیتالیا، یەکیەتیی ئەڵمانیا، رووخانی ئیمپڕاتۆریی ناپلیۆنی سێیەم‌و سەرهەڵدانی هێزێك بەناوی ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا، نەمانی دەسەڵاتی دونیایی پاپ لەو ئاڵوگۆڕە زەق و بەرچاوانە بوون کە لەم ساڵەدا روویاندا. جگە لەمانەش ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان کە لە ساڵانی ١٨٢٠ دا دەستیان پێ‌کرابوو و لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠ و ١٨٤٨دا گەیشتبوونە لووتکە، لەساڵی ١٨٧٠دا گەیشتنە قۆناغی گەشەکردن و کامڵبوون. بەشداریی خەڵك لە کاروباری سیاسی‌دا بناخەکانی ئەریستۆکراسیی کۆنی لە بنەڕەتدا وەلەرزە خست. هەرچۆنێك بێ ساڵی ١٨٧٠ جگە لەوەی داغی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە نێوچاوانەوەیە، بۆخۆی سەرەتای هێندێك ئاڵوگۆڕە کە لە هەر روویەکەوە بێ، سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکاندا. سیاسەتی ئەم قۆناغەی ئەورووپا بەشی زۆری لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی بیسمارك و پاشان ئاڵوگۆڕە سەرچاوە گرتووەکان لە رووخانی ئەودایە. لە قۆناغی بیست ساڵەی راوێژکاریی بیسمارکدا



سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا وەك دەسەڵاتێکی باڵادەست لە ئەورووپادا رۆڵێکی چارەنووسسازی هەبوو. بیسمارك توانی هەموو دەسەڵاتە سەرەکی‌یەکانی ئەورووپا بخاتە ژێر کاریگەریی کار و کردەوەکانی خۆیەوە و بەتەواوی فەرەنسا تەریك بخاتەوە. بەڵام پاش رووخانی وی لە ١٨٩٠دا وەرسووڕانی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا روویدا و پێکهێنەری ئاڵوگۆڕی قووڵ لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دابوو و لە کۆتاییدا ئەورووپای دابەش کرد بۆ دوو بەرەی دژبەیەکی سیاسی و نیزامی، واتە یەکیەتی و هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی. قەیرانی چارەسەرنەکراو، پێشبرکێی چەك، ناتەبایی قازانجەکانی ئەڵمانیا و بریتانیا، هەنگاوبەهەنگاو ئەورووپای لە شەڕێکی سەرانسەری نزیك کردەوە.

لەپەنا مەسەلە دیپلۆماتیکییەکان و پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا، ئاڵوگۆڕێکی قووڵیش لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و پیشەسازیدا روویدا کە دەکرێ ئەوانە وەك هۆکاری گرنگ لە ئاڵوگۆڕە مێژوویی‌یەکاندا ناو بەرین. لەلایەکەوە پیشەسازی و ئابووریی وڵاتانی ئەورووپا پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە و یارمەتی بە پەرەگرتنی پێوەندییەکانیان دەدا. لەم رووەوە لە باری چۆنیەتییەوە ئاڵوگۆڕ لە پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکاندا پێك دێنێ کە زۆر زۆر گرنگە. چونکە جگە لە پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا، بۆ یەکەمجار لە مەیدانی پەیوەندیی نێونەتەوەیی‌دا شاهیدی ئەکتەری نادەوڵەتین، هەرچەندیش رۆڵێکی نزمتر لە رۆڵی دەوڵەتان دەگێڕێ. بەڵام بۆخۆیان سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی مەزنن. بزووتنەوە نێونەتەوەییە نادەوڵەتییەکان وەکو ئەنتەرناسیۆنالی کرێکاری و ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست، پاوانخوازیی دەوڵەتانی وەك تەنیا ئەکتەری شانۆی نێونەتەوەیی خستەژێر پرسیارەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەژێر سایەی ئەو پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕەدا پێوەندییەکانی ئەورووپاش لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیهان پێی نایە قۆناغێکی دیکە لە داگیرکاریدا. کۆلۆنیالیزم بەشێوەیەکی رێك وپێك پەرەی سەند و بوو بە پێوەندییەك کە گەڕانەوەی بۆ نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، داگیرکردنی ناوچە بێ‌خاوەنەکان لە ئەفریقا و ئاسیادا بوو بەهۆی رقەبەرایەتیی توند لەنێوان وڵاتانی ئەورووپایی‌دا کە لە ئاکامدا مەیدانی کێشەکە کێشایە دەرەوەی قاڕڕەی ئەورووپاش. ئەم مەسەلەیە بۆخۆی بوو بەهۆی ئالوگۆڕێکی دیکە لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکاندا و بوو بەهۆی پەرەگرتنی بواری پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان.

بەواتایەکی دیکە بواری پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان بەمانای تایبەتیی وشە لەچوارچێوەی ئەورووپادا بەتەنیا دەرچوو و وڵاتان و قاڕڕەکانی دیکەش دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا

شارستانەتیی ئەوروپا لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا بڵاودەبێتەوە، بەجۆرێك کە دەبێ بڵێین ئەم قۆناغە، قۆناغی زاڵبوونی ئەوروپاییە بەسەر جیهاندا. هەر لەو کاتەشدا لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا سەرهەڵدانی هێزی نوێی ئابووری واتە ئەمریکا و ژاپۆن لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا و لەنێو کۆلۆنیالیستەکاندا، ئەو بوارەی لە پاوانی ئەورووپا هێنایەدەر.

بەگشتی دەبێ ئەو قۆناغە بە پێشەکیی سەدەی بیستەم دابنێین، چونکە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی ئەمڕۆی جیهان لەم قۆناغەدا پێك هاتن: قۆناغێکی گوێزانەوە کە سەدەی نۆزدەی گەیاندە سەدەی بیستەم.

## ٢) باڵادەستیی ئەڵمانیا بەسەر ئەورووپادا

شانازیی سەرکەوتن بەسەر نەمسا (١٨٦٦) و فەرەنسا (١٨٧١)دا، پێکهاتنی یەکیەتیی نەتەوەیی و رۆڵ و بناخەی بەهێزی ئابووری، هۆکاری سەرەکیی بەهێزبوونی ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا لەنێوان ساڵانی ١٨٧١و ١٩١٤ پێك دێنن. هەموو ئەو ئیمتیازانە لەبەردەستی بیسمارك دابوون، تا بەکەڵك وەرگرتن لە لاوازیی هێزەکانی دیکە بەتایبەتی فەرەنسا بۆماوەی بیست ساڵ ئەورووپا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

پاش شەڕی ١٨٧٠-٧١ی پرووس و فەرەنسا و لکاندنی ئالزاس و لورێن بە خاکی ئەڵمانیاوە، وا نەدەهاتە بەرچاو بیسمارك خەیاڵی سەرکەوتنی دیکە بخاتە مێشکی‌یەوە. بە پێچەوانەی ناپلیۆن، بیسمارك زانی کە دەبێ پێشڕەوییەکانی خۆی لە کوێدا رابگرێ و ئەوەی وەدەستی هێناوە لەکوێ دایکوتێ. لە روانگەی ئەوەوە خەڵکی ئەڵمانیا یەکیەتیی خۆیان وەدەست هێنابۆوە و وڵات سنوورە سروشتییەکانی خۆی دەست کەوتبۆوە. هەر لەو کاتەدا بوو کە دیپلۆماسی جێگەی شەڕی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا گرتبۆوە. بیسمارك هەر بەو لێبڕاوی و خۆڕاگرییەوە کە لەشەڕدا هەیبوو لە بواری دیپلۆماسیشدا کاری پێ‌کرد. تەوەرەی سەرکیی دیپلۆماسیی بیسمارك بریتی بوو لە پاراستنی بارودۆخی ئێستایی (یان باشتر بڵێین پاراستنی دەسکەوتەکان)، تەریك راگرتنی فەرەنسا و هێنانی تەواوی وڵاتانی ئەورووپا بۆسەر رێگەی دیپلۆماسیی ئەڵمانیا.

هاوکات لەگەڵ بەرنامەی لاوازکردنی فەرەنسادا، بیسمارك هەوڵێکی بەربڵاویدا بۆ تەریك خستنەوەی ئەم وڵاتە لە ئاستی سیاسەتی ئەورووپادا. هەر بۆ ئەم مەبەستە بیسمارك گەڵاڵەی یەکگرتنێکی لەنێوان ئەڵمانیا، نەمسا و رووسیادا داڕشت کە بە سیستەمی یەکەمی بیسمارك



بەناوبانگە. یەکگرتن لەگەڵ نەمسا کارێکی دژوار نەبوو. چونکە سەرەڕای بیرەوەریی شکستی سادوا لەساڵی ١٨٦٦دا ئیدی نەمسا لەبیری تۆڵەدا نەبوو و دەسەڵاتی خۆی لە کۆنفیدراسیۆنی ئەڵمانیاشدا لەبیر خۆی بردەوە. بەپێچەوانەوە چونکە زیاتر بیری لە پەرەپێدانی نفووزی خۆی لە باڵکاندا دەکرد، پێویستی بە پشتیوانێك هەبوو کە بە پشت بەستن بەو بتوانێ زیاترین سوود لە هەڵوەشان و رووخانی عوسمانی ببینێ و هیچ هاندەرێك لە ئەڵمانیا باشتر نەبوو بۆ نەمسا. چونکە ئەڵمانیا تەقریبەن تەنیا هێزێك بوو کە لە بەرامبەر مەسەلەکانی باڵکاندا دوورەپەرێز بوو و بە پێچەوانەی رووسیا، بریتانیا و تەنانەت فەرەنسا هیچ چەشنە زەمینەیەکی رقەبەرایەتیی لەگەڵ نەمسادا نەبوو. چونکە پاش سەرکەوتنی سادوا سەرەڕای پێداگرتنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و بەرپرسانی سوپا، بیسمارك خۆی لە هەرچەشنە سووکایەتی‌کردنێك بە نەمسا پاراست. واتە لە بەرامبەر ویستی ئیمپراتۆر و ژمارەیەك لە بەرپرسانی سوپادا کە دەیانەویست بۆ سووکایەتی کردن بە نەمسا بەشێك هەرچەند بچووکیش بێ لە خاکی نەمسا بخەنە سەر خاکی ئەڵمانیا، راوەستا و ئێستاش بەرهەمی ئەو دووڕوانینەی هەڵدەگرێتەوە. لەوکاتەدا بیسمارك بەباشی دەیزانی کە فشاری لەڕادەبەدەر لەسەر نەمسا رەنگە ئەم وڵاتە بۆلای فەرەنسا پاڵ پێوەنێ.

لە پێوەندی لەگەڵ رووسیاشدا بە رواڵەت گیروگرفتێك لەسەر رێگەی بیسمارکدا نەبوو. بەتایبەتییش کە پێوەندیی ئابووریی ئەو دوو ئیمپراتۆرە زۆر باش بوو و ئەڵمانیا دەسمایەدانانێکی یەکجار زۆری لە پیشەسازیی رستن و چنینی رووسیادا دەست پێ‌کردبوو. جگە لەوەش رووسیا هەڕەشەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی لەسەر بوو و ئەم لاوازییە نێوخۆییە، رێی بە گێچەڵی رووسیای تەزار لە سیاسەتی دەرەوەدا نەدەدا کە لە پێوەندیی ئەڵمانیا و نەمسا دەترسا. قەبوڵکردنی دۆستایەتی لەگەڵ ئەڵمانیا بەواتای قەبووڵی هەلومەرجی مەوجوود و خۆپاراستن لە زێدەخوازی لە ئەورووپاشدا دادەنرێ. هەر لەم کاتەشدا رووسیا دەیەویست و نەشی دەتوانی لە بانگەشەکانی خۆی لە باڵکاندا و ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاست چاوپۆشی بکا و ئەمە تەنیا کۆسپێك بوو لەسەر رێگەی یەکگرتنی ئەو سێ ئیمپراتۆرەدا و سەرەنجامیش ئەم یەکگرتنەی تووشی قەیران کرد. چونکە بیسمارك پشتیوانیی لە سیاسەتی نەمسا لە باڵکاندا دەکرد و بەمجۆرە رووسیای دەخستە دۆخێکی لاوازەوە. بەڵام لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ١٨٧٠دا تێکهەڵچوونەکان و رکەبەرایەتییەکانی رووسیا و نەمسا لە باڵکان لە ئاستێك دانەبوو کە یەکگرتنی ئەو سێ ئیمپراتۆرە نامومکین بکا. جگە لەوەش بیسمارك بەڵێنی بە

تەزار دابوو یارمەتی بە چارەسەری عادڵانەی مەسەلەی باڵکان دەدا. بەمجۆرە بیسمارك توانی لەپێش دا لە سیپتەمبەری **١٨٧٢** چاوپێکەوتنێك لەنێوان فرانسوا ژۆزێف ئیمپراتۆری نەمسا، گیومی یەکەم ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و ئەلکساندری دووەم ئیمپراتۆری رووسیا لە بەرلیندا پێك بێنێ. لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو سێ ئیمپڕاتۆرە بێئەوەی باسێك لەبارەی پەیماننامەیەکدا بێننە گۆڕێ رێککەوتن لە بوارەکانی خوارەوەدا هاوکاریی یەکتر بکەن:-

١ـ پاراستنی سنوورەکانی ئەورووپا بەو شێوەیەی هەیە.

٢ـ چارەسەرکردنی گیروگرفتە پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی رۆژهەڵاتەوە.

٣ـ کۆنترۆڵی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان.

لەڕاستیدا رێبەرانی بە دەسەڵاتی ئەورووپا گەڕانەوە سەر پرەنسیپەکانی یەکیەتیی پیرۆز. چاوپێکەوتنەکانیان بیرخەرەوەی سەردەمی دەسەڵاتی مەتەرنیخ و نەسلروود و هاردنبێرگ بوو. ئەو پرەنسیپانەی سێ ئیمپراتۆرەکە قەبووڵیان کردبوون، بوونە بناخەی ریزە رێککەوتنێك کە ساڵی دواتر لە نێوانیاندا ئیمزا کران. لە ٦ی مای **١٨٧٣**دا کۆنڤانسیۆنێکی نیزامی لەنێوان ئەڵمانیا و رووسیادا ئیمزا کرا. بەپێی ئەو کۆنڤانسیۆنە ئەگەر هاتوو یەکێك لەو دوو ئیمپراتۆرە لەلایەن هێزێکی سێیەمەوە هێرشی کرایە سەر، ئەوی دیکە بە **٢٠٠**هەزار سەربازەوە بە هانایەوە بچێ. مانگێك دواتر واتە رۆژی ٦ی جوون، رێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان رووسیا و نەمسا ـ هەنگاریدا ئیمزا کرا کە جەختی لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشە و هاوکاری بۆ پاراستنی ئاشتی لە ئەورووپادا کرابوو لەلایەن ئەوانەوە کە رێککەوتنەکەیان ئیمزا کردبوو.

بیسمارك لەو سەردەمەدا لە ئەورووپا لەهەموو کەس زیاتر بەهێز بوو، بەڵام کەڵکی لەو دەرفەتە وەردەگرت بۆئەوەی نارەزایەتییەکانی نێوخۆی سەرکوت بکا و رکەبەرەکانی دەرەوەش چاوترسێن بکا. بەڵام پێوەندیی ئەو سێ ئیمپراتۆرە بە سەرهەڵدانی قەیران لە پێوەندیی ئەڵمانیا و فەرەنسادا (١٨٧٥) و دەستپێکردنی قەیرانی باڵکان (١٨٧٥-٧٨) ئەوەندەش بەهێز نەدەهاتە بەرچاو. بەتایبەتییش لە قەیرانی باڵکاندا دوو هاوپەیمانەکەی ئەڵمانیا واتە نەمسا و رووسیا کەوتبوونە بەرامبەری یەك و بیسمارکی ناچار دەکرد لەنێوان ئەم دوانە یەکێکیان هەڵبژێرێ و ئەوی دیکەیان بخاتە لاوە.

**١ـ قەیرانی باڵکان (١٨٧٥-١٨٧٨) و کۆتایی سیستەمی یەکەمی بیسمارك**

بەگشتی قەیرانی باڵکان پێوەندیی بە لاوازیی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە هەبوو کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکردبوو و ئێستا پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا زیاتر لە



هەرکات نەخۆشتر بوو. تا ئەم کاتەش رکەبەرایەتیی هێزەکانی ئەورووپا پێشی لە لەبەریەك هەڵوەشانی یەکجاریی ئیمپراتۆری عوسمانی گرتبوو. لەمێژ بوو رووسیا لە دەرفەتێك دەگەڕا بۆئەوەی ناوچەکانی بەردەستی عوسمانی لە ئەورووپادا لەدەستی بێنێتە دەرو ئەگەر ئەم کارە تا ئەو کاتە رووی نەدابوو هۆیەکەی ئەوە بوو کە بە پلەی یەکەم بریتانیا و پاشان فەرەنسا پشتیوانییان لە یەکپارچەیی خاکی عوسمانی دەکرد و لووتکەی ئەو پشتیوانییە لەکاتی شەڕەکانی کریمە و کۆنفرانسی پاریسدا کە دوای وی پێك هات (١٨٥٦) بە روونی دیار بوو. هەتا ساڵی ١٨٧٠ بریتانیا و فەرەنسا پێکەوە لە بەرامبەر هەڕەشەی رووسیادا پشتیوانییان لە عوسمانی دەکرد: بریتانیا بەهۆی گرنگییەك کە بە رێگاکانی هیندی دەدا و فەرەنسا بەهۆی گرنگیدان بە نفووزی خۆی لە ناوچەی دەریای نێوەڕاستدا. بەڵام لەو کاتەوە کە فەرەنسا تووشی گیروگرفتی نێوخۆ ببوو تەنیا بریتانیا بەرگریی لە یەکپارچەیی خاکی عوسمانی دەکرد، ئەویش تا ئەو کاتە نیسبەت بە درێژەی تەمەنی عوسمانی هیوا بڕاو نەبوو. ئەوەش لە حاڵێك دابوو کە رۆژ لەدوای رۆژ رکەبەرایەتیی رووسیا و نەمسا لە باڵکاندا زیاتر دەبوو.

لەڕاستیدا قەیرانێك کە لە ساڵی ١٨٧٥دا دەستی پێکردبوو قەیرانێکی درێژخایەن بوو. بەجۆرێك بوو کە دەتگوت کەفوکوڵی ناسیۆنالیزم پاش یەکیەتیی ئیتالیا و ئەڵمانیا لە رۆژئاواوە هاتۆتە رۆژهەڵاتی ئەورووپا و تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی ئاگری شۆڕشەکەی لەم ناوچەیە بەردابوو. لەڕاستیدا قەیرانی باڵکان تێکەڵاوییەك بوو لە چەند قەیران: لەلایەك خەڵکی باڵکان لەدژی دەسەڵاتی عوسمانی شەڕیان دەکرد و لەلایەن رووسیا و نەمساوە پشتیوانییان لێدەکرا. لەلایەکی دیکەوە وڵاتەکەیان لەلایەن ئەم دوو ئیمپڕاتۆرەوە چاوی تەماعی تێبڕابوو دەبووایە کەڵکیان لە رکەبەرایەتیی ئەم دوانە وەرگرتبا بۆ دەرباز بوون لەدەستی هەردووکیان. ئینجا کە مەسەلەی یەکیەتیی نەتەوەیییان بەتایبەتی یەکیەتیی سلاڤەکانی باکوور و باشوور و پان سلاڤیزم هاتە پێش، لەگەڵ بەربەرەکانیی پان جێرمەنیزم و یەکیەتیی نەمسا و ئەڵمانیا بەرەوڕوو بوون. خەڵکی باڵکان توانییان کەڵك لە لاوازیی عوسمانی وەرگرن و لەکاتی شەڕی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئیتالیا (١٩١١)دا حسێبی خۆیان لە عوسمانی جیابکەنەوە، بەڵام بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی نەمسا کە لەلایەن ئەڵمانیاوە پشتیوانیی لێدەکرا ئامانجێك نەبوو هەروا بە ئاسانی بێتە دی. سەرەنجام خەباتی خەڵکی باڵکان بۆ یەکیەتیی و سەربەخۆیی لەلایەك و رکەبەرایەتیی رووس و نەمسا لەم ناوچەیەدا لەلایەکی دیکە و دابەشبوونی ئەورووپا لەڕووی نیزامی و سیاسییەوە بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەکدا کە

هەرکام لەگەڵ یەکێك لە وڵاتانی دیکە (هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی لەلای رووسیا و یەکیەتیی سێقۆڵی لەلای نەمسا) پێوەندیی هەبوو، بوو بەهۆی ئەوەی قەیرانی باڵکان شەڕێکی گەورەی جیهانیی لیێ بکەوێتەوە.

لەساڵی ١٨٧٥دا زەمینەی قەیران لەهەموو لایەکەوە ئامادە ببوو. هەلومەرجی وڵاتانی باڵکان لەم ساڵەدا بەم جۆرە بوو: یۆنان کە لەساڵی ١٨٣٠دا سەربەخۆیی وەرگرتبوو، هێشتا لەسەر رێگەی کرێت لەگەڵ عوسمانی لەشەڕدابوو، میرنشینەکانی والاشی و مۆلداڤیا کە ساڵی ١٨٥٦ لە کۆنفرانسی پاریسدا ئۆتۆنۆمی‌یەکەیان دەستەبەر ببوو، لەساڵی ١٨٥٧دا تێکەڵ بوون و پاشایەتیی رۆمانی‌یان پێك هێنا و لەساڵی ١٨٥٦دا پاشایەك لە بنەماڵەی هوهێن زولێرن (بنەماڵەی پاشایەتیی پرووس) وەك پاشای ئەم وڵاتە هەڵبژێردرا. بەڵام لەمەوبەدوا سەرەڕای ئەم هەڵبژاردنە ئەم وڵاتە نوێیە چووە ژێر پشتیوانیی رووسیاوە. میرنشینی مونتەنیگرۆ بە کردەوە خودموختار بوو. لە هەمووی گرنگتر بارودۆخی میرنشینی سێربستان بوو کە خوازیاری یاری‌کردنی رۆڵێکی وەك رۆڵی پاشای پیەموون (کە کاکڵ‌وماکەی یەکیەتیی ئیتالیا بوو) لەبارەی یەکیەتیی باڵکان و هاندانی سلاڤەکانی باشوور بۆ یەکیەتی و سەربەخۆیی لە بەرامبەر تورکەکانی ئیمپڕاتۆری نەمسا ـ هەنگاری دابوون. تەنیا بولگاریا و ویلایەتەکانی بۆسنیا و هێرزەگۆڤین لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانی دابوون. پاش ئەوەی لە ئەپریلی ١٨٧٠دا بولگاریا بەجۆرێك ئۆتۆنۆمیی مەزهەبیی وەدەست هێنا، نفووزی رووسیا لەم ناوچەیەدا زیادی کرد. هەر ئەم سەربەخۆیی‌یە مەزهەبی‌یە و پشتیوانیی رووسیا لە ئەنجوومەنی میللی سلاڤ بوو بەهۆی پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی لەنێو بولگارییەکاندا. ساڵی ١٨٧٣ حیزبی نەتەوەیی سلاڤ کە بنکەکەی لە رووسیا بوو، ئەنجوومەنی ئازادیخوازیی سلاڤەکانی لەژێر چاودێریی کومیتەی ناوەندی کە لەلایەن یەکێك لە نیشتمانپەروەرانی بۆلگار بەناوی لوسکی بەڕێوە دەچوو، دامەزرا. ژمارەی کۆمیتە نهێنی و شۆڕشگێڕە لاوەکییەکان کە لەژێر چاودێریی کومیتەی ناوەندی‌دا بەرێوە دەچوون، تا ساڵی ١٨٧٦ بۆ دوو سەد دانە زیادی کرد. ئەم کۆمیتانە جاڕدانی گشتیی مەسیحییەکانیان لە بۆسینا و بۆلگاریادا لەئەستۆ بوو. خەڵکی بۆسنیا و هێرزەگۆڤین واتە ئەو دوو ویلایەتەی کە نەمسا چاوی تەماعی تیێبڕیبوون زۆربەیان ئۆرتۆدۆکس و بەزمان سربی بوون. بەڵام کەمایەتیی دەوڵەمەندی ناوچە، بە قسەی پییەرمیلزا مێژوونووسی فەڕەنسی، بۆ پاراستنی قازانج و مڵك و ماڵیان بە رواڵەت هاتبوونە سەر دینی ئیسلام و بۆ راکێشانی سەرنجی تورکەکان بۆلای خۆیان مەرجەکانیان



بەسەر وەرزێراندا سەپاند. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، کەمیی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ساڵی ١٨٧٥دا هەلومەرجەکەی زیاتر بەرەو خراپی بردو بوو بەهۆی ئەوە وەرزێرانی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین و پیشەسازانی ئەم ویلایەتە کە لە ساڵی ١٨٥١ەوە لە پێکهێنانی سەندیکا بێبەش کرابوون، دەست بە راپەڕین بکەن.

ئیمپڕاتۆرەکانی نەمسا و رووسیا و میرنشینەکانی سربیا خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی لەو هەلومەرجە کەڵك وەرگرن. سربیا لەو ویلایەتەدا بانگەشەیەکی زۆری بۆ سلاڤیزم دەست پیێکرد. ئیمپڕاتۆری نەمسا، فرانسوا ژۆزێف، بەمەبەستی نیشاندانی پشتیوانیی خۆی لە هێرزەگۆڤین و هەروەها بەمەبەستی وەڵامدانەوەیەك بە بانگەشەی سێربەکان، سەفەرێکی سەمبولیی بۆ سنوورەکانی هێرزەگۆڤین کرد. لەکاتی ئەم سەفەرەدا راهیبێکی مەسیحی کە بۆ رێزگرتن لە ئیمپڕاتۆری نەمسا هاتبوو، بەدەستی تورکان کوژرا و زەمینەی بۆ شەڕی مەزهەبی پێك هێنا. ئاگری شەڕەکە مۆنتەنیگرۆشی گرتەوەو لایەنگرانی شەڕ لەگەڵ عوسمانی لە سێربیا و رۆمانیادا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. لەساڵی ١٨٧٦دا بۆلگارییەکانیش دەستیان کرد بە راپەڕین. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی بولگاریا زیاتر لایەنی رووناکبیری و مەزهەبیی هەبوو و خاوەن نەزم و دیسیپلینێکی باش بوو (کۆمیتەی ناوەندی). کە راپەڕین بولگاریاشی گرتەوە بوو بەهۆی ئەوە کە رووسیاش جموجۆڵ و پشتیوانیی خۆی لە بولگارییەکان زیاد بکا. سوڵتانی عوسمانی راپەڕینی بولگارییەکانی بە کۆمەڵکوژیی چەند هەزار کەسی تەنانەت کوشتنی کۆنسولییەکانی ئەڵمانیا و فەڕەنساش وەڵام دایەوە. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی هێزە ئەورووپایی- یەکان ناچار بن لە بەرامبەر رووداوەکانی باڵکاندا دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن. وا ویێدەچوو بەهۆی فشاری بیروڕای گشتی، دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپا دەرباری سوڵتان ناچار بکەن هێندێك ئیمتیاز بدا بەخەڵکی باڵکان. بەڵام راستییەکانی دونیای سیاسەت لەهەموو کاتێکدا لەگەڵ هەستی خەڵك یەك ناگرنەوە. تەنیا شازادەکانی مونتەنیگرۆ و سێربیا پشتیوانییان لە راپەڕین کرد. هەرلە بنیێڕا ئەڵمانیا قازانجێکی لە باڵکاندا نەبوو و تەنیا ترسی وی لە ئەگەری تێکهەڵچوونی دوو هاوپەیمانەکەی واتە رووسیاو نەمسا بوو. دیزراییلی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بەپێی سیاسەتی لەمێژینەی ئەم وڵاتە پێی وابوو لەهەر کاتێکدا دەبیێ پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی عوسمانی لە بەرامبەر رووسیادا بکریێ. هەر لەجیێدا هێزە ئەورووپایی‌یەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دەبیێ سوڵتان ناچار بکەن کە هێندێك ریفۆرم ئەنجام بدا. بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجە جیاوازیی بیروبۆچوونیان هەبوو. تەنیا رووسیا ئامادەی هاتنە مەیدانی

خێرا و بەکارهێنانی زۆر بوو. دیارە مەبەستی سەرەکیی رووسیا گەیشتن بە ئامانجی لەمێژینەی خۆی واتە زاڵبوون بەسەر دەرووەکان و دەست راگەیشتن بە ئاوە ئازادەکان بوو. بەڵام رواڵەتی مەسەلەکە لەژێر ناوی یارمەتی بە برا مەسیحییەکاندا نیشان دەدرا کە داستایوفسکی ئەم کارەی بە شایانی رێزلێنان دەزانی (١٨٧٧) و یەکیەتیی نەتەوە مەسیحییەکانی بەئەرکی سەرشانی نەتەوەی رووس دەزانیو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێی وابوو درەنگ یان زوو دەبێ بۆ گرتنی قوستەنتەنیەش هەنگاو باوێژرێ.

سەرەنجام تەزارەکان رێگەچارەی ئاشتیخوازانەی کێشەی باڵکانیان بە رێگەیەکی بێسوود لە قەڵەمدا و مەبەستی خۆیان بە دەوڵەتانی ئەورووپایی راگەیاند کە بریتی بوو لە دەستێوەردانی نیزامی. دیارە ئیمپڕاتۆری نەمسا و هەنگاریاش دژی دەستێوەردانی نیزامی نەبوون، چونکە رەنگ بوو کۆنترۆڵی سلاڤەکان و لکانی بۆسنیاوهێرزەگۆڤینی بەدواوە بێ. لە جوولای ١٨٧٦دا راوێژکارەکانی بەرزی رووس و نەمسا ـ گورچاکۆڤ و ئاندراسی ـ لە بووهێم چاویان پێك کەوت و سنوورە ئیحتیمالییەکانی دابەشکردنی شیمانەیی باڵکانیان بۆ ناوچە ژێردەسەڵاتەکانی ئەو دوو ئیمپڕاتۆرە دیاری کرد. لەلایەکی دیکەوە بریتانیا پشتیوانیی لە یەکپارچەیی عوسمانی دەکرد، هەوڵیدا سوڵتان هان بدا بۆ دانی ئۆتۆنۆمی بە بولگاریا و بۆسنیا و ناچاری بکا هێندێك ریفۆرم بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئاڵۆزی ئەنجام بدا. هەربۆیە بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسێك لە دیسامبەری ١٨٧٦ بە پێشنیاری بریتانیا لە قوستەنتەنیە پێك هات کە تا جۆنیوەریی ١٨٧٧یش درێژەی کێشا بەڵام هیچی لەدەست نەهات. لەوەبەدوا رووسیا بیانووی دەستێوەردانی دەستکەوت و هەوڵیدا لەپێشدا رەزامەندیی هێزە پێوەندیدارەکان وەدەست بێنێ (ترس لە کۆنسێرتی ئەورووپا)و پاشان قۆڵی لـێهەڵماڵی. لە ١٥ی جۆنیوەریی ١٨٧٧دا رووسیا بێلایەنیی نەمسای لە بەرامبەر وەرگرتنی بەڵێن بۆ لکاندنی بۆسنیاوهێرزەگۆڤینی بە نەمساوە وەدەست هێنا. بەمەبەستی رازیکردنی بریتانیا راوێژکاری بەرزی رووسیا گۆرچاکۆڤ بەڵێنیدا کە قوستەنتەنیە داگیر نەکا و لەبارەی دەرووەکانی بۆسفێر و داردانێلدا یەك لایەنە بڕیار نەدا. پاشان لە ٢٤ی ئەپریلدا شەڕی لە دژی سوڵتانی عوسمانی راگەیاند. کاتێك عوسمان پاشا هێرشی رووسیای تێك شکاند دەوڵەتە ئەرووپاییەکان بێدەنگ بوون، بەڵام کاتێك سوپای رووسیا لە دوو لاوە واتە لەلای ئادرنە و ترابزۆنە و دەریای رەشەوە دەستیان بە پێشرەوی کرد، بریتانیا و نەمسا بەهۆی فراوانخوازیی رووسیاوە تێك چوون. لە ٢٩ی جۆنیوەریی ١٨٧٨دا دیزرائیلی یەپامێکی دا بە رووسیا کە دامەزرانی سوپایەکی غەیرە عوسمانی لە ئادرنە قەبووڵ



ناکا و بەدوای ئەمەدا کۆمەڵە کەشتییەکی لەهێزی دەریایی خۆی لە دەریای سپی نێوەڕاستدا ناردە لێوارەکانی بۆسفێر. لەلایەکی دیکەش عوسمانی لە ترسی شکستی یەکجاری داوای ئاگربەسی کرد. لەسەرەتادا رووسیا خۆی لە قەبووڵی ئاگربەس بوارد، بەڵام پاش ئۆلتیماتۆمی ئینگلیز و بەهۆی لاوازبوونی سوپاکەی دەستی کرد بە وتووێژ لەگەڵ سوڵتان کە بوو بەهۆی بەستنی پەیماننامەی سەن ستیفانۆ. هەموو مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیە بە قازانجی رووسیا دارێژرابوون. بەپێی ئەم پەیماننامەیە، خارس (قارس)، باتووم، بایەزید لە بەشی ئاسیای عوسمانی و دبروجە لە بەشی ئەورووپایی عوسمانی کەوتنە سەر خاکی رووسیا و خێرا لەگەڵ رۆمانیا بە بیسارابیی باشووری گۆڕییەوە. سێربیا و مونتەنێگرۆ ناوچەی نوێیان وەدەست هێنا و هەروەك پێشبینی کرابوو نەمسا بەرێوەبردنی بۆسنیاوهێرزەگۆڤینی کەوتە ئەستۆ و لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە بۆلگاریای گەورە و سەربەخۆ پێك هات کە لە دەریای ئیجەوە تا دانووب و لە ئادرناوە تا سنوورەکانی سێربیای دەگرتەوە کە بەرەسمی باج و خەراجی دەدا بە بابی عالی، بەڵام پاشایەتییەکەی درا بە شازادەیەك کە هەڵبژاردەی رووسیا بێ. ئاکامی ئەو دابەشکردنە نوێیانە ئەوە بوو کە ئەو ناوچانەی لە ئەورووپادا لەبەردەستی عوسمانیدا بوون کرانە دوو بەش. جیایی کەوتە نێوان ئاڵبانی و دم رووباری ڤادار لە رۆژئاوا لەلایەك و، لەلایەکی دی تراسی رۆژهەڵات و قوستەنتەنیە لە رۆژهەڵاتدا.

بەڵام ئەو دابەشکردنانە بوون بەهۆی نارەزایەتیی دەوڵەتە ئەورووپاییەکان بەتایبەتی دوو رکەبەری کەللەشەق. بوونی رووسیا لە ناوچەی باڵکان بوو بەهۆی ئەوەی نەمسا و بریتانیا فشار بخەنە سەر تەزار و ناچاری بکەن ملێ بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەك رابکێشێ بۆئەوەی مەرجەکانی پەیماننامەی سەن ستیفانۆ بگۆڕێ. ئەو کارە بیرهێنانەوەی کۆنسێرتی ئەورووپا بوو کە سەرەڕای باڵادەستیی ئەڵمانیا لە ئەورووپادا هەروا بە هێزی خۆی مابۆوە. رووسیا کە دەیزانی ناتوانێ لە بەرامبەر وڵاتانی ئەورووپاییدا راوەستێ، رەزامەندیی خۆی بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی بەرلین لە مانگەکانی جوون و جولای ١٨٧٨دا راگەیاند. هەڵبژاردنی بەرلین وەك شوێنی بەرێوەچوونی کۆنگرە نیشانەی رۆڵی حەکەمییەتی ئەڵمانیا لە کاروباری ئەورووپادا بوو و بیسمارکیش بەقازانجی ئیعتباری خۆی کەڵکی لەو مەسەلەیە وەرگرت. دیارە بیسمارك قازانجی راستەوخۆی لە باڵکاندا نەبوو و جگە لەوەی کە هەوڵی دەدا کێشەی نێوان دوو هاوپەیمانی خۆی واتە رووسیا و نەمسا بگەیەنێتە نزمترین پلەی خۆی و پێش بە لێکهەڵوەشانی سیستەمی خۆی بگرێ بەڵام ئاکامەکە بەپێچەوانەی ئەم مەبەستە دەرچوو.

تەنیا ئاکامی باشی کۆنگرەی بەرلین ئەوە بوو کە پێشی بە شەڕی دەسەڵاتە ئەورووپاییەکان بەتایبەتی تێکهەڵچوونی نێوان رووسیا و نەمسا و ئینگلیز گرت.

هەرچەند کۆنگرەی بەرلین بەشێکی زۆری مەرجەکانی سەن ستیفانۆی گۆڕی و دەستی رووسیای لەزۆر لەو ناوچانەی لە عوسمانیی گرتبوو کورت کردەوە، بەڵام ئەو رێککەوتننانەش وەك رابردوو بەبێ سەرنجدان بە هەست و قازانجەکانی نەتەوە پەیوەندداراەکان و بەپێی قازانجی هێزە گەورەکان کران و بەجۆرێك بوو کە دەتگوت جارێکی دیکە رووحی کۆنگرەی ڤیەن ١٨١٥باڵی بەسەر ئەورووپادا کێشاوەتەوە. بەپێی خاڵە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی بەرلین هەرچەند سێربیا و مونتەنیگرۆ سەربەخۆیی خۆیان دەپاراست بەڵام ناوچەی موسوڵمان نشینی نوڤی بازار لێکی جیادەکردنەوە. نەمسا وەك بەڕێوەبەری کاتیی بۆسنیاوهێرزەگۆڤین ناسێندرا و بولگاریا بۆ دوو ناوچەی باکوور و باشوور دابەش بوو کە ناوچەی باشوور دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی.

هەر لەم کاتەدا ئەم قەیرانە و کۆنگرەی بەرلین خاڵی گۆڕانێك بوون لە ئاڵوگۆڕەکانی باڵکاندا. بەڵام ئەم مەسەلەیە بەهیچ جۆر بەمانای کۆتایی مەسەلەی رۆژهەڵات و قەیرانی باڵکان نەبوو. چونکە هەرچەند بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرلین دیسان هەر لە نفووزی عوسمانی کەم بۆوە بەڵام لاوازبوونی دەسەڵاتی عوسمانی و لێکهەڵوەشانی پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا کە بە پێچەوانەی ویستی بەریتانیا رووی دەدا، بە سوودی وەدیهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەکانی باڵکان نەبوو و نارەزایەتیی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە دەبووە هۆی ئەوەی باڵکان هەروا وەك ناوەندێکی نائارام لە رووی ئەمنییەوە، هەڕەشە لە ئەورووپا بکا. لەلایەکی دیکە هەر بەو رادەیەی دەسەڵاتی عوسمانی لەم ناوچەیەدا کەم دەبۆوە، ئاگری تەماعی دوورکەبەری ئەورووپا، رووسیا و نەمسا بڵێسەی دەگرت و نەتەوەکانی باڵکانی تووشی تەنگانەیەکی نوێ دەکرد. رکەبەرایەتیی ئەو دوو هێزە لە باڵکان مەسەلەیەك بوو کە سەرەڕای هەوڵی بیسمارك لە کۆنگرەی بەرلیندا، چارەسەر نەکرا. سەرەنجام لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو رووسیا کە لە تەواوی دوایین دەسکەوتەکانی تەنیا توانیبووی بەشێکی کەم (قارسوباتووم) بۆخۆی بێڵێتەوە و لە پێکهێنانی بولگاریای گەورە چاوپۆشی بکا و نەك هەر شکستی خۆی لە چاوی دوژمنایەتیی نەمسا و سەرپێچیی بەریتانیا دەزانی، بەڵکو بیسمارکیشی بە شەریکە جورم دەزانی. چونکە لەماوەی کۆنگرەی بەرلین و بەگشتی لەماوەی ئەم قەیرانەدا، بیسمارك زیاتر لایەنی نەمسای گرتبوو و بەچاوێکی باش سەیری رووسیای نەکردبوو. بەسەرنجدان بەو



بەدگومانییە، تەزار مانەوە لە پەنا ئەڵمانیا و نەمسای پێباش نەبوو و دوای کۆنگرەی بەرلین لە رێککەوتنی ئەو سێ ئیمپراتۆرە کە لە ١٨٧٣دا بەسترابوو، چووەدەر. کاتێك ئەلیکساندری دووەم پشتی لە پەیمانی ئەو سێ ئیمپراتۆرە کرد، سیستەمی یەکەمی بیسمارك لێکهەڵوەشا، بەڵام هەر لەو کاتەدا راوێژکاری بەرزی ئەڵمانیا خەریکی راکێشانی خەتە گشتییەکانی دووەمین سیستەمی خۆی بوو.

سیستەمی دووەمی بیسمارك: قەیرانی رۆژهەڵات دەری خست کە پێکەوە ژیانی فەرمیی ئیمپڕاتۆری رووس و نەمسا لە یەکیەتییەکدا ئیمکانی نییە. لەم رووەوە بیسمارك بڕیاریدا لەنێوان رووسیا و نەمسادا یەکێکیان هەڵبژێرێ و سەرەنجام نەمسای وەك کۆڵەکەی سیستەمی دیپلۆماسیی نوێی خۆی هەڵبژارد و هەر لەو کاتەشدا لەساڵی ١٨٨١ لەگەڵ رووسیاشدا پێوەندییەکی ناوە ناوەی دامەزراند. ساڵی دواتر ئیتالیای وەك کۆڵەکەی دیکەی یەکیەتیی خۆی هەڵبژاردو بەمجۆرە بەرنامەی تەریك خستنەوەی فەرەنسا کە یەکەم مەبەستی بیسمارك بوو تەنانەت زۆر لێبڕاوانە درێژەی کێشا.

کاتێك بیسمارك بڕیاریدا سیستەمی نوێی دیپلۆماسیی خۆی لەسەر بناخەی یەکیەتیی لەگەڵ نەمسا رێك بخا لەگەڵ دوو کۆسپ بەرەوڕوو بوو کە سەرەنجام بە سەریاندا زاڵ بوو. یەکەم، جیاوازیی بیروبۆچوون لەگەڵ گیوومی یەکەم ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو کە یەکگرتن لەگەڵ رووسیای پێ لە یەکگرتن لەگەڵ نەمسا باشتر بوو. چونکە ئەو رێزی لە ئیمپراتۆری رووسیا دەگرت لەحاڵێکدا بیسمارك نەمسای پێباشتر بوو لەبەرئەوەی لە ئەڵمانیا نزیکتر بوو و لە بیری تۆڵەسەندنەوەی شکستی ١٨٦٦دا نەبوو. سەرەنجام بیسمارك بە هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە، ئیمپڕاتۆری لەبەرامبەر ویستی خۆیدا بەچۆکدا هێنا. لەڕاستیدا رێگەچارەی بیسمارك هەم رووسیا و هەم فەرەنسای لە بەرامبەر ئەم یەکیەتییەدا رادەگرت. بەڵام گیوومی یەکەم راوەستانی لەبەرامبەر رووسیادا بەدژی رێوشوێنی دۆستایەتی و بیروباوەڕی خۆی دەزانی. کۆسپی دووەم جیاوازیی بیروڕا لەگەڵ نەمسا بوو کە پێی خۆش بوو ئەم یەکیەتی‌یە رووی لە رووسیا بێ کە رکەبەری ئەم وڵاتە لە باڵکاندا بوو. لەحاڵێکدا بیسمارك پێی خۆش بوو نووکی هێرشی ئەم یەکیەتی‌یە رووی لە فەرەنسا بێ.

سەرەنجام بیسمارك ئەو پرووسییە کەللەشەق و دیپلۆماتە لێهاتوویە کە بە هەویای ئامانجی درێژخایەن تر بوو بۆچوونی نەمسای قەبووڵ کرد. لە ٧ی ئوکتۆبەری ١٨٧٩دا پەیمانی یەکیەتیی نەمسا و ئەڵمانیا ئیمزا کرا. لەو پەیمانەدا پێشبینی کرابوو کە هەرکات یەکێك لەو

دوو وڵاتە لەلایەن رووسیاوە هێرشی بکرێتە سەر لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا یەکیەتیی نیزامی پێك بێ. بەڵام ئەگەر هێرشکەر وڵاتێکی دیکە بۆ وێنە فەرەنسا بێ، بێلایەنیی ئەو دوو وڵاتە بەسە. وا وێدەچێ مەبەستی بیسمارك لەو پەیمانە کە هیچ چەشنە دەستەبەرێکی لەبەرامبەر هێرشی فەرەنسا بۆسەر ئەڵمانیادا تێدانەبوو، زیاتر عاقڵکردنی تەزار و ئاگادارکردنەوە لەو زەرەر و زیانانە بوو لەئاکامی نزیکایەتیی زیاتر لەگەڵ رووسیادا. رووداوەکانی دواتر ئەم بۆچوونەیان سەلماند. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بیسمارك هەوڵیدا رکەبەرەکەی دیکەی رووسیا واتە بریتانیاش بۆلای خۆی رابکێشێ. نزیکایەتیی ئەڵمانیا لەگەڵ بریتانیا کە بەردەوام لە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی رووسیا لە ناوچەی مەدیتەرانەدا راوەستابوو، رووسیای ترساند و بوو بەهۆی ئەوە کە خۆی لە تەریك کەوتنەوەیەکی تەواودا ببینێ. بیسمارك زیرەکانە بۆی دەرکەوتبوو کە رووسیای تەزاری قەت لە فەرەنسای کۆماریخواز نزیك نابێتەوە، بۆیە نەخشەی خۆی بێ هیچ چەشنە دڵەراوکێیەك بەڕێوە برد.

لە سێپتەمبەری ١٨٧٩دا دەرباری تەزار دیپلۆماتێکی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بیسمارکدا نارده بەرلین و بیسمارك کە چاوەڕوانی شتێکی وابوو، پێشوازیی لە پێشنیاری تەزار کرد لەبارەی باش کردنی پێوەندیی ئەو دوو وڵاتەدا، تەزار هیوادار بوو بەم کارە لانیکەم ئەگەر لەگەڵ بریتانیا تێکهەڵچوون لە بێلایەنیی دوو هێزی ئەورووپایی و واتە ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکەی نەمسا دڵنیا بێ. بەڵام نەمسا، رکەبەری رووسیا لە بالکاندا بەهۆی کێشەیەك کە لەگەڵ رووسیا هەیبوو لە نزیك بوونەوەی رووسیا و ئەڵمانیا و لە رێککەوتنی دووبارەی سێ ئیمپراتۆر زۆر نارازی بوو، بەڵام لە بەرامبەر هەڕەشەی بیسمارکدا لەبارەی پچراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا ملی بۆ خواستەکانی راکێشا. لە ١٨ی جوونی ١٨٨١دا پەیمانێکی دیکە لەنێوان ئەم سێ ئیمپراتۆرەدا ئیمزا کرا و ئیمپراتۆری نوێی رووسیا ئەلکساندری سێیەم (ئەلکساندری دووەم لەمانگی مارسی ئەم ساڵەدا کوژرابوو) کە بارودۆخی خۆی لە رووی نێوخۆیی و لە رووی دەرەوەدا زۆر بە سەقامگرتوویی نەدەدی، لە بەستنی رێککەوتننامەدا پەلەیەکی زۆری کرد.

ئەو پەیمانە کە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەسترابوو نەك هەر یەکیەتیی ئەڵمانیا و نەمسای هەڵنەدەوەشاندەوە، بەڵکو هەوڵیدا رکەبەرایەتیی نێوان نەمسا و رووسیا بگەیەنێتە کەمترین ئاست. دەکرێ خاڵە سەرەکییەکانی ئەو پەیمانە بەشێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:-



١ـ بێلایەنیی دوو هاوپەیمان، کاتێك کە لایەنی سێیەم بکەوێتە بارودۆخی شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی دەرەوەی پەیمانەکە.

٢ـ نەمسا و رووسیا بەڵێنیاندا کە یەك لایەنە دەست نەکەن بە گۆڕینی بارودۆخ لە بالکاندا.

٣ـ بەپێی پرۆتۆکۆڵێکی جیا بڕیار درا نەمسا ویلایەتەکانی بۆسنیا ـ هێرزەگۆڤین کە بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرلین بەڕێوە دەچوون بخاتە سەر خاکی خۆی و رووسیا دوو میرنشینی بولگاریا و رومیلیا وەك دوو وڵاتی جیا بخاتە ژێر چاوەدێریی خۆیەوە.

بەمجۆرە ئەو پەیمانە ئامانجەکانی ئەڵمانیای دابین دەکرد کە دەیەویست ئەگەر هات و لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا شەڕ بوو رووسیا بێلایەن بێ و هەروەها ئامانجی رووسیا کە بەدوای دەستەبەرێك دابوو کە ئەگەر هات لەگەڵ بریتانیا تووشی شەڕ بوو ئەڵمانیا و نەمسا کاریان پێی نەبێ. دۆڕاوی سەرەکی لەم رووداوەدا نەمسا بوو کە بۆ قەبووڵ کردنی قازانجەکانی رووسیا لە بالکاندا ملیدا و لەبن دەستی بیسمارکدا زمانی نەکردەوە. بیسمارکیش دڵخۆش بوو بەوەی کە لە سایەی زیرەکیی سروشتی و هونەری دیپلۆماتیکیی خۆیدا ئەسپێکی سەرکێشی وەك رووسیای خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە، درێژەی پتەوکردنی جێگەی ئەڵمانیا لە مەیدانی سیاسەتی ئەورووپادا و رێگەی پێکهێنانی یەکیەتیی سێقۆڵیی خۆش کرد.

یەکیەتیی سێقۆڵی: بەهاتنی ئیتالیا بۆنێو یەکیەتیی ئەڵمانیا و نەمسا لەساڵی ١٨٨٢دا سیستەمی نوێی بیسمارك کە لە ساڵی ١٨٨١دا دایمەزراندبوو لایەنی نوێی بەخۆیەوە گرت. ئەمجارە ئەڵمانیا نەبوو کە بەدوای هاوپەیماندا دەگەڕا بەڵکو ئیتالیا هەروەك لەباسی پێوەندیدار بەو وڵاتەدا باس کرا، بۆ دەربازبوون لە تەریککەوتنەوە و وەدەستهێنانی ئیعتبار بڕیاریدا لەگەڵ هێزە گەورەکانی ئەورووپا پێوەندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ ئەوەدا پارسەنگێك نەبوو لە ئاستی سیاسەتی ئەورووپادا، یەکگرتنی لەگەڵ هێزە گەورەکاندا گرنگییەکی تایبەتیی هەبوو. هۆی ئەوەی کە ئیتالیا ئەڵمانیای وەك هاوپەیمانی خۆی هەڵبژارد شتێك نەبوو جگە لە هەڵەکانی پێشووی فەرەنسا. ناپلیۆنی سێیەم لەپێناو سیاسەتی خۆیدا کە بریتی بوو لە پشتیوانی لە دەسەڵاتی سیاسیی پاپ بەردەوام کۆسپی سەر رێگەی نەتەوەخوازان و یەکیەتیخوازانی ئیتالیا بوو و ئەگەر نەڕووخابا، ئیتالیا لە ساڵی ١٨٧٠دا نەیدەتوانی یەك بگرێتەوە. فەرەنسا پاش ناپلیۆنیش تا ساڵی ١٨٧٧ سیاسەتی مەزهەبیی "نەزمیئەخلاقی"ی پێڕەو دەکرد و دەبووە هۆی سڕینەوەی باوەڕ و متمانەی ئیتالیا کە تازە لەدەست قەشەکان رزگاری ببوو. هەربۆیە هەرچەند ئیتالیا لەسەر ویلایەتەکانی باکووری خۆی کە لەبەردەستی نەمسادا بوون لەگەڵ ئەم

وڵاتەدا لەشەڕ بوو و شکستی ١٨٦٦یشی لەبیر نەکردبوو بۆلای ئەڵمانیا و سەرەنجام یەکگرتن لەگەڵ نەمسا چوو. بەڵام مەبەستی بیسمارك لە قەبووڵکردنی یەکگرتن لەگەڵ ئیتالیای لاوازدا کە هەمیشە بەچاوی سووکەوە سەیری دەکرد، ئەوە بوو کە خاڵی لاوازی یەکیەتیی ١٨٧٩ی ئەڵمانیا و نەمسای بەجۆرێك قەرەبوو بکاتەوە. چونکە نووکی هێرشی یەکیەتیی ناوبراو رووی لە رووسیا بوو، بەڵام دڵەڕاوکێی بیسمارك لە ئەگەری شەڕ لەگەڵ فەڕەنساوە سەرچاوەی دەگرت، ئەگینا تەنیا گیوومی یەکەم ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیا پابەندی ئەخلاقیات و ئەمەگناسی بوو و باسی یارمەتیی ئیتالیای لە شەڕی ١٨٦٦ی ئەڵمانیا و نەمسادا دەکرد هەرچەند کەمیش بوو، بەڵام بۆ بیسمارك ئەو شتە بچووکانە وەبەرچاو نەدەهاتن.

بەڵام کۆسپێك کە ئیتالیا لەسەر رێی یەکگرتن لەگەڵ ئەڵمانیادا هەیبوو ئەوە بوو کە دەیزانی یەکگرتن لەگەڵ ئەڵمانیا بی هەوێ و نەیهەوێ یەکگرتن لەگەڵ نەمساشی بە دواوە دەبێ کە هاوپەیمانی وی بوو و یەکگرتن لەگەڵ نەمسا بەمانای چاوپۆشی لە ویلایەتە ئیتالیاییەکانی ئیرەردانت بوو. بیسمارك بۆئەوەی دڵنیا بێ لەوەی کە کەلەبەری نێوان ئیتالیا و فەڕەنسا هەر دەمێنێ و رەواندنەوەی شك وگومانی رێبەرانی ئیتالیا لەبارەی یەکگرتن لەگەڵ ئەڵمانیادا و هەروەها بەرگرتن لە فەڕەنسا بۆئەوەی نەکەوێتە بیری ویلایەتە لەدەست چووەکانی خۆی، هەوڵیدا سەرنجی فەڕەنسا بۆلای تونس رابکێشێ کە وەك ناوچەی ئیتالیا حیسابی لەسەر دەکرا. دیارە بیسمارك پێشتریش فەڕەنسای بۆ وەدەسهێنانی کۆلۆنییەکان هان دابوو. لە ٥ی جۆنیوەریی ١٨٧٩دا رایگەیاندبوو: "تونس میوەیەکی پێگەیشتووە کە ئێوە فەڕەنسییەکان دەبێ لێی بکەنەوە." ئەم کارە جگە لەوەی سەرنجی فەڕەنسای بۆلای دەرەوەی ئەورووپا رادەکێشا، ئەو وڵاتەی لەگەڵ ئیتالیادا بە شەڕ دەدا کە لەمێژبوو لەو ناوچەیەدا هەوڵی دەدا. فەڕەنسا هاتە مەیدان و لەگەڵ حکوومەتی ناوچەیی تونس (بای) رێککەوتننامەی سەرپەرستایەتیی باردۆی لەگەڵ ئیمزا کرد (مای ١٨٨١) و پاشان هێزە نیزامییەکانی نارده تونس. بای تونس لەمەوبەدوا مافی ئیمزاکردنی هیچ چەشنە رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ وڵاتی سێیەمدا نەبوو. پاش ئەم کارە کە سووکایەتی بوو بە ئیتالیا، ئەم وڵاتە مەسەلەی ویلایەتەکانی ئیرەردانت و کێشەی لەگەڵ نەمسا بۆ ماوەیەك لەبیر کرد و لە سێپتەمبەری ١٨٨١دا رەزامەندیی خۆی بۆ چوونەنێو یەکیەتیی ئەڵمانیا و نەمسا راگەیاند. رێککەوتننامەی یەکیەتیی سێقۆڵی لە ٢٠ی مای ١٨٨٢دا لەلایەن سێ وڵاتەوە ئیمزا کرا و سەبارەت بەوە کە سوودێکی زۆری بۆ ئەڵمانیا تێدابوو چەندین جار لەسەریەك نوێ کرایەوە و زیاتر لە سیساڵ درێژەی کێشا. ئەم رێککەوتننامەیە لە



سەرەتادا تایبەتمەندیی بەرگریکارانەی هەبوو و مەرجەکانی، لایەنی نهێنییان هەبوو، دەکرێ بەشێوەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

ئەگەر ئیتالیا بێئەوەی فەڕەنسای وروژاندبێ و لەلایەن ئەم وڵاتەوە هێرشی بکرێتە سەر، دوو هاوپەیمانەکەی دیکە بە هانایەوە دێن. ئەگەر ئەڵمانیا لەلایەن فەڕەنساوە هێرشی بکرێتە سەر ئیتالیاش هەروا دەکا. بەڵام ئەگەر یەکێك لە هاوپەیمانەکان لەلایەن هێزێکی سێیەمەوە هێرشی بکرێتە سەر دوو هاوپەیمانەکەی دیکە بە "حسن نیت"ەوە بێلایەنی هەڵدەبژێرن مەگەر ئەوە کە یەکێك لەوان پێی خۆش بێ بە قازانجی هاوپەیمانەکەی بێتە نێو شەڕەوە، لەو حاڵەتەدا ئیزنی ئەم کارەی پێدەدرێ.

بەمجۆرە ئیتالیا لە تەریکمانەوە دێتە دەرەوە. بیسمارك هاوپەیمانێکی نوێ لەدژی فەڕەنسادا دەدۆزێتەوە و نەمسا لەوە دڵنیا دەبێ کە ئەگەر لەگەڵ رووسیا بەشەڕ هات، ئیتالیا بەرەی شەڕێکی دیکە لەدژی وی ناکاتەوە. بە یەکیەتیی سێقۆڵی، سیستەمی دووەمی بیسمارك پێدەگا وەك خۆی گوتەنی وەك سەعاتێکی ئوتوماتیك کار دەکا کە پێویستیی بە ئاگالێبوون نییە.

بیسمارك توانی لەلایەك بە رێکخستنی سێلایەنەی جوونی ١٨٨١ لەنێوان رووسیا و نەمسا یەکخستن پێك بێنێ کە دوو رکەبەری لەمێژینە لە باڵکاندا بوون و لەلایەکی دیکەش بە یەکیەتیی سێقۆڵی لە دوو دوژمنی لەمێژینە واتە ئیتالیا و نەمسا دوو هاوپەیمان پێك بێنێ کە پێڕەوی سیاسەتی خۆی بن و فەڕەنساش هەروا لە تەریك کەوتەییدا بیلێتەوە.

### ب ـ ئەورووپا لە یەکیەتیی سێقۆڵییەوە تا رووخانی بیسمارك

یەکیەتیی سێقۆڵی بۆجاری دووەم لە ساڵی ١٨٨٧دا نوێ بۆوە. بەڵام لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا پێك هات. رکەبەرایەتیی نەمسا و رووسیا لە باڵکاندا سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە. نەمسا لەژێر پشتیوانیی ئەڵمانیادا خەریکی پەرەپێدانی نفووزی خۆی بوو لە باڵکاندا. جگە لەوەی کەڵکی لە لاوازیی پاشای سێربستان و ناخۆشەویست بوونی وی وەرگرت، بە بەخشینی پلەی پاشایەتی بەوی ئەم میرنشینەی بە بەستنی پەیمانێك لە جوونی ١٨٨١دا خستە ژێر نفووزی خۆیەوە. لە رۆمانیاشدا لەرێگەی شا کارۆل کە شازادەیەکی هوهن زولێرن بوو پەرەی بە نفووزی خۆیدا. بیسمارك کەڵکی لە نزیکایەتیی کارۆل لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتیی ئەڵمانیا وەرگرت و سەرەڕای کێشەی سنووریی رۆمانیا و نەمسا (ترانسیلڤانی رۆمانیا داوای دەکرد) توانی پێوەندیی باش لەنێوان ئەو دوو

وڵاتەدا پێك بێنێ و لە ساڵی ١٨٨٣دا ڕێککەوتننامەیەکی یەکگرتنی لەدژی رووسیا لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا ئیمزا کرد. رەوتی رووداوەکان لە بولگاریاش، لە کۆتاییدا بە شکستێکی تەواو بۆ رووسیا و بە قازانجی نەمسا کۆتایی هات. هەرچەند روسیە شازادەی بولگاریا کە خزمی تەزار و بەرووس بەسترابۆوە سەبارەت بە نزیکایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەخوازان و لابردنی وەزیرە رووسەکان، بە کودەتایەك لە ئاگوستی ١٨٨٦دا لای برد، بەڵام نەیتوانی ئەو کەسەی کە دەیەویست بە دەسەڵات بگەیەنێ، چونکە پارلەمانی بولگاریا دەنگی نەدا بە کاندیدای تەزار و شازادەیەکی هەڵبژارد کە پێشتر ئەفسەری سوپای هەنگاریا بوو و ئێستاش نەمسا پشتیوانیی لــێدەکرد. رووسیا لە ساڵی ١٨٨٧ هیچکام لەو دەسکەوتانەی لە کۆنگرەی بەرلین وەدەستی هێنابوون لەبەردەستیدا نەمابوون و لەهەموو شوێنێك لەحاڵی پاشەکشەدا بوو. رووسیا هۆی ئەم شکستانەی بە لایەنگریی ئەڵمانیا لە نەمسا دەزانی و هەربۆیەش لەکاتی نوێکردنەوەی پەیماننامەی یەکگرتنی سێ ئیمپراتۆر لەساڵی ١٨٨٧دا خۆی لە ئیمزاکردنی پاراست. چوونەدەری رووسیا لە چوارچێوەی دیپلۆماسیی بیسمارك لەگەڵ رووداوێکی دیکەش هاوکات بوو کە بیسمارکی تووشی دڵەڕاوکێ کرد، ئەویش بریتی بوو لە سەرهەڵدانەوەی شەپۆلی ناسیۆنالیزم لە فەڕەنسا. ئەمە نیشانی دەدا کە هەوڵی بیسمارك بە خەریك کردنی فەڕەنسا بە کۆلۆنییەکانی ئەفریقا ناتوانێ بیری لە دەستدانی ویلایەتەکانی ئالزاس و لۆرێن لە مێشکی فەڕەنسییەکان بشواتەوە. رووخانی دەوڵەتی کۆماریخواز لە مارسی ١٨٨٥دا ئارامیی پێوەندییەکانی ئەڵمانیا و فەڕەنسای شێواند. چونکە وێڕای بووژانەوەی ناسیۆنالیزم بە بوونی ژەنراڵ بولانژە بە وەزیری بەرگریی فەڕەنسا حیزبی نیشتمانپەروەرانی پۆل دورولدیش کە دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ ئەڵمانیاییەکان بەناوبانگ بوو پێی نایە مەیدانی سیاسییەوە و ئەگەری ئەوە هەبوو ویلایەتەکانی ئالزاسو لۆرێن بشێوێن. فەڕەنسییە نەتەوەخوازەکان کە بەچاوی ناپلیۆنێکی دیکە سەیری بولانژەیان دەکرد و لەدەوری کۆبوونەوە. بەڵام کۆماریخوازەکان کە لە هێرشی ئەڵمانیاییەکان نیگەران بوون، بولانژەیان وەلا نا و بە رواڵەت کۆتایییان بە کێشەکە هێنا. ساڵی ١٨٨٧ لە روانگەی بیسمارکەوە وەکو ساڵی ١٨٧١ ساڵێکی مەترسیدار بوو. چونکە بیری تۆڵە ئەستاندنەوەی فەڕەنسییەکان داهاتوویەکی لێڵی خستبووە ئاسۆی ئاشتییەکی بەردەوام، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا ئەگەری ئەوە زۆر بوو فەڕەنسا و رووسیا لەدژی ئەڵمانیا یەك بگرن. هەوڵی بیسمارك بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و چوونەدەر لەو بنبەستە، سیستەمەکەی گەیاندە لووتکەی گەشەسەندن و هەر لەو کاتەشدا لە




قۆناغی کۆتایی خۆی نزیك کردەوە. هێندێك کەس ناوی سیستەمی سێیەم لەو هەوڵە نوێیانەی بیسمارك دەنێن.

مانگی مای ١٨٨٧ یەکیەتیی سێقۆڵی کاتی نوێکردنەوەی هاتبوو و لەونێوەدا لەگەڵ قەیرانی بولگاریا و ئەگەری شەڕ لەگەڵ فەڕەنسا گرنگیی یەکگرتن لەگەڵ ئیتالیا زیاتر بوو. ئەمە بوو بەهۆی ئەوە کە بە کێشێکی زیاترەوە لە مەیدانی سیاسیی ئەورووپادا دەرکەوێ. کۆنت روبیلان وەزیری دەرەوەی ئیتالیا هاتەسەر ئەو باوەڕەی ئەوپەڕی کەڵك لەو هەلومەرجە وەربگرێ بە سوودی وڵاتەکەی. لەو مەرجانەی کە روبیلان بۆ نوێکردنەوەی یەکیەتیی سێقۆڵی هێنایە گۆڕێ یەکێکیان دەستەبەرکردنی پاراستنی بارودۆخ بوو لە ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاستدا بۆئەوەی پێش بە شیمانەی فراوانخوازیی فەڕەنسا بگیرێ. ئەوی دیکەش ئەوە بوو ئەگەر هاتوو نەمسا شوێنی دیکە لە ناوچەی باڵکاندا بگرێ بەشێکیش بۆ ئیتالیا وەبەرچاو بگرێ. بیسمارك نەمسای بە قەبووڵی داخوازەکانی ئیتالیا رازی کرد و یەکیەتیی سێقۆڵی لەگەڵ ئیمزاکردنی دوو کۆنڤانسیۆنی نوێ بەرلەوەی کاتەکەی بەسەر بچێ لە فێبریوەری ١٨٨٧دا نوێ کرایەوە. کۆنڤانسیۆنی یەکەم لەنێوان ئیتالیا و نەمسادا بەسترا و وا داڕێژرابوو بارودۆخی لە باڵکاندا بپارێزرێ و ئەگەر نەمسا ناچار بوو ناوچەی نوێ لە باڵکاندا داگیر بکا، دەبوا راوێژی لەگەڵ ئیتالیا بکردایە و بەرامبەرێکیش بۆ ئیتالیا لەبەرچاو بگرێ. کۆنڤانسیۆنی دووەم لەنێوان ئەڵمانیا ئیتالیادا ئیمزا کرا. بەپێی ئەم کۆنڤانسیۆنە ئەڵمانیا بەڵێنیدا پشتیوانی لە قازانجەکانی ئیتالیا لە باکووری ئەفریقادا بکا و پێش بە دەستدرێژیی فەڕەنسا لە ناوچەکانی ژێر نفووزی ئیتالیا لە باکووری ئەفریقا بگرێ. بەدوای ئەم ڕێککەتننامەیەدا یەکیەتیی سێقۆڵی لە حاڵەتی بەرگری هاتەدەر و حاڵەتی هێرشی بە خۆیەوە گرت. لەلایەکەوە چونکە بیسمارك توانای دەستێوەردان لە کاروباری دەرەوەی قاڕەی ئەورووپای لەخۆی دانەدەدی، هەوڵیدا ئەو بەڵێنەی بە ئیتالیای دابوو لەرێگەیەکی دیکەوە قەرەبوو بکاتەوە و ئەویش بریتی بوو لە کەڵك وەرگرتن لە کێشە و رکەبەرایەتیی ئینگلیز و فەڕەنسا لە باکووری ئەفریقادا بەتایبەتی لەبارەی میسردا. هەربۆیە بە هاندانی بیسمارك پەیمانێکی دیکە لەنێوان ئیتالیا و بریتانیادا بەسترا کە نووکی هێرشی بۆسەر فەڕەنسا بوو. ئیتالیا پشتیوانیی لە هێرشی بریتانیا بۆسەر میسر کرد و بریتانیا بەڵێنی بە ئیتالیادا لەگەڵ داگیرکرانی لیبیا لەلایەن فەڕەنساوە دژایەتی بکا. هەروەها هەردوولا پێیان لەسەر پاراستنی بارودۆخەکە لە ناوچەی دەریای نێوەڕاستدا گرتەوە. لە راستیدا دەستەبەرکردن و پاراستنی وەزعی مەوجوود لەو ناوچەیەدا هەنگاوێك لەدژی فرەوانخوازانی رووسیاش لەم ناوچەیەدا بوو. هەربۆیە نەمساش بۆ هاتنەنێو ئەم پەیمانە هاندرا و لە ٢٤ی مارسی ١٨٨٧دا پێوەست بوونی خۆی راگەیاند. لەمانگی مای ئەم ساڵەدا ئیسپانیاش کە خۆی بە

وڵاتێکی دەریای سپیی نێوەڕاست دەزانی، پێوەست بوونی خۆی بەو پەیمانەوە ڕاگەیاند. ئەم پەیمانە کە لە دوو ڕێگەوە واتە نەمسا و ئیتالیاوە پێوەندیی بە ئەڵمانیاوە هەبوو لەکارە گرنگەکانی بیسمارك بوو. چونکە هەر لەم کاتەدا کە هەموو وڵاتانی ئەورووپایی تەنانەت بریتانیاشی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە، بۆخۆی، خۆی لە پێوەست بوونی فەرمی بوارد تا ڕێگە بۆ چاك کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ڕووسیادا ئاوەڵا بێڵێتەوە و ئەگەر هات و پێوەندییەکانی ڕووسیا و فەڕەنسا گەرم و گوڕ بوو، تەزار بۆلای خۆی بکێشێ و فەڕەنسای لە دوورەپەرێزیدا ڕابگرێ.

بیسمارك مادام کە شیمانەی بۆ چاك بوونەوەی پێوەندییەکانی ڕووسیا و فەڕەنسا دانابوو ئۆقرەی نەبوو. بەتایبەتییش فەڕەنسا بۆ دامەزراندنی پێوەندیی نزیك لەگەڵ ڕووسیا هەوڵی خۆی دەست پێ‌کردبوو. بەڵام ڕووسیا ڕوویەکی خۆشی بە فەڕەنسای کۆماریخواز نیشان نەدەدا. بیسمارك کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرت و لە جوونی ١٨٨٧دا پەیمانێکی نهێنیی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیادا ئیمزا کرد کە بە پەیمانی "دەستەبەری دووبارە" بەناوبانگە. بەپێی ئەم پەیمانە ئەڵمانیا بەڵێنی دابوو لەبارەی کێشەی بولگاریا و کێشەی دەرووەکاندا پشتیوانیی سیاسی لە ڕووسیا بکا. ئەم یەکیەتی‌یە کە لەلایەك لووتکەی سیستەمی بیسمارك پێك دێنێ(چونکە تەواوی ئەورووپای لەدژی فەڕەنسا و لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە) و لەلایەکی دیکە سیستەمی بیسمارکی لەگەڵ هێندێك پارادۆکس بەرەوڕوو کرد کە چارەسەرەکەی ئاسان نەبوو. چونکە بەڵێنەکانی ئەڵمانیا بە ڕووسیا لەگەڵ بەڵێنەکانی ئەم وڵاتە بە نەمسا یان بەڵێنەکانی نەمسا و بریتانیا لەبارەی دەریای سپیی نێوەڕاستدا نەدەگونجا. بیسمارك بەو لاوازییەی سیستەمی خۆی دەزانی‌و لەپێشدا بڕیاریدا دەست لە ڕووسیا هەڵبگرێ و پێوەندییەکی بەرگریکردن لەگەڵ بریتانیا دابمەزرێنێ. بەڵام دیسان مەیلی بەلای ڕووسیادا چوو و ئەم وڵاتەش لەترسی پشتیوانیی ئەڵمانیا لە نەمسا، پێشنیاری نوێ کردنەوەی ڕێککەوتننامەی "دەستەبەری دووبارە"ی قەبووڵ کرد. بەڵام گیوومی دووەم کە لە ساڵی ١٨٨٨دا لەجێی گیوومی یەکەم دانیشتبوو نوێ‌کردنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەی بە پێچەوانەی ڕووحی یەکیەتیی سێقۆڵی دەزانی و خۆی لە ئیمزاکردنی پاراست. بیسمارك بەهۆی نارەزایەتیی ئیمپراتۆر لەگەڵ سیاسەتی ئەورووپایی وی دەستی لەکارکێشایەوە و سیستەمەکەی لەبەریەك هەڵوەشا و سیاسەتی ئەورووپا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. لەتەواوی ئەم قۆناغەدا هێزی هاندەری بیسمارك ترس لە هەستی تۆڵەسەندنەوەی فەرەنسییەکان بوو کە هەستی نەتەوایەتییان بە لەدەستدانی ئالزاس و لۆرێن خەوشدار ببوو.





**دیمەنێك لە سیستەمی بیسمارك لە ساڵی ١٨٨٨**

## ٣ـ پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان پاش ڕووخانی بیسمارك

ڕووخانی بیسمارك دوو ئاڵوگۆڕی سەرەکیی لە پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکاندا پێك هێنا کە پاش تێپەڕینی دەیەیەك پێوەندیی هێزەکانی لە ئەورووپا بەتەواوی گۆڕی. ئەم دوو ئاڵوگۆڕە بریتین لە: چوونەدەری فەڕەنسا لە تەریك مانەوەیەکی بیست ساڵی و وەرسووڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا.

لەڕاستیدا یەکیەتیی سێقۆڵی بۆماوەی دە ساڵ ئاشتیی لە ئەورووپادا بەرقەرار کرد و دەبێ دان بەوەدابنێین تا ئەو کاتەی بیسمارك کاروباری یەکیەتیی سێقۆڵیی بەدەست بوو، ئەم

یەکیەتییە هیچ کات بەمەبەستی گۆڕینی هەلومەرج و قەیرانی هەلومەرج کەڵکی لەهێزی خۆی وەرنەگرت. بەڵام پاش رووخانی وی نەمسا هەوڵیدا نفووزی خۆی لە بالکاندا زیاد بکا و ئیتالیا چاوی لە ویلایەتی ئیرەردانت بڕی و لەخودی ئەڵمانیاش پان جێرمەنیزمی نیزامی دەستی بە پەرەگرتن کرد و گیوومی دووەمیش بەمەبەستی ئامانجە دوورودرێژەکانی خۆی کەڵکی لەو هەلومەرجە وەرگرت. لە ئاڵوگۆڕی نوێدا هەروەك دیتمان رووسیا لەبەرچاوی رێبەرانی ئەڵمانیا شتێکی ئەوتۆ نەبوو و لە کۆڕی هاوپەیمانەکانی ئەڵمانیا لابرا.

**أ ـ هاتنەدەری فەڕەنسا لە دوورەپەرێزی**

پاش ئەوەی هەوڵی رووسیا بۆ راکێشانی سەرنجی ئەڵمانیا بۆ دۆستایەتی بێئاکام بوو و پاش ئەوەی ئەڵمانیا بەهۆی لێکدانەوەی چەوتی راوێژکارانی نوێی ئیمپڕاتۆر بەتایبەتی "ڤۆن ڤالدرسی" سەرۆکی ستادی سوپا کە رێککەوتنی رووسیا و فەڕەنسایان بە دوور دەزانی و هیچ چەشنە ئیمتیازێکیان نەدا بە رووسیا، ئەم وڵاتە رووی کردە فەڕەنسا کە پێشتر لەسەرپەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ رووسیا سوور بوو. ئەمە بوو بەهۆی پێکهاتنی هاوسەنگییەکی نوێی هێزەکان. دیارە تەزار بۆخۆی یەکگرتن لەگەڵ فەڕەنسای کۆماریی بەدڵ نەبوو. بەڵام لە بەرامبەر پشتیوانیی رێبەرانی ئەڵمانیا لە فرەوانخوازیی نەمسا لە ناوچەی باڵکاندا لەلایەك و نزیك بوونەوەی بریتانیا لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی سێقۆڵی کە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم یەکیەتییە ببێتە یەکیەتییەکی چوارقۆڵی لەلایەکی دیکەوە، و سەرەنجام نوێبوونەوەی پێشوەختی یەکیەتیی سێقۆڵی لە مانگی مای ١٨٩١دا و زیادبوونی مەترسیی تەریك کەوتنەوەی رووسیا، سەرەنجام ئەم وڵاتە بڕیاریدا بە ئاشکرا لە فەڕەنسا نزیك بێتەوە (جولای ١٨٩١). رێخۆشکەری ئەم نزیکایەتییە پێوەندییە ئابوورییەکانی ئەم دوو وڵاتە بوو کە لە ساڵی ١٨٨٧دا دەستیان پێکرابوو. لە ٢٧ی ئاگۆسی ١٨٩١دا یەکەم رێککەوتنی سیاسیی نێوان ئەم دوو وڵاتە ئیمزا کرا کە رێککەوتنێکی ساکار و ناروون بوو. ئاکامی ئەم رێککەوتنە بۆ فەڕەنسا تەنیا ئەوە بوو کە کۆتایی تەریك کەوتنەوەکەی رابگەیەنێ. فەڕەنسا کە بەپەلە چاوەڕوانی یەکگرتن لەگەڵ رووسیا بوو مەترسیی وەدرەنگ خستنی ئەم پەیمانەی بە تەزار گەیاند و بەناچار ئیمتیازێکی بۆ رووسیا لەبەرچاو گرت و لە ١٨ی ئاگۆستی ١٨٩٢دا کۆنڤانسیۆنێکی نیزامیی لەلایەن بەرپرسانی ستادی ئەم دوو وڵاتەوە ئیمزا کرد. کورتەی مەرجەکانی ئەم رێککەوتنە بەشێوەی خوارەوە بوو:

١ـ ئەگەر فەڕەنسا لەلایەن ئەڵمانیا یان ئیتالیا کە ئەڵمانیا پشتیوانیی لێدەکا هێرشی بکرێتە سەر، رووسیا بە لەشکرێکی نزیك بە ٨٠٠هەزار کەسییەوە هێرش دەکاتە سەر ئەڵمانیا هەر بەو لەشکرەش دەچێتە پێش نەمسا.



٢ـ ئەگەر رووسیا لەلایەن ئەڵمانیا یان نەمساوە هێرشی بکرێتەسەر فەڕەنسا بە هێزێکی یەك میلیۆن و ٣٠٠ هەزار کەسییەوە بەهانای رووسیاوە دێ.

٣ـ تەنانەت ئەگەر یەکیەتیی سێقۆڵی ئامادەباشییەکی رێژەیی رابگەیەنێ، رووسیا و فەڕەنسا ئامادەباشییەکی تەواو رادەگەیەنن.

٤ـ ئەو دوو هاوپەیمانە نابێ رێککەوتننامەیەکی جیا لەگەڵ دوژمنی هاوپەیمانی خۆیان ئیمزا بکەن و ئەم یەکگرتنە تا ئەو کاتەی یەکیەتیی سێقۆڵی ماوە، بەهێزی خۆی دەمێنێتەوە و مەرجەکانی نهێنین.

کۆنڤانسیۆنی ئاگۆستی ١٨٩٢ پاش ١٨ مانگ لەلایەن ئەلیکساندری دووەم و پەرلەمانی فەڕەنساوە ئیمزا کرا (٢٧ی دیسەمبەری ١٨٩٣)و لایەنی فەرمی و قانوونیی بەخۆیەوە گرت. هۆی ئەم دواکەوتنە هەروەك ئاماژەی پێکرا، نیگەرانیی هەردوولا لە هێندێك مەرجی رێککەوتنەکە و هێندێك مەرجی دیکە بوو.

لە فەڕەنسا رەخنەکان زیاتر روویان لە نهێنی بوونی ئەم رێککەوتنە بوو. چونکە نهێنی بوون، دژایەتیی لەگەڵ قانوونی بنەڕەتی هەیە. هەروەها مەرجی جاڕدانی هێز لە کاتێکدا نەمسا هێزەکانی خۆی جاڕ دابێ کە لە رێککەوتننامەکەدا هاتبوو رەخنەی لێدەگیرا و ئەم کارەیان وەك سەپاندنی ئیرادە بەسەر فەڕەنسادا سەیر دەکرد. چونکە رووسیا نیگەرانی شەڕ لەگەڵ نەمسا لەسەر کێشەی باڵکان بوو لە حاڵێك فەڕەنسا لەم بارەیەوە هیچ سوودێکی نەدەدی. لەلایەن رووسیاشەوە هێشتا لە دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەڵمانیادا ئەم وڵاتە هیوابڕاو نەببوو و تەزار هیوادار بوو بە وەدرەنگ خستنی پەسەندکردنی ئەم رێککەوتننامە دۆستانەیە، دەرفەتێك بێتە پێش تاکو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا چاك بکاتەوە. سەرەنجام ئەڵمانیا دەستی رەتی بە سینگی روسیەوە نا و یەکیەتیی رووس و فەڕەنسای گەیاندە قۆناغی پەسەندکردنی کۆتایی. هەرچەند رێککەوتنی رووس و فەڕەنسا تا ساڵی ١٨٩٦ بە نهێنی مایەوە، دەکرێ بڵێین لەو کاتەوە ئەورووپا بۆ دوو بەرەی یەکیەتیی سێقۆڵی و بەرەی فەڕەنسا ـ رووسیا دابەش بوو.

بەمجۆرە سیاسەتی نوێی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی نەخوازراو، کۆتایی بە بیست ساڵ تەریك کەوتنەوەی فەڕەنسا هێنا و بوو بەهۆی ئەوە کە فەڕەنسا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا خاوەنی دیپلۆماسییەکی چالاك بێ. سوودەکانی ئەم یەکگرتنە بۆ فەڕەنسییەکان دەکرێ لە سێ لایەنەوە سەیری بکرێ. لە روانگەی سیاسەتمەدارانی ئەم وڵاتەوە، وەك پارسەنگێك لە بەرامبەر یەکیەتیی سێقۆڵیدا بێ. لە روانگەی ئابووریزانانەوە، ئەم یەکگرتنە زەمینەی بۆ دەسمایەدانانی فەڕەنسا لە

رووسیادا و پەرەپێدانی بازرگانیی دوولایەن پێك دێنا. دیارە هۆی ئابووری هاندەری هەردوو وڵات بوو. قەرزەکانی فەڕەنسا بە رووسیا و دەسمایەدانانی بەشی تایبەتیی فەڕەنسا لە بواری پیشەسازیدا ئۆگریی ئەم وڵاتەی لە پەرەپێدان بە دۆستایەتی لەگەڵ فەڕەنسادا هاندا. لە جۆنیوەریی ١٨٩٤ واتە لەکاتی ئیمزای کۆتایی رێککەوتننامەدا، قەرزی فەڕەنسا بە رووسیا شتێك زیاتر لە چوار میلیارد فرانك بوو کە لەساڵی ١٨٩٧دا گەیشتە ٥/٥ میلیارد. ئەو قەرز و دەسمایەدانانە رووسیای بۆ ریزی وڵاتانی پیشەسازیی ئەورووپا هەڵکێشا. (لەنێوان ساڵەکانی ١٨٩٠ تا ١٩٠٠ دیارخەری پێشکەوتنی پیشەسازیی رووسیا لە ٢٧ەوە گەیشتە ٦١ ـ بە پەسندی دیارخەری ١٠٠ بۆ ساڵی ١٩١٣ـ لە حاڵێکدا ئەڵمانیا هەر لەم سەردەمەدا بەو پێوانەیە لە ٤٠ەوە بۆ ٦٥ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٣٩ ەوە بۆ ٥٤ گەشەیان کردبوو) و سەرەنجام لە روانگەی خەڵکی ئاسایی فەڕەنساوە ئەم یەکگرتنە بەمانای هاتنەدەر لە تەریك کەوتنەوە و بەهێزبوونی بەرگریی نەتەوەیی بوو. بەڵام لەرووی قازانجەکانی رووسیاوە، ئەم یەکگرتنە جگە لە سوودی ئابووری دەستەبەری سوودی سیاسی و نیزامیشی هەبوو. رووسیا لە ئەورووپادا بەتایبەتی لەناوچەی دەرووەکاندا هەستی بە ناهێمنایەتی دەکرد و هەر لەوکاتەشدا چاوێکی لە رۆژهەڵاتی دووریش بوو و پێی خۆش بوو کاتێك لە رۆژهەڵات خەریکی شەڕە، لەبەرامبەر هێرشی ئیحتیمالیی ئەڵمانیا یان نەمسا بۆسەر رووسیا لە ناوچەی دەرووەکاندا لەلایەن وڵاتێکی ئەورووپایییەوە (فەڕەنسا) پشتیوانیی لـێبکرێ و ئەم یەکگرتنە راست ئەو مەبەستەی وەدی دێنا.

**ب- وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا**

سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا پاش رووخانی بیسمارك کە بە "سیاسەتی جیهانی" ناسراوە، لەدوو نموونەی گشتیدا کە پێویستییەکی دیکەیە کورت دەبێتەوە: پەرەپێدانی هێزی دەریایی و پەرەپێدانی نفووزی کۆلۆنیالیزم. لەڕاستیدا لەمەوبەدوا ئەورووپا بۆ گیوومی دووەم مەیدانێکی بەرتەسکە و دەبێ جیهان ببێتە مەیدانی دیپلۆماسی و جموجۆڵی ئابووریی ئەو. ئەم سیاسەتە بێگومان پێویستیی بە پەرەپێدانی هێزی دەریایییە. لەساڵی ١٨٩٠بەدواوە ئەڵمانییەکان بانگەشەیەکی زۆریان لەبارەی پەرەپێدانی هێزی دەریایی خۆیاندا هێنایە گۆڕێ و بێوچان خەریکی بەهێزکردنی هێزی دەریایی خۆیان بوون. دیارە چەندین ساڵ درێژەی کێشا تا بەرنامە نوێیەکانی ئەڵمانیا بەری گرت و وڵاتێك کە تا ساڵی ١٨٧٠ دەتوانین بڵێین هیچ چەشنە هێزێکی دەریایی نەبوو و تا ساڵی ١٨٩٠یش هێزێکی دەریایی زۆر بەرچاوی نەبوو، تا بتوانێ خۆی بگەیەنێتە ریزی هێزە دەریاییەکانی ئەورووپا وەك فەڕەنسا، ئیتالیا و ئیسپانیا، وردە وردە هەموو زەریاکانی خستە ژێر



بەرنامەی دەریایی خۆیەوە. بەڵام لەو کاتەوە کە هێزی دەریایی ئەڵمانیا توانای مانۆڕدانی وەدەست هێنا، بریتانیا گوتمان پاش کۆنگرەی ڤیەن ١٨١٥ رۆڵی پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکانی لە ئەورووپادا دیاری دەکرد، لەلایەن ئەڵمانیاوە هەستی بە مەترسی کرد و هەوڵیدا هاوسەنگیی هێزەکان بە زەرەری ئەم وڵاتە تێك بدا کە لە لاپەڕەکانی دوایی‌دا باسی دەکەین.

لەڕاستیدا پەرەپێدانی هێزی دەریایی و هێڵی کەشتییەکانی ئەڵمانیا بەرلەوەی هەنگاوێك بێ لەپێناوی میلیتاریزم لەو وڵاتەدا، وەڵامێك بوو بە ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان. هەروەك دیتمان تا ئەو کاتە تێکۆشانی خۆی بەڕەسمی لەچوارچێوەی ئەورووپادا قەتیس کردبۆوە بەڵام بە کردەوە پێی نابووە نێو بازارە جیهانییەکانەوە.

کاتێك لەساڵی ١٨٩٦دا گیوومی دووەم لە وتەکانی خۆیدا بەبۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا مەبەستی خۆی لە بارەی گۆڕینی ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا بە ئیمپراتۆرییەکی جیهانی راگەیاند، مەبەستی کۆنترۆڵی جیهان نەبوو، بەڵکو دەیەویست فەرمییەت بدا بە بارودۆخی ئەو کاتی ئەڵمانیا لە جیهاندا. ئەڵمانییەکان لەم کاتەدا لە ناوەندە ئابوورییەکانی جیهاندا تێکۆشانیان هەبوو و قازانجە ئابوورییەکانی ئەڵمانیا وەك کارە زانستی و فەرهەنگییەکانی ئەم وڵاتە لەهەموو شوێنێك جێگەی باس بوون و ئەمانە پێویستییان بە پشتیوانیی دەوڵەت بوو. ئاشکرایە پشتیوانیی دەوڵەت لە خەڵکی خۆی و قازانجەکان و دامەزراوەکانی ئەڵمانیا لە ئاستێکی بەربڵاودا پێویستیی بە بەهێزکردنی بناخەی بەرگری و بەر لەهەموان هێزی دەریایی ئەم وڵاتە هەبوو. هەربۆیە "سیاسەتی جیهانی"ی ئەڵمانیا بەمانای زاڵبوونی ئەم وڵاتە بەسەر جیهاندا نەبوو بەڵکو بەمانای بەجیهانیکردنی سیاسەتی دەرەوە بوو، واتە هەر ئەو سیاسەتەی کە هێزەکانی دیکەی ئەورووپاش زۆر لەمێژبوو گرتبوویانە بەر و ئێستاش ببوونە خاوەنی کۆلۆنییەکی زۆر. پیشەسازیی ئەڵمانیاش لەماوەی بیست ساڵ راوێژکاریی بیسمارکدا بەشێوەیەکی بێوێنە پەرەی گرتبوو و بەرەو ئەوە دەچوو لە ساڵی ١٩٠٠دا پاش ئەمریکا پلەی دووەم لە جیهاندا وەدەست بێنێ. شانبەشانی پەرەگرتنی پیشەسازی، پێویستیی ئەڵمانیا بە بازاڕە جیهانییەکان زیادی کرد. پەرەگرتنی بازرگانیی دەرەوەی ئەڵمانیا ئەم وڵاتەی کردە رکەبەری بریتانیا لە ئاسیا و ئەمریکای لاتیندا. جگەلەوە ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٨٨٤دا هێندێك کۆلۆنیی لە ئەمریکای ناوەندی و رۆژئاوادا (تۆگۆ و کامیرۆن) وەدەست هێنابوو خەریك بوو ناوچەی دیکەش لە بەشەکانی دیکەی ئەمریکا وەدەست بێنێ. ئەم فراوانخوازییە هەروەك دوایە باسی دەکەین دیسان ئەڵمانیای تووشی شەڕی فەڕەنسا کردەوە. بەڵام ئیمپریالیزمی ئەڵمانیا بەو هۆیە کە زۆر درەنگتر لەچاو هاوشێوەکانی خۆی

دەستی پێکرد، شانسێکی زۆری لە داگیرکردنی ناوچە بێخاوەنەکان نەبوو. چونکە تەواوی قاڕەی ئەفریقا و زۆربەی ناوچەکانی ئەمریکا و ئاسیا لەبەردەستی وڵاتانی دیکەی کۆلۆنیالیستیدا بوون. بەو حاڵەش تا ساڵی ١٩١٤ پاش ئینگلیز و فەڕەنسا بوو بە گەروەترین کۆلۆنیالیستی ئەفریقا. لەلایەکی دیکە پێوەندیی داگیرکەرانەی وڵاتانی پیشەسازی و ناوچە دواکەوتووەکان وردە وردە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، نفووزی ئابووری و داگیرکردنی بازاڕەکانی فرۆشتن جێگەی کۆلۆنیالیزمی کۆنی دەگرتەوە و ئەڵمانیاش لەژێر سێبەری گەشەکردنی ئابووریدا دواکەوتنی لە هاتنەنێو ریزی کۆلۆنیالیستەکان لەم قۆناغە تازەیەدا توانایەکی زیاتری هەبوو و زیاتر سوودمەند دەبوو. یەکێك لەو ناوچانەی زەمینەیەکی لەباری بۆ بەرهەمەکانی ئەڵمانیا پێك دێنا ئیمپڕاتۆریی عوسمانی بوو. نفووزی ئابووری و نیزامیی ئەڵمانیا لەم ئیمپڕاتۆرییەدا رۆژلەگەڵ رۆژ زیاتر دەبوو و تا شەڕی یەکەمی جیهانیش هەر درێژەی هەبوو. لەکاتی دەست پێکردنی ئەم شەڕەشدا هەروەك دەیبینین ئیمپڕاتۆریی عوسمانی لەپەنا ئەڵمانیادا هاتە نێو شەڕەوە. دانی ئیمتیازی هێڵی ئاسنی ئیستانبوول ـ بەغدا درا بە ئەڵمانیا و مافی کەڵك وەرگرتنی بۆماوەی ٩٩ ساڵ هەبوو کە لە رێککەوتنی مارسی ١٩٠٣دا کرا، ئەمە سەرکەوتنی ئابووریی ئەڵمانیای لە ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا دەستەبەر کرد. بێدەنگیی ئەڵمانیا لە بەرانبەر کوشتنی بەکۆمەڵی مەسیحییەکان لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە لەساڵی ١٨٩٤، ١٨٩٥، ١٨٩٦دا جگە لە پاراستنی قازانجە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە و راکێشانی سەرنجی عوسمانییەکان هیچ هۆیەکی دیکەی نەبوو.

هەروەك دیتمان "سیاسەتی جیهانی"ی ئەڵمانیا هاوکات لە دوو بواری ئابووری و نیزامیدا چووە پێش و بوو بەهۆی ئەوەی ئەڵمانیا وەك زۆرداری کۆتایی سەدەی نۆزدە و وەك مەترسییەك کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ئەورووپا دەکا، دەرکەوێ و لە ئاکامدا هێزەکانی دیکە بڕیاریاندا لە بەرامبەریدا راوەستن.

## ٤ـ پێوەندیی داگیرکەرانەی ئەورووپا لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیهان

ئاڵوگۆڕێك کە لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەکاندا پێك هات، بوو بەهۆی ئەوە ئەم پێوەندییانە لە چوارچێوەی ئەورووپا بەتەنیا دەرچن و ناوچەکانی دیکەی جیهانیش بگرنەوە. پەرەگرتنی کۆلۆنیالیزم بەشێوەی بەردەوام و توند، بۆخۆی رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستەکانیشی بەدواوە بوو. واتە هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکان و ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئەورووپادا، پێوەندیی ئەورووپاش لەگەڵ



قاڕەکانی دیکەدا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و ئەورووپایییەکان بەرەو ئەوە دەچوون تا لەپەنا پێشکەوتنی پیشەسازی، ئابووری، نیزامی و فەرهەنگیدا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکانی دیکەشدا بسەپێنن. رەوتە فرەوانخوازییەکە لە سەدەی شازدەیەمەوە دەستی پێکردبوو و لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا بە ئارامی درێژەی کێشابوو. لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا خێراییەکی بێوێنەی بەخۆیەوە گرت. هەرچەند لە پەرەگرتنی کۆلۆنیالیزمدا هۆکاری زۆر، وەك هەڵدانی حەشیمەتی ئەورووپا، هەستی نەتەوایەتیی هێندێك لە نەتەوە کۆلۆنیالیستەکان وەکوو بریتانیا (جۆزیف چەمبەرلین ئەوەی بە ئەرکی نەتەوەی مەزنی ئینگلیز دەزانی) تێبینییە ستراتیژییەکان و مەسەلە ئابوورییەکان و... هتد دەوریان هەبوو، بەڵام لە چەند دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هۆی ئابووری لە رێکخستن و پتەوکردنی شێوەی کۆلۆنیالیزمدا رۆڵێکی چارەنووسسازی هەبوو. هەرلەم قۆناغەشدا وشەی "ئیمپرالیزم" لینین بە بەرهەمی تێکەڵبوونی دەسمایەکانی بانك و پیشەسازیی دەزانی و لە پێناسەی کۆلۆنیالیزمدا بەکارهێنرا. یەکەم کەس کە هەستی بە گرنگیی پێوەندیی ئابووری و کۆلۆنیالیزم لەم قۆناغەدا کرد رۆژنامەنووسێك بوو بەناوی جۆن هابسین کە راسپێردرابوو راپۆرت لەبارەی شەڕەکانی ئینگلیز و بووئێرەکان (١٨٩٩-١٩٠٢) لە باشووری ئەفریقا ئامادە بکا و کتێبی خۆی لەژێر ناوی "ئیمپرالیزم"دا لەساڵی ١٩٠٢دا بڵاوکردەوە. ئەو سەبارەت بەوەی کە ئینگلیزەکان بە لێبڕاوی و کەللەشەقی و تەحەمولی خەرجێکی زۆرەوە قۆڵیان لە سەرکوتی بووئێرەکان هەڵماڵیبوو، سەری سوڕ مابوو. لە ئاکامی وەڵام بۆ ئەو سەرسوڕمانەیدا بەو ئاکامە گەیشت کە ژیانی ئابووریی بریتانیا بەستراوەتەوە بە دەسکەوتەکانی لەو کۆلۆنییانەدا. دیارە مارکسیستەکان زیاتر لەهەموو کەس لە ئیمپرالیزمیان کۆڵییەوە کە لە نێو ئەواندا کارەکانی هیلفەردنیگ، کائوتێسکی، باوێر، رۆزا لوگزامبۆرگ، بوخاریەن و لێنن وەك یەکەم هەنگاوەکان لە لێکۆڵینەوەی مارکسیستی لەبارەی ئیمپرالیزمدا گرنگن.

ئەوەی لەم بارەیەوە تەنیا لە روانگەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە گرنگ دێتە بەرچاو، ئەوەیە کە لە ساڵی ١٨٧٠دا سنوورەکانی ئەورووپا جێیان گرت و هیچ کام لە هێزە ئەورووپاییەکان بەدوای شەڕ لەگەڵ هێزێکی دیکە لە قاڕەی ئەورووپادا نەبوون. ئەڵمانیا یەکیەتیی خۆی و سنوورە نەگۆڕەکانی دەست کەوتبوو، ئیتالیاش لەگەڵ ئەوەدا داخوازی سنووریی لە نەمسا هەبوو، تێکەڵ بە یەکیەتیی سێقۆڵی ببوو و بانگەشەکانی خۆی بۆماوەیەکی کاتی لەبیرکردبوو. تەنیا شوێنێ کە گێرەوکێشەی لەسەربوو، ناوچەی بالکان بوو

کە لەوێش هێزەکانی رووسیا و نەمسا بەجۆرێك یەکتریان بێ ئەسەر دەکرد. چار نەبوو. دەبووا شوێنی جموجۆڵی فرەوانخوازانە بۆ دەرەوەی ئەورووپا گوازرابایەوە. بۆیە لەو سەردەمەدا ناوچە دواکەوتووەکان بوونە مەیدانی رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستەکان و پێوەندییەکانی وڵاتانی ئەورووپایی لەم بارەیەوە پێرەوییان لەو دیسیپلینە دەکرد کە بەسەر پێوەندییەکانی ئەوان لە ئەورووپادا زاڵ بوو. بە واتایەکی دی لەم سەردەمەدا شایەتی بە جیهانیبوونی "کۆنسێرتی ئەورووپایی"ن. ئەگەر بەر لەمە هێزە ئەورووپایییەکان لەبارەی کێشەکانی ئەورووپادا بە رێککەوتن لەگەڵ یەکتر دەجووڵانەوە، ئێستا ئەو هاوئاهەنگییەیان لەبارەی وڵاتانی دیکەدا بەکار دێنا. وڵاتانی قاڕەی ئەفریقا و ئاسیایان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد و یان لەگەڵ یەکتر دەیانگۆڕینەوە و ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکتریان بەڕەسمی دەناسی و ناوچەی جیاکەرەوەیان لەنێوان ئەو ناوچانەدا داگیریان کردوون، دیاری دەکرد تا لە تێك هەڵەنگوتنی شیمانەیی خۆبپارێزن (وەکو دامەزراندنی دەوڵەتی کۆنگۆ لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی لیئۆپۆلدی دووەم پاشای بەلجیکادا، لەنێوەراستی قاڕەی ئەفریقا واتە لەنێو ناوچە داگیرکراوەکان لەلایەن پورتوگال، ئینگلیز، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیتالیادا). نوێنگەی ئەم هاوئاهەنگی و هاوکارییە لە کۆنفرانسی بەرلیندا کە بەهۆی بیسمارك لە نۆڤەمبەری ١٨٨٤ تا فێبریوەری ١٨٨٥ پێك هات، دەبینرێ. ئەم کۆنفرانسە کە بەدوای نارەزایەتیی فەرەنسا و بەلجیکا و تەنانەت ئەڵمانیا لە رێککەوتنی ١٨٨٤ی بریتانیا و پورتوگال لەبارەی چۆنیەتیی دەسەڵاتی بریتانیا بەسەر رووباری کۆنگۆدا پێك هات، مەرجەکانی دابەشکردنی ئەفریقای بەجۆرێك دیاری کرد کە بەشی کۆلۆنیالیستەکان دیاری بکرێ و وەبەرچاو بگیرێ. لەو کاتەوە دابەشکردنی ئەفریقا لە ئاستێکی بەربڵاودا دەستی پێکرا و لەماوەی چەند ساڵدا هەموو قاڕەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەورووپاییەکانەوە.

لەباکووری ئەفریقاش لەلایەك لەسەر تونس لەنێوان فەرەنسا و ئیتالیادا رکەبەرایەتی هەبوو و سەرەنجام فەرەنسا بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بوو (رێککەوتننامەی باردۆ ١٨٨١)و لەلایەکی دیکەش رکەبەرایەتییەکی توند لە نێوان بریتانیا و فەرەنسا لەسەر میسر هەبوو کە لە ساڵی ١٨٨٢دا بەدوای شۆڕشی عەرەبیی پاشا و بە کەڵك وەرگرتن لە گیروگرفتە نێوخۆیی-یەکانی فەرەنسا، بریتانیا توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر میسردا بسەپێنێ. رق و کینەیەك کە بەمجۆرە لەنێوان ئیتالیاییەکان بەرامبەر بە فەرەنسا و فەرەنسییەکان بەرامبەر بە بەریتانیا هەیانبوو، چەندین ساڵ باڵی بەسەر پێوەندییەکانی ئەم وڵاتانەدا کێشا و پێشی بە هاوکاریی



ئەوان لەگەڵ یەکتر دەگرت. گرنگیی ئەم مەسەلەیە لەسەرەتای سەدەی بیست واتە ئەو کاتەی کە هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی پێك دەهات، زیاتر روون دەبێتەوە.

ناوچەیەکی دیکەی شوێنی رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیزم هیندو چین بوون. لەم ناوچەیەدا ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان زیاتر لەنێوان بریتانیا و فەرەنسادا بوو. بریتانیا دەیەویست پشتێندێکی ئەمنیەتی بە دەوری هیندا بکێشێ. هەربۆیەش لەساڵی ١٨٧٩دا رێککەوتننامەی سەرپەرستیی بەلووچستان و لەساڵی ١٨٨٥دا رێککەوتننامەی سەرپەرستی (قیمومیت)ی بیرمانیی بەست. فەرەنساش بڕیاریدا رژێمی سەرپەرستیی بەسەر ئانام و تونیکەن (ڤیەتنامی باکوور)دا بسەپێنێ. لە ئاسیای نێوەڕاستیشدا رکەبەرایەتی لەسەر ئێران، ئەفغانستان و تەبەت لەنێوان ئینگلیز و رووسیادا و لە ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاستیشدا لەسەر رادەی دەسترۆیشتوویی عوسمانی هەبوو.

سیاسەتی کۆلۆنیالیستی لە کۆتایییەکانی سەدەی نۆزدەدا بەجۆرێك بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ئەورووپایییەوە گرێ درابوو کە دەکرێ بڵێین هەر ئاڵوگۆڕێك لە پێوەندییەکانی ئەم وڵاتانەدا بە رێککەوتن و رکەبەرایەتیی ئەوان لەبارەی کۆلۆنییەکانەوە بەسترابۆوە. لەلایەکی دیکەوە شکست یان سەرکەوتنی دەوڵەتە ئەورووپایییەکان لەبارەی کۆلۆنییەکاندا راستەوخۆ کاری دەکردە سەر سیاسەتی نێوخۆ. زۆر حکوومەت بەهۆی شکست لە کۆلۆنییەکاندا رووخان، وەکو حکوومەتی ئیتالیا بەهۆی شکستی ١٨٨١ لە تونس و شکستی ١٨٩٦ لە حەبەشە (رووخانی کریسپی).

هەربۆیە پەرەگرتنی کۆلۆنیالیزم و قووڵبوونەوەی رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی لەچەند رووەوە بوو بەهۆی فرەوان بوونەوەی کەشوهەوای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان: یەکەم ئەوە کە چوارچێوەی گێرەوکێشەی هێزە ئەورووپایییەکان دەرەوەی ئەم قاڕەیەشی گرتەوە بە چەشنێك کە دەبێ لە دەرەوەی ئەورووپادا بەدوای مەیدانی ئەم کێشانەدا بگەڕێی. دووەم ئەوەی کە ئەو کۆلۆنییانەی بەمجۆرە پێك هاتن، بناخەی وڵاتانی جیهانی سێیەم (دەستەواژەیەك کە پاش ١٩٥٥ بەکار هات)ی ئەمڕۆیان داڕشت کە بۆ ناسینی هۆی کێشەکانیان، گرنگە. سەرەنجام هەروەك ئاماژەی پێکرا، لەدەیەی ١٨٩٠ەوە تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی کێشەی وڵاتانی ئەورووپایی بێ نێوبوێر بەکێشەی کۆلۆنییەکان و رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستییەوە بەند بوون کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا نوێنگەکانی دەبینین.

## ٥ـ دەرکەوتنی هێزی نوێ لە ئاستی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

دەرکەوتنی هێزە نوێیەکان واتە ژاپۆن و ئەمریکا کە بەپێی هەلومەرجی ئەم سەردەمە هاتنە ریزی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم و بوو بەهۆی قووڵتر بوونەوەی رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی و پەرەگرتنی کۆلۆنیالیزم و بوو بەهۆی ئەوە کە چوارچێوەی تێکهەڵچوونەکانی وڵاتانی ئەورووپایی رۆژهەڵاتی دوور و قاڕڕەی ئەمریکاش بگرێتەوە.

### أ ـ ژاپۆن و کێشەکانی رۆژهەڵاتی دوور

لە دوو ئیمپڕاتۆریی رۆژهەڵاتی دوور کە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەوە بەهۆی فشاری وڵاتانی ئەورووپایی دەرگایان بەسەر رۆژئاوادا کردەوە، ژاپۆن دەستی کرد بە وەرگرتنی تەکنەلۆژیای رۆژئاوا و ئەمە بوو بەهۆی ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕانی سیستەمی ئیمپڕاتۆری بۆ پاشایەتیی مەشرووتە لەم وڵاتەدا (١٨٦٩). دیارە نازناوی ئیمپڕاتۆر بەمەبەستی پارێزگاری لە سوونەتەکان و ناسنامەی مێژوویی هەروا پارێزراوە.

ژاپۆنییەکان بەر لە هەموو شتێك دەستیان کرد بە نوێکردنەوەی سیستەمی سوپا و بەهێزکردنی پیشەسازیی تا ببنە دەستەبەرێك بۆ پاراستنی سەربەخۆیی‌یان. خزمەت لە سوپادا لەساڵی ١٨٧٣دا ئیجباری کرا و لەماوەیەکی کەمدا ژاپۆن بوو بە خاوەنی سوپایەکی ٢٥٠هەزار کەسیی راهاتوو کە زیاتر لەژێر چاوەدێریی ئەڵمانییەکاندا پەروەردە کران. حەشیمەتی ژاپۆن لە ٣٣ میلیۆن کەسەوە گەیشتە ٤٢ میلیۆن کەس لەساڵی ١٨٧٢دا و لەساڵی ١٨٩٥دا گەیشتە ٤٢میلیۆن کەس و لەساڵی ١٩١٤دا گەیشتە ٥٤میلیۆن کەس. پیشەسازیی ئەم وڵاتە لەلایەن چەند بنەماڵەی ئەریستۆکراتەوە کە دامەزرێنەری گرووپە گرنگە ئابوورییەکانی وەك میتسوئی و میتسوبیشی بوون، دامەزرا و زۆری پەرەگرت و بوو بەهۆی ئەوەی حەزی ئیمپریالیستی لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەدا لە ژاپۆن بجووڵێ.

بە پێچەوانەی ژاپۆن، چین هیچ کام لەو پێشکەوتنانەی نەدی و ئەورووپاییەکانیش دەرفەتی پێشکەوتنیان بەو وڵاتە نەدا. لەئاکامدا زەمینەیەکی باش بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە لە چیندا پێك هات. لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەدا چین دابەش بوو بۆ چەند ناوچەی ژێر نفووزی دەسەڵاتە گەورەکان. جگە لە وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکا، ژاپۆنیش کە بەرلەوە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بوو لەو سەردەمەدا هاتە ریزی تاڵانچی‌یانی چین و بە سەرکەوتنی خۆی لەساڵی ١٨٩٥دا بوو بەهۆی پەرەگرتنی رکەبەرایەتیی ئیمپریالیستەکان. سەرچاوەی



شەڕی چین و ژاپۆن بە هۆی رکەبەرایەتیی ئەم وڵاتە بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی کۆریا بوو. کانگە و بازاڕەکانی کۆریا و مەنچووری بۆئیمپریالیزمی تازەدامەزراوی ژاپۆن گرنگییەکی زۆریان هەبوو. لەگەڵ ئەوەدا کۆریا بەڕەسمی لەژێر دەسەڵاتی چین دابوو، لەساڵی ١٨٨٥ەوە چین و ژاپۆن جۆرێك دەسەڵاتی هاوبەشیان بەسەر ئەم وڵاتەدا بەڕێوە دەبرد کە تای تەرازوو زیاتر بەلای ژاپۆندا قورس ببوو. ژاپۆن کە هەوڵیدا نفووزی خۆی لە کۆریادا پەرە پێبدا، لەساڵی ١٨٩٤دا راپەرینێك کە لە باشووری کۆریادا روویدا بیانووی پێویستی دایە دەست ژاپۆن و بێئەوی پرس بە چین بکا هێزێکی نارده وێ و بەمجۆرە لە ئاگوستی ١٨٩٤ شەڕی چین و ژاپۆن دەستی پێکرد. بە رواڵەت چینییەکان ئاگایان لە پێشرەویی ژاپۆن نەبوو و بە پێی نەریتی رابردوو حیسابیان بۆ دانیشتوانی دوورگەی دراوسێیان نەدەکرد. هەربۆیە هێزێکی دەریایی‌یان کە لەچەند کەشتیی تەختە پێك هاتبوو نارده شەڕی هێزی مۆدێرنی دەریایی و سەربازە فیداکار و گیان لەسەر دەستەکانی ژاپۆن. تێکشکانی بروسکە ئاسای چین شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. ١٥هەزار چینی لە بەرامبەر شاری پینگ یانگ لە کۆریا لەنێوچوون و سوپای ژاپۆن لەڕێگەی پیادەکردنی هێز لە بەندەری پۆرئاریۆ درێژەی بە پێشرەوییەکانی خۆی لە کۆریا و خاکی چیندا. تەواوی هێزەکانی چین لەنێوچوون و رێگەیان لەبەر نەما جگە لە داوای یارمەتی لە کۆلۆنیالیستەکانی دیکە. چین مەرجەکانی ئاشتیی لە ١٧ی ئەپریلی ١٨٩٥دا قەبووڵ کرد و بەپێی پەیماننامەی شیمونوزوکی سەربەخۆیی کۆریا و لە راستی‌دا دەسەڵاتی بە کردەوەی ژاپۆنی بەسەر ئەم وڵاتەدا قەبووڵ کرد و فورموز، پێکادور و نیمچەدورگەی لیاتونگ و پۆرت ئارتۆری دا بە ژاپۆن. جگە لەوەش مەبلەغێکی زۆریش وەك غەرامەی شەڕ بە ژاپۆن قەرزدار بوو.

سەرکەوتنی لەناکاو و بەرچاوی ژاپۆن هێزەکانی دیکەی لە بوونی هێزێکی نوێ ئاگادار کردەوە و ئەڵمانیا کە نێوبژیوانیی چین و ژاپۆنی رەت کردبۆوە، سەرکەوتنەکانی رکەبەری نوێی بە شتێکی تەحەممول نەکراو وەسف کردبوو. گیوومی دووەم بۆ تەزار پێشنیاری کردبوو لەبارەی رۆژهەڵاتی دوورەوە باس و راوێژ بکەن.

رووسیا کە لە کۆنەوە چاوی بڕیبووە پۆرت ئارتۆر و پێی خۆش بوو لە مەنچووری و کۆریاشدا نفووزێکی هەبێ و پێشوازیی لە پێشنیاری گیوومی دووەم کرد و ئەڵمانیاش ئۆگریی رووسیای لەم مەسەلەیەدا کردە ئامرازێك بۆئەوەی سەرنجی ئەم وڵاتە لە کاروباری باڵکان دوور بخاتەوە. بریتانیاش هەربەم هۆیە کە رووسیا لە کێشەکانی ئەورووپا و ناوچەی دەریای سپیی

نێوەڕاست غافڵ بێ، موافقی فراوانخوازییەکانی ئەم وڵاتە بوو لە ڕۆژهەڵاتی دووردا. فەڕەنساش هەرچەند پێی خۆش نەبوو لەگەڵ ئەڵمانیا هاودەنگ بێ، بەڵام بەپێی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتیی نێوان فەڕەنسا و رووسیا کە بە زەحمەت و کوێرەوەرییەکی زۆر وەدی هاتبوو، دەبوا پشتیوانیی لە رووسیا کردبا.

هەربۆیە وڵاتانی ئەورووپایی تێکڕا موداخەلەیان کرد و ژاپۆنیان ناچار کرد دەست لەو ناوچانە هەڵبگرێ کە لە خاکی چینی داگیر کردبوون. بەپێی کۆنڤانسیۆنی پەکین (ڕاست وەکو کۆنگرەی ١٨٧٨ی بەرلین لە بەرامبەر سەن ستیڤانۆ لەبارەی باڵکاندا) لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٨٩٥دا نیمچەدوورگەی لیاتونگی لە بەرامبەر زیادکردنی غەرامەدا دایەوە بە چین. تووڕەیی ژاپۆن لەو ڕووداوەدا رووی لە رووسیا بوو تا پاشان چاوەڕێی تۆڵەکردنەوە بێ (١٩٠٥) شکستی چین جگە لە ئاگادارکردنەوەی ژاپۆن سەرنجی ئەورووپاییەکانی بۆلای پیاوێکی نەخۆشی دیکە ڕاکێشا کە لە پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا (عوسمانی)یش زیاتر زەمینە بۆ هەڵوەشان و تاڵانکردنی ئامادە بوو. هەربۆیە چرنووکی خۆیان بۆ هەڵدڕینی نێچیرێکی دیکە تیژ کرد. رووسیا لەم ڕێگەیەدا پێشڕەو بوو. لە دیسەمبەری ١٨٩٥دا رووسەکان بەیارمەتیی دەسمایەکانی فەڕەنسا، بانکێکی هاوبەشیان دامەزراند کە ئەرکی دانی غەرامەی شەڕی چین بە ژاپۆنی بە ئەستۆوە گرت. ئەم بانکە (لە وێنەی بانکی قەرزوەرگرتنی رووس لە ئێراندا) دەستی کرد بە سەپاندنی دەسەڵات بەسەر حکوومەتی پەکیندا و ڕێگەی بۆ دەستێوەردانەکانی دوایی رووسیا لە چین خۆش کرد. رووسیا ئیزنی کێشانی هێڵی ئاسنی بۆ ولادی وستۆك لەڕێگەی مەنچوورییەوە و بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی هێڵی ئاسنیان پێدا تێدەپەری و تەنانەت لەکاتی پێویستدا ناردنی هێزی بۆ ئەم ناوچانە لە چین وەرگرت. سەرەنجام ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ژاپۆن ئیمزا کرد کە کۆریایان بۆ ناوچەی نفوزی دوو وڵات دابەش دەکرد. پاشان ئەڵمانیا کە ئێرەیی بە ڕۆڵی بریتانیا لە هونگ کۆنگ و ڕۆڵی فەڕەنسا لە باشووری چین و ڕۆڵی رووسیا لە باکووردا دەبرد، هاتە مەیدان. لە ١٤ی نۆڤەمبەری ١٨٩٧دا سەربازە ئەڵمانییەکان لە بەندەری کیائۆچەئۆدا دابەزین و خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ئەڵمانیاساڵێك دواتر ئەم بەندەرەی بۆماوەی ٩٩ساڵ بەکرێ گرت. تەزار لە بەرامبەر ئەم کارەی ئەڵمانیادا داوای نیمچەدوورگەی لیاتۆنگی کرد. بەمجۆرە لەماوەی ٤ ساڵدا تەواوی ئەو ناوچانەی کە ئەورووپاییەکان بە ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی چین لەدەست ژاپۆنیان هێنابەدەر و رووسیا خستنییە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە و جگە لەوەش بریتانیا بوو بە خاوەنی ناوچەی نوێی دیکە، فەڕەنساش



بێبەش نەبوو و دوورگەی هایینان و ویلایەتەکانی دەوروبەری تونکەنی وەدەست هێنا. لەو سەردەمەدا دابەشکردنی چین ئەوەندە ئاسان بوو کە هێزە بچووکەکانیش وەك ئیتالیا کەوتنە بیری ئەوەی نانێکیان لەو تەندوورە پێ ببڕێ بەڵام لەلایەن دەسەڵاتە گەورەکان و دەوڵەتی چینەوە قەبووڵ نەکرا.

ڕۆڵەکانی چین خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵ بێگانە ئامادە کرد بەڵام دژکردەوەی چینییەکان بۆ خۆی بوو بەهۆی تاڵانکردنی زیاتری ئەم وڵاتە.

قۆناغی نوێی تاڵانی چین بەدەستپێکردنی بزووتنەوەی مستی ژنان (بۆکسۆرەکان) دەستی پێکرد. ئەم کۆمەڵەیە کە لەساڵی ١٨٩٨دا دامەزرابوو، ئامانجی بەربەرەکانی لەدژی هەرچەشنە نفوزێکی بێگانە بوو و لەساڵی ١٨٩٩دا خەباتی ئەم کۆمەڵەیە بە هێرشی میسیۆنەرە مەزهەبی و بازرگانییەکان دەستی پێکرد.

ئیمپراتریسی چین، تسووهی کەوتە بیری ئەوەی کە بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە دەسەڵاتە زاڵەکان کەڵك لەو کۆمەڵەیە وەربگرێ. بەڵام بزووتنەوەکە پەرەی سەند و کونترۆڵ کردنی دژوار بوو. لە ١٣ی جوونی ١٩٠٠دا مەسیحییەکانی چین و دەرەوە لە شەقامەکاندا بە کۆمەڵ لێیان کوژرا. لە ١٩ی جووندا وەزیری موختاری ئەڵمانیا لە پەکین کوژراو ئەمە بوو بەهۆی نیگەرانیی ئەورووپاییەکان.

وڵاتانی ئەورووپایی بڕیاریاندا بە هاوئاهەنگیی تەواوەوە هێرش بکەنە سەر چین. مارشاڵ ڤان والدرسی فەرماندەیی هێزە نێونەتەوەییەکانی نێردراو بۆ چینی بەئەستۆوە گرت. بەڵام کاتێك والدوسی گەیشتە چین، تیمەکانی فەڕەنسا و ژاپۆن کاری خۆیان کردبوو و شاژنی تسووهی ڕای کردبوو و دەوڵەتی نوێی چین کەڵکی لە ڕکەبەرایەتیی هێزە گەورەکان وەرگرت و توانی تا ڕادەیەك لەباری داسەپاندنەکانیان کەم بکاتەوە. پرۆتۆکۆڵێکیان لە ٧ی سێپتەمبەری ١٩٠١دا ئیمزا کرد کە غەرامەیەکی ٣٩ ساڵەیان بەمەرجی قەدەغەکردنی گرووپە نهێنییەکان و مافی ئەورووپاییەکان لە هەبوونی پارێزگاری لە شارەکانی پەکین و تینتسیندا بەسەر چیندا سەپاند. رووسیا کەڵکی لەم دەرفەتە وەرگرت و هێزەکانی خۆی ناردە مەنچووری بەڵام لەگەڵ نارەزرایەتیی ئەڵمانیا، ئینگلیز و ژاپۆن بەرەوڕوو بوو. رووسیا کە لە فکری دامەزراندنی ڕژێمی سەرپەرستیار لە مەنچووری دابوو، لەگەڵ ڕژێمی پەکیندا دەستی کرد بە وتوویژی نهێنی و توانی بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیە بخاتە ژێر چاودێریی کۆمیسێرێکی رووسی. ئەم کردەوەیەی رووسیا بوو بەهۆی نزیکایەتیی ژاپۆن و بریتانیا و ئیمزای ڕێککەوتننامەی تۆکیۆ

لە ٣٠ی جۆنیوەری ١٩٠٢دا لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا کە بە مەبەستی پشتگیری کردن لە فراوانخوازیی رووسیا و پاراستنی وەزعی مەوجوود بوو. لەم رێککەوتنەدا سەربەخۆیی کۆریا و چین بەرەسمی ناسێندرابوو.

ساڵی دواتر ژاپۆن کە زانی لەباری نیزامییەوە بە توانایە و لەوەش دڵنیا بوو کە وڵاتانی ئەورووپایی بەتایبەتی ئینگلیز بێلایەنن، بریاریدا یەکپارچەیی خاکی مەنچووری بە رووسیا بسەلمێنێ. رووسیا وەڵامی داخوازی ژاپۆنی نەدایەوە و ژاپۆن بەکەڵك وەرگرتن لە بەستەڵەك بوونی بەندەری ولادی وستۆك و نەبوونی پێوەندی لەنێوان هێزەکانی رووسی لەگەڵ ناوەندی فەرماندەییدا، هێرشی کردە سەر ئیسکادرانی پۆرت ئارتور و سێ کەشتیی رووسیای نوقم کرد. رووسیا کە لە سەرەتادا هەرەشەی ژاپۆنی پێجیددی نەبوو، ناچار بوو هێزەکانی خۆی لە سنوورەکانی ئەورووپایی خۆی رەوانەی رۆژهەڵات بکا. سەرەنجام رووسیا لەم شەڕەدا شکستی خوارد و مەرجە دژوارەکانی ئاشتیی قەبووڵ کرد. پاش شکستی هێزەکانی رووسیا لە موکدێن پەیماننامەی پۆرت مووس لە ٥ی سێپتەمبەری ١٩٠٥ لە نێوان هەردوولادا ئیمزا کرا. بەپێی ئەم پەیماننامەیە رووسیا بەشی باشووریی ساخالین، لیاتونگ، پۆرت ئارتور و مافەکانی خۆی لە هێڵی ئاسنی مەنچووریدا دا بە ژاپۆن و ئازادیی کردەوەی ژاپۆنی لە کۆریادا بەرەسمی دانپێدانا.

ئاکامی ئەم شەڕە بۆ رووسیا زۆر گران تەواو بوو. لەنێوخۆدا بوو بەهۆی قووڵبوونەوەی نابەرابەرییەکان و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ١٩٠٥- ٦ی لێکەوتەوە. لە پێوەندیی نێونەتەوەییشدا لاوازیی نیزامیی رووسیای ئاشکرا کرد و بوو بەهۆی ئەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە سەنگی سیاسیی ئەم وڵاتە کەم بێتەوە. رەنگە لەو هەلومەرجەدا تەنیا سوود بە یەکیەتیی فەرەنساو رووسیا گەیشتبێ، چونکە سەرنجی رووسیا لەسەر رۆژهەڵاتی دوور لاچوو و بە ئەورووپاوە خەریك بوو، ئەمە گرنگییەکی زیاتری دا بە یەکگرتن لەگەڵ فەرەنسا. هەروەها زەمینە بۆ چارەسەری کێشەکانی رووسیا و بریتانیاش لە ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاستدا پێك هات. (رووداوەکانی ساڵی ١٩٠٧).

**ب ـ ئەمریکا**

لەساڵی ١٨٧١دا ئەمریکا بە زەحمەت توانیبووی لەژێر باری ئافاتەکانی شەڕی نێوخۆی باکوور و باشوور (١٨٦٥) و کوژرانی سەرکۆمار لینکۆڵن بێتەدەر. بەڵام بەیەککگرتنی ویلایەتەکان رێگەی پێشکەوتن و گەشەکردنی گرتەبەر و بەهۆی کانگەی دەوڵەمەند و سەروەت و سامانێکی زۆر قۆناغەکانی پێشکەوتنی بەخێرایی تێپەڕ کردو چونکە دەرگاکانی خۆی



بەسەر کۆچبەراندا ئاوەڵا کردبۆوە حەشیمەتەکەی لە ٣٩ میلیۆن کەس لەساڵی ١٨٧١گەیشتە ٦٢ میلیۆن کەس لەساڵی ١٨٩٣دا. پیشەسازیی ئەم وڵاتە خێرا جێگەی کشت وکاڵی لە ئابووریدا گرتەوە و ئەمریکا لەساڵی ١٨٩٤دا بوو بە یەکێك لە پێشکەوتووترین هێزە پیشەسازییەکانی جیهان. لەماوەی بنیاتنانەوەدا لەڕاستیدا ئەمریکا هەستی بە پێویستیی کۆلۆنیکردنی ناوچەی دیکە نەدەکرد و سەرنجی نەدەدایە سیاسەتی دەرەوە. لەساڵی ١٨٨٠ بەم لاوە ئەمریکا پێویستییەکانی بەکارهێنانی سیاسەتێکی بەربڵاوی دەرەوەی وەدەست هێنا و لەژێر کاریگەریی روناکبیرانی وەك جۆن بورگێس و ئالفرێدماهان کەوتە بیری وەدەستهێنانی ئیعتباری نیزامیو هەڵسوکەوت لە سیاسەتی جیهانیدا. هەر لەم کاتەدا تا کۆتایی سەردەمی بیسمارك ئەورووپا هەستی بە مەترسییەك لەلایەن رکەبەری تازە پێگرتووەوە نەکرد. لەساڵی ١٨٩٠وە ئیدی سیاسەتی ئەمریکا نەیدەتوانی هەر لەچوارچێوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتەدا بمێنێتەوە. چونکە پەرەگرتنی ئابووری ئەو پێویستییەی دوێنایە گۆڕێ کە بکەوێتە بیری ناوچەی دیکە کە لەباری ئابوورییەوە دەستی بڕوا. کەوابوو بەکەڵك وەرگرتن لە دوکتۆرینی مۆنرۆئێ دەستی کرد بە بەربەرەکانی لەدژی دەستێوەردانی ئەورووپاییەکان لە کاروباری قاڕەی ئەمریکادا (کۆنفرانسی واشینگتۆن ١٨٩٠). سەرەتا ئەمریکا لە ساڵی ١٨٩٥ لەکاتی شەڕی بریتانیا لە ڤینزویلا (لەبارەی دیاریکردنی سنووری گۆیانی بریتانیادا) خۆی تێ هەڵقورتاند و بریتانیای ناچار کرد مەرجەکانی وی وەبەرچاو بگرێ. پاشان لەگەڵ ئیسپانیادا تووشی کێشە بوو و سەبارەت بە رەفتاری ئەم وڵاتە لەگەڵ کووبا و سەرەنجام پاش ئەو رووداوانەی کە روویاندا (تەقینەوەی کەشتیی ئەمریکایی لە ٢ی ئەپریلی ١٨٩٨دا) شەڕی لە دژ ئیسپانیادا راگەیاند. بەدوای سەرکەوتن لەم شەڕەدا ئیسپانیا فیلیپین و پۆرتۆریکۆشیدا بە ئەمریکا و بەفەرمی دانی بە سەربەخۆیی کووبا لەژێر پشتیوانیی ئەمریکادا هێنا. پاش ماوەیەکی کورت ئەمریکا دورگەکانی هاواییو ساموای خستە سەر خاکی خۆیەوە و ئۆگریی خۆی لەبارەی پەرەپێدانی نفووز لە زەریای ئارام دا دەربڕی. هاوکات لەگەڵ بوونی تیئۆدۆر رۆزڤێڵت بەسەر کۆماری ئەمریکا رووی ئیمپریالیزمی ئەمریکا روونتر دەرکەوت و چاوی تەماحی بڕییە ئەمریکای لاتین. سەرەتا حەزی لە لێدانی کەناڵی پەناما بوو کە لەباری ئابوورییەوە سوودێکی زۆری هەبوو و کارەکانی لە ١٩٠٣را دەست پێکرد. پاشان هەوڵیدا نفووزی خۆی لە ئەمریکای باشووردا پەرەپێبدا. شەڕی یەکەمی جیهانی جێگەی ئەمریکای لەریزی هێزە گرنگەکانی نێونەتەوەییدا کردەوە.

## ٦ـ ئاڵوگۆڕی چۆنیەتی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

لە دەیەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا شوێنەوارەکانی شۆڕشی پیشەسازیی ئەورووپا و ئاکامەکانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، ئابوورییەکانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە گەشەی کرد و پرۆسەیەکی گشتیی لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و نیزامیی لــێکەوتەوە. لەپێش دا پەرەگرتنی پیشەسازی بوو بەهۆی پەرەگرتنی پێوەندییەکان و ژیانی سیاسیی بەشێوەی راستەوخۆ لە سێلایەنەوە خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە: تەلەگراف، رێگەی ئاسن و چاپەمەنی. یەکێك لە گیروگرفتەکانی هەر حکوومەتێك خاویی پێوەندییەکان بووە. بۆ وێنە بۆ راگەیاندنی بڕیارێك یان وەدەسهێنانی هەواڵ و زانیاری لە ویلایەتێك یان ناردنی تەقەمەنی و ناردنی هێز بۆ ناوچەیەك کە ویستویەتی، کاتێکی زۆری پێچووە. لەم قۆناغەدا ئەم گیروگرفتانە بەهۆی تەلەگرافو رێگەی ئاسنەوە چارەسەر کران و بوو بەهۆی بەهێزبوونی حکوومەتی ناوەندی. رۆڵی چاپەمەنیش لە پێکهێنانی بیروڕای گشتیدا و هەروەها یەکترناسینی نەتەوەو میللەتە جۆراوجۆرەکان و ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییەکاندا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە پەرەگرتنی پیشەسازی بوو بەهۆی هەڵدانی حەشیمەتی شارەکان و دابەشبوونی نوێی کۆمەڵایەتی. لەساڵی ١٨٨٠دا حەشیمەتی هەموو ئەو شارە ئەورووپاییـ یانەی کە حەشیمەتیان لە ٥٠٠هەزار کەس زیاتر بوو یازدە میلیۆن کەس بوو (تەنیا چوار شاری قەرەباڵغ زیاتر لە میلیۆنێك کەسیان تێدا بوو و ٦ شار حەشیمەتێکی ٥٠٠ هەزار تا یەك میلیۆن کەسیان تێدا بوو) کە لە ساڵی ١٨٩٠دا گەیشتە ١٤ میلیۆن کەس. هەڵدانی خێرای حەشیمەت لە شارەکاندا و پەرەگرتنی شارە گەورەکان کە لە ئاکامی کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان دابوو، ژمارەی کرێکارانی زیاد کرد و بوو بەهۆی پێکهاتنی رێکخراوە کرێکارییەکان. بۆنموونە کرێکارانی کارخانەکانی ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٨٨٢دا بڕێك زیاتر لە ٧٠٩هەزار کەس کرێکار بوو لەساڵی ١٨٩٥دا بە هەڵدانێکی ٤٠٪ی گەیشتە دوو میلیۆن کەس. شانبەشانی ئەوەش ژمارەی ئەندامانی حیزبی سۆسیال دێموکراتیش لە ٥٠هەزار کەسەوە لەساڵی ١٨٧٩دا گەیشتە ٧٠هەزار کەس لە ساڵی ١٩٠٠دا. بە پەرەگرتنی بیروباوەڕی سۆسیالیستی وەك ئایدیۆلۆژیی چینی کرێکار و بە سەرنجدان بە پەرەگرتنی ئەم ئایدیۆلۆژییە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بۆیەکەمجار رێکخراوی رێکوپێکی نێونەتەوەییش بەناوی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم و دووهەم پێك هات کە بۆخۆی بە ئاڵوگۆڕێکی چۆنیەتی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا حیساب دەکرێ.



ئاڵوگۆڕێکی دیکە کە ئەویش لە پەرەگرتنی پیشەسازییەوە سەرچاوەی دەگرت، بریتی بوو لە پێکهاتنی کەلەبەر لەنێوان وڵاتانی خاوەن پیشەسازی و ئەو وڵاتانەدا کە هێشتا دەستیان پێی رانەگەیشتبوو. بە واتایەکی دیکە پێکهاتنی پێوەندییەکی نابەرابەر لەنێوان ئەورووپا و ناوچەکانی دیکەی جیهان کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی واتە سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری دابوو کە ئەویش بەنۆرەی خۆی بوو بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی ئەورووپا بەسەر جیهاندا و پەرەگرتنی رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی. پەرەگرتنی کۆلۆنیالیزم و رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی لە راستی لە دوو روانگەوە جێگەی سەرنجی ئێمەیە: یەکەم ئەوە کە پەرەگرتنی کۆلۆنیالیزم بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی مەسەلە نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی قاڕەی ئەورووپا، واتە پەرەگرتنی کەشوهەوای نێونەتەوەیی. دووەم ئەوە کە رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی سیاسەتی دەرەوەی هێزەگەورەکانی بە رادەیەکی زۆر دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

هەرچەند لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا سان سیموون، فۆوریە، ئۆوێن وکابە و پاشان لویی بلان، پرۆدۆن، رۆبێرتۆس، مارلو بیروباوەڕی سۆسیالیستی‌یان بڵاودەکردەوەو لە بواری کردەوەشدا هێندێك ئەزموونیان وەدەست هێنا، بەڵام هیچ کات نەیانتوانی رێکخراوێکی رێکوپێکی نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی پێك بێنن. هەرلەو کاتەشدا دەبێ بگوترێ حیزبە سۆسیالیستییەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەم لاوە پێك هاتن و تێکۆشانی خۆیان لەسەر بناخەی کاری رووناکبیرانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا دامەزراند. گرووپە بچووك و دوورەپەرێزەکانی سوسیالیستی پاش شۆڕشەکانی ١٨٤٨ وردە وردە لە دوو رێکخراوی سەربەخۆ و جاری واشە رکەبەر واتە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کارۆل مارکس و حیزبی نەتەوەیی ئەڵمانیا بە رێبەرایەتیی فێردیناند لاسال خۆیان رێك خست. رێکخراوی یەکەم بنکەی خۆی لە لەندەن کە شوێنی پانەبەرە سۆسیالیستەکانی ئەورووپا بوو دامەزراند و لەلایەن بەرێوەبەرانی سەندیکا کرێکارییەکانەوە پشتیوانیی لــێدەکرا. کاتێك پێشانگەی جیهانیی لەندەن لەساڵی ١٨٦٢دا ساز کرا، نوێنەرانی کرێکارانی فەرەنسا، بریتانیا و بەلجیکا دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوت تا چاویان بەیەکتر بکەوێ. چاوپێکەوتنێکی دیکە ساڵی دواتر لە ئاستێکی بەربڵاوتردا (هەر لە لەندەن) پێك هات بۆ پشتیوانی لە شۆڕشگێرەکانی پۆلۆنیا. لێرەدابوو نوێنەرانی کرێکارانی وڵاتانی ئەورووپا بڕیاریاندا هاوپێوەندییەکی گشتی دابمەزرێنن. کۆبوونەوەیەکی دیکە کە لە ساڵی ١٨٦٤ لە لەندەن پێك هات بوو بەهۆی پێکهاتنی

"ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم". لەو کۆبوونەوەیەدا دوو شێوە بیرکردنەوە کەوتنە بەرامبەر یەك: لەلایەك کۆنە سۆسیالیستەکان وەك مازینی لایەنگری ڕێکخراوێکی سەنترالیزە بوون و لەلایەکی دیکە مارکس بوو کە لایەنگریی لە ڕێکخراوێکی فیدراتیڤ دەکرد. سەرەنجام بۆچوونی دوایی سەرکەوت و کۆڕی نێونەتەوەیی کرێکاران کە بە "ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم" بەناوبانگە کە لە دوو ئۆرگان واتە کۆنگرەی سالآنە و ئەنجوومەنی گشتی و هەمیشەیی (لە لەندەن) پێکهات و پەیڕەوی کۆتایی کە لە یەکەم کۆنگرەی سالآنەدا لە جنێڤ پێکهات (١٨٦٦) پەسەند کرا. مارکس کە بەڕێوەبەڕایەتیی ئەنجوومەنی گشتیی لە ئەستۆ بوو لەو کاتەوە بۆچوونێکی لێبڕاوانەی بەسەر ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم دا بەڕێوە برد. ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕەنگی سیاسیی بەخۆیەوە دەگرت و کۆنگرەی لۆزان ١٨٦٧ لەڕاستیدا دەست پێکردنی شەڕێکی ئاشکرا لەدژی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان بوو: "ئازادیی کۆمەڵایەتیی کرێکاران لە ئازادییە سیاسییەکانیان جیا ناکرێتەوە و هەنگاوی یەکەم لەڕێگەی ئازادیی تەواودا، وەدەستهێنانی ئازادیی سیاسییە." تێکۆشانی ئەندامانی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم دەوڵەتە بۆرژوازییەکانی ئەورووپای ترساند و بوو بەهۆی ئەوە وڵاتانی وەك ئەڵمانیا (پاش ١٨٧٠) و فەڕەنسا (بەر لە ١٨٧٠)سەرکوتیان بکەن. بەڵام ئەوەی سەرەنجام بوو بەهۆی لێك هەڵوەشانی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم سەرکوتی سوسیالیستەکان بەهۆی دەوڵەتە بورژواکان نەبوو کە ئەمەش خۆی بە لایەنە شۆڕشگێرییەکەیان زیاد دەبوو، بەڵکو دووبەرەکیی نێوخۆ و روونتر بڵێین کێشەی نێوان مارکسی ئابووریزان و کۆمەڵناس لەلایەك و باکونینی رووسی و شۆڕشگێڕی ساڵەکانی ١٨٤٨ کە لە ساڵی ١٨٦٨دا هاتبووە نێو ئەنتەرناسیۆنالیست لەلایەکی دیکەوە، بناخەکانی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەمی سست کرد. کێشەی نێوان مارکس و باکونین لە راستیدا کێشەیەك بوو کە: یەکەم، میللی، چونکە باکونین لایەنگرانی خۆی لە وڵاتانی ڕۆمەن زمانی وەکو سویسی ڕۆماند، ئیتالیا، ئیسپانیاو بەلجیکا پەیدا دەکرد و مارکس لەنێو قەومەکانی باکووردا. دووەم، ئەم کێشەیە کێشەیەکی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی بوو چونکە مارکس لایەنگری بەهێزکردنی ئەنجوومەنی گشتی بوو و باکونین دەیەویست بیکا بە سندووقی پۆستی رەخنە و پێشنیار. سێیەم، کێشەیەکی تاکتیکی بوو چونکە مارکس لایەنگری سیاسەتێك بوو کە لەسەر قانوون دابمەزرێ و باکونین لایەنگری توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە و سەرەنجام کێشەی بەرنامەیی بوو، چونکە مارکس لایەنگری کاری بەکۆمەڵ و عەقڵانی بوو و باکونین لایەنگری ئانارشیزم. پاش شەڕەکانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا یەکەم کۆنگرەی



ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم لە لاهە (١٨٧٢)دا پێك هات و بوو بەمەیدانی رکەبەرایەتیی مارکس و باکونین. لەئاکامدا باکونین و ئەندامانی پێشووی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی دێموکراسیی سوسیالیستی" دەرکران. ئەم ڕێکخراوە ساڵی ١٨٦٨ باکونین دایمەزراندبوو و ساڵی دواتر واتە پاش هاتنی بۆنێو ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم هەڵیوەشاندەوە. پاش ئەم بڕیارە بنکەی ئەنجوومەنی گشتیی ئەنتەرناسیۆنال بۆ نیۆیۆرك راگوێزرا. پاش ئەم کارە لایەنگرانی بلانکی بەبیانووی ئەوەی کە ئەنتەرناسیۆنال مەیدانی خەباتی چۆڵ کردووە ـ مەبەستی ئەورووپا بوو ـ لـێی جیابوونەوە و سەرەنجام هەرچەند کۆنگرەی بچووکی جنێڤ لە ساڵی ١٨٧٣دا گیرا، ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم لەحاڵی سەرەمەرگ دابوو تاکو لەساڵی ١٨٧٦دا بێئەوەی ئاکامێکی باشی لـێ بکەوێتەوە بەفەرمی کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

ئەنتەرناسیۆنالی دووەم: پاش هەڵوەشانی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم چەند کۆنگرەیەك بەهۆی نوێنەرانی کرێکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر پێك هاتن. بەڵام هیچ کامیان دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییان لـێنەکەوتەوە. تاکو لەساڵی ١٨٨٩دا دوو کۆنگرەی رکەبەر بەبۆنەی سەدەمین سالڕۆژی شۆڕشی فەڕەنسا لە پاریسدا پێك هاتن کە سەرەڕای کێشەی قووڵ، لەسەر یەك شت ڕێك کەوتن و ئەویش ٨سەعات کار بوو لە ڕۆژێکدا بۆ کرێکاران. بەدوای ئەمەدا هەردوو کۆنگرە بانگەوازێکیان بۆ خۆپیشاندان لە یەکەمی مای ١٨٩٠دا دەرکرد.

لەساڵی ١٨٩١دا حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا پاش قۆناغێکی دوور و درێژ سەرکوتکران و راونران، سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکاندا وەدەست هێنا. لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاییدا حیزبە سۆسیالیستەکان دیارە بە توانایەکی کەمترەوە دامەزرابوون (لە ئیسپانیا و دانیمارك ١٨٧٩، لە فەڕەنسا ١٨٨٢، بریتانیا ١٨٨٤، رووسیا و نەرویج ١٨٨٧، نەمساو سویس ١٨٨٨، سوئیدو هۆڵەندا ١٨٨٩، ئیتالیا، پۆلۆنیا و فینلەند ١٨٩٢.) هەر ئەم حیزبانە بوون کە لەنێوان ساڵانی ١٨٨٩-٩١ ئەنتەرناسیۆنالی دووەم، یان ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیستیان دامەزراند. کۆنگرە نێونەتەوەییەکانی دیکەی ئەم حیزبانە لەساڵی ١٨٩١ لە برۆکسێل بە بەشداریی بریتانیا و پاشان لەساڵی ١٨٩٣دا لە زووریخ بە سەرۆکایەتیی بیل ڕێبەری حیزبی سوسیال دێموکراتی ئەڵمانیا و لە ساڵی ١٨٩٦دا لە لەندەن پێك هاتن. لەم کۆنگرەیەی دواییدا ئانارشیستەکان لە ئەنتەرناسیۆنالیست دەرکران.

ئەنتەرناسیۆنالی دووەم کە لە پێشدا خاوەنی ئۆرگانێکی گرنگ واتە کۆنگرەی نێونەتەوەیی بووـ کە بە نۆرە بووـ لە ساڵی ١٩٠٠دا بە پێکهێنانی مەکتەبێکی نێونەتەوەیی سوسیالیست

(B.S.I) بەشێوەیەکی تەواو وەخت، ژیانی واقعیی خۆی وەدەست هێنا. بە پێکهێنانی ئەم مەکتەبە وا دەهاتە بەرچاو حیزبە ئەندامەکان لە ئەنتەرناسیۆنالی دووەمدا دەتوانن لە مەسەلە نەتەوایەتییەکانیش هەورازتر بچن و خەریکی تێکۆشانی نێونەتەوەیی بن. ئۆرگانی دیکەی وەك کۆمیسیۆنی نێوان کۆبوونەوەکانی سۆسیالیست کە لە ساڵی ١٩٠٤دا پێك هات، کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە لاوان و ژنان، بەتایبەتی کۆنگرە رێکوپێکە نێونەتەوەییەکان، بوون بەهۆی چوونە سەری ئیعتیباری "ئەنتەرناسیۆنالی دووەم" نەك هەر لەنێو کرێکاران و چەپەکانی ئەورووپادا بەڵکو لەنێو دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمەش دا. سەرکەوتنی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەورووپا و نفووزی کەسایەتییەکانی وەك ژان ژورس لە فەرەنسا و کائوتسکی لە ئەڵمانیا نیشانەی گرنگیی "ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست" بوو. رێبازی شۆڕشگێڕانەی حیزبە سۆسیالیستە ئەندامەکان لە ئەنتەرناسیۆنالدا بەتایبەتی پاش کۆنگرەکانی شتوتگارت (١٩٠٧)، کۆپنهاك (١٩١٠) و بال (١٩١٢) ئاشکراتر بوو. ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست لە ١٩١٤وە بەهۆی شەڕ و دەستەوەستانی لە جاڕدانی کۆمەڵانی خەڵك و پاشان لە ١٩٢١ بەم لاوە لە بەرامبەر خەباتخوازیی "ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم" تووشی لاوازی بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی رێکخستنی خۆی تا ئەمڕۆش بپارێزێ و وەك هێزێکی نێونەتەوەیی بمێنێتەوە.

گرنگیی ئەم رێکخراوەیە لە روانگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە هەنگاوێك بوو لەرێگەی تێکشکاندنی پاوانخوازیی دەوڵەتەکاندا، کە وەك تەنیا ئەکتەری شانۆی نێونەتەوەیی وابوون. پێکهاتنی رێکخراوێکی گرنگی نێونەتەوەیی کە خاوەنی هاوپێوەندییەکی ئەوتۆ بێ لەڕاستیدا ئاڵوگۆڕێکی چۆنیەتی بوو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. چونکە هەوڵەکانی دیکە کە لەم بوارەدا درابوون وەك کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئاشتی، هەوڵدان لە پێناوی چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشە نێونەتەوەییەکان (وەکو کۆنگرەی ١٨٩٩ی لاهەی) هێشتا خاوەنی نوێنگەیەکی بەرچاو و هەمیشەیی ئۆرگانیکی جێگیر نەبوون.

# بەشی چوارەم

## ئاڵوگۆڕ لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

ئەڵمانیا هاوکات لەگەڵ هێنانەگۆڕێی سیاسەتی جیهانی باسی "هێزی جیهانی"یشی هێنایە گۆڕێ. هەرلەو کاتەشدا ناکرێ پێمان وابێ ئەڵمانیا پێشبرکێی چەکی دەست پێکرد کە لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەورووپای گرتبۆوە. زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی لەو سەردەمەدا نەك هەر خەریکی بەهێزکردنی هێزی زەمینیی خۆیان بوون بەڵکو لەژێر کاریگەریی کەش‌وهەوای زاڵدا و رەنگە لەژێر کاریگەریی نووسراوەکانی کەسانی وەك فەرماندەی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکادا "ماهان" کە کتێبەکانی خۆی لەبارەی گرنگیی هێزی دەریایی لە ساڵەکانی ١٨٩٠و ١٨٩٢دا بڵاوکردەوە، یان تەنانەت لەژێر کاریگەریی نووسینەکانی جوگرافی‌زانی ئەڵمانیا "راتزیل" کە لە کتێبی خۆیدا (ساڵی ١٨٩٧دا بڵاو بۆوە) دەوڵەتانی لە گرنگیی زاڵبوون بەسەر دەریاکاندا لەڕووی بازرگانی و شەڕی دەریایی‌یەوە ئاگادار کردەوە، زیاتر خەریکی بەهێزکردنی هێزی دەریایی خۆیان بوون. بەر لە هەموان بریتانیا لەساڵی ١٨٨٩دا قانوونی دەریایی ناسراو بە "two-power-standard" بەمەبەستی بەهێزکردنی هێزی دەریایی خۆی پەسەند کرد و لەساڵی ١٨٩٣دا کە پێوەندیی فەڕەنسا و رووسیا بە رەسمی بەرەو باشی رۆیشت، بریتانیا نیگەرانی ئاسایشی ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاست و نفووزی ئەم دوو وڵاتە لەم ناوچەیە بەتایبەتی نیگەرانی زاڵبوونی رووسیا بەر سەر دەرووەکانی بۆسفێروداردانێل بوو. فەڕەنسا و ئیتالیاش سیاسەتێکی لەم چەشنەیان گرتەبەر. ئەو بودجەیەی کە بۆ هێزی دەریایی فەڕەنسا لە دەیەی ١٨٨٠ دیاری کرابوو مەبلەغێك بوو لەنێوان ٥٠ تا ٧٠ میلیۆن فرانك کە لە دەیەی ١٨٩٠دا گەیشتە ١٠٠میلیۆن فرانك. ئەمە لەحاڵێك دابوو کە بودجەی هێزی زەمینیی ئەم وڵاتە لەم سەردەمەدا هێندێك کەمتر ببۆوە.



ئیتالیاش لەساڵی ١٨٩٥دا بودجەیەکی نوێی بۆ پەرەپێدانی هێزی دەریایی خۆی تەرخان کرد و رەنگە بەم هۆیە بێ کە خۆی بۆ هێرشی ساڵی دواتر بۆسەر ئیتیۆپی ئامادە دەکرد. هەرچۆنێك بێ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی بەرنامەیان بۆ پەرەپێدانی هێزی دەریایی خۆیان دانا، بە چەشنێك کە دەکرێ بڵێین تەواوی ئەورووپا خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ "سیاسەتی جیهانی". لەگەڵ ئەوەش داهەموو لایەك چاوی لە ئەڵمانیا بڕیبوو.

رەنگە حەساسیەت لە بەرامبەر بەرنامە نیزامییەکانی ئەڵمانیا لەم سەردەمەدا ئەمە بێ کە ئەو نەخشانەی لەلایەن ناوەندی فەرماندەیی‌یەوە دارِشتبوون، زیاتر لە هی هەر وڵاتێك لایەنی هێرشکەرانەی هەبوو. لەساڵی ١٨٩٧دا ژەنراڵ شلیفین کە لە ساڵی ١٨٩١ تا ١٩٠٥ سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی سوپای ئەڵمانیا بوو گەڵاڵەی هێرش بۆسەر فەڕەنسای لەرێگەی بەلجیکاوە ئامادە کرد وەك نەخشەی نیزامیی ئەڵمانیا پەسەندی کرد کە بە گەڵاڵەی شلیفین بەناوبانگە و لەشەڕی یەکەمی جیهانیشدا بە گۆڕانێکی کەمەوە وەك رێنوێنی شەڕەکانی ئەڵمانیا کەڵکی لـێوەرگیرا. بەڵام گرنگتر لەهێزی زەمینی، هێزی دەریایی ئەڵمانیا بوو کە بەرنامەیەکی فراوانخوازنەتری گرتبووە پێش. فەرماندەی دەریایی تیەرپیتز کە ساڵی ١٨٩٢ سەرنجی ئیمپراتۆری ئەڵمانیای بۆلای گەڵاڵەکانی لەبارەی پەرەپێدانی هێزی دەریایی‌دا بۆلای خۆی راکێشابوو، لەمارسی ١٨٩٧دا بوو بە فەرماندەی هێزی دەریایی ئەڵمانیا و لەساڵی دوایی‌دا توانی یەکەم قانوونی پێوەندیدار بە پەرەپێدانی هێزی دەریایی ئەڵمانیا لە رایشتاگ دا پەسند بکا. بە بۆچوونی ئەو هێزی شەڕی دەریایی ئەڵمانیا دەیتوانی لە هاوسەنگە دیپلۆماتییەکاندا کارتێکی سەرکەوتن بێ کە بەرامبەری ناچار بە مودارا یان بە وتوویژ بکا. بەپێی بەرنامەی تیەرپیتز دەبوا پێرسۆنێلی هێزی دەریایی لە ١٩٠٣دا بگاتە ٦٣٠هەزار سەرباز و بەرنامەدارێژ و تەکنیسیەنە پسپۆرەکان. ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٩٨دا تەنیا ٢٢ ناوی شەڕی لەبەردەست دابوو کە هێشتا توانای رکەبەرایەتیی لەگەڵ بریتانیادا نەبوو کە ١٤٧ناوی شەڕی هەبوو. ئەو قانوونەی تیەرپیتز لەساڵی ١٨٩٨دا پەسەندی کرد، بەهۆی قانوونێکی دیکە کە لە جوونی ١٩٠٠دا پەسەند کرا تەواو کرا و کاری دروست کردنی ٢٨ ناوی دیکەی شەڕی دەست پێکرد. لە ساڵی ١٩٠٦و ١٩٠٧یشدا بەپێی قانوونی پەسەند کراوی لەم چەشنە هەموو ساڵـێ ئەڵمانیا ٤ ناو و زرێپۆشی دروست دەکرد. ئەم بڕیارانە ئەڵمانیایان بەرەو ئەوە دەبرد کە ببێتە دووەمین هێزی دەریایی پاش بریتانیا. کاربەدەستانی بریتانیا هەرلەو کاتەوە کە تیەرپیتز نەخشەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد هەستیان بەو مەترسییە کرد کە لەسەر هێزی دەریایی ئەوان

هەبوو. پەرەگرتنی هێزی دەریایی ئەڵمانیا ئەم وڵاتەی زیاتر لەهەر وڵاتێکی دیکە لەگەڵ بریتانیادا تووشی شەڕ دەکرد. بەڵام سەرەنجام ئەوە فەڕەنسا بوو کە ڕۆڵی ڕێکخستنی هێزەکانی دژی ئەڵمانیای بە ئەستۆوە گرت.

بریتانیا لەپێشدا بڕیاریدا بەجۆرێك لەگەڵ ئەڵمانیا بسازێ. بە تایبەتییش لەبەرئەوەی رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی لەنێوان ئەم دوانەدا نەبوو و پاش پێکهاتنێك کە لە ساڵی ١٨٩٨ لەبارەی کۆلۆنییەکانی پۆرتوگالدا لەگەڵ ئەڵمانیا کرا، پێکهاتنی ئەم دوو وڵاتە تەواو هاتە بەرچاو. لەلایەکی دیکەشەوە چەمبەرلین کە تا ساڵی ١٩٠٣ سیاسەتی دەرەوەی ئینگلیزی بەڕێوە برد، هەستێکی دۆستانەی وەك رەگەزی برا لەبەرامبەر ئەڵمانیای‌یەکان دەردەبڕیو یەکگرتن لەگەڵ ئەم وڵاتەی لە بەرامبەر نەتەوە لاتینی‌یەکان (فەڕەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا)دا بە پێویست دەزانی. هەربۆیە بریتانیا هەوڵی‌دا لە ڕێگەی وتووێژەوە ئەڵمانیا ناچار بە مودارا بکا. وتووێژەکانی ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢ درێژەی کێشا. بەڵام دژایەتیی قازانجەکانی ئەم دوو وڵاتە زۆر لەوە قووڵتر بوو کە بتوانن ڕێك بکەون. شکستی وتووێژەکانی ئەڵمانیا و بریتانیا دوژمنایەتی‌یەکی توندی لە بریتانیادا لە دژی ئەڵمانییەکان پێك هێنابوو.

## سیستەمی دیلکاسێ و باڵادەستیی فەڕەنسا:

دژایەتیی توندی سیاسەتی ئەڵمانیا و بریتانیا لە بەرەبەری سەدەی بیستەمدا هەلومەجێکی پێکهێنا تا فەڕەنسا لەباری دیپلۆماسییەوە بەسەر ئەورووپادا زاڵ بێ و خەریکی قەرەبووکردنەوەی تەریك کەوتنەوەی سەردەمی بیسمارك و زەبوونیی شکستی ١٨٧٠ بێ. گەڵاڵەدارێژی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لەو کاتەدا دیلکاسێ وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە بوو (١٨٩٨- ١٩٠٥) کە گرنگیی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتەکەی بە تێپەڕینی کات زیاتر دەردەکەوێ. سیستەمی دیلکاسێ وەکو سیستەمی بیسمارك، بەناوبانگە. گرنگیی ئەو سیستەمەی دیلکاسێ دایڕشت زیاتر لە هەرکاتێك لە بەرەبەری شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا دەرکەوت. یەکێك لەو دیپلۆماتانەی  هاوکاری دیلکاسێ بوو بەناوی ئەبڵ فێری لە بیرەوەری-یەکانی‌دا لەژێر ناوی "کارتە نهێنی‌یەکان" کە لە جوولای ١٩١٤دا بڵاو بۆوە ئاوا دەنووسێ:"لەپڕ بەو پیاوە گومناوەم زانی کە خۆی گەیاندە گەورەیی بیسمارك. هەستم بەوە کرد کارەکەی وەك جاڵجاڵۆکەیەکە کە ئەڵمانیایا لە تان وپۆی خۆی‌دا حاسێ دەکا و من بۆ یەکەم جار هەستم بە مەترسیی شەڕ کرد. توانای جموجۆڵی لە ئەڵمانیا بڕی بە چەشنێك کە



ئیدی لەو دونیا بەرتەسکەدا کە دیلکاسێ بۆی پێك هێنابوو توانای گەشەکردن و پەرەگرتنی نەبوو. پاش بیسمارك هیچ کەس بەڕادەی دیلکاسی کە ئیدی ڕێی چاوپێکەوتنی بە باڵیۆزەکانی فەڕەنسا نەدەدا و لە بەرامبەر پەرلەماندا بێ‌موبالات بوو، شوێنی لەسەر ڕووداوەکانی ئەورووپا نەبووە.

سیستەمی دیلکاسێ لەسەر سێ بناخە دامەزرابوو. نزیکایەتیی زیاتر لەگەڵ ڕووسیادا (ڕێککەوتنی ١٨٩٩) لاوازکردنی پێوەندیی ئیتالیا و یەکیەتیی سێقۆڵی (ڕێککەوتننامەی نهێنیی ١٩٠٢)و سەرەنجام بەستنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ بریتانیا (ئانتانت کوردیاڵ) یان ڕێککەوتننامەی پێشوو ١٩٠٤. بە واتایەکی دیکە ئەم سیستەمە لەسەر بناخەی یەکگرتنی فەڕەنسا و بریتانیا و ڕووسیا و بێ‌لایەن کردنی ئیتالیا دامەزرابوو و خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا و نەمسا ئامادە دەکرد.

کاتێك دیلکاسێ لە جوونی ١٨٩٨دا بە ڕەسمی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسای پێ‌ئەسپێردرا، پێوەندییەکانی فەڕەنسا و ڕووسیا بە ڕواڵەت باش بوو. لە حاڵێکدا بەڕاستی وانەبوو. لەزۆر بواردا زەمینە بۆ کاری هاوبەش لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا ئامادە نەبوو. هەرکام لەم دوو وڵاتە بواری جیاوازیان لە کاروباری خۆیاندا هەبوو. بەجۆرێك کە ڕووسیا بەتوندی خەریکی کاروباری ڕۆژهەڵات بوو، لەحاڵێکدا رکەبەرایەتیی کۆلۆنیالیستی کە لە چیندا بیری فەرەنسییەکانی ئەوەندە بە خۆیەوە خەریك نەکردبوو. بە پێچەوانە فەڕەنسا لە ئەفریقا و ئەفریقای ڕەشدا تووشی گیروگرفت ببوو و پێویستیی بە یارمەتیی هاوپەیمانەکانی هەبوو. بەڵام ڕووسیا قازانجێکی تایبەت و ڕاستەوخۆی لەوێ نەبوو. جگە لەوە سیاسەتی دوو وڵاتەکە لە ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاست و لەبەرامبەر ئیمپراتۆریی عوسمانی‌دا ناکۆکیی توندیان لەنێواندا هەبوو. تەنیا هۆیەك کە پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەی گەرم ڕاگرتبوو هاوکاریی ماڵی یان باشتر بڵێین یارمەتیی ئابووری و پیشەسازیی فەڕەنسا بە ڕووسیا بوو کە لەو سەردەمەدا پێویستی زۆری بە قەرزی دەرەوە هەبوو و دیلکاسێش ڕاست کەڵکی لەم لاوازییە وەرگرت بۆئەوەی پێوەندیی ئەم دوو وڵاتە پتەو بکا. سەفەری دیلکاسێ لە ئاگۆستی ١٨٩٩دا و پاش وی سەفەری نیکۆلای دووەم لە سێپتەمبەری ١٩٠١دا بۆ فەڕەنسا بواری هاوکاریی بەربڵاوی ئابووری، سیاسی و نیزامیی ئەم دوو وڵاتەی ڕەخساند، بەجۆرێك کە دەبێ لەجێگەی پتەوکردن و نوێ‌کردنەوەی پێوەندیی ئەم دوو وڵاتە باس لە یەکیەتیی فەڕەنسا و ڕووسیا بکەین. لە جوولای ١٩٠٠دا پرۆتۆکۆڵێك لەلایەن ناوەندی فەرماندەیی دوو وڵاتەوە ئیمزا کرا. بەپێی ئەم

پرۆتۆکۆڵە ئەگەر شەڕ لە نێوان رووسیا و بریتانیادا روویدا، فەرەنسا ١٥٠هەزار سەرباز لە لێوارەکانی مانشدا کۆبکاتەوە و ئەگەر لەنێوان فەرەنسا و بریتانیاشدا شەڕ روویدا، رووسیا دەبێ خێرا هێرش بکاتە سەر تورکستان و سەرنجی بریتانیا بۆلای ئاسیا رابکێشێ. لایەنی دژی بریتانیایی ئەم رێککەوتنە بەسەرنجدان بە تێکهەڵچوونەکانی فەرەنسا و رووسیا لە سوودان (رووداوی فاشوودا ١٨٩٨) تا ١٩٠٢ جێگەی پەسەندی دیلکاسێ بوو، بەڵام لەم ساڵەدا کە هێندێك نیشانەی باشبوونی پێوەندییەکانی بریتانیا و فەرەنسا دیتران، رێککەوتنی نیزامیی فەرەنسا و رووسیاش لەبیر کرا.

٢ ـ هاوکات لەگەڵ بەهێزبوونی پێوەندییەکانی فەرەنسا و رووسیا دیلکاسێ هەولێدا کەڵك لە دژایەتیی ئیتالیا و نەمسا وەرگرێ و کەلەبەرێك بخاتە نێو ریزی یەکیەتیی سێقۆڵی‌یەوە. هەلومەرج و بارودۆخی ئەو سەردەمەش بە قازانجی سیاسەتەکانی فەرەنسا دەچووە پێش. چونکە جگە لە بووژانەوەی سەرلەنوێی کێشەی ویلایەتەکانی تیرەردانت و قووڵبوونەوەی رکەبەرایەتیی ئیتالیا و نەمسا لە باڵکاندا ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسیش لە ئیتالیادا هاتنە سەرکار کە لایەنگری باشکردنی پێوەندییەکان بوون لەگەڵ فەرەنسادا. پاش هێرشی ئیتالیا بۆسەر حەبەشە و شکستی ئەم وڵاتە لە بەرامبەر هێزەکانی حەبەشەدا لە ئادوا (مارسی ١٨٩٦) فرانسیسکۆ کریسپی کە لەساڵی ١٨٨٧ەوە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە، کریسپی لە پێڕەوانی گاریبالدی بوو و یەکگرتن لەگەڵ ئەڵمانیای پێ لە یەکگرتن لەگەڵ فەرەنسا باشتر بوو و خیانەتەکانی ناپلیۆنی سێیەم و سیاسەتی مەزهەبیی ساڵانی سەرەتای کۆماری سێیەمی فەرەنسای لەبیر نەدەکرد و پەیماننامەی باردۆ ١٨٨١ی فەرەنسا و تونسی بە کارێکی دوژمنانە دژی ئیتالیا دەزانی. بۆیە رووخان و هاتنە سەرکاری جیولیتی وەك سەرۆك وەزیران و دانانی ڤیسکۆنتی ڤێنوستا بە وەزیری دەرەوەی ئیتالیا (١٨٩٦-١٩٠١) کە لایەنگری چاککردنەوەی پێوەندی لەگەڵ فەرەنسا بوو، پاشان کوژرانی هۆمبێرت پاشای ئیتالیا لەساڵی ١٩٠٠ کە لایەنگری یەکگرتن لەگەڵ ئەڵمانیا بوو و دانیشتنی ڤیکتۆر ئیمانوئیلی سێیەم لە جێی وی کە هەستێکی دۆستانەی لە بەرامبەر فەرەنسییەکاندا هەبوو، زەمینەی بۆ پێکهاتنێکی نهێنی لەنێوان ئیتالیا و فەرەنسادا پێك هێنا. سیاسەتمەدارە تازەکانی ئیتالیا سیاسەتەکانی کریسپی‌یان بە سیاسەتێکی خۆبەزلزانانە و بێسوود دەزانی و نزیکایەتییان لەگەڵ فەرەنسا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی لە بەرامبەر دەوڵەتە ناوەندییەکاندا بە پێویست دەزانی. بەڵام لەلایەن فەرەنساشەوە پێویست بوو هەنگاوێك بۆ



قەرەبووکردنەوەی هێرش لە تونسدا (ساڵی ١٨٨١) باوێژرێ. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، تایبەتمەندییە دیپلۆماسییەکان لەم قۆناغەدا تا رادەیەك سیاسەتی دەرەوەی ئەورووپای بە کێشە و رکەبەرایەتی‌یە کۆلۆنیالیستییەکانەوە بەستبۆوە. بۆیە سەرەڕای رێککەوتنی بازرگانیی ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی ١٨٩٨دا بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی بنەڕەتی و سەقامگرتوو، چارەسەری کێشەکانیان لە باکووری ئەفریقا پێویست بوو. سەرنجی ئیتالیا لەو سەردەمەدا لەسەر تریپوولی (لیبیا) بوو. ترسی ئەوەی هەبوو فەرەنسا وەك ساڵی ١٨٨١ لە تونس، کارێکی لەم چەشنەش لە لیبیادا بکا. رێککەوتنی نهێنیی ئەم دوو وڵاتە لە دیسەمبەری ١٩٠٠دا کۆتایی بەو بەدگومانییە هێنا. بەپێی ئەم رێککەوتنە فەرەنسا هیچ چەشنە کۆسپێکی لەسەر رێگەی وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئیتالیا لە لیبیادا پێك نەدەهێنا. لەبەرامبەر ئەمەشدا ئیتالیا قەبووڵی کرد نیازپاکیی خۆی لە بەرامبەر ئامانجەکانی فەرەنسا لە مەغریبدا نیشان بدا. بە سەرنجدان بە کەش‌وهەوای رۆژگار و گرنگیی کۆلۆنییەکان روون بوو رێککەوتنێکی ئەوتۆ لەبارەی دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر نفووزی ئەم دوو وڵاتەدا رێگە بۆ هاوکاریی زیاتری ئەم دوو وڵاتە خۆش دەکا. بەڵام ئەڵمانیا کە ئاگای لەو رێککەوتنە نەبوو، رواڵەتی دۆستایەتیی ئیتالیای لەگەڵ فەرەنسای بە "سەمای ڤالسی ژنێك دەشوبهاند کە پاش سەما لەگەڵ پیاوێکی بێگانە، سەرەنجام دەگەڕێتەوە باوەشی مێردەکەی خۆی" (یەکیەتیی سێقۆڵی) بەڵام بۆچوونی ئەڵمانییەکان واقعبینانە نەبوو. ساڵی ١٩٠٢ لەو کاتەدا کە وتووێژەکان لەبارەی نوێکردنەوەی یەکیەتیی سێقۆڵی لەگۆڕێ دابوو، پێوەندیی ئیتالیا و فەرەنساش رەوتی خۆی دەپێوا کە لە جوونی ئەو ساڵەدا (لەژێر فشاری فەرەنسادا کە ٦٠٪ قەرزەکانی ئیتالیای لەبەردەست دابوو) بوو بەهۆی بەستنی رێککەوتنێکی نهێنیی دیکە. بەپێی ئەم رێککەوتنە ئەگەر لەنێوان فەرەنساو ئەڵمانیادا شەڕ روویدا، دەبوا ئیتالیا بێلایەنی هەڵبژێرێ. پاش ئەمە سەفەری پاشای ئیتالیا ئیمانوئیلی سێیەم بۆ فەرەنسا (ئۆکتۆبەری ١٩٠٣)و سەفەری لوبە سەرکۆماری فەرەنسا بۆ رۆما (ئەپریلی ١٩٠٤) یارمەتیی پتەوکردنی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەیدا. بەڵام هەڵوێستی ئیتالیا لەبەرامبەر فەرەنسادا لە سنووری دۆستایەتی تێنەپەڕی و هیچ کات نەبوو بە یەکیەتی. ئیتالیا هەروا وەك یەکێك لە سێ کۆڵەکەکانی یەکیەتیی سێقۆڵی مایەوە (یەکیەتیی سێقۆڵی لە ساڵەکانی ١٩٠٧و١٩١٣دا نوێکرایەوە). هەر لەم کاتەدا دلکاسێ سەرکەوتوو بوو. چونکە شتێکی دیکەی جگە لە بێلایەنیی ئیتالیا نەدەویست. ئیتالیاش بۆ پەرەپێدانی ئابووریی خۆی کەڵکی لە

یارمەتییەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا وەرگرت و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەقامگرتووتر بوو. ئەمە ئاکامی سیاسەتێکی واقیعبینانە بوو کە کریسپی لێی بێبەش بوو. چونکە سیاسەت لەگەڵ دەمارگرژی و دوگم سازگار نییە.

٣ ـ هەروەك دیتمان وتوویژەکانی ئینگلیز و ئەڵمانیا ئاکامێکیان نەبوو و شەڕێکی تەبلیغاتی کە لەنێوان راگەیەنە گشتی‌یەکانی ئینگلیس‌و ئەڵمانیا دا هەڵایسا کاریگەریی-یەکی تەواوی لەسەر پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە هەبوو. لەلایەك مەترسیی ئەڵمانیا و پێویستیی وەدەستهێنانی بێلایەنیی فەرەنسا لە بواری دەریایی‌یەوە و لەلایەکی دیکەشەوە لاوازی و تەریك کەوتنەوەی نەخوازراوی بریتانیا کە پاش شەڕی ترانسڤال لە باشووری ئەفریقا و بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی بوئێرەکان (١٨٩٨-١٩٠٢) قوولتر ببۆوە. رێبەرانی بریتانیا بەتایبەتی چەمبەرلین وەزیری کۆلۆنییەکان و باڵفۆر سەرۆك وەزیرانی نوێ (١٩٠٢-١٩٠٦) و ئیدواردی حەوتەم پاشای ئەم وڵاتەی بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی باش هاندا. لەلایەن فەرەنساشەوە سەرەڕای ئەوەی بیرەوەریی شەڕی فاشودا (لە ساڵی ١٨٩٨ دا هێزەکانی فەرەنسا و بریتانیا لە باشووری سوودان کەوتنە بەرامبەر یەك و ژەنراڵ مەرشانی فەرەنسی بەرامبەر هێزەکانی لۆرد کیچنەردا ناچار بوو پاشەکشە بکا) لە زەینی فەرەنسییەکاندا هەر مابۆوە، دیلکاسێ لە بەرامبەر ئەڵمانیادا کە جگە لە نەمسا دۆستێکی دیکەی بۆ نەمابۆوە، بە پێویستی دەزانی لەگەڵ بریتانیا دۆست بێ. بەوجۆرەی کە لەنێوان فەرەنسا و ئیتالیاشدا دۆستایەتییەکی ئەوتۆ پێکهات، چارەسەری کێشەی پێوەندیدار بە کۆلۆنییەکان پێویستیی بە دامەزراندنی پێوەندییەکی دۆستانە لەنێوان دوو وڵاتی فەرەنسا و بریتانیادا هەبوو. دیلکاسێ پێی خۆش بوو کێشەکان بەمجۆرە چارەسەر بکرێن کە فەرەنسا چاوپۆشی لەوەی بکا لە میسردا بەتەمای بوو و لە بەرامبەریشدا بریتانیا دەستی فەرەنسا لە مەغریبدا ئاوەڵا بکاتەوە. بۆئەوەی ئەم گەڵاڵەیە بەسەر بریتانیادا بسەپێنێ، هەڕەشەی کرد کە رێککەوتنێکی دوو لایەنە لەگەڵ ئیسپانیادا ئیمزا دەکا و هێندێك هێزیشی لە بیابان دامەزراندبوو. وتوویژە پەیوەندیدارەکان بە چارەسەری کۆلۆنییەکان لە جوونی ١٩٠٣دا دەستیان پێکرا. پاشای بریتانیا لە مانگی مای ١٩٠٣دا سەفەرێکی بۆ فەرەنسا کرد و خەڵك بە بیرەوەریی رووداوی فاشودا بە دروشمی "بژی بوئێرەکان" پێشوازییان لـێکرد. بەڵام ئەو هەستە دوژمنانەیە لەماوەیەکی کورتدا بوو بە هەستێکی دۆستانە و مانگی جولاییش لوبێ سەرۆك کۆماری فەرەنسا سەفەرێکی کرد بۆ لەندەن و ئەم چاوپێکەوتنانە زەمینەیەکی



باشی بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان پێك هێنا. لەلایەن بریتانیاوە زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکهاتنێکی ئەوتۆ ئامادە ببوو، چونکە مەترسیی شەڕی ژاپۆن و رووسیا جیددی بوو و بریتانیا کە بەپێی رێککەوتننامەی ١٩٠٢ لەگەڵ ژاپۆندا بەڵێنی دابوو لایەنگری لەم وڵاتە بکا، هیوای بەوە بوو کە لە رێگەی فەرەنساوە بتوانێ پێش بەو تێکهەڵچوونە بگرێ و لەلایەن فەرەنساشەوە چونکە پێی باش بوو بەر لە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی کۆنەپارێزەکان ئەو شتە سەربگرێ، دیلکاسێ هەوڵی‌دا نەرمییەکی زیاتر لەخۆی نیشان بدا. شەڕی رووسیا و ژاپۆن لە ٨ی فیبریوەری ١٩٠٤ دا دەستی پێکردو دوو وڵاتی فەرەنسا و بریتانیا کە هەرکامیان هاوپەیمانی یەکێك لەو دوو لایەنە بوون، بێلایەنیی خۆیان راگەیاندو درێژەیان بە وتوویژەکانیاندا تا ٨ی ئەپریلی هەمان ساڵ توانییان رێککەوتننامەیەکی دۆستانە ئیمزا بکەن کە بە "ئانتانت کردیاڵ" یا "لێك تێگەیشتنی دۆستانە" ناسرا. بەپێی ئەم رێککەوتنە فەرەنسا لە راست داواکانی خۆی لە سووداندا چاوپۆشیی کرد و بریتانیاش دەستی فەرەنسای لە مەغریب ئاوەڵا کردبۆوە. ئەم دوو وڵاتە لەباری دیاریکردنی سنوورەکانی خۆیاندا لە نایجریا و زامبیادا رێککەوتن و لەبارەی کێشەکانیان لە ئاسیاشدا بە دابەشکردنی سیام بە دوو ناوچەی ژێر نفووز و لە ئۆقیانووسیەش (ئوسترالیا) دا بەکارهێنانی دەسەڵاتی دوو چەشنە (کۆندۆنیۆم) کۆتایی‌یان بە کێشەکانیان هێنا.

مەرجەکانی ئەم رێککەوتننامەیە ئەوەندە گرنگ نەبوون و بەجۆرێك تایبەتمەندیی چارەسەری کێشە کۆلۆنیالیستی‌یەکانی هەبوو. بەڵام لایەنێکی سیاسیی زۆر گرنگی هەبوو و لە پلەی یەکەمدا زەنگی مەترسی بوو بۆ ئەڵمانیا. بەدوای ئەمەدا دانانی فەرماندەی دەریایی، فیشێر وەك فەرماندەی هێزە دەریایی‌یەکانی بریتانیا، کە بەوە ناسرابوو رووحیەیەکی هێرشکەرانەی هەیە، ئەو ئەگەرەی لە بۆچوونی ئەڵمانییەکاندا پێکهێنا کە ئانتانت کردیاڵ لەوانەیە رێککەوتننامەی نیزامییشی لەگەڵ بێ. رەنگە تا ئەو کاتەش هیچ کەس بیری لەوە نەکردبێتەوە کە رێککەوتنی بریتانیا و فەرەنسا لە پەنا رێککەوتنی فەرەنسا و رووسیادا بەرەو ئەوە دەچێ کە کۆڵەکەی هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی دابمەزرێنن.

## ٢ ـ دژکردەوەی ئەڵمانیا لە بەرامبەر سیستەمی دیلکاسێدا

ساڵی ١٩٠٥ بۆ سیستەمی دیلکاسێ ساڵی تاقیکردنەوە دژوارەکان بوو. چونکە لەلایەك پێوەندیی فەرەنسا و رووسیا کەوتە مەترسییەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دۆستایەتیی فەرەنسا

و ئینگلیز کەوتە ژێر تاقیکردنەوەوە. بەڵام سەرەنجام مەترسیی ئەڵمانیا بوو بەهۆی پتەوبوونی سیستەمی دیلکاسێ و پووچەڵ بوونەوەی هەولەکانی ئەڵمانیا.

کاتێك لەساڵی ١٩٠٢دا باس لە دۆستایەتیی فەڕەنسا و بریتانیادا هاتەگۆڕێ، رووسەکان کە لە سێبەرەی دەریای سپیی نێوەڕاست و ئاسیا و رۆژهەلاتی دووردا لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی بریتانیادا لە رکەبەرایەتی دابوو، دڵیان لە فەڕەنسییەکان ئێشا. بەڵام پێوەندییە ئابوورییەکانی ئەم دوو وڵاتە سەرەڕای حاڵەتی هێرشکەرانەی سەرمایەدارە فەرەنسییەکان لە رووسیادا بوو بەهۆی ئەوە پێش بە پچڕانی پێوەندییەکان و هەڵوەشانەوەی رێککەوتنەکانی پێشوو بگرێ کە بە هەوڵ و زەحمەتی یەکتر وەدەست هاتبوون. "ئانتانت کردیاڵ"و بێموبالاتیی فەڕەنسییەکان لەبەرامبەر گیروگرفتەکانی رووسیا لەشەڕ لەگەڵ ژاپۆنیشی دا هاتە سەر و پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەرەو کزی چوون. گیوومی دووەم ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیا کە لە دەرفەتێك دەگەڕا و لە رێککەوتنی فەڕەنسا ـ بریتانیاش ترسی لـێنیشتبوو، هەوڵیدا کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرێ و یەکیەتیی دوو لایەنەی فەڕەنسا و رووسیا بشێوێنێ.

هەوڵی ئیمڕاتۆری ئەڵمانیا گرنگیی شوێنەواری "ئانتانت کردیاڵ" لە گۆڕانی هاوسەنگیی هێزەکان بە زەرەری ئەڵمانیا دەسەلمێنێ. لە چاوپێکەوتنێکدا کە رۆژی ٢٣ی جوولای ١٩٠٥ لەنێوان تەزار و ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیا لە بوژورکو (لە کەنداوی فینلەند)دا روویدا، گیوومی دووەم توانی پێشنووسی رێککەوتننامەیەك لەگەڵ تەزاردا ئیمزا بکا. بەپێی ئەم رێککەوتنە ئەگەر یەکێك لە دوو وڵاتی رووسیا و ئەڵمانیا بکەوێتە بەر هێرش ئەوی دیکەیان بەهەموو هێزەوە یارمەتیی بدا. دەبوا ئەم رێککەوتنە لە رۆژی بەستنی پەیمانی ئاشتی لەنێوان ژاپۆن و رووسیادا بەڕێوە چووبا و رووسیا دەبوا هەولی دابا بۆ ئەوەی فەڕەنسا بێتە نێو ئەم رێککەوتنەوە. لایەنی دژی بریتانیایی ئەم رێککەوتنە بە روونی دیار بوو. بولۆ راوێژکاری بەرزی ئەڵمانیا (پاش کاپریوی) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ:"ئیمپراتۆر ئەوەندە لەو چاوپێکەوتنە خۆشحاڵ ببوو کە دەتگوت بەهەموو ئاواتەکانی گەیشتووە." ئەو رووسیای کە ساڵی ١٨٩٠ بەجۆرێك لەلایەن ئەڵمانیاوە وەلانرابوو، ئێستا بە توندی سەرنجی ئەم وڵاتەی بۆلای خۆی راکێشابوو. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕە قووڵە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە. ئەورووپا لە بەرامبەر ئەڵمانیادا خۆی رێك دەخست. ئەڵمانیا بەدوای هاوپەیمانی نوێی وەك رووسیاوە بوو. بەڵام رووسیا هەرچەند دڵی لە فەڕەنسا ئێشابوو، پاش شکست لە بەرامبەر ژاپۆندا پێویستی بە چوونە پێش بوو لە قاڕرەی ئەورووپادا. بەڵام هیچ کات نەیدەتوانی لە



ئاست ئەڵمانیادا دڵنیا بێ. ویت سەرۆك وەزیران و لامسدۆرف وەزیری دەرەوەی رووسیا هەرکە بە رێککەوتنی بژورکویانی زانی دژایەتیی لەگەڵ کرد و بە تەزاری راگەیاند کە فەڕەنسا لەگەڵی ناکەوێ و تەزار ئەم رێککەوتنەی هەڵوەشاندەوە. دیارە نابێ فشاری ئابووریی فەڕەنسامان لەو بڕیارەدا لەبیر بچێ. فەڕەنسا زۆر باش دەیتوانی بۆچوونەکانی لەم رێگەیەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەسەر رووسیادا بسەپێنێ. لەسەریەك ئەڵمانیا نەیتوانی پێوەندییەکانی رووسیا و فەڕەنسا بخاتە ژێر فشاری چاوەدێریی خۆیەوە و نە توانی بە یەکگرتنی سێقۆڵی (ئەڵمانیا، رووسیا و فەڕەنسا) بریتانیا تەریك بخاتەوە و لە بەرامبەر ئەورووپای یەکگرتووی وشکاییی دا رای بگرێ.

رووداوێکی دیکە کە هاوکات لەگەڵ شەڕی رووسیا و ژاپۆندا ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیا کەڵکی لـێوەرگرت بۆئەوەی بەمەبەستی هەڵوەشاندنی سیستەمی دیلکاسێ بەکاری بێنێ قەیرانی مەغریب بوو. ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیا وای لێك دابۆوە شەڕی رووسیا و دڵشکاویی ئەم وڵاتە لە فەڕەنسا ـ چونکە یارمەتیی نەدابوو دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەر هاتو فەڕەنسا لەگەڵ ئەڵمانیادا لە باکووری ئەفریقا تووشی شەڕ بوو، رووسیا پشتیوانیی لـێنەکا و بریتانیاش ئامادە نابێ بۆئەوەی پشتیوانی لە فەڕەنسا بکا خۆی تووشی شەڕ بکا. کەوابوو شکستی فەڕەنسا لە باکووری ئەفریقا جگە لەوەی ئەم وڵاتە لاواز دەکا، دەبێتە هۆی سارد و سڕی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ بریتانیا و رووسیا چونکە پشتیوانیی لـێنەکراوە. قەیرانەکە لەوەڕا سەرچاوەی گرتبوو کە فەڕەنسا بەسەر ئەلجەزایر و تونسدا زاڵ ببوو و دەیەویست بەسەر مەغریب و ئیتیوپییشدا زاڵ بێ. مەغریب و ئیتیۆپی تەنیا دوو وڵاتی سەربەخۆی ئەفریقا بوون لە بەرەبەری سەدەی بیستەمدا. عبدولعزیز کە لە ساڵی ١٨٩٤دا لە جێی باوکی خۆی، مەلاحەسەن دانیشتبوو، حەزی لە نوێخوازی بوو. بەڵام نوێخوازی لەگەڵ پێکهاتەی فەرهەنگی و عەشیرەیی مەغریبدا نەدەگونجا و بوو بەهۆی چەندین راپەڕین. فەڕەنساش بە بیانووی سەرکوتی شۆڕشگێڕەکان کە جاروبار دەهاتنە نێو خاکی ئەلجەزایر دەستی لە کاروباری مەغریب وەردەدا. هەروەك دیتمان لە رێککەوتنی ١٩٠٢ی ئیتالیا و فەڕەنسادا فەڕەنسا ئیتالیای رازی کرد بۆئەوەی بەسەر مەغریبدا زاڵ بێ (لەبەرامبەر ئازادیی کردەوەی ئیتالیا لە لیبیادا). لە رێککەوتنی ١٩٠٤ی فەڕەنسا و بریتانیادا رەزامەندیی بریتانیاشی وەرگرت (لە بەرامبەر قەبووڵی دەسەڵاتی بریتانیا بەسەر میسردا). هەر لەو ساڵەدا ئیسپانیاش لەبەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی بەشێك لە باکوور و باشووری مەغریبدا مافی فەڕەنسای لە مەغریبدا بە رەسمی ناسی. بە پشتبەستن بەم

ڕێککەوتننانە فەڕەنسا لە جوونی ١٩٠٤دا بڕیاری دا بە دانی بایی ٦٢/٥ میلیۆن فرانك زێڕ قەرز بە مەغریب، دەست بەسەر هەنارده و هاوردەی ئەم وڵاتەدا بگرێ. چونکه بڕیار وابوو دانەوەی ئەم قەرزە بەهۆی گومرگی مەغریب دابین بکرێ. هەر لە نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا فەڕەنسا پێشنیاری ڕیفۆرمی کاروباری ماڵی و نیزامی و لە ڕاستیدا گەڵاڵەی سەرپەرستی-کردنی مەغریبی دا بە سوڵتان. ئەڵمانیا کە پێی خۆش بوو سیاسەتی دەرگای ئاوەڵا له مەغریبدا بەڕێوه بچێ، نارەزایەتیی خۆی لە گەڵاڵەی فەڕەنسا دەربڕی. له حاڵێکدا هیچ زەرەرێکی بۆ قازانجەکانی ئەڵمانیا نەبوو لە مەغریبدا. لە ڕاستیدا ئەڵمانیا بەدوای ئامانجی سیاسیدا دەگەڕا. ڕاوێژکاری بەرزی ئەڵمانیا لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ:"گرنگیی قازانجه ئابوورییەکانی وڵاتی ئێمە لە مەغریبدا نەبوو کە منی وا لـێکرد لە بەرامبەر ئیمپراتۆردا ڕاوەستم (ئیمپراتۆر لایەنگری دژکردەوە لە بەرامبەر فەڕەنسادا نەبوو). شەڕی لەگەڵ فەڕەنساشم نەدەویست، چونکه هەر شەڕێك لە ئەورووپادا لەوانەبوو ببێتە شەڕێکی جیهانی، بەڵکو مەبەستم ئەوە بوو فەڕەنسا بترسێنم، دیلکاسێ لە دەسەڵات بخەم و کۆتایی بە سیاسەتی هێرشکەرانەی فەڕەنسا بێنم و لە یارمەتیی ئیدواردی حەوتەمی بێبەش بکەم." لەپێناوی ئەم مەبەستانەدا بوو کە ڕۆژی ١ی مارسی ١٩٠٥ کاتێك ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لە دەریای سپیی نێوەڕاست خەریکی سەردانی هێزەکانی ئەڵمانیا بوو هاتە بەندەری تونجە لە مەغریب و لەلایەن سوڵتانەوە پێشوازییەکی گشتیی لـێکرا. قسەکانی ئیمپراتۆر لەو چاوپێکەوتنەدا کە تەئکید لەسەر پاراستنی قازانجەکانی ئەڵمانیا و سەربەخۆیی مەغریب بوو، ئاگادارکردنەوەیەکی فەڕەنساش بوو. ئەڵمانیا خوازیاری پێکهێنانی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بوو بۆ چارەسەری کێشەی مەغریب. ڕێبەڕانی فەڕەنسا لە بەرامبەردا هەڕەشەکانی ئەڵمانیایان بەهێند نەدەگرت و پێیان وابوو کە دەبێ لە بەرامبەر ئەڵمانیادا ڕاوەستن. لەلایەکی دیکەوە ڕوڤیه سەرۆك وەزیران و ژمارەیەکی دیکە کارەکانی دیلکاسێیان بە سەرەڕۆیی دەزانی و هەڕەشەکانی ئەڵمانیایان بە جیددی وەرگرتبوو. ئەڵمانیاییەکان کەڵکیان لەو دووبەرەکییە وەرگرت و خوازیاری لەسەرکار لابردنی دیلکاسێ بوون. ڕوڤیه کە لایەنگری مودارا لەگەڵ ئەڵمانییەکان بوو بڕیاریدا دیلکاسێ بکاتە قوربانیی ویست و داخوازەکانی بولۆ ڕاوێژکاری بەرزی ئەڵمانیا، کە بۆ ماوەی ٧ ساڵ ڕێبەڕایەتی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسای دەکرد. دیلکاسێ کە دیتی به تەنیایە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند ( جوونی ١٩٠٥). بەڵام سیستەمەکەی هەروا مایەوە. بەدەست لەکارکێشانەوەی دیلکاسێ ئەڵمانیا بە یەکەم مەبەستی خۆی گەیشت.



دووەمین مەبەستی ئەڵمانیا ماوەیەك دواتر کە ڕوڤیه ملی بۆ قەبووڵی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لەبارەی مەغریب دا ڕاکێشا، وەدی هات. ئەم کۆنفرانسە لە جۆنیوەری ١٩٠٦دا بە بەشداریی ١٢ دەسەڵاتی جیهان لە ئەلجەزایراس (لە باشووری ئیسپانیا) کرایەوە کە بڕیارەکانی بە دڵی ئەڵمانیا نەبوون. ئەڵمانیا بە هەویای پشتیوانیی بەلجیکا، ئیسپانیا و ئیتالیا بوو. بەڵام ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو. چونکە هیچ وڵاتێك جگە لە نەمسا پشتیوانیی لە بەرنامەکانی ئەڵمانیا لەبارەی سیاسەتی دەرگای ئاوەڵادا نەکرد. ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنفرانس لە ٧ی ئەپریلی ١٩٠٦دا بڵاوبۆوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئەڵمانیا پاراستنی نەزم لە مەغریبییان خستە ئەستۆی هێزەکانی فەڕەنسا و ئیسپانیا، بەڵام لە کردەوەدا باڵادەستی بە هێزەکانی فەڕەنسا بوو و سەرەنجام یەکگرتنی ڕووسیا و بریتانیا و فەڕەنساش، هەروا بە قووەتی خۆی مایەوە. جگە لەوەش ئیسپانیا و ئیتالیاش لایەنی فەڕەنسایان گرت و سیستەمی دیلکاسێ لەم ڕووداوەشدا سەرکەوتوو هاتەدەر.

## ٣ ـ ڕێککەوتنی ڕووس و ئینگلیز و پێکهاتنی هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی

هەوڵی ئەڵمانیا لەپێناوی لەنێوبردنی "ئانتانت کردیاڵ"و حاڵەتی هێرشی ئەم وڵاتە لەکاتی قەیرانی مەغریب و کۆنفرانسی ئەلجەزیراس دا بە پێچەوانەوە بوو بەهۆی هاوپێوەندیی دوو وڵاتی فەڕەنسا و بریتانیا. لەڕاستیدا ڕەوتی ئالۆگۆڕەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەریتانیای ناچار کرد هەڵوێستی لێبڕاوانە لە بەرامبەر کێشەکانی ئەورووپادا بگرێ. تا ئەو کاتە بریتانیا لە تەریك کەوتەیی سوننەتیی خۆیدا بوو و هەروەك لە شەڕەکانی کریمە و ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٧٨دا دیتمان تەنیا ئەو کاتە خۆی تێوەردەدا کە لە هاوسەنگیی هێزەکان لە ئەورووپادا هەڕەشەی لەسەر دەبوو و خۆتـێهەڵقورتاندنی بریتانیا تەنیا بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی هێزەکان بوو. ئێستاش هەڕەشەکانی ئەڵمانیا لەلایەك و لاوازبوونی ڕووسیا بەهۆی شەڕ لەگەڵ ژاپۆن و ڕاپەڕینە نێوخۆییەکان لەلایەکی دیکەوە سەرنجی بریتانیای بۆلای تێکچوونی هاوسەنگیی هێزەکان لە ئەورووپادا ڕاکێشا. چونکە جگە لە فەڕەنسا وڵاتێکی دیکە نەبوو لە بەرامبەر هەڕوگیفەکانی ئەڵمانیادا ڕابوەستێ و ئەگەر دیسان فەڕەنسا شکستی خواردبا، مەترسیی زاڵبوونی ئەڵمانیا بەسەر ئەورووپا و هەڕەشە لە باڵادەستیی دەریایی بریتانیا جیددی دەبوو. بۆیە لەکاتی قەیرانی مەغریبدا بریتانیا نەك هەر لێبڕاوانە پشتیوانیی لە فەڕەنسا کرد، (زاڵبوونی ئەڵمانیا بەسەر مەغریبدا ئەو مەترسییەشی هەبوو ئەڵمانیا لە

پێوەندی لەگەڵ بریتانیاو کۆلۆنییەکانیدا کێشە ساز بکا) بەڵکو لەسەر بەهێزکردنی زیاتری "ئانتانت کردیال"یش سوور بوو. ئەم فکرە بە رادەیەك لە سیاسەتی دەرەوەی بریتانیادا جێی خۆی کردبۆوە کە تەنانەت کاتێك لیبراڵەکانیش (١٩٠٦) دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت کە زۆر لایەنگری سونئەتی دوورەپەرێزیی بریتانیا بوون، پێشی پێ‌نەگیرا. سێرئیدواردگیری وەزیری نوێی دەرەوەی بریتانیا رەوتی کاروبارەکانی دەرەوەی بەدەستەوە گرت و لەماوەی ساڵی ١٩٠٦دا زەمینەی هاوکاریی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەشی دوو وڵاتی فەرەنسا و بریتانیای پێك هێنا. دیارە هیچ کات مەبەست پێکهێنانی یەکیەتییەکی نیزامی نەبووە. بریتانیاش پێی‌خۆش نەبوو تووشی شەڕێکی شیمانەیی لەنێوان فەرەنسا و ئەڵمانیادا بێ. بۆیە بەلێکدانەوەیەکی ورد رای گەیاند ئەگەر فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە هێرشی بکرێتە سەر، بریتانیا یارمەتیی فەرەنسا دەدا. واتای نێوەرۆکی ئەم بۆچوونەی ئیدواردگیری ئەوە بوو کە ئەگەر فەرەنسا شەڕەکەی دەست پێ‌بکا بریتانیا هیچ بەڵێنێکی بە فەرەنسا نەداوە. و بەمجۆرە بریتانیا پێشی بە هاندانی فەرەنسا بۆ شەڕێکی تۆڵەئەستێنانە گرت. بریتانیا هیچ کات ئامادە نەبوو پێڕەوی مەبەست و ئارەزووەکانی فەرەنسا بکا.

ئەو سیاسەتە دۆستانەیەی کە بریتانیا لەساڵی ١٩٠٤دا بەرەسمی لەگەڵ فەرەنسا گرتبوویە بەر، لەگەڵ سیاسەتی دوژمنانە لەدژی رووسیادا نەدەهاتەوە. جگە لەوەش هەروەك ئاماژەی پێ‌کرا هەرەشەی ئەڵمانیا ئەوەندە جیددی بوو کە بەریتانیا ناچار بوو لەنێوان خراپ و خراپتردا یەکێك هەڵبژێرێ. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی دەبووە هۆی تێکهەڵچوونی بریتانیا و رووسیا ئیدی ئێستا نەمابوو. چونکە جگە لەوەی کە بریتانیا دەستی لە سیاسەتی لەمێژینەی خۆی ـ کە بریتی‌بوو لە هەوڵدان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عوسمانی ـ هەڵگرتبوو و ئامادە بوو لە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی رووسیادا کاری بە عوسمانی نەبێ. هۆکارێکی دیکەش هاتبووە نێو لێکدانەوە دیپلۆماتیکییەکان، ئەویش بریتی‌بوو لە لاوازیی نیزامیی رووسیا کە پێشی بە رکەبەرایەتیی ئەم وڵاتە لەگەڵ بریتانیادا ـ چ لە رۆژهەڵاتی دوور و چ لە رۆژهەڵاتی نزیك دا ـ دەگرت.

رووسیاش زۆری پێ‌خۆش بوو هاوپەیمانی لە ئەورووپادا هەبێ تا لەپەنا پێوەندییەکی دۆستانەدا بتوانێ شکستەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی دوور، لە ناوچەی دەریای سپیی نێوەڕاست یان لە ئاسیادا قەرەبوو بکاتەوە. حەزو ئارەزووی دوولایەنەی رووسیا و بریتانیا پێویستیی بە نێوبژیوانیی فەرەنسا هەبوو. ئەم وڵاتەش لە درێژەی سیستەمی دیلکاسێ‌دا بەدوای پێکهێنانی یەکیەتی‌یەکی نوێ بوو



کە بتوانێ لە بەرامبەر یەکیەتیی سێقۆڵیدا رابوەستێ. بۆیە فەرەنسا لەرێی وەزارەتی دەرەوەی خۆیەوە پێشنیاری بە بریتانیا و رووسیا کرد نێوانیان خۆش بکەن و ئەم پێشنیارە لەگەڵ پێشوازی بەرەوەڕوو بوو. وتووێژی دوورودرێژ و تێروتەسەلی ئەم دوو وڵاتە لە مانگی مای ١٩٠٦ەوە دەستی پێ‌کرد و سەرەڕای دژایەتیی توند کە لە هەردوو وڵاتدا هەبوو (هەڵوەشانەوەی دوما لەلایەن تەزارەوە لە جوولای ١٩٠٦دا، لە بەریتانیا شەپۆلێك لە بەدگومانیی لەبەرامبەر رووسیادا پێك هێنا. لە رووسیا ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش و ئیزۆلسکی وەزیری دەرەوە لەدژکردەوەی ئەڵمانیا سەبارەت بە باشبوونی پێوەندی‌یەکانی بریتانیا و رووسیا دەترسان) لە مانگی ئووتی ١٩٠٧دا بە ئاکام گەیشت. کۆنڤانسیۆنی ٣١ی ئاگۆستی ١٩٠٧ کۆتایی بە رکەبەرایەتییە کۆلۆنیالیستی‌یەکانی ئەم دوو وڵاتە هێنا. وەك لەو سەردەمەدا باو بوو، ئەم دوو وڵاتە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان لە ئاسیادا دیاری کرد. ئەمەیان کردە بەردی بناخەی هاوکارییە سیاسی و نیزامییەکانیان لە ئەورووپادا (وەك پێکهاتنی فەرەنسا و بریتانیا یان فەرەنسا و ئیتالیا و... لە ئەفریقادا). ئەمانە کێشەکانیان لەسەر ئێران، ئەفغانستان و تەبەت بوو کە بەپێی ئەو کۆنڤانسیۆنە بڕیار درا ئێران بە سێ‌ناوچەی ژێر نفووز (رووسیا لە باکوور، ئینگلیزەکان لە باشووری رۆژهەڵات و ناوچەی بێ‌لایەنی ناوەند) دابەش بێ و ئەفغانستان وەك ناوچەی ژێر نفووزی بریتانیا (بەبێ سەرپەرشتی فەرمی) لەلایەن رووسیاوە بەفەرمی بناسرێ و لەبارەی پاراستنی هەلومەرجی مەوجوود لە رۆژهەڵاتی دووردا پێك بێن. ئەم هەوڵانە زۆر لە رێککەوتنی ١٩٠٤ی فەرەنسا و بریتانیا دەچوون. چونکە هیچ رێککەوتنێکی سیاسیی دەستەبەر نەدەکرد و باسێك لە رێککەوتنی نیزامیشیی تێدا نەبوو بەڵام لە کردەوەدا شوێنەواری سیاسیی گەورەی هەبوو. چونکە ئەم رێککەوتنە بەرەیەکی نوێی لە ئەورووپادا پێك هێنا کە بە هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی بەناوبانگە. بێگومان ئەم هاوپەیمانەتییە هێشتا بەرادەی پێویست رێکوپێك نەببوو. بەڵام وردە وردە لەکاتی قەیرانە سیاسییەکانی ئەم سەردەمەدا سەقامگرتووتر بوو. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە یەکیەتیی سێقۆڵی بەهۆی رێککەوتنی ١٩٠٢ی فەرەنسا و ئیتالیا کەلێنی تێ‌کەوتبوو و بەهۆی پشتیوانیی ئیتالیا لە فەرەنسا لە قەیرانی مەغریبدا دیسان لاوازتر بوو. هەوڵی فەرەنسا، بریتانیا و رووس لەبەرچاوی ئەڵمانیادا وەکو خۆسازدانی هێزە لاوەکییەکان لە بەرامبەر هێزە سەرەکییەکاندا وابوو. ئامانجی ئەڵمانیا لەمەوبەدوا تێکشکاندنی ئەم قەڵایە بوو.

وەك ئاکام وەرگرتنێکی گشتی دەکرێ بڵێین کە "سیاسەتی جیهانی"ی ئەڵمانیا لە کۆتاییدا ئاکامێکی پێچەوانەی بوو. چونکە نەك هەر بوو بەهۆی پتەوبوونی پێوەندیی فەرەنسا و بریتانیا،

بەڵکو بوو بەهۆی نزیکایەتیی بریتانیا و رووسیاش. هۆی ئەم هەنگاوەی بریتانیاش شتێك نەبوو جگە لە ترس لە سیاسەتی هێرشکەرانەی ئەڵمانیا و هەوڵی ئەم وڵاتە لەپێناوی تەریك خستنەوەی بریتانیادا. سەرەڕای نەزۆك بوونی چاوپێکەوتنی بژورکو و گەلاڵەی سەرەتایی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و تەزار لەسەر پەیمانی ئەڵمانیا و رووسیا و هاتنی فەرەنسا بۆنێو ئەو پەیمانە، سەرنجی بریتانیای بۆ ئەم خاڵە راکێشا کە ئەڵمانیا ئەگەر لەدەستی بێ ئیئتیلافێك لە هێزە وشکانییەکان لەدژی بریتانیا پێك دێنێ. سەرەنجام ئەوە بریتانیا بوو کە هەم لەگەڵ فەرەنسا و هەم لەگەڵ رووسیا یەکی گرت و ئەڵمانیای خستە تەنگەبەرایی‌یەکی سیاسی و نیزامییەوە.

## ٤ـ لە هاوپەیمانەتیی سێقۆڵییەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی

لەساڵی ١٩٠٧دا ئەورووپا دابەش بوو بۆ دوو بەرەی دژ بەیەك و لەنێوخۆی هەر بەرەیەکدا رکەبەرایەتییەکانی پێشوو لەبیر کران و لە لەجێی وان رکەبەرایەتییەکانی هەر کام لەو دوو بەرەیە لەگەڵ ئەوی دیکەی قووڵتر بۆوە. ئاگری رکەبەرایەتی لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا لەسەر ئالزاس و لورێن، لەنێوان ئەڵمانیا و بریتانیا لەسەر باڵادەستیی دەریاکان و لەنێوان نەمسا و رووسیادا لەسەر باڵکان دیسان بڵێسەی سەند. ئەم قۆناغە دەبێ ناوی بنێین قۆناغی قەیرانەکان، چونکە ئاشتیی ئەورووپا هەمیشە لەژێر مەترسیی قەیرانێکی نوێدابوو.

قەیرانی باڵکان ١٩٠٨- ١٩٠٩، قەیرانی دووەمی مەغریب لە ١٩١١دا، شەڕەکانی باڵکان ١٩١٢- ١٣ و سەرەنجام شەڕی نەمسا و سێربیا لە جوولای ١٩١٤دا بوون بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانی.

لەماوەی ئەم قۆناغە ٧ ساڵی‌یەدا ئەو ئالۆگۆڕانەی لە ساڵی ١٨٧٠دا دەستیان پێکرابوو گەیشتنە ئەوپەڕی خۆیان. تا رادەیەك جیهان لەنێوان دەسەڵاتە بەهێزەکاندا دابەش ببوو. هێزە نوێیە غەیرە ئەورووپایی‌یەکان واتە ئەمریکا و ژاپۆن هاتبوونە ریزی وڵاتانی ئەورووپایی و مەیدانی جموجۆڵی ئەمانەیان لە ئاسیا و ئەمریکای لاتیندا سنووردار کرد. لە قاڕەی ئەفریقادا وڵاتێکی بێخاوەن نەمایەوە. ئیمپراتۆرە کۆنەکانی عوسمانی‌و چین بوون بەناوچەی ژێر نفووزی دەسەڵاتە گەورەکان و رکەبەرایەتییە ئابوورییەکان پەرەیان گرت. لەئاکامدا هەرچەشنە ئالۆگۆڕێك لەو بارودۆخە مەوجوودەدا بەبێ‌کێشە لەگەڵ قازانجەکانی یەکێك لەو هێزانە ئیمکانی نەبوو.

لەسەریەك دیپلۆماسیی ئەورووپا لەم حەوت ساڵەدا لە دەوری تەوەرەی سیاسەتی ئەڵمانیا بۆ شکاندنی قەڵای هاوپەیمانەتیی سێقۆڵیدا دەسووڕایەوە. بەڵام هەرچەشنە هەوڵێکی ئەڵمانیا،



بە پێچەوانە دەبووە هۆی پتەوبوونی هاوپەیمانەتیی هاوپەیمانان. چونکە ململانێی ئەڵمانیا جگە لە ترس و نیگەرانی لە لایەنی دژ، ئاکامێکی دیکەی نەبوو.

### أ ـ قەیرانی بۆسنیا ١٩٠٨-١٩٠٩

قەیرانەکە لەوەوە دەستی پێکرد کە نەمساـ هەنگاریا هەمیشە نیگەرانی هەستی سەربەخۆیی‌خوازی و یەکیەتی‌خوازیی سلاڤەکانی باشوور بوو و بەرەو ئەوە دەچوو سێربیا کە لە کۆنگرەی بەرلین ١٨٧٨دا سەربەخۆیی وەرگرتبوو ببێتە نموونە بۆ سلاڤەکانی باشوور و هانیان بدا لەگەڵ سێربیا یەك بگرن و لەئاکامدا بەڕێوەبردنی بۆسنیاوهێرزەگۆڤین کە بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرلین درابووە دەست نەمسا بە حەشیمەتێکی ١/٥میلیۆنیی سێربەوە (لە دوو میلیۆن حەشیمەتی ئەم ویلایەتە) لەدەست ئەم وڵاتە بێتە دەر. ساڵی ١٩٠٦ جوولەکەیەك بە ناوی کۆنت داهێرێنت هال، بوو بە وەزیری دەرەوەی نەمسا و بڕیاریدا مەکۆی سەرکێشی واتە سێربیا کە بانگەشەی بۆ یەکیەتیی سلاڤەکان دەکرد تێك بشکێنێ. سەرەتا هەوڵی‌دا ئیمکانی یەکگرتنی سلاڤەکان لەنێو بەرێ. پاش ئەوەی فشارە ئابوورییەکان لەسەر بێلگیراد (پایتەختی سێربیا) سوودێکی نەبوو، ساڵی ١٩٠٧ ئیزنی کێشانی رێگەی ئاسنی بۆ سالونیك لەڕێگەی سان ژاکەوە لە عوسمانی وەرگرت. ئەگەر ئەمە کرابا، سێربیا و مونتەنیگرۆ بۆ هەمیشە لێك جیادەبوونەوە. پاش ئەوە ئەستاندنی خاکی بۆسنیا ـ هێرزەگۆڤینی وەك ئامرازێك بۆ پێشگیری لەپەرەگرتنی پان سێربیزم لەو ناوچەیەدا بەکار هێنا و وەکو هەوڵێکی سەرەتایی بۆ هەنگاوی توندتر لەدژی سێربیادا خستی‌یە نێو بەرنامەی خۆیەوە.

نەمسا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە دەبوایە بەرلەوەی دەرفەتەکەی لەکیس بچێ هەنگاوی نابا. چونکە رووسیا وردە وردە خۆی لە گێروگرفتەکانی شەڕی ١٩٠٥ و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ئەم ساڵە دەرباز دەکرد و لەوانە بوو کەندوکۆسپ بخاتە سەر رێگەی نەمسا. بەڵام ئەوەی نەمسای وە پەلە خست، بزووتنەوەی تورکە لاوەکان بوو لە ١٩٠٨دا. کۆمیتەی یەکیەتی و پێشکەوتن بە رێبەرایەتیی ئەنوەر پاشا دەیەویست وڵاتی عوسمانی بکاتە دەوڵەتێکی مۆدێرن و رەنگ‌وبۆیەکی دیموکراسی بداتە رژێمی سەرەڕۆ. ئەمە بوو بەهۆی دژکردەوەی ژمارەیك لە یەکە سەربازییەکان لە ساڵۆنیکدا و سەرەنجام بوو بەهۆی ئەوەی محەممەدی پێنجەم کە پیاوێکی دەستەوەستان بوو لەجێی عەبدولحەمید ببێتە سوڵتان و رژێمی مەشرووتەی پەرلەمانی دابمەزرێنێ کە بەپێی ئوسووڵ خەڵکی بۆسنیاش دەیانتوانی نوێنەری بۆ بنێرن، چونکە دەوڵەتی نوێ دەیەویست لەگەڵیان پێك بێ و پێش بەهەرچەشنە

دەستێوەردانێکی دەرەوە لەو ناوچەیەدا بگرێ بەمەرجێك کە وڵاتەکەیان لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی‌دا بمێنێتەوە. هەربۆیە نەمسا دەبوا بەر لە بەرنامەی عوسمانی گەڵاڵەی خۆی بەرێوە بردبا. بەڵام بەر لە هەر کارێك دەبوا لە پشتیوانی و رەزامەندیی هاوپەیمانەکانی و تەنانەت رەزامەندیی رووسیاش دڵنیا بوایە.

ئەڵمانیا بەو بڕیارەی نەمسا رازی بوو و ئیتالیا دەیەویست لە بەرامبەر هێندێك ئیمتیاز لە باڵکان‌دا لەگەڵ بڕیاری نەمسا تەبا بێ. پرێنس فێردیناند شازادەی بولگاریا لە بەرامبەر وەرگرتنی پلەی پاشایەتی‌دا رەزامەندیی خۆی لەگەڵ ئەم بڕیارە راگەیاند. تەنیا هەڵوێستی رووسیا ناڕوون بوو. هەرچەند بۆچوونی سوپا ئەوە بوو کە رووسیا توانای شەڕ لەگەڵ نەمسای نییە، وەزیری دەرەوەی نەمسا پێی خۆش بوو خۆ لە هەرچەشنە مەترسییەك دوور رابگرێ. لە چاوپێکەوتنی وەزیرانی دەرەوەی ئەم دوو وڵاتەدا بڕیاردرا رووسیا لە بەرامبەر وەرگرتنی هێندێك ئیمتیازی زیاتر لەبارەی هاتوچۆ بە دەرووی بۆسفێر و داردانیل (هاتوچۆی ئازادانەی کەشتییە شەڕکەرەکانی رووس)دا بەم بڕیارەی نەمسا رازی دەبێ. نەمسا ئەم داخوازەی سەرزارەکی قەبووڵ کرد و رووسیاش بێ‌ئەوەی بەڵگەیەکی رەسمی لە نەمسا وەربگرێ بەوەندە بەڵێنە رازی بوو. بۆیە لە ئوکتۆبەری ١٩٠٨دا دەوڵەتی نەمسا لکاندنی بۆسنیاوهێرزەگۆڤینی بەخاکی خۆییەوە راگەیاند. هاوکات لەگەڵ ئەمەش بولگاریاش سەربەخۆیی راگەیاند و فێردیناند خۆی وەك پاشای بولگاریا ناساند.

قەیرانەکە لێرەوە دەستی پێ‌کرد کە داگیرکردنی یەك لایەنەی بۆسنیاوهێرزەگۆڤین بە پێچەوانەی کۆنگرەی بەرلین بوو. سێربیا ناڕەزایەتیی خۆی لەم کارە راگەیاند و رووی کردە رووسیا کە لە سەرەتادا بۆ ئەم کارە هانی دەدا. رووسیا زوو بۆی دەرکەوت کە نە نەمسا و نە ئەڵمانیا و تەنانەت نە بریتانیا بە هاتوچۆی ئازادانەی کەشتییە شەڕکەرەکانی رووسیا بە دەرووەکاندا رازی نین.

دوژمنایەتیی نێوان رووسیا و نەمسا زۆری نەمابوو ببێتە شەڕ. بەڵام وڵاتانی هاوپەیمانی رووسیا واتە فەرەنساو بریتانیا لە دەوڵەتەکەیان گەیاند ئامادە نین لە شەڕێکدا بەشدار بن کە رووسیا بۆ قازانجە لاوەکییەکانی خۆی دەستی پێ‌کردووە. نەمسا کەڵکی لەو هەلومەرجە وەرگرت و پاش وتووێژێکی زۆر لە ٢٦ی فێبریوەری ١٩٠٩دا لکاندنی بۆسنیاوهێرزەگۆڤینی بەخاکی خۆیەوە بە عوسمانی سەلماند و هەڕەشەی لە دەوڵەتی بچووکی سێربیا کرد کە دەست لە سیاسەتی دوژمنانەی خۆی بەرامبەر بە نەمسا هەڵبگرێ و کۆتایی بە بانگەشەی پان



سێربیزم بێنێ. سێربیا سەرەتا داوای یارمەتیی لە رووسیا کرد. بەڵام ئەڵمانیا هاتە مەیدان و لەرێگەی باڵیۆزی خۆیەوە داوای لە ئیزولیسکی کرد کە بەرەسمی و بێ‌ئەملاوئەولا رەزامەندیی خۆی لەو بارودۆخە نوێیە دەرببڕێ و هەرچەشنە وەڵامێکی ناروون، بە رەتکردنەوەی ئەم داوایە حیساب دەکرێ. رووسیا لە بەرامبەر ئەو ئۆلتیماتۆمەدا تووشی دوودڵی بوو و کەوتە بەرامبەر ئەم پرسیارە کە: ئایا توانای نیزامیی دەستپێکردنی شەڕێکی هەیە یان نا؟ ئایا دۆستەکانی لەسەر قەولی خۆیان سوورن؟ بەهۆی ئەو لاوازییەی لە شۆڕشەوە سەرچاوەی گرتبوو، حکوومەتی ناوەندی تووشی لاوازیی زیاتر نابێ؟ ئەو وەڵامانەی ئەنجوومەنی وەزیران بەو پرسیارانەیان دایەوە، تەزاری هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە جگە لە تەسلیم بوون رێگەچارەیەکی دیکەی نییە. لە ٣١ی مارسی ١٩٠٩دا سێربیاش کە لە رووسیا ناهومێد ببوو، داوای دەوڵەتی ناوەندیی قەبووڵ کرد.

ئاکامی قەیرانەکە: ئەم قەیرانە بەر لە هەموو شتێك لاوازبوونی ئاشتیی ئەورووپای سەلماند. رووسیا لەم قەیرانەدا زیاتر لەهەرلایەك سووکایەتیی پێ‌کرا و هاتە سەر ئەو باوەڕە لە یەکەم دەرفەت‌دا قەرەبووی بکاتەوە. یەکەم هەنگاوی رووسیا کەڵك وەرگرتن بوو لە هەلومەرجی بولگاریا کە هاوپەیمانەکانی بەهایەکی ئەوتۆیان پێ‌نەدەدا و رووسیا توانی بەدانی قەرزێك بەو وڵاتە بۆلای بەرەی خۆی رابکێشێ. دووەمین ئاکامی قەیران بە پێچەوانەی چاوەروانییەکان، لاوازبوونی یەکیەتیی سێقۆڵی بوو. چونکە هەرچەند ئەڵمانیا و نەمسا لەم کێشەیەدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئیتالیا کە ئارەزووەکانی وەدی نەهاتبوون رووی کردە رووسیا. لە ٢٤ی ئوکتوبەری ١٩٠٩دا ڤیکتۆر ئیمانوئیلی سێیەم و نیکۆلای دووەم چاویان پێك کەوت و ئیتالیا بەدانی بەڵێنی یارمەتی بە رووسیا لەبارەی دەرووەکاندا رەزامەندیی ئەم وڵاتەی لەبارەی ئازادیی کردەوەی ئیتالیا لە لیبیادا وەدەست هێنا. نەمسا کە نیگەرانی ئەو پێشهاتە بوو، رازی بوو رێککەوتنێك ئیمزا بکا. بەپێی ئەم رێککەوتنە هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێك نەمسا لە باڵکاندا پێکی بێنێ، شتێکی بۆ ئیتالیاش تێدا دەبێ. لەبارەی هاوپەیمانەتیی سێقۆڵییش دا، مەسەلەکە بەو جۆرە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا. چونکە وا چاوەڕوان دەکرا رووسیا کە لەم قەیرانەدا لەلایەن فەرەنساوە پشتیوانیی لێ‌نەکرابوو لەم وڵاتە دووربکەوێتەوە. بەڵام بە پێچەوانە، بەمەبەستی پێشگیری لە شکستێکی دیکە بڕیاریدا پێوەندییەکانی لەگەڵ پاریس بەهێز بکا.

**ب ـ قەیرانی دووەمی مەغریب**

پاش قۆناغێکی کورتی ئارامی، هاوینی ١٩١١ له پڕ بارودۆخی نێونەتەوەیی بەدوای کردەوەیەکی نوێی ئەڵمانیادا تووشی ئاڵۆزی بوو. ئەم وڵاته که بەدوای وەدەستهێنانی ئیعتیبار و داگیرکردنی خاك له ئەفریقادا دەگەڕا، بەرواڵەت بۆ ئەستاندی هێندێك ماف له پاشایەتیی مەغریبدا، تەنانەت به بەهای مەترسیی شەڕێکی ئەورووپاییش هیچ چەشنه دوودڵییەکی نەبوو.

سەرچاوەی قەیرانەکە: ئەگەر لەبیرمان بێ قەیرانی یەکەمی مەغریب به کۆنفرانسی ئەلجەزیراس که ئاکامەکەی قەبووڵکرانی باڵادەستیی فەڕەنسا بوو، چارەسەر کرا. بەڵام ئەمه پێش‌بینی نەکرابوو ئەگەر قەیران لەم وڵاتەدا هاته پێش، فەڕەنسا مافی دەستێوەردانی هەیه یان نا؟ هەروەها لەبیرمانه که سوڵتان عەبدولعەزیز توانای دەسەڵاتی نەبوو و بەکردەوەی بێجێ پەرەی به ناڕەزایەتی‌یەکان دەدا. جگه لەوەش ناوبراو بەوە تۆمەتبار بوو که یارمەتییەکی زۆری بۆ سەقامگیریی فەڕەنسا له مەغریب دا داوە. جێگرەکەی، مەلا حافزیش سیاسەتی پێش خۆی گرتەبەر. جگه لەوەش بەهۆی رەفتاری دزێو زەمینەی بۆ بێ‌سەرەوبەرەیی خۆش کرد و بیانووی دایه دەست فەڕەنسا تا دەست له کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاته وەربدا. فەڕەنسا جگەلەوەی تاوانبارانی لەخاکی ئەم وڵاته راو دەنا دەستی کرد به دەخالەتی نیزامیش لەخاکی ئەم وڵاتەدا. کوژرانی پزیشکێکی فەڕەنسی و کوشتاری به کۆمەڵی کرێکارانی ئەورووپایی لەساڵی ١٩٠٨دا بیانووی دایه دەست فەڕەنسا تا هێزە نیزامییەکانی خۆی بنێرێته مەغریبو شۆڕشگێرەکان راوبنێ. دنەدانی ئەڵمانیا له مەغریبدا لەدژی فەڕەنسا له ئاستێك دانەبوو جێگەی فەڕەنسا لێژ بکا، بەڵکو مەبەستی وی زیاتر ئەوە بوو که ئیمتیازی زیاتر له باڵکاندا وەربگرێ یان له کاروباری ئابووریی مەغریبدا بەشدار بێ. لەبارەی ئەمەی دواییدا سروشتی بوو ئەڵمانیا بتوانێ به پێشکەوتنی ئابووریی خۆی له بازاڕی ئابووریی مەغریب پاشەکشه به فەڕەنسا بکا. بەڵام فەڕەنسا ملی بۆ پێشنیارەکانی ئەڵمانیا رانەدەکێشا. هەربۆیه ساڵی ١٩١٠ ئەڵمانیا بڕیاریدا به بەڵگه هێنانەوە له بڕیارەکانی کۆنفرانسی ئەلجەزیراس (١٩٠٦) و پێش‌بینی نەکرانی دەستێوەردانی فەڕەنسا له کاروباری نێوخۆی مەغریبدا، ئازادیی کردەوەی زیاتری لەم وڵاتەدا وەدەست بێنێ. لەمانگی مای ١٩١١دا بیانوویەکی لەبار کەوته دەستی ئەڵمانیا که بریتی‌بوو له دەستێوەردانی فەڕەنسا له کاروباری مەغریبدا. راپەرینێك لەدژی سوڵتانی نوێ، مەلاحافز روویدا و گیانی ئەورووپایی‌یەکانی تێدا کەوته مەترسییەوە. ئەڵمانیا ئەو



دەستێوەردانانەی به پێشێلکردنی هەلومەرجی مەوجود ناو برد و ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی. ئەڵمانیا بڕیاریدا بەمەبەستی وەدەستهێنانی هێندێك ئیمتیاز له بەرامبەر ئەمەدا، فەڕەنسا بخاته ژێر فشارەوە.

**ت ـ گەڵاڵەی ئەڵمانیا بۆ بەکارهێنانی فشار بۆ سەر فەڕەنسا (قەیرانی ئەقادیر)**

لەرۆژی یەکی جوولای ١٩١١دا کەشتییەکی شەڕیی ئەڵمانیا له پەنا بەندەرێکی باشووری مەغریب بەناوی ئەقادیر لەنگەری گرت و دستەیەکی نیزامیی لەخاکی مەغریبدا پیادە کرد. ئەم کارە که زیاتر لایەنی هەڕەشەی هەبوو کاتێك روویدا که وتووێژە پەیوەندیدارەکان به چۆنیەتیی وەرگرتنی ئیمتیاز لەلایەن ئەڵمانیاوە له بەرامبەر ئازادیی کردەوەی فەڕەنسا له مەغریبدا له گۆڕێدا بوو. فەڕەنسا لەنێوان دژکردەوەیەکی توندوتیژ و کردەوەیەکی ئاشتیخوازانەدا له دوودڵی دابوو. داخوازی ئەڵمانیا داخوازێکی لەرادەبەدەر بوو، چونکه وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا له وەڵامی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسادا که پرسیبووی ئەڵمانیا داوای چ بەشێك له ئەفریقادا دەکا، گوتبووی له بەرامبەر مەغریب بۆ فەڕەنسادا ئەڵمانیا داوای تەواوی کۆنگۆی فەڕەنسا دەکا. ئەڵمانیا بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆی، لەسەر زیادکردنی فشاری نیزامیی خۆی سوور بوو. لەو نێوەدا سەرەتا بریتانیا فەڕەنسای بۆ درێژەدان به وتووێژەکان هاندا و چونکه داوای ئەڵمانیای به داوایەکی لەڕادەبەدەر دەزانی، پشتیوانیی نیزامیی خۆی له فەڕەنسا راگەیاند و هێزە چەکدارەکانی خسته حاڵەتی ئامادەباشی‌یەوە. ئەڵمانیا هاوکات لەگەڵ نەرم کردنەوەی داخوازەکانی لەبەرامبەر ئەم هەڕەشانەدا، هەوڵیدا کەڵك له دژایەتیی بیروبۆچوونی نێوان سیاسەتمەدارەکانی فەڕەنسا وەربگرێ، وتووێژەکان لەسەریەك و پچڕپچڕ له گۆڕێ دابوون، هەمیشه ترسی روودانی شەڕێك له گۆڕێدابوو. سەرەنجام فەڕەنسا بەپێی راپۆرتی وەزیری شەڕ لەبارەی تۆپخانەی قورسەوە که توانای بەربەرەکانیی لەگەڵ ئەڵمانیا نەبوو و نەیدەتوانی پشت به یارمەتیی ئینگلیز و رووسیا ببەستێ، به ناچار نەرمیی لەخۆی نیشاندا. ئەڵمانیاش لەترسی ئەوەی بازاڕی بورسی بەرلین بەهۆی بەکارهێنانی نفووزی فەڕەنسییەکان تووشی ئاڵۆزی بێ، ئامادەیی خۆی بۆ پێکهاتن نیشاندا. له ٤ی نۆڤەمبەری ١٩١١دا رێککەوتنێك لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا ئیمزا کرا که بەپێی ئەم رێککەوتنه ئەڵمانیا ئازادیی کردەوەی فەڕەنسای له مەغریبدا تەنانەت لەپێناوی دامەزراندنی رژێمی سەرپەست (قیمومیت) بەسەر ئەم وڵاتەدا بەڕەسمی بناسێ و لەجیاتی ئەمه بەشێك له کۆنگۆی فەڕەنسای پێ‌دەبڕا که کەوتبووە نێوان کۆنگۆی بەلجیکا و کامێرۆن.

هەروەها بڕیار درا ئەگەر بەلجیکا بیەوێ کۆنگۆی خۆی بفرۆشێ سەرەڕای ئەوەی مافی کڕین لە کۆنفرانسی بەرلیندا ١٨٨٤ درابووە فەرەنسا بەبێ ڕەزامەندیی ئەڵمانیا کارێکی ئەوتۆ نەکا.

شوێنەوارەکانی قەیرانەکە: شوێنەواری ئەم ڕووداوەش لەسەر بەرەی یەکگرتوو و هاوپەیمان وەك شوێنەواری قەیرانی باڵکان بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بوو. شێوەی توندوتیژی ئەڵمانیا بوو بەهۆی نیگەرانیی ئەورووپا و پێوەندیی هاوپەیمانانی پتەوتر کرد. دیارە دژکردەوەی ڕووسیا زۆر بە پارێزەوە بوو. هەرچەند فەرەنسا، ڕووسیای لە قەیرانی باڵکاندا بەتەنیا هێشتەوە، بەڵام ڕووسیا هەڵوێستێکی تۆڵەئەستێنانەی نەگرتەبەر. بەڵام بیرەوەریی ئەمە لەسەر ڕووسیا بێ کاریگەری نەبوو. بەڵام لەنێوان فەرەنسا و ئینگلیزدا ئەم جۆرە وردە حیسابانە نەبوون. چونکە سەرکێشییەکانی ئەڵمانیا زیاتر لە هەموو لایەك بریتانیای  ترساندبوو، ئەم وڵاتە خەریکی پتەوترکردنی هەرچی زیاتری پێوەندییەکانی خۆی بوو لەگەڵ فەرەنسادا. ئەڵمانیاش بەنۆرەی خۆی لە نزیکایەتیی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری فەرەنسا و ئینگلیز ترسی لـێ‌نیشت و هەوڵی‌دا بریتانیا لە خۆی نزیك بکاتەوە. بەڵام بریتانیا کە هەوڵی دەدا بە ئانتانت کردیال وەفادار بمێنێتەوە، هەرچەشنە پێشنیارێکی لەم بارەیەوە ڕەت کردەوە و تەنیا بۆ پەیمانی دەستدرێژی‌نەکردن ئامادەیی خۆی دەربڕی. شکستی سیاسەتی ئەڵمانیا کە خوازیاری تێکشکاندنی پەیمانی فەرەنسا و ئینگلیز بوو، بووبەهۆی ئەوە کە ئەم وڵاتە بەرنامەی پەرەپێدانی هێزی دەریایی خۆی خێراتر بەرێتە پێش. پێشبڕکێی چەك ڕۆژڵەگەڵ ڕۆژ قووڵتر دەبۆوە و بریتانیا ناچار بوو هەرچی زیاتر لە فەرەنسا نزیك بێتەوە.

### ج ـ شەڕەکانی باڵکان ١٩١٢-١٩١٣

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ‌کرد، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، دابەشکردن و داگیرکردنی وڵاتە بێ‌خاوەنەکان یان دیاریکردنی ناوچەی جیاکەرەوە (حایل) لەنێوان ناوچەکانی ژێر نفووزی دەسەڵاتە گەورەکانی ئەورووپا گەیشتە دوایین قۆناغی خۆی. بەڵام تان وپۆی  ئەو سیستەمە نێونەتەوەیی‌یەی لەکاتی ئەم دابەشکردنانەدا ڕایەڵ کرابوون، زۆر لەرزۆك و لاواز بوو. وەکو داربەستێك کە نێو دەڵەکانی بە بزماری باریك لێك درابن و ترازانی دارێك دەبووە هۆی ڕووخانی هەموو داربەستەکە، هەمیشە ترسی ئەوە هەبوو کە کردەوەیەکی نابەجێی یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تەواوی سیستەمەکە هەڵتەکێنێ و ئاگری شەڕێکی گشتی بڵێسە بگرێ. لەساڵی ١٩١٢دا ئەوە ڕووسیا بوو کە بە کردەوەی خۆی ئەم سیستەمە لەرزۆکەی ڕاچڵەکاند و تا سنووری لێك هەڵوەشانی برد.



ڕووسیا کە لەماوەی کەمتر لە یەك دەیەدا بەرگەی چەندین سەرشۆڕی کە بەهۆی شکستەکانەوە تووشی ببوو گرتبوو، دەیەویست قەرەبوویان بکاتەوە و چونکە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتی لـێ بەسترابوو، وەك جاران ڕێگەی باڵکان و دەرووەکانی گرتەبەر و چونکە بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی نەیتوانی دڵی عوسمانی  بۆلای خۆی ڕاکێشێ، هەوڵیدا لەڕێگەی پێکهاتن لەگەڵ هێزەکانی باڵکان لە وەڕێخستنی شەڕێك لەدژی عوسمانی کە بەهۆی گیروگرفتی نێوخۆیی و دەرەوە لەجاران زیاتر لەرزۆك ببوو بە ئامانجەکانی خۆی بگا.

### ـ بارودۆخی باڵکان

بارودۆخی باڵکان لەم قۆناغەدا وەك ڕابردوو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەت و بارودۆخی عوسمانییەوە هەبوو. عوسمانی لەو سەردەمەدا لەگەڵ دوو گیروگرفتی نێوخۆ و دەرەوەدا دەستەویەخە بوو.

شۆڕشی تورکانی لاو لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریدا لەگەڵ بەربەرەکانیی کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەرەوڕوو بوو و ڕژێمی نوێ هەرچەند بەرەو لیبراڵیزم دەچوو لەگەڵ شتی دژ بەیەك بەرەوڕوو بوو. ئەو سیستەمە پەرلەمانییە کە تورکە لاوەکان مەبەستیان بوو، کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکانیش دڵیان پێ‌خۆش کردبوو و بە ڕواڵەت بەپێی ئەم سیستەمە دەبوا مافی بەشداریی ئەوانیش وەبەرچاو گیرابا، لەگەڵ سیاسەتی یەکیەتیی نەتەوەیی لەسەر بناخەی فەرهەنگی تورك نەدەگونجا. کۆمیتەی یەکیەتی و پێشکەوتن هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٠٨ کە لایەنگرەکانی خۆی لە هەموو ئۆرگانەکاندا دامەزراندبوو، سیاسەتی سەرکوتی خەباتی نەتەوەکان و پەرەپێدانی فەرهەنگی تورکیی کردە سەردێڕی کارەکانی خۆی. ئەم کارە بوو بەهۆی ڕاپەڕینی نەتەوە مەسیحییەکانی باڵکان. ساڵی ١٩١٠ خەڵکی مەقدوونیە کە لەلایەن سێربەکان، بولگارییەکان و یۆنانییەکانەوە پشتیوانییان لـێ‌دەکرا، دەستیان کرد بە ڕاپەڕین. نەتەوەکانی باڵکان بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان تا ڕاپەڕینێك لەدژی سیاسەتی ڕژێمی نوێی عوسمانی وەڕێ بخەن. ئەم دەرفەتە بە دەستێوەردانی ئیتالیا لە کاروباری لیبیا لە سێپتەمبەری ١٩١١دا هەڵکەوت. ئیتالیا لەمێژ بوو چاوی بڕیبووە لیبیا و لەگەڵ فەرەنسا ڕێککەوتبوو کە کاتێك سەرپەرستیی فەرەنسا بەسەر مەغریب (٣٠ی مارسی ١٩١٢) جێی گرت، لیبیا داگیر بکا. عوسمانی کە هێشتا بەناو حاکمی لیبیا بوو بەو کارە ڕازی نەبوو. بەدوای ئەمەدا ئیتالیا شەڕی لەدژی عوسمانی ڕاگەیاند و هێزەکانی

خۆی نارده لیبیا، تریپوولی و، بن غازیی داگیر کرد و له ٥ی نۆڤەمبەری ١٩١١ دا رایگەیاند لیبیا سەر به ئیتالیایه. بەڵام کاتێك ئیتالیاییيەکان ویستیان له لێوارەکانەوه بچنه نێو قووڵایی خاکی لیبیاوه لەگەڵ بەربەرەکانیی توندی عەرەبەکان که بەهۆی ئەفسەرانی عوسمانی-یەوه جاڕداربوون بەرەورووبوون. ئیتالیاییيەکان شەڕەکەیان بەرەو دەریای ئیجه کێشا و لەگەڵ عوسمانی شەڕیان دەست پێ‌کرد.

شەڕی ئیتالیا و عوسمانی دەرفەتێکی باشی بۆ دەوڵەته بچووکەکانی بالکان پێك هێنا. تاکو یارمەتیی شۆڕشگێڕانی مەقدوونیه بدەن. ئەوان هەوڵیاندا رووسیاش لەگەڵ بەرەی خۆیان بدەن، رووسیا هەروەك گوتمان لەپێشدا هەوڵی‌دا لەگەڵ عوسمانی رێککەوێ و له بەرامبەر قەبووڵی ئازادیی هاتوچۆی کەشتییەکانی رووسیا به دەرووەکانی بۆسفێر و داردانێلدا دۆستایەتیی خۆی به عوسمانی نیشان بدا. بەڵام نه عوسمانی و نه دەسەڵاته ئەوروپاییيەکان روویەکی خۆشیان بەو پێشنیاره نیشان نەدا و رووسیا به یەکجاری خۆی خسته پاڵ وڵاتانی باڵکان و ئەوانی هاندا یەکیەتییەك له وڵاتانی باڵکان لەژێر پشتیوانیی خۆی‌دا و بەمەبەستی دەرکردنی عوسمانی له دوایین ناوچەکانی ئەورووپا که لەبەردەستی دابوون، هان بدا. یەکەم هەنگاو لەوپێناوەدا یەککگرتنی سێربیا و بولگاریا بوو که له ١٣ی مارسی ١٩١٢دا ئیمزا کرا. ئەم پەیمانه که به رواڵەت لایەنی بەرگریی هەبوو، مەرجێکی نهێنیی نیزامیشیی تێدا بوو که بەپێی ئەم مەرجه ئەگەر یەکێك لەو دوو لایه تووشی شەڕێك بوایه ئەوی دیکه یارمەتیی دەدا. هەروەها دابەشکردنی مەقدوونیەش لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا پێش‌بینی کرابوو (جگه له بەشی ڤاردار که به حەکەمییەتی تەزار ئەسپێردرابوو). ئەم یەکیەتییه لەگەڵ یەکیەتییەکی دیکه لەنێوان بولگاریا و یۆناندا که له ٢٩ی مارسی ١٩١٢ئیمزا کرابوو، تەکمیل بوو. ئەم پەیمانەش لایەنی بەرگریی هەبوو و مەبەستەکەی بەربەرەکانی له بەرامبەر هێرشی ئیحتیمالیی عوسمانی‌دا بوو. سەرەنجام مونتەنیگرۆش بەبێ ئیمزای کۆنڤانسیۆنی ئامادە کراو، ئەندامەتیی خۆی لەو یەکیەتییەدا به بولگاریا و سێربیا و یۆنان راگەیاند. هەموو گەڵاڵه و رێنوێنییەکانی ئەم یەککگرتنانه لەلایەن رووسیاوه بوون. فەڕەنسا که ئاگای له مەرجی نهێنیی یەککگرتنی سێربیا و بولگاریا نەبوو نیگەران نەبوو. بەڵام بەهۆی سەفەری ریموون پوانکاری بۆ سان پێترزبۆرگ و دیتنی مەرجەکانی ئەم رێککەوتنه، لایەنه توندوتیژەکەی که نەك هەر شەڕێك لەدژی عوسمانی‌دا پێش‌بینی دەکرا، بەڵکو مەترسیی شەڕێك لەگەڵ نەمساشی تێدا شاراوه بوو. ئەمه بۆ دەوڵەتی فەڕەنسا دەرکەوت و فەڕەنسا به



توندی لەدژی ئەم کردەوانه نارەزایەتیی خۆی دەربڕی و مەترسیی پەرەگرتنی شەڕی باڵکانی بۆ سەرانسەری ئەورووپا بەگوێی تەزار گەیاند. رووسیا بەهۆی دژکردەوەی فەڕەنساوه وڵاتانی باڵکانی بۆ مودارا بانگهێشتن کرد. بەڵام ئەم وڵاتانه که دەیانزانی رووسیا بەجێیان نایەڵێ بڕیاریاندا بەرلەوەی شەڕی ئیتالیا و عوسمانی بەهۆی بەستنی رێککەوتننامەیەك کۆتایی بێ، دەستیان به کاری خۆیان کرد. له ئوکتۆبەری ١٩١٢ دا ئۆلتیماتۆمێکیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی نارد و شەڕی باڵکان دەستی پێ‌کرد.

## ـ شەڕی یەکەم (ئۆکتۆبەری١٩١٢ تا جوونی ١٩١٣)

عوسمانی به پەله کۆتایی به شەڕی خۆی لەگەڵ ئیتالیادا هێنا. هێزەکانی خۆی له لیبیا کێشایەوه و دەستی لەو دوورگانه هەڵگرت ئیتالیا له دەریای ئیجەدا داگیری کردبوون (پەیماننامەی لۆزان) تاکو به کاروباری باڵکان رابگا. بەڵام خەڵکی باڵکانیش دەستیان به رێکخستنی ریزەکانی خۆیان کردبوو و لەگەڵ ئەوەدا هەموو لایەك خۆی بۆ شەڕێکی دووردرێژ که ئەگەری سەرکەوتنی عوسمانیی تێدابوو، ئامادە کردبوو، شەڕەکه کورت بوو، بەڵام سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانی باڵکانی بەدواوه بوو. لەماوەی چەند حەوتوودا مەقدوونیه ئازاد کرا. یۆنانییەکان بەسەر سالونیکدا زاڵ بوون و بولگارییەکان شاری ئادرنەیان گەمارۆدا و بەرەو ئیستامبوڵ کەوتنەڕێ. له سێی دیسەمبەری ١٩١٢دا عوسمانی داوای ئاگربەسی کرد. سێربیا که لەلایەن رووسیاوه پشتیوانیی لێ‌دەکرا، بۆ کەڵك وەرگرتن له سەرکەوتنی خۆی دەیەویست رێگەیەك بۆ دەریای ئادریاتیك بکاتەوه، لەگەڵ دژایەتیی نەمسا بەرەوڕوو بوو که دەیەویست ویلایەتێکی سەربەخۆ له ئەلبانی پێك بێنێ. ئەم کێشەیه بوو بەهۆی ئەوەی مەترسیی شەڕێکی ئەورووپایی هەستی پێ‌بکرێ. هەرکام له لایەنەکان لەگەڵ هاوپەیمانانی خۆیان کەوتنه پرس و راوێژەوه. ئەڵمانیا و فەڕەنسا که تا ئەوکاته له ئاست کێشەکان بێدەنگ بوون بڕیاریاندا پشتیوانی له هاوپەیمانەکانیان بکەن (فەڕەنسا له رووسیا و ئەڵمانیا له نەمسا). رووسیا و نەمسا خەریکی ئامادەکردنی هێزەکانیان بوون. لێرەشدا وەکو قەیرانی ئەقادیر بریتانیا موداخیلەی کرد و کاتێ رێگەی سێربیای به رێگەیەکی مەترسیدار و نەزانانه زانی داوای له رووسیاو سێربیا کرد که چاو له داواکانیان بپۆشن. فەڕەنسا پێشنیاری کرد کۆنفرانسێك له باڵیۆزەکانی وڵاتانی ئەورووپایی دژبەیەك له لەندەن پێك بێ و بەو کێشەیه رابگا. عوسمانیش نوێنەری خۆی بۆ ئەم کۆنفرانسه نارد، بەڵام

نەیتوانی ملێ بۆ جیابوونەوەی ئادرنە رابکێشێ. بۆیە لە فێبریوەری ١٩١٣دا شەڕ دەستی پێکردەوە. دیسان ولاتانی بالکان سەرکەوتن:

بولگاریا بەسەر ئادرنەدا زاڵ بوو و پاشای مونتەنیگرۆ و سکۆتاریی گەمارۆدا و بەمجۆرە عوسمانییان ناچار کرد ملێ بۆ وتوویژ و چارەسەر رابکێشێ. لە مای ١٩١٣دا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیماننامەی لەندەندا تەسلیمی تەواوی ناوچە عوسمانییەکانی ئەورووپا و لکاندنی دوورگەکانی ئیجەو کرێت بە یەکیەتیی بالکانەوە پێشبینی کرا.

## ـ شەڕی دووەم (٢٦ی جوون تا ١٠ی ئاگۆستی ١٩١٣).

تالان و دابەشینی پاشماوەی ناوچەکانی عوسمانی لە ئەورووپادا ئاگری رکەبەرایەتیی ولاتانی بالکانی هەلایساند. سەرەتا سێربەکان کە نەیان توانیبوو رێگەیەك بۆ ئادریاتیك بکەنەوە، قەرەبووی ئەمەیان لە مەقدوونیە دەویست. روون بوو ئەم داوایە لەگەڵ ویستی بولگاریا کە دەیگوت زۆرترین هێزی لە شەڕدا بەکارهێناوە کەوابوو بەشێکی زۆرتری بە شایانی خۆی دەزانی، نەدەگونجا. لە بەرامبەر هەڕەشەی بولگاریادا، سێربیا لەگەڵ یۆنان دەستی کرد بە وتوویژ بۆ بەستنی رێککەوتنێك. ئەم دوو ولاتە لەبارەی مەقدوونیەدا رێککەوتن و "واردار"یان کردە دوایین خاڵی سنووری بۆلگاریا و پاشان یەکیەتی‌یەکی دیفاعیی دەساڵەیان لەدژی بولگاریا ئیمزا کرد. هەروەها رۆمانیاش کە تا ئەو کاتە خۆی دوور راگرتبوو نیگەرانی پەرەگرتنی بولگاریا بوو و ئەویش هاتە مەیدان و داوای لە بولگاریا کرد سیلیستری بداتە ئەم ولاتە. بولگاریا لەم بارەیەوە دژایەتییەکی نەکرد بەلام لەبارەی مەقدوونیەدا هیچ چەشنە لێبووردنێکی نیشان نەدا، هەربۆیە دیسان ولاتان لە بەرامبەر یەکتردا ریزیان بەست.

ئاشکرابوو رووسیا و نەمسا لە بەرامبەر ئەو رووداوانەدا نەدەکرا کەم تەرخەم بن. نەمسا لە سەرکەوتنی سێربیا دەترسا و، سەبارەت بەوە کە دەوڵەتانی بالکان سەربەخۆیانە دەجوولانەوە هەستی بە نائەمنی دەکرد و تەنانەت ئەگەری دەستێوەردانی نیزامیی لەکاتی سەرکەوتنی سێربیادا رەت نەدەکردەوە. دیارە لەو حالەتەدا بەهۆی دەستتێوەردانی تۆڵەئەستێنانەی رووسیا ئەگەری شەڕێکی هەمەلایەنە زۆر بوو. بولگاریا کە دەیزانی نەمسا دوژمنایەتیی سیربیا دەکا بە پاڵپشتی و یارمەتیی ئەم ولاتە شەڕێکی لەدژی سیربیا وەڕێ خست. رووسیاش پێی خۆش نەبوو بێتە نێو ئەم شەڕەوەو بە پشتبەستن بە رێککەوتننامەی



سێرب و بولگاریا ١٩١٢، ویستی نێوبژیوانی بکا. بەلام سەرەڕای ئەو هەمووە هەولانە پاش ماوەیەکی بۆلگاریا دوژمنایەتیی خۆی لە دژی سێربیا دەست پێکردەوە.

بولگاریا هێرشی لەناکاوی خۆی دەست پێکرد تاکو دەرفەتی خۆئامادەکردن بە یۆنان، هاوپەیمانی سێربیا نەدا. بەلام لە لێکدانەوەکەیدا بە هەلە چوو، جگە لەوەی سێربەکان توانییان هێرشی بولگارییەکان بەرپەرچ بدەنەوە، یۆنانییەکانیش یارمەتییان دان. پاشان لە ١٠ی جووندا رۆمانیاش بە پشتیوانی لە سێربەکان هاتە نێو شەڕەکەوە و بولگاریا ناچار داوای کرد شەڕەکە کۆتایی بێ. نەمسا کە لەوە دوودڵ بۆ سەرکوتی سێربەکان بێتە نێو شەڕ یان نا، لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خەریکی پرسوڕا بوو. ئەڵمانیا ئەم بڕیارەی پەسەند نەکرد و ئیتالیاش بە ئاشکرا رایگەیاند کە هێرش بۆسەر سێربیا کارێکی دەستدرێژیکەرانەیە و بە پشتبەستن بە رێککەوتننامەی یەکیەتیی سێقۆڵی کە لایەنی دیفاعیی هەبوو (نەك هێرشکەرانە) خۆی لە بێلایەنی‌دا بە بەرعۆدە دەزانی.

بۆیە نەمسا کە دەبوا تەنیا حیساب لەسەر هێزەکانی خۆی بکا پشتی لە بولگاریا کرد و چونکە ئەم ولاتە زانی بەتەنیایە، ناچار بوو ملێ بۆ مەرجەکانی ئاشتی رابکێشێ. پەیماننامەی ئاشتیی بوخاریست لە ١٠ی ئاگوستی ١٩١٣دا ئیمزا کرا. بەپێی ئەم پەیماننامەیە بولگاریا لەهەموو ئەو شوێنانەی گرتبوونی (١٩١٢ تا ئەم کاتە) تەنیا بە تراس و دۆڵی سترۆمیتزا قەناعەتی کرد. سێربیا موبێستار و دۆڵی واردار و بەشێك لە سان ژاك و نوی بازار (ئەم ناوچەیەی لەگەڵ مونتەنیگرۆ دابەش دەکرد)ی دەست کەوت. یۆنان باشووری مەقدوونیە واتە سالونیك و تراسی رۆژئاوای دەست کەوت. رۆمانیا دیبروجەی باشووری خستە سەر خاکی خۆیەوە. عوسمانی بەئیمزاکردنی رێککەوتننامەیەکی ئاشتیی بەجیا لە ٢٩ سێپتەمبەری ١٩١٣دا دیسان دەسەلاتی خۆی بەسەر "ئادرنە"دا بەرقەرار کردەوە. سەرەنجام ئالبانیای سەربەخۆ لە لێواری دەریای ئادریاتێکدا لە دایك بوو و پێی نایە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەیی‌یەوە.

## ـ ئاکامەکانی ئاشتیی بوخاریست

دەکرێ بارودۆخی سیاسیی پاش ئاشتیی بوخاریست بەم شێوەیە وەسف بکەین: دەسەلاتە ناوەندییەکان (یەکیەتیی سێقۆڵی) لە بالکاندا زۆر لاواز ببوون. سێربیا بە میلیۆنێك و ٢٠٠هەزار کەسەوە وەك ولاتێکی گەورەی لێ‌هاتبوو. رۆمانیا و یۆنان

پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکتر دامەزراندبوو و بولگاریا بێوەفایی نەمسای لەبیر نەکردبوو. وڵاتی تازە دامەزراوی ئەلبانیا مەترسیی کەوتنە ژێر سەرپەرشتیی نەمسای لەسەر بوو. ئەمە دەیتوانی ببێتە هۆی رکەبەرایەتیی ئیتالیا. ئیتالیایی‌یەکان لەم حاڵەتەدا دەیانتوانی تایفە موسوڵمانەکان بۆ راپەڕین لەدژی شازادەی ئەڵمانیای کە بە سەرۆکی ئەم وڵاتە دیاریکرابوو هان بدەن.

سەرەنجام ئەڵمانیا کە لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەدا نفووزێکی لە ئیمپڕاتۆری عوسمانی-دا پەیدا کردبوو و سوپای ئەم وڵاتەی رێك خستبوو بە شکستی عوسمانی ئیعتباری خۆی لەلای سوڵتان لەدەست دا. پشت تێکردنی رۆمانیا لەم وڵاتەش لەسەر بارودۆخی دەروونیی رێبەرانی ئەڵمانیا بێ کاریگەری نەبوو. وادەهاتە بەرچاو رێبەرانی ئەڵمانیا سەبارەت بەوەی کە لەسەرکوتی وڵاتانی باڵکاندا ببوونە کۆسپی سەر رێگەی نەمسا بەداخ بوون و بە هۆی ئەو پارێزەی لە هاوینی ١٩١٣دا کردبوویان، خۆیان سەرکۆنە دەکرد. ئێستا ئەوان وێڕای رێبەرانی نەمسا نیگەرانی داهاتوو بوون. سێربیا خەریك بوو دەبوو بە پیەموونی باڵکان. نەمسا و ئیتالیا لەسەر ئەلبانیا رکەبەرایەتیی یەکتریان دەکرد. ئەو مەخزەنە باڕووتەی بەجۆرە پێکهاتبوو بارودۆخێکی لە ئەورووپادا پێك هێنابوو هاکا تەقیییەوە، ئەمەش پێویستیی بە پریسکێك بوو تا شەڕێکی هەمەلایەنە داگیرسێنێ.

**د ـ ئامادەکارییەکان بۆ شەڕی یەکەمی جیهانی**

ئەورووپا کە ساڵی ١٩٠٧ بەسەر دوو بەرەدا دابەش ببوو لەساڵی ١٩١١دا حاڵەتی ئاشتیی چەکدار (صلح مسلح)ی بە خۆیەوە گرت. لەم کاتەوە هەر ساتێك مەترسیی شەڕێکی جیهانی لە گۆڕێ دا بوو. هەرچەند بیروڕای گشتی خوازیاری ئاشتی و ئارامی بوو، بەڵام کۆڕوکۆمەڵە نیزامییەکان وایان دەنواند کە هەرچۆنێك بێ شەڕ دەست پێدەکا. باشتر وایە کە کونترۆل بەدەست خۆمانەوە بێ و دەرفەتێکی لەبار بۆ هێرش دیاری بکرێ. هەرچەند سیاسەتمەداران بڕوایەکی زۆریان بەو تێزە نەبوو. بەڵام بۆ قایم کارییش بێ ریزەکانی یەکیەتیی خۆیان پتەوتر دەکرد و لەباری کەرەستەی نیزامییەوە زیاتر خۆیان تەیار دەکرد.

## ١) پتەوکردنی یەکیەتییەکان

فەڕەنسا، بریتانیا، ئەڵمانیا و ئیتالیا لە کێشەی باڵکاندا قازانجە گرنگەکانی خۆیانیان لە مەترسیدا نەدەدی. بەڵام گەمەی یەکگرتنەکان لەوانەبوو ئەوان بەرەو شەڕی باڵکان پەلکێش



بکا. بۆیە لە ١٩١٢ەوە یەکیەتییەکانیان بەهێز کرد. لەبەرەی هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی‌دا رووسیا و فەڕەنسا هاوئاهەنگیی نیزامیی خۆیان زیاتر کرد. لە جوولای ١٩١٢دا کونڤاسیۆنی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەشی ئەو دوو وڵاتە شێوەی هاوکاری، خۆتەیارکردنی بەپەلە و یارمەتیگەیاندن لە سوپایاندا دیاری کرد. تەنانەت فەڕەنسا بەدانی قەرزێك بە رووسیا رازی بوو بەوەی کە مەبەست لەو قەرزە تەواوکردنی رێگەی ئاسنی رووسیا بەمەبەستی ناردنی هێز بۆ جەبهەی ئەورووپا بێ. لەلایەکی دیکەوە لەنێوان فەڕەنسا و بریتانیادا وتووێژەکان دەستیان پێکرایەوە و لە نۆڤەمبەری ١٩١٢دا ئیمزای کۆنڤانسیۆنێکی لێکەوتەوە کە بەپێی ئەو کۆنڤانسیۆنە فەڕەنسا دەبوا پارێزگاری و چاوەدێری بەسەر دەریای سپیی نێوەڕاستدا بکا. لەبەرامبەر ئەم خزمەتەدا فەڕەنسا هەوڵی‌دا بریتانیا هان بدا بۆئەوەی بەڵێنەکانی ئەم دوو وڵاتە لەبارەی سیاسەتە گشتییەکاندا قەبووڵ بکا. سەرنەکەوتنی فەڕەنسا بوو بەهۆی ئەوەی هاوپەیمانەتیی سێقۆڵی نەبێتە یەکیەتییەك.

لەبەرامبەردا یەکیەتیی سێقۆڵیش خەریکی پتەوکردنی ریزەکانی خۆی بوو. هەروەك دیتمان گیوومی دووەم سەبارەت بەوەی کە لەکێشەی باڵکاندا بۆ پشتیوانی لە نەمسا دوودڵ ببوو، بە داخ بوو و ئێستا سوور بوو لەسەر ئەوەی بەدڵ ئاوەڵایی‌یەوە پشتیوانی لە سیاسەتی نەمسا لە باڵکاندا بکا تاکو ئەم وڵاتە بتوانێ رێگەچارەیەکی یەکجاری بۆ کێشەی سێربیا بدۆزێتەوە. پێوەندییەکانی ئیتالیاو نەمسا بە پێچەوانەوە بەرادەی پێوەندییەکانی ئەڵمانیا و نەمسا نەبوو. ئەم دوو وڵاتە رقی کۆنیان لەسەر ویلایەتەکانی ئیرەردانت و رکەبەرایەتیی کۆنیان لە باڵکاندا هەبوو. ئیتالیا لەو بارەیەوە زۆر لەسەر هەست بوو کە حیساباتی دیپلۆماسیدا حیسابێکی کەمتر لە نەمسای بۆ نەکەن. بە پێچەوانەوە، نەمسا لەبەرامبەر ئیتالیادا رەفتارێکی خۆبەزل-زانانەی هەبوو و بەچاوی هاوپەیمانێکی دەسکورت سەیری دەکرد. بەڵام پێوەندییەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا گەرموگوڕ بوو. بۆیە ئەڵمانیا توانیبووی لەساڵی ١٩١٢دا یەکیەتیی سێقۆڵی نوێ بکاتەوە و لە کۆنڤانسیۆنی ئاگوستی ١٩١٣دا لەنێوان هێزە دەریایی‌یەکانی نەمسا و ئیتالیا لە دەریای نێوەڕاستدا هاوکاری پێك بێنێو دڵی ئەوان بە پشتیوانیی هێزی دەریایی ئەڵمانیا گەرم بکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئیتالیا لە یەکیەتیی سێقۆڵی‌دا هاوپەیمانێك بوو زۆر جێی باوەڕ نەبوو. چونکە دژایەتییەکانی لەگەڵ نەمسا بەگشتی و بەتایبەتی لەبارەی ئەلبانیادا راست لە بەرەبەری شەڕی جیهانیدا یەکیەتیی سێقۆڵیی تووشی لاوازی دەکرد.

## ٢ـ پێشبركێی چەك

كەشوهەوای نێونەتەوەیی لە جوولای ١٩١٣دا بە قانوونی نیزامیی نوێی ئەڵمانیا كە پێشبركێی چەكی پەرە پێدەدا، زیاتر شێوا. لەم ساڵەدا دەوڵەتی رایش بەدوای داوای ژەنراڵ مولتكە سەرۆكی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش، قانوونێكی پەسەند كرد كە بەپێی ئەم قانوونە ژمارەی تاكەكانی لەشكری ئەڵمانیا لەكاتی ئاشتی دا لە ٦٢٣ هەزار كەسەوە زیادی كرد بۆ ٨٢٠ هەزار و لەگەڵ ئەفرادی ژێرئالا لە سنووری میلیۆن و نیوێك تێدەپەڕی. ئەم زیادكردنەی پێرسۆنێل ئەو توانایەی بە ئەڵمانیا دەدا كە لە دوو بەرەدا بتوانێ شەڕ بكا. مەبەستی سەرەكیی ئەم گەلاڵەیە واتە هەمان نەخشەی تیشفلین، وڵاتی فەڕەنسا بووە. هاوپەیمانەكانی ئەڵمانیا واتە نەمسا و ئیتالیاش بە نۆرەی خۆیان چەند هەنگاوێكیان بۆ بەهێزكردنی سوپای خۆیان هەڵێنایەوە كە قەت شانی لە شانی ئەڵمانیا نەدەدا.

لەلایەكی دیكەوە فەڕەنسا ویستی لە بەرامبەر ئەڵمانیادا وەخۆ كەوێ. لەسەر داوای ریموون پوانكاری سەرۆك وەزیرانی دوێنێ‌و سەرۆك كۆماری ئێستا گەلاڵەیەك پێشكەش بە پەرلەمان كرا كە خزمەتی سەربازی لە ٢ ساڵەوە بكاتە ٣ ساڵ. ئەم گەلاڵەیە سەرەڕای دژایەتیی ژمارەیەكی زۆر لە نوێنەران لە ٧ی ئاگۆستی ١٩١٣دا پەسەند كرا و ئەم كارە ژمارەی سوپای فەڕەنسای لەكاتی ئاشتی‌دا گەیاندە ٧٥٠هەزار كەس. رووسیاش گەلاڵەی نوێی رێكخستنی سوپای دارِشت. بەپێی قانوونی دیسەمبەری ١٩١٣ بڕیاری‌دا وردە وردە ژمارەی ئەفرادی خۆی لە میلیۆنێك و ٣٠٠ هەزار كەسەوە بگەیەنێتە میلیۆنێك و٨٠٠ هەزار كەس. بریتانیا هەروا خەریكی بەهێزكردنی هێزی دەریایی خۆی بوو و تەیاری دەكرد. لەهەموو شوێنێكدا خۆئامادەكردن بوو بۆ شەڕێكی شیمانەیی. نەك هەر ئەڵمانیا ئامادەیی خۆی بۆشەڕ رادەگەیاند، بەڵكو ئیمپراتۆر لەژێر كاریگەریی ژەنراڵەكانی خۆیدا لەسەر ئەو باوەڕە بوو كە دەرفەتی لەبار بۆ شەڕ پێك هاتووە. چونكە لەماوەیەكی كورتدا رووسیا و فەڕەنسا ناتوانن بەرهەمێك لەگەلاڵە نیزامییەكانی خۆیان ببینن. ئایا باشتر نییە بەرلەوەی لایەنی بەرامبەر وەخۆكەوێ دەرفەتی لێ بێنی؟ ئەم ئیستیدلالەی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەشی ئەڵمانیا بوو كە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر ئیمپڕاتۆر دانا. لەسەرەتای ساڵی ١٩١٣دا هێشتا گیوومی دووەم بە ئاشتیخواز دەناسرا. بەڵام لە كۆتاییيەكانی ئەم ساڵەدا (نۆڤەمبەر) بە پاشای بەلجیكای گوتبوو كە شەڕ پێویست و حەتمییە. هەربۆیە كاتێك قەیرانی جولای ١٩١٤ و كوژرانی



وەلیعەهدی نەمسا ئارشیدۆك فرانسوا فێردیناند لە سەروبەندی قەوماندا بوو، ژەنراڵەكانی ئەڵمانیا و ئیمپراتۆر بۆ كەڵك وەرگرتن لەو دەرفەتە كە لەوانەبوو ئیزنی پێدابان تەواوی كێشەكانیان بۆ جارێك و بۆ هەمیشە چارەسەر بكەن، وا دیار بوو ئامادە ببوون.

## ٣ ـ كوژرانی وەلیعەهدی نەمسا و دەستپێكردنی شەڕی یەكەمی جیهانی

بەر لە گێڕانەوەی رووداوەكە كە بە رواڵەت بە سەرەتای شەڕ دەژمێردرێ، باشترە باسی چەند رووداو و حاڵەتی رابردوو بكەین تا روون بێتەوە كە كوژرانی وەلیعەهدی نەمسا تەنیا بیانوویەك بوو تا بارودۆخی پنگ خواردوو كە هۆیەكانی دەگەرێتەوە بۆ ١٨٧٠ بتەقێتەوە. لەڕاستی‌دا ئەو وزەیەی لەم ماوەیەدا پەستێورابوو هیچ رێگەیەكی جگە لە تەقینە بۆ بەتاڵ بوون نەبوو. لەبیرمان نەچێ ئەڵمانیا كاتەكەی پێ‌لەبار بوو و بە دوای بیانوویەكدا دەگەڕا بۆ دەستپێكردنی شەڕ. نەمسا لەبەرامبەر سێربیادا وەك هێزێكی تازە پێ‌گەیشتوو كە بانگەشەی بۆ پان سلاڤیستەكان دەكرد، هەستی بە نیگەرانی دەكرد. رایش سەبارەت بەوە كە لەسەركوتی هاوینی ١٩١٣دا یارمەتیی بە نەمسا نەدابوو، پەشیمان بوو. لە هەلومەرجێكی ئەوتۆدا بوو لە ٢٨ی جوونی ١٩١٤دا ولیعەهدی نەمسا فرانسوا فێردیناند لەكاتی چاوپێكەوتن لە مەشقێكی گەورەی سەربازیی نەمسا لە سارایۆڤۆ ناوەندی بۆسنیا لەلایەن خوێندكارێكی بۆسنیایی ئەندامی گرووپی "دەستی رەش"ەوە كوژرا. رێكخراوی نهێنیی "دەستی رەش" سەر بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی پان سلاڤیزم بوو كە سەرهەنگ دیمترۆڤیچ سەرۆكی رێكخراوی زانیاری و ئاسایشی سێربیا رێكی خستبوو. هەرچەندە دەوڵەتی سێربیا هیچ چەشنە بەشدارییەكی فەرمی و نافەرمی لەم رووداوەدا نەبوو، نەمسا بڕیاریدا بۆ پاكانە حیسابی خۆی لەگەڵ شانشینی بچووكی باڵكان و لەنێوبردنی دەسەڵاتی سیاسیی سێربیا كەڵك لەم رووداوە وەرگرێ. سەرۆكی دەوڵەتی نەمسا كۆنت بریشتۆڵد چووە بەرلین و پشتیوانیی تەواوی گیوومی دووەمی بۆ بەڕێوەبردنی نەخشەكەی وەرگرت. پاشان ئۆلتیماتۆمێكی هاوبەشیان دەركرد و لە ١٥ی جوولایدا دایان بە سێربیا. لەم ئۆلتیماتۆمەدا هاتبوو دەبێ سێربیا دەست لە هەڵسوكەوتە ناشیرینەكانی خۆی هەڵبگرێ و كاربەدەستە دژی نەمساییيەكان لەسەر كار لابەرێ و گرووپە نەتەوەيىيەكان هەڵوەشێنێتەوە. چونكە مەبەستی نەمسا لەم ئۆلتیماتۆمە دۆزینەوەی بیانوویەك بوو بۆ شەڕ، لە ماددەی ٦دا دەڵێ: دەبێ بەلگراد (پایتەختی سێربیا) بەشداریی وەفدی نەمسا لە لێكۆڵینەوە لەبارەی كوژرانی وەلیعەهددا قەبووڵ بكا. دەوڵەتی

سێربیا جگە لە ماددەی ٦ هەموو مەرجەکانی قەبووڵ کرد. قەبووڵ نەکردنی ماددەی ٦ بەس بوو بۆ ئەوەی نەمسا وتوویێژەکان رابگرێ و هێزەکانی خۆی دەنگ بدا. ئەڵمانیا و نەمسا هەر لەوکاتەشدا بەوە هیوادار بوون کە شەڕ لە ناوچەی باڵکان نەچێتەدەر. لەحاڵێکدا هێزە ئەورووپاییەکان خەریکی دەستتێوەردان بوون.

لە ٢٦ی جوولایدا بریتانیا پێشنیاری کرد کۆنفرانسێك بەبەشداریی چوار هێزی دەرەوەی ئەم شەڕە واتە فەڕەنسا، ئەڵمانیا، بریتانیا و ئیتالیا بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەك پێك بێ. بەڵام ئەڵمانیا ئەم پێشنیارەی رەت کردەوە. هەوڵێکی لەم چەشنەی رووسیاش ئاکامێکی نەبوو. ڤیەن لە ٢٧ی جوولای‌دا شەڕی لەدژی سێربیا راگەیاند. رووسیا کە نەبدەویست نفووزی خۆی لە بالکاندا لەدەست بدا، بەپشت بەستن بە یارمەتیی فەڕەنسا فەرمانی جاڕدانی سوپای دەرکرد. نەمسا بەلگرادی داگیر کرد، بەڵام سوپای ئەڵمانیا نەمسای بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی هاندا. جاڕدانی نیسبیی رووسیا بوو بەهۆی نارەزایەتیی ئەڵمانیا. رووسیا سەرەڕای داوای فەڕەنسا کە ویستبووی بە پارێز بێ، جاڕدانێکی گشتیی دەرکرد. لەمەبەدوا رووداو بڕیارەکان بەخێرایی کارەبا ئەنجام دەدران و هەموو شتێك بەسترابۆوە بە بۆچوونی سوپا و ناوەندە فەرماندەیی‌یەکانی شەڕەوە. لە ٣١ی جوولای‌دا ئەڵمانیا ئۆلتیماتۆمێکیدا بە رووسیا کە دەست لە ئامادەباشیی خۆی هەڵبگرێ. ئۆلتیماتۆمێکی دیکەش رووی لە فەڕەنسا بوو. لەو ئۆلتیماتۆمەدا پرسیار کرابوو هەڵوێستی فەڕەنسا لە کاتێکدا شەڕ لەنێوان رووسیا و ئەڵمانیادا رووبدا چییە. چونکە ئەڵمانیا وەڵامێکی وەرنەگرتەوە لە ١ی ئاگۆستی ١٩١٤دا فەرمانێکی جاڕدانی گشتیی دەرکرد. هەر لەو رۆژەدا کاتێك فەڕەنسا خەریکی ئامادەکردنی هێزەکانی بوو، ئەڵمانیا شەڕی لە دژی رووسیادا راگەیاند. (دەست پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهان) رۆژی دووەمی ئاگۆست ئەڵمانیا داوای لە بەلجیکا کرد ئیزن بە هێزەکانی بدا بە خاکی وی‌دا بڕۆن. رۆژی سێیەم بەبێ چاوەڕوانیی وەڵامی بەلجیکا، شەڕی لەدژی فەڕەنسا راگەیاند. لەبەرەی یەکیەتیی سێقۆڵی‌دا ئیتالیا و رۆمانیا سەبارەت بەوە کە یەکیەتیی سێقۆڵی حاڵەتی دیفاعیی هەیە بە پێویستیان نەزانی لە شەڕەکەدا بەشدار بن.

بەڵام بریتانیا بۆئەوەی فەڕەنسا بۆ توندوتیژی هان نەدا ماوەیەکی زۆر تووشی شك و دوودڵی بوو و دوودڵیی بریتانیا لە پشتیوانی کردنی فەڕەنسادا دەسەڵاتە سەرەکییەکانی بۆ شەڕ هان دەدا. بەڵام هێرشی ئەڵمانیا بۆسەر بەلجیکا دوایین ناکۆکییە نێوخۆیییەکانی بریتانیای لەبارەی بەشداریی ئەم وڵاتەی لە شەڕدا لەنێو برد و لە چوارەمی ئاگۆستدا بریتانیا شەڕی



لەدژی ئەڵمانیا راگەیاند. شەڕەکە خێرا سەرانسەری ئەورووپای داگرت. سەرەڕای ئەوەی زۆر کەس پێی وابوو زوو کۆتایی پێ‌دێ، بۆماوەی چوار ساڵ درێژەی کێشا و میلیۆنان کەسی هەڵلووشی و چارەنووسی جیهانی گۆڕی.

# کتێبی دووەم

## پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ

# فەسڵی یەکەم

## پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ١٩١٤ تا ١٩٤٥

لە ساڵی ١٩١٤ەوە کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد، جگە لە قۆناغێکی ٥ ساڵەی ئارامی (٢٠ ـ ١٩٢٥) جیهان تا شەڕی دووەمی جیهانی ئاڵۆزییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. دەکرێ بڵێین قەیرانێك کە بە کوژرانی وەلیعەهدی نەمسا دەستی پێکرد تا ساڵی ١٩٤٥ هیچ کات بە تەواوی نەبڕایەوە. کۆنفرانسەکانی ئاشتیی ڤێرسای نەیان-توانی ئاشتییەکی سەقامگیر بە دیاری بێنن. کێشەی نێوان وڵاتانی سەرکەوتوو لەلایەك و ناڕەزایەتیی وڵاتانی گرینگی وەك ئەڵمانیا و پاشان ئیتالیا لە لایەکی دیکەوە رێی لە وەدیهاتنی رێککەوتنێکی نێونەتەوەیی گرتبوو. بینایەکی لەرزۆکی کە بەم شێوەیە دانرابوو و بانگەشەی سیستەمی ئاسایشی بە کۆمەڵی دەکرد، لەگەڵ یەکەم قەیراندا وەلەرزە کەوت. سەرهەڵدانی هیتلەر و وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوەی ئیتالیادا زەمینەی بۆ لێك هەڵوەشانەکەی خۆش کرد.

# بەشی یەکەم

## شەڕی یەکەمی جیهانی و ئاکامەکانی

### سەرەتا

شەڕێك كە لە ئاگۆستی ١٩١٤دا دەستیپێ‌کرد و لە جوولای ١٩١٨دا کۆتایی هات لە رووی قووڵایی و بەربڵاوییەوە بێ وێنە بوو. بەڵام لەوە گرنگتر شوێنەوارەکانی ئەم شەڕە بوو کە جیهانی بردە نێو قۆناغێکی نوێ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەندێشە زانست و هونەرەوە. ئەم شەڕە راست وەك شۆڕشێکی نێونەتەوەیی وابوو. کەسیش نەی‌توانی بڵێ ئەم دیاردەیە لەئیرادەی مرۆڤەکان بەدەر بوو یان بەرهەمی ستراتیژیی ئەکتەرەکانی ئەوکات بوو. هەموو وڵاتان خۆیان بۆ ٦مانگ تا ساڵێك ئامادە کردبوو. بەڵام رەهەندەکانی شەڕ بە بیری بەڕێوەبەرانیدا نەدەهات.

دوومیلیۆن کوژراو میلیۆنان بێکار و چەندین میلیارد دۆلار زەرەر و زیان ئاکامی شەڕێك بووکە وڵاتانی ئەورووپایی بۆ ئامانجی زۆر نزمتر دەستیان دابۆیە.

### ١ـ سەرچاوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی

یەکێك لە پڕ کێشەترین باسە نێونەتەوەییەکان لە ساڵانی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا مەسەلەی بەرپرسایەتیی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو کە ئەم باسەی کێشایە ساڵانی دوای شەڕی جیهانیی دووەمیش. لە روانگەی هاوپەیمانانەوە تاوانباری سەرەکی ئەڵمانیا بوو. دەیانگوت حەزی ئیمپریالیستیی رایش لەلایەك و تەوژمی کوێر و کۆمەڵە ئابوورییەکانی ئەڵمانیا لەلایەکی دیکەوە و سەرەنجام پشتیوانیی ئەڵمانیا لە نەمسا هۆی سەرەکیی دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. ئەوەی کە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩١٣دا



پشتیوانیی لە نەمسا ـ هەنگاریا نەکردبوو زۆر پەشیمان بووو ئەوە کە کوێر و کۆمەڵی ئەڵمانیا خوازیاری شەڕ بوون (چونکە پێیان وابوو کات بۆ شەڕ لەبارە ئەگینا رووسیا دەرفەت دەقۆزێتەوە و خەریکی تەیارکردنی هێزەکانی دەبێ) سەرەنجام ئەوەی کە ئەڵمانیا دەیەویست لە بازاڕی جیهاندا دەستی بڕوا و لە بەلجیکادا پاشەکشە بە بریتانیا بکا و ئیسپانیا و ئەمریکای لاتینی ناچار بە پاشەکشە کردبوو، هەموویان راستن بەڵام ئەڵمانیاییەکان تاوانی خۆیان لە دەست پێ‌کردنی شەڕدا زیاتر لە ئی رووسیا کە دەیەویست سووکایەتیی شکستەکانی رابردوو قەرەبوو بکاتەوە یان زیاتر لە ئی فەڕەنسا کە بەدوای ئەستاندنەوەی ویلایەتەکانی ئالزانس و لۆرێن دابوو، نەدەزانی.

هەرچۆنێك بێ ماددەی ٢٣١ی پەیماننامەی ڤێرسای، ئەڵمانیای بە بەرپرسی شەڕ ناساند و بە دانی غەرامە و زەرەرەکانی شەڕ مەحکووم کرا. ئەم کردەوەیە کە ئەڵمانیا کەوتە ریزی تاوانباران، شوێنێکی زۆر خراپی لەسەر بیروڕای گشتیی ئەڵمانیا دانا. قەرەبووکردنەوەی ئەم سووکایەتییە لەڕاستیدا هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی هیتلەر. ئەوە کە ئێمە لێکدانەوەی خۆمان لەبارەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تەرخان بکەین بە لێکدانەوەی ویستی دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا و وەکو فیشەر لە کتێبی " ئامانجەکانی ئەڵمانیای ئیمپڕاتۆر لەشەڕی جیهانیدا" کە لە ساڵی ١٩٦١دا بڵاوی کردەوە، باتمان هلووك راوێژکاری بەرزی ئەڵمانیا لەکاتی شەڕی یەکەمدا بە پێشەنگی هیتلەر بزانین شتێکمان جگە لە بیرکردنەوەیەکی ساویلکانە نەکردووە. ناکۆکیی راوبۆچوونە زاڵەکان بەسەر کۆنفڕانسەکانی ئاشتیدا لەگەڵ راستییەکان، بوو بە هۆی ئەوەی لەڕاستیدا شەڕی یەکەمی جیهانی هیچ کات بەتەواوی کۆتایی پێ نەیەو ببێتە هۆی شەڕی دووەم. لەحاڵێکدا ماکس ڤیبێر گوتەنی (لەدوایین قسەکانیدا پاش شەڕ) "دەبوا دوای کۆتایی هاتن شەڕیان بەتەواوی لەگۆڕ نابا و لە رووی واقیعبینییەوە کێشەکانی دوای شەڕیان چارەسەر کردبا." بەڵام هەروا بزانە هیچ کات واقیعبینی بە سەر سیاسەتی جیهاندا حاکم نەبووە و راستییەکانی مێژوو جگە لە دوژمنایەتی، خەون و خەیاڵات و تۆڵەئەستێنی هۆیەکی دیکەیان نەبووە. بۆیە پێویستە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی خۆمان لە بارەی شەڕدا هەروەك پییەر رونوون مێژوونووسی بەناوبانگی فەڕەنساش پێی وایە دەبێ هۆ و سەرچاوە جۆراوجۆرە بەشدارەکان لەم رووداوەدا هەڵسەنگێنین:

**١ـ هۆی ئابووری:** لە روانگەی مارکسیستە کلاسیکەکانەوە شەڕی یەکەمی جیهانی راستەوخۆ لە ئیمپریالیزمی ئابوورییەوە سەرچاوەی گرت. چونکە میکانیزمی ئابووریی

سەرمایەداری لە سەر بنەمای شکستی رکەبەرەکان و گەیشتن بە پاوانخوازیی تەواوە، دەبێتە هۆی شەڕی ئیمپریالیستەکان. بە پێی ئەم بۆچوونە بوونی رکەبەرایەتی لە نێوان هێزە ئەورووپاییەکاندا هۆی سەرەکیی شەڕەکان لە چینەوە تا مەغریبە. بە پێی ئەم روانگەیە ئەڵمانیا هەر لەو کاتەدا کە هەوڵی دەدا بازاڕەکانی دەرەوە بە رووی بەرهەمەکانی خۆیدا بکاتەوە، بازاڕەکانی خۆی بە رووی دەرەوەدا گاڵەدا. لە لایەکی دیکەوە سەرمایەداری لەو سەردەمەدا حەزی لە کردنەوەی هەموو دەرگا داخراوەکان و تواندنەوەی هەموو سیستەمە ئابوورییەکان لە سیستەمی جیهانیی خۆیدا بوو. هەربۆیە ئەڵمانیا نەك هەر ململانێی دەکرد، واتە بە پاراستنی پاوانخوازی لە نێوخۆدا، هەوڵی دەدا تا بازاڕەکانی دەرەوەش داگیر بکا، بەڵکو سەرمایەداریی وڵاتانی دیکەش هەوڵیان دەدا دەستیان بە بازاڕەکانی ئەڵمانیا ڕابگا. حاشا هەڵنەگرە ئەو شێوە ئاڵووێرە ئازادەی بریتانیا کە لە ساڵی ١٨٤٩دا بەڕێوەی دەبرد لەگەڵ ئەو شێوە هێرشکەرانەیەی دۆمپینگی ئەڵمانیا بەڕێوەی دەبرد بۆ بەراورد نەدەبوو. بەڵام نابێ پێمان وابێ هەلومەرجی ئابووریی ئەڵمانیا حەتمەن دەبووە هۆی شەڕ. پییەر رونوون لەسەر ئەو باوەڕەیە ئابووریی ئەڵمانیا لەو کاتەدا لەگەڵ هیچ گیروگرفتێك بەرەوڕوو نەبوو و هیچ هۆیەکی حاشاهەڵنەگر نەبوو تا ئەو وڵاتە بۆ شەڕ پاڵ پێوەنێ. کەوابوو هۆی ئابووری بە پێچەوانەی روانگەی مارکسیزم تەنیا هۆی شەڕ نەبوو، بەڵکو لە پەنا هۆی دیکەدا کاریگەرییەکی رێژەیی لە سەرهەڵدانی شەڕدا هەبووە. جگە لەوە جۆرێك هاوکاریی ئابووری و دابەشکردنی کاریش لە نێوان وڵاتانی ئیمپریالیستیدا هەبووە کە بۆخۆی ئەوە نیشان دەدا ئابووریی جیهان لە سەر بناخەی رکەبەرایەتییەکی رووت دانەمەزراوە. بەڵکو هاوکاریکردنیش لەگۆڕیدا هەبووە: " لە ئۆکتۆبری ١٩١٣دا بریتانیا و ئەڵمانیا لەبارەی چارەنووسی کۆلۆنییەکانی پورتوگالدا کەوتنە وتووێژ. ئەو دوو وڵاتە لەبارەی سەرانسەری رێگەی ئاسنی ئیستامبوڵ بۆ بەغدا لە مانگی مای ١٩١٤دا لەگەڵ فەڕەنسا رێککەوتن و ئەڵمانیا لە بەرامبەر دانی هێندێك ئیمتیاز لە سووریا و لێوارەکانی کەنداوی فارسدا بە رکەبەرەکانی، توانی لە عوسمانیدا درێژە بە بەرنامەکانی خۆی بدا. کەوابوو رێککەوتن و گەیشتن بە حاڵەتی ئاشتی سەرەڕای کەم جیکلدانەیی ناوەندە فەرماندەییەکانی شەڕو پێشبڕکێی چەك لەبیرکردنەوەدا زۆریش بێگانە نەبوو." دیارە بە بۆچوونی لینین کە وەك کائوتسکی باوەڕی بەو قۆناغەی سەرووەریی ئیمپریالیزم نییە"، ئەمجۆرە یەکگرتنانەی لەنێوان ئیمپڕاتۆرییە گەورەکاندا پێکدێن، وەکو ئاگربەسی کاتیی نێوان دوو شەڕ وایە."



**٢ـ گیروگرفتی نێوخۆی وڵاتان:** زۆر لەو وڵاتانەی رۆڵی سەرەکییان لە پەرەپێدانی شەڕدا هەبوو، بەم هۆیەوە هاتنە نێو شەڕ کە لەگەڵ گیروگرفتێکی زۆری نێوخۆ بەرەوڕوو بوون و شەڕیان بە ئامرازێك دەزانی تا ئەو گیروگرفتانەیان پێ دیزەبەدەرخۆنە بکەن. نموونەی بەرچاوی ئەم بارە وڵاتانی رووسیا و نەمسا- هەنگاریا بوون. رووسیا کە لە ساڵی ١٩٠٥دا تووشی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و شکستی[شەڕ لەگەڵ ] ژاپۆن ببوو و لە ساڵی ١٩٠٨یشدا کاتێك نەمسا ویلایەتی بۆسنی هێرزەگۆڤینی خستە سەر خاکی خۆیەوە شکستێکی دیکەی خوارد، تووشی سووکایەتیی نەتەوەیی بوو و ئەو مەشرووعیەتەی لەو شکستانەدا لەدەستی دابوو نەیتوانیبوو قەرەبووی بکاتەوە. نەمسا ـ هەنگاریاش تووشی کێشەی نەتەوەیی و راپەڕینی کەمایەتییە نەتەوەییەکان ببوو و هەروەك دەزانین ئەم ئیمپڕاتۆرییە لە نەتەوەی جۆراوجۆر پێکهاتبوو. ئەم دوو ئیمپڕاتۆرە شەڕیان بە ئامرازێك دەزانی تا بوونی خۆیانی پێبپارێزن. دیارە ئەگەر شەڕ بەگوێرەی لێکدانەوەکانی ئەوان کۆتایی هاتبا لەوانە بوو بە مەبەستەکانیان بگەن. چونکە لە یەکەم مانگەکانی شەڕدا هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە رووسیا و نەمسا- هەنگاریادا وەك وڵاتانی دیکەی ئوورووپایی بەرچاو بوو. بەڵام بەدرێژە کێشانی شەڕ نیشانەی نوشستی و لێکترازان لە هەردوو دەوڵەتدا دەرکەوت. چونکە شەڕ پێویستیی بە ئامادە بوون، واقیعبینی و تەیارکردن هەیە و لەگەڵ خەون و خەیاڵات ناگونجێ. لە حاڵێکدا ئەم دوو وڵاتە ئابووریی لاواز، سوپای بێهێز و رێبەرانی ناواقیعبینیان هەبوو و لەڕووی نەزانییەوە پەنایان بردەبەر ئەژدیهای شەڕ و سەرەنجام بۆخۆیان لە داوی ئەم حەزیایە کەوتن.

**٣ـ گیروگرفتی دەرەوە:** گیروگرفتی دەرەوەش جاری وایە لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفتی نێوخۆ و جاری وایە بەشێوەی سەربەخۆ یەکێك بووە لە هۆیەکانی پەرەگرتنی شەڕ. هەروەك نەمسا- هەنگاریا لەگەڵ گیروگرفتی نەتەوەیی بەرەوڕوو بوو و وای هەست دەکرد ئەو گیروگرفتانە لە دەرەوە (سێربیا)ڕا سەرچاوە دەگرن. کەوابوو پەنای بردە بەر بیانووی شەڕ تا ئەفسانەی سێربیای گەورە کە سەرچاوەی ئاڵۆزی و هاندانە نەتەوەییەکان لەنێوخۆی نەمسادا بوو لەنێو بەرێ. فەڕەنساش ئەڵمانیای بە هۆکاری سەرەکیی سەرنەکەوتنەکانی دەزانی و بەهیوای وەرگرتنەوەی ویلایەتەکانی ئالزاس و لۆرێن هاتە نێو شەڕەوە.

**٤ـ مەسەلە نێونەتەوەییەکان:** ئەوەی دەتوانێ لە دۆزینەوەی سەرچاوە و هۆکارە سەرەکییەکانی شەڕدا یارمەتیمان بدا و وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە کە ئایا شەڕ لە

ئیرادەی هەڵسووڕێنەرانییەوە سەرچاوە دەگرێ یان نا، بریتییە لە لێکدانەوەی هۆ و لایەنە جۆراوجۆرەکان و لایەنە نێونەتەوەییەکانی شەڕ. هەلومەرجی جیهان لە ساڵی ١٩٠٠ بەم-لاوە بەجۆرێك بوو کە دەتگوت ڕووداوەکان لەدەست وڵاتێك یان چەند وڵاتێك چۆتەدەر. چونکە پێشبڕکێی چەك دەستی پێ‌کردبوو و هەر وڵاتێك دەیەویست وەپێش ئەوی دیکە بکەوێتەوە و لەوی دیکە دوا نەکەوێ و ئامادەیی دەستپێکردنی شەڕی هەبێ. چونکە لەو هەلومەرجەدا شەڕ بەشتێکی حەتمی دانرا بوو، هەر وڵاتێك پێی باش بوو هێرشکەر بێ تا ئەوەی بکەوێتە بەر هێرش. دابەشبوونی ئەورووپا بەسەر بەرەی دژ بەیەك لەلایەك و قەیرانی پەیتا پەیتا کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا دەستپێکردنی شەڕی جیهانی بێ پسانەوە بەرۆکی وڵاتانی ئەورووپایی گرتبوو لە لایەکی دیکە، نیگەرانییەکانی زۆر کرد و پەرەی بە پێشبڕکێی چەکوچۆڵ دا. پەرەگرتنی پێوەندییەکان و پێوەندیی وڵاتان بە هۆی یەکگرتنە جۆراوجۆرەکانیش پێشی بە کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی شەڕ دەگرت. هەروەها سەبارەت بەوەی کە شەڕی سنوورداریش ئیمکانی نەبوو و هەر شەڕێکی سنووردار ڕەنگ بوو ببێتە شەڕێکی هەمەلایەنە، دەکرێ بڵێین کۆمەڵێك هۆی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی. ئەوەی کە پیبەر ڕونوون پێی وایە ئەگەر بریتانیا لەبەرەبەری شەڕدا هەڵوێستێکی لێبڕاوانەی گرتبا، ڕەنگ بوو پێش بە شەڕ بگرێ، بۆچوونێکە کە دەرکەوت زەحمەتە. واتە ئەگەر بریتانیا لێبڕاو بوایە ڕەنگ بوو شەڕ دوا بکەوێ، بەڵام ئەگەری پێش پێ‌گیرانی زۆر کەم بوو. (لەبارەی سەرهەڵدانی شەڕی دووەمی جیهانیشدا بریتانیا بەوە تاوانبارە کە لێبڕاو نەبووە و لەبەرامبەر هیتلەردا نەرمیی نواندووە.)

### ٢ـ هەلومەرجی هێزەکانی بەشدار لە شەڕدا و ئامانجەکانیان

ئەم شەڕە تا ساڵی ١٩٣٩ کە جارێکی دیکەش ڕوویدا بەشەڕی گەورە و بەناوبانگ ناسرابوو. لەسەریەك ١٤ وڵاتی ئەورووپایی (و بۆ یەکەم جار هەر پێنج ئەندامی کۆنسێرتی ئەورووپا) و ٣٥ وڵاتی جیهان تێدا بەشدار بوون. لە ڕووی هێزی ئینسانیشەوە شەڕێکی بێوێنە بوو. لە شەڕەکانی باڵکاندا ١٩١٢-١٣ کە ڕووسیا نزیکەی ٦٠٠هەزار سەربازی جاڕ دابوو، جیهان سەری سوڕمابوو. بەڵام لەم شەڕەدا تەنیا فەڕەنسا بە ٤٠ میلیۆن حەشیمەتەوە ٥/٨ میلیۆن سەربازی نارده بەرەکانی شەڕەوە و ئەڵمانیا ١٤ میلیۆن سەربازی خستەژێر فەرمانی سوپاوە و ڕووسیا ئەوەندەی سەرباز نارده شەڕ کە بەڕادەی سەربازەکان چەکی نەبوو.



جگە لەمانەش لەم شەڕەدا شوێنە مەدەنییەکان و ناوەندە ئابوورییەکانیش کەوتنە بەر هێرشی نیزامی. ڕادەی زەرەر و زیانی مرۆڤ نزیك بە دەمیلیۆن کەس لێکدراوەتەوە.

هەروەك دەزانین تەوەرەی سەرەکیی شەڕ لەبەرامبەر یەك ڕاوەستانی بەرەی یەکگرتوو و بەرەی هاوپەیماندا بوو. وەزعی هاوپەیمانان لەڕووی ئەژمارەوە بە ٢٤٠ میلیۆن کەس حەشیمەت و ١٩٦ هەنگی پیادە و ٣٤ هەنگی سوارەوە، لەبەرامبەر ١٢٠ میلیۆن کەس حەشیمەتی بەرەی یەکگرتوو و ١٥٥ هەنگی پیادە و ٢١ هەنگی سوارەوە، باشتر دەهاتە بەرچاو.

گرنگتر لەو لێکدانەوانە ئاستی هاوئاهەنگیو ڕوانگەی وڵاتانی هاوپەیمان بوو کە لە پتەوکردن یان لاوازکردنی بەرەی ئەواندا کاریگەر بوو. ئاشکرا بوو کە بەشدارانی شەڕ هەرکام بۆخۆیان پلانێکیان هەبوو و بەهیوایەکەوە پێیان نابووە شەڕەوە. لەبەرەی یەکگرتوودا لەنێوان ئەڵمانیا و نەمسادا تا ڕادەیەك یەك بیروبۆچوونی هاوبەش زاڵ بوو. فشاری نەمسا ـ هەنگاریا بۆچوونەدەر لەشەڕ و ئیمزای بەجیای ئاشتی تەنیا شتێك بوو کە ئەم دوو وڵاتە لەسەری کۆك نەبوون و ئەمەش ئەڵمانیای ناچار کرد کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چاو لە هەندێك شت بپۆشی. "کۆنفرانسی کروزناخ (٢٠ی ئەپریلی ١٩١٧) لکانی کورلاند و لیتوانی بە ئەڵمانیاوەو باڵ بە سەرکێشانی ئەڵمانیا بەسەر پۆڵۆنیادا لە بەرامبەر هێندێك ئیمتیاز بۆ نەمسا لە باڵکاندا پەسند کرابوو." جگە لەو مەسەلەیە پلانەکانیان بۆ دوای شەڕیش پێکەوە لە دژایەتیدا نەبوو. بەڵام لە بەرەی هاوپەیماناندا مەسەلەکە ئەوەندە ئاسان نەبوو و ئامانجی هەر کام لەوان لەگەڵ ئەوی دیکە نەدەگونجا. بەرلە هەموو شتێك بریتانیا بەڵێنێکی ڕوونی نەدابووە دوو هاوپەیمانەکەی واتە ڕووسیا و فەڕەنسا و هەربۆیەش لە گەرمەی شەڕدا دەبوا سەبارەت بە ڕاگەیاندراوی لەندەن (٥ی سێپتەمبەری ١٩١٤) کە ئیمزا نەکردنی بەجیای پەیمانی ئاشتیی تێدا پێش‌بینی کرابوو، وتووێژ بکا. شتێکی دیکە کە خێرا سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا ئەوە بوو هەرکام لە وڵاتانی هاوپەیمان بە هۆی جیاجیاوە هاتبوونە نێو شەڕەکەوە (ڕووسیا بۆ پاراستنی پێگەی لە باڵکاندا و زاڵبوون بەسەر دەرووەکان هاتبووە نێو شەڕەوە و لەبەرامبەر وەفادارمانەوەی خۆیدا داوای ئیستامبوڵی دەکرد. فەڕەنسا بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە ئەورووپادا و ئەستاندنەوەی ئالزاس و لۆرێن، بریتانیا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی بەلجیکا و لەئاکامدا پاراستنی سنوورەکانی خۆی و هەروەها بەربەرەکانی لەگەڵ باڵادەستیی ئەڵمانیا

بەسەر دەریاکاندا و ئیتالیا بۆ تەواوکردنی یەکیەتیی خۆی). جگە لەمە لەبارەی کێشە جۆراوجۆرەکانیشدا هاوپەیمانان خاوەنی یەك روانگە نەبوون. کەوابوو هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی روانگەکان پێویست بوو.

یەکەم مەسەلە کە پاش ناردنی هێزەکانی فەڕەنسی ـ ئینگلیزی بۆ داردانیل (فیبریوەری ١٩١٥) لەگۆڕێ دابوو، پێوەندیی بە بارودۆخی دەرووەکان و داگیرکردنی ئیستامبوولەوە هەبووە. بەڕواڵەت رووسیا هاوپەیمانەکانی ئاگادار کردبوو کە ئەم ناوچانە دوای شەڕ دەبێ بدرێنە رووسیا. وەڵامی فەڕەنسا و بریتانیا لەم بارەیەوە نارِوون بوو و ترسی ئەوە هەبوو کە یەکگرتنی ئەم سێ وڵاتە هەڵوەشێتەوە. بریتانیا سەرەڕای ئۆگریی لەمێژینەی خۆی بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پاراستنی هاوپەیمانەتی وەڵامی ئەرێی دایەوە رووسیا، بەڵام فەڕەنسا کە ترسی لە باڵادەستیی رووسیا لەو ناوچەیەدا هەبوو بە دوودڵی و درەنگەوە وەڵامی دایەوە.

پاش دەرووەکان نۆرە گەیشتە عوسمانی و دەسبەسەرداگرتنی ئیمتیازەکانی ئەڵمانیا لەم وڵاتەدا (ئەگەر هاوپەیمانان سەرکەوتن). بریتانیا لەم بارەیەوە مەسەلەکەی گرتە دەست خۆیەوە. لە ساڵی ١٩١٦دا بریتانیا راپەڕینی ئەمیری حیجازی بەناوی حوسێن هاندا و هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە خۆی بکاتە پاشای سەعوودی، هەر لەو کاتەشدا لەبارەی دابەشکردنی ئەو ناوچانەی عوسمانی لە ئاسیادا لەبەردەستی دابوون لەگەڵ فەڕەنسادا کەوتە وتووێژ. لەمەوبەدوا وڵاتی عوسمانی تەنیا بریتی بوو لە ناوچەی ئەنادۆڵی. ڕێککەوتنی ٩ی مارسی نێوان سایکس و پیکو لەمبارەیەوە پێکهێنانی دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبیی پێشبینی دەکرد کە سەعوودی و سووریای دەگرتەوە. جگە لەوە بڕیار درا فەڕەنسا لێوارەکانی سووریا و بریتانیاش لێوارەکانی بینالنهرین بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوەو فەلەستینیش بکەوێتە ژێر ئیرادەی نێونەتەوەییەوە. رووسیاش بەشێك لە ئەرمینیای وەبەر دەکەوت. پاشان لە وتووێژەکانی سانژان دومۆرین (١٩ی ئەپریلی ١٩١٧)دا ئەو مەرجانە لە ڕێککەوتنی سایکس ـ پیکۆدا هاتبوون بە دانی بەڵێنی ئەزمیر بە ئیتالیا زیاتر پەرەی گرت.



### ٣ـ ئاڵوگۆڕەکانی شەڕ

**هاتنی وڵاتانی بێلایەن بۆ نێو شەڕ**

لە یەکەم مانگەکانی شەڕدا هەوڵی هێزەکانی بەشدار لە شەڕدا لەسەر ئەوە بوو وڵاتانی بێلایەن بۆلای خۆیان راکێشن یان پێش بە هاوپێوەندیی ئەوان لەگەڵ دوژمندا بگرن. ئەم هەوڵانە شوێنێکی قووڵیان لەسەر هاوکێشەکانی شەڕ و ئاشتیدانا بوو بەهۆی درێژە کێشانی زیاتری شەڕ.

لە ئەورووپادا وڵاتانی سکاندیناڤیا و هۆڵەند پێیان لەسەر بێلایەنیی خۆیان دادەگرت و خۆیان لە هاتن بۆ نێو شەڕ دەپاراست. بۆیە هەوڵەکان بۆ راکێشانی وڵاتانی ناوچەی دەریای نێوەڕاست چڕ بۆوە.

دیارە هەندێك وڵاتی بێلایەنیش پێیان ناخۆش نەبوو رەگەڵ وڵاتانی سەرکەوتوو بکەون تا بتوانن لەو کۆنفرانسە ئاشتییەیدا کە پاش شەڕ پێك دێ بەشدار بن و شتێکیان بەرکەوێ. بەڵام گیروگرفتێك ئەو وڵاتانە لەگەڵی بەرەوڕوو بوون ئەوە بوو کە لە سەرەتای شەڕدا بۆیان ڕوون نەبوو کام بەرە سەردەکەوێ.

یەکەم وڵات کە لە بێلایەنی هاتەدەر وڵاتی عوسمانی بوو کە لە ٢ی ئاگۆستی ١٩١٤دا یەکگرتنێکی نهێنیی لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا کرد و لە ٩ی ئاگۆستی هەمان ساڵدا لەگەڵ رووسیا یەکی گرت بەڵام لەبەر دژایەتیی ئەم یەکگرتنە لەگەڵ پەیمانی ٢ی ئاگۆستدا و بە سەرنجدان بە سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا لە بەرەکانی شەڕدا، رۆژی یەکەمی نۆڤەمبەری ١٩١٤ پەیمانی لەگەڵ رووسیا هەڵوەشاندەوە و دەگەڵ بەرەی یەکگرتوو کەوت و شەڕی لە دژی هاوپەیمانان راگەیاند. دیارە رووسیا پێی باشتر بوو لەگەڵ عوسمانی لە شەڕدا بێ تا ئاشتی. چونکە ئەگەر وا نەبوایە نەیدەتوانی بە ئاواتەکانی بۆ زاڵبوون بەسەر دەرووەکاندا و داگیرکردنی هێندێك لە ناوچەکانی بگا. ئیمپراتۆریی عوسمانی زۆر لەمێژ بوو ببوو بە ناوچەی ژێر نفووزی ئەڵمانیاییەکان و هەروەك گوتمان ئەمە یەکەم مەبەستی سیاسەتی جیهانیی ئەڵمانیا بوو و سوپای عوسمانیش بەتەواوی بەدەستی ئەفسەرانی ئەڵمانیای پەروەردە کرابوو و ڕێكخرابوو. ئەم زەمینە مێژووییە سروشتی بوو کە عوسمانی بخاتە پاڵ ئەڵمانیاوە. بەڵام هەروەك دیتمان ئەگەر سەرکەوتنی هاوپەیمانان پێشبینی کرابا عوسمانی بە یەکگرتن لەگەڵ هاوپەیمانانیدا هیچ دەروەست نەبوو. هەر چۆنێك بێ چوونی عوسمانی بۆ

نێو شەڕ ئاکامی گرنگی ستراتیژیی بەدواوە بوو کە راست پێوەندیی بە داخستنی دەرووەکانی بۆسفێر و داردانێلەوە هەبوو. ئەم مەسەلەیە پێشی بە پێوەندیی هێزە دەریاییەکانی رووسیا لەگەڵ هێزە دەریاییەکانی هاوپەیمانان دەگرت. جگە لەوە عوسمانی پردێك بوو کە وڵاتانی مێحوەر پێوەندییان لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیادا دروست دەکرد و دەیانتوانی زۆر لەو وڵاتانە یەك لەوان ئێران بە قازانجی خۆیان بۆ نێو شەڕ رابکێشن و بەمجۆرە هێڵێکی دیفاعی لە دەریای باکورەوە تا کەنداوی فارس پێك بێنن.

وڵاتێکی دیکە کە هاتنەدەر لە بێلایەنییەکەی گرنگ بوو و کاریگەریی لەسەر چارەنووسی شەڕ هەبوو، ئیتالیا بوو. ئیتالیا پاش راگەیاندنی بێلایەنی لە سێی ئاگۆستی ١٩١٤دا (بە پشت بەستن بە دیفاعی بوونی پەیمانی یەکیەتیی سێقۆڵی) وردە وردە دەرگای پێوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانان کردەوە و پێشنیارەکانی ئەوانی هەڵسەنگاند. بەڵام چاوەڕوان مایەوە تا بزانێ شنەبای سەرکەوتن لە کام لاوە دێ. دیارە وەك لەپێشدا گوتمان ئیتالیا بەهۆی کێشەی سنووری کە لەگەڵ نەمسادا هەیبوو ئاڵقەیەکی لاواز بوو لەنێو یەکیەتیی سێقۆڵیدا، ئێستاش هەر ئەو کێشەیە واتە وەرگرتنەوەی ویلایەتە ئیتالی زمانەکان کە وەك ئاواتی نەتەوەیی ئیتالیا هەر لە جێی خۆی بوو، بوو بە مەبەستی سەرەکیی دیپلۆماسیی ئیتالیا. ئیتالیا لەنێوان بێ لایەنی لەبەرامبەر نرخێکی گونجاودا کە لە نەمسای وەردەگرت (ویلایەتی ترێن تین) و چوونە گەڵ هاوپەیمانان لەبەرامبەر گەڕاندنەوەی هەموو ویلایەتەکانیدا کە داوای دەکردن، کامیان هەڵبژێری، دوودڵ بوو. با ئەوەش بگوترێ دانی نرخێك بە وڵاتانی بێلایەن بۆ راکێشانیان لەلایەن دوو بەرەی دژ بەیەکەوە وەکو و مزایدەیەکی لـێ هاتبوو کە هەرکام لەو دوولایەنە هەوڵی دەدا بە پەیمان و بەڵێنی زیاتر ئەو وڵاتەی مەبەستیان بوو بۆ لای خۆی راکێشن. جاری وابوو ئەو بەڵێنانە حاڵەتی دژبەیەکی بەخۆیەوە دەگرت کە لەگەڵ بەڵێنەکانی دیکەی بەڵێندەر نەدەگونجا (وەکو بەڵێنەکانی بەریتانیا لە بەرامبەر عەرەبەکان و جوولەکەکاندا).

ئەوەی ئیتالیای هاندا لە مانگی مای ١٩١٥دا لە ریزی بەرەی یەکگرتوو بێتە دەر گۆڕانی وەزیری دەرەوەی نەمسا و بەپارێز بوونی وەزیری نوێ "بوریان" بووکە سەرەڕای فشاری ئەڵمانیا ئامادە نەبوو ویلایەتی ترێن تین لەبەرامبەر بێلایەنیدا بداتەوە ئیتالیا و، لەوە دەترسا ئەمە ببێتە نموونەیەك بۆ نەتەوەکانی دیکەی نەمساش. پێشنیارەکانی نەمساش لەبەرامبەر پەیمان و بەڵێنەکانی هاوپەیمانانیدا زۆر کەم بوون. بەتایبەتی ئەوە کە



رووسیاش ئامادە بوو سەرەڕای قازانجەکانی سێربیا کە لەگەڵ رووسیادا پەیمانی دۆستایەتیی بەستبوو ملێ بۆ داخوازەکانی ئیتالیا بدا. دوابەدوای ئەم رووداوانە پەیماننامەی لەندەن لە ٢٦ی ئەپریلی ١٩١٥دا لەنێوان ئیتالیاو هاوپەیمانان‌دا ئیمزا کرا. بەپێی ئەم پەیماننامەیە ئیتالیا بەڵێنی دا لەماوەی مانگێك‌دا شەڕ لە دژی نەمسا رابگەیەنێ. لەبەرامبەر ئەمەدا هاوپەیمانان بەڵێنیان پێ بدا لە پەیماننامەکانی ئاشتیی دوای شەڕدا ویلایەتەکانی ترێن تین، تیروولی باشوور، تێری یەست، ئیستری و بەشێك لە دالماسی بۆ ئیتالیا بە فەرمی بناسن. هەروەها لەو پەیماننامەیەدا بێلایەنیی ئالمانیا، غەیرەنیزامی بوونی ناوچە غەیرە ئیتالیاییەکانی لێوارەکانی ئادریاتیك و گۆڕینەوەی کۆلۆنییەکان پەسند کران. بە راگەیاندنی شەڕی ئیتالیا لە دژی نەمسا، بەرەیەکی نوێ کرایەوە. ئەم شەڕە نەمسای ناچار کرد لەحاڵێکدا تەواوی هێزەکانی لە رۆژهەڵاتدا لە دژی رووسیا و لە شەڕی باڵکاندا بەکاری دێنان، دەبوا لە بەرەی رۆژئاواش شەڕ بکا. هەر لەو کاتەشدا هەرچەند هاتنی ئیتالیا بۆ نێو بەرەی هاوپەیمانان سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئەم بەرەیە بوو بەڵام سەرکەوتنە نیزامییەکانی ئەڵمانیا لە گالیسیا و هەڵوەشانی بەرەی رووسەکان کە تا ئەو کاتە لە بەرامبەر نەمسادا راوەستابوو، بوو بە هۆی ساردبوونەوەی لایەنگرانی هاوپەیمانان بە تایبەتی سێربیا لەو سەردەمەدا.

لە ئوکتۆبری ١٩١٥وە وڵاتانی باڵکان هاتنە نێو شەڕەکەوە. لەپێش‌دا بولگاریا کە بێوەفایی هاوپەیمانەکانی پێشووی واتە رۆمانیا و سێربیا و یۆنانی لە شەڕەکانی ١٩١٢و ١٩١٣دا لەبیر نەکردبوو هاتە نێو هاوپەیمانانەوە تا بە یارمەتیی ئەوان لەبەرامبەر ئەم وڵاتانەدا راوەستێ. لە ئاگۆستی ١٩١٦دا دەوڵەتی رۆمانیا سەرەڕای حەزی پاشاکەی لە بەرەی یەکگرتوو، هاتە ریزی هاوپەیمانانەوە. پاشان لە جوونی ١٩١٧دا یۆنانیش بە لایەنگری لە هاوپەیمانانەوە هاتە نێو شەڕەوە. پشتیوانیی سێربیا و رۆمانیا لە هاوپەیمانان بوو بە هۆی ئەوەی فەڕەنسا و بریتانیا و رووسیا بۆ گەیاندنی یارمەتی بەوان بەرەیەکی دیکە بە یارمەتیی یۆنان لە باڵکان‌دا بکەنەوە.

نابێ لەبیرمان بچێ کە زۆر وڵاتی دیکەش بە شێوەی نمایشی هاتنە نێو شەڕەوە. یەك لەوان پورتوگال کە لە مارسی ١٩١٦دا بە ناردنی گوردانێك بۆ فەڕەنسا بە رەسمی چوونی خۆی بۆ نێو شەڕەوە بە قازانجی هاوپەیمانان راگەیاندبوو. بەم جۆرە جگە لە سویس ئیسپانیا و وڵاتانی سکاندیناڤیا، هەموو وڵاتانی ئەورووپا هاتبوونە نێو شەڕەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی دووریشدا ژاپۆن شەڕی پێ لە بێلایەنی باشتر بوو. لە یەکی ئاگۆستی ١٩١٤دا بە پشت بەستن بە پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ بریتانیا شەڕی لە دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند تاکو بتوانێ دەست بەسەر پێگەکانی ئەڵمانیا لە چیندا بگرێ. چینیش بۆ ئەوەی بتوانێ لە ژاپۆن دوانەکەوێ و دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان خێرا نەکەوێتە بەر هێرشی ژاپۆنەوە لە ساڵی ١٩١٧دا شەڕی لە دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند.

**ب) شەپۆلی ئاشتیخوازیو هاتنەدەری ڕووسیا لە شەڕ**

لە یەکەم مانگەکانی شەڕدا وا دەهاتەبەرچاو کە سەرکەوتنی ئەڵمانیا بێئەملاوئەولایە و نەخشەی تیشفلین سەرکەوتنی بەدوادا دێ. چونکە ئەڵمانیاییەکان چوونە نێو بەلجیکا و بە ئاسانی باکووری فەڕەنسایان خستە بەر هێرش و ڕێگەی پاریسیان گرتە بەر. لە بەرەی ڕۆژهەڵاتیشدا ڕووسەکان کە بەرەو پرووسی ڕۆژهەڵات پێشڕەوییان دەکرد لە شەڕەکانی تانینبێرگ و دەریاچەی مازوور یەکەمیان لە ئاگۆست و دووەمیان لە سێپتەمبەری ١٩١٤دا لەگەڵ بەربەرەکانیی ژەنراڵەکانی ئەڵمانیای لۆدیندۆرف و هیندنبورگ بەرەوڕوو بوون و ناچار بوون پاشەکشە بکەن. پاشەکشەی ڕووسەکان تا ساڵی ١٩١٧ کە بوو بە هۆی شۆڕشی باڵشویکی درێژەی هەبوو. بەڵام لە بەرەی ڕۆژئاوادا ئەڵمانیاییەکان لەگەڵ بەربەرکانیی توندی فەڕەنساوییەکان بەرەوڕوو بوون و ژەنراڵ گالینی پێشی بە پێشڕەویی ئەڵمانیا بەرەو باشوور گرت و شەڕی مارن کە حەوتوویەکی خایاند (لە ٦ تا ١٢ی سێپتەمبەری ١٩١٤) سەلماندی کە فەڕەنساوییەکان پاشەکشەیان لە مەزهەبدا نییە. لەبەرئەوەی بەربەرەکانی زۆر خەست بوو، هیچ هێرشێك سەرکەوتنی بەدواوە نەبوو و هێزە دژ بە یەکەکان یەکتریان بەرپەرچ دەدایەوە. هێرشی هاوبەشی فەڕەنسا و بریتانیا لە شامپانی لە ١٩١٦دا شکستی هێنا هێرشی ئەڵمانیاییەکان لە دژی هێزەکانی فەڕەنسا لە ڤەردون کە لە فێبریوەرەوە تا جوونی ١٩١٦ درێژەی کێشا و یەك میلیۆن کوشتەی لە هەردوو وڵات لێکەوتەوە، هەر بێئاکام بوو. هێرشی ناپلیۆن ئاسای ژەنراڵی فەرەنسی نیڤل لەرینس (ئەپریلی ١٩١٧) بە ٣٠ هەزار کوشتە و ٨٠ هەزار برینداریشەوە سوودێکی نەبوو. بە دوای ئەم شکست و شەڕە بێسوودانەدا، ساڵی ١٩١٧، شەپۆلێکی ئاشتیخوازی و بێزاری لە شەڕ ئەورووپای داگرت. نەبوونی و قات وقڕی لە شارەکاندا و بەربەرەکانیی توند لە سەرمای بەرەکاندا بە تایبەتی زستانی ١٩١٦ ـ ١٧ کە تەنیا سەرچاوەی خواردن کەلەم شێلم بوو و بە زستانی کەلەمی شێلمیش ناوبانگی دەرکرد،



خەڵك و سەربازەکانی بۆ دژایەتی لەگەڵ شەڕ هاندا. بە تایبەتی سەربازەکان ئەو هەستەیان تێدا پێك هات کە لە پێناو هیچدا دەکرێنە قوربانی. بەدوای ئەم هەلومەرجەدا، سەرپێچیی سەربازەکان و ملێ نەدان بە فەرمانی سەرەوەی خۆیان لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاییدا، کاربەدەستانی لەگەڵ گیروگرفتی جیددی بەرەوڕوو کرد. لەمانگی مای ١٩١٧دا سەربازخانەکانی فەڕەنسا تووشی ئاڵۆزی بوون. هەر لە هاوینی ئەو ساڵەدا مەلەوانەکانی ئەڵمانیایش ڕاپەڕین. لە پاییزی ئەو ساڵەدا پاش شکستی سەربازانی ئیتالیا لە بەرامبەر نەمسادا، سوپای ئیتالیا تووشی ئاڵۆزی و ڕاکردنی سەربازەکانی بوو. لە شارەکانیشدا بە تایبەتی شارە پیشەسازییەکان نارەزایەتی لە شێوەی ڕێپێوانی سەرشەقامەکاندا سەری هەڵدا و کرێکاران بە مەبەستی نارەزایەتی لە ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ دەستیان بە مانگرتن کرد. بە کارهێنانی ژنان لە کارخانەکاندا لەگەڵ دژکردەوەی سەندیکا کرێکارییەکان لە فەڕەنساو بریتانیادا بەرەوڕوو بوو. ئاشتیخوازی، یەکیەتیی پیرۆزی نەتەوەیی کە سەرەتای شەڕ لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاییدا پێك هاتبوو، لەنێو برد و شەپۆلی ئاشتیخوازی لایەنگرانی شێلگیری لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە رەسمییەکاندا و لەنێو کاربەدەستە پایەبەرزە سیاسییەکان، مەزهەبییەکان و نیزامییەکاندا پەیدا کرد. ویلسۆن سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە دیسەمبەری ١٩١٦دا پێشنیاری کردنەوەی وتووێژەکانی ئاشتیی (ئاشتیی بێ سەرکەوتن) خستەڕوو. لە ئەورووپاشدا شارولی یەکەم ئیمپراتۆری نەمسا و باتمان ـ هلووگ ڕاوێژکاری بەرزی ئەڵمانیا چۆنیەتیی ئاشتیی لەگەڵ هاوپەیمانان خستە بەرباس و لێکدانەوە. زۆربەی نوێنەرانی پارلمانی ئەڵمانیاش لە جوولای ١٩١٧دا دەنگیان بە ئاشتیی بێ ڕەگەڵکەوتن (الحاق)دا. پاپ بینوای پازدەهەمیش لە بانگەوازێکدا ڕەگەڵ ئاشتیخوازان کەوت و بریتانیا لۆردلانسداون و لە فەڕەنسا کاربەدەستانی وەك ژۆزیف کایۆ لایەنگرییان لە ئاشتییەکی بەپەلە کرد. لە ڕووسیادا شەپۆلی ئاشتیخوازی لە هەموو شوێنێك زیاتر بەهێز بوو و دەکرێ بڵێین تەنیا وڵاتێك بوو کە ئەم شەپۆلەی تێدا سەرکەوت. لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپاییدا شەپۆلی ئاشتیخوازی بە هاتنی توندڕۆکانی لایەنگری شەڕ لەنێو چوو. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا جۆرێك دیکتاتۆری کە گوێیان بە بنەماکانی دێموکراسی نەدەدا، هاتنە سەرکار. لە ئەڵمانیادا دەسەڵاتی سەرەکی کەوتە دەست بەرپرسانی سوپا واتە لودیندرۆف و هیندنبورگ و ئەمانە ڕاپەڕینی هێزی دەریایییان لێبڕاوانە سەرکوت کرد و بە خستنە ژێر

کۆنترۆڵی کارخانەکان لەلایەن سوپاوە کۆتایی‌یان بە مانگرتن هێنا. باتمان هلووگیان بە ئاشتیخواز تاوانبار کرد و تاوانی دەنگی ١٩١٧ی رایشتاك (ئاشتیی بێ رەگەڵکەوتن)یان خستە ئەستۆی وی. راوێژکاری بەرز بە ناچار دەستی لەکار کێشایەوە و هێرتلینگ کە بە تەواوی لەژێر نفووزی سوپادا بوو لە جێگەی وی هاتە سەر کار. لە وڵاتانی دیکەشدا هەلومەرجێکی ئەوتۆ هاتە کایەوە. لە بریتانیا لویدجۆرج کە بە مرۆڤێکی لێبڕاو بەناوبانگ بوو جێگەی ئەسکۆئیتی گرتەوە. "ئەو کابینەیەکی شەڕانیی پێکهاتوو لە پێنج وەزیری پێکهێنا و ناوی نا کۆمیتەی شەڕ. ئەو کۆمیتەیە بە دەسەڵاتێکی لە رادە بەدەرەوە کارەکانی دەست پێکرد و جێگەی کۆمیتەی پاشایەتیی بەرگری گرتەوە." لە فەرەنسادا کلیمانسوو کاروبارەکانی گرتەدەست و بە بیانووی پاراستنی نهێنییە نیزامییەکان خۆی لە دانی هەرچەشنە زانیارییەك بە پەرلەمان یان سەرکۆمار بوارد. ئەو هەروەها دەستی بە راونان و دەسگیرکردنی ئاشتیخوازان بۆ وێنە ژۆزێف کایۆ سەرۆك وەزیرانی پێشوو و مالڤی وەزیری پێشووی نێوخۆ کرد و بە هەڵبژاردنی ژەنڕاڵ پەتین وەك فەرماندەی سوپا کۆتایی بە ئاڵۆزییەکانی سوپا هێنا. لە ئیتالیاشدا ئۆرلاندۆ کە دروشمەکەی "خۆڕاگری، خۆڕاگری" بوو، جێگەی بوزلیی گرتەوە و بە یارمەتیی ژەنڕاڵ دیاز رێگەی بە پێشڕەوییەکانی نەمسا گرت. سەرەنجام ئەو دەوڵەتە بەهێزانە توانییان شەڕەکەی بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێبێنن و گرنگیی رێبەرایەتیی بەهێز و کردەوە هەڵسەنگێنراوەکانیان لە چارەنووسی شەڕدا سەلماند. بەڵام بارودۆخ لە رووسیادا بەجۆرێکی دیکە بوو.

هەروەك دیتمان رووسیا بۆ دیزەبەدەرخۆنە کردنی گیروگرفتە نێوخۆییەکانی شەڕی بە شتێکی باش دەزانی. لە حاڵێکدا ئەسڵەن توانای دەستپێکردن و هەڵسوڕاندنی شەڕێکی ئاوا بەربڵاوی نەبوو. دووبەرەکیی نەتەوایەتی لەم وڵاتەدا هەرچەند بەرادەی نەمسا ـ هەنگاریا نەبوو بەڵام لە ١٧٠ میلیۆن حەشیمەتی رووسیا ٤٠ میلیۆن کەس نەتەوەی غەیرە رووس وەك فینلەندییەکان، باڵتەکان، و پۆلۆنییەکان پێكهاتبوو. لەباری پیشەسازیشەوە لەچاو وڵاتانی ئەورووپایی زۆر لەدوا بوو و هێشتا ٨٠٪ ی حەشیمەتی ئەو وڵاتە لە گوندەکاندا نیشتەجێ بوون کە زۆربەیان لە زەوی و زار بێبەش بوون. رووسیا وڵاتێك بوو کە لەگەڵ زۆرترین گێرەوکێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرەوڕوو بوو. لەباری نیزامییشەوە لە بارودۆخێکی باشتردا نەبوو. زۆربەی هەرە زۆری سەربازانی رووس گوندی



بوون کە بۆخۆیان لە توێژە نارازییەکان بوون. ئەم وڵاتە، تازە لە ساڵی ١٩١٤دا بەرنامەیەکی چوار ساڵەی بۆ نوێکردنەوە و رێکخستنەوەی سوپا داڕشتبوو کە هێشتا نەگەیشتبووە واری کردەوەوە. نیشانەکانی شەڕ لە یەکەم مانگەکانی شەڕ لە سوپادا دەرکەوتن و بەدوای ئەمەشدا ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکانیش پەرەیان گرت. مانگرتن و راپەڕینەکان بەهۆی کەمیی خواردەمەنی، شتومەك و بێکاری لە ساڵی ١٩١٦دا دەستیان پێکرد و وردە وردە بەلایەنە سیاسییەکەیەوە زیاد بوو. هاوپەیمانان کە ترسیان لەوە بوو تەزار بۆ پاراستنی خۆی ملێ بۆ ئاشتییەکی بەجیا لەگەڵ ئەڵمانیا راکێشێ (سەرەڕای راگەیاندراوی لەندەن ١٩١٤)، دومێرگ وەزیری کۆلۆنییەکانی فەرەنسایان نارده رووسیا تا بەمەبەستی هاندانی ئەم وڵاتە بۆ شەڕ، وێڕای دانی پەیمان و بەڵێنی زۆر بە تەزار دەستی ئەم وڵاتە لە سنوورەکانی رۆژئاوادا ئاوەڵا بکاتەوە و لەلایەن هاوپەیمانانەوە پەیمانی پێبدا کە مەسەلەی پۆلۆنیا بە تەواوی دەدرێتە دەست رووسیا. شەش رۆژ دوای پەسەندکرانی کۆتایی ئەم رێککەوتنە لەلایەن فەرەنساوە، رژێمی تەزار رووخا. مانگرتنەکان و خۆپیشاندانەکان کە بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ژنەوە لە رۆژی ٨ی مارس (٢٣ی فێبریوەر بەپێی ساڵنامەی رووسیا) بە دروشمی "نان بۆ هەموو کەس" دەستی پێکردبوو، بە دروشمی سەرەڕۆیی و شەرمەزاری بۆ شەڕ درێژەی کێشا. سەربازەکان کە فەرمانی تەقەیان وەرگرتبوو هەڵگەڕانەوە و بۆ هەموو لایەك دەرکەوت کە تەزار کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی لەدەست چۆتەدەر. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات هاوکات دوو ناوەندی دەسەڵات پێكهاتن. یەکێکیان هەڵبژێردراوی دوما بوو کە پاشان ناوی دەوڵەتی کاتیی لەخۆنا و سەرۆکایەتییەکەی بەدەست شازادە لوڤۆڤ بوو. تەنیا سۆسیالیستێك کە تێدا بەشدار بوو ئەلیکساندەر کرێنسکی بوو. ئەوی دیکەیان سۆڤیەت (شوورەوی) پێترۆگراد بوو کە لە سوسیالیستە شۆڕشگێڕەکان و سۆسیال دێموکراتەکان (پێکهاتوو لە مۆنشوویك و بالشەویك)و نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان پێکهاتبوو و بە نیهادە خۆرسکەکانی شۆڕش دەژمێردرا. تەزار بۆ پاراستنی بنەماڵەی رۆمانۆڤەکان، بە قازانجی برازاکەی دەستی لە پاشایەتی کێشایەوە (١٥ی مارس) و کاتێك ئەویش خۆی لە پاشایەتی پاراست بنەماڵەی رۆمانۆڤەکان بە کردەوە رووخا.

هەولی فەرەنسا لە پێناوی هاندانی دەوڵەتی کاتی بۆ درێژەدانی شەڕ کە بە ناردنی نێردراوی فەرەنسا بۆ رووسیا دەستی پێکردبوو لەگەڵ راپەڕینی چەکدارانەی لایەنگرانی

ئاشتیی خێرا واتە لایەنگرانی سۆڤیەتی پێتروگراد بەرەوڕوو بوو. میلیۆکۆڤ لەبەرامبەر فشاری شۆڕشگێڕاندا دەستی لە کار کێشایەوە. بۆ جاری دووەم دەوڵەتی کاتی بە بەشداریی مۆنشویکەکان و سوسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بەسەرۆکایەتیی شازادە لڤۆڤ پێکهات درێژەی بە سیاسەتی دەوڵەتی یەکەم دا لەسەر درێژەدانی شەڕ. هاوپەیمانان کە لەو سیاسەتە رازی بوون لە یەکەم دەوڵەتەکان بوون کە دەوڵەتی کاتییان بە رەسمی ناسی، بەڵام لە نێوخۆی رووسیادا خەڵك خوازیاری ئاشتیی خێرا بوون. هەربۆیە لڤۆڤیش لە جوونی ١٩١٧دا ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە و کرێنسکی دەوڵەتێکی بە زۆرینەی سۆسیالیستەکانەوە پێك هێنا. کرێنسکی لە بەرامبەر شەڕدا سیاسەتێکی دوو چەشنەی هەبوو، چونکە لەلایەك بەڵێنی بە هاوپەیمانان دەدا کە درێژە بە شەڕ دەدا و خۆ لە قەبووڵکردنی ئاشتیی ئەڵمانیا (٩ی جوون) دەپارێزێ و لەلایەکی دیکەشەوە وەك نوێنەری سوسیالیستەکانی رووسیا لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی سوسیالیستەکاندا بە مەبەستی لایەنگری لە ئاشتییەکی بێ سەرکەوتن و بێ غەرامەت کە لە ستۆکهۆڵم پێكهاتبوو، بەشدار دەبوو. بەڵام خەڵك کە خوازیاری ئاشتی بوون هەر لە سەرەتاوە روویان کردە بالشویکەکان کە بە ئەنقەست لە حکوومەتی کاتیدا بەشدار نەببوون.

لاوازبوونی وردە وردەی دەوڵەتی کاتی و سەرەنجام رووخانی لە ٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٧دا بەهۆی بالشویکەکانەوە کۆتایی بەتەواوی ئەو باس و خواسانە هێنا و هاوپەیمانان کە کارێکیان بۆ بەهێز کردنی کرێنسکی نەکردبوو ناچار بوون مل بۆ ئاشتیی بەجیای بالشویکەکان راکێشن. لە ٢١ی نۆڤەمبەردا فەرمان درا بە ژەنراڵ دوخونین دەست بە وتووێژی دەست هەڵگرتن لە دوژمنایەتی بکا و کاتێك ئەو نەی کرد کریلینکۆیان لەجێ داناو هەواڵیاندا بە هاوپەیمانان کە دەوڵەتی نوێ بەڕێوەبردنی پەیمانەکانی تەزار بە ئەرکی خۆی نازانێو دەیەوێ ئاشتییەکی بەجیا لەگەڵ ئەڵمانیادا ئیمزا بکا. پەیمانی دەست هەڵگرتن لە دوژمنایەتی لە ١٥ی دیسەمبەری ١٩١٧دا لە قەڵای برێست لیتوفێسك لەنێوان بالشویکەکان و ئەڵمانیاییەکاندا ئیمزا کرا. ڤەرخۆڤسکی وەزیری شەڕی بالشویکەکان دانی بەوەدا ئەگەر دەوڵەتی کاتی ئاشتیی قەبووڵکردبا بالشویکەکان سەرنەدەکەوتن. بالشویکەکان بەمەبەستی سەرکەوتن بەپاساو هێنانەوەی ئایدۆلۆجیا (شەڕی ئیمپریالیستەکان) سواری شەپۆلی ئاشتیخوازی بوون و بەپێی کەشوهەوای زاڵ کۆتایی هێنان بە شەڕیان کردە سەردێڕی بەرنامەکەیان. سەربازە رووسەکان چاویان بڕیبووە



نێوخۆی وڵات و لە گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیاندا و سوود وەرگرتن لەو زەوییانەی دابەش دەکران ئۆقرەیان نەبوو.

وتووێژەکان لە بیستی دیسەمبەردا لە شاری برێست لیتوفسك دەستیان پێکرا. ژەنراڵ ژۆڤ لە رووسیا، کۆهێلمەن لە ئەڵمانیا، زەرنین لە نەمسا مەئمووری وتووێژ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بالشەویکەکان رایانگەیاندبوو خوازیاری ئاشتیی بێ رەگەڵ کەوتنی ناوچەیەکن بەبێغەرامەت و لەو ناوچانەدا کە دوو وڵاتی رووسیا و ئەڵمانیا داوایان دەکردن خوازیاری رێفراندۆم بوون. ئەو ناوچانە بریتی بوون لە پۆلۆنیا، لیتوانی و کورلاند. ئەو راپرسییە کە بۆچوونی خەڵکی ئەو ناوچانەی لەبارەی رەگەڵ کەوتن بەو وڵات یان بەم وڵاتەدا دەپرسی، بەپێی روانگەی بالشەویکەکان دەبوا دوای پاشەکشەی سەربازانی ئەڵمانیای بەڕێوە بچێ، لەحاڵەتێکدا ئەڵمانیاییەکان راپرسیی گشتییان بە بوونی سەربازەکانیان قەبووڵ کرد. ئەم مەسەلەیە بوو بەهۆی راوەستانی وتووێژەکان. لێنین چونکە دەیزانی سوپای رووسیا توانای دەست پێکردنەوەی شەڕی نییە پێی وابوو دەبێ مەرجەکانی ئەڵمانیا قەبووڵ بکەن. هەر لەو کاتەدا نەمساش وتووێژەکانی ئاشتیی لەگەڵ کۆماری سەربەخۆی ئۆکرانیا کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەرەسمی نەدەناسی دەست پێکرد. ترۆتسکی کە جێگەی ژۆڤی لە کۆمیسارىیای کاروباری دەرەوەی گرتبووەوە لەبارەی ئەوەدا کە هێزەکانی بێگانە لەگەڵ ئۆکرانیا وتووێژ بکەن نارازی بوو و ئەوەی بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی رووسیا دەزانی. لەو نێوەدا ئەڵمانیا فەرمانی دەست پێکردنی هێرشی نیزامیی دەرکرد و سوپای ئەڵمانیا بەبێ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هیچ چەشنە خۆڕاگرتن و بەربەرەکانییەك دەستی بە پێشڕەوی کرد (١٨ی فێبریوەری ١٩١٨). لەبەرامبەر ئەم رووداوەدا دەوڵەتی باڵشەویك تووشی دووبەرەکی بوو. لێنین لایەنگری ئاشتییەکی خێرا بوو بەڵام بوخاریەن بەربەرەکانیی چەکدارانەی بەشێوەی شۆڕشگێڕانەی پێشنیار دەکرد. تێزی لێنینی بەحاڵەحاڵ سەرکەوت و کۆمیتەی ناوەندیی بەڕێوەبەری سۆڤیەتەکان بەهۆی پێداگرتنی لێنین لە ٢٤ی فێبریوەری ١٩١٨دا مەرجە ترسناکەکانی ئەڵمانیای قەبووڵ کرد. لە ٣ی مارسدا پەیماننامەی ئاشتیی برێست لیتوفسکی ئیمزا کرا و رووسیا لە داوای خۆی لەبارەی پۆلۆنیا، لیتوانی و کورلاند چاوپۆشیی کرد و لیتوونی و ئیستوونییدا بە هاوپەیمانەکانی و بەمجۆرە بەنرخی لەدەستدانی ناوچەیەکی زۆر شۆڕشی رزگار کرد. پەیماننامەی ئاشتیی رووسیا داوای رۆمانیاشی بەدوادا هات. فێردیناند پاشای نوێی رۆمانیا تەنانەت چاوەڕێی ئاشتیی

بڕێست لیتوفسکیش نەبوو و وتووێژەکانی ئاشتیی لە دەی فێبریوەردا دەست پێکرد. پەیماننامەی بوخاریست لە ٧ی مای ١٩١٨دا لەنێوان ڕۆمانیا و بەرەی یەکگرتوودا ئیمزا کرا و زۆر لە ناوچەکانی ڕۆمانیا دران بە نەمسا. لەمەوبەدوا هاوپەیمانان سیاسەتی پشتیوانی لە دوژمنانی شۆڕشی ڕووسیایان گرتەبەر چونکە لە ڕووسیا هیوا بڕاو بوون و لەمەوبەدوا وەکو دوژمنی سوێندخواردوو سەیری ئەم وڵاتەیان دەکرد و ڕووسیاش سروشتی بوو کە بەلای ئەڵمانیا دەشکایەوە کە پاشان باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین. (ڕێککەوتننامەی ڕاپالو ١٩٢٢). ئاکامی ئاشتیی بەجیای بڕێست لیتوفسکی شێوانی هاوسەنگییەك بوو کە ناوەندە فەرماندەییی هاوبەشەکان سێ ساڵ ئاواتیان بۆ دەخواست. لەمەوبەدوا سوپای ئەڵمانیا دەیتوانی بەهێزێکی زیاترەوە بە بەرەی ڕۆژئاوادا بگا. بەڵام هاتنی ئەمریکا بۆ نێوشەڕ هاوسەنگییە نیزامییەکانی بەتەواوی تێك دا.

**ج) هاتنی ئەمریکا بۆ نێو شەڕ**

بێگومان ڕاگەیەنرانی هاتنی ئەمریکا بۆ نێوشەڕ لە ئەپریلی ١٩١٧دا هیوای هاوپەیمانانی بە سەرکەوتن بەهێز دەکرد. بەڵام کاریگەریی ئەمە پێویستیی بە ماوەیەکی یەك ساڵە هەبوو. چونکە ئەمریکا خاوەنی هیچ سوپایەك نەبوو و دەبوا پێکی بێنێ و ڕەوانەی شەڕی بکا. یەکەم یەکە نیزامییەکانی ئەمریکا لە پاییزی ١٩١٧دا هاتە ئەورووپا و کاریگەرییەکەیان لە هاوینی ١٩١٨دا دەستی پێکرد.

تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٦ ئەمریکاییەکان لایەنگری ئاشتیی بێسەرکەوتن بوون و لەساڵی ١٩١٧دا هێندێك ڕووداو هاتنە پێش کە ئەمریکا خۆی بەناچار دەزانی بێتە ناوەوە. ئەوەی ببووە هۆی شەڕ پێناخۆشبوونی ئەمریکا بۆچوونە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە لە ئاستی نێونەتەوەییدا نەبوو بەڵکو کەم بوونەوەی قازانجە بازرگانییەکانی بوو. تەحریمی دەریایی ئەڵمانیا لەلایەن فەڕەنسا و بریتانیاوە کە لە سەرەتای ١٩١٥دا بەڕێوە دەچوو ئاکامی زۆر بەسوودی بۆ هاوپەیمانان بەدواوە بوو و لەکۆتاییەکانی ١٩١٦دا ئەڵمانیا لە بارودۆخێکی خراپ دابوو. ئەڵمانیاییەکان بڕیاریاندا ئەم چەکە لە دژی بریتانیا کە ئابوورییەکەی زیاتریش بەدەرەوە بەستراوە بوو، بەکاربێنن. بۆیە شەڕی ژێر دەریاییەکانیان دەست پێکرد و هەر کەشتییەك کە لە لێوارەکانی بریتانیا نزیك بوایە هێرشیان دەکردە سەر. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بازرگانییەکی بە ڕمێنی لەگەڵ وڵاتانی لە حاڵی شەڕدا هەبوو زۆرترین زەرەری پێگەیی. لەساڵی ١٩١٧ەوە ئەڵمانیاییەکان ڕادەی



هێرشەکانیان زیاد کرد چونکە پێیان وابوو بریتانیا بۆماوەی زیاتر لە سێ ساڵ خواردەمەنیی نیە و دوای ئەمە داوای ئاشتی دەکا. لەماوەی ٦ مانگدا سێیەکی [کەشتییەکانی] بریتانیا نوقم بوو بەڵام بریتانیا بە یارمەتی هاوپەیمانەکانی خۆی واتە فەڕەنسا و بەتایبەتی ئەمریکا شکستی بە نەخشەی ئەڵمانیاییەکانی هێنا. زیادبوونی هێرشی ئەڵمانیاییەکان بۆ سەر کەشتییەکان بەتایبەتی کەشتیی گەشتیار هەڵگرەکان لەگەڵ ناڕەزایەتیی توندی ئەمریکا بەرەوڕوو بوو. بۆیە لە ٣١ی جۆنیوەری ١٩١٧دا داوای لە ئەڵمانیا کرد دەست لە هێرش بۆسەر کەشتییەکان هەڵ بگرێ. بەڵام ئەڵمانیا لە وەڵامدا گوتی بۆ ئەم مەبەستە دەبێ مەرجەکانی ئاشتیی ئەڵمانیا قەبووڵ بکا. بڕیاری ئەمریکا بەمەبەستی بەشداریکردن لە شەڕدا سێ قۆناغی تێپەڕکرد. لە سێی فێبریوەردا پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا پساند. ١٢ی مارس سەرۆك کۆماری ئەمریکا بڕیاریدا کەشتییە بازرگانییەکانی ئەمریکا بە تۆپ تەیار بکرێن، و سەرەنجام لە ٢ی ئەپریلدا ماوەیەکی کورت پاش ئەوەی کەشتییەکی گەشتیارهەڵگری ئەمریکا لەلایەن ئەڵمانیاوە وەبەر تۆپ درا، سەرۆك کۆماری ئەمریکا هاتنی ئەمریکای بۆنێو شەڕ بە کۆنگرە ڕاگەیاند. لەو کاتەدا بیروڕای گشتیی ئەمریکاش بۆ بەشداریکردن لە شەڕدا ئامادە ببوو. پێشهاتێکی دیکە کە هەستی ئەمریکاییەکانی لەدژی ئەڵمانیا وەجۆش دێنا تەلەگرافێك بوو کە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بۆ بالیۆزی ئەمریکا لە مەکزیکی ناردبوو. لەو تەلەگرافەدا پێشنیار بە مەکزیك کرابوو کە ئەگەر لەگەڵ ئەمریکا شەڕ بکا، ئەڵمانیا لە پەنا مەکزیك دەبێ و پاش سەرکەوتن ئەو ویلایەتەی لە ساڵی ١٨٤٨دا ئەمریکا بەپێی پەیماننامەی گوادالۆپ بەزۆری داگیری کردبوو دەیخاتەوە سەر مەکزیك. ئەم تەلەگرافە بەهۆی ئینگلیزەکانەوە ئاشکرا بوو و خستیانە دەست وێلسۆن.

لەسەرییەك ئەگەرچی هاتنی ئەمریکا بۆ نێو شەڕ بوو بە هۆی هیواداربوونی هاوپەیمانان بەڵام ئەوە وەك کارێکی ئەمریکایی و بەدوور لە نفووزی ئەورووپاییەکان سەیری دەکرا. ئەمریکا ڕێککەوتننامەی لەندەنی لە ١٩١٤دا کە بڕیار درابوو هاوپەیمانان بەڵێن دەدەن خۆ لە ئیمزای بەجیای ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیاییەکان بپارێزن، ئیمزا نەکردبوو. جگە لەوەش مەبەستی لەنێو بردنی سیاسی یا ئابووریی ئەڵمانیاش نەبوو و سیاسەتێکی جیا لە هی هاوپەیمانانی هەبوو. ئەمریکا دەیەویست سیستەمێکی نوێی جیهانی دابمەزرێنێ بەڵام پاشان لەنێوخۆدا لەگەڵی نەدەگونجا و دەستی لێهەڵگرت. ڕاگەیەنراوی ١٤ ماددەیی

ویلسۆن کە لە ٨ی جۆنیوەریی ١٩١٨دا بڵاوبۆوە پرەنسیپەکانی ئەم سیستەمە نوێیەی دیاری دەکرد. وێلسۆن حەزی دەکرد ئاشتییەکی هەمەلایەنە لە ئەورووپادا بەرقەرار بێ و نەتەوەی ئەڵمانیایش دڵنیا بێ کە جیهان حیسابی نەتەوەی ئەڵمانیا لە دەوڵەتی ئەڵمانیا جیا دەکاتەوە.

**د) کۆتایی شەڕ**

هەرچەند ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا پاش هێندێك سەرکەوتن لە بەهاری ساڵی ١٩١٨دا هەلومەرجەکەیان بۆ دەستپێکردنی وتوویژ بەباش زانی و ئەمەیان کردە پێشنیار بۆ ئیمپراتۆر، ناوەندی فەرماندەیی بەرزی ئەڵمانیا خوازیاری درێژەدان بەشەڕ بوو. هەڵوێستی هاوپەیمانان لەبەرامبەر رژێمی نوێی رووسیادا و ناردنی بالیۆز لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئارخان گیلسك (بنکەی حکوومەتی دژی بالشەویك) و لە ئاکامدا شکانەوەی بالشەویکەکان بەلای ئەڵمانیادا تروسکەیەکی هیوای لە دڵی بەرەی یەکگرتوودا پێك هێنا و بوو بەهۆی ئەوەی هیوایان بەدرێژەدانی شەڕ هەبێ. هەر لەم کاتەدا هەوڵی ئەڵمانیاییەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە باڵشەویکەکان بەمەبەستی شکستی هاوپەیمانان زۆر درەنگ ببوو. چونکە پاش ئەوەی گەڵاڵەی هاوپەیمانان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی بەجیا لەگەڵ نەمسا سەرنەکەوت، پرۆتۆکۆلی یەکیەتیی نەمسا و ئەڵمانیا لە ١٢ی مای ١٩١٨دا بۆ ماوەی ١٢ساڵی دیکە ئیمزا کرا، هاوپەیمانان بریاریاندا پەرە بە کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانی نەمسا بدەن و هانیان بدەن بۆ راپەرین و لەمەوبەدوا لەجیاتی خودموختاریی ئەم نەتەوانە باس لە دەسەڵاتی نەتەوەیی و دابەشکردنی ئیمپراتۆریی نەمسا ـ هەنگاریایان هێنایە گۆڕێ. بەدوای ئەم ئاڵوگۆڕەدا پێی ئیتالیاش کەوتە ئەم کێشەیەوە. ئەم وڵاتە هەرچەند دژایەتیی لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتێکی چێك دەکرد کە فەرەنساوییەکان وەعدیان بە ئیدوارد بنیش سەرۆکی کۆمیتەی نەتەوەیی چیك لە پاریسدا دابوو، هاودەردییەکی زیاتری لەگەڵ وڵاتانی باڵکان دەکرد و کۆنگرەی نەتەوە بێبەشەکانی ژێر دەسەڵاتی نەمسای لە ٨ی ئەپریلیدا لە رۆما پێکهێنا. لەم کاتەوە کاری رێکوپێکی دابەشکردنی ئیمپراتۆریی نەمسا- هەنگاریا دەستی پێکرد.

شارولی یەکەم ئیمپراتۆری نەمسا لە ١٥ی ئاگوستدا بە ئەڵمانیای راگەیاند کە نەمسا ناتوانێ تەنانەت تا زستانی داهاتووش درێژە بە شەڕ بدا. لە ١٤ی سێپتەمبەردا دەوڵەتی نەمسا بۆ هاوپەیمانان پێشنیاری کرد کە وتوویژەکان لەبارەی مەرجەکانی ئاشتی



دەست پێبکەن. هاوپەیمانان وەڵامیانداوە پێکهاتنێك لە گۆڕێدا نییە و هاوکات لەگەڵ ئەمە درێژەیان بە پێشڕەوییەکانیاندا. سوپای هاوپەیمانان لە سالونیکەوە بەرەو بولگاریا لەحاڵی پێشڕەویدا بوو و بولگاریا بەهۆی ئەوەی نەیتوانیبوو لەماوەی شەڕەکانی باڵکاندا دیبروجەی وەدەست بێنێی، لە هاوپەیمانەکانی واتە نەمسا و ئەڵمانیا ناڕازی بوو و متمانەی بەو یەکگرتنە نەبوو و لەرێگەی بالیۆزی ئەمریکا (ئەمریکا شەڕی لە دژی بولگاریا رانەگەیاندبوو و باڵیۆزخانەی لەم وڵاتەدا هەبوو)وە داوای لە ویلسۆن کرد بۆ بەرێوەچوونی راگەیەنراوی ١٤ی ماددەیی خۆی نێوبژیوانی بکا. هەر لەو کاتەشدا سوپای خستە خزمەت فەرماندەی سوپای سالونیکەوە. رێککەوتننامەی دەستهەڵگرتن لەشەڕ لەگەڵ بولگاریا لە ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩١٨دا ئیمزا کرا و بولگاریا بەرعۆدە بوو کە سوپای خۆی بەبێ جموجووڵ رابگرێ و یۆنان و سێربیا چۆڵ بکاو ئیزن بە هێزەکانی هاوپەیمانان بدا بەوێدا بەرەو نەمسا بچن.

ئەم کارەی بولگاریا ئەڵمانیای ناچار کرد داوای دەستهەڵگرتن لە شەڕ بکا. رێککەوتنی دەست هەڵگرتن لەشەڕ لەگەڵ ئەڵمانیا دەبوا بە پێی راگەیەنراوی ویلسۆن بێ کە ئەمە خۆی دەبووە هۆی دووبەرەکی لە نێوان هاوپەیمانەنەوە. چونکە لویدجۆرج پێی-خۆش نەبوو مەسەلەی ئازادیی دەریاکان قەبووڵ بکا، کلیمانسو لەلایەن فەرەنساوە ناڕەزایەتیی خۆی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان و چەك داماڵین دەردەبڕی و ئیتالیا خوازیاری وەبەرچاوگرتنی پەیماننامەی لەندەن بوو. هاوپەیمانان لەبەرامبەر پێداگرتنی ئەمریکا لەو گەڵاڵەیەدا هەموو مەرجە راگەیەنراوەکانیان قەبووڵ کرد و لە ١١ی نۆڤەمبەری ١٩١٨دا دەست هەڵگرتنیان لە شەڕیان لەگەڵ ئەڵمانیادا ئیمزا کرد.

هێشتا رێککەوتنی کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیادا ئیمزا نەکرابوو کە نەمساش داوای دەست هەڵگرتن لە شەڕی لە ویلسۆن کرد. بەڵام لەوکاتەدا ئەمریکا پێکهاتنی شوورای نەتەوەیی چیکۆسلۆڤاکیا و سەربەخۆیی یوگسلاڤیای لە جێگەی خودموختاریی نەتەوەکانی سەر بە نەمسای دێنایە گۆڕێ و ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئیتالیا هێشتا هەر درێژەی بە هێرشەکانی دەدا. ئیتالیا خوازیاری چۆڵکردنی ئەو ناوچانە بوو کە لە پەیماننامەی لەندەندا بڕیار درابوو پێی بدرێن. باس لەبارەی ماددەکانی رێککەوتن لە ڤێرسای، بنکەی ئەنجوومەنی بەرزی شەڕ رۆژی ٣١ی ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد.

عوسمانیش هەرکە زانی بولگاریا دەستی لە شەڕ هەڵگرتووە بەشێوەیەکی هەڵپەرستانە عێززەت پاشای کردە وەزیر کە بەدۆستایەتی لەگەڵ هاوپەیمانان بەناوبانگ بوو و نوێنەرێکی لەگەڵ ئەفسەرێکی ئینگلیزی کە لە زیندانی عوسمانیدا بوو ناردە لای هێزە دەریاییەکانی ئینگلیز لە دەریای ئیجەدا و ئەم دوو وڵاتە بەبێ ئاگاداریی فەرەنسا ڕێککەوتننامەی مودروسیان لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا ئیمزا کرد کە چەك دامالێن لە سوپای عوسمانیو ئەگەر پێویست بێ گرتنی دەرووەکانی بۆسفێر و داردانێل لەلایەن هاوپەیمانانەوەو هەروەها گرتنی یاتووم و باکۆی تێدا پێشبینی کرابوو. فەرەنسا کە بەسەر ئەم کارەدا کەوت ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسند کرد.

## ٤ـ پەیماننامەکانی ئاشتی

وتووێژەکانی ئاشتیی ڤێرسای کە بە بەشداریی ٢٧ وڵات لە ١٢ی جۆنیوەرییەوە تا ٢٨ی جوونی ١٩١٩ درێژەی کێشا، لەلایەك کێشەی نێوان سەرکەوتووەکان و دۆڕاوەکان و لە لایەکی دیکەوە کێشەی نێوان خودی سەرکەوتووەکانی تێدا بوو. کێشەی سەرکەوتووەکان زیاتر لە ئایدیالیزمی ویلسۆنی و حەزی فەرەنسا بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوتی زیاتر و هەروەها ویستی فەرەنسا بۆ لاوازکردنی ئەڵمانیا لەلایەك و ترس لە بریتانیا لە باڵا دەستی بەسەر فەرەنسادا لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەی دەگرت. لە حاڵێکدا ئەڵمانیا بە پشتبەستن بە راگەیاندراوی ویلسۆن هاتە نێو وتووێژەکانەوە و زوو بۆی دەرکەوت کە ئەوەی کۆنفرانس بەسەریدا دەسەپێنێ زۆر لەوە زیاترە کە چاوەڕوانیی لــێدەکرد.

بەهۆی ئەوە کە نەدەکرا هەموو وڵاتان لە بڕیارەکاندا بەشدار بن لە ١٢ی جۆنیوەریدا کۆنفرانسێك بە بەشداریی دە ئەندام پێکهات. لە بەر ئەوەی کارەکان زۆر بوون ژمارەیەك کۆمیسیۆن (٥٢ کۆمیسیۆن) کە هەرکامیان هەڵسەنگاندنی بابەتێکیان بە ئەستۆوە بوو پێكهاتن. بەڵام سەرەنجام لە مانگی مارس بەدواوە بڕیارە کۆتاییەکان لەدەرەوەی ئەنجوومەنی دەکەسیدا بەهۆی چوارکەس واتە سەرۆکی دەستە نوێنەرایەتییە رەسمییەکانی هێزە گەورەکان واتە کلیمانسو سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا، لویدجۆرج سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، ویلسۆن سەرۆك کۆماری ئەمریکا و ئورلاند سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا، دەدران. نوێنەری ژاپۆن تەنیا لەبارەی مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی دووردا پرسی پێدەکرا. ئەم چوار کەسە لە ٤٥ کۆبوونەوەدا چارەنووسی دونیای پاش شەڕیان دیاری کرد. ژاك دروز



مێژوونووسی فەرەنسی بەمجۆرە کەسایەتیی ئەم چوارکەسە وەسف دەکا: "کلیمانسو پیاوێکی لێو بە بزەو رووخۆش بوو کە لەگەڵ ئەوەدا بەدگومان بوو واقیعگەراش بوو، بەڵام بەقسەی نەیارەکانی داهێنەر نەبوو. لوید جۆرج سیاسی بوو کە بە ئۆگری و خۆشحاڵییەوە دەدوا و لە هەڵکشان و داکشانی بیروڕای گشتی غافڵ نەبوو. ویلسۆن خاوەنی کەسایەتییەکی مامۆستایانە، ئینتیزاعی و دەستووردەرانە بوو و باوەڕێکی پتەوی بەهێزی ئەمریکا هەبوو کە دەسەڵاتێکە باشتر لە هەر کەس دەتوانێ پارێزەری دێموکراسی بێ و دەتوانێ ئەورووپا بەرەو داهێنان پاڵ پێوەنێ و لەڕاستیدا بانگەشەی ڕێبەرایەتیی هەموو بنیادەمەکانی هەبوو. لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ئاشتی دەبێ ڕەنگدانەوەی نوێ بوونەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بێ و بارودۆخی مرۆڤەکان لەمەوبەدوا نەبەسترابێتەوە بە دیپلۆماسیی سوننەتییەوە، بەڵکو دەبێ مرۆڤەکان پشتیان بە ڕێکخراوێکەوە بێ کە پارێزەری بەردەوامی ئاشتی بێ. ئورلاندو لێوبەبزە و کەسایەتییەکی لەبەردڵان بوو کە ئامرازی دەستی ویست و حەزەکانی وەزیری دەرەوەی خۆی سونینۆ بوو. شارەزاییەکی باشی لەسەر مەسەلەکانی ئەورووپا هەبوو بەڵام سینگ فراوان و وردبین نەبوو.

هەرکام لە وڵاتانی بەشدار بە کۆمەڵێك داوا و بەرنامەی جیاوازەوە هاتنە کۆنفرانس و تەنیا ئەمریکا کە زەمینەی داهاتووی قازانجەکانی خۆی دادەڕشت داوای دەست بەسەردا گرتنی هیچ ناوچەیەکی نەدەکرد و دژایەتیی لەگەڵ داوا فراوانخوازییەکانی سەرکەوتووەکان دەکرد. ویلسۆن خوازیاری بەڕێوەچوونی راگەیاندراوی خۆی و پێکهاتنی سیستەمێك لەمەڕ بنەمای کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو. بریتانیا کە خوازیاری هەڵوەشاندنی هێزی دەریایی ئەڵمانیا بوو بەمەبەستی خۆی گەیشت و رازی دەهاتە بەرچاو بەڵام هێشتا بەدوای ئامانجە ئابوورییەکانییەوە بووو دەیەویست دەست بەسەر بازاڕەکانی ئەڵمانیادا بگرێ و هەوڵی دەدا لە فشاری فەرەنسا بۆسەر ئەڵمانیا کەم بکاتەوە. چونکە لاوازکردنی هەمەلایەنەی ئەم وڵاتەی بەدواوە دەبوو. لەلایەکی دیکەوە چونکە لە مەترسیی بالشەویزم و باڵادەستیی فەرەنسا بەسەر قاڕەی ئەورووپادا نیگەران بوو تارادەیەك لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا خۆی ڕێكدەخست و لەبەرامبەر فەرەنسادا رادەوەستا. فەرەنسا کە زیاتر لەهەموان زیانی لە شەڕەکەدا وێ کەوتبوو بەر لە هەموو شتێك لەبیری پتەوکردنی ئاسایشی خۆیو دەستەبەرێك لەبەرامبەر مەترسیی شیمانەیی هێرشی ئەڵمانیادا بوو. لەلایەکی دیکەوە بەمەبەستی بووژاندنەوەی ئابووریی خۆی و هەروەها لاوازکردنی ئابووریی ئەڵمانیا (وەك سیاسەتی

بیسمارك (١٨٧١) لەسەر ئەستاندنی غەرامەی زیاتر لەئەڵمانیا پێیداگرت. بە پێچەوانەوە ئیتالیا بەهۆی ئەوە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرکەوتندا نەبوو زۆریان دەرفەتی گەمەکردن پێنەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەك بە داوا سنوورییەکانی خۆی گەیشت بەڵام بەردەوام خوازیاری بەرێوەچوونی مەرجەکانی پەیماننامەی لەندەن (١٩١٥) بوو.

پاش گێرەوکێشەیەکی زۆر لەنێوان هاوپەیماناندا لەسەر دابەشکردنی دەسکەوتەکان و چۆنیەتیی داهاتووی پێوەندییەکان لەگەڵ ئەڵمانیا لە ٢٨ی جوونی ١٩١٩دا پەیمانێکی ئاشتی بە ئیلهام لە ڕاگەیەنراوی ویلسۆن و بە ٤٤٠ ماددەوە لە هۆڵی ئاوێنەی کۆشکی ڤێرسای (لەو شوێنەی شازادەکانی ئەڵمانیا لە جۆنیوەری ١٨٧١دا تاجی خۆیان پێشکەش بە ئیمپراتۆری پرووس کرد و ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا پێك هات) ئیمزا کرا.

بەپێی پەیمانی ڤێرسای ویلایەتەکانی ئالزاس و لۆرێن دران بە فەرەنسا و ناوچەی ئۆپن مالمێدی بە بەلجیکا و پۆزنانی بە پۆلۆنیا کە بەهۆی ڕێڕەوی دانتزیك دەچۆوە سەر دەریا. شاری دانتزیك دەکەوتە ژێر چاوەدێریی کۆمەڵەی نێونەتەوەییەوە و بەرێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە و گومرگەکەی دەکەوتە ئەستۆی پۆلۆنیا. دیاریکردنی چارەنووسی شلزویك و سیلیسیای سەرەوە بە ڕاپرسیی گشتی ئەسپێردرا و سەرەنجام بەپێی ڕاپرسییەك کە لەساڵی ١٩٢١دا بەرێوەچوو، شلزویك خرایە سەر دانیمارك و سیلیسیا کە ٦٠٪ خەڵکەکەی دەنگیان بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەڵمانیا و ٤٠٪ بە تێکەڵبوون لەگەڵ پۆلۆنیادا و بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان سێیەکی خرایە سەر پۆلۆنیاو دوولەسێی خرایە سەر ئەڵمانیا.

جگە لەمانە ئەڵمانیا هەموو کۆلۆنییەکانی خۆی لەدەستدا. کامێرۆن و بەشێك لە تۆگۆ درانە فەرەنسا و ئەفریقای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا دران بە بریتانیا و دوورگەکانی پاسیڤیك (زەریای ئارام) دران بە ژاپۆن تا لە ژێر سەرپەرشتیی ئەواندا بەرێوە بچن. سەرپەرشتایەتی لەڕاستیدا حیلە شەرعییەك بوو کە بەهۆی دژایەتیی ویلسۆن بەدانی کۆلۆنییەکانی وڵاتانی دۆڕاو بە وڵاتانی سەرکەوتوو لە کۆلۆنیالیزمدا دەکرا. بەپێی ماددەی ٢٢ی ڕاگەیەنراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیار درا بەرێوەبردنی ئەم کۆلۆنییانە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بدرێتە هێندێك هێزی خاوەن ئەزموون تا وێڕای بەرێوە بردنیان هەوڵبدەن بەسەربەخۆیی بگەن. کۆلۆنییەکانی پێشوو بە سەر سێ گرووپدا دابەش بوون: "گرووپی "ا"" کە لە پلەیەکی پێشکەوتنی زیاتردا بوون (وەکو ئەو وڵاتانەی لە ئیمپراتۆریی عوسمانی جیا بوونەوەو دەیانتوانی خۆیان بەرێوە بەرن) بەڵام پێویستییان بە ڕێنوێنی هەبوو. گرووپی "ب"



کە بۆ بەرێوەبردنی خۆیان پێویستییان بە وڵاتانی پێشکەوتوو هەبوو و گرووپی "پ" کە دەیانتوانی بەشێك لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی وڵاتی سەرپەرستیاریان بن.

بۆ دەستەبەرکردنی ئەمنییەتی فەرەنسا بڕیار درا سوپای ئەڵمانیا مافی بوونی هێزی زرێی و تۆپخانەی نەبێ و بۆ سەد هەزار سەرباز کە لە نێو خۆبەخشەکاندا وەردەگیرێن کەم بێتەوە. هەروەها سوپای ئەڵمانیا نەیدەتوانی هێزی هەوایی هەبێ و هێزی دەریاییەکەی تەنیا دەیتوانی چەند کەشتییەکی بچووکی هەبێ و لە هەبوونی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش، بێبەش کرا. هەروەها بە پێی ماددەی ٢٣١ ئەڵمانیا بە بەرپرسی شەڕ ناسرا و بە دانی غەرامەیەکی قورس مەحکووم کرا کە دەبوا بە شێوەی پارە، دارایی و کار بیداتەوە.

## پەیمانی ئاشتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەڵمانیا

شوورای ٤ کەسی بەرپرسایەتیی ڕێککەوتنی ئاشتیی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی ئەڵمانیا خستە ئەستۆی ئەنجوومەنێك کە لە وەزیرەکانی دەرەوەی وڵاتانی سەرکەوتوو پێك هاتبوو. ئەم پەیمانانە بە ناوی گەڕەکە جۆربەجۆرەکانی دەوروبەری پاریس کە ڕێککەوتنەکەیان تێدا بەسترا، ناودێر کران.

بڕیار درا بەشی لای چەپی ڕووباری ڕاین لە لایەن سێ سەرکەوتووەوە وەکو دەستەبەرێك بۆ دانی خەسارەتی شەڕ تا کۆتایی پاکانە حیساب داگیر بکرێ.

**پەیمانی سان جێرمەن:** بە پێی پەیمانی سانجێرمەن کە لە دەی دیسەمبەری ١٩١٩دا بەسترا پێش بە هەوڵی نەمسا گیرا کە لە مارسی ئەو ساڵەدا دەیویست لەگەڵ ئەڵمانیا یەك بگرێ. بە پێی ئەم پەیمانە سێچارەکی خاکی ئیمپراتۆری نەمسا و چوار لە پێنجی حەشیمەتی ئەم وڵاتە جیاکرایەوە و نەمسا بوو بە وڵاتێکی بچووك بە ٦/٥ میلیۆن حەشیمەتی ئەڵمانیای زمان و ٨٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەوە. ویلایەتەکانی بۆسنیاو هێرزەگۆڤین و دالمات دران بە یوگسلاڤیا، ویلایەتەکانی بوهیم و موراڤیا دران بە چیکوسلۆڤاکیا و، گالیسیا درا بە پۆلۆنیا و چەند بەشێك لە ویلایەتەکانی ئیستری، تێرییەست و تیروول دران بە ئیتالیا و بۆکۆنیاش درا بە ڕۆمانیا.

**پەیمانی نوویی:** لە ٢٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٩دا لە بۆلگاریا بەسترا. بە پێی ئەم پەیمانە لێوارەکانی دەریای ئیجە دران بە یۆنان، مەقدۆنیا درا بە یوگسلاڤیا، دیبروجە درا بە ڕۆمانیا. جگە لەمانە بولگارییایان ناچار کرد لەباری ئابووری و نیزامیشەوە بەرعۆدەبێ.

**پەیمانی تریانون:** بەپێی ئەو پەیماننامەیە کە لە ٤ی جوونی ١٩٢٠دا لەگەڵ هەنگاریا ئیمزا کرا، کرۆوات و ئیسلۆنی دران بە یۆگسلاڤیا، سلۆڤاکیا و روتنی دران بە چیکوسلۆڤاکیا و ترانسیلڤانیا درا بە رۆمانیا.

**پەیمانی سیڤەر و دابەشکردنی عوسمانی:** تەنیا چارەنووسی عوسمانی بوو کە لە کۆنفرانسەکانی شەڕدا دیاری نەکرا. بەڵام لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەمەبەستی بەستنی رێککەوتننامەی نوویی پێکهاتبوو بە رواڵەت وا بڕیار درا کە تراس بدرێتە یۆنان و فلستین و سەرەوەی ئۆردۆن و نێوان دوو رووبار بکەونە ژێر سەرپەرشتیی بریتانیا و سووریاش بکەوێتە ژێر سەربەستیی فەڕەنساوە. ئەم دابەشکردنە پێشتریش لە رێککەوتنی سایکس پیکۆ (١٩١٦)دا وەبەرچاو گیرابوو. بەپێی ئەم بڕیارانە دەبوا ئەرمینیا سەربەخۆیی وەرگرتباو ئیزن بە هێزەکانی یۆنان کە لە ئیزمیر دامەزرابوون درا بۆ ماوەی ٥ساڵ لەوێ بمێنێتەوەو پاشان داهاتووی ئیزمیر بە راپرسیی گشتی بسپێردرێ. لە حاڵێکدا ئیتالیا سەرەڕای بەڵێنەکانی هاوپەیمانان لە سان ژان دوموریەن (١٩ی ئەپریلی ١٩١٧) ناچار بوو تەنیا بە ناوچەی ئادالیا رازی بێ. ئەم بڕیارانە لە کۆبوونەوەی ١١ی ئاگۆستی ١٩٢٠دا لە گوندی سیڤەر بە مەبەستی هەڵوەشانی عوسمانی پێکهاتبوو، پەسند کران.

هاتنی سەربازە یۆنانییەکان بۆ ئیزمیر (لە مانگی مای ١٩١٩دا) و زیادبوونی کار و هەڵسوڕانیان و سەرەنجام پەیمانی ناعادیلانەی سیڤەر بوو بە هۆی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی تورك لەژێر رێبەرایەتیی مستەفاکەماڵ وەجۆش بێ.

هێزەکانی مستەفا کەماڵ سەرەتا یۆنانییەکانیان لە ئاسیای بچووك وەدەرنا. لەساڵی ١٩٢٢دا ئیستامبوڵیان ئازاد کرد. هەرلەوکاتەدا کە هێزەکانی فەڕەنسا و ئیتالیا سەر بە هێزە نێونەتەوەییەکان خاکی تورکیایان بەجێدەهێشت لە نێوان فەڕەنسا و بریتانیادا کێشە ساز بوو و هێزەکانی بریتانیا لە چاناك مانەوە. سەرەنجام بەهۆی رێککەوتنێك کە لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانانەوە بەسترا ئەو کێشەیە چارەسەرکرا و پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی جوولای ١٩٢٣ بەسترا. بەپێی ئەم پەیمانە تورکیا ناوچەی تراسی رۆژهەڵاتی لە ئەورووپادا بۆخۆی دەپاراست و دەرووەکان لە حاڵێکدا کە تورکیا لەگەڵ وڵاتێکدا لە شەڕ دانەبێ بەڕووی هەموو کەشتییە بازرگانییەکاندا دەکرایەوە و بەڕێوەبردنەکەیان بە کۆمیسیۆنێکی نێونەتەوەیی ئەسپێردرا و لێوارەکانی بە ناوچەی غەیرە نیزامی راگەیەنران. تورکیا دەستی لە هەموو داواکانی لەبارەی ناوچەکانی سەر بە ئیمپڕاتۆریی پێشوو کە بریتی بوون لە



سووریا، فەلەستین، عیراق، ئۆردۆن و سعودیا هەڵدەگرت و لە چاو ساڵی ١٩١٤ بە ئاسیای بچووك بڕایەوە.

## ٥ـ شوێنەواری شەڕ لەسەر ژیانی سیاسی ئەورووپا

شەڕی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی قووڵی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی ئەورووپادا هێنا و شوێنێکی قووڵی لەسەر سیستەمی سیاسیی جیهانیش دانا. چەندین میلیۆن کوشتە و چەندین میلیۆن بریندار و بەر لە هەموو شت پووچیی شەڕ شوێنی لەسەر دەروونی خەڵك دانا و ئەوانی والێ کرد سنووره ئەخلاقییەکان بەهەند نەگرن. خەریك بوونی خەڵك بە خۆخافڵاندنی بێنێوەڕۆك، سەما و موسیقیی بێگانە لەگەڵ فەرهەنگی خۆیان (تانگۆ، جاز) و سەرەنجام ژیانی تەخشان پەخشان و گوێنەدان بەو بایەخە ئەخلاقی و داب و نەریتانەی کە لە دەست و پێی کۆمەڵ ئاڵا بوون. بەشداریی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی ئابووریی ئەوانیش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەکاندا هەبوو. هونەریش لەم بارودۆخە بێ بەش نەبوو. روو دە هونەری سووررێئالیزم کردن و راکردن لەڕاستییەکان و بێباکی (دادائیزم) لە دیارییەکانی شەڕ لە بواری هونەردا بوون. لەلایەکی دیکەوە ئەدەبیاتی ئۆمانیزم و بێزاری لەشەڕ و ئامۆژگاریی مرۆڤەکان بۆ برایەتی و دۆستایەتی پەرەی دەگرت و ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە یارمەتیان بە دەوڵەمەندیی فکریی کۆمەڵگە دەدا کە بابەتی ئەم باسەی ئێمە نییە.

لەم بەشەدا بە کورتی شوێنەوارەکانی شەڕ بەسەر ژیانی سیاسیی ئەورووپادا هەڵدەسەنگێنین

ا) **گۆڕانی نەخشەی سیاسیی ئەورووپا:** بەرچاوترین شوێنەوارەکانی شەڕ لە ئەورووپادا گۆڕانی گشتیی نەخشەی سیاسیی ئەم قاڕرەیە بوو. هەروەك لە بەشی پێشوودا دیتمان لە ئاکامی هەڵوەشانی ئیمپڕاتۆرییە گەورە دۆڕاوەکاندا چەند وڵاتی نوێ پێکهاتن کە دەتوانین بە سەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی هەق (لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی رۆمانتیکدا) لێکی بدەینەوە. چوار ئیمپڕاتۆریی گەورە کە لە ساڵی ١٩١٤دا وەك ناوەندی گەورەی دەسەڵات سەیریان دەکرا لە ساڵی ١٩٢٠ لە نەخشەی جیهاندا نەما بوون (ئەڵمانیا، نەمساـ هەنگاریا، رووسیا و عوسمانی) لەجیاتی ئەمانە وڵاتانی بچووکتری وەکو یوگسلاڤیا، چیکوسلۆڤاکیا، پۆلۆنیا و فینلەند لەدایك بوون و وڵاتانی وەك رۆمانیا و ئیتالیا گەورەتر

بوونەوە. لە ئاکامی هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانیشدا وڵاتانی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێك هاتن.

**ب) گۆڕانی رژێمە سیاسییەکان:** ئاکامێکی دیکەی شەڕ، رووخانی رژێمە ئاریستۆکراتەکان بوو. واتە جگە لە لەنێوچوونی ئیمپڕاتۆرییە گەورەکان، رژێمە ئیمپڕاتۆرییەکانیش رووخان و لە جێگەی ئەمانە رژێمە دێموکراتییەکان پێکهاتن. لە راستیدا دووەمین شەپۆلی سەدەی نۆزدە واتە دێموکراسیش کە لەسەرەتادا لەشێوەی لیبرالیزمدا دەرکەوت، سەرکەوت. جگە لە رووسیا کە لە جێگەی سەرەڕۆیی رۆمانتۆڤەکان دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دامەزرا، لە وڵاتانی دیکەدا کە بە سیستەمی ئیمپڕاتۆری بەڕێوە دەچوون سیستەمە کۆمارییەکان دامەزران. لە ئەڵمانیا بە دوای شۆڕشی ٩ی نۆڤەمبەری ١٩١٨دا لە بەرلین و پێکهاتنی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان رژێمی کۆمارییش راگەیەندرا و شازادە ماکس دوباد کە لەلایەن گیومی دووەم ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیاوە راسپێردرابوو کابینەیەکی ئیئتیلافی لە هەموو ئەو هێزانە پێك بێنێ کە لە پەرلەماندا نوێنەریان هەیە (ئەمە بەهۆی فشاری ویلسۆن وا پەسندکرابوو) ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە و دەسەڵات بە ئیبێرت رێبەری حیزبی سوسیالیست بسپێرێ. رۆژی ١١ی نۆڤەمبەر ئیمپڕاتۆر رای کرد بۆ هۆڵەندا و کۆتایی بە چەند سەدە دەسەڵاتی بنەماڵەی هوهن زولێرن هات. بەدوای ئەمەدا کۆماری نوێ کە بە کۆماری ڤایمار بەناوبانگە رێککەوتننامەی دەستکێشانەوەی ریتۆندی لەگەڵ هاوپەیمانان ئیمزا کرد. پەرلەمانی نوێ کە لە ڤایمار دامەزرابوو هەوڵی دا ئازادییە تاکەکەسییەکان پەرە پێبدا و مافی دەنگدانی ژنانیش بە رەسمی بناسێ و سەرکۆماریش بەدەنگی گشتی هەڵبژێردرێ. نەمساش تووشی چارەنووسێکی ئەوتۆ بوو. پاش ئەوەی شووڕای نەتەوەیی پراگ لەدایك بووو سەربەخۆیی دەوڵەتی چیکوسلۆڤاکیای راگەیاند و سلاڤەکانی باشووریش دەگەڵ سێربیا کەوتن (کە خەریك بوو دەبوو بە دەوڵەتی یوگسلاڤیا) و هەنگاریاش سەربەخۆیی تەواوی راگەیاند. نوێنەرانی ویلایەتە ئەڵمانیاییەکانی نەمسا کۆڕێکی نەتەوەیییان دامەزراند و کۆماری نەمسایان راگەیاند و ئیمپراتۆری شارولی یەکەمیش رۆژی ١٢ی نۆڤەمبەر واتە رێك پاش راکردنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا دەستی لەکار کێشایەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی یەکێك لە کۆنترین بنەماڵە ئیمپراتۆرییەکانی ئەورووپا واتە بنەماڵەی هابسبۆرگەکان هێنا. هەروەها شەڕی یەکەمی جیهانی نوقتەی کۆتایی بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی دانا. ئەم رووداوە لە



روویەکەوە گرنگترین رووداوی ئەم سەردەمە بوو. چونکە لەنێوچوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی و هەڵوەشانەکەی هەر تەنیا بە مانای کۆتایی هاتنی کێشەی رۆژهەڵات و ئازادیی وڵاتانی عەرەبی نەبوو، بەڵکو دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژوو و هەڵوەشانەوەی خەلافەتی ئیسلامی. لەساڵی ١٩١٢دا عوسمانی بە کردەوە چاوی لە ناوچەکانی خۆی لە ئەورووپادا پۆشیبوو بەڵام لە ساڵی ١٩٢٠دا سێ چارەکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە ئاسیاشدا لەدەست دا. وڵاتی نوێی کۆماری تورکیا کە لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی دامەزرا تەنیا بە ئاسیای بچووك بڕایەوە و وڵاتانی عیراق، سووریا، ئۆردۆن، لوبنان و فەلەستین لە ئاکامی ئەم هەڵوەشانەوەدا لەدایك بوون.

لەسەریەك جگە لەوەی کە دامەزراندنی کۆمار لە ئەڵمانیا و نەمسادا بووە هۆی پەرەگرتنی سیستەمی دێموکراسی لە جیهاندا، لە فەڕەنسا، بریتانیا و ئیتالیاشدا هێندێك رێفورم لە پێناوی پەرەگرتنی چۆنایەتیی دێموکراسیدا بەڕێوە چوون. بیری دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش جگە لە جیهانیکردنی سیستەمی دێموکراسیی پەرلەمانی شتێکی دیکە نەبوو. لانیکەم لە رووی تیئۆرییەوە بۆ خۆی هەنگاوێك بوو لە رێگەی سەرکەوتنی رێبازێك کە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لەسەر ماف و قانوون لە بەرامبەر زۆردا دامەزرابوو.

**ج) گیروگرفتە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان:** یەکێك لە گرنگترین شوێنەوارەکانی شەڕ کە بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەورووپادا، تێکچوونی نەزمی پێشووی کۆمەڵایەتی بوو. یەکەم ئەوە کە قوربانییەکانی شەڕ لە هەموو وڵاتەکاندا لە هەڵسووڕترین توێژەکانی کۆمەڵ بوون کە هاوکات لەگەڵ لێکترازان و بێسەرەوبەرەیی ئابووری، کارخانەکان و خرابوونی مەزراکان بوو بەهۆی هەژاری و بێکاری و لە ئاکامدا بوو بەهۆی ئاڵوزی و توندڕۆیی ترسناك لە کۆمەڵگەدا. ئەوەی زیاتر پەرەی بەو هەلومەرجە دەدا کەلەبەرێکی قووڵ بوو کە کەوتبووە نێوان ئەو چینە دەوڵەمەندە نوێیانەی لە ماوەی شەڕدا سامانی زیاتریان وەسەریەك نابوو (وەکو خاوەن مڵکە گەورەکان، خاوەن کارخانەی چەك، قۆرغکەران...) لەلایەك و ئەو چینانەی کە داهاتێکی نەگۆڕیان هەبوو (وەکو کارمەندەکان و بۆرژوا بچووکەکان...)و توانای کڕینیان بۆ ٢٥٪ ی پێشوو دابەزیبوو. لەلایەکی دیکەوە خۆ دەرخستن و ژیانی زریقە و بریقەداری دەوڵەمەندە نوێیەکان بوو بە هۆی نارەزایەتیی کرێکاران، وەرزێران و جەنگاوەرانی پێشوو.

بێسەرەوبەرەییە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکان یان هێندێك دیاردەی دیکەی وەك سوننەتشکێنی، جۆرێك ئاڵۆزیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیش پێك دێنن. بۆ وێنە بەشداریی ژنان لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان (لە ئەڵمانیا و بریتانیادا پێرسۆنێلی ژن لە کارخانەکاندا دەگەیشتە ٣٥٪) هاوکات لەگەڵ توندڕۆیی لە خۆدەرخستنی ژنانە (تەنوورەی کورت، پرچی پیاوانە، لەبەرکردنی چاکەت و پانتۆڵ. . .) بوو بە هۆی نیگەرانیی سوننەتگەراکان. نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان وردە وردە بوونە هۆی پێکهێنانی ڕێکخستن لە ریزی کرێکاران و جەنگاوەرانی دێرین. بیروباوەڕی توندڕۆیانەی ئەم دوو تاقمە چەندین راپەڕین و ئاڵۆزی بەدواوە بوو کە رژێمە دێموکراسییەکانی لەگەڵ مەترسیدارترین ئەزموونەکان بەرەوڕوو کردبوو. لە پێشدا شەپۆلێك لە راپەڕینەکانی چەپ و پاشان بە دوای سەرکوتی ئەمانەدا شەپۆلێك بە هەڵگەڕانەوەی راستڕاوەکان (بەبیروباوەڕی فاشیستییەوە) بە شێوەی پەراکەندە ئەورووپای داگرت. یەکەم راپەڕینی چەپ لە ئەڵمانیادا پێکهات کە سەبارەت بە شکست و سووکایەتیی نەتەوەیی، زەمینەیەکی لەبارتری هەبوو.

لە بەرامبەر رژێمی نوێی کۆماری و حکوومەتی سوسیالیستیی ئێبرتدا، (ئیسپارتاکیستەکان) واتە قۆڵی چەپی شۆرشگێڕی حیزبی سوسیال دێموکرات کە لە دیسەمبەری ١٩١٨دا حیزبی کۆمۆنیستیان دامەزراند، سەریان هەڵدا. ئەمانە مەبەستیان ئەوە بوو بە کەڵك وەرگرتن لە لاوازیی دەوڵەت و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان، حکوومەتێك بە پێی رێبازی لێنین دابمەزرێنن و بۆ ئەم مەبەستە کەڵك لە ئەنجوومەنە کرێکاری ـ وەرزێرییەکان و ئەنجوومەنی سەربازان و مەلەوانان وەربگرن. لە راپەڕینی خۆڕسکی خەڵکی بەرلین کە لە جۆنیوەریی ١٩١٩دا وەڕێ کەوت ئیسپارتاکیستەکان ڕێبەرایەتیی راپەڕینەکەیان بە دەستەوە گرت. بەڵام لە ماوەی دوو حەوتوودا دەوڵەت بە رەزامەندیی سوپاو پێکهێنانی خۆبەخشەکان لە ژێر چاوەدێریی ژەنڕاڵ نوسکە راپەڕینەکەیان سەرکوت کرد کە مونیخیشی گرتبۆوە ڕێبەرەکانیان کارۆل لیبکنێخت و رۆزا لوکزامبۆرگیان کوشت. لە هەنگاریاش کۆماری نوێ لەگەڵ نارەزایەتیی چەپەکان و راپەڕینی وەرزێران کە ملکی خاوەن ملکەکانیان داگیرکردبوو بەرەوڕوو بوو. بە کەڵك وەرگرتن لەم هەلومەرجە ئەنجوومەنی کرێکاران و سەربازان لە رۆژی ٢١ی مارسی ١٩١٩دا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایان دامەزراند، بیلاکونیان وەك ڕێبەر دیاری کرد.



حکوومەتی لاوازی بیلاکون تۆزێك زیاتر لە سەد رۆژ خۆی راگرت و پاشان بە هۆی هێزەکانی فەرماندەی دەریایی هورتی سەرکوت کرا و هورتی تا شەڕی دووەمی جیهانی درێژەی بە حکوومەتی دیکتاتۆریی دەستەڕاستیی خۆیدا.

لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپایشدا بارودۆخی خراپی ئابووری بوو بە هۆی ئاڵۆزیی توند کە زیاتر لە شێوەی مانگرتنە کرێکارییەکان و نارەزایەتییە سەندیکاییەکاندا بەرێوە چوون. لە هاوینی ١٩٢٠دا راپەڕینی وەرزێران و مانگرتنی کرێکاران بوو بە هۆی دەست-بەسەرداگیرانی کارخانەکان و بەڕێوەبردنیان بە هۆی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان. لە فەرەنساش مانگرتنی کرێکارانی رێگەی ئاسن و کارخانەکان بوو بەهۆی پەککەوتنی کاروبارە ئابوورییەکانی وڵات. ئەم راپەڕینانە ترس لە کۆمۆنیزمیان لەنێو بۆرژوا و سەرمایەدارەکاندا پەرەپێدەدا. رەنگە هەر لە بەر ئەوەش بێ پاش شکستی راپەڕینی چەپەکان، راسترەوەکان مەیدانێکی نوێیان بۆخۆدەرخستن دۆزیبۆوە. هەروەك گوترا جەنگاوەرانی دێرین واتە ئەوانەی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشدار ببوون لە بەرامبەر دەوڵەمەندە نوێیەکاندا کە کەڵکی خراپیان لە هەلومەرجی شەڕ وەرگرتبوو و سامانێکی زۆریان کۆکردبۆوە، دەستیان بە دامەزراندنی هێندێك ئەنجوومەن کرد کە بیروبۆچوونی فاشیستی خێرا لە نێویاندا پەرەی گرت. دێموکراسییە تازە دامەزراوەکان ناچار بوون لە بەرامبەر هێرشی راست و چەپدا راوەستن و ئەمە دەبووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتەکان زیاتر دەست لە کاروباری کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان وەربدەن. ئەگەر کۆمۆنیزم لە رووسیادا سەرکەوت، فاشیزمیش لە ئیتالیادا پێی هەڵگرت و مۆسۆلینی توانی بە ڕێکخستنی سەربازە کۆنەکان بەکەڵك وەرگرتن لە بێسەرەوبەرەیی دوای شەڕ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. سەرکەوتنی موسوولینی لە فەرەنسا و بریتانیاشدا دەنگدانەوەیەکی لەباری هەبوو. لە ئەڵمانیاش کە چەپەکان سەرکوت کرابوون، نازیزم پێی هەڵگرت بەڵام ئەم بزاوتە بۆماوەیەکی کاتی شکستی هێنا (کودیتای هیتلەر لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٣دا ناسراو بە کودیتای دووکانی بیرە فرۆشی) و وا بیردەکرایەوە کە دێموکراسییەکان توانای چارەسەری گیروگرفتەکانیان نییە، و بەپێچەوانەی ڕێکخراوە توندرۆ چەپ یا راستەکان وەکو وەڵامدەرێکی باش بە پێویستییەکانی سەردەم دەهاتنە بەرچاو.

**دـ لاوازیی گشتیی ئەورووپا:** لە راستیدا شەڕی یەکەمی جیهانی قەیرانێکی ئەورووپایی بوو کە خۆی بوو بەهۆی لاوازیی زیاتری ئەم قاڕڕەیە. وێرانییەکانی شەڕ

ڕاستەوخۆ بەسەر ئەورووپادا هاتن و لاوازیی ئابووریی وڵاتانی ئەورووپا کە لە ئاکامی شەڕدا بوو، بوو بەهۆی ئەوە ئەم وڵاتانە بەتوندی لە ژێرباری قەرزی دەرەوەدا بچەمێنەوە. ڕادەی قەرزەکانی بریتانیا بە ئەمریکا لە فێبریوەری ١٩١٩دا گەیشتە ٤\٥ میلیارد دۆلار و قەرزی فەڕەنساش گەیشتە زیاتر لە ٢\٥ میلیارد دۆلار. لە بەرامبەر لاوازیی ئابووریی ئەورووپادا دوو وڵاتی ئەمریکا و ژاپۆن کە لە مەیدانی شەڕ بەدوور بوون، لەماوەی شەڕیشدا بەدانی قەرز و یارمەتیی دیکە بە وڵاتانی ئەورووپایی سامانی خۆیان زیاتر کردبوو. بەتایبەتی ئەمریکا قازانجێکی زۆری لەو هەلومەرجە کرد و نەك هەر داراییەکانی زیاد کرد بەڵکو لە هەر بارێکەوە وەك زلهێزێکی جیهانیی لێ‌هات و بۆشایی بریتانیای لە بواری بازرگانیی دەرەوە و کاروباری ماڵیی جیهاندا پڕکردەوە. ڕووخانی ئابووریی ئەورووپا، ڕووخانی سیاسی و تەنانەت کزبوونی فەرهەنگی ئەورووپاییەکانیشی بەدواوە بوو. قسە بەناوبانگەکەی پۆل ڤالێری ڕۆماننووسی فەڕەنسی کە دەڵێ: "ئێستا ڕوونە کە شارستانیەتی ئێمە ئەورووپاییەکان لە نێو چووە" و بەر لەویش کتێبی "ئاوابوونی ڕۆژئاوا" بەرهەمی ئۆسڤاڵد شپینگلێر ڕاست ڕەنگدانەوەی لاوازیی گشتیی ئەورووپا بوو. شانبەشانی ئەم ڕووخانە گشتییە، دەسەڵاتی ئەورووپا لە کۆلۆنییەکانیش بەرەو لاوازی ڕۆیی. هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩دا کە شەڕ کۆتایی پێ‌هاتبوو لە هیند و باکووری ئەفریقا (میسر) چەند هەوڵێك بۆ سەربەخۆیی دران. خەڵکی کۆلۆنییەکان زیاتر چاویان بڕیبووە ١٤ ماددەکەی ویلسۆن تاکوو فەرهەنگی کۆنی کۆلۆنالیزم لە ئەورووپادا. لەم ڕوویەشەوە ئەمریکا بەرەو ئەوە دەچوو تا جێگەی ئەورووپا بگرێتەوە. بەڵام هێشتا ئەورووپا هەناسەی لێ‌نەبڕابوو و بەتایبەتییش ئەوە کە ئەمریکاش دوای شەڕ گەڕابۆوە سەر سیاسەتی دوورەپەرێزیی خۆی و بەڕەسمی لە کاروباری جیهانیدا ڕۆڵێکی نەگرتبووە ئەستۆی خۆی. وەك بڵێی شەڕێك پێویست بوو تا بەتەواوی ئەورووپای لە ناوەندایەتی بخا.

**٦ـ سیستەمی نوێی نێونەتەوەیی**

هەروەك جارێکیش ئاماژەی پێ‌کرا لەو کۆنفڕانسانەدا کە پاش شەڕە گشتییەکان پێك‌دێن، هێزە سەرکەوتووەکان وەك ئەو گرووپانە دەجووڵێنەوە کە لە نێوخۆی وڵاتێکدا خەریکی شۆڕش بوون و بۆ دارشتنی قانوونی بنەڕەتی لە مەجلیسی دامەزرێنەراندا بەشدار دەبن. هەوڵی ئەمانە لە دوو بواری جیاوازدا دەدرێن:



یەکێکیان لەنێوبردنی شوێنەوارەکانی سیستەمی ڕابردوویە و ئەوی دیکەیان وەدەستهێنانی بەشێکی زیاترە لە خەرمانی سەرکەوتن. ئامانجی یەکەم هۆی یەکگرتنە و ئامانجی دووەم هۆی دووبەرەکییە لەنێوان هاوپەیمانانی دوێنێدا. قسەی کلیمانسوو لەم بارەیەوە زۆر ڕوونە. ئەو لە ١١ی نۆڤەمبەری ١٩١٨دا گوتبووی: "ئێمە شەڕەکەمان بردەوە و ئێستاش دەبێ هەوڵ بدەین تا ئاشتییەکەش بەرینەوە کە ڕەنگە لە سەرکەوتنی شەڕەکە دژوارتر بێ." جیاوازیی بیروبۆچوونی سەرکەوتووەکان هەروەك گوترا، لە پلەی یەکەمدا لە جیاوازیی بیروبۆچوونی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی سەرکەوتووی ئەورووپا و لە پلەی دووەمدا لە جیاوازیی بیروبۆچوون و دژایەتیی قازانجەکانی نێوان فەڕەنسا و بریتانیاوە سەرچاوەیان دەگرت. سیاسەتی ئەمریکا کە لە ١٤ ماددەی ویلسۆندا کورت دەکرایەوە، مەبەستی لەنێوبردنی هیچ وڵاتێکی تێدا نەبوو و دەیەویست هەر نەتەوەیەك بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا و لە دۆخێکی سەقامگرتوو لە چاو نەتەوەکانی دیکە درێژە بە ژیانی خۆیان بدا. ڕوونە کە ئەمریکا لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەیتوانی پێوەندییەکی بازرگانیی بەرمێن لەگەڵ ئەم وڵاتانە دابمەزرێنێ. لە لایەکی دیکەوە هەرکام لە وڵاتانی ئەورووپایی بە پێداگرتن لەسەر مافی سەرکەوتووەکانی شەڕ دەیانەویست ئیمتیازێکی زیاتر لە کۆنفرانسی ئاشتی وەدەست بێنن. بریتانیا بێ ئەوەی هەوڵێکی زۆر بدا بە مەبەستی خۆی گەیی. بەڵام فەڕەنسا کە زۆرترین زەرەری گیانی و ماڵیی وێ‌کەوتبوو لە کاتی شەڕی سیدانەوە دوژمنایەتییەکی لە مێژینەی لە بەرانبەر ئەڵمانیادا لە خۆیدا هەست پێ‌دەکرد، جگە لە وەرگرتنەوەی ویلایەتەکانی ئالزاس و لۆرێن دەیەویست هەرچەشنە ئەگەرێکی هێرشی دووبارەی ئەڵمانیا بە تەواوی لە نێوبەرێ. هەربۆیە مەسەلەی ئاسایشی سنوورەکانی هێنایە گۆڕێ و توانی سوپای ئەڵمانیا کەم بکاتەوە بۆ سەد هەزار کەس کە تەنیا بەرپرسی ڕێکخستنی نێوخۆیی بێ. بەڵام لە بارەی وەرگرتنی زیانەکان و دەستەبەرێك بۆ دانی ئەو زیانانە لەلایەن ئەڵمانیاوە، لەگەڵ دژایەتیی ئەمریکاو بریتانیا بەرەوڕوو بوو. بریتانیا نیگەرانی باڵادەستیی فەڕەنسا بوو بە سەر ئەورووپادا. چونکە داگیرکرانی ویلایەتی سار بە کانگایەکی زۆری ژێرزەوییەوە لەلایەن فەڕەنساوە بارودۆخی ئابووریی ئەم وڵاتەی بەرەوباشی دەبرد کە دەیتوانی خێرا زیانەکانی شەڕ قەرەبوو بکاتەوە. لە حاڵێکدا بریتانیا کە پێی خۆش بوو لە ئاوەدانکردنەوەی ئەڵمانیادا بەشدار بێ و دەسمایە دابنێ، حەزی نەدەکرد فەڕەنسا تا ئەم ڕادەیە فشار بخاتە

سەر ئەڵمانیا. فەڕەنسا لە بەرامبەر هەڕەشەی ویلسۆندا کە ویستی کۆنفرانس بەجێ بێڵێ ئامادە بوو کەمێك پاشەکشە بکا. بڕیار درا دوای ١٥ ساڵ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەی سار پەنابەرنە بەر راپرسیی گشتی. ئیتالیا خوازیاری پەیماننامەی لەندەن بوو کە لەودا بەڵێنی وەرگرتنەوەی تەواوی ویلایەتی ئیرەردانتی پێدرابوو. بەڵام ویلسۆن کە دژی دیپلۆماسیی نهێنی بوو (ماددەی یەکەمی راگەیەندراوی ویلسۆن) خۆی لە بەرامبەر بەڕێوەبردنی ئەو قەرارمەدارانە بە ناچار نەدەزانی. ئەو کە لە سەر ئەو باوەڕە بوو ئەو ویلایەتانە بەتەواوی ئیتالیایی زمان نین، لەبارەی چارەنووسیاندا دەبێ پرس بە رای خەڵکی ئەوناوچانە بکرێ.

ئێستا شوورای چوار کەسی کە دەبوا پرەنسیپەکانی سیستەمی نوێی جیهانیی دارشتبا، چۆن رێککەوتن؟ راستییەکەی ئەوەیە بەپێچەوانەی کۆنگرەی ڤیەنا ١٨١٥ کە وڵاتانی سەرکەوتوو توانییان سیستەمێك لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێزەکان بە پاڵپشتیی "کۆنسێرتی ئەورووپا" پێك بێنن، لە کۆنفرانسی ڤێرسایدا سەرکەوتووەکان بۆ وەدەستهێنانی رێککەوتنێکی گشتی و دارشتنی بینایەکی پتەو بۆ ئاشتیی جیهانی زۆر سەرکەوتوو نەبوون. هەرچەند هەوڵی ویلسۆن لە پێکهێنانی کۆمەڵی نەتەوەکان مزگێنیی ئاشتییەکی سەقامگرتووی لەسەر بنەمای ئاسایشی بەکۆمەڵ دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە رێککەوتنی سەرکەوتووەکان لە کۆنفرانسی ڤێرسایدا رێککەوتنێکی قووڵ و هەمەلایەنە نەبوو بەڵکو گونجانێکی کاتی بوو کە بۆ ماوەیەك ئاشتیی بەرقەرار دەکرد، سیستەمی ئاسایشی بەکۆمەڵیش جگە لە چەند ساڵ لەنێوان ١٩٢٥ تا ١٩٣٠ بەرقەرار نەبوو. بەتایبەتییش کە خودی ئەمریکا تێدا بەشدار نەبوو. بینایەکی ئاوا لەرزۆك و بڕیارێکی ئاوا بەپەلە و بەدوور لە واقیعبینی نەیدەتوانی جگە لە ئاڵۆزیی دووبارە بۆ جیهان شتێکی دیکە بە دیاری بێنێ.

بڕیارەکانی ڤێرسای وڵاتانی بەشداری لە شەڕدا بەکردەوە کردە دوو بەشی دژ بەیەك: وڵاتانی سەرکەوتوو و وڵاتانی شکستخواردوو. لەیەکەم تێڕوانیندا رەنگە ئەم دابەشکردنە بە هۆی روون و ئاشکرابوونی شتێکی بێسوود بێتە بەرچاو بەڵام بەو رووداوانەی کە پاش تێپەڕ بوونی دە ساڵ بەسەر کۆبوونەوەکانی ڤێرسایدا هاتنە پێش، گرنگیی مەسەلەکە روونتر دەبێتەوە. چونکە وڵاتانی سەرکەوتوو دەکەونە لایەك و وڵاتانی شکست خواردوو وردە وردە لەیەکتر دەگەن و لەلایەکی دیکە خۆ رێك دەخەن. بەتایبەتیش قەیرانی ئابووریی ١٩٢٩-٣٣ ئەم دابەشکردنانەی زیاتر زەق دەکردەوە، واتە وڵاتانی سەرکەوتوو،



دەوڵەمەند و وڵاتانی شکست خواردوو دارماو. دیارە وڵاتانی بریتانیا و ئەمریکا و بەتایبەتی فەڕەنسا کە رۆڵی پارێزەری بڕیارەکانی ڤێرسای دەگێڕا، لەڕیزی وڵاتانی سەرکەوتوودا بوون. بوونی ئەڵمانیا لە بەرەی دۆڕاوەکاندا بە رواڵەت سروشتی دەهاتە بەرچاو بەڵام ماددەی ٢٣١ی پەیماننامەی ڤێرسای بەرپرسایەتیی شەڕ دەخاتە ئەستۆی ئەڵمانیا و پێکهێنانی دالانی دانتزیك لە نێوان ئەڵمانیا و پرووسی رۆژهەڵاتدا و پاشان سزا و زیانێکی قورس کە لەو وڵاتانە دەستێندرا، تۆوی رقو کینەیەك بوون کە ئاگری شەڕێکی دیکەیان خۆش دەکرد. کۆمەڵناسی ئەڵمانیای، ماکس وێبێر لە قسەکانی خۆی لە ساڵی ١٩١٩دا ئاماژە بەو مەسەلەیە دەدا و راست ئەم رستەیەی دەڵێ کە "خەریك بوون بە رابردووەوە و ئەوەی کە کێ بەرپرسی شەڕە تاوانێکی سیاسییە. چونکە نەتەوەیەك شکست قەبووڵ دەکا بەڵام سووکایەتی قەبووڵ ناکا و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تا ١٥ ساڵ دواتر شەڕێکی دیکە داگیرسێنێ." لە راستیدا سەرەتای شەڕی (جیهانیی دووەم) بەهێرشی هیتلەر بۆسەر ناوچەی غەیرە نیزامیی رێنانی دەستی پێکرد. کەسێکی دیکە کە ئاماژە بەو ستەمە دەکا کە لە خەڵکی ئەڵمانیا کراوە لە کتێبی خۆیدا بەناوی "شوێنەوارە ئابوورییەکانی ئاشتیی ڤێرسای" باسی مەترسییەکانی داهاتووی سەپاندنی خەسارەتی قورس بەسەر ئەڵمانیادا و ئەگەری نزیك بوونەوەی ئەم وڵاتە لە سۆڤیەت دەکا. ئەڵمانیا کە ئەورووپای لە دژی خۆیدا بە یەکگرتوویی دەدی بەدوای هاوپەیمانانێکدا دەگەڕا کە ئەوانیش لە ئاشتیی ڤێرسای و ئەو سیستەمەی ئەوکات لە گۆڕێدا بوو ناڕازی بن.

لەپێشدا لەگەڵ سۆڤیەت (پەیماننامەی راپالۆ لە ساڵی ١٩٢٢دا) و پاشان لەگەڵ ئیتالیای موسوولینی (١٩٣٥) هاوپێوەندی پێکدێنێ. ماوەیەك دواتر ژاپۆن و ئیسپانیای فرانکۆش پشتیوانیی لێدەکەن. هەروەك دەزانین سەرەتا ئیتالیا بۆ خۆی لەڕیزی وڵاتانی سەرکەوتوو و یەکێك لە ئەندامانی شوورای چوار کەسی بوو کە چارەنووسی دونیایان دیاری کرد. بەڵام کاتێك بە مەبەستە کۆتاییەکانی خۆی نەگەیشت واتە بەڕێوەچوونی رێککەوتنی لەندەن ١٩١٥کە بەپێی ئەم رێککەوتنە هەموو ویلایەتەکانی ئیرەردانت کە بریتی بوون لە ترێن تین و تریبیەست، ئیستری و دالماس و ناچار بوو بە بەشێك لە ترێن تین و بەشێك لە تریبیەست، ،و تیروول رازی بێ، وردە وردە کەوتە ریزی وڵاتانی ناڕازی و لەگەڵ گەشەکردنی فاشیستەکان لەم وڵاتەدا باس لە "سەرکەوتنی لەت وپەت کراو" هاتە گۆڕێ تا سەرەنجام لە دەیەی ١٩٣٠دا کەوتە پاڵ ئەڵمانیای هیتلەرییەوە.

# بەشی دووەم

## مەسەلە گرنگە نێونەتەوەییەکان لە دەیەی ١٩٢٠دا

دەکرێ ڕووداوەکانی ئەم دەیە بە دوو قۆناغ دابەش بکەین. قۆناغی یەکەم ١٩٢٠ تا ١٩٢٥ کە بە درێژەی شەڕ هەژمار دەکرێ و قۆناغی دووەم کە قۆناغی ئاشتی و ئارامی بوو.

### ١ـ کاریگەریی سیاسەتی دوورەپەرێزیی ئەمریکا لەسەر پەیوەندیی وڵاتە ئەورووپاییەکاندا

لەساڵی ١٩١٢ەوە تا ١٩٢٠ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات لەبەردەستی حیزبی دێموکرات بەڕێبەرایەتی ڤۆدرو وێلسۆندا بوو. پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات توێژە نێونجییەکان بۆ خوارەوە و کۆچبەران و کرێکارەکان بوو و بیروبۆچوونەکانی لەبەرامبەر (stablishement)ی ئەمریکا واتە ئەمریکای ئەنگلۆساکسۆنەکان، پرۆتستانتەکان و خاوەن پیشەسازییە گەورەکان و خاوەن بانکەکاندا بوو کە زۆربەیان دەنگیان بە کۆماریخوازەکان دەدا. لەو ماوەیەدا سەرمایەداران لە سیاسەتی دەستێوەردەرانەی دەوڵەت لە کاروبارە ئابوورییەکاندا ناڕازی بوون و ئەمەیان بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی لیبراڵیزم دەزانی. کۆنەپارێزەکانیش سەبارەت بەوە کە سەرکۆمار لەماوەی شەڕدا دەسەڵاتی خۆی بەرەو ژوور بردبوو ناڕازی بوون و سەرەنجام هەلومەرجی ئاوسان و دوو بەرابەربوونی نرخەکان لەچاو سەردەمی پێش شەڕ و ئاڵۆزییەکانی کرێکاران بوونە هۆی نیگەرانیی زۆربەی ئەمریکاییەکان. لەساڵی ١٩١٩دا زیاتر لە ٢٦٥٠ مانگرتن لەلایەن چوار میلیۆن کرێکارەوە ڕوویاندا کە هەموویان بە بەکارهێنانی زۆر



تێکشکان و مانگرەکان بەلایەنگری بالشەویزم تاوانبار کران. هەر لەو ساڵەدا دوو حیزبی کۆمۆنیزم دامەزرانی خۆیان ڕاگەیاند و نیگەرانییەکانیان زیاتر کرد. هەستی زۆرایەتی ئەوە بووکە بناخە کۆمەڵایەتییەکان کەوتوونە ژێر مەترسیی جموجۆڵی خەرابکارانە کە لە دەرەوەڕا دنە دەدرێن. لە ئاکامدا سەرکوتی بێگانەکان، چەپەکان، کەمایەتییە نەژادییەکان و تەنانەت کەمایەتییە ئایینییەکان زیادی کرد. تاقمی (ku-klux-klan) کە لە کاتی شەڕی نێوخۆ لە دەیەی ١٨٦٠دا بەمەبەستی ترساندنی ڕەشەکان و پێشگیری لە مافی دەنگدانیان پێك هاتبوو، دیسان لە ساڵی ١٩١٥دا ڕێكخرایەوە و پەرەی گرت. ئەم تاقمە بە دروشمی نەتەوایەتی، سپی و پرۆتستان دەستیان بە هێرش کرد لە دژی ڕەشەکان و کەمایەتییە مەزهەبییەکانی وەك جوولەکە و کاسولیك و کۆچبەرانیشیان لەگەڵ ئەمانەدا وەبەر هێرشی خۆیاندا. لە جوولای ١٩١٩دا ڕاپەڕینە دژی نەژادییەکان ٢٦ شاری ئەمریکای گرتەوە. بۆ وێنە لە شیکاگۆ سپی پێستەکان بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژ خەریکی کوشتن و تالانی ڕەشپێستەکان بوون. سەرەنجام لە بەهاری ساڵی ١٩٢٠دا قەیرانێکی قووڵی ئابووری دەستی پێکرد کە بوو بە هۆی بێکاریی ٢میلیۆن کرێکار. ئەم ئاڵۆزییانە وایان کردبوو خەڵك تینووی نەزم، ئاشتی و سەقامگیری و گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی بن. دیارە ئەو قەیرانانە بۆ خۆیان تا ڕادەیەك لە ئاکامی پەرەگرتنی ئابوورییشدا بوون. ئەمریکای قەرزداری ساڵی ١٩١٤ لە ساڵی ١٩١٩دا دە میلیارد دولاری لەلای وڵاتانی ئەورووپایی بوو و توانی تا کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٢٠ بەڕادەیەکی زۆر دەسمایەش دابنێ. دەسمایەکانی ئەمریکا لە دەرەوە، لە سنووری ٧میلیارد دۆلار تێدەپەڕی.

لەبواری سیاسەتی دەرەوەشدا دژایەتی لەگەڵ بەرنامەکانی ویلسۆن کەم نەبوو. ئەو پێی وابوو دەبێ ئەمریکا ڕۆڵێك بگێڕێ لە ڕادەی زلهێزێك دابێ و لەڕاستیدا لەچوارچێوەی ڕاگەیەندراوی ١٤ ماددەییدا دەبێ ببێتە دەستەبەری ئاشتی لە جیهاندا. لەحاڵێکدا زۆر ئەمریکایی لە سەر ئەو باوەڕە بوون ئەم سیاسەتە نێونەتەوەییە مەترسیی ئەوەی تێدایە کە ئەمریکای تووشی کێشەی تازە بکا. بەمجۆرە هەر لە ساڵانی کۆتایی شەڕدا هەلومەرج بە قازانجی کۆماریخوازەکان بوو کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩١٨ی سەناشدا زۆرینەیان وەدەست هێنابوو و ئەمەش بۆ خۆی زەنگی مەترسی بوو بۆ دێموکراتەکان. ساڵی دواتر کۆنگرەش خۆی لە پەسندکردنی پەیماننامەکانی ڤێرسای پاراست و لە ڕاستیدا دەنگی نەرێی بەسیاسەتی دەرەوەی ویلسۆندا، سەرەنجام لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی

١٩٢٠دا خەڵك بە زۆرایەتییەکی تەواوەوە دەنگیان بە "هاردینگ" کاندیدای کۆماریخوازەکاندا کە بە دروشمی، لەپێشدا ئەمریکا و دوایە گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی هاتبووە مەیدان. کۆماریخوازەکان بۆ ماوەی ١٢ ساڵ دەسەڵاتی خۆیان پاراست. پاش مەرگی هاردینگ لەساڵی ١٩٢٣دا "کوولیج"و پاش وی "هووڤەر" بوون بە سەرکۆمار. بەرنامەی کاری ئەم سێ کەسە زیادکردنی بەرهەم و خەرجکردن بوو. نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس لە دەزگا تەبلیغییەکاندا خەریك بوون تا خەڵك بۆ مەسرەف کردن هان بدەن. کرێی بەقیستیش ڕێگەیەکی دیکە بوو کە توانای کڕینی کازبی پێك دێنا. لەلایەکی دیکەوە بەرهەمی زۆر و ژمارەی زۆری دامەزراوەکان، پەرەپێدانی کاری زنجیرەیی (سووژەی فیلمی سەردەمی نوێی چارلی چاپلین) پشتیوانیی لێدەکرا و دامەزراوەی گرنگی وەك فۆرد، کرایسلەر و جەنەڕال موتۆرز بەرهەمی ترۆمبیلیان لە پاوانی خۆیان نا. هاوکات لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕانەدا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گرنگیش روویدا. شارەکان لە رادەبەدەر پەرەیان سەند و فەرهەنگی چێژوەرگرتن پەرەی گرت (کۆماریخوازەکان کە بە دروشمی پاراستنی بایەخە فەرهەنگییەکان بە دەسەڵات گەیشتبوون دوای ماوەیەك وەك زۆر لە حکوومەت و سیستەمەکانی دیکە لە جیهاندا بێئەوەی بیانەوێ ئوسووڵەکانیان ریشەکێش دەکردن.) هەر لەو سەردەمەدا بوو کە رەخنەگرە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی وەك سینکلەر لویس، هێنری مەنکن ژیانی مەسرەفیی ئەمریکایان وەبەرتانە و تەشەردا.

سیاسەتی دەرەوەی کۆماریخوازەکان لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی دێموکراتەکان بەتەواوی جیاواز بوو و بە گرتنەبەری سیاسەتی دوورەپەرێزی، ئەمریکا بەڕەسمی لە دەستێوەردان لە کاروباری نێونەتەوەیی و ئەندامەتیی نێو کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بۆخۆی بنیاتنەری بوو خۆی پاراست و لە ٢٤ی ئاگۆستی ١٩٢١و پەیمانێکی بە جیای ئاشتیی لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا کرد و هێزەکانی خۆی لەم وڵاتە کێشایەوە.

هەر لەو کاتەشدا دوورەپەرێزی لە هەموو جێگەیەك و لە هەموو کاتێکدا وەبەرچاو نەدەگیرا. هەرکات بەرگری لە قازانجە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا پێویست بوایە، لە چوونە نێو مەسەلە نەتەوەییەکاندا سێ و دوو لێکردنی نەبوو. بۆ وێنە سۆڤیەتی بەڕەسمی نەناسی و لە ڕێگەی "دیپلۆماسیی دۆلار"ەوە رۆڵێکی لێبڕاوانەی لە مەسەلە ئەورووپاییەکاندا گێڕا. نووسەرێکی ئەمریکایی بەمجۆرە ئەم سیاسەتە وەسف دەکا: "ئێمە خەریکین رۆڵی بازرگانێك و بانکدارێکی جیهانی دەگێڕین...و ئەمە تەنیا رۆڵێکی ئابووری



نییە چونکە بۆ پاراستنی قازانجە ئابوورییەکانمان ناچارین تووشی کێشە سیاسییەکانیش بین." هەر لەم ڕێگایەوە ئەمریکا توانی بەر بە ستەمەکانی فەڕەنسا لە ئەڵمانیا واتە ئەو شوێنەی ئەمریکا دەسمایەیەکی زۆری لێدانابوو، بگرێ. ئەمریکا قەت مەسەلەی قەرزەکانی فەڕەنسای لە مەسەلەی دانی خەسارەتی شەڕی ئەڵمانیا جیا نەکردەوە. هەر کات فەڕەنسا فشاری دەخستە سەر ئەڵمانیا، ئەمریکاش مەسەلەی دانەوەی قەرزەکانی فەڕەنسای دێنایە گۆڕێ. سەرەنجامیش کێشەی ئەڵمانیا لە ڕێگەی کۆمیسیۆنێکەوە چارەسەر کرا کە خاوەن بانکێك بەناوی "دەیویز" سەرۆکی بوو. هەر لەم کاتەشدا بەشداری نەکردنی بەڕەسمیی ئەمریکا لە کێشەکانی ئەورووپادا دەبووە هۆی قووڵبوونەوەی کێشە ناوچەییەکان بەتایبەتی لە نێوان فەڕەنسا و بریتانیادا. کاتێك لە نۆڤەمبەری ١٩٢٠دا سەنای ئەمریکا خۆی لە پەسند کردنی پەیماننامەکانی ڤێرسای پاراست مەسەلەی دەستەبەری بەڕێوەبردنی ئەم پەیماننامانە کە ویلسۆن و لوید جۆرج بە ئەستۆی خۆیانەوە گرتبوو، بەکردەوە پووچەڵ بۆوە. لە ئاکامدا فەڕەنسا فشاری زیاتری خستە سەر ئەڵمانیا و ئەمەش بۆخۆی بوو بە هۆی رەشبینیی زیاتری بریتانیا لە بەرامبەر سیاسەتی باڵادەستخوازیی فەڕەنسا. ئەم شڵەژان و جیاوازی لە بیروبۆچوونەدا تا ئیمزای پەیماننامەی لۆکارنۆ لە ساڵی ١٩٢٥دا درێژەی کیشا. لە حاڵێکدا بوونی ئەمریکا لە مەیدانی سیاسیی ئەورووپادا دەیتوانی لە بنەڕەتەوە ئەو کێشانە لەنێو بەرێ. بەڵام دوورەپەرێزیی ئەمریکا بۆخۆی بەجۆرێك دژایەتی لەبەرامبەر ئەورووپاو بەتایبەتی لەبەرامبەر فەڕەنساشدا سەیر دەکرا.

ئەمریکا لەپێناو سیاسەتە ئابوورییەکانیدا گرنگییەکی تایبەتیی بە هێزی دەریایی دەدا و پێی خۆش بوو باڵادەستیی خۆی لەژێر ناوی سنووردارکردنی هێزەدەریاییەکاندا دەستەبەر بکا. مەبەستی لەم سیاسەتەش فەڕەنسا و ژاپۆن بوو. کۆنفرانسەکانی واشینگتۆن کە بە بانگهێشتنی ئەمریکا لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٢١ تا فێبریوەری ١٩٢٢ بە بەشداریی نوێنەرانی فەڕەنسا، بریتانیا، ئیتالیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، پورتوگال، ژاپۆن و چین پێکهاتن جگە لە دابینکردنی نیازەکانی ئەمریکا لەبواری هێزی دەریایی و کێشەکانی رۆژهەڵاتی دوور مەبەستێکی دیکەیان نەبوو. بابەتەکانی ئەم کۆنفرانسە چەك داماڵینی گشتی و بە تایبەتی چەك داماڵینی دەریایی و هەروەها بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی ژاپۆن بوو کە بەتوندی هەڕەشەی لە قازانجەکانی ئەمریکا لە زەریای ئارامدا دەکرد. رکەبەرایەتیی

ئەمریکا و ژاپۆن کە یەکێك بوو لە هۆیەکانی بەشداریی ئەمریکا لە شەڕی دووەمی جیهانیدا هەر لەم کاتەوە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. لە کۆنفرانسەکانی واشینگتۆندا ژمارەیەك پەیمان بەستران. لەبارەی سنووردارکردنی هێزی دەریاییدا، پەیمانی ئەو چوار هێزە لە ٦ی فێبریوەری **١٩٢٢** لە نێوان فەڕەنسا، بریتانیا، ژاپۆن، ئیتالیا و ئەمریکادا ئیمزا کرا. بەپێی ئەم پەیمانە بەشی هەرکام لە وڵاتان لەبواری زرێپۆشە دەریاییەکاندا دیاری کرا: ئەمریکا و بریتانیا هەرکامیان **٥٧٥** هەزار کەس و ژاپۆن بە **٣١٥** هەزار کەس وەك سێیەمین هێزی دەریایی و فەڕەنسا و ئیتالیاش هەرکامیان **١٧٥** هەزار کەس. روونە فەڕەنسا کە یەکێك لە هێزە گرنگە دەریاییەکان بوو و ئیستاش لەگەڵ ئیتالیا یەك حیسابی بۆکرابوو لەم سیاسەتەی ئەمریکا ناڕازی بوو. بەڵام بریتانیا بە قەبووڵ کردنی مەرجی وەك یەك لەگەڵ ئەمریکا لە پشتیوانی و هاوکاری ئەم وڵاتە بەهرەمەند بوو و لە راستیدا بوو بەهۆی پێکهاتنی جۆرێك یەکیەتیی ئەنگلۆساکسۆن لە بەرامبەر فەڕەنسادا.

لەبارەی ئاسایشی زەریای ئارامدا و بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی ژاپۆندا پەیمانی ئەو چوار هێزە لە **١٣**ی دیسەمبەری **١٩٢١**دا لەنێوان ئەمریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، و ژاپۆندا ئیمزا کرا کە بە پێی ئەم پەیمانە ئەم وڵاتانە رێز لە ناوچە ژێردەسەڵاتەکانی یەکتر بگرن. سەرەنجام لەبارەی پاراستنی چین لەبەرامبەر دەستدرێژییەکانی ژاپۆندا پەیمانی **٩** هێز لە ٦ی فێبریوەری **١٩٢٢**دا بەسترا کە بەپێی ئەم پەیمانە مافی حاکمییەتی چین و سەربەخۆیی ئەم وڵاتە بەڕەسمی ناسرا.

## ٢ـ کێشەی ئەڵمانیا و ناکۆکیی بەریتانیا و فەڕەنسا

هەروەك ئاماژەی پێکرا کێشەی ئەڵمانیا و هەڵوێستی فەڕەنسا لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی قەیرانە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە قەیراناوییەیە. لەو نێوەدا فەڕەنسا لە نێوان دوو شێوە بیرکردنەوەی دژ بەیەکدا لە هەڵکشان و داکشاندا بوو. شێوە بیرکردنەوەیەك کە سەرکۆمار میلران و سەرکۆماری پێشوو پوانکارێ نوێنەرایەتییان دەکرد کە بریتی بوو لە فشاری زۆر بۆ سەر ئەڵمانیا و بەڕێوەچوونی پەیماننامەی ڤێرسای بە وردی، لە بارەی ئەڵمانیادا. رەوتەکەی دیکە باوەڕی بە نزیکبوونەوەی فەڕەنسا لە ئەڵمانیا بوو. گرفتی بەڕێوەچوونی شێوە بیرکردنەوەی دووەم ئەمە بوو کە نزیکایەتیی فەڕەنسا و ئەڵمانیا پێویستیی بە لێبووردن و دانی هێندێك



ئیمتیاز لە لایەن فەڕەنساوە بوو. ئاریستیدبریان سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا و ژمارەیەك لە نوێنەرە چەپەکان وەکو هەریۆ (چەپی رادیکاڵ) و لویی بلووم (سوسیالیست) لایەنگری ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بوون. بەڵام لە بنەڕەتدا بڕیارەکان لە بەر دەستی لوید جۆرجدا بوون کە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی زاڵ بە سەر فەڕەنسادا، لە سەر ئەم باوەڕە بوو کە پەیمانی ئاشتیی ڤێرسای فشارێکی لەرادەبەدەری خستۆتە سەر ئەڵمانیا. لە لایەکی دیکەوە بریتانیا پێی خۆش بوو ئەڵمانیا هەروا لە سەر پێی خۆی راوەستێ تا لە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی فەڕەنسادا بەربەرەکانی بکا و بەر لە باڵادەستیی ئەم وڵاتە بەسەر قاڕڕەی ئەورووپادا بگرێ و جگە لەوەش لەبەر فشاری فەڕەنسا نەکەوێتە نێو باوەشی سۆڤیەتەوە. لە **٢٩**ی نۆڤەمبەری **١٩٢٢**دا ئەڵمانیا داوای کرد دانەوەی قەرزەکانی نەختێ دوابکەوێ. لوید جۆرج ئەمەی بەدەرفەت زانی و داوای لە فەڕەنسا کرد کە وەڵامی ئەرێ بە داواکەی ئەڵمانیا بداتەوە و لە بەرامبەر ئەمەدا بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی فەڕەنسا پەیمانی دەستەبەری فەڕەنسا و بریتانیا ببەسترێ. لەلایەکی دیکەوە لوید جۆرج خەریکی پێکهێنانی کۆنفڕانسی تازەکردنەوەی ئەورووپا بوو کە نوێنەرانی ئەڵمانیا و سۆڤیەتیش وەك وڵاتانی دیکە تێدا بەشداربن. (کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی کینز) پێشنیارەکانی لوید جۆرج کە بە گەڵاڵەی وی بەناوبانگە لەگەڵ دژایەتیی بنەڕەتیی کاربەدەستانی فەڕەنسا واتە ئەو قۆڵە توندڕۆیەی پاش شەڕ هاتبووە سەرکار، بەرەوڕوو بوو. چونکە دەستەبەری بریتانیا تەنیا سنوورەکانی رۆژهەڵاتی فەڕەنسای دەگرتەوە لە حاڵێکدا برایان خوازیاری دەستەبەری هەموو وڵاتان بەتایبەتی ئەورووپای رۆژهەڵات بوو. ئەم وتووێژانە لە کۆنفڕانسی کەندا درێژەیان پێدرا. هەرچەند بەهۆی دژایەتیی سەرۆك کۆماری فەڕەنسا لەگەڵ بەشداریی سۆڤیەت و ئەڵمانیا و دانی هەرچەشنە ئیمتیازێك بە ئەڵمانیا برایان ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە بەڵام جێگرەکەی، پوانکارێ کە لایەنی بەرامبەری برایان بوو بەسەر کاری ئەنجامدراودا کەوت و لە کۆنفڕانسێکدا بەشدار بوو کە نەك هەر نوێنەرانی ئەڵمانیا و سۆڤیەت تێدا بەشدار بوون بەڵکو دەست پێکردنی کۆنفڕانسیش بە باسی پەیمانی دەستەبەری فەڕەنسا و بریتانیا دەستی پێکرد (کۆنفڕانسی جێن لە ئەپریلی **١٩٢٢**دا). کۆنفڕانسی جێن (جنیڤ) کە بەمەبەستی درێژەی باسەکانی کۆنفڕانسی کەن و مەسەلە ئابووری و بازرگانییەکان و بووژاندنەوەی بازرگانیی نێونەتەوەیی بە بەشداریی **٢٩** وڵات پێکهاتبوو بەهۆی نەگونجانی فەڕەنسا، قەبووڵ نەکردنی هێندێك مەرج لەلایەن سۆڤیەتەوە

(لەبارەی دانەوەی قەرزەکاندا) و بەشداری نەکردنی ئەمریکا لەگەڵ شکستی تەواو بەرەوڕوو بوو. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە ئاکامێکی لاوەکیی دیکەی هەبوو کە زۆر گرنگە و ئەویش بریتییە لەوەی کە نوێنەرانی ئەو دوو وڵاتەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە هێرشیان کرایە سەر (سۆڤیەت و ئەڵمانیا) واتە چیچرین و راتنو لە گوندی راپالۆ لە نزیکی جێن پەیمانی دۆستایەتیی راپالۆیان ئیمزاکردو دەستیان لە داواکانیان نیسبەت بە یەکتر هەڵگرت. پەیمانی راپالۆ لەڕاستیدا کۆتایی پەیمانی برێست لیتوفێسك و هاتنە دەری سۆڤیەت بوو لە دوورەپەرێزی. ئەم پەیمانە کە ئەم دوو وڵاتەی لە بواری ئابووری و بازرگانییەوە دەخستە حاڵەتی وڵاتانی "کاملە الوداد" لە ١٦ی ئەپریلی ۱۹۲۲دا لەنێوان هەردوولادا ئیمزا کرد. بەمجۆرە ئەڵمانیا یەکەم وڵاتی ئەورووپایی بوو کە پێوەندی لەگەڵ رووسیا دامەزراند. مەبەستی ئەڵمانیا لە بەستنی ئەم رێککەوتنە یەکەم ئەوە بوو کە دەستی بە بازاڕەکانی سۆڤیەت رابگا کە دەیتوانی زۆر لە بەرهەمەکانی ئەڵمانیا رابکێشێ، دووهەم ئەڵمانیا دەیەویست بەمەستی تاقیکاری و ئەنجامدانی زۆربەی چالاکییە نیزامییەکانی کە بە پێی پەیماننامەی ڤێرسای لێی قەدەغە کرابوو لە خاکی سۆڤیەتت کەڵك وەرگرێ. لەم بارەیەوە دەبێ بگوترێ ئەڵمانیا سەرکەوتوو بوو چونکە خاکی سۆڤیەتی کردە پێگەی تاقیکردنەوە نیزامییەکانی خۆی. بە هاتنەسەرکاری هیتلەر ئەم پێوەندییانە نەمان. سێهەم مەبەستی دیکەی ئەڵمانیا ترساندنی فەڕەنسا و بریتانیا بوو کە لە خۆیان دەپرسی داخوا دەبێ راپالۆ سەرەتای هاوکارییەکی هەمەلایەنە نەبێ؟ بەڵام مەبەستی سۆڤیەت یەکەم ئەوە بوو کە لە دوورەپەرێزی بێتەدەر، دووهەم ئەوە بوو کە کەڵك لە تەکنۆلۆژیای پسپۆڕانی ئەڵمانیا لە پیشەسازی تێکڕووخاوەکەیدا وەربگرێ. سەرەنجام هەردوو وڵات ئەوپەڕی نارەزایەتییان لە پەیماننامەی ڤێرسای هەبوو کە ئەمە خۆی کاریگەریی لە پێوەندیی ئەم دوانە هەبوو. دۆستایەتیی ئەڵمانیا و سۆڤیەت لە سەردەمێکدا دەکرا کە پێوەندییەکانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا بەدوای شکستی کۆنفرانسی جێن لەسەر چۆنیەتیی دانەوەی خەسارەت بەرەو ناخۆشی دەچوو. لە جوولای ۱۹۲۲دا ئەڵمانیا رایگەیاند کە ناتوانێ قەرزەکانی خۆی بداتەوە (بەهۆی ئاوسانی لەڕادەبەدەر)و داوای نوێ کرانەوەی ماوەی دانەوەیانی کرد. فەڕەنسا ئەم داوایەی بە مەرجی دەستبەسەرداگرتنی کانگای رووهێر وەکو دەستەبەرێك بۆ دانەوەی قەرزەکان قەبووڵ کرد. ئەمریکا و بریتانیا کە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دژایەتییان دەکرد، کۆنفرانسێکیان لە لەندەن پێك هێنا و داوایان لە فەڕەنسا کرد قەرزە راگیراوەکانی



خۆی بداتەوە. فەڕەنسا وەڵامی دایەوە بەر لە دانەوەی وەرگرتنەوەی خەسارەتەکانی ئەڵمانیا دانەوەی قەرزەکان لەلایەن فەڕەنساوە ئیمکانی نییە. لە بەرامبەر فشاری بریتانیادا، فەڕەنسا هێزەکانی خۆی لە چاناك کە خەریکی یارمەتیدانی هێزەکانی بریتانیا لەبەرامبەر هێزەکانی کەمال پاشادا بوون گێرایەوە و بریتانیای لەبەرامبەر تورکەکاندا بەتەنیا هێشتەوە. پێوەندییەکانی فەڕەنسا و بریتانیا بەتوندی تێك چوو. رۆژی ۱۱ی جۆنیوەریی ۱۹۲۳ هێزە هاوبەشەکانی فەڕەنسا و بەلجیکا ناوچەی رووهێریان داگیرکرد بەڵام لەگەڵ بەربەرەکانیی مەنفیی خەڵکی ناوچەکە بەتایبەتی کرێکاران بەرەوڕوو بوون. پوانکارێ سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا کرێکارانی فەڕەنسی، بەلجیکایی و ئیتالیایی لەجێی کرێکارە مانگرتووەکانی ئەڵمانیادا لە کانگای رووهێردا بردە سەرکار. سەرەنجام فەڕەنسا لە بەرامبەر فشاری ئەمریکا و بریتانیادا گەڵاڵەی نێونەتەوەیی کردنی کێشەی خەسارەتی ئەڵمانیای قەبووڵ کرد بەپێی پێشنیاری ئەمریکا کۆمیسیۆنێك بە بەشداریی کارناسانی ئابووری و سیاسی بە سەرۆکایەتیی دەیوز- بانکداری ئەمریکایی - پێکهات و لە نۆڤەمبەری ۱۹۲۳را تا ئەپریلی ۱۹۲٤ لەپاریس درێژەی بەکاری خۆیدا و بەرهەمی بیروبۆچوونەکانی خۆی کە بریتی بوو لە چۆنیەتی دانەوەی خەسارەت لەلایەن ئەڵمانیاوە، خستەڕوو (دانەوەی خەسارەت لە ماوەی ٥ ساڵدا) کە بەگەڵاڵەی دەیوز بەناوبانگە. هاوکات لەگەڵ گەڵاڵەی دەیوزدا، پوانکارێ سەرۆك وەزیرانی توندرۆی فەڕەنساش جێگەی خۆیدا بە هەریف کە لە سەرۆکایەتیی ئیئتیلافی چەپ (ناسراو بە کارتێلی چەپ)دا لە هەڵبژاردنی ۱۹۲٤دا سەرکەوت کەوت. چەپەکان لایەنگری ئاسانگیری بوون لەبەرامبەر ئەڵمانیادا و هاوکات لەگەڵ بەرێوەبردنی گەڵاڵەی دەیوز دەستیان بە چۆڵکردنی رووهێر کرد.

### ۳ـ کێشەی سۆڤیەت

کێشەیەکی دیکەی ئەورووپا لەو سەردەمەدا بەڕەسمی ناسینی رووسیای سۆڤیەت لەلایەن ئەورووپای رۆژئاواوە بوو. شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ی رووسیا، لەبواری دەرەوە و نێوخۆدا هەڕەشەی لە ئەورووپا دەکرد. لەبواری دەرەوەدا ئەم هەڕەشەیە رووی لە هاوسێ هاوسنوورەکانی وەك پۆلۆنیا، دەوڵەتانی بالتیك، فینلەند و رۆمانیا بوو کە تازە سەربەخۆییان وەرگرتبوو. بەڵام لەرووی نێوخۆییەوە هەڕەشەی سۆڤیەت لایەنێکی بەربڵاوتری هەبوو. چونکە شۆڕشی کۆمۆنیستی بە پێی نێوەڕۆکە ئایدیۆلۆجیاییەکەی و

لایەنە جیهانییەکەی، وەکو هێزێکی سنوورنەناس بوو کە سێرەی لە سەرمایەداری گرتبوو. ناوی بالشەویزم وەك ناوێکی خراپ و هێرشکەر موچڕکی بە لەشی چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپای رۆژئاوادا دێنا. هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریش لەگەڵ تەبلیغاتی کۆمۆنیستیدا دەگونجا. چونکە شەڕ، شکست، هەژاری، ئاوسان و بێکاری هۆیەك بوون کە زەمینەی گەشەکردنی کۆمۆنیزمیان پێکدێنا؟ ئێستا ئەو گرووپانەی کە خاوەنی بیروباوەڕی چەپ بوون سەرچاوەیەکی باشیان دۆزیبۆوە تا بتوانێ خۆراکی ئایدیۆلۆجیایان دابین بکا و رێنوێنیی پێویستیان لە تیئۆری و کردەوەدا پێبدا. کرێکارانی ئەورووپا چاویان بڕیبووە مۆسکۆ. کۆڕ و کۆمەڵە دێموکرات و سۆسیالیستەکان و بەچاوی درێژەی شۆڕشەکانی ۱۷۸۹و ۱۸٤۸دەیانڕوانییە شۆڕشی رووسیا. ئەفسانەی شۆڕشی رووسیا، خوازیارانی ئاشتی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی شەیدا کردبوو. سۆسیالیستەکان و جەماوەری کرێکار سەبارەت بەوە کە خۆڕاگرییەکی ئەوتۆیان لەبەرامبەر رکەبەرەکانیاندا لەخۆنیشان نەدا بوو و خەباتی ئەوان لە دژی شەڕ لە ژێر ئاڵای یەکیەتیی نەتەوایەتی بە رێبەرایەتیی بورژواکاندا بەڕێوە چووبوو شەرمەزار بوون و وەك قارەمانانی نێونەتەوەیی کرێکاری کە هەژموونیی بۆرژواکانیان قەبووڵ نەکردووە سەیری کرێکارانی رووسیایان دەکرد. هەربۆیە رێکخراوەکانی کۆنە چەپەکان سیقەی خۆیان لەبەرامبەر شەپۆلی نوێی شۆڕش لەدەستدا و کاتێ لە ساڵی ۱۹۱۹دا لێنین ئەنتەرناسیۆنالی سێهەمی دامەزراند، ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و فیدراسیۆنی سەندیکایی نێونەتەوەیی ئێعتباریان نەما. لەمەوبەدوا ئەنتەرناسیۆنال کەوتە بەرامبەر ئەنتەرناسیۆنال و بوو بەهۆی دابەشبوونی بەرەی چەپ. لە فەڕەنسا زۆرایەتیی حیزبی سۆسیالیست S.F.I.O (لقی فەڕەنساویی ئەنتەرناسیۆنالی کرێکاری) لە کۆنگرەی توور کە لە نوڤێل لە ۱۹۲۰دا پێکهات بڕیاری دامەزراندنی حیزبی کومونیستیدا. ئەم هەڵبژاردنانە لە سەندیکای کرێکاریی (C.G.T)یشدا کاریگەر بوو. لەساڵی ۱۹۲۱دا ئەم سەندیکایە بوو بە دووبەش بەڵام دوای ۱٥ساڵ لە ساڵی ۱۹۳٦دا بەشی یەکەم کە بەرەی نێونەتەوەیی سوسیالیست وەفادار مابۆوە و دەگەڵ بەشی دووهەم کەوتەوە کە دەگەڵ ئەنتەرناسیۆنالی سێهەم کەوتبوو. لە ئیتالیاش کۆمۆنیستەکان پەرەیان بە راپەڕینە شۆڕشگێڕییەکان دەدا. لووتکەی ئەم شۆڕشانە ساڵی ۱۹۲۰بوو و زۆربەی ناوچە کرێکاری و وەرزێرییەکانی گرتەوە. لەم ساڵانەدا زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی راپەڕینی کرێکارییان بەخۆیانەوە دی. لە بریتانیا تەنانەت مەلەوانەکانیش دەستیان بە



راپەڕین کرد. شەپۆلەکانی شۆڕش بەسەر ئەورووپای ناوەندییش دەکشان و هروژمیان دەبردە سەر کۆمارە تازە سەربەخۆ بووەکانیش. لە هەنگاریادا زەمینەیەکی لەبار بۆ تەبلیغاتی ئەنتەرناسیۆنالی سێهەم پێکهات و هەروەك دیتمان بیلاکون توانی سەد رۆژان خۆی رابگرێ. لەسەرەتای ساڵی ۱۹۱۹دا بەربڵاویی راپەڕینی ئیسپارتاکیستەکان بۆ شەڕ و بەربەرەکانی لەبەرامبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا بە نیسبەت بەرچاو بوو و بەرلین بۆماوەی چەند رۆژی دیکەش لە بەر دەستی ئیسپارتاکیستەکاندا بوو و لە باویەر کۆماری سۆڤیەت دامەزرا. بەڵام هەروەك دیتمان ئەم شۆڕشانە سەرکوت کران. لە فەڕەنسا، بریتانیا و ئیتالیاشدا هەرچەند بزووتنەوەی شۆڕشگێڕەکان لە ئاستی رووخاندنی حکوومەتەکاندا نەبوون بەڵام سەرکوت کران. بزووتنەوەی کرێکاری بەهۆی دووبەرەکیی نێوخۆ و ئامادە نەبوونی هەلومەرجی عەینی لەم وڵاتەدا ریشەی دانەکوتا. لەفەڕەنسا دەوڵەت لەدەست بردن بۆ چەکدا سێ و دووی لـێنەکرد. جگە لەوەش تاقمە خۆبەخشەکان ئامادەیی خۆیان بۆ تێکشکاندنی مانگرتنەکان راگەیاند (ترس لە کۆمۆنیزم). شانبەشانی ئەمەش دەوڵەت خەڵکێکی زۆری گرت و موحاکەمە کردن و تەنانەت بڕیاری هەڵوەشاندنی G.C.Tی لە دادگای شاری سێن وەرگرت. ژمارەی ئەندامانی ئەم سەندیکایە پاش ئەمە لە کەمیی دا بەڕادەیەك کە شوێنەوارێکی لەو سەندیکایە نەمایەوە بەڵام لە کۆتایی ساڵی ۱۹۲۰دا دیسان ئەم سەندیکایە بووژایەوە. بەمجۆرە شۆڕش گەڕایەوە سەرجێ و رێی خۆی و ئەورووپای رۆژئاوا لەڕێگەی یارمەتی بەدژی شۆڕش و رووسیا سپییەکانەوە هەروا هەوڵی بۆ لەنێوبردنی شۆڕشی رووسیا دەدا. فەڕەنسا لەڕێگەی دەریای رەش و بریتانیا لەڕێگەی بەندەرەکانی ئارخانگیلسك و موومانیسك لە باکوور و چێکەکان لە رۆژئاوا و ژاپۆنییەکان لە سیبریاوە یارمەتییان دەگەیاندە دوژمنانی شۆڕش. بەڵام هێزی سوور سەرکەوت. ئەمانە توانییان دوژمنانی شۆڕش سەرکوت بکەن و پاش ٤ساڵ شەڕ و پێکدادان توانییان حکوومەتی ناوەندی سەقامگیر بکەن و پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانیان ئیمزا بکەن (دیارە لێرەدا ناتوانین بڵێین سەرکەوتوو بوون چونکە ناوچەیەکی زۆریان لەدەستدا). بەپێی پەیماننامەی ریگا لە ساڵی ۱۹۲۱دا یەکیەتیی سۆڤیەت سەربەخۆیی فینلەند و دەوڵەتانی بالت و پۆلۆنیای بەڕەسمی ناسی بەڵام ۷۰۰هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لەخاکی خۆی لەدەست دا. وڵاتانی رۆژئاوا نەیانتوانی شۆڕشی سۆڤیەت لەنێوبەرن هەوڵیاندا تەریکی بخەنەوەو سیاسەتی "ناوچەی قەرەنتینە"یان

بەمەبەستی پێشگیری لە پەرەگرتنی بۆ بەشەکانی دیکەی ئەورووپا لەبەرامبەردا گرتەبەر و وەك نەخۆشێکی ئیپیدۆمی رەفتاریان لەگەڵ کرد. بەڵام ئەو بارودۆخە زوو گۆڕا و ئەم دوو بەرەیە لێك نزیك بوونەوە.

"حکوومەتی سۆڤیەت لە پاییزی ١٩٢١دا پاش زاڵبوون بەسەر ئەو مەترسییانەی راستەوخۆ هەڕەشەیان لێدەکرد، هەوڵیدا لە تەریك مانەوەی سیاسی و ئابووری بێتەدەر. لێنین لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابووری نوێ نەپ (NEP)دا لە مارسی ١٩٢١دا بۆ پێشگیری لە شکستی کامڵی ئابووری رایگەیاندبوو بە پێویستی دەزانێ پێوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ دەوڵەتی کاپیتالیستەکان نوێ بکاتەوە."

سۆڤیەت لەپێشدا کەڵکی لە کێشەی نێوان ئەڵمانیا و هاوپەیمانان وەرگرت و دەرگای پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا کردەوە ( پەیمانی راپالۆ) بەڵام نەیتوانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئەورووپایی بەتێکڕایی پێوەندییەکی باش دابمەزرێنێ. ساڵی دواتر بەجیا لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپایی دەستی بە وتووێژ کرد. وڵاتانی ئەورووپایی کە لەو راستییە گەیشتبوون ئەم رژێمە دەوامی دەبێ و هەلومەرجی خراپی ئابوورییەکەشیان پێویستی بەوە بوو کە بازاڕی نوێ بکرێتەوە، ئۆگریی خۆیان بە دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ سۆڤیەت نیشاندا. بارودۆخی خراپی ئابووریی وڵاتانی ئەورووپایی وای کرد کە بۆ دامەزراندنی پێوەندی بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەت بکەونەوە رکەبەرایەتییەوە. لەپێشدا ئیتالیای فاشیست و پاشان بریتانیای کرێکاری (رامزی مەکدۆنالد) و سەرەنجام فەڕەنسا پاش هاتنە سەرکاری کارتێلی چەپ (مای ١٩٢٤) سۆڤیەتیان بەڕەسمی ناسی. لە ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٢٣دا مووسوولینی هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی دەوڵەتی فاشیستی بالشەویکەکان بەڕەسمی نەناسێ. بەڕەسمی ناسینی "دوژوورە"ی سۆڤیەت لەلایەن ئیتالیاوە بە رێککەوتنی بازرگانی لە ٨ی فێبریوەری ١٩٢٤دا تەکمیل کرا. پاش ئیتالیا و بریتانیا وڵاتانی نەرویج لە ١٣ی فێبریوەردا، نەمسا لە ٢٥ی فێبریوەردا، یۆنان لە ٨ی مارسدا، سوئێد لە ١٥ی مارسدا، دانیمارك لە ١٨ی جووندا، چین لە ٣١ی مایدا، ئالبانی لە ٦ی جوولای و فەڕەنسا لە ٢٨ی ئۆکتۆبەردا یەکیەتیی سۆڤیەتیان بەڕەسمی ناسی (تەنیا ئەمریکا تا ساڵی ١٩٣٣ لە بەڕەسمی ناسینی سۆڤیەت خۆی پاراست، لەو ساڵەدا سۆڤیەت هاتە نێو کۆمەڵەی نەتەوەکانیش). بەڵام دژایەتیی بیروباوەڕی نێوان حکوومەتەکانی ئەورووپای رۆژئاواو و رژێمی سۆڤیەت لەوە زیاتر بوو کە رێگابە پێوەندییەکی قووڵ و دوور و درێژ بدا.



## ٤ـ قۆناغی ئارامی ١٩٢٥-١٩٢٩

قۆناغی پێنج ساڵەی ئارامیی رێژەیی لە ئەورووپادا بە رێککەوتنەکانی لۆکارنۆ دەستی پێکرد و بە پەیمانی بریان کلوگ گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و پاشان بەسەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکانی ١٩٢٩- ١٩٣٣ کۆتایی هات. ساڵی ١٩٢٥ ساڵی کۆتایی هاتنی ناکۆکییەکان و سەرەتای ئاڵوگۆڕی کارسازە. چونکە جگە لە چارەسەری کێشەکانی تورکیا و یۆنان و بەستنی پەیمانی لۆزان ١٩٢٣، هەروەك دیتمان کێشەی ئەڵمانیا بە گەلاڵەی دیوز و مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەت لە رێگەی رێککەوتنەکانی ساڵی ١٩٢٤ کۆتایی پێهات و لە فەڕەنساشدا کە بەڕێوەبەری پەیماننامەی ڤێرسای بوو ئاڵوگۆڕی باشی سیاسی روویاندا کە بە قازانجی ئاشتی بوو لە ئەورووپادا. پوانکارێ کە لایەنگری بەڕێوەچوونی وردی پەیماننامەی ڤێرسای بوو جێگەی خۆی دا بە سیاسەتی سازانی هەریو (١٩٢٤) پاشان بە سیاسەتی ئاشتیی ئارمستید بریان (١٩٢٥-١٩٢٩). لە ئەڵمانیاش ئیشترزمەن وەزیری دەرەوە رۆڵێکی گرنگی لە کەم کردنەوەی ناکۆکییەکان و دەستڕاگەیشتن بە ئاشتیی گێڕا. ئەم ئاڵوگۆڕانە کە هاوکات بوون لەگەڵ باشبوونی بارودۆخی ئابووری و سەرەتای قۆناغی گەشەکردن زەمینەی بۆ بەستنی رێککەوتننامەکانی لۆکارنۆ پێك هێنا. دەبێ ئەم قۆناغە بە قۆناغی کۆنفڕانسە نێونەتەوەییەکان و داوەریی کۆمەڵەی نەتەوەکان ناوبەرین.

### ئا) پەیماننامەکانی لۆکارنۆ:

کۆنڤانسیۆنەکانی لۆکارنۆ کە کۆمەڵێك رێککەوتنی دوولایەنە و سێلایەنەیان لێکەوتەوە بە بەشداریی چەمبەرلین لەلایەن بریتانیا، ئیشترزمەن لەلایەن ئەڵمانیا، برایان لە لایەن فەڕەنسا، ڤاندرڤێل لەلایەن بەلجیکا و موسوولینی لەلایەن ئیتالیاوە لە ٥ تا ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٥ لە گوندێکدا هەر بەم ناوە لە سویس بەڕێوە چوو. گرنگترین رێککەوتننامە کە لە لۆکارنۆدا ئیمزا کرا دەستەبەری دوولایەنەی ئاسایشی سنوورەکانی فەڕەنسا ـ ئەڵمانیا و بەلجیکا ـ ئەڵمانیا بوو کە ئیتالیا و بریتانیاش وەك پارێزەری ئەم دەستەبەرکردنە ئیمزایان کرد. ماددەی دووهەمی ئەم رێککەوتنە تایبەت بەوە بوو کە ئەگەر هاتو ئەڵمانیا هێرش بکاتە سەر ناوچەی غەیرەنیزامی دەتوانن بە شێوەی چەکدارانە گەلەکۆمەگیی لێبکەن و لە بەرامبەر ئەڵمانیادا راوەستن. رێککەوتننامەی دیکەش

لەنێوان فەرەنسا و پۆلۆنیا و لە نێوان فەرەنسا و چیکۆسلۆڤاکیادا ئیمزا کران. فەرەنسا هیوادار بوو لەم رێگەیەوە بتوانێ لە بارەی سنووره رۆژهەڵاتیەکانیشیدا دەرگای وتووێژ لەگەڵ ئەڵمانیا بکاتەوە. لە حاڵێکدا ئیشترزمەن نەیدەویست ئیمتیازێك لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیادا بدا، چونکە ئەو پێیوابوو لە رۆژهەڵاتەوە زوڵمێکی زۆر لە وڵاتەکەی کراوە. رێککەوتنەکانی لۆکارنۆ کە بۆخۆیان بەرهەمی هەوڵی وەزیرە ئاشتیخوازەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا واتە ئیشترزمەن و برایان بوو بەرهەمی زۆرگرنگیان بەدواوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی زۆریان خۆنەگرت، بەڵام جێگەی سەرنجن. یەکەم ئەوە کە ئەو حاڵەتە دوژمنایەتییەی کە لە نێوان فەرەنساو ئەڵمانیادا هەبوو بە رادەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە و لەڕاستیدا بوو بە هۆی نزیکبوونەوەی بەرەی سەرکەوتوو و بەرەی دۆڕاو. ساڵی دواتر ئەڵمانیا (سێپتەمبەری ١٩٢٦) توانی بچێتە نێو کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە لە حاڵێکدا تا ئەو کاتە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەکو سەندیکای سەرکەوتووەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی وابوو کە تەنیا لە وڵاتە سەرکەوتووکان پێك هاتبوو. دووهەم، پەیمانەکانی لۆکارنۆ هەرچەند لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەسترابوون، بەڵام چونکە هەر بە گوێرەی ئامانجەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەسترابوون بوو بەهۆی بەهێزبوونی ئەم رێکخراوەیە و رۆحی جینیڤ (دامالینی گشتیی چەك) باڵی بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کێشا. ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوەیان پەسند کرد کە کێشەکانیان لە رێگەی ئاشتیخوازانە و وتووێژەوە چارەسەر بکەن و خۆ لە بەکارهێنانی هێز بپارێزن. لەساڵانی ٢٨ـ١٩٢٧دا کە هەلومەرجی ئابووریی جیهانیش ئاشتی و ئارامیی گەرەك بوو و مەسەلەی ئاسایشی بەکۆمەڵ گرنگییەکی زیاتری پەیدا کرد کە لە پەیمانی بریان ـ کلوگدا خۆی دەرخست.

**ب ـ پەیمانی بریان ـ کلوگ ١٩٢٨**

لە ئەپریلی ساڵی ١٩٢٧دا بریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بەبۆنەی دەیەمین ساڵی هاتنی ئەمریکا بۆنێو شەڕی یەکەمی جیهانی پەیامێکی بۆ خەڵکی ئەمریکا نارد و لەو پەیامەدا پێشنیاری کرد کە هەردووڵات وەك یەك پەنابردن بۆ شەڕ وەك حەربەیەکی سیاسی وەلا بنێن. لەجوونی ئەو ساڵەدا پێشنیارێکی وردتری هەربەونێوەرۆکە بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کلوگ نارد (پێویستە ئەوە بیربخەینەوە کە لەم کاتەدا هێندێك کێشە لە نێوان فەرەنسا و ئەمریکادا لەسەر چۆنیەتیی دانەوەی قەرزەکانی فەرەنسا هەبوو).



لەڕاستیدا مەبەستی فەرەنسا قەرەبووکردنەوەی جێی بەتاڵی ئەمریکاو سۆڤیەت لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بوو کە دەیەویست بۆ دڵنیایی زیاتر بە جۆرێك ئەمریکای لە تێکۆشانەکانی ئاسایشی بەکۆمەڵدا بەشدار بکا. پێشنیاری بریان ئەوە بوو کە پەیمانێك ببەسترێ کە پەنابردن بۆ شەڕ بۆ گەیشتن بە مەبەستە سیاسییەکان قەدەغە بکرێ (بێ ئەوەی بەرگریی مەشرووع و شەڕ لە دژی وڵاتێکدا کە ئەم پەیمانە دەخاتە ژێرپێوە ئەو پەیمانە بیگرێتەوە.) کلوگ بەو پەیمانەی بریان رازی بوو بەڵام ئەمریکا هەروا خۆی لە قبووڵ کردنی هەرچەشنە بەڵێنێك لەبەرامبەر کێشە نێونەتەوەییەکاندا پاراست و پشتی لە سیاسەتی دوورەپەرێزیی خۆی نەکرد. پەیمانی بریان ـ کلوگ لە رۆژی ٢٧ی ئاگوستی ١٩٢٨دا لەلایەن ١٥ دەسەڵاتی جیهانەوە ئیمزا کرا و نەختێك دواتر ژمارەی ئەو وڵاتانەی دەگەڵ پەیمانەکە کەوتن گەیشتنە ٦٠ وڵات کە ئەڵمانیا، سۆڤیەت و ژاپۆنیش لەڕیزی ئەمانەدا بوون.

ئەم پەیمانە نیشانەی ئەوپەڕی ئاشتیخوازی بوو لەوسەردەمەدا و وادەهاتە بەرچاو کێشەکانی شەڕی جیهانی پاش تێپەڕینی دەساڵ بە سەر کۆتایی هاتنیدا بەتەواوی چارەسەر کراون. بەدوای ئەم پەیمانەدا مەسەلەی دانەوەی غەرامە و خەسارەت لەلایەن ئەڵمانیاشەوە بە گەڵاڵەی پۆنگ پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. گەڵاڵەی دیوز چۆنیەتیی دانەوەی غەرامەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دیاری کردبوو و بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە و پێویستیی رێوشوێنی نوێ کە چۆنیەتیی دانەوەی غەرامە کە بە پێی هەلومەرجی نوێی ئابووری دیاری بکا، کۆمیسیۆنێکی دیکە لە شارەزایانی وڵاتانی جۆراوجۆر بۆ وێنە لە خودی ئەڵمانیا بە نوێنەرایەتیی سەرۆکی رایش بانك، شاخت (ئەڵمانیا لە گەڵاڵەی دیوزدا بەشدار نەبوو) و بەسەرۆکایەتیی بانکداری ئەمریکایی پۆنگ کە ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی دیوزیش بوو (نیشانەی رۆڵی ئەمریکا لە کێشەکانی ئەورووپادا) پێکهات و مەبلەغی غەرامەکەیان لەسەریەك بە ٤٠ میلیارد مارك دانا کە تا ساڵی ١٩٨٨ وردە وردە ساڵێ بڕێکی بداتەوە. گەڵاڵەی یۆنگ لە ٧ی جوونی ١٩٢٩ لەلایەن ئەو کۆمیسیۆنەوە پەسند کرا و پاشان لەلایەن وڵاتانی پێوەندیدارەوە پەسندکرا و لە ساڵی ١٩٣٠را پێینایە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. بەمجۆرە کێشەی دانی غەرامە کە لە ساڵانی دوای شەڕدا بەتوندی رەنگی سیاسیی بەخۆوە گرتبوو، بوو بە مەسەلەیەکی تەکنیکی و ئابووری و لە ئاڵۆزیی سیاسیی کەم کردەوە. پەیوەندیی وڵاتە ئەورووپییەکان بە پلەیەك لە

دۆستایەتیی گەیی کە هێندێك کەس زەمینەیان بۆ تەبلیغاتی پان ئەورووپاییزم بە لەبار زانی (هەولّی دیپلۆماتی نەمسایی بە ئەسلّ یۆنانی کۆنت کودینهۆڤ کالرجی). کاریگەرییەکی دیکەی پەیمانی بریان ـ کلوگ و کەمکردنەوەی ئالۆزیی نێونەتەوەیی لەم قۆناغەدا، چۆلّکردنی ڕێنانی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بوو. ئیشترزمەن کە بە مەبەستی ئەو پەیمانە چووبووە پاریس بە کاربەدەستانی فەڕەنسی گوتبوو کە داگیرکرانی ناوچەی ڕێنانی لەلایەن هێزەکانی فەڕەنسا، بەلجیکا و بریتانیاوە پێچەوانەی پەیماننامەی لۆکارنۆو پەیمانی بریان ـ کلوگە. بۆچوونی ئیشترزمەن لە کۆنفرانسی لاهەدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی چوار وڵاتی پێوەندیدارەوە لە ئاگۆستی ١٩٢٩دا پێکهات هەڵسەنگێندرا و بڕیاردرا ڕێنانی بە چوونەدەری هێزەکانی بریتانیا و بەلجیکا لە سێپتەمبەری ١٩٢٩وە دەست پێ بکا و پاشان بە چوونەدەری هێزەکانی فەڕەنسا ئەوپەڕەکەی تا ٣٠ی جوونی ١٩٣٠ بەتەواوی کۆتایی بێ. (لەحالێکدا بەپێی پەیماننامەی ڤێرسای هاوپەیمانان دەیانتوانی تا ساڵی ١٩٣٥ ڕێنانییان لەبەردەستدا بێ.) هەروەها بەپێی پەیمانی بریان ـ کلوگ و هەولّی کۆمیسیۆنی چەك داماڵینی جنێڤ کە کاری خۆی لە ساڵی ١٩٢٦ەوە دەست پێکردبوو، ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەورووپایی دەستیان بەکەم کردنەوەی هێزە نیزامییەکانی خۆیان کردبوو. بریتانیا بە چەند هەزار سەربازێکی ڕەسمی قەناعەتی کردبوو و فەڕەنسا خزمەتی سەربازیی بۆ ساڵێك کەم کردبۆوە. سەرەنجام ئەو پەیمانە دیسان پرستیژی کۆمەڵەی نەتەوەکانی بەرەوژوور برد و "هەموو کەس بەچاوی دەوڵەتێکی جیهانی سەیری ئەم ڕێکخراوەیەیان دەکرد کە دەتوانێ بەر بە شەڕ و خوێنڕێژی بگرێ". هەلومەرجەکە بە چەشنێك بوو دەتگوت ئاشتییەکی تاسەر باڵی بەسەر ئەورووپادا کێشاوە. بەڵام وانەبوو و ئاگرێك لەژێر خۆڵەمێشدا خەریك بوو دادەگیرسا.

# بەشی سێهەم

## پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە ١٩٢٩وە تا ١٩٤٥

سالّی ١٩٢٩ سەرەتای قەیرانە قووڵە ئابوورییەکانە. ئەم قەیرانانە لە حاڵێکدا دەستیان پێکرد کە پییەر رونوون گوتەنی ئارامی و سەقامگیری لە ئەورووپادا بە قووڵی ریشەیان دانەکوتابوو. پەیمانی بریان ـ کلوگ کە ئەوەندە جێگەی هیوا بوو، نە "بەرەنگاریی مەشرووع"ی پێناسە کردبوو و نە "شەڕی دەستدرێژیکرانە"، بەڵکو زیاتر حاڵەتی ژێستێکی ئاشتیخوازانەی هەبوو کە ئەمریکا لەبەرامبەر خەڵکی خۆیدا خۆی پێ رادەنا. کۆمیسیۆنێکی چەك داماڵینیش لە قۆناغی سەرەتایی هەورازتر نەچوو و لە پێناسەکردنی چەکدا وەستا. کۆمەڵەی نەتەوەکانیش ئەوەندە دەستەوەستان بوو کە نەیدەتوانی بەر بە جموجۆڵی مەترسیدار بۆ سەر ئاشتی بگرێ. بەکۆتایی هاتنی قۆناغی پێنج ساڵەی ئارامی دژایەتی و ناکۆکییە چارەسەرنەکراوەکانی دوای شەڕی یەکەم خێرا تەشەنەیان کرد و بە درێژبوونەوەی قۆناغی قەیران لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا پێینایە قۆناغێکی ترسناکەوە. لەمەودوا بە سەرهەڵدانی هیتلەر و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی فاشیست جیهان بەسەر سێ بلۆکی دژ بەیەکدا دابەش بوو. بەرەی فاشیزم بەهۆی هەڵەکانی بلۆکی دێموکراسی و کۆمونیزم و هەروەها بەهۆی لەباربوونی زەمینەی نێوخۆیی مەیدانی رمبازێنی بە لەباری دیت تا سەرەنجام ویست و نیازە بێسنوورەکانی هیتلەر هەنگاو بە هەنگاو جیهانی بەرەو گێژاوی دووهەمین شەڕی جیهانی راکێش کرد. شەڕێك کە نزیکەی شەش ساڵی خایاند و لەهەرلایەکەوە لێی بڕوانی بەربڵاوتر و ترسناکتر بوو لە شەڕی یەکەمی جیهانی.



### ١ـ قەیرانی ئابووری و شوێنەوارەکانی

چەند رۆژ دوای مردنی ئیشترزمەن (٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٩) کە یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئاشتیی ئەورووپا بوو، رۆژی پێنج شەممە ٢٤ی ئۆکتۆبەر بە پێنجشەممەی رەش بەناوبانگە. بازاڕی بورسی والستریت (نیویۆرك) دابەزی و قەیرانێکی چوار ساڵی (لە هێندێك وڵاتدا شوێنەوارەکانی ئەم قەیرانە تا ساڵی ١٩٣٥ درێژەی کێشا) لە ئابووری جیهاندا دەستی پێکرد. لە پێشدا وا دەهاتەبەرچاو کە ئەم قەیرانە زوو کۆتایی دێ. هووڤەر سەرکۆماری نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکان ( لە حیزبی کۆماریخواز) بەڵێنی بە خەڵك دەدا کۆتایی قەیرانەکە نزیکە و بەختەوەری تەنیا هەنگاوێك لە ئێوە دوورە. بەڵام قەیرانەکە تا کۆتایی سەرۆکایەتیی ئەو درێژەی کێشا و ئەو بۆ ماوەی چوارساڵان ئەو قسەیەی دووپات کردەوە.

لە ساڵی ١٩٢٨دا بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە هۆی بارین بە رادەیەکی بەرچاو زیادیان کرد و ئەمە بوو بە هۆی دابەزینی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ئەنبار بوونیان. ئەمە وای کرد توانای کڕینی وەرزێران کە بۆخۆیان بەرهەمە پیشەسازییەکانیان مەسرەف دەکرد کەم بکاتەوە. ئەمە خۆی سەرەتایەك بوو بۆ قەیرانە ئابوورییەکان کە هۆیەکانی پێشتر ئامادە بوون. قەیرانەکە لە پێشدا داوێنی سیستەمی دراوی گرت و خێرا بەشە پیشەسازییەکانیشی داگرت و لە هاوینی ١٩٣٠دا بەشی کشتوکاڵیشی گرتەوە. ماوەیەك دوای ئەوەی قەیرانەکە هەموو ئەمریکای تەنی، ئەو وڵاتانەی ئەمریکا دەسمایەی تێدا وەگەڕ خستبوون، وەکو نەمسا، ئەڵمانیا و بریتانیاش هەر بەو شێوەیە تووشی قەیرانی دراوی، پیشەسازی و کشتوکاڵی بوون. لە ماوەی چوار ساڵدا قەیرانەکە لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێك و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە چوو و جگە لە یەکیەتیی سۆڤیەت تەواوی وڵاتانی ئەورووپایی و تەنانەت ژاپۆنی بە توندی تووشی لاوازی ئاڵۆزی کرد.

لە پێنج شەممەی رەشدا زیاتر لە ٧٠ میلیۆن پەڕی بەنرخ (اوراق بهادار) بایەخیان نەما و زیانەکەی لە ١٨ میلیۆن دۆلار تێپەڕی و ئەمە لە رۆژانی دیکەشدا دووپات بۆوە. ئەم قەیرانە کە لە بنەڕەتدا قەیرانی بایەخەکان و دابەزینی نرخەکان بوو لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی جۆن مینارد کینزیەکی دەگرتەوە و بوو بە هۆی زیادبوونی خێرای بێکاری. بە پێی روانگەی گشتیی کینز پێوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان زیادکردنی نرخەکان و ژمارەی

بێکاراندا هەیە. واتە زیادبوونی نرخەکان دەبێتە هۆی هاندانی دامەزراوەکان بۆ بەرهەمی زیاترو لە ئاکامدا کرێکارێکی زیاتر خەریکی کار دەبن. بە پێچەوانەوە دابەزینی نرخەکان دەبێتە هۆی وەستان و سەرەنجام دەبێتە هۆی زۆربوونی بێکاری.

بە دوای ئەم قەیرانەدا ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکانی ئەمریکا تووشی تێکشکان هاتن و ٦هەزار لقی بانك لە کار وەستان. ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوەکان سەعاتی کارەکانیان کەم کردەوە و دەستیان بە دەرکردنی کرێکاران کرد. ژمارەی بێکاران لە ئەمریکا لە ساڵی **١٩٣٢**دا گەیشتە **١٢** میلیۆن کەس. لە ئەڵمانیا ئەم ژمارەیە گەیشتە **٦** میلیۆن، لە بریتانیا گەیشتە **٣** میلیۆن، لە فەڕەنسا نیو میلیۆن کەس و لە ئیتالیا زیاتر لە یەك میلیۆن. لەسەریەك لەو ساڵەدا **٣٠** میلیۆن بێکار لە ئەمریکا و ئەورووپادا هەبوون کە **١٥**تا**٢٠** لەسەدی حەشیمەتی هەڵسووڕی ئەم وڵاتانەی دەگرتەوە. بەرهەمە پیشەسازییەکان لەچاو ساڵی **١٩٢٩** بە رادەی **٣٨**٪ دابەزین. بەرهەمە ئاژەڵییەکان و کشتوکاڵییەکان کە کڕیاریان نەبوو، لەبەرامبەر چاوی میلیۆنان برسیدا دەفەوتێندران.

## شوێنەواری قەیرانەکە

بەدرێژەکێشانی قەیرانە ئابوورییەکان ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو وڵاتان ئاڵوگۆڕێکی قووڵیان بەسەردا هات و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیشی خستە ژێر کایگەری خۆیەوە.

**ئا) کاریگەریی قەیران لەسەر سیاسەتی نێوخۆی وڵاتان:** ئەم کاریگەرییانە لە دەستتێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بێئیعتبار بوونی دێموکراسی لە بیروباوەڕی خەڵکدا کورت دەبێتەوە. سەبارەت بەوەی کە ئەم قەیرانە لە ئاکامی راستەوخۆی سەرەڕۆیی و ئازادیی کردەوەی ئابووریدا بوو (هەربۆیەش بەرۆکی سۆڤیەتی نەگرت) بۆ لەنێوبردنی رێگەیەکی پێچەوانەی سەرەوە پێویست بوو. بۆیە یەکەم شوێنەواری ئەم قەیرانە لە ژیانی سیاسیی نێوخۆی وڵاتاندا بە شێوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری واتە کۆنترۆڵی نرخەکان، میللیکردنی دامەزراوەکان، پێکهێنانی کار و گرتنەبەری سیاسەتی رێنوێنیکارانە، خۆی نواند. لە ئەمریکادا کە شوێنەوارەکانی قەیرانەکە زۆر قووڵ بوون و داهاتی نەتەوەیی لە **٨٧** میلیارد دۆلارەوە لە ساڵی **١٩٢٩**دا دابەزی بۆ **٣٩** میلیارد دۆلار لە ساڵی **١٩٣٢**دا و بوونی **١٢** میلیۆن



بێکار گێروگرفتێکی گەورەی کۆمەڵایەتیی خستبووە بەردەم دەوڵەتەوە. رێگە چارەیەکی توندیش پێویست بوو بۆ ئەوەی قەیرانەکە کۆتایی بێ و شوێنەوارەکە نەمێنێ. رۆزڤێڵت کاندیدای حیزبی دێموکرات کە پاش دوازدە ساڵ حکوومەتی کۆماریخوازەکان کاروبارەکانی وڵاتی دەگرتە دەست، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئابووریی ئەمریکا سیاسەتێکی گرتەبەر کە بە "نیودیل" بەناوبانگە. رۆزڤێڵت لەسەر رێگەی دابەزاندنی نرخی دۆلار و چاوەدێریی دەوڵەت بەسەر کاروکردەوەی بانکەکان، کشتوکاڵی و پیشەسازی و پێکهێنانی کاردا، ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەمریکای رێك خستەوە. روونە کە سیاسەتی "نیودیل" بەدڵی سەرمایەدارەکانی ئەمریکا نەبوو. بەڵام بوو بەهۆی رەزامەندیی کرێکاران. هەربۆیەش حیزبە کۆمۆنیستەکان لەم ساڵانەدا کە سروشتی بوو بۆ تەبلیغاتی چەپی زەمینەکەی لەبار بوو، سەرکەوتنێکیان وەدەست نەهێنا. لە بریتانیاش کە سەمبولی لیبراڵیزمی ئابووری بوو بەهۆی شوێنەوارە خراپەکانی قەیران کە هاوکات بوو لەگەڵ گێروگرفتی پێکهاتەی پیشەسازی و سوانی کارخانەکانیش، دەوڵەت ناچار بوو سیاسەتی دەستێوەردان لە ژیانی ئابووری و سیاسەتی نوێی ئابووری بگرێتە بەر. بریتانیا پاش ٨٠ ساڵ ئەزموونی ئاڵوێری ئازاد رێگەیەکی دیکەی گرتەبەر. دەوڵەتی ماکدۆنالد کە لە سێپتەمبەری **١٩٣١**دا هاتبووە سەرکار و لەساڵی **١٩٣٢**دا دەستی لە ئاڵوێری ئازاد هەڵگرت و سیستەمی رێنوێنیی گرتەبەرو هەوڵیدا بە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوسوود (مشترك المنافع) و دوورکەوتنەوە لە وڵاتانی ئەورووپایی و رۆژهەڵاتی دوور بەر بە تووشبوونی وڵاتەکەی بە شوێنەوارەکانی ئەم قەیرانە بگرێ. لەفەڕەنساشدا هەرچەند بەهۆی دوورمانەوە لە بازنەی ئابووریی تەواو پیشەسازی و ئاڵوێری کەمتر لەگەڵ ئەمریکا بە نیو میلیۆن بێکارەوە، لە ئەڵمانیا و بریتانیا کەمتر زەرەری لەو قەیرانە وێ کەوتبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆماری سێهەم زیاتر لەگەڵ سەردەمی ریفاه و زۆروزەوەندی دەهاتەوە، لەبەرامبەر ئەو قەیرانەدا زۆر خۆڕاگر نەدەهاتە بەرچاو. بەتایبەتیش هاوکات لەگەڵ ئەم قەیرانەدا قۆناغێکی ناسەقامگیریی سیاسییش دەستی پێکردبوو کە ئاکامەکەی کەمبوونەوەی رۆڵی فەڕەنسا بوولە کاروبارە نێونەتەوەییەکاندا و لاوازیی ئەم وڵاتە لە کۆلۆنییەکانیدا. دەوڵەتی فەڕەنسا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم قەیرانەدا خوازیاری زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی بوو. بەدوای وەدیهاتنی ئەم داخوازەدا توانای دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بە زیانی دەسەڵاتی یاسادانان زیادی کرد. بە واتایەکی دیکە "رژێمی پەسەند

کراوە قانوونییەکان" دامەزرا و دەوڵەت بە بیانووی نائاسایی بوونی هەلومەرج گوێی نەدەدا بە بیروبۆچوونەکانی پەرلەمان. نموونەی ئەمە کابینەکانی پوانکارێ و دومێرگ بوون کە لە ٦ی فێبریوەری **١٩٣٤**دا داوای دەسەلاتی زیاتریان کرد. دیارە ماوەی ئەم جۆرە سەلاحییەتە پێدراوانە بە دەوڵەت، سنووردار بوو و لە پەسندکراوەکانی پەرلەماندا ماوەکەی دیاری کراوە. بەڵام هەر ئەم ماوە کورتانە دەیانتوانی ببنە هۆی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێك کە موسوولینی و هیتلەر نموونەکانیان بوون.

**ب ـ پەرەگرتنی توتالیتاریزم:** شوێنەوارێکی دیکەی قەیرانە ئابوورییەکان لەسەر ژیانی سیاسیی وڵاتانی تووشبوو، بێئیعتیبار بوونی دێموکراسی لەلای بیروڕای گشتی و زیاد بوونی ئیعتیباری رژێمە توتالیتاریستەکان بوو. دێموکراسی کە لە کۆمەڵگە ئارام و خۆشگوزەرانەکاندا دەتوانێ گەشە بکا، ئەغڵەب وایە کە ناتوانێ لەبەرامبەر قەیرانە قووڵەکاندا دژکردەوەیەکی خێرا و کارساز لەخۆی نیشان بدا و پێداویستییەکانی خەڵك دەسبەجێ دابین بکا. ئەگەر کۆمەڵ بە قووڵی خووی بە دێموکراسی نەگرتبێ زۆر زوو دەکەوێتە نێو داوی هەڵخەڵەتێنەران و دەسەڵاتخوازانەوە. هەربۆیەش ئەم سیستەمانە تەنیا لەو وڵاتانەدا لە فەوتان رزگاریان بوو کە دێموکراسی خاوەنی ریشەیەکی قووڵ و مێژوویەکی کۆن بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دێموکراسی توانی بە نیوەگیانی دەرباز بێ، لە راستیدا لەبەر ئەوە بوو کە بە کەڵك وەرگرتن لە شێوەی توتالیتاریزم دەستی بۆ جۆرێ خۆکوتان (واکسێن) برد (دەستێوەردانی دەوڵەت) پێشیان بە بڵاوبوونەوەی توتالیتاریزمی بەهێز کرد. هەر لەم کاتەشدا لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا حیزبە فاشیستەکانی لایەنگری موسوولینی و هیتلەر دامەزران. سێرئۆسواڵد موزلی لە ساڵی **١٩٣٢**دا "حیزبی نوێی"ی کردە یەکیەتیی فاشیستەکانی بریتانیا و لە ساڵی **١٩٣٣**دا ڤدکۆن کیسلینگ حیزبی فاشیستی نەرویجی دامەزراند و لەنێوان ساڵانی **١٩٤٢** تا **١٩٤٥**یش دا بوو بە سەرۆك وەزیران. لە فەڕەنسا تاقمە سەڵتەنەتخوازەکان و لایەنگرانی فاشیزم وەکو ئەکسیۆن فرانسێز (**١٨٩٩** دامەزرا) و خاچی ئاگر (بە رێبەرایەتیی سەرهەنگ لیۆن دیگریل لە ساڵی **١٩٣٥** پێکهات و لە ساڵی **١٩٤٤**دا لەنێوچوو [سەریان هەڵدا]. بەڵام حکوومەتە تازە دامەزراوە دێموکراتەکان لەبەرامبەر راست و چەپدا لەپێ کەوتن و هەموویان کەوتنە داوی توتالیتاریزمەوە. یەکەم نموونەی توتالیتاریزم لە دەیەی **١٩٣٠**دا رووسیای سۆڤیەت خستەیەڕوو. لەکاتی رووخانی تروتسکییەوە کە ستالین رێبەرایەتیی بێ رکەبەری وڵاتی



شووراکانی بەدەستەوە گرت ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە سیستەمی ئابووری (لەنێوبردنی گولاکەکان و چینێك کە بەهۆی سیاسەتی نەپ پێکهاتبوو)، ئیداری و نیزامیی وڵاتدا (دیسیپیلینێکی توند و دانانەوەی رێوشوێنی پلە)یش دەستی پێکرد. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت (تاقانە حیزب)یش تووشی ئەم هەلومەرجە بوو و پاش خۆ رێکخستن و دامەزراندنی دیسیپیلینێکی توند، چاوەدێرییەکی بەرزی بەسەر هەموو ئۆرگانەکانی وڵاتدا بەڕێوە برد. لە حکوومەتی نوێدا، ستالین بە کردەوە کەوتە لووتکەی دەسەڵاتەوە (لەساڵی **١٩٢٧**دا) بەڵام هیچ چەشنە پلە و پایەیەکی دەوڵەتی یان پلەیەکی رەسمیی دەوڵەتیی بەدەستەوە نەگرت بەڵکو سکرتێری گشتیی حیزب واتە رێکخستنێك بوو کە نەك هەر شانبەشانی دەوڵەت بوو بەڵکو چاوەدێر بەسەر کردەوەکانی دەوڵەتیشدا بوو. بەمجۆرە رووسیای سۆڤیەت یەکەم نموونەی شێوەیەکیدا بە دەستەوە کە پاشان لە هەموو رژێمە توتالیتارییەکاندا دەیبینین. لە سوننەتی سیاسیی رۆژئاوادا دیاردەیەکی ئەوتۆ نەبینرا بوو لە راستیدا رێکخراوێك بەسەر دەوڵەتدا حکوومەت بکا. لە سوننەتی رۆژئاوادا دەوڵەت سەر بە هەموو چین و توێژ و یەکەیەکی خەڵکە و دەبێ بەتەواوی بێلایەن بێ لە حاڵێکدا لە حکوومەتی سۆڤیەتدا دەوڵەت نوێنەری چینی کرێکار بە رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستە. هەر لەجێدا لە مەرامی مارکسیزمدا دەوڵەتی بێلایەن بوونی نییە بەڵکو هەردەوڵەتێك هەمیشە نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتییە.

هەرچۆنێك بێ سەرەڕای بوونی ئەنجوومەنی بەرزو پەرلەمان و ئەنجوومەنی نەتەوەکان. هەموو دەسەڵات لەبەر دەستی ستالیندا بوو و ئەنجوومەنی بەرز تەنیا خەریکی پێکهێنانی کۆبوونەوە نائاساییەکان دەبوو بە مەبەستی پەسند کردنی ئەو پڕۆژانەی دێنەگۆڕێ. دەزگای سەرەکیی حیزب کە دیسیپیلینێکی حیزبیی توندی وەکو هی سوپای بەسەر زاڵ بوو بو ژمارەیەکی کەم لە ئەندامە گوڵبژێرکراوەکان چاوەدێریی بەسەر تەواوی ئۆرگانەکاندا دەکرد. لەکۆتایی ساڵی **١٩٣٤**دا تەواوی ئازادییەکان بڕانەوە و قۆناغێکی تێرۆر و ترس و تۆقاندن دەستی پێکرد کە پاڵاوتنی بە کۆمەڵ، موحاکەمەی یەك بەدوای یەکدا و بەڕێکردنی میلیۆنان کەس بۆ ئۆردوگاکانی کاری بەدواوە بوو. ئەم پاڵاوتنانە  بە کوژرانی یەکێك لە هاوڕێیانی ستالین بە ناوی کیرۆڤ دەستییان پێکرد کە هەندێك کەس پێیان وایە ئەم قەتڵە کاری خودی ستالین بووە تاکوو هەم کیرۆڤ لەنێوبەرێ و هەم بیانوویەك بۆ پاڵاوتن بدۆزێتەوە. هەرچۆنێك بێ کوژرانی کیرۆڤ وەکو سەرەتای قۆناغێکی تیرۆر کە تا

کۆتایی ژیانی ستالین درێژەی کێشا سەیری دەکرێ. ٧٠٪ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە لە سەرەتای شۆڕشەوە دەستیان بەکار کردبوو لە نێوچوون. حیزب، سوپا و هەر ڕێکخراوێکی دەکەوتە بەر پاڵاوتن و ئەوانەی مەحکووم دەکران بە جۆرێك لەبەرچاوی خەڵك خۆیان سووك و ریسوا دەکرد کە هیچ دوژمنێك نەیدەتوانی بەو توندوتیژییە لە دژی ئەمانە شایەتی بدا.

ئەمانە دانیان بە تاوانێك دادەنا کە ڕەنگە قەت لێیان ڕووی نەدابێ. بەم جۆرە هاوڕێ ستالین پاکانەحیسابی لەگەڵ هەمموو هاوڕێیانی کرد. گومانی تێدا نییە ئەگەر هیتلەریش سەرکەوتبا ئەمڕۆ خاوەنی لایەنگرانی دڵپاکی وەك هاوڕێیانی لایەنگری ستالین لە جیهاندا دەبوو. جۆرێکی دیکە لە توتالیتاریزم لە دەیەی ١٩٣٠دا شێوەی حکوومەتی فاشیستی بە شێوازی موسوولینی و هیتلەر بوو.

وشەی فاشیزم لە وشەی ئیتالیایی فاشیو بە مانای دەستە (وەکو قولەگیا یان دەستە گوڵ) وەرگیراوە و ئەمە ناوێکە کە جەنگاوەرانی ئیتالیایی شەڕی یەکەمی جیهانی هەرکە شەڕ دەستی پێکرد لە کۆڕی خۆیان نا. موسوولینی یەکێك بوو لەو کەسانە. فاشێوش وەك سۆڤیەت دیارخەری تاقمێکە کە خاوەنی هاوپێوەندیی بیروباوەڕیشە. بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەسەر کۆڕ و کۆمەڵی لەم چەشنە لە وڵاتانی دیکەشدا خێرا بوو بە نەریت. ئەغلەب هاوخەبات و هاوسەنگەران خاوەنی هەستی وەك یەك لە بەرامبەر یەکتردا بوون و یادی سەردەمی خەبات لە پێناوی نیشتمان و فیداکاری و هەروەها عیشق و ئۆگری و زاڵبوونی هەست و سۆز و بە تایبەتی بوونی ڕێبەرێکی لە جۆری کاریزماتیك لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەم تاقمەیە. ئەم قسەیەی موسوولینی کە :"کۆمەڵانی خەڵك وەکو ژنان، پیاوە بەهێزەکانیان خۆش دەوێ" تا ڕادەیەکی زۆر شێوە بیرکردنەوەی فاشیزم لە بارەی مەسەلەی ڕێبەرایەتیدا ڕوون دەکاتەوە. ئەم تایبەتمەندییانە وردە وردە لە پێکهاتن و ڕێبازی فکریی گرووپە فاشیستەکاندا بە تایبەتی پاش سەرکەوتن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کاریگەر بوو. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە فاشیزم دەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کۆمەڵگەیەش کە گەشەی تێدا دەکرد. لە ئیتالیادا، فاشیزم بیرخەرەوەی سەردەمی شکۆمەندیی ڕۆحی کۆنە و لە ئەڵمانیادا بیروباوەڕی پان جێرمەنیزم، دژایەتی لەگەڵ جوولەکە و ڕەگەزپەرستی ڕێبازی فکریی نازیزمیان پێك دێنا. هەر لەم کاتەشدا ناکرێ پێناسەیەکی گشتی بدەین بەدەستەوە کە بۆ ناساندنی هەمموو



ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٤٥ لە ئەورووپادا وەك فاشیست دیاری کراون پشتی پێ ببەسترێ. زۆربەی ئەم ڕەوتانە وردە وردە لە ماوەی کارکردنیاندا پێناسە دەکرێن بەڵام حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیست لەو نێوەدا جیایە چونکە بنەمافکرییەکانی بەر لە دەست پێکردنی بزووتنەوەکە داڕێژرابوو. ساڵی ١٩٢٣ هیتلەر دوکتۆرینی خۆی لە کتێبی "ململانێی من"دا دیاری کردبوو. دە ساڵ دواتر کە بە دەسەڵات گەیشت نە شتێکی پێوە زیاد کرد و نە شتێکی لێکەم کرد. بەڵام لە بارەی ڕەوتە فاشیستییەکانی دیکەدا لە سەرەتادا باسێك لە ڕێبازی فکری نییە. بە وتەی خودی موسوولینی "فاشیزم منداڵێکی شیرەخۆرە نەبوو کە لە داوێنی بیروباوەڕێکدا پەروەردە بکرێ کە هەمموو تایبەتمەندییەکانی پێشتر دیاری کرابن. فاشیزم بەرهەمی پێویستیی کردەوە بوو." لە باری حیزبی نازیشەوە دروست نییە کە باس لە ئایدیۆلۆجیا یان دوکتورین بکرێ. لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵ دراوە بیروباوەڕی دیاردەی فاشیزم دیاری بکرێ. کۆمەڵناسانی ئەمریکایی، فاشیزم و کۆمۆنیزم سەرەڕای جیاوازیی نێوانیان بە تیرانیی سەدەی بیستەم و حکوومەتە تیرانییەکانی سەدەکانی ڕابردوو دەزانن. ژمارەیەك لە خاوەنڕایانی مارکسیزم، فاشیزم بە دوایین ڕێگەی ڕاکردنی سەرمایەداری لە بنبەست دەزانن. فرۆیدیستەکان فاشیزم بە ڕەنگدانەوەی دەروونیی کۆمەڵ دەزانن کە تووشی سەرکوت و بەلاڕێدا چوونی ڕەگەزییە (سەیری نووسینەکانی ویلهێلم ڕایش بکەن). بەڵام بەڵگە مێژووییەکان ئەم دیاردەیە بە بەرهەمی ڕووداو و هۆکارێکی ئاڵۆز ناودەبەن کە هەستی نەتەوایەتیی توند هەوێنێتی و زەمینەکەش قەیرانی نیهادی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕییێکی دێنن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا جگە لە بێکاران، توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ کە بە دوای ڕزگاریدەردا دەگەڕێن قارەمانی بەرقەرارکردنی نەزم لە نێو دیکتاتۆرەکاندا هەڵدەبژێرن. جگە لەوەش شانازییەکی درۆیی کە قارەمانە خەیاڵییەکان لە خەڵکدا پێکی دێنن و ئاو بە ئاگری ڕق و کینە و سووکایەتییە نەتەوایەتییەکانیاندا دەکەن و دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بێئاگا لەو نرخەی کە سبەی لە بەرامبەر پەیمان و بەڵێنەکانی ئەم قارەمانانەدا دەی دەن لە دەوریان کۆدەبینەوە.

هەرچۆنێك بێ لە دەیەی ١٩٣٠دا ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لە جۆری فاشیست لە سەرانسەری ئەورووپادا هاتنەسەرکار: دیکتاتۆرییەکانی وڵاتانی باڵتیك (ئیستوونی، لیتوونی و لیتوانی) و دیکتاتۆرییەکانی سالازار لە پورتوگال، گرووپە توندڕۆ

نەتەوەییییەکان و نیزامییەکان لە ژاپۆن، فرانکۆ لە ئیسپانیا و لە هەموان گرنگتر موسوولینی لە ئیتالیا و هیتلەر لە ئەڵمانیا.

**ج ـ شوێنەواری قەیران لە سەر پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان:** دەتوانین شوێنەوارەکانی قەیرانەکە لە سێلاوە لێك بدەینەوە؛ کەمبوونەوەی ئاڵوێرە نێونەتەوەیییەکان، کەمبوونەوەی هاوڕێ نێونەتەوەیییەکان و بەخۆوەخەریك بوونی وڵاتان و سەرەنجام دابەشبوونی وڵاتانی جیهان بۆ دوو بەرەی دەوڵەمەند و هەژار.

یەکەم ـ لە زۆربەی وڵاتاندا ئاکامە قورسەکان قەیرانی ئابووری بوو بە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتانە روو لە "ئۆتاریستی" (قەناعەت کردن بەخۆ) و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ئابووری بکەن. ئەو شتە لەلایەك جۆرێك خۆبەزلزانیی پیرۆزئاسای بەسەر پێوەندییە ئابوورییەکاندا زاڵ کرد و لە هەر وڵاتێکدا بۆ بەکاربردنی کاڵا خۆماڵییەکان بانگەوازێکی توند دەکرا و بەم جۆرە ئاڵوویرە نێونەتەوەیییەکان و هاوکارییە ئابوورییەکان بە رادەیەکی زۆر کەم بوونەوە. بە پێی لێکدانەوەی شتومەکی هاتووی ٧٥ وڵاتی جیهان دەکرێ بڵێین لە نێوان ساڵەکانی **١٩٢٩** تا **١٩٣٣** بازرگانیی جیهانی بە رادەی **٦٩٪** کەم بۆتەوە. خۆبەزلزانییەکان لەم بوارەدا بە رادەیەك بوو کە کۆنفرانسی ئابووریی جیهان لە مانگەکانی جوون و جوولای **١٩٣٣**دا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی نێونەتەوەیی بۆ ئەم کێشەیە لە لەندەن پێك هات بە تەواوی لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوو و لەوەبەدوا پشتیوانی لە ئابووری نەتەوەیی و دانانی دیوارە کۆمەکییەکان خێرایییەکی زیاتریان بە خۆیانەوە گرت. هەر دەوڵەتێك هەوڵی دەدا خۆی بپارێزێ و قازانجەکانی بەرەوژوور بەرێ. لەلایەکی دیکەوە هەوڵدان بۆ خۆژیوی بوو بە هۆی ئەوەی هێندێك لە وڵاتان بیانەوێ ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان پەرە پێبدەن و ئەمە هەر ئەو مەبەستە بوو کە رێبەرانی ئەڵمانیای نازیی خستە بیری "زەمینەی ژیانی"یەوە.

دووهەم ـ پەرەسەندنی رۆژ لە رۆژ زیاتری ناسیۆنالیزمی ئابووری و خەریکبوونی دەوڵەتان بە کاروباری نێوخۆیی خۆیانەوە بوو بە هۆی سەرنج نەدان بە کێشە نێونەتەوەیییەکان و بێموبالاتیی وان بە هاوکارییە نێونەتەوەیییەکان پەرەی سەند. ئەگەر لە ساڵانی نێوان ١٩٢٥ تا ١٩٢٩ کۆمەڵەی نەتەوەکان خاوەنی ئێعتبارێك بوو، ئێستا لەهەلومەرجێکی نالەباردایە. چونکە گیانی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتەکاندا بارگەوبنەی تێکەوە پێچابوو و هەر دەوڵەتێك ئامادە بوو لە پێناو قازانجەکانیدا دەست بۆ کارێك بەرێ



لە رووی ئاشتیی جیهانییەوە قەرەبوو نەکرێتەوە. هەروەها خەریکبوونی دەوڵەتان بە کاروباری نێوخۆیی خۆیان هەلومەرجی نێونەتەوەیی بۆ گەشەکردنی دیکتاتۆرە هەوسار داماڵراوەکان خۆش و دەستی ئەو هێزانەی ئاوەڵاکردووە کە ئارەزوویان دەکرد لە دابەشکردنی ناوچەکان و سامانەکاندا هێز بەکاربێنن.

سەرەنجام قەیرانە ئابوورییەکان دابەشکردنی نوێی لە نێوان وڵاتانی گەورەی جیهاندا پێك هێنا کە بە رێکەوت لەگەڵ ئەو دابەشکردنەی پەیمانی ئاشتیی ڤێرسا کردبووی (وڵاتانی سەرکەوتوو و وڵاتانی دۆڕاو) یەکی دەگرتەوە. پاش قەیرانە ئابوورییەکان دوو گرووپی وڵاتانی هەژارو دەوڵەمەند بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بەرامبەر یەکتردا ریزیان بەست. لە لایەك وڵاتانێك راوەستان کە بە هۆی هەبوونی زێڕ و بازاڕی کۆلۆنییەکان، قەیرانە ئابوورییەکان نەیانتوانی سیستەمە ئابوورییەکان لەنێو بەرێ، وەکو ئەمریکا، بریتانیا و فەڕەنسا کە لە سەر یەك ٨٠٪ کانگەی زێڕی جیهانیان لەبەردەستدا بوو و پاش قەیرانەکە توانییان هاوسەنگیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان وەدەست بێننەوە. لەلایەکی دیکە وڵاتانێك بوون کە پشتیان لە ژێر باری قەرزی دەرەوەدا چەمابوو و قەیرانی ئابووری بناخەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیانی تێك رووخاندبوو، وەکو وڵاتانی ئەڵمانیا، ژاپۆن و ئیتالیا کە نە خاوەنی زێڕبوون و نە خاوەنی کۆلۆنییەك کە کەرەسەی خاو و بازاڕی فرۆشی بەرهەمەکانیان دابین بکا. بۆیە بە ناچار مەیلی خۆژیوی، ناسیۆنالیزمی ئابووری، فەزای حەیاتی و حەزی فراوانخوازیی سنوورو سیاسەتی رێنوێنی لەم وڵاتانەدا زۆر توندتر بوو. ئەم وڵاتانە هەر ئەم وڵاتانە بوون کە لە پەیمانی ڤێرسای ناڕازی بوون و خۆیان لەو یارییە بە دۆڕاو دەزانی و ئێستا بەرەو ئەوە دەچوون کە بەرەیەکی یەکگرتوو پێك بێنن.

### ٢ـ ئاڵوگۆڕی گرنگ لە سیاسەتەکانی دەرەوەدا

**لە دەیەی ١٩٣٠دا لەسەر یەك لەگەڵ سێ رەوتی سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرەوڕووین:** دێموکراسییەکانی رۆژئاوا، بەرەی فاشیزم و کۆمۆنیزمی ستالینی. بەڵام سەرهەڵدانی هیتلەر تەواوی ئەو دابەشبوونە لاوەکییانەی لە ئاستی جیهاندا خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و دنیای بۆ سەر هاوپەیمانان و دوژمنانی خۆی دابەش کرد. لەپێشدا دێموکراسییەکانی رۆژئاوا دوودڵ بوون لەوەی کە لە نێوان فاشیزم و کۆمۆنیزمدا کامیان

بۆ راوەستان لەبەرامبەر ئەوی دیکەدا هەڵبژێرن. سەرەنجام مەترسیی رۆژبەرۆژ زیاتری هیتلەر ئەم دوودڵییەی نەهێشت بەڵام نەبووە هۆی یەکگرتن و پتەوبوون. ئاڵۆزی لەبەرەی هیتلەر، هیتلەری لە سیاسەتەکانی خۆیدا هاندا. چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ هێرشەکانی هیتلەردا خاڵە سەرەکییەکانی دیپلۆماسیی ئەم دەورەیەی پێك دێنا.

**ئا) ئەڵمانیا**

لە ئەڵمانیادا کە ژمارەی بێکاران بەهۆی قەیرانە ئابوورییەکان پاش ئەمریکا لە هەموو شوێنێك زیاتر بوو و هەستی نەتەوایەتیی خەڵکیش بریندار ببوو، زەمینەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی ناسیۆناڵ سوسیالیزم پێك هێنا. کۆماری وایمار کە بەبێ کیفایەتی و بەستراوەیی و خەیانەت (ئیمزای رێککەوتننامەی ئاشتیی ڤێرسای) تۆمەتبار کرابوو وردە وردە وەستا و دەسەڵاتەکەی پێشکێش بە نازی کرد.

سەرکەوتنی هیتلەر لەنێو "ئەورووپایەکدا کە ئیمپراتۆرییەکانی مردبوون و کۆمارەکانی نەخۆش بوون" رووداوێك نەبوو هەر تەنیا پێوەندیی بە کاروباری ناوخۆی ئەڵمانیاوە بێ. پییەر رونوون کە مەسەلەکەی لە لایەنی نێونەتەوەییەکەیەوە دێنێتە گۆڕێ لەسەر ئەو باوەڕە نییە مەبەستی نازیزم چارەسەری قەیرانی ئابووری بووە بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: "یەکەم ئامانجی نازییەکان راپەڕینی نەتەوایەتی بوو..."، بەڵام نوێ کرانەوەی رێکخستنی دەوڵەت و راپەڕینی نەتەوەیی و جاڕدانی کۆمەڵانی خەڵکیش بۆخۆی "سەرەتایەك بوو بۆ هەوڵدان لە دەرەوە". واتە ئەڵمانیا کە لە ریزی ئەو وڵاتانە بوو بەهۆی پەیماننامەی ئاشتیی ڤێرسای و سەپاندنی خەسارەت لەلایەن سەرکەوتووەکانەوە زۆر تووڕە ببوو و ئیستا خەریك بوو بە جاڕدانی هێزەکانی نێوخۆ زنجیرەکانی سیستەمی مەوجوودی نێونەتەوەیی بپسێنێ و وەڵامێك بە بێعەدالەتییەکانی سەرکەوتووەکان بداتەوە. ماکس وێبێر گوتەنی "نەتەوەیەك دەتوانێ خەسارەتە ماددییەکان قەبووڵ بکا بەڵام ناتوانێ بەرگەی سووکایەتی بگرێ". خەسارەتی قورس، داگیرکرانی ناوچەی روهێر، داڵانی دانتزیگ، ماددەی ٢٣١ی پەیماننامەی ئاشتیی ڤێرسای، سنووردارکردنی چەك.... هۆیەك بوون بۆ ئەوەی هەر ئەڵمانییەك وەکو بۆمبێك لـێبکا کە ئامادەی تەقینەوەیە. بەمجۆرە بوو نەتەوەی ئەڵمانیا گوێی بۆ نەڕەی بەرڵڵایەکی دوێینێی کووچە و کۆڵانەکانی موونیخ گرت. لەکاتی بەدەسەڵات گەیشتنی هیتلەرەوە تا کۆتایی شەڕی جیهانی، تەنانەت یەك ساتی بەبێ رووداو و بە ئارامی تێپەڕ نەکرد.



**ب) هەوڵەکانی ئیتالیا و شوێنەوارە نێونەتەوەییەکانی**

ساڵی ١٩٣٣ ساڵی لاوازبوونی کۆمەڵەی نەتەوەیی و شکستی سیاسەتی ئاسایشی بەکۆمەڵ بوو. چونکە جگە لەوەی کە ژاپۆن بڕیاری کۆڕی گشتیی لەبارەی چۆڵکردنی مەنچووریدا قەبووڵ نەکرد و لە مارسی ١٩٣٣دا لە کۆمەڵەی نەتەوەکان چووەدەر، ئەڵمانیای هیتلەریش لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا کۆنفرانسی چەك داماڵین و کۆمەڵەی نەتەوەکانی بەجێهێشت. ویستی هیتلەر وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر بۆ ئەڵمانیا بوو و ئامادە نەبوو کۆنترۆڵی چەك وچۆڵی ئەڵمانیا وەکو پێش مەرجێك بۆ یەکسانیی مافی ئەم وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەورووپا قەبووڵ بکا. بڕیاری هیتلەر لەسەر چوونەدەری ئەڵمانیا لە کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٣دا ئەم رێکخراوەیەی لـێئاگادار کرایەوە لە راپرسیی گشتیی ١٢ی نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا لەگەڵ پێشوازیی ٩٥٪ی خەڵکی ئەڵمانیا بەرەوڕوو بوو. ئەمە یەکەم هەنگاوی هیتلەر و دەوڵەتی نوێی ئەڵمانیا بوو لە ئاستی نێونەتەوەییدا. قەیرانێك کە بەمجۆرە دەستی پێدەکرد بەرەو ئەوە دەچوو کە بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ درێژە بکێشێ.

**پەیمانی چوار قۆڵی و شکستەکەی:** بەڵام بەرلەوەی لەلایەن هیتلەرەوە کارێك بکرێ یەکەم دژکردەوەی وڵاتانی ئەورووپایی لەبەرامبەر هیتلەردا لە چوارچێوە پێشنیاری موسوولینیدا خۆی نواند. موسوولینی بە روالەت دەیەویست لەرێگەی پەیمانێکی چوار قۆڵییەوە بریتی لە وڵاتانی بریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیتالیا واتە پەیمانێکی وەك یەکیەتیی پیرۆز لەنێوان هێزە گەورەکاندا، دەستەبەرێك بۆ نەزم لە ئەورووپادا پێك بێنێ. واتە لە رێگەی هێنانی ئەڵمانیا بۆ نێو پەیمانێکی بە کۆمەڵ لە راستیدا بە دانی هێندێك ئیمتیاز بەو وڵاتە پێش بە تووڕەیی و هەوسارداماڵراوییەکەی بگرێ. ئەوە کە ئایا وەرگرتنی ئەڵمانیا لەنێو هێزە گەورەکانی ئەورووپاداو لەبیرکردنی پەیمانەکانی ڤێرسای رێگە چارەیەکی مەعقوولانە بوو بە پشتگیری لە فراوانخوازییەکانی هیتلەر یان نا شتێك نییە کە بە دڵنیاییەوە لایەنگریی لێ بکرێ. مێژوونووسانی وەك پییەرمیلزا لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەبەستی مووسوولینی ئەوە بوو بەم ئەنجوومەنە چوار قۆڵییە جێی کۆمەڵەی نەتەوەکان بگرێتەوە. مێژوونووسانی وەك روونوونیش پێیان وایە مووسوولینی مەبەستی ئەوە بوو لەم رێگەیەوە تەوەرێکی رۆم ـ بەرلین و لەئاکامدا پووچەڵکردنەوەی نفووزی فەرەنسا و بریتانیای هەبووە تا پاشان سوود لەم کارە وەربگرێ. بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە

کە مووسوولینی مەبەستی پێداچوونەوە بە مەرجەکانی پەیمانی ڤێرسایدا هەبووە و هەر بۆیەش کاتێ فەرەنسا ئەگەری پێداچوونەوەیەکی ئەوتۆی رەتکردەوە، رایگەیاند: "ئەگەر هاتو پێداچوونەوە لە رێگەی رێککەوتنەکانی پەیمانی چوارقۆڵییەوە نەکرێ، ئەوکات خاوەن شکۆ بە زمانی تۆپ قسە دەکا". پێشنیاری مووسوولینی لە راستیدا بە مانای ئاوەڵاکردنەوەی دەستی هیتلەر لە رۆژهەڵاتی ئەورووپادا بوو. چونکە هێزە بچووکەکان هیچ رۆڵێکیان لەو پەیمانەدا نەبوو وەکو سەردەمی کۆنگرەی ڤیەن ۱۸۱٥ دەبوون بە "وجه المصالحه"ی هێزە گەورەکان هەربۆیە نیگەرانییەکی زۆر لەنێو وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی بچووك و وڵاتانی دیکەی ئەورووپای رۆژهەڵات پێکهات و ئەم وڵاتانە هەستیان بەوە کرد کە وڵاتانی رۆژئاوا رێگەی سازان لەگەڵ ئەڵمانیایان گرتۆتە بەرو دەستیان لەوان هەڵگرتوە. بەدوای ئەم نیگەرانییەدا وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی بچووك (چیکۆسلۆڤاکیا، یوگسلاڤیا و رۆمانیا) ریزەکانی خۆیان پتەوتر کرد. پاش ئەمە هاوپەیمانەتیی بالکان بە بەشداریی وڵاتانی تورکیا، رۆمانیا، یوگسلاڤیا و یۆنان پێکهات (فێبریوەری ۱۹۳٤) و پاشان بە پێشنیاری لیتوانی لە سێپتەمبەری ۱۹۳٤دا هاوپەیمانەتیی بالت بە بەشداریی لیتواتی، لیتوونی، و ئیستوونی پێکهات. ئەم هاوپەیمانەتییانە بۆخۆی بەمانای بێئێعتیبار بوونی کۆمەڵەی نەتەوەکان و بەو مانایە بوو کە سیاسەتی جیهان و رێگەچارەی ئاشتی لە دەرەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا دیاری دەکرێ.

پەیمانی چوارقۆڵی زیاتر لە هەر وڵاتێك فەرەنسای دەخستە بارودۆخێکی دژوارەوە. چونکە لەلایەك قەبووڵکردنی ئەم پەیمانە نیشانەی لاوازیی فەرەنسا بوو کە تا ئەو کاتە نەچووبووە ژێر باری پێداچوونەوە بەسەر رێککەوتنە نێونەتەوەییەکان (ڤێرسا و لۆکارنۆ) و لەلایەکی دیکەوە ئێعتیباری ئەم وڵاتەی لەبەرچاوی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا کەم کردەوە، چونکە ئەم وڵاتانە دڵیان بە پشتیوانیی فەرەنسا خۆش بوو. بۆیە فەرەنسا هەوڵیدا پەیمانی چوارقۆڵی بە قەبووڵی مەرجی نوێی دیکە ببەستێتەوە. بۆ وێنە ئەوە کە نابێ بێ رەزامەندیی هیچ وڵاتێك کەڵك لە خاکی ئەم وڵاتە وەربگیرێ و هەروەها قەبووڵکردنی ئەم مەرجە کە بڕیارەکانی پەیمانی چوراقۆڵی لەڕێگەی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بدرێن. فەرەنسا دەیەویست بەدانانی ئەم مەرجانە نیگەرانیی وڵاتانی ئەورووپایی لەنێوبەرێ. هەرچۆنێك بێ پێشنیاری مووسوولینی بە هێندێك ئاڵوگۆڕ کە فەرەنسا تێدا پێك هێنابوو، لە رۆژی ۷ی جوونی ۱۹۳۳دا لە رۆما لەلایەن ئەو چوار دەوڵەتەوە وەك شتێکی سەرەتایی پەسند



کرا بەڵام قەت بە شێوەی یەکجاری پەسند نەکرا. چونکە لەلایەك جیاوازیی بیروبۆچوون لە نێوان ئیتالیا کە دەیەویست وەك ئامراز کەڵك لەو پەیمانە وەربگرێ بۆ پێداچوونەوە بەسەر رێککەوتننامەکانی ڤێرسای و فەرەنسادا کە دژی هەرچەشنە پیداچوونەوەیەك بەسەر ئەو رێککەوتنانەدا بوو و لایەکی دیکەشەوە هاتنەدەری ئەڵمانیا لە کۆمەڵەی نەتەوەکان و پاشان بەرنامەی چەك وچۆڵی ئەڵمانیا کە بەدوای شکستی وتووێژەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا لە ۱۷ی ئەپریلی ۱۹۳٤دا دەستیان پێکردبوو، بۆ هەمووو لایەکی روون کردەوە کە هیتلەر نایەوێ بە نەزمی نێونەتەوەیی کە لە ڤێرسای و لۆکارنۆدا دارێژرابوو و بە هیچ چەشنە پرەنسیپێکی دیکە وەفادار بمێنێتەوە. لەهەلومەرجێکی ئەوتۆدا کوژرانی دولفوس سەرۆك وەزیرانی سۆسیال مەسیحیی نەمسا لە ۲٥ی جوولای ۱۹۳٤دا بەدەستی دەستەڕاستییە توندڕۆکانی لایەنگری هیتلەر (هاوکات لەگەڵ کوژرانی سەرۆك وەزیرانی رۆمانیا و پاشای یوگسلاڤیا لە فەرەنسا کە ئەمانیش بە دەستی دەستەڕاستییە توندڕۆکان روویدا) پەیمانی چوارقۆڵی بەتەواوی لەبیرچۆوە.

لەساڵی ۱۹۳٤دا نازییەکان راپەڕینێکیان سازکرد و دولفۆسیان کوشت کە مەبەست لەم کارە وەدیهاتنی خەونی لەمێژینەی ئانشلووس واتە یەکیەتیی ئەڵمانیا و نەمسا بوو (ئەم بۆچوونە لە ساڵەکانی ۱۹۱۹ و ۱۹۲۰یشدا باسی لێکرابوو.) هیچ کام لە دەوڵەتە رۆژئاواییییەکان دژەکردەوەیەکی لێبڕاوانەیان لە خۆیان نیشان نەدا. تەنیا موسوولینی بوو هێندێك هێزی رەوانەی سنوورەکان کرد و بەمجۆرە پێشی بە دەستێوەردانی بەکردەوەی هیتلەر لە نەمسا گرت و سەربەخۆیی ئەم وڵاتەی بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە پاراست. ئەندامانی حیزبی سۆسیال مەسیحیش لێبڕاوانە لەبەرامبەر لایەنگرانی نازیزمدا بەربەرەکانییان کرد و شوشنیگیان لەجێی دولفۆس دانا.

بەڵام سیاسەتی هێرشکەرانەی هیتلەر هەروا درێژەی کێشا، بەدڵگەرم بوون بە لکاندنەوەی سار بە خاکی ئەڵمانیاوە کە لە جۆنیوەریی ۱۹۳٥دا ئەنجام درا، هیتلەر لە مارسی ۱۹۳٥ سەرەڕای خاڵە روونەکانی پەیماننامەی ڤێرسای، بەبیانووی ئەوەی فەرەنسا قۆناغی سەربازیی زیاد کردووە بۆ دوو ساڵ، خزمەتی سەربازیی کردە زۆرەملێ و مەبەستی خۆی لە دامەزراندنی ۳٦ هەنگی سوپا و هێزێکی شەرکەری دەریایی راگەیاند.

**بەرەی ستریزا:** لەبەرامبەر کردەوەی هیتلەردا و هەرەشە روو لە زیادەکانی ئەو کە روویان لە بارودۆخی ئوروپا بوو، دیسان بە پێشنیاری موسوولینی لە یازدەی ئەپریلی

**١٩٣٥**دا کۆنفڕانسێك بە بەشداریی نوێنەرانی سێ دەوڵەتی ئیتالیا، فەڕەنسا و بریتانیا لە سترێزا (لە باکووری ئیتالیا) پێك هات کە لەو کۆنفڕانسەدا نوێنەرانی ئەم وڵاتانە وەفاداریی خۆیان بە پەیمانی لۆکارنۆ دەربڕی. ئەم وڵاتانە وەك ئەوەی کە بچن بەرەیەکی یەکگرتوو و ڕێکخراو لە دژی ئەڵمانیا پێك بێنن و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ هەرچەشنە پێشێل کردنێکی یەك لایەنەی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییییەکان دەربڕی و پێیان لەسەر سەربەخۆیی نەمسا (دژایەتی لەگەڵ ئانشلووس) داگرت. بەرەی سترێزا بە بەستنی پەیمانی دەستەبەری دوولایەنەی فەڕەنسا و سۆڤیەت کە لە دووی مای **١٩٣٥**دا لە پاریس بۆ ماوەی **٥**ساڵ لەلایەن ئەو دوو وڵاتەوە ئیمزا کرا، تەواو کرا (ئەم پەیمانە لە فێبریوەری **١٩٣٦**دا بەشێوەی کۆتایی پەسند کرا). بەڵام ئەو دیوارانەی بەجۆرە بەدەوری ئەڵمانیادا دەکێشران ئەوەندەش قایم نەبوون، بەرەی سترێزا زۆر زوو بەهۆی کردەوەی بریتانیاو پاشان دەستدرێژیی ئیتالیا دژی ئیتیۆپی لەنێو چوو.

دەوڵەتی بریتانیا کە بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆزی فەڕەنسا و کێشە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتە لە سوور بوونی ڕێبەرانی ئەم وڵاتانە دڵنیا نەبوو لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی دژی ئەڵمانیایی فەڕەنسای لە باڵادەستخوازیی ئەم وڵاتانە دەزانی، بەمەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك کە لە مەترسیی ئەڵمانیا کەم بکاتەوە و پێش بە دەسەڵاتخوازیی فەڕەنساش بگرێ، بڕیاریدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەڵمانییەکان بکەوێتە وتووێژەوە. ڕێبەرانی بێموبالاتی بریتانیا پێیان وابوو دەتوانن ئەڵمانیاییەکان ناچار بکەن هێزیی دەریاییەکەیان سنووردار بکەن ئیدی لەلایەن ئەم وڵاتەوە هەڕەشەیەك بۆ سەر بریتانیا نامێنێ. وتووێژەکانی ئەڵمانیا و بریتانیا کە لە ٤ی جوونی **١٩٣٥**دا دەستیان پێکرا لە ڕۆژی **١٨**ی جووندا بە ئاکام گەیشت و ئەم دوو وڵاتە ڕێککەوتن کە هێزی دەریایی ئەڵمانیا بگاتە **٣٥**٪ی هێزی دەریایی بریتانیا. بەڵام ژێردەریاییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەقەدیەك بن. ئەم ڕێککەوتنە کە بە کردەوە دانی بە نوێبوونەوەی چەك وچۆڵی ئەڵمانیای دادێنا و ئیزنی بەو وڵاتە دەدا کە هەمیشە پیشەسازیی کەشتیی خۆی بۆ ماوەی دە ساڵ وەکار بخاتەوە (چونکە سەرەڕای ڕازی بوون بە سنووردار بوون، بەکردەوە کۆنترۆڵێك لە گۆڕێدا نەبوو) بوو بەهۆی نارەزایەتیی توندی فەڕەنسا و ئیتالیا و دووبەرەکیی خستە نێوان هاوپەیمانانەوە. ئەم کردەوەیەی بریتانیا موسوولینیی لەسەر بڕیاری خۆی بۆ داگیرکردنی حەبەشە سوورتر کرد. هێرشی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە نەك هەر بەرەی سترێزای بەتەواوی هەڵتەکاند، بەڵکو بوو بەهۆی لاوازیی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش.



**هێرشی ئیتالیا بۆ سەر ئیتیۆپی و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی فاشیست:** لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا کە داگیرکردنی وڵاتانی ئەفریقایی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی ئیتالیاش بەدوای داگیرکردن لەو قاڕرەیەدا دەگەڕا. وڵاتی ئیتیۆپی کە لە پەنا هێندێك ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئیتالیا لە سۆماڵ هەڵکەوتبوو، سەرنجی ئیتالیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. جارێك کریسپی لە ساڵی **١٨٩٦**دا هێرشی کردە سەر ئەم وڵاتە و شکستی خوارد و دەوڵەتەکەی ڕووخا. (شەڕی ئادوا). ئەم شکستە لە بیروزەینی ئیتالیاییەکاندا بیرەوەرییەکی تاڵ بوو بەڵام لەو سەردەمەدا و تەنانەت چەندین ساڵ دوای ئەمە ئیتالیا و سیاسەتی جیهان بە جۆرێك بوو کە دەرفەتی قەرەبووکردنەوەی ئەم شکستە هەڵبکەوێ. بەتایبەتیش کە ئیتیۆپی لە ساڵی **١٩٢٥**دا "پێشنیاری ئیتالیا و بۆ پشتگیری لە پەرەگرتنی نفووزی شیمانەیی بریتانیا لەم وڵاتەدا" بوو بو ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان کەوتە بارودۆخێکی سەقامگیرترەوە. موسوولینی لە ساڵی **١٩٣٤**دا بڕیاریدا ئیتیۆپی داگیر بکا. هۆی ئەوە کە بۆچی موسوولینی ئەم کاتەی هەڵبژارد ڕوونییە، بەڵام بەپێی تایبەتمەندیی فاشیزم کە هەموو ڕۆژێ ڕووداوێك و سەرکەوتنێکی نوێی بەمەستی جاڕدانی کۆمەڵانی خەڵك و بردنەسەری ئیعتیباری ڕێبەر پێویستە، ئەم جۆرە ڕووداوانەش نابێ چاوەڕوان نەکراو بن. بیانووی ڕواڵەتیی ڕووداوەکەش دەست کەوتبوو. چونکە لە **٥**ی دیسەمبەری **١٩٣٤**دا تێکهەڵچوونە سنوورییەکانی ناوچەی ئووال ئووال (oual-oual)دا، **٦٠** ئیتالیایی لەنێوچوون، دیارە موسوولینی لە مانگی پێشتردا دەستی بە ڕەوانەکردنی هێز بۆ ئەم ناوچەیە کردبوو. کۆمەڵەی نەتەوەکان ئیتالیای مەحکووم کرد. ئەم کردەوەیە لە شێوەی کردەوەکانی کۆمۆنیالیستیی سەدەی نۆزدە نەبوو، بەڵکو هێرشی ئەندامێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ سەر ئەندامێکی دیکەی بوو. فەڕەنساوییەکان لەبەرامبەر ئەم کردەوەیەدا زۆر تووڕە نەببوون، لەوانەیە ئەو کردەوەیەی موسوولینی بە ڕەزامەندیی زیمنیی فەڕەنساوییەکان کە پێیان خۆش بوو هەرچۆنێك بێ بەرەی دژی ئەڵمانیای سترێزا بپارێزێ، ڕووی دابێ. بەڵام دژ کردەوەی ئینگلیزەکان زۆر توند و جیددی بوو و لەوانە بوو کاناڵی سوئێز بە سەر ئیتالیاییەکاندا دابخا بەڵام لە ترسی ئەوە کە شەڕەکە هەموولایەك بگرێتەوە خۆی لەم کارە پاراست. لەنێو ئەم شك و دوودڵیانەدا و سەرەڕای تەحریمی ئابووریی ئیتالیا لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، موسوولینی درێژەی بەکاری خۆیدا و هێزەکانی ئیتالیا لە **٥**ی مای **١٩٣٦**دا چوونە نێو ئادیس ئابابا.

ڕۆژی نۆی مانگی مای موسوولینی دامەزرانی ئیمپراتۆریی ڕۆمای ڕاگەیاند و لەمەوبەدوا ڤیکتۆر ئیمانۆتێلی سێهەم پاشای ئیتالیا ناوی ئیمپراتۆری حەبەشەشی بە دوای خۆیدا دەکێشا. کۆمەڵەی نەتەوەکانیش بەدوای ئەم سەرکەوتنەدا کۆتایی تەحریمی ئابووریی لەسەر ئیتالیا ڕاگەیاند و لە ڕاستیدا دانی بە شکستی خۆی داهێنا. (٣٠ جوون). لە سێپتەمبەری **١٩٣٦**دا کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاریدا کورسییەکانی نوێنەرایەتیی ئیتیۆپی بداتە نوێنەرانی هایلەسلاسی. ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی ئیتالیا ئیدی لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا ئامادە نەبێ و لە **١٢**ی دیسەمبەری **١٩٣٧**دا لەم ڕێکخراوەیە بچێتە دەر. لەلایەکی دیکەوە کردەوەی بریتانیا و فەڕەنسا کە خۆیان لە بەڕەسمی ناسینی ئیمپراتۆریی ڕۆما پاراست بوو بە هۆی ئەوەی موسوولینی ستریزای لە بیر بچێ و وردە وردە بۆ لای هیتلەر بچێ کە لە شەڕی ئیثیوپیدا هەڵوێستێکی دۆستانەی لەبەرامبەر ئیتالیادا گرتە بەر و داگیرکرانی ئیتیوپیی لە **٢٥**ی جوولای **١٩٣٦**دا بە ڕەسمی ناسیبوو. ئاکامێکی دیکە کە بەهۆی سستیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ئیتالیادا هاتەدی، دەرفەت هێنانی هیتلەر بوو.

لاوازیی کۆمەڵەی نەتەوەکان و دەستەوەستانیی وڵاتانی ئەورووپایی لە دانەوەی وەڵامێکی ددانشکێن بە ئیتالیا هیتلەری هاندا بۆ ئەوەی بەرنامەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ. هەر بۆیە پاش ئەم کردەوەیەی ئیتالیا هیتلەر پەیمانی فەڕەنسا و سۆڤیەتی کردە بیانوو کە لە فێبریوەری **١٩٣٦**دا بە یەکجاری پەسند کرابوو، وێڕای ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنەکانی لۆکارنۆ، لێواری چەپی ڕووباری ڕاینی کە بە پێی پەیمانی ڤێرسای ناوچەی غەیرەنیزامی ڕاگەیەندرابوو بەهۆی هێزەکانی ئەڵمانیاوە داگیر کرد (**٧**ی مارسی **١٩٣٦**). ئەم کردەوەیە سەیر تەنگی بە فەڕەنسا هەڵچنیبوو، ئەگەر ملی بۆ ئەم کارە ڕاکێشابا مانای ئەوە بوو ڤێرسای شکستی خواردووە، لایەنگرانی پێداچوونەوە سەرکەوتوون و هاندەرێك دەبوو بۆ هیتلەریش و ئەگەر پێویستبایە بەربەرەکانی نیزامییش بکا پێویستیی بە جاڕدانی گشتی هەبوو. فەڕەنسا کە تووشی ناکۆکیی بیروبۆچوون ببوو و پاش سەفەری فلاندین بۆ بریتانیا لە پشتیوانیی ئەم وڵاتەش ناهومێد ببوو و لەبەرامبەر ئەم کردەوەیەدا خۆی گێل کرد لە حاڵێکدا هیتلەر فەرمانی دابووە بەرپرسانی نیزامی ئەگەر فەڕەنسا بەربەرەکانیی کرد پاشەکشە بکەن. سستیی وڵاتێکی وەکو فەڕەنسا کە دەیتوانی بە ئاسانی بەر بە هیتلەر بگرێ زەبرێکی قورسی لەبەرچاوی هاوپەیمانەکانی لە ئێعتیباری فەڕەنسادا. ڕووهەڵماڵاویی



هیتلەر لێرەوە دەستی پێکرد و ئەوانەی ئەزموونەکانی مێژوویان لەبیرکرد و لەبیریان چۆوە کە بەر لەوەی ئاگر بڵێسەی بەرز بێتەوە دەبێ بکوژێتەوە، ناچار بوون نرخی بێ هزری و هەڵسەنگاندنی هەڵەی خۆیان بدەن.

بەهۆی سستی و ئاسانگیریی فەڕەنسا لەبەرامبەر هیتلەردا، پۆلۆنیا هیوای بە فەڕەنسا نەما و بەلجیکا کە تا ئەو کاتە لەگەڵ فەڕەنسا بوو ڕێگەی بێلایەنیی لە مێژینەی خۆی گرتەبەرو ئەو بلۆکەی لە دەوروبەری فەڕەنسادا پێك هاتبوو لەنێوچوو. لەحاڵێکدا هەر ئەو کاتە بەدوای پەرەگرتنی ڕەوتی دۆستایەتیی موسوولینی و هیتلەردا، تەوەرەی بەرلین ـ ڕۆما لە یەکەمی نۆڤەمبەری **١٩٣٦**دا بە هۆی موسوولینی ڕاگەیەندرا.

لەمەوبەدوا ئەوەی هەلومەرجی دیپلۆماسیی جیهانی دیاری دەکرد بوونی تەوەرەیەکە لە باکوور تا باشووری ئەورووپای داگرتووە (ڕۆما ـ بەرلین) و ئەورووپای کردە دوو بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات. پتەویی ئەم تەوەرەیە هەمەلایەنە بووو بریتی بوو لە زەمینە ئایدۆلۆجییەکان (دژایەتی لەگەڵ کۆمۆنیزم) و بیروبۆچوونی هاوبەش لە دەسەڵاتخوازی و دژایەتیی لەگەڵ پەرلەمانتاریزم. لە **٦**ی نۆڤەمبەری **١٩٣٧**دا ئیتالیا لەگەڵ پەیمانی دژی کۆمێنترێن کەوت کە لە **٢٥**ی نۆڤەمبەری **١٩٣٦**دا لە نێوان ئەڵمانیا و ژاپۆندا بەسترا بوو. بەم کارە نەك هەر تەوەرەی ڕۆما ـ بەرلین بەهێز بوو بەڵکو سێگۆشەیەك لە بەرلین ـ ڕۆما و تۆکیۆ پێك هات کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هاوئاهەنگتر دەبوو، چونکە لەم کاتەدا شەڕی نێوخۆی ئیسپانیاش بارودۆخێکی لەباری بۆ تاقیکردنەوەی دۆستایەتی و دوژمنایەتییەکان پێك هێنا.

**ج ـ شەڕی نێو ئیسپانیا ململانێی سێ بەرە**

لە ئەپریلی ساڵی **١٩٣١**دا خەڵکی ئیسپانیا سیستەمی دیکتاتۆرییان کە لە ساڵی **١٩٢٣**دا بەهۆی ژەنراڵ پریمۆدریڤیرا و ژەنراڵ بارینکۆوێر فەرمانڕەوایی بەسەر ئەم وڵاتەدا دەکرد ڕووخاند و ڕژێمی کۆمارییان ڕاگەیاند. (پاشای ئیسپانیا لەو سەردەمەدا ئالفۆنسی سێزدەهەم بوو کە لە ساڵی **١٩٠٢**وە پاشایەتیی بە سەر ئیسپانیادا دەکرد.) لەساڵی **١٩٣٦**دا بەرەی گەل بە بیروباوەڕی چەپییەوە (لیبراڵەکانەوە بگرە تا کۆمۆنیستەکان) لە ئیسپانیادا سەرکەوت و ئەمە بوو بەهۆی ناڕەزایەتیی توندی ڕاستڕەوەکان. ژمارەیەکی زۆر لە ڕاستڕاوەکان، پیاوانی ئایینی و بەرپرسانی نیزامی وەکو ژەنڕاڵ فڕانکۆ هەر لە سەرەتاوە کە شکستی ڕاستڕاوەکان لە هەڵبژاردندا تۆمار کرا کەوتنە بیری کودیتای نیزامییەوە.

دیارە چەپەکانیش بەکردەوەی دژی مرۆڤایەتی تۆمەتبار بوون. هەروەك چێرچیل لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی چەپەکان وەکو کۆمۆنیست دەکا و دەنووسی:" کۆمۆنیستەکان ببوونە بەڵایەکی وا ئیزنیان بە خۆیان دەدا لە نێوەڕاستی کۆڵاناندا رکەبەرەکانیان بکوژن و نیوەشەوان لە جێ و بانانیان دەربێنن و بیانکوژن."

کوژرانی نوێنەرێکی سەڵتەنەتخواز لەلایەن پۆلیسەوە بیانووی هەڵگیرسانی راپەڕینێکیدا بەدەستەوە. دوای ماوەیەکی کورت راپەڕینی نیزامییەکانی ئیسپانیای نیشتەجێ لە مەغریب (١٧ی جوولای ١٩٣٦) دەستی پێکرد و رۆژی دواتر شێوەیەکی بەربڵاوتری بەخۆیەوە گرت. ژەنرال فرانکۆ فەرماندەیی نیزامییە راپەریوەکانی بە ئەستۆ گرت و لە ٢٥ی جولای ئەو ساڵەدا دەوڵەتی شۆڕشی لە بورفۆس دامەزراند. ئەم شەڕە هەرچەند شەڕێکی نێوخۆیی بوو بەڵام زوو لایەنی نێونەتەوەیی بەخۆوە گرت. چەند بەرەکیی ئەورووپا بە ئاشکرا لەم شەڕەدا رەنگی دایەوە. هەرکام لە بەرەکان پشتیوانیی لە یەکێك لەو دوو لایەنە دوژمنە واتە کۆماریخوازەکان و راستڕاوەکان کرد. بەهۆی لاوازیی کۆماری تازە دامەزراو لەجیاتی ئەوەی لەماوەی چەند حەوتوویەکدا کۆتایی بێ، نزیکەی سێ ساڵ درێژەی کێشا و هەموو وڵاتی داگرت و سەرەنجام بە سەرکەوتنی فرانکۆ کۆتایی پێهات. هەرکە شەڕ دەستی پێکرد رژێمە ملهوڕەکانی ئەورووپا وەکو موسوولینی و هیتلەر دەستیان کرد بە ناردنی یارمەتییە نیزامییەکانی دەستە راستی. هیتلەر زیاتر پسپۆڕ و راوێژکاری نیزامیی دەنارد بەڵام موسوولینی کە پێشتر ئاگای لە بەرنامەی راستڕاوەکان بوو تیپی سەربازیشی رەوانەی ئیسپانیا دەکرد. لەلایەکی دیکەوە بۆ پشتیوانی لە کۆماریخوازەکان، خۆبەخشێکی زۆر لە سەرانسەری ئەورووپا جاڕدران و رەوانەی ئیسپانیا کران بەڵام دەوڵەتانی فەڕەنسا و بریتانیا تووشی دوودڵی و ئاڵۆزیی بیروڕا بوون. تەنیا سۆڤیەت، هەرچەند لەپێشدا بێلایەنیی خۆی راگەیاندبوو (چونکە لایەنگرانی کۆمینترێن لە ئیسپانیادا کەم بوون) بەڵام زوو بە مەبەستی پشتیوانی لە کۆماریخوازەکانی ئیسپانیا هاتە مەیدانەوە بەڵام فەڕەنسا و بریتانیا خۆیان دوور راگرت. رووداوەکە بەم جۆرە بوو کە لە یەکی ئاگۆستی ١٩٣٦دا پاش پشتیوانییەکی دوو- سێمانگە لە دەوڵەتی قانوونیی ئیسپانیا دەوڵەتی بەرەی گەل لە فەڕەنسا کە لییۆن بلووم سەرۆکایەتیی دەکرد، لە درێژەی "سیاسەتی نە کۆمۆنیزمو نە فاشیزم لە ئیسپانیادا"دا و بە مەبەستی پاراستنی زۆرینەی پەرلەمان کە لایەنگری ئاشتی بوو و هەروەها لە ترسی تووش بوون بە شەڕەوە، پێشنیاری خێرای دەستێوەرنەدان لە کاروباری ئیسپانیایدا



هێنایەگۆڕێ کە لەلایەن ٢٧ وڵاتەوە لەوانە ئەڵمانیا و ئیتالیاوە پەسند کراو لە ٩ی سێپتەمبەری ئەو ساڵەدا کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی دەستێوەرنەدان لە لەندەن پێکهات. تەنانەت دەوڵەتی فەڕەنسا رێگەی یارمەتی گەیاندنی بە بەرەی نەتەوەیی ئیسپانیا گرت کە زۆر بە توندی لە تەنگانەدا بوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە روانگەی قانوونی بێلایەنیی خۆیەوە هەڵسەکەوتی لەگەڵ شەڕی نێوخۆی ئیسپانیادا کرد و ناردنی چەکی بۆ ئەم وڵاتە قەدەغە کرد. ئەوەش یەکێك لە هەڵەی بەرە دێموکراسییەکانی رۆژئاوا بوو کە کەوتە بەر نارەزایەتیی کۆماریخوازانی ئیسپانیا و چەپەکانی فەڕەنساو بریتانیاش. چونکە ئەم کارە بەواتای تەنیا جێهێشتنی ئەم رژێمە لەبەرامبەر فاشیستەکاندا بوو کە هەروا لەسەر دەستێوەردان سوور بوون. تەنیا بریتانیا و فەڕەنسا لەسەر نەناردنی یارمەتی شتومەکی نیزامی وەفادار مانەوە. لە ٣٠ی سێپتەمبەری ١٩٣٦دا کۆماری ئیسپانیا "کتێبی سپی"ی بڵاو کردەوە کە لەو کتێبەدا پەردەی لەسەر یارمەتیی موسوولینی و هیتلەر بۆ راپەڕیوەکان هەڵدایەوە: "لە کۆتاییساڵی ١٩٣٦ ژمارەی سەربازانی ئەڵمانیای لەئیسپانیادا دەگەیشتە ٢٠ هەزار کەس و فڕۆکەکانی ئەڵمانیایش هەر لە کاردا بوون." بەڵام تێکڕای سەربازانی ئیتالیایی کە لەو شەڕەدا بەشدار بوون زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس بوون. سۆڤیەت بە کۆمیتەی دەستێوەرنەدانی راگەیاند کە ناتوانێ لەوە زیاتر خۆی گێل بکا چونکە وڵاتانی دیکە درێژە بە دەستێوەردانی خۆیان دەدەن. دە رۆژ پاش ناردنی پەیامی هاودەردیی ستالین بۆ رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئیسپانیا، تانکەکانی سۆڤیەت لە مەیدانی شەڕدا ئامادە بوون (٢٨ی ئۆکتۆبەر). لە ٨ی نۆڤەمبەردا لەژێر فشاری حیزبە کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسا و ئیتالیادا، ستالین بریگادی نێونەتەوەیی کۆمینترێنی بەمەستی ناردنی یارمەتی بۆ کۆماریخوازەکانی ئیسپانیا دامەزراند و بۆخۆشی دەستی کرد بە ناردنی چەکوچۆڵ (دیارە بە وتەی ئاندرێ فۆنتێن لەبەرامبەر دراوی نەغددا). بەڵام سەرەڕای بە سوود بوونی یارمەتییەکانی ستالین بەهۆی دووریی رێگە و "تەرخان کردنی هەوڵی ستالین بۆ نەهێشتنی کەسانی سەرەڕۆ وەکو ترۆتسکیستەکان و ئانارشیستەکان" کە لەم شەڕەدا بەشدار ببوون زۆر کاریگەر نەبوو. لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای نفووزی رۆژ لە رۆژ زیاتری کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی کۆمینیترێن لە حکوومەتی ئیسپانیا، لەسەرەتادا نفووزی ئەوان لە ئاستێکدا نەبوو کە رووسەکان چاوەڕوانییان دەکرد. بۆیە ستالین بەوجۆرەی کە پێویست بوو ئومێدی بە ئیسپانیا نەبوو.

بەڵام لە بەرەی بەرامبەردا لەلایەك پێوەندیی نێوان موسوولینی و هیتلەر ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتەوتر دەبوو (پەیمانی دژی کۆمینترێن لە نێون ئەڵمانیا و ژاپۆندا کە لە ٦ی نۆڤەمبەری **١٩٣٧**دا ئیتالیاشی ڕەگەڵ کەوت) و لەلایەکی دیکە ئەم وڵاتانە درێژەیان بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆیان لە فرانکۆ دەدا. لە **٢٨**ی نۆڤەمبەری **١٩٣٦**دا لەنێوان دەوڵەتی فاشیستی ئیتالیا و فرانکۆدا پەیمانی خەبات لە دژی کۆمۆنیزم ئیمزا کرا کە ئەمە خۆی بە مانای ناسینی حاکمییەتی دەوڵەتی فرانکۆ بوو. لە **٣٠** مارسی **١٩٣٧**دا ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە لەنێوان ئەڵمانیا و فرانکۆدا بەسترا. پاش ئەمە دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپا وەك نەمسا، هەنگاریا، هۆڵەندا، سویس و تەنانەت بریتانیا (لە نۆڤەمبەری **١٩٣٧** دیارە بە شێوەی دوفاکتۆ) بەفەرمی دانیان بە ڕژێمی فرانکۆ نا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو بریتانیا و فەڕەنسا هەروا پێشیان بە چوونی خۆبەخشەکانی یارمەتیدەری کۆماریخوازەکان بۆ ئیسپانیا دەگرت و هەر لەو کاتەشدا پیاوەکانی بریتانیا: نویل چەمبەرلین، لۆرد هالیفاکس، هێندرسێن (باڵیۆزی بریتانیا لە بەرلین) خەریکی وتووێژ و پێکهاتن لەگەڵ هیتلەر بوون.

لەسەریەك هەوڵدان بۆ "دەستێوەرنەدان" بێسوود بوو و ئیسپانیا بوو بە مەیدانی ململانێی ڕاست و چەپ و دێموکراسییەکانی ڕۆژئاوا تەماشاچییانی بێهیممەتی ئەم کێشەیە بوون. شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا تا مانگی مارسی **١٩٣٩** کە فرانکۆ سەرکەوتنی یەکجاریی وەدەستهێنا درێژەی کێشا. فەڕەنساوییەکان کە ئێستا لە سێ لایەنەوە لەلایەن فاشیستەکانەوە دەورە درابوون مارشاڵ پێتەن (دوایە بوو بە پیاوی هیتلەر لە فەڕەنسادا) یان وەکو باڵیۆزی خۆیان ناردە بورگس بەڵام هیچ کات نەیانتوانی سەرنجی ڕاستڕاوەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. شەڕی ئیسپانیا لەسەر یەك بوو بەهۆی لاواز بوونی دیسان زیاتری دێموکراسییەکانی ڕۆژئاوا و سەرەڕای بەشداری نەکردنی فرانکۆ لە شەڕی جیهانیدا بوو بەهۆی بەهێزبوونی زیاتری بەرەی یەکگرتووی فاشیست.

# بەشی چوارەم

## شەڕی دووەمی جیهانی

**١ـ سەرەتاکانی شەڕو دەستپێکردنی هێرشی بەربلاوی هیتلەر.**

لە کاتێکدا کە شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا لە گۆڕیدا بوو هیتلەر دەستدرێژییەکانی خۆی زیاد کرد و توانای نیزامیی خۆی لە رادەبەدەر پەرە پێدا. بە تایبەتییش لەو کاتەدا لە ژێر سایەی شەڕەکانی ئیتیۆپی و ئیسپانیادا هاوپەیمانێکی وەك موسوولینییشی بۆخۆی دۆزیبۆوە. لە لایەکی دیکەشەوە ولاتانی ئەورووپاییش لەگەڵ گیروگرفتەکانی خۆیان دەستەویەخە بوون. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بە باشی ئاگای لە بارودۆخی قەیرانی ئەورووپا بوو دەیەویست هەرچۆنێك بێ خۆی لە قەیرانەکە دوور رابگرێ.

**ئاـ هاتنی ئانشلۆس**

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بوو کە هیتلەر هەستی بە دەست ئاوەڵایی کرد و بە کەڵك وەرگرتن لە سەرقاڵیی ولاتانی رۆژئاوا و بە دڵنیا بوون لە دۆستایەتیی موسوولینی (کە لە ساڵی ١٩٣٤دا پێشی بە یەکگرتنی ئەڵمانیایا و نەمسا گرتبوو) ویستی نەمسا بخاتە سەر خاکی ئەڵمانیایا. بە دوای ئەم بڕیارەدا شوشنیگ راوێژکاری بەرزی نەمسای کە لە جێی دولتوس دانیشتبوو، بانگ کرد و ئۆلتیماتۆمێکی دایە کە دەبێ زیندانیانی نازی لە نەمسا ئازاد بکا و سایش ئینکورات کە یەکێك لە ناسیۆنال سوسیالیستەکانی نەمسا بوو بکاتە وەزیری نێوخۆ. بەڵام هەڕەشەی هیتلەر لەوەشی تێپەڕاند و شوشنیگ کە لە ژێر فشارێکی توندا بوو نە هیوای بە یارمەتیی بریتانیا بوو (بریتانیا وەڵامی نای بە رەسمی دابۆوە بۆ یارمەتیدانی شوشنیگ) و نە بە یارمەتیی فەڕەنسا (کە تووشی قەیرانی سیاسی ببوو) و دەستی لەکار کێشایەوە و حکوومەتی ناسیۆنال سۆسیالیست بە



سەرۆکایەتیی ئینکورات بوونی خۆی راگەیاند. ئەمە بوو بە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی میکلاس سەرۆك کۆماری نەمسا و بە دوای ئەمەدا ئینکورات بە شێوەی هیتلەر پلەی سەرکۆمارییشی بەدەستەوە گرت و پاشان بە بیانووی ئەوەی کە بارودۆخەکە نائارامە داوای لە هێزەکانی ئەڵمانیایا کرد بۆ گەڕاندنەوەی نەزم بێنە نەمسا. هەموو شتێك پێشتر کاردروستایەتیی بۆ کرابوو. رۆژی ١٣ی مارسی ١٩٣٨ هاوکات لە ئەڵمانیایا و لە نەمسا قانوونی یەکگرتنی ئەم دوو ولاتە پەسند کرا و نەمسا کەوتە سەر ئەڵمانیایا. لە راپرسییەکی گشتیدا کە لە ١٠ی ئاپریل لە ئەڵمانیایای گەورەدا بەرێوە چوو، بە رواڵەت ٩٧٪ی دەنگدەران دەنگی بەڵێیاندا بە ئانشلۆس ئەم پێشەنگە توانی شانازی بە خۆیەوە بکا کە تەواوی نەژادی ئەڵمانیایا لە پشت سەری وی راوەستاون. ئەورووپا دیسان سستیی خۆی نیشاندا و پێشەنگ لەو راستییە گەیشت کە لەگەڵ پڵنگی کارتۆنی بەرەوڕوویە. لە راستیدا ئەمە زەبوونیی خەڵکی دیکە بوو کە توانای بە هیتلەر دەبەخشی. بریتانیا درێژەی بە ئاسانگیری دەدا. فەڕەنسا لەگەڵ قەیرانی کابینە دەستەویەخە بوو و موسوولینی کە لە ساڵی ١٩٣٤دا پێشی بە هیتلەر گرتبوو ئێستا کردەوەکانی پەسند دەکرد و هیتلەر تەلەگرافی رێزلێنانی بەم بۆنەیەوە بۆ دەنارد.

**ب) پەیمانی موونیخ و هەڵوەشانەوەی چیکوسلۆڤاکیا**

پاش نەمسا نۆرە گەیشتە چیکوسلۆڤاکیا. چیکوسلۆڤاکیا هەروەك دەزانین ولاتێکە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە پێی پەیماننامەکانی ئاشتیی دوای شەڕ پێك هات. رژێمێکی دێموکراتیك دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و لە رووی ئابووری و نیزامیشەوە لە هەموو ولاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات پێشکەوتووتر بوو. ئەم ولاتە لە ویلایەتی جۆراوجۆر پێك هاتبوو کە سێ میلیۆن ئەڵمانیایی دانیشتووی کێوەکانی سودێتیشی دەگرتەوە. سوودێت خاوەن ستراتیژییەکی تایبەت بوو و هیتلەر کە تەمای بوو نەژادی ئەڵمانیای بە تەواوی یەکپارچە بکا و دەست بەسەر ئەورووپای رۆژهەڵاتیش دا بگرێ ویستی ئەم بەشە لە دەست چیکوسلۆڤاکیا دەربێنێ. هەر بۆیە لەنێوخۆی چیکوسلۆڤاکیادا هەوڵیدا هاوپێوەندییەك لە نێو ئەڵمانیای زمانەکاندا پێك بێنێ و لە دەرەوەش دا بە خستنە ژێر فشار و جیاکردنەوەی چیکوسلۆڤاکیا لە هاوپەیمانەکانی واتە فەڕەنسا و سۆڤیەت هەوڵیدا بەو مەبەستە بگا.

لە ١٦ی مارسی ١٩٣٨دا مامۆستایەکی ژیمناستیك بە ناوی کونراو هینلین داوای لە ئەڵمانیاییەکانی سوودێت کرد دەگەڵ حیزبی وی بکەون و لە ٢٩ی مارسدا نوێنەرەکەیان

لە پارلەمانی نەتەوەیی چیکوسلۆڤاکیادا داوای خودموختاریی تەواوی سوودێتی کرد. هێنلین داخوازەکانی حیزبی خۆی لە ٨ ماددەدا لە کۆنفرانسی کارلسباد بە ئاگاداریی دەوڵەت گەیاند و هاوکات لەگەڵ ئەمە دەستی بە جموجۆڵی هێزەکانی لە سنوورەکانی چیکوسلۆڤاکیادا کرد. لە ماوەی دوو قەیراندا کە بەمجۆرە لە مای و سیپتەمبەری ١٩٣٨دا روویدا هیتلەر داخوازەکانی خۆی هێنایە گۆڕێ. دیسان دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژئاوا خۆیان گێل کرد و لێبڕاوانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم کێشەیە نەکرد. بایەخنەدەران لە بریتانیا و فەڕەنسادا، بە خەیاڵی ئەوە کە ئەگەر داخوازەکانی هینلین و ماددەکانی کۆنفرانسی کارلسباد قەبووڵ بکەن ئاو بە ئاگریدا دەکرێ، هەوڵیاندا ئیدواردبنیش رازی بکەن ئەم داوایە قەبووڵ بکا. ئاشتیخوازانی دەستە راست بۆچوونێکی باشیان لە سەر چیکوسلۆڤاکیا (کە لە سەر وێرانەکانی نەمسای پاشایی و کاسولیك دانرابوو) نەبوو و ئاشتیخوازانی چەپ (وەکو حیزبی سوسیالیستی فەڕەنسا) کە شەڕیان لە هەر حاڵدا پێخراپ بوو لە دەربڕینی ئەم دژکردەوەیە ئاشتیخوازانەیەدا بەشدار بوون. بریتانیا دەستی کرد بە نێوبژیوانی بەڵام سەرەنجام ئەوە نێوبژیوانیی موسوولینی بوو کە کاریگەر بوو و بە دابەشکردنی چیکوسلۆڤاکیا شەڕ بۆ ماوەیەك دوا کەوت. موسوولینی پێشنیاری کرد کۆنفرانسێك بە بەشداریی نوێنەرانی چوار وڵاتی فەڕەنسا (دالادیە)، بریتانیا (چەمبەرلین)، ئەڵمانیایا (هیتلەر) و ئیتالیا (موسوولینی) بۆ پێڕاگەیشتن بەو کێشەیە پێك بێ. کۆنفرانسەکە لە ٢٩و ٣٠ی سێپتەمبەری ١٩٣٨ لە موونیخ پێك هات و لایەنی سەرەکی واتە چیکوسلۆڤاکیا تێدا بەشدار نەبوو. بەڵام لەوە گرنگتر ئامادە نەبوونی سۆڤیەت بوو کە وا وێ دەچێ خاڵی سەرەکی و مەبەستی کۆتایی موسوولینی بووە تا بەمجۆرە ئەم وڵاتەی لە تەریکیدا بیلێتەوە. ئەم مەسەلەیە لە متمانە پێنەکردنی ستالین بە دێموکراسییەکانی رۆژئاوا زۆر کاریگەر بوو و رەنگە یەکێك لە هۆیەکانی پەیمانی ئەڵمانیایا ـ سۆڤیەت ١٩٣٩ بێ. چونکە ستالین کە بێوەفایی دەوڵەتانی رۆژئاوای تاقی کردبۆوە و دەیزانی کە خاوەنی قسەی خۆیان نین، پێی باشتر بوو لە جێی حیساب کردن لە سەر هەڵسوکەوتی ناروونی رۆژئاواییەکان، بە مەبەستی پاراستنی قازانجەکانی وڵاتەکەی راستەوخۆ لەگەڵ هیتلەر بکەوێتە وتووێژەوە.

کۆنفرانسی مونیخ، ناوچەی سوودێتی پێشکەشی ئەڵمانیایا کرد و بوو بە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی بنێش. بەڵام دەوڵەتانی بەریتانیا و فەڕەنسا سەبارەت بەوە کە مەترسیی



شەڕ بەمجۆرە رەویوەتەوە، خۆشحاڵ بوون و بۆ رازی بوونی چیکوسلۆڤاکیا سنوورە نوێیەکانی ئەم وڵاتەیان دەستەبەر کرد، بەڵام ئیدی کەس متمانەی بەو دەستەبەرکردنانە نەبوو. هیتلەر زۆر بەوە خۆشحاڵ بوو کە توانیبووی لە ئەورووپای رۆژهەڵات دا زەبرێك لە ئابڕووی فەڕەنسا بدا. لە نێوخۆی بریتانیا و فەڕەنسادا دژایەتییەکی زۆر لە دژی ئەم بێوەفایی و لاوازییە دەستی پێکرد (لە بریتانیا چێرچیل و وایدن و لە فەڕەنسا سوسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان لەو باوەڕەجیاوازانە بوون).

بەڵام لکاندنی سوودێت لە بیانوویەك زیاتر شتێکی دیکە نەبوو و هیتلەر هەوای داگیرکردنی هەموو چیکوسلۆڤاکیای لە کەللەدا بوو کە زۆر بەهێز هاوپەیمانی فەڕەنسا بوو خاوەنی ئابوورییەکی تا رادەیەك بە هێز و زەمینەیەکی لەباری نیزامی بوو. هیتلەر لە پێش دا دەستی بە هاندانی پۆلۆنیا و هەنگاریا کرد تا داوا سنوورییەکانی خۆیان لە بارەی چیکوسلۆڤاکیادا بێننە گۆڕێ. رۆژی دووی ئۆکتۆبەری ١٩٣٨ پۆلۆنیا ناوچەی تیشێن و رۆژی دووی نۆڤەمبەر هەنگاریا باشووری چیکوسلۆڤاکیایان داگیر کرد. رۆژی چاردەی مارسی ١٩٣٩ چیکوسلۆڤاکیا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و کەوتە ژێر پشتیوانیی ئەڵمانیایاوە و رۆژی دواتر سوپای ئەڵمانیایا هاتە نێو چیکوسلۆڤاکیا و ویلایەتەکانی بوهیم و موراڤیا و کەوتنە "ژێر پارێزگاری"ی ئەڵمانیایا و بەمجۆرە چیکوسلۆڤاکیا لەسەر نەخشەی جیهان سڕایەوە. فەڕەنسا و بریتانیا دیسان هەر خەریکی لاواندنەوەی هیتلەر بوون. موسوولینی کە لە لاوازیی دەوڵەتانی رۆژئاوا گەیشتبوو و لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەویست لە سەرکەوتن بەسەر ئەورووپادا لە هیتلەر بەجێبمێنێ، لەپڕ رۆژی ٧ی ئەپریل هێرشی کردە سەر ئاڵبانی (ئاڵبانی لە ساڵی ١٩٣٤دا ئازادیی خۆی وەدەست هێنابوو).

**ج ـ هێرش بۆ سەر پۆلۆنیا و دەست پێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی**

پاش چیکوسلۆڤاکیا نۆرە گەیشتە پۆلۆنیا و تا ئەم کاتە دێموکراسییەکانی رۆژئاوا تێنەگەیشتبوون ئیشتیای هیتلەر تێربوونی نیە. ئەوان زۆر درەنگ دەستیان لە ساویلکەیی هەڵگرت. لێردا کێشە لەسەر دالانی دانتزیك بوو کە بە پێی پەیماننامەی ڤێرسای درابووە پۆلۆنیا. هیتلەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٩دا گوتبووی کە غرووری ئیزنی پێنادا نەتەوەی ئەڵمانیایا لە ژێر دەسەڵاتی پۆلۆنییەکاندا بن. هەر لەو کاتەوە فشارەکانی هیتلەر بۆ سەر پۆلۆنیا زیادی کرد، بە تایبەتی بە هەڵوەشاندنی چیکوسلۆڤاکیا رێگەی هێرش بۆ سەر پۆلۆنیاشی ئامادە کردبوو، پۆلۆنیا بە ئیرادەیەکی پتەوەوە دەستی کرد بە بەربەرەکانیو

دەوڵەتانی فەڕەنسا و بریتانیاش رایان گەیاند کە نەك هەر پۆلۆنیا بەڵکو پشتیوانی لە یۆنان و رۆمانیاش دەکەن. سۆڤیەتیش پێشنیاری یەکیەتییەکی نیزامیی لە نێوان فەڕەنسا، بریتانیا و سۆڤیەت دا هێنابووە گۆڕێ. بەڵام گۆیا هەر لەو کاتەدا بە گوێرەی نووسینەکانی چێرچیل وتووێژەکانی سۆڤیەت و ئەڵمانیایا لە فێبریوەرەوە دەستیان پێ‌کردبووو رەنگە سۆڤیەت مەبەستی گاڵتەکردنی بە دوو رکەبەرەکەی هەبووبێ. هەرچۆنێك بێ سۆڤیەت و دەوڵەتانی رۆژئاوا رێك نەکەوتن و فەڕەنسا و بریتانیا پێکەوە درێژەیان بە پشتیوانیی سەرزارەکیی ئەورووپای رۆژهەڵات دا. بەڵام ئەڵمانیایا و ئیتالیا ئەو دەستەبەرە بێ نێوەرۆکەبەیان بە پێکهێنانی یەکیەتیی پۆڵایینەوەیەوە کە لە ٢٣ی ئەپریلی ١٩٣٩دا لە نێوان ریبن ترووپ لەلایەن ئەڵمانیایا و شازادە چیانۆ لەلایەن ئیتالیاوە لە بەرلین ئیمزا کرا و پێی لەسەر هاوکاریی هەمەلایەنەی ئەڵمانیایا و ئیتالیا داگرت. سەرەنجام دەوڵەتانی رۆژئاوا هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە پشتیوانیی جیددی لە ئەورووپای رۆژهەڵات پێویستیی بە هاوکاریی سۆڤیەتە. ئەوان نوێنەرێکیان نارده مۆسکۆ بەڵام هەر لەوکاتەدا تێگەیشتن کە رووسەکان شانبەشانی وتووێژەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوادا، وتووێژێکی دیکەشیان لەگەڵ ئەڵمانیایا دا بەدەستەوەیە. ئەم وتووێژانە لە ٢٣ی ئاگوستی ١٩٣٩دا پەیمانی دەسترێژی نەکردنی ئەڵمانیایا و سۆڤییەتی لــێ‌کەوتەوە کە دەقی ئەم رێککەوتنە بە کورتی ئەمەیە: "هەر دوو لا بەڵێن دەدەن کە خۆ لە هەرچەشنە کردەوەیەکی توندوتیژ، هەر چەشنە دەستدرێژییەك، هەر چەشنە هێرشێك لە دژی یەکتر، چ بە تەنیایی و چ لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، بپارێزن." هاوکات لەگەڵ ئەم پەیمانەدا رێککەوتنێکی نهێنییشیان لە بارەی دابەشکردنی وڵاتانی باڵکان و سکاندیناڤیادا لەگەڵ یەکتر ئیمزا کرد. ستالین کە خەونی بە دابەشکردنی پۆلۆنیاوە دەدی لە هێرش بۆ سەر پۆلۆنیادا هاوڕا بوو، خەونێك کە چەند مانگ دواتر بە کردەوە بەڕێوەچوو. هەرچۆنێك بێ بە ئاشکرابوونی پەیمانی سۆڤیەت و ئەڵمانیایا شەڕ لە ئەورووپادا حەتمی دەهاتە بەرچاو. دەوڵەتی بریتانیا خێرا دەستی بە کارقایمی کرد و فەڕەنسا پێگەکانی خۆی پتەو کرد. رۆژی یەکەمی سێپتەمبەری ١٩٣٩ ئەڵمانیایا هێرشی کردە سەر پۆلۆنیا. رۆژی سێهەم فەڕەنسا و بریتانیا شەڕیان لە دژی ئەڵمانیا راگەیاند. بەمجۆرە شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێ‌کرد و تا ئاگوستی ١٩٤٥ درێژەی کێشا.



## ٢ـ شەڕ و ئاڵوگۆڕەکانی

### ئا ـ لەبارەی هۆیەکانی شەڕدا

لە بارەی هۆیەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا لەوانەیە ئەوەی باس کرا بە رادەی پێویست روون بێ. وڵاتانی سەرکەوتوو نەیانتوانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان پاش شەڕی جیهانیی یەکەم لەسەر هێندێك پرەنسیپی موعتەبەر دابمەزرێنن و گیروگرفتی پاش شەڕیش دەرفەتێکی لەباری بۆ گەڵاڵەکردنی چوارچێوەی هێندێك پرەنسیپی پتەو کە پێوەندییەکانی وڵاتانی گەورە رێك بخا و ویست و داخوازەکانیان دابین بکا پێك نەهێنا. وڵاتانی گرنگی وەکو ئەڵمانیایا، سۆڤیەت و ئیتالیا لەو بینایەی کە ئاشتیی ڤێرسای دای رشت رازی نەبوون. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە هەلومەرجی نێونەتەوەیی لەگەڵ بێسەرەوبەرەییەکانی نێوخۆی ئەڵمانیایا یەکی دەگرتەوە، هیتلەر بە کەڵك وەرگرتن لەو بارودۆخە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و هەر لەو رۆژەوەی کە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت بناخەکانی ئەم نەزمە لەرزۆکە نێونەتەوەییەی یەك بە دوای یەك دا خستە بەرهێرش. هەر لەو کاتەش دا وڵاتانی رۆژئاوا بۆ دووهەمین جار هەڵەیەکی گەورەیان لــێ‌روودا کە بریتی بوو لەوەی لە بەرامبەر ویستەکانی هیتلەردا رانەوەستان و لەم بارەیەوە بریتانیا لە هەموان زیاتر بەرپرسایەتیی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەو نووسەرانەی باسی ئەو کێشەیەیان کردووە جاری وایە زیاتر باسی یەکێك لەو دوو سێ هۆیەی سەرەوەیان کردووە و جاری واشە وەك تاکە هۆی شەڕی یەکەمی جیهانی باسیان کردووە. مووریس بوموون کە کتێبی "شکستی ئاشتی"و "هۆیەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی"ی نووسیوە لە سەر ئەو رایەیە هیتلەر بە تەنیا بەرپرسایەتیی شەڕی لەئەستۆیە و ئەو هەمووە قەتڵ و وێرانییە بە ئاکامی رەفتاری خراپی وی دەزانی. لە بەرامبەردا، مێژوونووسانی ئانگلۆساکسۆن زیاتر پێ لەسەر هەڵەکانی بەرەی دیموکراسی واتە بێ‌موبالاتیی بریتانیا، مامەڵەی فەڕەنساوییەکان لەسەر قازانجی هاوپەیمانانی خۆی (کۆنفرانسی مونیخ) و خۆدوور راگرتنی ئەمریکا، وەك هۆیەکانی سەرەکیی شەڕ دادەگرن. ئا.ژ .پ تەیلەری ئەمریکایی کە کتێبی "هۆیەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی"ی لە ساڵی ١٩٦١دا نووسیوە جگە لەو ئیستیدلالەی سەرەوە، پێ لە سەر سەلماندنی ئەم خاڵە دادەگرێ کە هیتلەر لە رووی لێکدانەوەی سیاسی و پەنا بردن بۆ زۆر لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە. تەنیا

جیاوازیی ئەوان لەگەڵ هیتلەر ئەوە بوو کە ئەوان لایەنگری پاراستنی وەزعی مەوجوود بوون و هیتلەر خوازیاری گۆڕینی بوو. سەرەنجام هێندێك کەسیش هەوڵ دەدەن وڵاتانی ئەڵمانیایا یا نەژادی ئەڵمانیا وەك سەرچاوەی شەڕە مێژووییەکان بناسێنن. هەروەك هێندێك کەس هیتلەر بە جێگری بیسمارك و درێژەدەری سیاسەتەکانی وی دەزانن. لەگەڵ ئەوەدا هەرکام لەو بۆچوونانە بە پێی بەڵگەی مێژوویی هاتوونە گۆڕێ و ڕەنگە هێندێك ڕاستیشیان تێدا شاراوە بێ و بۆ کەڵك لـێوەرگرتنیان نابێ خاترجەم بین.

**ب) شەڕ لە سەردەمی دۆستایەتیی ئەڵمانیایا و سۆڤیەتدا ١٩٣٩ ـ ١٩٤١**

"لە ٣١ی ئاگوستی ١٩٣٩دا هیتلەر فەرمانی ژمارە یەکی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی شەڕ دەرکرد.. . ، لەم فەرمانەدا ڕێکەوتی هێرش بۆ سەر پۆلۆنیا یەکەمی سێپتەمبەر، سەعات چوار و چل و پێنج دەقیقەی بەربەیانی دیاری کرابوو". هێرشەکە برووسکە ئاسا بوو. تەواوی هێزەکانی ئەڵمانیایا جگە لە بەشێکی بچووك کە خەریکی پاراستنی سنووری زیگفرید (سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئەڵمانیایا) بوون، لە هێرشەکەدا بەشدار بوون . لە ماوەی یەك حەوتوودا هێزەکانی ئەڵمانیایا گەیشتنە دەروازەی وەرشەو و بەربەرەکانیی خەڵکی پۆلۆنیا هەمووی تێك شکا. لە ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبەردا دەوڵەتی سۆڤیەت ڕای گەیاند کە چونکە بە کردەوە دەوڵەتی پۆلۆنیا بوونی نییە، پەیمانی دەستدرێژی نەکردنی ١٩٣٢ی رووسیا و پۆلۆنیاش کە لە ساڵەکانی ١٩٣٤و ١٩٣٨و تەنانەت لە جۆنیوەریی ١٩٣٩دا نوێ کرابۆوە، بە شێوەی ئۆتوماتیکی هەڵدەوەشێتەوە. کاربەدەستانی سۆڤیەت بە ڕواڵەت بە بیانووی ئەوە کە بۆشایی دەسەڵات لە پۆلۆنیادا بۆ ئاسایشی وڵاتەکەیان مەترسیدارە و لە ڕاستیدا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنی نهێنیی ٢٣ی ئاگوستی ١٩٣٩ی ئەڵمانیا و سۆڤیەت، ڕۆژی ١٨ی سێپتەمبەر هێزەکانی خۆیان ڕەوانەی خاکی پۆلۆنیا کرد، شاری ڤیلنایان داگیر کردو و درێژەیان بە پێشڕەویدا و لە شاری برێست لیتوفێسك (لەو جێیە ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ ئەڵمانیاییەکان ڕێککەوتنی ئاشتییان ئیمزا کرد) گەیشتنە هێزەکانی ئەڵمانیایا. پۆلۆنیا جارێکی دیکەش لە نێوان رووسیا و ئەڵمانیایا دا دابەش کرا. ئەڵمانیاییەکان دانتزیك، پێزنانی و سیلزیی سەروویان داگیر کرد. دەوڵەتی پۆلۆنیا ڕای کرد بۆ ڕۆمانیا و سەربازێکی زۆر لەلایەن رووسەکان و ئەڵمانیاییەکانەوە بەدیل گیران. بەڵام ئەڵمانیاییەکان ناوچەی وارشوو کراکاویان لە بەردەستی پۆلۆنیەکاندا هێشتەوە جارێ ناوی "دەوڵەتی گشتیی پۆلۆنیا"یان لەسەر دانا تا



ئەگەر پێویست بێ بتوانن بیکەنە ئامرازی بەڕێوەبردنی نیازەکانیان. لە لای دیکەش رووسەکان هەموو ئەو ناوچانەی کە پێشتر سەر بە رووسیای تەزاری بوون و رووسیا سپییەکان و ئوکراینییەکان تێدا دەژیان خستەسەر خاکی خۆیان. لە کاتێك دا کە مەکینەی شەڕی ئەڵمانیایا و سۆڤیەت بە هەموو توانایەوە پۆلۆنیای ورد و خاش دەکرد، فەرەنسا و بریتانیا تەماشاچییەکی بێجووڵە بوون کە جگە لە ناردنی چەند گوردانێك بۆ بەرەکانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا و بەهێزکردنی هێڵی ماژینۆ کارێکی دیکەیان نەکرد. قۆناغێکی بێدەنگیی تا ڕادەیەك دوورودرێژی ٨ مانگی لە شەڕدا هاتە پێش کە بە شەڕی"سەیر و سەمەرە" بەناوبانگە تا دەی مای ١٩٤٠ کە ئەڵمانیایا هێرشی کردە سەر فەرەنسا درێژەی کێشا. دیارە شەڕە دەریاییەکان لەگۆڕێدا بوون و لە هەر جێگەیەك ژێردەریاییەکانی ئەڵمانیایا تووشی کەشتییەکانی بریتانیا و فەرەنسا دەبوو، هێرشیان دەکرد. یەکەم کەشتیی بریتانیایی کە پاش دەست پێکردنی دوژمنایەتی تەفروتوونا کرا، کەشتیی ئەتنیا بوو کە نزیکەی ١٢ کەس سەرنشینی بوون (سێی سێپتەمبەر). ڕۆژی دواتر سێ ناوی دیکەی بریتانیا نوقم بوون. ئەوە کە بۆچی لەو ماوەیەدا ئەڵمانیایا لە ڕێگەی وشکاییەوە هێرشی نەکردە سەر فەرەنسا و بریتانیا، هێندێك کەس دەڵێن بەرپرسانی سوپا پێشیان بە بەڕێوەچوونی بڕیاری هیتلەر گرتووە و هێندێك کەس دەڵێن نالەباربوونی ئاووهەوا و هێندێك کەسی دیکەش وەکو پیپەررونوون لەسەر ئەو باوەڕەن کە هیتلەر چاوەڕوانی ئەوە بوو فەرەنسا و بریتانیا پێشنیاری ئاشتیی وی کە لە ٢٦ی سێپتەمبرو ١٨ی ئۆکتۆبەردا دابووی قەبووڵ بکەن. پاش "ئەوەی پێشنیاری ئاشتییەکەی ڕەت کرایەوە چۆن دەیتوانی دەست لەسەر دەست دابنێ"؟ ٣٠ی نۆڤەمبەر سۆڤیەت کە دەیەویست پشتێندێکی ئاسایشی بە دەوری سنوورەکانی خۆیدا بکێشێ و بە داگیرکردنی لیتوانی و هێندێك ناوچەی پۆلۆنیا سەرەتاکانی ئامادە کردبوو و دەستدرێژیی کردە سەر فینلەند. بەربەرەکانیی فینلەندییەکان کە پێشنیاری سۆڤیەتیان لە سەر ئەوەی کە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی خاکی فینلەند بخرێتە سەر سۆڤیەت، قەبووڵ نەکردبوو، زۆر ئازایانە بوو. لێرەش دا دەوڵەتانی فەرەنسا و بریتانیا کە لە لایەك نەیاندەویست حاکمییەتی نەرویج و سوئێد پێشێل بکەن (ناردنی یارمەتی لە ڕێگەی ئەم دوو وڵاتەوە دەکرا کە ئیزنیان بە هاوپەیمانان نەدەدا پێیاندا تێپەڕن) و لە لایەکی دیکەشەوە بڕیاری وان بۆ بۆمبارانی چاڵە نەفتەکانی قەفقاز پێویستیی بە بەرنامەداڕشتنێکی جیددی هەبوو، هیچ

کردەوەیەکی بە سوودیان ئەنجام نەدا. فینلەندییەکان سەرەنجام لە ١٢ی مارسی ١٩٤٠دا داوای دەست کێشانەوە لە شەڕیان کرد و بە دەست هەڵگرتن لە چەند بەشێك لە خاکی خۆیان کۆتاییان بەشەڕ هێنا. لە مانگی ئەپریل دا هاوپەیمانان بڕیاریاندا ڕێگەی چوونی ئاسنی سوئێد بۆ ئەڵمانیایا کە لە ڕێگەی بەندەری نەرویجیی نارویکەوە ئەنجام دەدرا بگرن. ئەم بڕیارە بوو بە هۆی ئەوەی هیتلەر لە پێشدا هێرش بکاتە سەر دانیمارك و پاشان سەر نەرویج. دانیمارك بە ئاسانی داگیر کرا، بەڵام بەربەرەکانیی هێزەکانی نەرویجی، فەرەنسی، بریتانیایی و پۆلۆنیایی لە بەندەری نارویك دا، سەرکەوتنی هیتلەری کەمێك دواخست. بەڵام سەرەنجام نەرویجیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی نازییەکانەوە و کیسلینگ ڕێبەری نازییەکانی نەرویج حکوومەتی ناسیۆنال سۆسیالیستی دامەزراند (٢٤ی ئەپریل). نەرویج پێگەیەکی باش بوو بۆ هێرش کردنە سەر بریتانیا. بە هۆی ئەم شکستە چەمبەرلین دەستی لە سەرۆکایەتیی وەزیرانی بریتانیا هەڵگرت و وینستۆن چێرچیل لە جێی ئەو دانرا. لە فەڕەنساش پۆل رینۆ لە سەرۆکایەتیی وەزیران دەستی کێشایەوە، بەڵام بە هۆی دەست پێکردنی هێرشی هیتلەر بۆ ڕۆژئاوا دەست لە کارکێشانەوەی خۆی وەرگرتەوە.

هێرشی ئەڵمانیایا بۆ ڕۆژئاوا کۆتایی بە شەڕی "سەیر و سەمەرە" و ئەو هێرشە تەبلیغاتییەی کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی پێشووەوە دەستی پێکردبوو، هێنا. لە مانگی مارسی ١٩٤٠ەوە هەموو شتێك بۆ هێرش بۆ سەر فەڕەنسا ئامادە بوو. لە دەی مایدا هێزەکانی ئەڵمانیایا چوونە نێو هولەندا و بەلجیکا و بەشێکی دیکەشیان توانییان بچنە نێو ئالقەی لاوازی هێڵی بەرگریی فەڕەنسا لە "ئاردێن" سوپای فەڕەنسای خافڵگیر کرد، لە حاڵێك دا فەڕەنساوییەکان خۆیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەڵمانیاییەکان لە بەلجیکا ئامادە دەکرد (گەڵاڵەی "د" کە گاملین فەرماندەی هێزەکانی فەڕەنسا پێشنیاری کردبوو). لە ماوەی مانگێك دا ئەڵمانیاییەکان بە سەر سەرانسەری فەڕەنسادا زاڵ بوون و لە دەی جووندا واتە ئەو کاتە کە شکستی فەڕەنسا بێئەملاوئەولا بوو هێزەکانی ئیتالیاش لە باشوورەوە هاتنە نێو خاکی فەڕەنساوە. دەوڵەتی فەڕەنسا کە پەنای بردبووە بەر بورد و پاش ئەوەی مارشال پێتەن جێگەی رینۆی گرتەوە، داوای دەست کێشانەوە لە شەڕی کرد و چونکە شاری بوردو کەوتبووە ناوچەی داگیرکراو گواستییەوە بۆ ویشی. ڕۆژی ٢٢ی جوون ڕێککەوتنی دەست هەڵگرتن لە شەڕی لەگەڵ ئەڵمانیایا لە ڕێتوند (واتە ئەو شوێنەی کە ئەڵمانیاییەکان لە ساڵی ١٩١٨ دا داوای دەست لە شەڕ کێشانەوەیان لە فەڕەنسا کردبوو!)



و لەگەڵ ئیتالیاییەکان لە ڕۆم دا ئیمزا کرد. "ستالین لە ناخی دڵیەوە پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی هیتلەر کرد". دەوڵەتی ویشی لەمەودوا هاوکارییەکی بەربڵاوی لەگەڵ ئەڵمانیاییەکاندا دەست پێکرد. لە بەرامبەر حکوومەتی ویشیدا، فەڕەنسای ئازاد بە ڕێبەرایەتیی دوگۆل پێك هات.

لە هاوینی ١٩٤٠دا شەڕیکی توند لە دژی بریتانیا کە لە بەرامبەر ئەڵمانیایا دا بە تەنیا مابوو دەستی پێکرد و لەندەن کەوتە بەرهێرشی هەوایی ئەڵمانیاییەکان. بەڵام بریتانیا درێژەی بە بەرگریی خۆیدا و بە کەڵك وەرگرتن لە پاوان نانی ڕادار توانی زەبرێکی زۆر لە هێزەکانی ئەڵمانیایا بدا. هیتلەر کە لە بۆمباران کردنی چی پێنەبرا، بە کەڵك وەرگرتن لە ژێردەریاییەکان ویستی دوورگەی بریتانیا گەمارۆ بدا و بەمجۆرە بەرەیەکی دیکە لە زەریای ئەتڵەس دا کرایەوە. هەر لەو کاتەش دا دوورگەی بریتانیا ببوو بە داڵدەی دەوڵەتە تاراوگەنشینەکانی دژی مێحوەر. دەوڵەتانی بەلجیکا، هۆلەندا، چیکوسلۆڤاکیا، پۆلۆنیا و هێزەکانی فەڕەنسای ئازادی دوگۆل خەریکی تێکۆشان و ناردنی پەیامی خۆڕاگری بە نەتەوەکانیان بوون.

لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٤٠و ١٩٤١دا وردە وردە کڵەی شەڕ کەوتە ناوچەی باڵکانەوە. موسوولینی کە ئیرەیی بە سەرکەوتنەکانی هیتلەر دەبرد لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٠دا هێرشی کردە سەر یۆنان بەڵام یۆنانییەکان توانییان پاشەکشە بە هێزەکانی موسوولینی بکەن و تا ئەڵبانی ڕاویان نێن و داوای یارمەتی لە بریتانیا بکەن. لە بەرامبەر ئەمەش دا موسوولینی داوای یارمەتیی لە هیتلەر کرد. ئەم کارە بێجێیەی موسوولینی کە سەرەڕای وشیار کردنەوە لەلایەن هیتلەرەوە لە جوولای ١٩٤٠دا ڕوویدا بە قازانجی بریتانیا تەواو بوو کە دەیەویست بە کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لە قورسایی هێرشەکانی ئەڵمانیایا بۆ سەر خاکی خۆی کەم بکاتەوە بەڵام ئەڵمانیایا کە هەوای هێرش بۆ سەر سۆڤیەتی لە کەللەدا بوو کەوتە تەنگانەوە. هیتلەر ئیزنی تێپەڕین بە یوگسلاڤیا و بۆلگاریای بە مەبەستی هێرش بۆ سەر یۆنان وەرگرتبوو (ڕۆمانیا و هەنگاریا لایەنگری وڵاتانی میحوەر بوون) بەڵام کوودیتای ٢٧ی مارسی ١٩٤١ لە یوگسلاڤیا بوو بە هۆی هێرشی ئەڵمانیایا بۆ سەر یوگسلاڤیا. لە ماوەی ١١ ڕۆژدا یوگسلاڤیا هەڵوەشایەوە و تەنیا سێربیای بچووکی لێمایەوە و ڕۆژی ٢٧ی ئەپریل ئاڵای خاچی چەماوەی ئەڵمانیایا لەسەر "ئاکرۆپۆل" لە ئەسینا [ئاتێن] هەڵدرا. هێزەکانی بریتانیا کە

بەهانای یۆنانەوە هاتبوون بە دوای هێرشی ئەڵمانیایا بۆ کرێت بە پەلە ئەم ناوچەیەیان جێهێشت. هەر لەم کاتەش دا شەڕەکانی باکووری ئەفریقاش کە هیتلەر و موسوولینی بە مەبەستی گرتنی ڕێگە لە بریتانیا بۆ چاڵە نەفتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بۆ هیندوستان و هەروەها پێشگیری لە کەڵك وەرگرتن لە کاناڵی سوێز، دەستیان پێکردبوو بە سەرکەوتنی تیپی هێزەکانی بریتانیا و پێکهاتنی هاوسەنگیی هێزی نیزامی شل ببۆوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بوو کە هیتلەر هێرشی کردە سەر سۆڤیەت و گەورەترین هەڵەی نیزامیی لـێ ڕوودا.

**ج) بارودۆخی شەڕ پاش هێرشی ئەڵمانیایا بۆ سەر سۆڤیەت و هاتنی ئەمریکا بۆ نێو شەڕ**

هیتلەر کاردروستایەتیی هێرش بۆ سەر سۆڤیەتی لە ٢١ی جوولای ١٩٤٠ بە ژەنراڵ ڤون براوفیچ سپاردبوو و ئەم بەرنامەیە نیشانیدا کە هیتلەر هەر لە سەرەتاوە مەبەستی پێکهاتن لەگەڵ سۆڤیەتی نەبوو و کێشەی باڵکان هێرش کردنە سەر سۆڤیەتی وەدرەنگ خستبوو. لەوکاتەوە کە فەڕەنسا شکستی خوارد ڕکەبەرایەتییەکی بێبناخە لە نێوان سۆڤییەت و ئەڵمانیایا بۆ نفووز لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا دەستی پێکرد. سۆڤیەتییەکان فشاریان دەخستە سەر ڕۆمانیا تاکو بیسارابی و بوکۆڤینی ناوەندی بداتە سۆڤیەت. ئەڵمانیاییەکان بەپێچەوانەوە هەوڵیان دەدا نیوەی ترانسیلڤانیا بخەنەسەر خاکی هەنگاریاوە و سەرەنجام بە دەست لە کارکێشانەوەی شاکارۆل و هاتنەسەرکاری ژەنراڵ ئانتونیشکو، ڕۆمانیا هاتەگەڵ بەرەی ئەڵمانیایاوە. دوای ماوەیەکی کورت پەیمانێکی سێلایەنە لە نێوان ئەڵمانیایا، ژاپۆن و ئیتالیادا بەسترا (٢٧ی سپتەمبەری ١٩٤٠) کە ئاگری بەدگومانیی لە نێوان دوو هاوپەیمان (ئەڵمانیایا و سۆڤیەت)دا بەرز کردەوە. بە تایبەتی کە هیتلەر قەت ئەو بەرنامانەی لە "ململانێی من"دا هاتوون لەبیر نەدەکرد. دەبێ لێرەدا هەستی کەسیی هیتلەر و شکستی ئەڵمانیایا لە بەرامبەر بریتانیادا لە بەرەکانی باکووری ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خۆڕاگریی خەڵکی بریتانیاش بەو مەسەلەیەوە زیاد بکەین. ئەم مەسەلانە دیسان تیئۆریی فەزای حەیاتیی لە مێشکی هیتلەردا بووژاندەوە و بە بیانووی هاودەستیی بالشەویکەکان لەگەڵ جوولەکەکاندا هێرشی کردە سەر سۆڤیەت (لە حاڵێك دا ستالینیش لە سەرکوتی جوولەکەکان و جینایەتەکانی پۆلۆنیادا دەستێکی کەمتری لە هیتلەر نەبوو). لە ڕوانگەی هیتلەرەوە هێرش بۆ سەر



بریتانیا و سۆڤیەت بۆ ڕزگارکردنی ئەورووپا پێویست بوو تاکو لە بەڵای بالشەویکە شەیتانەکان و دوژمنانی شارستانییەتیی مرۆڤ (ئینگلیزەکان) ڕزگار بن.

ڕۆژی ٢٢ی جوونی ١٩٤١ واتە هەر ئەو ڕۆژەی کە ناپلیۆن سەدوسی ساڵ پێشتر هێرشی کردبووە سەر ڕووسیا، لە ساڵڕۆژی شکستی فەڕەنسا (و پیرۆزبایی ستالین لە هیتلەر)دا چوار میلیۆن سەربازی ئەڵمانیای وێڕای سێ هەنگی زرێپۆش بەبەشداری ٢٣٠٠ عارەبانەی تۆپ و ٥ هەزار فڕۆکە بە مەبەستی گرتنی لینینگراد، مۆسکۆ و ئۆکرانیا هێرشیان کردەسەر سۆڤیەت. لاوازیی سوپای سۆڤیەت کە لە ئاکامی پاڵاوتنە بێ ئەژمارەکان لە ئاستی سەرەوەی سوپادا بوو، زۆر زوو دەرکەوت. لە ٢٥ی سێپتەمبەردا کیەف پایتەختی ئۆکرانیا گیرا و، ٦٠٠هەزار ڕووسی لەلایەن ئەڵمانیاییەکانەوە بەدیل گیران و ڕۆژی دووی ئۆکتۆبەر هێرش بۆ سەر مۆسکۆ دەستی پێکرد بەڵام هاتنی زستان و گەیشتنی هێزی بەربەرەکانیی جەماوەر هێرش بۆ سەر مۆسکۆی بێئاکام هێشتەوەو لە ٥ی دیسەمبەری ١٩٤١دا یەکەم دژە هێرشی ڕووسەکان دەستی پێکرد و شەڕ بە شێوەیەکی پارتیزانی درێژەی کێشا و ئەمە خۆی کۆتایی هاتنی شەڕە برووسکە ئاسایەکان بوو.

هەرچۆنێك بێ هاتنی سۆڤیەت بۆ نێو شەڕ و بەدوای ئەمەدا هێرشی ژاپۆن بۆ سەر بەندەری پێرل هاربور و هاتنی ئەمریکا بۆ نێو شەڕ بارودۆخی شەڕی بە تەواوی گۆڕی. بە چەشنێك کە لە ساڵی ١٩٤٢وەوە ئەڵمانیاییەکان هەنگاو بە هەنگاو لە بەرامبەر هێزەکانی هاوپەیماناندا پاشەکشەیان کرد.

ژاپۆن پاش قەیرانە ئابوورییەکانی ١٩٢٩و بە دەسەڵات گەیشتنی ناسیۆنالیستەکانی نزیك لە کۆڕو کۆمەڵە نیزامییەکان لە ساڵی ١٩٣١دا بە ئاشکرا سیاسەتێکی ئیمپڕیالیستیی بەربڵاوی گرتە بەر. لە سێپتەمبەری ١٩٣١ەوە کە ژاپۆن هێرشی بردە سەر مەنچووری بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی نوێ ناوچەکانی باکووری چینیشی کردە ئامانجی دەستدرێژییەکانی خۆی و لە ساڵی ١٩٣٧دا بە ڕەسمی شەڕی لە دژی چین ڕاگەیاند. بە دوای ئەمەدا بە کەڵك وەرگرتن لە ئاڵۆزییە نێوخۆیەکانی چین ناوچە بە پیت و بەرەکەتەکانی ئەم وڵاتەشی داگیر کرد. لەوە پاش دەست ڕاگەیشتن بە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات مەبەستی سەرەکیی ژاپۆنی پێك دێنا. ئەم ئاڵوگۆڕە کێشەی ژاپۆن ـ ڕوسیەی گۆڕی بۆ کێشەی ژاپۆن ـ ئەمریکا. لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ژاپۆن خەریکی وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بوو. ڕۆزڤێڵت هەر چەند لەگەڵ چێرچیل ڕێك

کەوتبوو کە ئەگەر ئەمریکا هاتە نێو شەڕەوە گرنگیی زیاتر بە بەرەی دژی ئەڵمانیایا بدریٚ، ناچار بوو بە مەبەستی پێشگیری لە فراوانخوازیی ژاپۆن سەرنجی زیاتر بداتە رۆژهەڵاتی دوور. هەروەها ژەنراڵ مەك ئارتۆریش وەك فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی دوور دیاری کرا. هەر لەو کاتەدا کە وتووێژەکان لە نێوان ئەمریکا و ژاپۆندا لە گۆڕیٚدا بوو، لە ٧ی دیسەمبەری ١٩٤١دا ژاپۆن دەستی بە هێرشێکی سەرسووڕهێنەر کرد و بە پێی نەخشەی ژەنراڵ یاماموتو هێرشی کردە سەر بەندەری پێرل هاربور لە زەریای ئارام دا و بەشێکی گرنگ لە هێزە دەریاییەکانی ئەمریکای لەنێوبرد و بەمجۆرە ئەمریکا هاتە نێو شەڕی جیهانییەوە. لە ماوەیەکی کورت دا ژاپۆن بەسەر زەریای ئارام و رۆژهەڵاتی زەریای هینددا زاڵ بوو. بەڵام سەرکەوتنەکانی ژاپۆنیش وەك سەرکەوتنەکانی هیتلەر زۆریان نەخایاند.

**د) پێکهاتنی بەرەی دژی هیتلەر**

رۆڵی بریتانیا لە پێکهێنانی بەرەی دژی هیتلەردا وەکو پردێك وابوو کە دەبوو پێوەندی لە نێوان دوو دوورگەی جیا (ئەمریکا و سۆڤیەت)دا پێك بێنیٚ. هەروەك ئاماژەی پیٚکرا پاش داگیرکردنی فەڕەنسا لەلایەن ئەڵمانیایاوە و ئیمزای رێککەوتنی کشانەوە لە شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا لە جوونی ١٩٤٠دا، بریتانیا لە بەرامبەر ئەڵمانیایادا بە تەنیا مایەوە. لەمەودوا هەوڵی بریتانیا ئەوە بوو هەرچۆنێك بیٚ پشتیوانیی ئەمریکا بۆلای خۆی رابکێشیٚ، لە حاڵێك دا ئەمریکا پێی خۆش نەبوو جارێکی دیکە لە شەڕی ئەورووپادا بەشدار بیٚ.

هەروەها روانگەی ئەم دوو وڵاتەش زۆر جیاواز بوو. بریتانیا خوازیاری گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی هێزەکان بۆ ئەورووپا و باڵادەستیی دەریایی خۆی بوو لە حاڵێکدا ئەمریکا لە گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا خاوەن قازانج بوو کە بە گرنگیدان بە قاررەی ئەورووپا کە بریتانیا بە تەمای بوو، نەدەگونجا. هەر لەم کاتەش دا مەترسیی هیتلەر ئەوەندە پڕهەڕەشە و ترسناك بوو کە ئەمریکا هەر لە سەرەتای شەڕە دەریاییەکەدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ خەریکی پشتیوانی لە ئەمریکا بوو! لە مارسی ١٩٤١دا قانوونی قەرز و ئیجارە لەلایەن بریتانیاوە پەسند کرا و بە پێی ئەم قانوونە ئەمریکا پێداویستییەکانی بریتانیای لە شێوەی قەرز، ئیجارە یان فرۆشتن دەخستە خزمەت ئەم وڵاتەوە. بایی ئەم جۆرە یارمەتییانە کە بریتانیا بە باشی کەڵکی لیٚوەرگرتن، تا کۆتایی ١٩٤٤ لە ٣٦ میلیارد



دۆلار تیٚپەڕی. گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان بریتانیا و ئەمریکادا لە ماوەی ساڵی ١٩٤١دا درێژەی کێشا و بە مەبەستی رێکوپێك کردنی سیاسەتەکانی ئەم دوو دەوڵەتە لە رۆژەکانی ٩ تا ١٢ی ئاگوست چاوپێکەوتنێك لە نێوان چێرچیل و رۆزڤێڵت دا روویدا و ئەو پرەنسیپانەی کە پاشان بە "راگەیەندراوی ئاتلانتیك" ناوبانگی دەرکرد لەلایەن سەرۆکەکانی ئەم دوو وڵاتەوە پەسند کرا. لەم راگەیەندراوەدا پیٚ لەسەر ئەسڵی دەسەڵاتی نەتەوەکان و دەست هەڵگرتن لە فراوانخوازی و خۆپاراستن لە وەسەریەك خستنی سەرزەوییەکان بەبیٚ رەزامەندیی ئەو نەتەوەی سوودی لیٚدەبینیٚ، داگیرابوو (وەفاداری رۆزڤێڵت بە بیروباوەڕی ویلسۆن و نیشاندەری درێژەی سیاسەتەکان و بەرنامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی).

لە لایەکی دیکەوە بە دوای هێرشی ئەڵمانیایا بۆ سەر سۆڤیەت لە جوونی ١٩٤١دا دەرفەتێك هاتە پێش تاکو بریتانیا بتوانیٚ هاوپەیمانی نویٚ بدۆزێتەوە. بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی هێرشی ئەڵمانیایا بۆ سەر سۆڤیەت چێرچیل بەبیٚ هەرچەشنە تیٚبینییەك (دژایەتیی بیروباوەڕ) ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ یارمەتیدانی سۆڤیەت راگەیاند و بە دوای ئەمەدا وەفدێك چووە مۆسکۆ کە رێکەوتی ١٢ی جوولای، رێککەوتنی ئەم دوو وڵاتەی لیٚکەوتەوە. بە پێی ئەم رێککەوتنە هەر دوولا پەیمانیاندا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەڵمانیایا شەڕ بکەن. هەر لەو کاتەوە هاوکارییە ئابوورییەکانیش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دەستی پیٚکرد. بە دوای هاوکارییە ئابووری و نیزامییەکانی نێوان بریتانیا و سۆڤیەت دا و پێویستیی ناردنی یارمەتییەکانی بریتانیا و ئەمریکا بۆ بەرەکانی شەڕ لە سۆڤیەت، بڕیار درا کەڵك لە رێگەی ئێران وەربگیریٚ. پاش بیٚسوود بوونی چەندین مۆڵەت بە رەزا شا کە کەڵکی لە پسپۆرانی ئەڵمانیای وەردەگرت، هێزەکانی هاوپەیمانان لە ٢٥ی ئاگوستی ١٩٤١دا دەستدرێژییان کردە سەر خاکی ئێران و پاشان لەگەڵ پێشڕەویی هێزەکانی هاوپەیمانان بەرەو تاران رەزا شا دەستی لە کار کێشایەوە و محەممەد رەزا شا کە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی هاوپەیمانان هاودەنگ بوو، بوو بە شا. لە ٢٩ی جۆنیوەریی ١٩٤٢دا رێککەوتنی یەکیەتیی ئێران، سۆڤیەت و بریتانیا ئیمزا کرا. زەمینەی هاوکاریی سیٚ وڵاتی سۆڤیەت، بریتانیاو ئەمریکا کە بە رەزایەتنامەی بریتانیاو سۆڤیەت و سەفەری هاپکینز وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ مۆسکۆ لە جوولای ١٩٤١دا پێك هاتبوو، بە هاتنی ئەمریکا بۆ نێو شەڕ کە بە دوای هێرشی هێزەکانی ژاپۆندا بۆ سەر هێزی دەریایی

ئەمریکا لە پێرل هاربور (٨ی دیسەمبەری ١٩٤١) روویدا، تەکمیل بوو. بە دوای ئەم هێرشەدا لە ٢٢ی دیسەمبەردا چاوپێکەوتنێك لە نێوان چێرچیل و ڕۆزڤێلت لە واشینگتۆن روویدا (کۆنفرانسی ئارکادی) تا قازانجە هاوبەشەکانی دوو وڵاتەکە لە هەلومەرجی نوێدا باسی لـێبکرێ. لەم کۆنفرانسەدا کە تا ٤ی جۆنیوەریی ١٩٤٢ درێژەی کێشا وا بڕیار درا کە کۆمەڵە پرەنسیپێك ڕێك بخرێ و بدرێتە هەموو ئەو میللەتانە کە لە دژی وڵاتانی مێحوەر لە حاڵی شەڕ دان. ئەم راگەیاندراوە کە لە راستیدا هەر "راگەیەندراوی ئاتلانتیك"بوو، رۆژی یەکەمی جۆنیوەریی ١٩٤٢ لە ژێر ناوی "راگەیاندراوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان"دا لە کۆشکی سپی لە لایەن ٢٦ وڵاتەوە ئیمزا کرا. نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵێنیاندا کە هەموو سەرچاوەکانی خۆیان لە دژی وڵاتانی ئیقلیمگیر بەکار بێنن و خۆ لە هەر چەشنە دەست کێشانەوەیەك یان ڕێککەوتننامەیەکی بە جیا بپارێزن. سەرەنجام نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان لەسەر گرنگیی کۆکردنەوەی هێزەکان لە بەرەی ئەڵمانیایا داگرت. لە ساڵی ١٩٤٢دا وڵاتانی ئانگلۆساکسۆن زیاتر لە جاران خۆیان لە سۆڤیەت نزیك کردەوە تا بەرەی گەورەی دژی مێحوەر پێك بێنن و بریتانیا وەك تەوەری ئەم بەرەیە بوو چونکە زۆرترین هەوڵی بۆ نزیك کردنەوەی بریتانیا و سۆڤیەت و. لە ٣٦ی مای ١٩٤٢دا پەیمانی یەکیەتی بریتانیا و سۆڤیەت ئیمزا کرا کە لەم پەیمانەش پێ لەسەر درێژەی خەبات لە دژی هیتلەرو خۆپاراستن لە هەرچەشنە ئاشتی و دەست کێشانەوەیەکی بە جیا داگیرابوو. رووسەکان خوازیاری کردنەوەی بەرەیەکی دووهەم بوون لە ئەورووپادا تا لە قورسایی هێرشەکانی ئەڵمانیایا بۆ سەر سۆڤیەت کەم بێتەوە. لە کۆتایی مانگی مایدا مۆلۆتۆڤ چووە واشینگتۆن و قەولی لە رۆزڤێلت ستاند بەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢ بەرەی دووهەم لە فەرەنسا بکرێتەوە.

بریتانیاییەکان کە پێیان خۆش بوو مەیدانی شەڕ لە دەرەوەی قاڕەی ئەورووپا بێ لەگەڵ بۆچوونی ئەمریکاییەکان (ژەنراڵ مارشال) کە لایەنگری چڕکردنەوەی هێرش لە ئەورووپادا بوون جیاواز بوو و کردنەوەی بەرەیەکی دیکەیان لە ئەورووپادا بەر لە لاوازیی گشتیی هیتلەر بە باش نەدەزانی. سەرەنجامیش بۆچوونی بریتانیا سەرکەوت و لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٤٢دا هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە باکووری ئەفریقا دابەزین. بەڵام ئەم کارە زۆری ستالین خۆشحاڵ نەکرد. چونکە قازانجی سۆڤیەت لە کردنەوەی بەرەیەك لە ئەورووپادا بوو. لە جۆنیوەریی ١٩٤٣دا کۆنفرانسێك لە کازابلانکا بۆ



لێکدانەوەی لایەنەکانی شەڕ پێك هات و سەرەڕای پێداگرتنی ئەمریکا و بریتانیا لە سەر درێژەدانی شەڕ تا سەرکەوتن و تەسلیمی بێئەملاوئەولای ئەڵمانیایا، ئیتالیا و ژاپۆن، بەدگومانی هەروا بەسەر پێوەندییەکانی ئانگلۆساکسۆن و سۆڤیەت دا زاڵ بوو. ستالین گلەیی لە دواکەوتنی کردنەوەی بەرەی دووهەم هەبوو و ئەمریکا و بریتانیاش بە نۆبەی خۆیان گلەییان لەوە بوو کە ستالین لەلایەن رۆژئاواوە یارمەتییەکی زۆری پێ دەدرێ، بەڵام وای لە خەڵکی خۆی دەگەیاند کە سۆڤیەت بە تەنیا لە حاڵی شەڕ دایە. بەڵام لە جوولای ١٩٤٣دا کە هێزەکانی هاوپەیمانان لە سیسیل دابەزرێن و سۆڤیەت دوایین هێرشی ئەڵمانیاییەکانی لە کۆرسێك پووچەڵ کردەوە نیشانەکانی شکستی هێزەکانی مێحوەر دەرکەوتن. لەمەوبەدوا هەر لەو کاتەدا کە وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیا هێرشەکەیان لەگەڵ رووسەکان ڕێك دەخەن و ستالینیش بە نیشانەی دۆستایەتی لەگەڵ رۆژئاوادا کۆمینتیرێن هەڵ دەوەشێنێتەوە (جوونی ١٩٤٣) ڕێبەرانیش بیر لە هەلومەرجی دوای شەڕ دەکەنەوە. بە واتایەکی دیکە لە ساڵی ١٩٤٣دا بەرەی دژی هیتلەر بەوپەڕی یەکگرتنی خۆی دەگا بەڵام هەر لەو کاتەش دا یەکەم نیشانەکانی دووبەرەکیش کە تا رادەیەك کەوتبووە ژێر کاریگەریی هێرشەکانی هیتلەرەوە لە نێوان جیهانی سەرمایەداری و کۆمۆنیزم دا لەسەر دابەشکردنی جیهان دەرکەوت.

**ه ـ ئاڵوگۆڕ لە ریزبەستنی هێزەکاندا**

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢دا شەڕەکە بە قازانجی هاوپەیمانان وەرسووڕا و یەکەم نیشانەکانی لە دەریاکاندا دەرکەوتن. لە سێپتەمبەری ١٩٣٩وە تا دیسەمبەری ١٩٤١ ژێردەریاییەکانی ئەڵمانیایا ٨ میلیۆن تۆن لە کەشتییەکانی هاوپەیمانانیان نوقمی دەریا کردبوو و لە یەکەم مانگەکانی ١٩٤٢ نزیکەی ٨٠٠ هەزار تۆنی دیکە لە کەشتییەکانی هاوپەیمانان لەلایەن ئەڵمانیایاوە لە نێوچوون. لەوکاتەوە دژکردەوەی بریتانیاییەکان توندتر بوو و بە یارمەتیی سکۆرتە تەیار کراوەکان بە رادار توانییان ژێر دەریاییەکانی ئەڵمانیایا بدۆزنەوە و هێرشیان بکەنەسەر. لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٢ ئەڵمانیایا ١٣ ژێردەریایی خۆی لەدەست دا و لەحاڵێکدا ئەڵمانیایا نەیدەتوانی جێگەیان پڕبکاتەوە، ئەمریکاییەکان هەر رۆژەی کەشتییەکی شەڕیان دەخستە سەر ئاو. ساڵی ١٩٤٢ ساڵی شکستی دەریایی ئەڵمانیایا بوو. شکستەکە تەنیا بۆ ئەڵمانیایا نەبوو، ژاپۆنییەکانیش لە زەریای ئارامدا زەبری قەرەبوو نەکراویان وێ کەوت و ناچار بوون ئەو دوورگانەی داگیریان کردبوون بە

جێبێڵن و پاشەکشە بکەن. ئەمریکاییەکان لە هێرشێك دا چوار کەشتیی هەڵگری فڕۆکەی ژاپۆنیان لەگەڵ ٢٧٥ فڕۆکە و پێنج هەزار سەرباز لەنێو برد. هێرشی ژاپۆن لە ناوچەکانی گینەی نوێش دا لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوو و ئەمریکاییەکان پێشیان بە پێشڕەویی ژاپۆنییەکان بەرەو ئوسترالیا گرت.

لە لایەکی دیکە سەرکەوتنی بریتانیاییەکان لە العلمین (باکووری ئەفریقا) لە پاییزی ١٩٤٢دا بوو بە هۆی پاشەکشەی هێزەکانی مێحوەر لە باکووری ئەفریقا. فڕۆکەکانی بریتانیا بە کەڵك وەرگرتن لە پێگەکانی جەبەل تاریق و مالت هێرشیان دەکردە سەر ئەو کەشتییە ئەڵمانیایانەی دەچوونە یارمەتیی رومێل دەرۆیشتن و هەر لەو کاتەشدا یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ هێزی هاوپەیمانان لە باکووری ئەفریقاش دا پێی نایە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. لە کۆتاییی ئۆکتۆبەری ١٩٤٢دا ژەنراڵی بریتانیایی مۆنت کۆمەری دەستی بە هێرش کرد و لە ئەلعلمەین لەگەڵ هێزەکانی مارشال رۆمێل تێك هەڵچوون و سەرەنجام بە لە دەست دانی ١٣ هەزار کەس توانی کەلێنێك لە نێو هێزەکانی دوژمندا پێك بێنێ. سەرەنجام بە پیادەبوونی هێزەکانی ئەمریکا (١٠٠هەزار کەس بە فەرماندەیی ئایزنهاوێر لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٤٢ لە ئەلجەزایر و مەغریب، سەرەڕای ناڕەزایەتیی دەوڵەتی ویشی) سەرکەوتنی هاوپەیمانان دەستەبەر بوو. باشووری ئیتالیا لەمەودوا تۆپی هێزەکانی هاوپەیمانانی دەگەیشتێ.

بەڵام گرنگترین وەرسووڕانی شەڕ دەبێ لە مەیدانی شەڕی ستالینگراددا ببینین (سێپتەمبەری ١٩٤٢ تا فێبریوەری ٤٣). چونکە لێرەدا بوو کە هیتلەر تامی شکستی واقعیی چێشت. لە هاوینی ١٩٤٢دا لە حاڵێکدا شەڕ لە بەرەکانی باکوور دا کز ببوو سوپای ئەڵمانیا رێگەی قەفقازیای گرتەبەر. ستالینگراد ناوەندیی پیشەسازی و شوێنی گرنگی پێوەندییەکانی سۆڤیەت وەك کلیلی سەرکەوتن لە قەفقازیا و پاشان تەواوی رووسیا سەیری دەکرا. شەڕی ستالینگراد بۆ هەر دوولا مانایەکی تایبەتیی لە شکست و سەرکەوتندا بیر دەخستەوە (بیرەوەریی هێرشی ناپلیۆن). لە نێوەڕاستەکانی سێپتەمبەردا سوپای ئەڵمانیا گەیشتە ستالینگراد لە حاڵێك دا بەشێکی دیکە لە هێزەکانی هیتلەر لە مانگی ئاگوست دا گەیشتبوونە چاڵە نەفتەکانی قەفقاز. شەڕی ستالینگراد شەڕی دەستەویەخە و کۆڵان بە کۆڵان بوو. لە رۆژی ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٤٢دا هێزەکانی رووسیا لە باکوور و باشووری ڤۆلگا هێرشێکی گەمارۆیی (گازانبر)یان دەست پێکرد. رۆژی دووی



فێبریوەری ١٩٤٣ ژەنراڵ ڤۆن پاولوس فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیایا خۆی و ئەفسەرانی خوارەوەی خۆی دا بەدەستی رووسەکان و ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وورەی هیتلەر دانا. ئەم شەڕە بە قیمەتی گیانی نیو میلیۆن کەس بۆ وڵاتانی میحوەر تەواو بوو. هەر چەند گوبلز هەوڵی دا وا نیشان بدا کە ئەڵمانیایا هەر سەرکەوتوویە بەڵام دەنگ و هەرای شکست لە هەموو جێگەیەك گەڕا و یەکەم بەرهەمی ئەم شکستە سەرهەڵدانی نەمامی بەربەرەکانی لە بەرامبەر هیتلەردا لە نێو سوپای ئەڵمانیایادا بوو. ئاکامێکی دیکەی ئەم شکستە بڵاوەلێکردنی هاوپەیمانانی نازی و دەست پێکردنی وتوویژ لەگەڵ هاوپەیمانان‌دا بوو. هەر لەو کاتەدا هەلومەرجی نێوخۆی ئیتالیاش بەرەو خراپی دەچوو و رووخانی موسوولینی کە بە دوای رەوانەکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ سیسیل (جوولای ١٩٤٣) یەکێك لە کۆڵەکە بەهێزەکانی هیتلەر لەدەست هیتلەر چوو و زەبرێکی قورس چ لە رووی نیزامی و چ لە رووی دەروونیو ئایدیۆلۆجییەوە لە فاشیزمی ئەورووپا درا.

بە دوای رێککەوتنێك دا کە لە کۆنفرانسی تاراندا بڕیاری لەسەر درا هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە جوونی ١٩٤٤دا لە باکووری فەرەنسا پیادەبوون. بە دەست پێکردنی هێرشی هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا کە ئازادیخوازانی فەرەنساشیان لە پشت بوو، ئەڵمانیایا دەستی بە پاشەکشە کرد. لە مانگی ئاگوستی ١٩٤٤دا پاریس ئازاد کرا. هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشانەدا سوپای سووریش کە لە جوولای ١٩٤٣وە بەرەو رۆژئاوا لە حاڵی پێشڕەویدا بوو، هێرشەکانی خۆی زیاتر کرد و بە کەڵك وەرگرتن لە سەرکەوتنی ستالینگراد، ناوچەکانی دەریای رەش و ئۆکرانیاشی ئازاد کرد. لە ماوەی مانگەکانی جوون و سێپتەمبەری ١٩٤٤دا وڵاتانی رۆمانیا، بۆلگاریا و فینلەند بە هۆی هێرشی هێزەکانی رووسیاوە داوای دەست هەڵگرتن لە شەڕیان کرد. ئەم وڵاتانە لەگەڵ پۆلۆنیا کەوتنە ناوچەی ژێر نفووزی سۆڤیەتەوە. لە جۆنیوەریی ١٩٤٥دا لە حاڵێك دا هێزەکانی سۆڤیەت گەیشتبوونە ٧٠ کیلۆمەتریی بەرلین هێشتا هەنگاریا و چیکوسلۆڤاکیا لە بەرامبەر هێزەکانی سۆڤیەت دا بەربەرەکانیان دەکرد. هێزەکانی هاوپەیمانان لە دوو لاوە بەرەو ئەڵمانیایا لە پێشڕەویدا بوون و هەموو خاکی ئەڵمانیایایان تەخت دەکرد. هەرچەند پێشڕەویی رووسەکان هەنگاریاشی ناچار کرد دەست لە شەڕ بکێشتەوە و کاتێك گەیشتە دەروازەکانی ڤیەن بووە هۆی نیگەرانیی چێرچیل و ئایزنهاوێر بەڵام هیچ کۆسپێك لەلایەن بریتانیا و ئەمریکاوە نەخرایە سەر رێگەیان و رووسەکان یەکەم کەس بوون چوونە نێو

پراگ. هیتلەر خۆی کوشت (۳۰ی ئەپریلی ۱۹٤٥) و رۆژی حەوتی مای ۱۹٤٥ ئەڵمانیاییەکان لە ریێنس (فەرەنسا) ڕێککەوتنی تەسلیم بوون لەگەڵ ئەمریکایان ئیمزا کرد و رۆژی هەشتەمیش لە بێرلین لەگەڵ رووسەکان ئەم ڕێککەوتنەیان ئیمزا کرد.

**عاقلانش باز زنجیری دگر در پا نهند / روزی ار زنجیر از هم بگسلد دیوانای***

بەڵام شکستی ژاپۆن لە هەموان تراژیدیتر بوو. ژاپۆنییەکان هێندێك شوێنیان لە چین گرتبوو و ئەمریکا و بریتانیا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کردنی گیروگرفتێکی زۆریان لەسەر رێ بوو. بەڵام بارودۆخی نالەباری نێوخۆی چین و بۆچوونی چیانکای چیك لەسەر گرنگیدان بە خەبات لە دژی داگیرکەرانی ژاپۆنی ئیزنی پێنەدان دەست بۆ کارێکی خێرا و لێبڕاوانە بەرن لە حاڵێك دا تەنیا تەسلیم بوونی ژاپۆن دەیتوانی چین رزگار بکا. لە هاوینی ۱۹٤۳وە بارودۆخەکە لە زەریای ئارام دا بە قازانجی ئەمریکا گۆڕابوو. لە ساڵی ۱۹٤٤دا بە کەڵك وەرگرتن لە هێرشی کۆماندۆیی ئەمریکاییەکان زۆر لەو شوێنانەی ژاپۆنی داگیری کردبوون گرت، وەکو دوورگەکانی مارشاڵ، ماریان و کارولین. لە جونیوەریی ۱۹٤٥دا هێزەکانی مەك ئارتۆر فیلیپینیان داگیر کرد. لە بەهاری ئەو ساڵەدا دوورگەی ئوکیناوا و باشووری ژاپۆن لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکران و ژاپۆنییەکان بەشی زۆری هێزە دەریاییەکانی خۆیان لەدەست دا. بەڵام دەستیان لە بەربەرەکانی هەڵ نەگرت و بە هێرشی خۆکوژیانە بۆ سەر کەشتییەکانی دوژمن، ئەو کەشتییانەیان نوقم دەکردن. بۆیە ترومن کە لە جێی رۆزڤێڵت (۱۲ی ئەپریل کۆچی دوایی کردبوو) ببوو بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، بڕیاریدا کەڵك لە بۆمبی ئەتۆم وەربگرێ کە تازە تاقییان کردبۆوە. رۆژی ٦ی ئاگوست و رۆژی ۹ی ئاگوست لە پێش دا هیروشیما و پاشان ناکازاکیی بە بۆمبی ئەتۆم بۆمباران کرد. هاوکات لەگەڵ ئەمە رووسەکان چوونە نێو مەنچووری و ژاپۆنییەکان ناچار بوون تەسلیم بن (۲ی سێپتەمبەری ۱۹٤٥).

### ۳ـ ڕێککەوتنەکانی هاوپەیمانان لە سەر جیهانی دوای شەڕ

سەرکەوتنەکانی سۆڤیەت لە شەڕی دژی ئەڵمانیایادا و خۆگنخاندنی وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆن لە کردنەوەی بەرەی دووهەم و خۆبواردن لە رووبەروو بوونەوەی راستەوخۆ

* ئەگەر رۆژێك شێتێك زنجیری بپسێنێ، ئاقڵەکانی جارێکی دیکەش زنجیری لە پێی دەئاڵیننەوە.



لەگەڵ ئەڵمانیایا لە ئەورووپادا، بوو بە هۆی ئەوەی چاوەڕوانییەکانی وڵاتی سۆڤیەت رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر بێ. ئەو لە راستیدا داوای نرخی سەرکەوتنی دەکرد و هەر لەوکاتەش دا خەریکی وەدیهێنانی مەبەست و نیازە لەمێژینەکانی بوو. وڵاتانی رۆژئاواش ناچار بوون بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری دڵی ستالین لەخۆیان نەڕەنجێنن. لە کۆنفرانسی مای ۱۹٤۳دا) کە بە بەشداریی رۆزڤێلت و چێرچیل لە واشینگتۆن بەڕێوە چوو، (کۆنفرانسی تریدێنت) ئەم دوو وڵاتە وا رێك کەوتن کە رۆژی یەکەمی مای ۱۹٤٤ هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکووری فەرەنسا پیادە بکرێن (هێرشی ئۆڤر لۆرد). ئەم بڕیارە ویستی ستالینی وەدی دێنا. بەر لەوەش لە چاوپێکەوتنەکانی کاربەدەستانی وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆندا (چاوپێکەوتنەکانی ئیدن لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکایی لە ۱۲ تا ۲۹ی مارسی ۱۹٤۳ لە واشینگتۆن)و لکانی وڵاتانی بالتیك (ئیستوونی، لیتوونی، لیتوانی و کورلاند) و بیسارابی بە سۆڤیەت پەسند کرابوو. وەك بڵێی بێموبالاتی لە بەرامبەر هیتلەردا لەوکاتەدا جێی خۆی دابوو بە بێموبالاتی لە بەرامبەر ستالیندا. ستالین درێژەی بە پێشڕەوییەکانی خۆیدەدا. نێوان ناخۆشیی سۆڤیەت و دەوڵەتی تاراوگەی پۆلۆنیا کە بە دوای دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی سەربازانی پۆلۆنی لە شەڕەکانی کاتین (ئەپریلی ۱۹٤۳) کە بە دەستی رووسەکان لە ساڵی ۱۹۳۹دا کوژرابوون گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، حەزی فراوانخوازی لەم وڵاتەدا سەلما. رووسەکان لە بەرامبەر دەوڵەتی تاراوگەنشینی پۆلۆنیا کە بنکەی لە لەندەن بوو، یەکیەتیی نیشتمانپەروەرانی پۆلۆنیایان پێك هێنابوو کە بنکەکەی لە دوبلین بوو. لە باس و خواسی نێوخۆیی سەربازانی سوپای نێوی لایەنگری دەوڵەتی تاراوگە و لایەنگرانی یەکیەتیی نیشتمانپەروەرانی پۆلۆنیاش دا رووسەکان لایەنگرییان لە رێکخراوەکەی دووهەم دەکرد و تەنانەت لە ئاگوستی ۱۹٤٤دا خەباتی سوپای نێوخۆ لە دژی ئەڵمانیاییەکان پێویستیی بە یارمەتی هەبوو، رووسەکان ئەوانیان لە بەرامبەر ئەڵمانیاییەکاندا بە تەنیا هێشتەوە تاکو پاش ٦۳ رۆژ بەربەرەکانی شکستیان خوارد و سەرەنجام ئەم سوپایە لە ساڵی ۱۹٤٥دا لەلایەن رووسەکانەوە هەڵوەشێندرایەوە. مەبەستی فراوانخوازانەی ستالین هەر بەوەندە نەدەبڕایەوەو هەموو ئەورووپای رۆژهەڵاتی دەگرتەوە. دوای تەواو بوونی شەڕ کە رووسەکان بەسەر نیوەی ئەورووپادا زاڵ ببوون داخوا جێی خۆی نەبوو وڵاتە رۆژئاواییەکان لەخۆیان بپرسن لەم شەڕەدا چیان پێبڕاوە؟ جگە لەوەی ئەورووپای رۆژهەڵاتیان (بریتانیا و فەرەنسا سەبارەت بە پشتیوانی لە پۆلۆنیا و

وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات شەڕیان لە دژی هیتلەر راگەیاند) لە دەست هیتلەر هێنایەدەر و دایانە ستالین و لەم دەڵاڵییەدا گیانی هەزاران لاوی خۆیان بەخت کرد. لە بەرامبەر پێشڕەوییەکان و فراوانخوازییەکانی ستالیندا وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیا هەوڵیاندا لە رێگەی وتووێژ و کۆنفرانسەوە لەگەڵ ستالین پێك بێن. کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی ئەم سێ وڵاتە (ئانتۆنی ئیدن لە بریتانیا، کۆردێل هاڵ لە ئەمریکا و مۆلۆتۆڤ لە سۆڤیەت) کە لە دەی ئۆکتۆبەری **١٩٤٣**دا مۆسکۆ دەستی پێکرد وێڕای هەڵسەنگاندنی کێشەکانی شەڕ و هەوڵدان بۆ رەواندنەوەی نیگەرانیی ستالین سەبارەت بە وەدرەنگ کەوتنی پیادەکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکووری فەڕەنسا، رێگەی بۆ کۆنفرانسی تارانیش خۆش کرد. بەڵام مەسەلە گرنگەکانی وەك پێوەندییەکانی سۆڤیەت و ئەورووپای رۆژهەڵات جگە لە هێندێك ئاماژە پێکردن، نەهاتنە گۆڕێ.

**کۆنفرانسی تاران:** کۆنفرانسی تاران لە **٢٨**ی نۆڤەمبەرەوە تا یەکی دیسەمبەری **١٩٤٣** بە بەشداریی رۆزڤێلت، چێرچیل و ستالین و هاوڕێیەتیی ئیدەن، مۆلۆتۆڤ و هاپکینێز پێك هات و ئەمە گەورەترین کۆنفرانس بوو کە لە ماوەی شەڕەوە تا ئەو کاتە بەڕێوە دەچوو. جگە لەوەی پێ لەسەر پیادەکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکوور و باشووری فەڕەنسا لە رێکەوتی دیاریکراودا داگیرا بوو، مەسەلەکانی دوای شەڕیش باسیان لەسەر کرا. ستالین مەبەستەکانی خۆی لە بارەی بالکان و دەست راگەیشتن بە ئاوە گەرمەکانی ئاسیای نەدەشاردەوە و لە بارەی پۆلۆنیادا بە نیاز بوو سنوورەکانی رۆژئاوای پۆلۆنیا بە زەرەری ئەڵمانیایا فرەوان ببنەوە و ئەو پێی وابوو کە دەبێ ئەڵمانیایا بێتە **٥** وڵاتی خودموختار (رای چێرچیل ئەوە بوو کە ئەڵمانیایا بێتە سێ وڵات) تاکو سۆڤیەت بەشەکانی رۆژهەڵاتی بخاتە سەر خاکی خۆیەوە. سەرەنجام لە بارەی دامەزراندنی رێکخراوە جیهانییەکان لە داهاتوودا (کۆمەڵەی نەتەوەکان) کە پێك بێ لە کۆڕێك و کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری لە ژێر چاوەدێریی چوار وڵاتی گەورە (ئەمریکا، سۆڤیەت، بریتانیا و چین)دا رێك کەوتن.

کاری دابەشکردنی جیهان لەو کاتەوە دەستی پێکرد و ئەوەی رێگەی بۆ ستالین خۆش دەکرد نەبوونی هاوئاهەنگیی تەواو لە نێوان سیاسەتی ئەمریکا و بریتانیادا بوو. قسەیەك لە چێرچیل دەگێڕنەوە کە زۆر پڕ نێوەڕۆکە، چێرچیل لە سەفەری خۆیدا بۆ تاران بە مەك میلان ئەندامی وەفدی نوێنەرایەتیی ئەمریکای گوتبوو: "ئەڵمانیایا کاری تەواوە، تەنانەت ئەگەر کاتێکیش بۆ وەدیهاتنی پێویست بێ، کێشەی واقیعی ئێستا رووسیایە.



ئەمن ناتوانم ئەو شتەی دە ئەمریکاییەکان بگەیەنم". لە حاڵێك دا رۆزڤێلت لە کۆنفرانسی تاران خەریکی لاواندنەوەی ستالین بووە، ئەمریکاییەکان لە بارەی نەخشەی چێرچیل لە بالکاندا و پێداگرتنی ئەوان لە کردنەوەی بەرەیەك لە ناوچە (لە جیاتی فەڕەنسا) بەدگومان بوون. سەیر ئەوەیە ئەمریکاییەکان لە دەیەی **١٩٣٠**دا ئەوەندەی لە نەخشەی ئینگلیزەکان بەدگومانن ئەوەندە لە نەخشەکانی ستالین بەدگومان نین وەك بڵێی بزانن دوایە لەگەڵ رووسەکان تێدەکەون. دیارە ئەمریکاییەکان ئەوەندەی گرنگییان بە کێشەکانی رۆژهەڵاتی دوور و شکستی ژاپۆن دەدا، بە کێشەکانی ئەورووپایان نەدەدا. لە حاڵێك دا ئینگلیزەکان ئاگایان لە پێشڕەوییەکانی سۆڤیەت لە بالکاندا هەبووو لەم بارەیەوە هەستیان بە نیگەرانی دەکرد. سەرکەوتنەکانی تیتۆ لە یوگسلاڤیا و چوونی سوپای سوور بۆ نێو بیسارابی، نفووزی کۆمۆنیستەکان لە یۆنان، نیازەکانی رووسەکانیان لە ئەورووپای رۆژهەڵات دا ئاشکرا دەکرد، بەڵام بریتانیا رێگەی زۆری لەبەر دەست دا نەبوون. لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەری **١٩٤٤**دا کە راپەڕینی چەکدارانەی وەرشەو کۆتایی دەهات و ستالینیش سوپای نێوخۆی لە بەرامبەر ئەڵمانیاییەکاندا تەنیا هێشتەوە تا بە دەستی سەربازانی هیتلەر قەتل عام بکرێن و رێگە بۆ کۆمۆنیستەکان خۆش بێ، چێرچیل بڕیاریدا سەفەرێکی مۆسکۆ بکا و لە بارەی داهاتووی پۆلۆنیادا لەگەڵ ستالین وتووێژ بکا. لەم سەفەرەدا کە لە **٩** تا **١٨**ی ئۆکتۆبەری خایاند چێرچیل توانی باسی کێشەکانی بالکان لەگەڵ ستالین بکا. چێرچیل کە نەیتوانی ئەندامانی دەوڵەتی تاراوگەی پۆلۆنیا بە تایبەتی شەخسی میکلاژزیك بۆ پێکهاتن رازی بکا. بە فەرمی دەستی لە پۆلۆنیا هەڵگرت و گوتی: "ئەوەندەی پێوەندیی بە منەوە هەیە، دەست لە پۆلۆنیا دەشۆین، ئێمە سەبارەت بە گونجاندی پۆلۆنییەکان ئاشتیی ئەورووپا تێك نادەین. ئەگەر پۆلۆنییەکان هێڵی سنووریی کرۆزێن قەبووڵ نەکەن بۆ هەمیشە دەکەونە پەراوێزەوە. رووسەکان بەسەر وڵاتەکەیاندا زاڵ دەبن و دێن بۆ گیانی نەتەوەکەیان". بە پێچەوانە وتووێژەکان لە بارەی بالکاندا بە ئاکام گەیشتن. چێرچیل لە بیرەوەرییەکانیدا ئاوا باسی رووداوەکە دەکا: "لەو دەرفەتەی کە هاتبووە پێش کەڵکم وەردەگرت و بە ستالینم گوت با کێشەکانی بالکان چارەسەر بکەین. سوپای ئێوە لە رۆمانیا و بولگاریا دامەزراون ئێمەش لەم وڵاتانەدا قازانج و وەفد و پیاوی خۆمان هەیە. هەوڵ بدەین لەسەر ئەو کێشانەی کە بایەخێکی ئەوتۆشیان نیە تێك هەڵنەچین. چۆنە ئەگەر رووسیا بە رادەی **٩٠**٪ نفووزی لە

ڕۆمانیادا هەبێ و بریتانیاش ٩٠٪ لە یۆناندا و لە یوگسلاڤیادا ئەو نفووزە بۆ هەردوولا ٥٠ ـ ٥٠ بێ؟ وێڕای ئەوە کە قسەکانم بۆ ستالین وەردەگێڕدران، لە سەر کاغەزێك نووسیم لە ڕۆمانیادا: رووسیای سۆڤیەت ٩٠٪ و ئەوانی دیکە ١٠٪، لە یۆناندا: بریتانیا ٩٠٪ (بە رەزامەندیی) ئەمریکاو سۆڤیەت ١٠٪ لە یوگسلاڤیا و هەنگاریادا: ٥٠ ـ ٥٠ لە بولگاریادا: سۆڤیەت ٧٥٪ و ئەوانی دی ٢٥٪ ئینجا کاغەزەکەم بۆ ستالین راداشت، بڕێکی تێفکری و قەڵەمە شینەکەی دەرێنا و نیشانەیەکی گەورەی رەزامەندیی پێداهێنا و کاغەزەکەی داینەوە و کێشەکە هەر بەو ئاسانیە چارەسەر بوو. دیارە ئێمە پێشتر ئەم مەسەلەیەمان بە وردی تاوتوێ کردبوو بەڵام چارەسەرەکەیمان بۆ دوای شەڕ دانابوو.

دوای ئەمە بێدەنگییەکی زۆر هاتەپێش، سەرەنجام بە ستالینم گوت: پێت وانییە ئەوەی ئێمە کردمان و بە چەند دێڕ چارەنووسی چەند میلیۆن مرۆڤمان دیاری کرد تۆزێك بێبەزەییانەیە؟ باشتر وانییە کاغەزەکەی بسووتێنین؟ ستالین لە وەڵامدا گوتی نا رای بگرن..."

نوێنگەی سەرکەوتنی بریتانیا لەو ڕێککەوتنەدا یۆنان بوو. لەم وڵاتەدا کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتێکی زۆریان وەدەست هێنابوو، بە چەشنێك کە تۆزێك خۆیان بزاوتبا حکوومەتیان بەدەستەوە دەگرت. بەڵام دوای ئەم ڕێککەوتننامەیە، ستالین دەستی لە پشتیوانیی کۆمۆنیستەکان هەڵگرت و لە ئاکام دا سوپای بریتانیا کۆمۆنیستەکانی تێك شکاند. لەگەڵ ئەوەشدا حەزی رووسەکان بەم زوانە دانەدەمرکا و دەیانەویست لە هەنگاریا، بولگاریا و یوگسلاڤیا بەشی زیاتر بپچڕن. ڕێککەوتنی چێرچیل و ستالین بەس نەبوو و پێویست بوو کێشەکانی جیهانی دوای شەڕ لە کۆنفراسێکی گرنگتر و بەربڵاوتردا باس و خواسی لەسەر بکرێ. ماوەیەکی کورت دوای دابەزینی هێزەکانی هاوپەیمانان لە نۆرماندی (باکووری فەڕەنسا) ڕۆزڤێلت پێشنیاری بە بۆستالین کرد کە چاوپێکەوتنێکی دیکە لە ئاستێکی بەرزدا ئەنجام بدرێ. شوێنی ئەم کۆنفرانسە بە پێداگرتنی ستالین لە یاڵتا لە نیمچە دوورگەی کریمە دیاری کرا.

## کۆنفرانسی یاڵتا

کۆنفرانسی یاڵتا کە لە ڕۆژانی چوار تا یازدەی فێبریوەری ١٩٤٥ بە بەشداریی ستالین، ڕۆزڤێلت و چێرچیل بەڕێوە چوو، کێشەیەکی زۆری لەسەر سازبووە. هێندێك کەس بۆ وێنە



ئارتۆرکونت نووسەری کتێبی "یاڵتا یا دابەشکردنی جیهان" لەسەر ئەو باوەڕەن کە یاڵتا نەك هەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی دا بە سۆڤیەت، بەڵکو کوودیتای پراگ، دیواری بەرلین، سەرکەوتنی مائۆ، شەڕی کۆریا، کاروباری کوبا و بە کورتی بەهێزبوونی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەییشی بەدواوە بوو. هێندێك کەسی دیکە لەبەرامبەردا، بڕیارەکانی یاڵتا وەك پەسند کردن و جێگیرکردنی ئەو راستییانە سەیر دەکەن کە پێشتر هەبوون بەڵام سۆڤیەت لە سنووره دیاریکراوەکانی تێپەڕاند. پییەر رونوون مەبەستی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیا "رزگارکردنی ئەورووپا لە بالشەویزم لە ڕێگەی پێکهاتنی دۆستانە"وە ناو دەبا. راستییەکەی ئەوەیە کە راستییەکانی سیاسی زۆریش نەبەستراوەتەوە بە مەرجەکانی کۆنفرانسەکانەوە. هەروەك لە کۆنفرانسی یاڵتاش دا بە رەسمی باسێك لە بارەی دابەشکردنی ناوچە ژێر نفووزەکاندا نەکراوە. بەڵام کاتێك رووسەکان بە کردەوە بەسەر نیوەی ئەورووپادا زاڵ بوون و حیزبەکانی لایەنگری خۆیان لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات ئامادە کردبوو، وڵاتانی ڕۆژئاوا چیان لەدەست دەهات؟ هەر وەك دیتمان چێرچیل بۆخۆی بۆ ئەوەی هەرچی زووتر پێش بە زەرەروزیان بگرێ یان بەشێکی زیاتری پێبڕێ بە رووهەڵماڵاوییەوە لەگەڵ ستالین لە سەر ئەورووپا معامەلەی کرد. ئەویش نە بەو هۆیە کە بەشی رووسەکان بدا بەڵکو بە هۆی ئەوە کە لە بارودۆخی شەڕدا موسوولینی گوتەنی "خاوەن شکۆ تۆپ وا دەڵێ" ئێستا کە دەزانین هێزی نیزامی چ کاریگەرییەکی لەسەر سەرکەوتنە سیاسییەکان هەیە، دەبێ بزانین هەلومەرجی نیزامی لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی یاڵتادا چۆن بووە.

کاتێك هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکووری فەڕەنسا دابەزین، بارودۆخی خراپی ئاووهەوا گیروگرفتی پشتیوانی، جیاوازیی بیروبۆچوونی فەرماندەکان و سەرکەوتنەکانیان و بەربەرەکانیی توندی ئەڵمانیاییەکان ڕێگەی بە هاوپەیمانان نەدا بە باشی کەڵك لەو سەرکەوتنانە وەرگرن کە لەبەرەکانی شەڕدا وەدەستیان هێنابوو و ئەمە پێشڕەویی ئەوانی بەرەو ئەڵمانیایا سست کردبوو. ژەنراڵ مونتیگمەری لایەنگری ئەوە بوو هێرشێکی بەربڵاو بکرێ بۆ سەر ناوچەی روهێر و ڕێگە بەرەو بەرلین بکرێتەوە، لە حاڵێك دا ئایزنهاوێر خوازیاری پێشڕەویی بە پارێز و هێرش بە درێژایی سنوورەکانی ئەڵمانیایادا بوو. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا دژە هێرشەکانی ئەڵمانیایا لە دیسەمبەری ١٩٤٤ پاشەکشەی بە هێزەکانی هاوپەیمانان کرد و ترس بە سەر بەرەکاندا زاڵ بوو و خۆتەیارنەکران و نەبوونی

ئیمکان پێشی بە هێرشی بەربڵاوی ئەوان گرت. لە ئیتالیاشدا هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ کەندوکۆسپ و گیروگرفتێکی زۆر بەرەوڕوو بوون. بەڵام هێزەکانی سۆڤیەت لە هاوینی ١٩٤٤دا هەروا درێژەیان بە پێشڕەوییەکانیان دەدا، سوپای سوور لە سێپتەمبەردا گەیشتبووە یوگسلاڤیا و لە ٢٠ی ئۆکتۆبەردا بێلگرادی ئازاد کرد و خەریك بوو بووداپێستیش لە فێبریوەری ١٩٤٥دا ئازاد بکا. لە باکووریش سوپای سوور لە حەڤدەی جۆنیوەری دا بەسەر وارشەو و کراکوایدا زاڵ بوو و سەرەنجام کاتێك کۆنفرانسی یاڵتا دەکرایەوە سوپای سوور بە فەرماندەیی مارشاڵ یوکۆڤ گەیشتبووە حەفتا کیلۆمیتریی بەرلین. "ستالین بۆ ئەوەی باڵادەستیی هێزەکانی سۆڤیەت لە بەرەی رۆژهەڵاتدا وەبیربێنێتەوە، گوتی سەد و هەشتا لەشکری سۆڤیەت بە درێژایی بەرەی رۆژهەڵات لەگەڵ دوژمن شەڕدەکەن. چێرچیل بۆ یەکەمجار دەستی بەقسان کرد و گوتی هێزی ئەمریکا و بریتانیا لە بەرەی رۆژئاوادا لە چۆنایەتیی ئەم هێزانە و تەیار بوونیان دایە نەك لە چەندایەتیاندا. ستالین لە وەڵامی چێرچیل دا ئاماژەی بە توانای ئاگری هێزەکانی سۆڤیەت و تۆپخانەی بەهێزی سوپای سوور کرد و گوتی ئێمە زیاتر لە بەڵێنەکانمان لە تاران لە کۆنفرانسی تاران و بەبێ داوای هاوپەیمانانی رۆژئاوا لە بەرەی رۆژهەڵات دا دەستمان کردووە بە هێرش".

راستییەکەی ئەوە بوو کە ئەنگلۆساکسۆنەکان لە هەلومەرجێك دا لە بارەی داهاتووی ئەورووپادا قسەیان دەکرد کە لە چاو رووسەکان لە رووی نیزامییەوە لاوازتر بوون. هێزەکانی ئەمریکایی- بریتانیایی هێشتا نەیانتوانیوە لە رووباری راین تێپەڕن لە حاڵێك دا رووسەکان مەودایەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بەرلین نەمابوو. پێشکەوتنی نیزامیی رووسەکان لە شەڕی جیهانیی دووهەم دا بێگومان یەکێك لە هۆیەکانی پەرەگرتنی نفووزی ئەوان لە ئەورووپای رۆژهەڵات و پاش ئەمەش یەکێك لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی ئەم وڵاتە وەك زلهێزێك بوو.

هەر چۆنێك بێ لە یاڵتا، "رێککەوتن لە بارەی ئەو هەنگاوانەی کە بە شێوەیەکی کاتی دەبێ لە بارەی ئەڵمانیایادا بەرێوە بچن و هەروەها مەسەلەی دەرووەکان و تەنانەت کێشەکانی رۆژهەڵاتی دوور بە ئاسانی کرا. ئەڵمانیایا لە چاوەڕوانیی روون بوونەوەی چارەنووسیدا، بەسەر چەند ناوچەی داگیرکراو لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەت، ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیای مەزندا دابەش دەکرێ. فەڕەنساش دەتوانێ بەشێکی لەم داگیرکردنەدا پێببڕێ. بە مەرجێك کە ئەو دوو هێزە ئەنگلۆساکسۆنە لە ناوچەکانی خۆیان بەشێکی پێبدەن." مەسەلەی دانی خەسارەت لەلایەن ئەڵمانیایاوە (داوای سۆڤیەت ئەوە



بوو کە دەبێ ٢٠ میلیارد دۆلار بێ کە نیوەی بدرێ بە سۆڤیەت) وتووێژی لەسەر کرا و بڕیار درا پێڕەوی لە شێوەی هیتلەر بکرێ واتە کەڵك وەرگرتن لە کرێکاران و خاوەن کار و پیشەکان و دانەوەی خەسارەت. دووهەمین بابەت کە لە کۆنفرانس دا باسی لەسەر کرا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو کە بە پێداگرتنی رۆزڤێلت هاتەگۆڕێ. چۆنیەتیی دامەزراندنی ئەم رێکخراوەیە لە دامبارتن ئۆکس (لە دەوروبەری واشینگتۆن) لە مانگی ئاگوستی ١٩٤٤دا باسی لەسەر کرابوو و لەسەری رێك کەوتبوون. ئەو سیستەمەی لە دامبارتن ئۆکس دا پەسند کرابوو لە یاڵتادا تەکمیل کرا و لە ٢٦ی جوون لە سانفرانسیسکۆ لە لایەن ٤٩ وڵاتەوە کە شەڕیان لە دژی ئەڵمانیایا و ژاپۆن راگەیاندبوو پەسندکرا و جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر لەسەر بنەمای گەڵاڵەی سەرتای جاڕنامەی ئاتلانتیك (لە جۆنیوەریی ١٩٤٢دا) لە دایك بوو.

مەسەلەیەکی دیکە کە باسی لێکرا لە بارەی چارەنووسی پۆلۆنیا بوو. بەڵام وتووێژەکان لەم بارەیەوە سوودێکیان نەبوو. چونکە کومیتەی دوبلین لە هەموو شوێنێك جێگەی رێبەرانی دێموکرات و پۆلۆنیاییەکانی دانیشتووی لەندەنی گرتبۆوە. ستالین لەسەر پێداگرتنی چێرچیل و رۆزڤێلت قەبوولی کرد کە لە پۆلۆنیاش دا وەك ئەو وڵاتانەی کە ئازاد دەکرێن هەڵبژاردنی گشتی بەرێوە بچێ بەڵام هەڵبژاردنێك کە بە بەشداریی سوپای سوور بەرێوە بچێ، روون بوو کە ئاکامەکەی چ دەبێ. چارەنووسی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات ئاکامی ناهاوئاهەنگیی نێوان بیری دێموکراسی و واقعییەتە. ئەو مەسەلانەی دیکەی لە کۆنفرانس دا باس کران لاوەکی بوون.

چارەنووسی کۆلۆنییەکان لەو مەسەلانە بوون باسیان لەسەر کرا. "رۆزڤێلت پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە کۆلۆنیالیزم نەمێنێ هەرچەند بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ستالین لە دژی چێرچیل پاڵ وێك بدا و یەك بگرێ . رۆزڤێلت دەیەویست هیند و چین لە فەڕەنسا و هۆنگ کۆنگ لە بریتانیا جیا بکاتەوە". مەسەلەی سەرپەرستاریەتیی (قیمومیت) رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رێگە چارەیەك بوو کە پێشنیار کرا (لە کۆبوونەوەی ٩ی فێبریوەردا) و بڕیار درا بیری لێبکرێتەوە. مەسەلەی ئێران و چوونەدەری هێزەکانی هاوپەیمانان بە شێوەیەکی لێڵ و ناروون لە لایەن وەزیرانی دەرەوەی ئەم سێوڵاتەوە باسی لێکرا لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٠ی فێبریوەردا باسی کرا و لە سەر ئەوە رێك کەوتن کە رێگە چارەیەکی دیپلۆماسیی بۆ بدۆزرێتەوە. سەرەنجام رۆزڤێلت توانی بەڵێنی هاوکاریی هێزەکانی رووس لە

شەڕ دژی ژاپۆندا لە ستالین وەربگرێ. لە بەرامبەر ئەم یارمەتییەدا، رووسەکان بەسەر مەنچووریدا زاڵ بوون و توانییان یارمەتیی کۆمۆنیستەکانی چینیش بدەن.

ئاکامەکانی کۆنفرانسی یاڵتا و مەرجە پەسندکراوەکانی هەرچییەك بن نیشانەی دابەشکردنی جیهان بوون. تا مانگی مارس بۆلگاریا و رۆمانیا و پاشان چیکۆسلۆڤاکیا و یوگسلاڤیا کەوتنە دەست کۆمۆنیستەکان و سوپای سوور هەنگاریای داگیر کرد. ئەمریکا و بریتانیا لەخەوڕابوون، بەڵام وەك ساڵی ١٩٣٩ زۆر درەنگ ببوو. رەنگە ئەمریکا سەبارەت بەوەی کە لە دەست ئەورووپا دەرباز دەبوو و لەمەودوا تەنیا لەگەڵ یەك بەرامبەر (سۆڤیەت) بەرەوڕوو دەبوو خۆشحاڵ بوو؟

دوایین چاوپێکەوتنی ستالین و چێرچیل (واتیلی جێی وی دەگرتەوە) و سەرۆك کۆماری نوێ ئەمریکا ترومێن لە ١٧ی ژوئیەوە تا ٢ی ئاگوستی ١٩٤٥ لە پوتسدام رووی دا تا چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەڵمانیایا باسی لەسەر بکرێ. هاوکات لەگەڵ ئەمە بە پێی پێشنیاری ئەمریکا ئەنجوومەنێك لە وەزیرانی دەرەوەی ئەم سێ وڵاتەش بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی رێککەوتنەکانی ئاشتی لەگەڵ هاوپەیمانانی ئەڵمانیایا واتە ئیتالیا، رۆمانیا، بۆلگاریا، هەنگاریاو فینلەند، پێك هات.

لە بارەی ئەڵمانیایادا وا بڕیار درا کە چەك داماڵێن و سڕینەوەی نازی لەم وڵاتە بە شێوەیەکی کامڵ بەڕێوە بچێ و سیستەمی کۆبوونەوەی دەسەڵات و دێموکراسی لەم وڵاتەدا زاڵ بێ. هەرکام لە داگیرکەران دەیانتوانی خەسارەتی شەڕی خۆیان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان وەربگرنەوە. بەڵام لە بارەی بارودۆخی ناوچەی ژێردەسەڵاتی سۆڤیەت و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد لەو ناوچەیەدا هیچ چەشنە رێککەوتنێك نەکرا.

کاتێك شکستی دوژمنی هاوبەش مسۆگەر بوو هۆیەك کە تا ئێستا دوژمنە زاتییەکانی رێك خستبوو نەما و بە بەڕێوەبردنی رێککەوتنەکانی ئاشتی، وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆن و سۆڤیەت وردە وردە سەرنجی زیاترییاندا بە کەلەبەرێکی قووڵ کە لە نێوانیان دابوو و رۆژ لەگەڵ رۆژ مەوداکەی زیاتر و زیاتر دەکرد. قوربانیانی ئەم ناکۆکیانە جگە لە نەتەوە بێبەشەکانی جیهانی سێهەم کەسی دیکە نەبوو. پاشان کە مەترسیی جیهانی سێهەم مسۆگەر بوو دیسان گورگەکان رێك دەکەوتنەوە و کەلەبەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا پڕبۆوە بە شێوەیەکی دیکە زاری ئاوەڵا کردەوە: کەلەبەری باکوور و باشوور لە هەر جێگەیەك قازانجەکانی زلهێزەکان لە مەترسی دابێ، رێککەوتنی ئەوان بۆ سەرکوتی



بزووتنەوە سەربەخۆیی خوازەکان و بە تالان بردنی هەرچی زیاتری نەتەوە بێبەشەکان ئاشکراتر دەبێ.

## ٤ـ کارنامەی شەڕی دووهەمی جیهانی

شەڕی دووهەمی جیهانی بە ٥٠ میلیۆن کوژراو (٢٠ میلیۆن لە سۆڤیەت) و چەندین میلیۆن کەس نەقوستان، خوێناویترین شەڕە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. جگە لەوە ٣٠ میلیۆن کەس بە هۆی جۆراوجۆر ناچار بوون زێد و نیشتمانیان بەجێ بێڵن (١١ میلیۆن کەس لەبەر سوپای سوور رایان کرد). هەر لەو کاتەش دا وەك شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەم شەڕەش یارمەتیی بە پەرەگرتنی پیشەسازی و رمێنی ئابووری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا کرد، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا جگە لە وێرانی شتێکی دیکەی بەدیاری نەهێنا.

شەڕی دووهەمی جیهانی ئەورووپای بە تەواوی لە ناوندێتی خست. ئەورووپا کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە تەواوی لاواز ببوو هێشتا دەیتوانی لە ساڵانی نێوان دوو شەڕدا رۆڵی سەرەکی لە سیاسەتی جیهاندا یاری بکا. چونکە لەو کاتدا هێزێکی دیکە نەبوو کە بیەوێ یان بتوانێ جێگەی ئەورووپا لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا بگرێتەوە. ئەمریکا چۆوە سەر سیاسەتی دوورەپەرێزیی خۆی و رووسیاش تووشی کێشە نێوخۆیییەکانی بوو و نەیدەتوانی تەریك مانەوەی داسەپاو لەلایەن وڵاتانی سەرمایەدارییەوە پووچەڵ بکاتەوە. بەڵام پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕا. ئەمریکا بە هۆی ئەوەی ئەرك و قازانجی لە گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا هەبوو نەیدەتوانی بچێتەوە سەر سیاسەتی دوورەپەرێزی. جگە لەوەش لەگەڵ رکەبەرێك بەرەوڕوو بوو ئەگەر سستیی نواندبا، هەڕەشەی لە قازانجە بنەڕەتییەکانی ئەم وڵاتە دەکرد. سۆڤیەت سەرەڕای زەرەر و زیانێکی قورس، سەرکەوتووی سەرەکیی شەڕ بووو بە کردەوە بەسەر نیوەی ئەورووپادا زاڵ ببوو.

لە جیهانێك دا کە هیچ دەسەڵاتێك نەبوو، ئەورووپا لەوپەڕی لاوازیدا دەژیا و ژاپۆن بە تەواوی تەسلیم ببوو، وڵاتانی ئەمریکا و سۆڤیەت وەك ئەکتەری سەرەکیی شانۆی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانیان لـێهات و جیهانیان کردە دوو ناوچەی ژێر نفووزی خۆیان و بناخەکانی سیستەمێکی دوو جەمسەرییان داڕشت.

# فەسڵی دووەم

## ئاڵوگۆڕە گرنگە نێو نەتەوەییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ

قۆناغێك کە لە ساڵی **١٩٤٥**ەوە دەست پێدەکا تا یەك دوو ساڵ لەمەوبەر واتە ئەو ساڵانەی کە هۆ بنەڕەتییەکانی مێژوویی لەلایەك و ڕێککەوتنەکانی زلهێزەکان و ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکە، نیشانەی دەست پێکردنی قۆناغێکی دیکەن، بە قۆناغی دوای شەڕ بەناوبانگە.

دیارخەری پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەم قۆناغەدا تەوەرەی مسکۆ- واشینگتۆنە کە وەك سەمبولی پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە جیهانی دوو جەمسەریدا وەك بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕووداوە گرنگەکانی نێونەتەوەیی سەیری دەکرێ. سەرەڕای ئاڵۆزتربوونی پێوەندییەکان و کێشە نێونەتەوەییەکان لە ساڵانی دەیەی پەنجا و دواتریش دا و سەرهەڵدانی هێزە ناوچەییەکان و دەرکەوتنی هێزە نیزامییەکانی وەکو چین و هێزە ئابوورییەکان وەك ژاپۆن و بازاڕی هاوبەش زیادبوونی ڕۆڵی جیهانی سێهەم لە کاروبارە نەتەوەییەکاندا، ئەم تەوەرەیە هەروا لەگەڵ ئەوەدا بە تەنیا وەڵامدەر نەبوو (وەك تاکە پێوانە) وەك دیارخەری گرنگی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەم قۆناغەدا لە جێی خۆی مایەوە و هەوڵی گرووپی وڵاتانی بێلایەن لە پێناوی جێگیرکردنی تەوەرەی باکوور ـ باشوور لە جێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بە هیچ کوێ نەگەیشت. پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ساڵی **١٩٤٥**ەوە تاکو ئێستا بەردەوام لە نێوان شەڕی سارد و نەهێشتنی گرژی (تشنج زدایی)دا هەڵبەزدابەزی کراوە. ئێمەش ئەم قۆناغەی هەر بەم



پێیە دابەش دەکەینەسەر چەند قۆناغی بچووکتر: قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد لە نێوان **١٩٤٥** تا **١٩٦٣**و قۆناغی نەهێشتنی گرژی لە نێوان ساڵەکانی **١٩٦٣** تا **١٩٧٩**دا و قۆناغی نوێی شەڕی سارد یان شەڕی تازە لە نێوان ساڵەکانی **١٩٧٩** تا **١٩٨٥** و قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژیی لە ساڵی **١٩٨٥** تا هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و لە هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە تا ساڵی ٢٠٠٠.

## بەشی یەکەم

### قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد ١٩٤٥ تا ١٩٦٣

هەروەك لە بەشی پێشوودا ئاماژەی پێکرا جیهان لە دەیەی ١٩٣٠دا بەسەر سێ بلۆکی دژ بەیەك دابەش ببوو کە سەرەنجام وڵاتانی دیموکراسیی ڕۆژئاوا و یەکیەتیی سۆڤیەت لە دژی بەرەی یەکگرتووی فاشیزم واتە ئەڵمانیایا و ئیتالیادا یەکیان گرت و کاتێك شەڕ بە شکستی ئەم وڵاتانەی دوایی کۆتایی هات سروشتی بوو کە دژایەتیی نێوان دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا و سۆڤیەت زیاد بێ. جگە لەوەش دژایەتیی قازانجەکانی ئەمریکا وەك ڕێبەری جیهانی سەرمایەداری لەگەڵ سۆڤیەت وەك ڕێبەری بلۆکی سوسیالیزم شتێکی حەتمی بوو و لە کۆتاییش دا ئەو دوو هێزەی خستە بەرامبەر یەکتر. ڕووداوە ورد و درشتەکانی دوای شەڕ ڕوویاندا کەلەبەری نێوان ئەو دوو بلۆکەی زیاتر چەسپاند و بوو بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٧ەوە جیهان بەسەر دوو بەرەی ناکۆك و دژ بە یەك دابەش بێ. هێڵی ئەم دابەشبوونە لە نێوەڕاستی ئەورووپا و بە ناخی ئەڵمانیایا دا تێدەپەڕێ. ئەو پەیمان و ڕێکخراوانەی لە دەروونی هەرکام لەو دوو بلۆکەدا پێك هاتن بوونە هۆی ئەوەی ئەم دابەشبوونە نیهادینە بکرێ: پێوەندییە ئابوورییەکانی جیهانی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی پلانی مارشال دا و پاشان یەکیەتیی نیزامیی ئەم بلۆکە لە چوارچێوەی ناتۆدا، جیهانی ڕێکخراو و یەکگرتووی سەرمایەداریی لە بەرامبەر کۆمکۆن و پەیمانی وارشە و لە جیهانی ڕۆژهەڵات دا دانا.

کەمبوونەوەی گرژی لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٥٠دا کە بە هۆی مەرگی ستالین و کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و ئارام بوونەوەی کەشوهەوای دژی کۆمۆنیستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پێك هات، زۆری نەخایاند و بوو بە هۆی قەیرانی



بەرلین ١٩٥٨ ـ ٦١ و قەیرانی مووشەکیی کووبا. دوای ئەمە ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان لە لایەك و نەبوونی توانای حاشاکردنی زلهێزێك لەوەی دیکە لە لایەکی دیکەوە بواری بۆ هاوکاریی ئەو دوو زلهێزە خۆش کرد.

### ١ـ شەڕی سارد و سەرچاوەکانی

"شەڕی سارد لە هەمان حاڵدا کە قۆناغێك لە مێژووی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دیاری دەکا، دەربڕی حاڵەتێکە لە نێوان دوژمنایەتی و نادوژمنایەتییەوە. شەڕی سارد نە حاڵەتی ئاشتیی هەیە و نە حاڵەتی شەڕێکی کلاسیکی دەگێڕێتەوە. ئەم شەڕە ئەم هێزانەی لە بەرامبەر یەکدا ڕاگرتبوو کە دیپلۆماسیی ئاساییان لە نێواندا بوو و لە سەر مێزێکی وتووێژیش پێکەوە دادەنیشتن. بە پێی پێناسەی کلاسیك لەشەڕ شەڕی سارد نوێنگەی دژایەتیی قازانجە بنەڕەتییەکانە بەڵام قەت نابێتە هۆی تێکهەڵچوونی نیزامی.

..... دەکرێ شەڕی سارد بە شەڕی سەرکیی نێوان قازانج و ئەندێشەکان پێناسە بکەین کە ناگاتە ئاستی شەڕێکی کلاسیك...." هۆی سەرەکیی سەرهەڵدانی شەڕێکی ئەوتۆ لە ساڵانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا چەکی ئەتۆمی بوو کە پێشی بە ڕوودانی شەڕێکی گەرم دەگرت. ترسی شەڕێکی ئەتۆمی کە تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنیشی تێدابوایە زەرەرەکانی لە قازانجە وەدیهاتووەکانی زیاتر دەبوو، بوو بە هۆی ئەوەی هیچ کام لە لایەنەکان حەز لە شەڕێکی ئەوتۆ نەکەن و هەرلەوکاتەش دا تووشی گێرە و کێشەیەکی توند و ڕکەبەرایەتییەکی بەردەوام بە مەبەستی وەدیهێنانی ئیمتیازی زیاتریش بن. هەر بۆیە هیچ کات نابێ ڕۆڵی چەکی ئەتۆمییان لە ڕوودانی شەڕی سارددا لەبیر بچێ. ئەو ڕووداوانەی دژایەتیی قازانجەکان و ڕکەبەرایەتیی نێوان دوو زلهێزی جیهانی دوای شەڕیان دەردەخست بریتی بوون لە: مەسەلەی چۆڵکردنی خاکی ئێران لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، شەڕی نێوخۆی یۆنان و فشاری یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ سەر تورکیا بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئیمتیازی زیاتر لە دەرووەکانی بۆسفێر و داردانیل و کێشە لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەڵمانیایا.

**ئا) کێشەی ئێران:**

لە کۆتایی شەڕدا واتە لە ١٩ی مای ١٩٤٥دا دەوڵەتی ئێران داوای لە هاوپەیمانان کرد خاکی ئێران چۆڵ بکەن، بەڵام یەکیەتیی سۆڤیەت یان باشتر بڵێین ستالین خۆی نەك

هەر ئەم داوایەی بە هێند نەگرت، بەڵکو حیزبێکی دەستکردی پێك هێنا کە داوای خودموختاریی بۆ ئازەربایجان دەکرد. حیزبی دێموکرات بە دوای ڕاپەڕینی تەورێز لە دیسەمبەری ١٩٤٥دا خودموختاریی ئازەربایجانی ڕاگەیاند[1]. لە مارسی ١٩٤٦دا کە هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا ئێرانیان بە جێهێشت هێزەکانی سۆڤیەت پێشیان بە چوونی سەربازانی ئێران بۆ ئازەربایجان گرت[2]. سکاڵای ئێران لە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتەگۆڕێ و بۆ یەکەم جار دوای یەکگرتنی مەزنی سەردەمی شەڕ، ئەمریکا لە بەرامبەر سۆڤیەت دا هەڵوێستێکی توندی گرت. سەرەنجام سۆڤیەت لە بەرامبەر بەڵێنی نەوتی باکووردا لەلایەن قەوامە (بەڵێنێك کە هیچ کات بە کردەوە ئەنجام نەدرا)ەوە و فشاری ئەمریکا، خاکی ئێرانیان بەجێهێشت و ئەندامانی حیزبی بەستراوەی دیموکراتیش لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە سەرکوت کران. ئەم ڕووداوە ناکۆکیی ئەمریکا و سۆڤیەتیی لە بارەی کاروبارە نێونەتەوەییەکاندا ئاشکرا کرد.

**ب) شەڕی نێوخۆیی یۆنان لە بەرامبەر یەك ڕاوەستانی ناڕاستەخۆی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا:**

هەروەك دیتمان یۆنان لە ڕێککەوتنی بەناوبانگی ١٩٤٤ی چێرچیل و ستالین لە مسکۆدا وەبەر ناوچەی نفووزی ڕۆژئاوا دەکەوت لە حاڵێك دائە و هێزانەی یۆنانیان

---

(١) یەکەم، ئەوەی لە تەورێز دامەزرا "حیزبی دیموکرات" نەبوو "فیرقەی دیموکرات"بوو، دووهەم حیزبی دیموکرات لە کوردستان بوو کە ئەویش لە مەهاباد و حکوومەتێکی خودموختاری کوردیی دامەزران. سێهەم، نووسەری ئەم کتێبە هەوڵدانی نەتەوەکانی ئێران بۆ وەدەستهاتنی مافەکانیان بە "سرسپردگی" (بەستراوە)ی ئەم وڵات و ئەو وڵات ناودەبەن، لە حاڵێكدا خەباتی ئەم نەتەوانە بە تایبەتی کورد لە ئێران دا بۆ دەیان ساڵ بەر لە دامەزراندنی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە و دوای ڕووخانی سۆڤیەتیش هەر درێژەی هەبووە و دەی بێ. جگە لەمەش لە سەرانسەری ئەم کتێبە دا هەوڵی نەتەوە بێدەستەکانی ئەورووپا بۆ گۆڕینی سیستەمە نێو نەتەوەییەکان بە قازانجی خۆیان و هاتنەوە و لەژێر دەسەڵاتی ئەم دەوڵەت و ئەو ئیمپڕاتۆرە بە جوانی باسی کراوە کەچی نووسەر کە دێتە سەر وڵاتی خۆی، بۆچوونێکی دیکەی بەسەردا زاڵ دەبێ.

(وەرگێڕ)

(٢) لە ڕاستیدا کاتێك سوپای ئێران هێرشی کردە سەر ئازەربایجان ستالین کە بەڵێنی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێرانی لە قەواموسەڵتەنە وەرگرتبوو هیچ دژکردەوەیەکی لە خۆی نیشان نەدا.

(وەرگێڕ)



لەدەست داگیرکەرانی ئەڵمانیای و ئیتالیایی دەرهێنا چەپی بوون و یارمەتییان لە سۆڤیەت وەردەگرت. بۆیەش پاش تەواوبوونی شەڕ ئەم هێزانە واتە کۆمونیستەکان و ئەندامانی بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی خۆیان بۆ پێکهێنانی حکوومەت ئامادە دەکرد. بەڵام ئەو حکوومەتەی بریتانیا دەیەویست دایمەزرێنێ هەر ئەو سیستەمە پاشایەتییەی ڕابردوو و ئەو پاشایە بوو کە لە بەرامبەر داگیرکەراندا ساڵی ١٩٤١ ڕای کردبوو. سروشتییە کە لەو سەردەمەدا ڕێککەوتنی هێزە گەورەکان بەسەر پێوەندیی هێزەکان لە نێوخۆی وڵاتێکی بچووك وەك یۆناندا زاڵ دەبێ. ئەو هەڵبژاردنەی لە ٣١ی مارسی ١٩٤٦دا بە چاوەدێریی هێزە ڕۆژئاواییەکان بەڕێوە چوو، بوو بە هۆی سەرکەوتنی سەڵتەنەتخوازەکان و گەڕانەوەی جۆرجی دووهەم پاشای ڕاکردووی یۆنان، بۆ ئاتێن. بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و کۆمۆنیستەکان ملیان بۆ ئەم بارودۆخە ڕانەکێشا و شەڕی نێوخۆیی دەستی پێکرد. وڵاتانی ئالبانی، بۆلگاریا و یۆگسلاڤیا خێرا دەستیان کرد بە پشتیوانی لە پارتیزانانی ناڕازی و لە بەرامبەردا بریتانیا پشتیوانیی لە ڕژێمی پاشایەتی دەکردو بەمجۆرە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ناڕاستەوخۆ کەوتنە بەرامبەر یەکتر.

**ج ـ فشاری سۆڤیەت لە سەر تورکیا:**

قەیرانێکی دیکە کە دژایەتیی قازانجەکان و ناکۆکیی قووڵی بیروبۆچوونەکانی ئەمریکا و سۆڤیەتی لە بارەی کێشە جۆراوجۆرەکان و کاروبارە نێونەتەوەییەکاندا دەردەخست داخوازەکانی سۆڤیەت لە بارەی دەرووەکانی بۆسفێر و داردانیل دا بوو. فشاری سۆڤیەت بە مەبەستی پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی مۆنترۆ (١٩٣٦) و بارودۆخی زاڵ بەسەر ئەو دەورانەداو ویستی سۆڤیەت لە بارەی هەبوونی جێگەیەکی هەمیشەیی لە داردانێل داو لە یادداشتێك دا لە ٧ی مای ١٩٤٦ی ئەم وڵاتە بە دەوڵەتی تورکیا ئاشکرا بوو. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا پشتیوانیی خۆیان لە دەوڵەتی تورکیا ڕاگەیاند و سەرەنجام لێبڕاوانە بەرگرییان لە تورکیا کرد. دوکتورینی ترومێن ساڵی دواتر جیددییەتی ئەم مەسەلەی سەلماند.

**د ـ ناکۆکی لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەڵمانیایا:**

سەرەنجام لە ساڵی ١٩٤٦دا چوار هێزی سەرکەوتوو کە بە پێی مەرجەکانی یاڵتا و ڕێککەوتنی پوتسدام ئەڵمانیایا بەسەر چوار ناوچەدا دابەش کرا و بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیان بە ئەنجوومەنێکی چوار کەسی سپاردبوو، لەگەڵ ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە بیروبۆچووندا بەرەوڕوو بوون و بەدوای ئەمەدا ئەم ئەنجوومەنە بە کردەوە پەکی کەوت.

رووسەکان لەم بەشەدا کە لە بەردەستیان دابوو هێندێك کاریان ئەنجام دا کە دەریدەخست دەیانەوێ سیستەمی ئابووری و سیاسیی خۆیان لەو بەشەدا دامەزرێنن. رووسەکان لە ئەپریلی ١٩٤٦دا حیزبی سوسیال دیموکراسی و حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتیان تێکەڵ بە یەك کرد و دوای ئەمە لە ٣ی مای ١٩٤٦دا ژەنراڵ کلەی بڕیاری دا لە بەشی ژێردەسەڵاتی رۆژئاوادا دانی خەسارەت بە سۆڤیەت رابگیرێ. ئەم کارە بە کردەوە ئەڵمانیایا کردە دوو بەش. متمانە نەکردنی سۆڤیەت و رۆژئاواییەکان بە یەکتر لەم رووداوەدا بە تەواوی دیار بوو. بەم رووداوانە شەڕی سارد و گرژی لە پێوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.

## ٢ـ شەڕی سارد و دروستبوونی دوو بلۆك

لە ئەمریکا زۆربەی کاربەدەستان بەو ئاکامە گەیشتن کە مەسلەت و پێکهاتن لەگەڵ سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکان ئیمکانی نییە یان باشتر بڵێین دژایەتیی قازانجەکانی دونیای سەرمایەداری و جیهانی کۆمۆنیزم لەوە زیاترە کە رێگەچارەیەکی مامناوەندیی بۆ بدۆزرێتەوە. جۆرج کێنان، دین ئاچن و مارشال کە گەڵاڵەدارێژەرانی سەرەکیی سیاسەتی "سەددی نفووز" لە بەرامبەر کۆمۆنیزم دابوون لەو چاوپێکەوتنانەدا کە لە سۆڤیەت و چین لەگەڵ کۆمۆنیستەکان کردیان بەو دژایەتییە بنەڕەتییەیان زانی و رێگەیەکی دیکەیان گرتەبەر. وردە وردە لە ساڵانی ١٩٥٠ بەملاوە کەشوهەوای دژایەتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکانیش وەك ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ و دەیەی ١٩٢٠ لە ئەمریکادا پەرەی گرت و پشکنینی بیروباوەڕ، پاکتاوی ئیدارەکان و سوپا بە رێنوێنیی مەك کارتی، لە سیناتۆرە دەمارگرژەکانی ئەمریکا پەرەی گرت و تەنانەت هۆلیوودیشی گرتەوە و ژمارەیەك لە هونەرمەندان بۆ وێنە چارلی چاپلین پەنای بردە سویس و چەند وڵاتێکی دیکە. چارلی چاپلین لە سویس فیلمی "پاشای نیۆیۆرك"ی بۆ وەسف کردنی مەك کارتی ساز کرد.

**ئا) دوکتورینی ترومێن:** لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا درێژەی شەڕی نێوخۆی یۆنان و درکاندنی دەستەوەستانیی بریتانیا لە درێژەدان بە یارمەتیی رژێمی پاشایەتیی یۆنان و هەروەها درێژەدانی سۆڤیەت بە فشار لە سەر تورکیا لە لایەك و هەڵبژاردنەکانی جۆنیوەریی ١٩٤٧ی پۆلۆنیا کە بوو بە هۆی سەرکەوتنی بێئەملاوئەولای کۆمۆنیستەکان لەلایەکی دیکە بوون بە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر نفووزی سۆڤیەتدا هەڵوێستێکی



توند بگرێتە بەراو بە کردەوە لە بەرامبەر فراوانخوازیی رووسەکاندا راوەستێ. وتەکانی ترومێن لە ١٢ی مارسی ١٩٤٧ لە بەرامبەر کۆنگرەی ئەمریکادا رەسمییەتی دابە سیاسەتی نوێی ئەمریکا کە دوای داوای بریتانیا لە بارەی دەستێوەردانی هەرچی خێراتری ئەمریکا لە کاروباری یۆناندا پەلە لێکردنی پێویست بوو. لەم کاتەوە ئەمریکا و سۆڤیەت هەنگاو بە هەنگاو و سات بە سات لە یەکتر دوور کەوتنەوە و جیهانیان بە دوای خۆیان بەسەر دوو بلۆکدا دابەش کرد. ترومێن داوای لە کۆنگرە کرد بوودجەیەکی ٤٠٠ میلیۆن دۆلاری بۆ یارمەتیدان بۆ یۆنان (٢٥٠ میلیۆن دولار) و تورکیا (١٥٠ میلۆون دۆلار) تەرخان بکا. ئەم مەبلەغە کە لە لایەن کۆنگرە و سەنای ئەمریکاوە پەسند کرا رێگەی بە یۆناندا سوپای خۆی رێك بخاتەوە و لە بەرامبەر کۆمۆنیستەکاندا راوەستێ. سەرەنجام ئەم شەڕە لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٩دا بە کوژرانی ٥٠ هەزار کوشتە لە هەردوولا بەسەرکەوتنی رژێمی لایەنگری رۆژئاوا کۆتایی هات (یەکێك لە هۆیەکانی شکستی کۆمۆنیستەکان ناکۆکیی نێوان تیتۆو ستالین و وشکایی هاتنی یارمەتییەکانی یوگسلاڤیا بە کۆمۆنیستەکانی یۆنان بوو. لە ماوەی ئەم شەڕەدا نزیکەی٣٠ هەزار منداڵ لە ناوچەی ژێرکۆنترۆڵی کۆمۆنیستەکانەوە بۆ سۆڤیەت راگوێزران). ئەم هەنگاوەی ئەمریکا هەر لەم کاتەشدا یەکەم هەنگاو لە رێگەی دیاریکردنی "ناوچەی نفووز" بوو، سروشتی بوو کە لەمەوبەدوا یۆنان و تورکیا بەشێك بن لە جیهانی رۆژئاوا.

**ب ـ پلانی مارشال و دابەشکردنی جیهان بە سەر دوو بلووك دا:** وتەکانی ترومێن بە دوکتورینی ترومێن بە ناوبانگە، یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی لە بەرنامەدا بوو کە راستەوخۆ مەترسیی فراوانخوازیی سۆڤیەتیان لەسەر بوو. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت ئەم جۆرە هەنگاوانە بۆ پێشگیری لە پەرەگرتنی نفووزی کۆمۆنیزم بەس نین. چونکە کۆمۆنیزم وەك هێزێکی ئەنترناسیۆنالی لە دەرووندا هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتانی دیکە. بە تایبەت هەژاری و بێکاری دەرفەتێکی لەبار بۆ پەرەگرتنی کۆمۆنیزم پێك دێنن. زەنگی مەترسی هەر ئەو سەرکەوتننانەی حیزبە چەپەکان لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٧ی وڵاتانی رۆژئاوادا بوو کە بەدوای ئەمەدا حیزبی کرێکار لە بریتانیادا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و لە فەڕەنسا حیزبی کۆمۆنیست ٢٦٪ و حیزبی سوسالیست ٢٤٪ی دەنگەکانی وەدەست هێنا و لە ئیتالیادا حیزبی کۆمۆنیست ٢٠٪ و حیزبی سوسیالیست ٢١٪ی دەنگەکانیان وەدەست هێنا. بەشداریی کۆمۆنیستەکان لە حکوومەتەکانی ئەم وڵاتانەدا هێشتا نەببووە هۆی

نیگەرانیی ئەمریکا بەڵام راپەڕینەکانی سەرەتای ساڵی **١٩٤٧** گرینگی کێشەی زەق دەکردەوە. دژکردەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر ئەم هەڕەشە شاراوەیەدا، پلانی مارشاڵ بوو. ژەنرال جۆرج مارشاڵ باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە چین وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتەیەکی لە بارەی ئامادەیی ئەمریکا بۆ یارمەتیدان بەو وڵاتانەی کە خوازیاری رێکخستنەوەی ئابووریی خۆیانن پێشکەش کرد پاشان بە پلانی مارشال ناوبانگی دەرکرد. رووی قسەکانی مارشال لە هەموو ئەوروپا بوو بەڵام روون بوو کە وڵاتانی ژێردەسەڵاتی سۆڤیەت نەیان دەتوانی وەڵامی ئەرێی ئەو پێشنیارە بدەنەوە. لە لایەکی دیکە مەبەستی ئەم پلانە خەبات دژی کۆمونیزم بوو بە چەکی ئابووری. پلانی مارشاڵ خاڵی وەڕێ کەوتنی جیهان بەرەو دوو بلۆکیی تەواو و دیاریکردنی ناوچەی نفووزی دوو زلهێز بوو، چونکە ئەو وڵاتانەی وەڵامی ئەرێنییان بە پلانی مارشاڵ دایەوە بەستراوەیی خۆیان بە بەرەی رۆژئاواوە سەلماند و ئەو وڵاتانەی کە وەڵامی نایان بۆ ئەو پێشنیارە دایەوە بەستراوەیی خۆیان بە سۆڤیەت نیشاندا. سۆڤیەت و وڵاتانی رۆمانیا، یوگسلاڤیا و فینلەند ئەم پلانەیان رەت کردەوە. هەڵسەنگاندنی سۆڤیەت ئەوە بوو کە ئەمریکا دەیەوێ جیهانی سوسیالیزم لە ئابووریی سەرمایەداریدا بتوێنێتەوە. بەڵام ئەم پلانە لە وڵاتانی چیکۆسلۆڤاکیا و پۆلۆنیا و هەنگاریادا هێندێك گومان و دوو دڵیی ساز کرد کە بە دڵی ستالین نەبوو. ئەم وڵاتانەش سەرەنجام لە ژێر فشاری سۆڤیەت دا بە رەسمی خۆیان لە قەبووڵکردنی پلانی مارشال پاراست. دژکردەوەی سۆڤیەت لە بەرامبەر پلانی مارشال دا پێکهێنانی کۆمینفۆرم یان رێکخراوی زانیاریی کۆمۆنیستی بوو (کۆمنتێرن کە لێنین لە ساڵی **١٩١٩**دا دامەزراندبوو.
لە ساڵی **١٩٤٣**دا لە گەرمەی شەڕی جیهانیی دووهەم وەك پیشاندانی نیازپاکی بە رۆژئاوا هەڵوەشایەوە). ستالین لە قسەکانی خۆیدا بە بۆنەی **٣٠**یەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی رووسیا باسی رکەبەرایەتیی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و بلۆکی سوسیالیزم لە ئاستی جیهانیدا هێنایەگۆڕێ و پلانی مارشالی بە هەوڵدانێك ناوبرد کە دەیەوێ سەرمایەداری نوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی قەیرانی ئیمپریالیزم وەدرەنگ بخا. ئەو لەو قسانەیدا داوای لە حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان (وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات و حیزبە کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسا و ئیتالیا) کرد بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ هەوڵەکانی سەرمایەداری خۆیان رێك وپێکتر بکەن. لە راستیدا ستالین کە لە پێشوازیی چیکوسلۆڤاکیا و پۆلۆنیا لە پلانی مارشاڵ دەترسا، دەیەویست رێکخراوێك پێك بێنێ کە کۆنترۆڵی حیزبە کۆمونیستەکان و



حکوومەتی وڵاتانی ئەورووپایی رۆژهەڵات بە هۆی دەزگایەکی حیزبیی سۆڤیەتەوە بتوانێ بگرێتە دەست. ئەگەر ئەمریکا توانی لە رێگەی پلانی مارشالەوە و پلانە نیزامی و سیاسییەکانی و دواتر دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەورووپای رۆژئاوادا سەقامگیر بکا، سۆڤیەتیش لەم رێگەیەوە لە زاڵکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەورووپای رۆژهەڵاتدا دڵنیا بوو. هەنگاوەکانی دواتر لە راستیدا بە مەبەستی نیهادینەکردنی ئەم دابەشکردنە روویاندا. رووداوە جۆراوجۆرەکانیش یارمەتییان بەم رەوتەداو دیواری ئاسنینیان بە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا کێشا.

### ٣ـ جێگیر بوونی دوو بلۆك

#### ئا) ئەورووپای رۆژئاوا دەکەوێتە ژێر پشتیوانی نیزامیی ئەمریکاوە

هەرکە شەڕی دووهەمی جیهانی تەواو بوو ئەمریکا دەسەڵاتی ئابووریی خۆی بەسەر جیهانی سەرمایەداریدا بەرقەرار کرد و ئەم دەسەڵاتەی لە رێگەی ئەو نیهادانەوە جێگیر کرد کە بۆخۆی دایمەزراندبوون. کۆنفرانسی بریتون و ودز (جولای ١٩٤٤) سیستەمی نوێی ئابووریی دیاری کرد و بە پێی ئەم کۆنفرانسە تەواوی ناوچە دراوییەکانی وەکو ناوچەی سترلینگ لەدراو ئابووریی جیهانییدا کە ئەمریکا رێبەرایەتییەکەی بە دەست بوو دەتوایەوە و دەکرا هەموو دراوەکان لە بەرامبەر دراوەکانی دیکە و زێڕدا نرخیان بۆ دابنرێ. سندووقی نێونەتەوەیی دراویش کە بەشی زۆری بە دەسمایەی ئەمریکا دامەزرا، کاری تێکەڵکردن و یەکپارچە کردنی ئابووریی سەرمایەداریی لە ئاستی جیهاندا ئاسان کرد و ئاگای لەو سیستەمە بوو کە لە بریتون و ودز پێك هات. گات "G.A.T.T" (رێکەوتی گشتی لە بارەی گومرك و بازرگانیدا) کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە جنێڤ ئیمزا کرا دووهەمین ئامرازی دەسەڵاتی ئابووریی ئەمریکا بوو. لە راستیدا ئەو وڵاتانەی "گات"یان ئیمزا کرد بەشی زۆری وڵاتانی ئەورووپایی لە رێوشوێنی گومرگ بە مەبەستی پشتیوانی لە بەرهەمی وڵاتەکانیان دەم لە پووش دەبوون. بەم پێیە هەموو ئەو وڵاتانەی ئیمزایان کردبوو ئیمتیازی وڵاتانی "کاملەالوداد" دەیان گرتەوە و کەڵکیان لە رێوشوێنی گومرگیی باشتری یەکتر وەردەگرت. جگە لەم رێوشوێنە گشتییانە، هەروەك دیتمان ئەمریکا لە رێگەی پلانی مارشال و بەر لەویش لە رێگەی قانوونی قەرز و تیجارە (١٩٤١)ەوە یارمەتییە ئابوورییەکانی خۆی پێشکەش بە ئەورووپا کرد. ئەم یارمەتییانە تا ساڵی

١٩٤٥ درێژەیان کێشا و پاش ئەمەش وڵاتانی بریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا لە سەریەك ١٢ میلیارد دۆلاریان کەڵك لە بودجەی ئەمریکا وەرگرت. ئەمریکا لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتی ئابووریی خۆی بەسەر ئەورووپادا جێگیر کرد. بەڵام دەسەڵاتی ئابووری بە تەنیا بەس نەبوو و پێویست بوو پێوەندیی نیزامیش دابمەزرێنێ (دەسەڵاتی فەرهەنگیی ئەمریکاش لە ڕێگەی ڕێککەوتنەکانی وەك بلوم بیرنێز مای ١٩٤٦، کە فەڕەنسای ناچار دەکرد فیلمەکانی ئەمریکا بکڕێ، حاکم بوو).

لە ساڵی ١٩٤٧دا وڵاتانی فەڕەنسا و بریتانیا پەیمانی "دانکرك"یان بۆ بەربەرەکانیی شیمانەیی لەگەڵ ئەڵمانیایا بەست بەڵام ڕووداوەکانی ١٩٤٨ لە چیکوسلۆڤاکیا دەری خست کە مەترسیی شیمانەیی لەلایەن سۆڤیەتەوەیە نەك لەلایەن ئەڵمانیایا. لە فێبریوەری ١٩٤٨دا ئیدوارد بنیش لەژێر فشاری سۆڤیەت دا دەستی کرد بە پێکهێنانی کابینەیەك لە وەزیرە کۆمۆنیستەکان. تەنیا وەزیری ناکۆمۆنیست مازاریك بوو واتە ئەو کەسەی ڕەزامەندیی خۆی بۆ پەسندکردنی پلانی مارشال ڕاگەیاندبوو. ناوبراو بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا. کوژرانی مازاریك و فشاری کۆمۆنیستەکان کە بوو بە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی بنیش لە سەرۆك کۆماریی چیکوسلۆڤاکیا دەریخست کە سۆڤیەت گوێی لەوە نییە ئەگەر بە مەبەستی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی دەست بۆ توندوتیژییش بەرێ. دژکردەوەی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ئەمەدا بەستنی پەیمانی نیزامیی برۆکسێل بوو کە لە نێوان ئەندامانی پەیمانیدا (فەڕەنساو بریتانیا) و وڵاتانی بنەلوکس لە مارسی ١٩٤٨دا ئیمزا کرا. ژۆرژبیدو سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەکانی بروکسێل دا پەیامێکی بۆ ژەنراڵ مارشاڵ نارد کە سەرەتایەك بوو بۆ پێوەندیی نیزامیی ئەورووپا و ئەمریکا: "کاتی ئەوە هاتووە هاوکارییە نیزامی و سیاسییەکانی جیهانی کۆن (ئەورووپا) و جیهانی نوێ (ئەمریکا) هەرچی زووتر پەرە بگرێ". لە ١١ی جوونی ١٩٤٨دا بڕیاری نامەی ڤاندێربێرگ ـ کونالی لەسەر بنەمای ڕێگەدان بە دەوڵەتی ئەمریکا لە قەبووڵکردنی پەیماننامەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکا لەلایەن سەناوە پەسندکرا. ئەم بڕیارنامەیە بواری پەرەپێدان بە پەیمانی برۆکسێل بۆ ئەو بەری ئاتلانتیکی پێك هێنا.

لە وەڵامی ئەم هەوڵانەدا سۆڤیەت لە ٢٠ی جوونی ١٩٤٨دا ڕێگەی سەرەکیی نێوان بەرلینی ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئەڵمانیایا پچڕی کە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بوو (بەبیانووی چاککردنەوەی جادە). مەبەستی سۆڤیەت جۆرێك ململانێ بوو. بەڵام ئەمریکا



لە ماوەی ٣٢٣ ڕۆژدا کە ئەم ڕێگەیە بەسترابوو بە پێکهێنانی پردێکی هەوایی کەرەسەی پێویستی دەگەیاندە بەرلینی ڕۆژئاوا. ئەم ململانێیە دەری خست کە پەیمانی برۆکسێل کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ڕووسەکان نزیکەی چوارمیلیۆن سەربازی ئامادەیان بۆ شەڕ هەبوو و ئەمە لە حاڵێك دابوو کە لە ٥ میلیۆن هێزی ڕۆژئاوا لە کاتی تەسلیمی ئەڵمانیایادا تەنیا ٣٩٠ هەزار سەربازی ئەمریکایی و ٤٩٠ هەزار بریتانیایی لە خاکی ئەورووپادا مابوونەوە. تەنیا ترس لە چەکی ئەتۆمیی ئەمریکا بوو دەیتوانی پێش بە هەر کردەوەیەکی سۆڤیەت بگرێ. هەر لەو ماوەیەدا وتووێژێك کە لە جوولای ١٩٤٨ لە واشینگتۆن دەستی پێکردبوو بە ئاکام گەیشت پەیمانی واشینگتۆن ناسراو بە پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور لە ٤ی ئەپریلی ١٩٤٩دا لە نێوان ئەندامانی پەیمانی برۆکسێل و کەنەدا و ئەمریکا و وڵاتانی دانیمارك، ئایسلەند، ئیتالیا، نەرویج و پورتوگال کە بۆ ئەم پەیمانە بانگهێشتن کرابوون ئیمزا کرا. سۆڤیەت بەر لە ئیمزای پەیمانی واشینگتۆن لە ڕێگەی بەستنی ڕێککەوتنی یارمەتیی بەرامبەری ئابووری (کۆمێکۆن لە ٢٤ی جۆنیوەری ١٩٤٩دا) و دژکردەوەی لە بەرامبەر هەوڵی وڵاتانی ڕۆژئاوا نیشاندا بەڵام دژکردەوەی سەرەکیی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی دوورو بە دەست پێکردنی شەڕی کۆریا ڕوویدا.

هەنگاوێکی دیکەی ڕۆژئاوا تێکەڵکردنی ناوچە ژێرچاوەدێرییەکانی خۆیان لە ئەڵمانیایادا و پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی ئەڵمانیایا بوو (٥ی مای ١٩٤٩). سۆڤیەت لە پێش گەمارۆدانی بەرلیندا چی پێنەبڕا و سەرلەنوێ لە ١١ی مای ١٩٤٩دا ڕێگەی بەرلینی ڕۆژئاوای بۆ ئەڵمانیایای ڕۆژئاوا کردەوە و لە بەرامبەر کۆماری فیدراڵیدا، کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیایای لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیایادا دامەزراند (٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٨). بەمجۆرە دابەشکردنی کاملی ئەورووپا ئەنجام درا و وادەهاتەبەرچاو کە مەیدانی ململانێ دەبێ بۆ شوێنێکی دیکە ڕاگوێزرێ.

**شەڕی کۆریا و کاریگەرییەکەی لەسەر ئەورووپا:** تەقینەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمیی سۆڤیەت لە ٢٩ی ئاگوستی ١٩٤٩ زەنگی مەترسیی بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا لێدا بەڵام لە شەڕی کۆریادا مەترسییەکە زیاتر هەستی پێدەکرا. لە ٣١ی جۆنیوەری ١٩٤٩دا هێزە کۆمۆنیستەکان چوونە نێو پەکینەوە و لە یەکەمی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا کۆماری گەلی چین دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند و ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی دووردا بارودۆخێکی باشتری بۆ سۆڤیەت پێك دێنا. هێزەکانی کۆریای باکوور بە هاندانی ستالین و پشت

ئەستوور بە یارمەتییەکانی مائۆ لە ڕۆژی ٢٥ی جوونی ١٩٥٠دا لە هێڵی ٣٨ پلە تێپەڕین و چوونە نێو خاکی کۆریای باشوور. ئەمریکا خێرا هێزەکانی خۆی بە ناوی هێزەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (بە پشت بەستن بە بڕیارنامەی یەکگرتن بۆ ئاشتی) هێنایە مەیدان. ئەم شەڕە سەرەنجام دوای سێساڵان بەبێ سەرکەوتنی یەکێك بەسەر ئەوی دیکەدا کۆتایی هات بەڵام کاریگەرییەکی زۆر بەرچاوی لەسەر ئەورووپا هەبوو. لە ئەورووپادا ئەم پرسیارە هاتە گۆڕێ کە داخوا سەربازانی ئەڵمانیایای ڕۆژهەڵاتیش هەر بەم شێوەیە دێنە نێو خاکی ئەڵمانیایای ڕۆژئاواوە. بۆیە بەهێزکردنی ناتۆ و ئەسپاردنی کاروبارەکان بە دەست ئەمریکا وەك شتێکی پێویست سەیری دەکرا. لە دیسەمبەری ١٩٥٠دا ژەنەراڵ ئایزنهاوێر وەك فەرماندەی هێزەکانی ناتۆ لە ئەورووپادا دیاری کرا و ساڵی دواتر فەرماندەی یەکەی ناتۆ پێك هات و لە فێبریوەری ١٩٥٢دا لە کۆبوونەوەی لیسبووندا کە گرنگترین کۆبوونەوەی ئەندامانی ناوخۆ پاش کۆبوونەوەی واشینگتۆن بوو، پێویستیی بە هێزکردن و هاتنی ئەڵمانیایا بۆ نێو ناتۆ هاتە گۆڕێ و هەروەها بڕیاردرا هێزەکانی ناتۆ لە ماوەی ٢ ساڵدا لە ٢٥ هەنگەوە زیاد بکرێ بۆ ٩٦ هەنگ و ئەورووپا بۆ سەر پێنج ناوچەی نیزامی دابەش بکرێ. هەر لەم ساڵەدا تورکیاو یۆنانیش ڕەگەڵ ناتۆ کەوتن و گەلاڵەیەك بۆ ڕەگەڵ کەوتنی ئەڵمانیایاش پێشنیار کرا (گەلاڵەی پلوون "کۆمەڵەی بەرگری لە ئەورووپا") بە شکستی ئەم گەلاڵەیە لە ساڵی ١٩٥٤دا بە هۆی نارەزایەتیی فەڕەنسا، ئەڵمانیایا لە ڕێگەی "یەکیەتیی ئەورووپای ڕۆژئاواوە لە ساڵی ١٩٥٥ چووە نێو ناتۆ. دژکردەوەی سۆڤیەت بەستنی پەیمانی وارشەو بوو. بەمجۆرە دابەشکردنی جیهان بە تایبەتی دابەشبوونی ئەورووپا تا ساڵی ١٩٥٥ بە تەواوی جێی گرت: پلانی مارشاڵ و ناتۆ لە لای ڕۆژئاوا، کۆمێکۆن و پەیمانی وارشەو لەلایەن ڕۆژهەڵاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە شەڕی کۆریا لایەنێکی جیهانییدا بە تێکهەڵچوونی ئەمریکا و سۆڤیەت و سەلماندی کە دژایەتیی قازانجەکانی ئەم دوو زلهێزە هەر بە ناوچەی ئەورووپا نەبڕاوەتەوە.

**ب) سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات**

یەکەم زەمینەی لەبار بۆ پەرەگرتنی کۆمۆنیزم لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا پێك هات لێك هەڵوەشانەوەی سیستەمی سوننەتیی ئەو وڵاتانە بوو کە لەلایەن ئەڵمانیایاوە



داگیرکرابوون. چونکە زۆربەی ئەو وڵاتانەی بە یارمەتیی سوپای سوور داگیرکەرانیان دەرکردبوو، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پشتیوانە نوێیەکانیان، جگە لە یوگسلاڤیا و ئالبانیا کە کۆمونیستەکان تا ڕادەیەك بە شێوەی سەربەخۆ بە دەسەڵات گەیشتن و پاشانیش توانییان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

تیتۆ ٩٦٪ دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی ئازادی ١٩٤٥دا وەدەست هێنا. دوای ماوەیەکی کورت هەر بە هۆی ئەم سەربەخۆییخوازییە پێوەندییەکانی سۆڤیەت و یوگسلاڤیا ناخۆش بوو و پاشان پچڕا. بەڵام لە ئالبانی بارودۆخەکە بەم شێوەیە نەبوو و پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەت تا سەرەتای ستالین سڕینەوە هەر هەبوو. لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات زۆربەی کۆمۆنیستەکان بە هۆی فشار و دەستێوەردانی سۆڤیەت بە دەسەڵات گەیشتن. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٦ی چیکوسلۆڤیاکیادا حیزبی کۆمۆنیست ٣٨٪ دەنگەکانی هێنایەوە و بوو بە حیزبی یەکەمی وڵات و وردە وردە بە نیمچە کوودیتای پراگ لە جۆنیوەریی ١٩٤٨دا دەستی بەسەر هەموو وەزارەتەکاندا گرت. لە هەنگاریادا حیزبی کۆمۆنیست لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ١٩٤٥دا تەنیا ٧٠ کورسیی لە ٢٤٦ کورسی وەدەست هێنا، بەڵام لەژێر پشتیوانیی ڤۆرۆشیلۆڤ فەرماندەی رووسیدا دەستی بەسەر پۆستە گرنگە نێوخۆییەکاندا گرت و هەر ئەو کات دەستی بە پاڵاوتنی کەسایەتییەکان و پتەوکردنی نفووزی خۆی کرد. ئەم حیزبە تەنانەت سەرەڕای ئەم هەوڵانەش لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٧دا سەرکەوتنی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا بەڵام لە تێکەڵکردنی زۆرەملێیانەی دوو حیزبی کۆمۆنیست و سوسیالیست روون بوو کە هەر چۆنێك بێ دەسەڵات لە پاوانی خۆی دەنێ. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٩دا بە دانی لیستێکی تایبەت بە کۆمۆنیستەکان ئەم ڕەوتەی بە ئاکامی کۆتایی گەیاند. لە ڕۆمانیا و پۆلۆنیاش دا بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بوو. لە لایەکی دیکەش پێکهێنانی کۆمۆنیزم و کۆمێکۆن دەسەڵاتی سۆڤیەتی بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات دا زاڵ کرد.

ڕاپەڕینەکانی بەرلین لە جوونی ١٩٥٣دا و قەیرانەکانی پۆلۆنیا و هەنگاریا لە ساڵی ١٩٥٦یش دا نەیتوانی ئەم کۆت و بەندەی دیلی بپسێنێ و کار بکاتە سەر دەسەڵاتی سۆڤیەت بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات دا.

## ٤ـ قۆناغی کورتی نەهێشتنی گرژی لە پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ١٩٥٥ ـ ١٩٦٥

ساڵی ١٩٥٣ هێندێك ئاڵوگۆڕ ڕوویاندا کە کاریگەرییەکی زۆریان لە کەمکردنەوەی گرژی لە پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبوو. یەکەم، لە ئەمریکا بە هاتنەسەرکاری ئایزنهاوێر وردە وردە کەشوهەوای "مەك کارتیزم" دامرکا و حەساسیەت لە بەرامبەر کۆمۆنیستەکاندا کەم بۆوە. دووهەم، مەرگی ستالین لە مارسی ١٩٥٣دا بوو بە هۆی سەرەتای هێندێك ئاڵوگۆڕی قووڵ لە کادری ڕێبەریی سۆڤیەت دا کە ڕێگەی بۆ نزیك بوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا خۆش دەکرد. زۆر زوو نیشانەکانی ئاڵوگۆڕ دەرکەوتن. سۆڤیەت دەستی لە داواکانی خۆی لە سەر تورکیا هەڵگرت، پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ ئیسرائیل دامەزراند و بە کاندیدابوونی داك هامرشۆلدی سوئیدی بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەکان کە چەندین جار ڤیتۆی کردبوو ڕازی بوو و لە هەمووی گرنگتر ئاکامی بەرچاوی مەرگی ستالین کۆتایی شەڕی کۆریا بوو. ڕێبەرایەتیی نوێی سۆڤیەت (خرۆشچوڤو بولگانین) سیاسەتێکی نەرمتریان گرتە پێش. سۆڤیەت ساڵی ١٩٥٥ ڕازی بوو دەوڵەتی سەربەخۆی نەمسا دابمەزرێ و بە بەشداری لە کۆنفرانسی جینێڤ کە لە ١٨ تا ٢١ی جوولای ١٩٥٥ بە بەشداریی خرۆشچوڤ و بولگانین، ئایزنهاوێر، ئیدن و ئەدگارفۆر (لەلایەن فەڕەنساوە) پێك هات، بەشداربوون و لە بارەی کێشەی ئەڵمانیایا، چەك داماڵین و پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا وتوویژی کرد. ئەم کۆنفرانسە کە یەکەم کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتە گەورەکانی پاش کۆنفرانسەکانی شەڕی جیهانی بوو، ئەو هیوایەی زیندوو کردەوە کە ڕەنگە "پێکەوە ژیانی ئاشتیخوزانە" لە پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بۆ هەتا هەتایە جێگەی شەڕی سارد بگرێتەوە.

لووتکەی ئاڵوگۆڕ لە بیروبۆچوونی ڕێبەرانی نوێی سۆڤیەت دا لە بارەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دا دەرکەوت (فێبریوەری ١٩٥٦). لەم کۆنگرەیەدا جگە لە ڕەخنەی توند لە ستالین و میتۆدی وی، پێ لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداری داگیرا. ئەم تێڕوانینە لە ئاکامی ترس لە چەکی ئەتۆمی بوو کە خۆپاراستن لە شەڕی بە پێویست دەزانی. ڕێگەی نەتەوایەتیی گەیشتن بە سوسیالیزمیش پەسند کرا. ڕووسەکان لەم کۆنگرەیەدا نیشانیاندا



کە نایانەوێ لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بە ئامانجەکانیان بگەن. هەر لەم ساڵەدا کۆمینفۆرمیش هەڵوەشایەوە.

بەڵام هەرلە و کاتەش دا پێوەندییە دەروونییەکانی بلۆك و ڕکەبەرایەتیی دوو زلهێز بۆ پاراستن و فراوانکردنی ناوچە ژێرنفووزەکانیان بە ڕێگەیەکی دیکەدا دەڕۆیی. ڕووداوەکانی پۆلۆنیا و هەنگاریا لە ساڵی ١٩٥٦ نیشانیان دەدا کە هەرکام لەو دوو زلهێزە بە بێدەنگی ڕێز لە ناوچە ژێر نفووزەکانی یەکتر دەگرن و ئیزنی بەدەستەوەگرتنی کارەکان بە ژێرچەپۆکەکانی خۆیان نادەن. هەر لەوکاتەدا ئەمریکا بە بەستنی پەیمانەکانی وەك پەیمانی بەغدا بە بەشداریی عیراق، تورکیا، ئێران و پاکستان (بۆخۆی لەو پەیمانەدا بەشدار نەبوو) لە ساڵی ١٩٥٥دا کە لە ڕاستیدا درێژەی پەیمانی وڵاتانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات (سیتۆ١٩٥٤) و ئانزۆس (١٩٥١) بوو، هەوڵی پێکهێنانی هێڵێکی بەرگریی بەربڵاوی بەدەوری جیهانی کۆمۆنیزم دا دەدا. لەو لاشەوە سۆڤیەت هەوڵیدەدا بە بەهێزکردنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان لە جیهانی سێهەم دا هەرچی زیاتر لە جیهانی سەرمایەدارییان دوور بخاتەوە و لە خۆیانی نزیك بکاتەوە. ڕکەبەرایەتیی ئەو دوو زلهێزە ساڵانی دواتر لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا لایەنێکی بەربڵاوتری بەخۆیەوە گرت.

"لەساڵی ١٩٥٦ بەم لاوە ئەو دوو هێزە هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە شەڕی سارد بێننە وڵاتانی جیهانی سێهەم. گرنگیی جیهانی سێهەم لە ڕووی چەندایەتییەوە بوو. لە ساڵی ١٩٤٥دا ڕێکخراوی نەتەوەکان بە ئیمزای ٥١ وڵات دامەزرا. لە ساڵی ١٩٥٩دا ٤١ نەتەوەی دیکەشی پێوە زیاد بوو کە هەموویان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بوون. لەم ڕووەوە ئەو دوو زلهێزە هەوڵیاندا کۆنترۆڵی پۆلۆنییەکانی پێشوو و وڵاتانی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتوو بە دەستەوە بگرن تاکو لە ڕێکخراوی نەتەوەکان پشتیوانیی ئەوانیان لە پشت بێ و کەڵك لە بازاڕەکانیان وەربگرن و زیاتر سوود لە ئیمتیازە ستراتیژییەکان وەربگرن".

### ٥ـ دەست پێکردنەوەی قەیران

لە ساڵی ١٩٥٧ بەم لاوە بارودۆخی چەکوچۆڵ بە زیانی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەم ئاڵوگۆڕە بوو بە سەرچاوەی گرژییەکی دیکە لە پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. لە ئاگوستی ١٩٥٧دا خرۆشچۆڤ ڕایگەیاند کە سۆڤیەت دەستی بە جۆرێك موشەك ڕاگەیشتووە کە دەتوانێ باری ئەتۆمیی خۆیان بۆ هەزاران کیلۆمیتر ئەولاتر هەڵ

دا. لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ یەکەم مانگی دەسکردی سۆڤیەت بە ناوی سپۆت نیك کەوتە سەر هێڵی بازنەیی زەوییەوە. "ئەم رووداوە زەبرێکی بێوێنەی لە کۆمەڵگەی نەتەوەیی ئەمریکا وەشاند کە لە وێنەی هەواڵی رووداوی پێرل هاربور (١٩٤١) بوو. ئەم هەواڵە بەو مانایە بوو کە نەك هەر سۆڤیەت توانیویەتی بەر لە ئەمریکا دەستی بە مووشەکە دوورهاوێژەکان راگەیشتوو بەڵکو لەمەودوا شارەکانی ئەمریکاش چەکە ئەتۆمییەکانی سۆڤیەتیان دەگاتێ". دژکردەوەی ئەمریکا جاریێ دامەزراندنی مووشەکە نێونجییەکان جۆری تورو ژوپیتێر بوو لە خاکی ئیتالیا، تورکیا و بریتانیادا کە لەلایەن ژەنراڵ نورستادەوە پێشنیار کرا و بە گەڵاڵەی MC/70 ناودێر کراوە. لە ساڵی ١٩٥٩دا ژەنراڵ نورستاد پێشنیاری کرد ناتۆ ببێتە چوارەمین هێزی ئەتۆمی (پاش ئەمریکا، سۆڤیەت و بریتانیا). هەرلەوکاتەش دا وڵاتانی ئەندامی ناتۆ خەریکی بەهێزکردنی چەکە ئەتۆمییەکانی خۆیان (کنوڤانیسیۆنێل) بوون. بەتایبەتی قەیرانەکانی وەك قەیرانی لوبنان (راپەرینێك کە لە ساڵی ١٩٥٨ روویدا و بوو بەهۆی پیادەکردنی ٨ هەزار سەربازی ئەمریکایی لەم وڵاتەدا) سەلماندی کە ناکرێ هەمیشە کەڵك لە چەکە ئەتۆمییەکان وەربگیرێ و بەهێزکردنی هێزە کلاسیکەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ رووداوی ئاوا پێویستە. لەلایەکی دیکەوە هەواڵی سپۆت نیك دوکتوریی نیزامیی زاڵ بەسەر ناتۆ کە لە ساڵی ١٩٥٤ جۆن فۆستێردالس لەسەر بنەمای تۆڵەی هەمەلایەنەی (هەرچەشنە هێرشێك بۆسەر وڵاتانی ناتۆ لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئەتۆمی بەرەوڕوو دەبێ) دەخستە ژێر پرسیارەوە. بەڵام هێشتا کاتێکی زۆر پێویست بوو دوکتورنێکی دیکە جێی ئەم تیئۆرییە بگرێتەوە. ئەمریکا یەکەم مانگی دەسکردی خۆی لە ٣١ی جۆنیوەریی ١٩٥٨دا ناردە بۆشایی ئاسمان و لەو کاتەوە هەوڵی خۆی بە مەستی توانای دووهەمین زەبروەشاندنی خۆی لە دوژمن تەرخان کرد (پاش یەکەم زەبری ئەتۆمیی دوژمن) و دەستی کرد بە سازکردنی موشەکەکانی مینوتمن و ژێردەریاییەکانی تەیار بە موشەکی پولاریس جگە لەم پێشبڕکێی چەك وچۆڵە هێندێك رووداوی دیکەش پێوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوایان شێواند.

**ئا) قەیرانی بەرلین:** لەساڵی ١٩٥٨دا خرۆشچۆڤ بە بوونی سپۆتنیکی زانیبوو دیسان فایلی بەرلینی کردەوە و داوای کرد بەرلین (هەم رۆژهەڵاتەکەی هەم رۆژئاوایەکەی) ببێتە شارێکی ئازاد و بێلایەن. سروشتی بوو کە ئەمریکا ئامادە نەبێ بەرلینی رۆژئاوا لەدەست بدا. کۆنفرانسی جنێڤ لە ساڵی ١٩٥٩دا بە بەشداریی وەزیرە گەورەکانی دەرەوە



نەیتوانی رێگەچارەیەك بۆ کێشەی ئەڵمانیایا بدۆزێتەوە و کۆنفرانسی پاریس کە بڕیار وا بوو لە جوونی ١٩٦٠ بەشداریی سەرۆکی سۆڤیەت و ئەمریکا پێك بێ بە هێنانەگۆڕی مەسەلەی فڕینی فڕۆکەی سیخوڕی یوو2ی ئەمریکا بە سەر خاکی سۆڤیەت (کە لە یەکەمی مای ١٩٦٠ بە هۆی مووشەکە دژی فڕۆکەکانی سۆڤیەت کەوتە خوارەوە) لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوو.

لە چاوپێکەوتنی کەنەدی و خرۆشچۆڤ لە ڤیەن (جوونی ١٩٦١ خرۆشچۆڤ رای گەیاند سۆڤیەت دەیەوێ ئەگەر لەگەڵ رۆژئاوا پێکهاتن نەکرا لە بارەی بەرلیندا بەجیا رێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیایادا ئیمزا دەکا. ئاکامی ئەم قسەیە تەنیا زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیایا رۆژئاوادا بوو. بەدوای شکستە یەك بە دوای یەکەکانی وتووێژەکاندا، حکوومەتی ئەڵمانیایا رۆژهەڵات لە ١٣ی ئاگوستی ١٩٦١ فەرمانی دانانی دیواری بەرلینی دەرکرد.

**ب ـ قەیرانی مووشەکیی کووبا:** بە دوای قەیرانی بەرلیندا رووسەکان تاقیکارییە ئەتۆمییەکانیان دەست پێکردەوە. لە کەشوهەوایەکی زۆر ئاڵۆز لە پاییزی ١٩٦٢دا قەیرانی کووبا دەستی پێکرد.

لە ساڵی ١٩٥٥دا فیدل کاسترۆ و ئەرنیستۆ چەگوارا خەباتی خۆیان بۆ رووخاندنی حکوومەتی داخراو لەلایەن ئەمریکا واتە باتیستا دەست پێکرد تاکو جۆنیوەریی ١٩٥٩ کە باتیستا رای کرد و کاسترۆ بەسەر کوبادا زال بوو. ریفۆرمی زەوی و زاری دەست پێکرد و زۆربەی زەوییەکانی کۆمپانیاییەکانیش وەبەر ئەم قانوونە کەوتن. ئەم ریفۆرمانە بوونە هۆی نیگەرانیی ئەمریکا و ئەمریکا خۆی لە کڕینی شەکری قامیشی کوبا پاراست و تەحریمی ئابووریی بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاند. لە جیاتی ئەمە لە فیبریوەریی ١٩٦٠دا رێککەوتنێك لە نێوان کووبا و سۆڤیەت دا بەسترا کە بە پێی ئەم رێککەوتنە سۆڤیەت بە رادەی ٥ میلیۆن تۆن شەکری کووبای لە ماوەی ٥ ساڵدا دەکڕی، ئەمریکاییەکان پشتیوانییان لە نەیارانی شۆڕشی کووبا دەکرد و سۆڤیەتیش لە کاسترۆ. چەگوارا لە جوولای ١٩٦٠دا رای گەیاند کووبا لەمەودوا بەشێکە لە بلۆکی سوسیالیزم. لە لایەکی دیکە ئەمریکاییەکان وەخۆکەوتن و ئالێن دالس سەرۆکی رێکخراوی سیخوڕیی ئەمریکا (سی. ئای. ئێی) هێرشێکی بۆسەر دوورگەی کووبا سازدا. لە ١٤ی ئەپریلی ١٩٦١ پاش ئەوەی فڕۆکەی ب ـ ٢٦ی ئەمریکا کە بە هێماکانی فڕۆکەکانی کووبا تەیار

ببوو و بە ڕێنوێنیی نەیارانی شۆڕش ئەم وڵاتەیان بۆمباران کرد، و ژمارەیەکی کەمیش لە نەیارانی شۆڕشی لە کەنداوی بەرازەکان دابەزین بەهیوا بوون خێرا لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییان لـێبکرێ. بەڵام نەك هەر پێشوازییان لـێنەکرا بەڵکو هەموویان یان دەستگیر کران یان بەدەریادا رایان کرد. ئەم کارە بە پێچەوانەوە پێوەندیی کووبا و سۆڤیەتی نزیکتر کردەوە. لە سێبتەمبەری ١٩٦٢دا سۆڤیەتییەکان رایانگەیاند کە هەر چەشنە هێرشێك بۆ سەر خاکی کووبا شەڕێکی جیهانی لـێ دەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکاییەکان بە وەبیر هێنانەوەی دوکتورینی مونرۆئێ مەبەستی خۆیان لەسەر بەربەرەکانی لەگەڵ هەر چەشنە "خراپکارییەك" لە ناوچەی جیهانی رۆژئاوادا راگەیاند.

بە دوای ئەم شەڕە قسەیەدا لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٢دا فرۆکەی یوو ـ 2ی ئەمریکا هەواڵی دامەزرانی سەکۆی هاویشتنی مووشەکە نێونجییە ئەتۆمییەکانی لە خاکی کووبادا راگەیاند (کووبا تەنیا ١٥٠ کیلۆمەتر لە لێورەکانی فلۆریدا دوورە). بە دوای ئەمەدا کەنەدی هەواڵی وەرێ کەوتنی کەشتییە رووسییەکانی هەڵگری مووشەك و بۆمب هاوێژەکانی "ئەلیوشین" بەرەو کوبای پێگەیشت. کەنەدی کە لەگەڵ کێشەکانی کۆنگۆی پێشووی بەلجیکا، کێشەکانی ئەمریکای ناوەندی و ڤیەن دەستەویەخە بوو و هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەشی لە پێش دا بوو، بڕیاریدا هەرچی زیاتر لێبڕاوانە هەڵسوکەوت بکا. رۆژی ٢٢ی ئۆکتیۆبەر مەبەستەکانی خۆی بە شێوەی خوارەوە راگەیاند:

- پێش گرتن لە کەشتییە رووسییەکان لە دانی هەرچەشنە چەکێك بە کووبا و گەمارۆدانی ئەم دوورگەیە.
- خستنەژێرچاوەدێریی کووبا و پەلە کردن لە ئامادەیی نیزامی.
- بەهێزکردنی پێگەی گوانتانامۆ کە ئەمریکاییەکان لە دوورگەی کووبا لەبەردەستیان دابوو.
- داوای ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەکان.
- بانگهێشتن کردنی خرۆشچۆڤ بۆ کۆتایی هێنان بەم هەڕەشە نهێنییانە کە هەڕەشە لە ئاشتیی جیهان دەکا.

رووسەکان بە رواڵەت لە بەرامبەر هەڕەشەی ئەمریکادا تەسلیم بوون و پاش هێندێك شەرتی دیپلۆماتیك لە ٢٨ی ئۆکتۆبەردا خرۆشچۆڤ فەرمانی دا کەشتییەکانی رووسیا رێگەی خۆیان بگۆڕن و مووشەك و بۆمب هاوێژەکانی رووسیش لە کووبا بکێشێتەوە، بەو



مەرجەی کە یەکەم، ئەمریکاش مووشەکە نێونجییەکانی خۆی (گەلاڵەی نورستاد) لە ئیتالیا تورکیا و بریتانیا لابەرێ و دووهەم قەت لەبیری رووخاندنی کاسترۆدا نەبێ.

**شوێنەوارەکانی قەیرانەکە:** کەنەدی بە رواڵەت لەم قەیرانەدا سەرکەوت و رووسەکان پاشەکشەیان کرد بەڵام دەساڵ دواتر رەوتی رووداوەکان لێکدانەوەیەکی غەیری ئەمەیاندا بەدەستەوە. رووسەکان توانییان خۆیان وەك هاوتای ئەمریکاییەکان بە ئەمریکاییەکان بسەلمێنن و لە وتووێژەکانی سالتی ١ لە ساڵی ١٩٧١ بگەنە بەرابەریی چەکوچۆڵ لەگەڵ ئەمریکا. ئەم قەیرانە نیشانی دا کێشەی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان بێ سنوورە. زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوەن کە خرۆشچۆڤ لە کۆبوونەوەی ١٩٦١ی ڤیەن بەرامبەرەکەی، کەنەدیی لاواز هاتبووە بەرچاو و ویستبووی کەڵك لە لاوەتی و کەم ئەزموونیی وی وەربگرێ. گومانی وی راست یان غەڵەت، نیشانەی ئەوە بوو کە رەقیب چاوەڕوانی دەرفەتە.

هەر لەم کاتەدا پێش پێگێڕانەوە (بازدارندگی)ی هێزی ئەتۆمی لەم قەیرانەدا زۆر بەرچاو بوو و بە پشت بەستن بەو ئەزموونە، ستراتژیستەکانی فەرەنسا وەکو گالوا و بوفر ئیستیدلالیان دەکرد کە هێزێکی ئەتۆمی هەرچەند کەمیش بێ بۆ پێش پێگێرانەوەی دوژمن پێویستە. هەر لەوکاتەدا مەترسیی تێکهەڵچوونی راستەوخۆ و شەڕێکی ئەتۆمی کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی جیددی هاتە گۆڕێ ئەمریکا و سۆڤیەتی ناچار کرد لەبەرامبەر یەکتردا ئاسانگیری بنوێنن: ئەو دوو زلهێزە بەو ئاکامە گەیشتن کە پێوەندیی راستەوخۆ بۆ چارەسەری قەیرانەکانی دوایی پێویستە (دانانی تەلەفوونی سوور لە نێوان کۆشکی کرەملین و کۆشکی سپیدا). دووهەم، هەرچەند هەبوونی وەزەی ئەتۆمی سنووردارتر بێ کۆنترۆڵ کردنیشی ئاسانترە. هەر بۆ سنووردارکردنی وزەی ئەتۆمییان خستە نێو بەرنامەی هەر دوولا.

سەرەنجام ئەوە کە چونکە ئاسایشی ئەو دوو زلهێزە بە ئاسایشی جیهانییەوە گرێ دراوە ئەم دوو وڵاتە دەبێ بۆ کۆنترۆڵی قەیرانەکان هەوڵ بدەن و بەرپرسایەتیی پاراستنی ئاشتیی جیهانی بە ئەستۆوە بگرن. لەم کاتەوە قۆناغی سڕینەوەی گرژی لە پێوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دەست پێدەکا کە تا ساڵی ١٩٧٩ درێژەی کێشا. بە دوای ئەم رووداوانەدا گۆڕینی دوکتورینی نیزامیی ئەمریکا و لە ئاکام دا دوکتورینی نیزامیی ناتۆش کە چەند ساڵ بوو هاتبووە گۆڕێ زەروورەتێکی زیاتری پەیدا کرد. لە لایەك

ئەمریکا چەکە ئەتۆمییەکانی سۆڤیەتی دەگەیشتنێ و لە لایەکی دیکە قەیرانەکانی وەك قەیرانی بەرلین و لوبنان نیشانیاندا کە دوکتورینی مەك نامارا یا دوکتورینی وەڵامی پێوەندیدار هاتە گۆڕێ کە بە هۆی دژایەتیی دوگۆل تا ساڵی **١٩٦٦** قەبووڵکردنەکەی دوا کەوت (پاش چوونەدەری فەڕەنسا لە ناتۆ لە **١٩٦٦**).

## بەشی دووەم

### ئاڵوگۆڕی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا

دووهەمین قۆناغی پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پاش شەڕی دووەمی جیهانی بە کۆتایی هاتنی قەیرانی کووبا دەست پێ‌دەکا. نەهێشتنی گرژی لەم قۆناغەدا لە ساڵی ١٩٧٥ بەدەرکردنی ڕاگەیەندراوی هێلسینکی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. هەر لەم کاتەدا تەوەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەمەوبەدوا بۆ شیکردنەوەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کیفایەت ناکا، چونکە لە دەیەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا هێندێك ئاڵوگۆڕ ڕوویاندا کە هۆکارو سەرچاوەی نوێ بە پێوانەکانی پێشووی شیکردنەوەی مەسەلە نێونەتەوەییەکانەوە زیاد کرد. سەرهەڵدانی وڵاتانی جیهانی سێهەم وەك هێزێکی دیار لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییەکاندا، سەرهەڵدانی هاوبیری لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا، بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات دا، ڕۆڵی چین و ژاپۆن لە مەسەلە نێونەتەوەییەکاندا گەشەکردنی هێزە نێونەتەوەییەکان و بەتایبەتی هێزە ئایدۆلۆجییەکان (پەرەگرتنی ڕادەی نفووزی پاپ بەهۆی پەرەگرتنی پێوەندییە گشتییەکان، ئیسلام و...) لەو هۆیانەن کە سەبارەت بەوەی شوێن لەسەر تەوەرەی مۆسکۆ- واشینگتۆن وەك تەنیا دیارخەری شیکردنەوەی ڕووداوە نێونەتەوەییەکان، دادەنێن، گرنگی خۆیان هەیە.

**١- هۆکارە نوێیەکان لە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا.**

**ئا) دەرکەوتنی هێزی جیهانی سێهەم لەچوارچێوەی بزووتنەوەی وڵاتانی بێ‌لایەندا:** زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم کۆلۆنیی پێشووی وڵاتانی ئەورووپایین کە بە پەرەگرتنی شەپۆلی ناسیۆنالیزم لە ساڵانی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا دەستیان بە خەباتی سەربەخۆیی



خوازانە کرد تاکو سەرەنجام لە دەیەکانی ٥٠ و ٦٠دا بەو ئامانجە گەیشتن. لە یەکەم ڕۆژەکانی دەرکەوتنیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا، ئەم وڵاتانە هەوڵیاندا بە دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان خۆیاندا ببنە دەسەڵاتێکی شوێندانەر لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا. یەکەم هەوڵی ئەمانە کۆنفرانسی باندوگ (ئەندونزیا) بوو لە ساڵی ١٩٥٥دا. هەبوونی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر (دژە کۆمۆنیستەکان یان لایەنگرانی ڕۆژئاوا، بێ‌لایەنەکان و کۆمۆنیستەکان) لەم کۆنفرانسەدا دەری دەخست کە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە لەم کۆنفرانسەدا کۆبوونەتەوە، داهاتوویەکی ڕوونیان لەپێش دا نییە، بەڵام لانیکەم حەزێك بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆڵێك لە سیاسەتی نێونەتەوەیی لەواندا هەبوو. بەشداریی ڕێبەرانی وەك نەهرۆ، تیتۆ، ناسر، سوکارنۆ ئێعتیبارێکی تایبەتیی بە کۆنفرانسەکە دەبەخشی و درێژەدان بە ڕێگاکەی ئاسانتر دەکرد. ئەم وڵاتانە لە کۆنفرانسی سەرەتایی قاهیرە کە لە جوونی ١٩٦١دا پێك هات، هەوڵیاندا لە پێنج تایبەتمەندیدا "بێ‌لایەنی" پێناسە بکەن.

١- پێڕەوی لە سیاسەتی سەربەخۆیی لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و بێ لایەنی.
٢- پشتیوانی لە بزووتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان.
٣- خۆنەبەستنەوە بە هەرچەشنە یەکیەتییەکی نیزامیی بەکۆمەڵ لە چوارچێوەی کێشەی دەسەڵاتە گەورەکاندا.
٤- نەبەستنی هەرچەشنە پەیمانێکی یەکگرتنی دوولایەنە لەگەڵ هێزێکی گەورە.
٥- قەبووڵ نەکردنی دامەزراندنی پێگەی نیزامیی سەر بە دەسەڵاتە گەورەکان لە خاکی خۆیاندا.

وڵاتانی یۆگوسلاڤیا و کووباش دەگەڵ ئەم کۆنفڕانسە کەوتن. بەدوای ئەمەدا کۆنفراسەکانی بێلگراد (سێپتەمبەری ١٩٦١)، قاهیرە (١٩٦٤)، لوزاکا (١٩٧٠)، ئەلجەزیرە (١٩٧٣) پێکهاتن. بەڵام گیروگرفتی ئابووری لەلایەك و ناکۆکیی بیروبۆچوونە نێوخۆییەکان لەلایەکی دیکەوە پێشی بە گەیشتن بە ڕێگە چارەیەکی لێبڕاوانە و سیاسەتێکی هاوبەش گرت. کۆنفرانسەکانی دواتریش ڕەنگ و بۆیەکی ئەوتۆیان نەبوو و هەوڵی ئەو وڵاتانە بەمەبەستی پێکهێنانی یەك "سیستەمی نوێی ئابووری" لەچوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوەکانیش دا بەهیچ کوێ نەگەیی. هەرچەند وڵاتانی جیهانی سێهەم بە کۆمەڵ و لەچوارچێوەی بێ‌لایەنیدا نەیانتوانی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا پێك

بێنن بەڵام دەبێ بڵێین زۆربەی ئەم وڵاتانە بەتاك و لەچوارچێوەی ڕێکخراوی بچووکتردا هێندێك کاریان کرد کە نیشانی دەدا زلهێزەکان بەتەنیا سیاسەتی جیهان داناڕێژن. زۆربەی ئەم وڵاتانە خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆری نەوتن کە لە ڕێگەی ئۆپێکەوە ڕۆڵی خۆیان دیاری دەکەن و قەیرانەکانی دەیەی ١٩٧٠ کاریگەریی ئەم چەکە دەسەلمێنی. ژمارەیەکی زۆریش بە کەڵك وەرگرتن لەم سەرچاوەیەی داهات یارمەتییەکی باشی بزووتنەوە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکان دەدەن و بەکردەوە هەڵوێستێکی جیا لە هەڵوێستی هێزەگەورەکان دەگرنەپێش. ژمارەیەکی دیکەش ڕاستەوخۆ لە دژی هاووڵاتانی دەسەڵاتە گەورەکان دەست بۆ کردەوەی هێرشکەرانە دەبەن. شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا لاپەڕێکی نوێی لە کارنامەی خەباتی جیهانی سێهەم لە دژی سیستەمی نێونەتەوەیی هەڵدایەوە. پێداگرتن لەسەر هاوپێوەندیی نەتەوە ئیسلامییەکان و هەر لەو کاتەش دا بەرێوەبردنی ڕۆڵێکی دژایەتی هەروەها چالاکتر لە کێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، ڕێگەیەکی بە کردەوەی خستەپێش ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێهەم واتە وڵاتانی ئیسلامی، کە ئەگەر سەرکەوێ کاریگەریی بێئەم لاوئەولای لەسەر پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی دەبێ. بەڵام ڕۆڵی سنوورداری ئۆپێکی لـێدەرچێ لە مەسەلە ئابووری و دوای ئەمەش مەسەلە سیاسییەکاندا، بزووتنەوەی جیهانی سێهەم چ لەچوارچێوەی "بێلایەن"دا و چ لەچوارچێوەی یەکیەتیی نەتەوە ئیسلامییەکاندا ڕێگەیەکی دووردرێژی لەپێشە تاکو بتوانێ پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی بە قازانجی خۆی تووشی گۆڕان بکا.

**ب ـ ئەورووپای ڕۆژئاوا وەك هێزێکی نوێ:** ئەورووپای ماندووی پاش شەڕ، هەمیشە داخی ڕۆژگاری گەورەیی و شکۆمەندیی خۆی لەسەر دڵی بوو و دەیەویست لەڕێگەی جۆرێك یەکیەتی و یەکگرتنەوە، دیسان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا جێگەیەك بۆخۆی دیاری بکا. دیارە بیری یەکیەتیی ئەورووپا لە بنەڕەتدا سەرچاوەکەی لە مەسیحییەت دایە و چەندین جار لە ماوەی مێژوودا بەشێوەی جۆراوجۆر هاتۆتە گۆڕێ.

لە سەدەی نۆزدەش دا لە چوارچێوەی جۆراوجۆر و بیروبۆچوونی جیاوازدا هاتە گۆڕ. لە یەکیەتیی پیرۆزی تەزار ئەلیکساندر (١٨١٥) تا ڕەوت و بیروبۆچوونە سیاسییەکانی لەژێر کاریگەریی ڕۆمانسیزمی سەدەی نۆزدەدا بوون وەکو و یەکیەتیی کۆمارەکانی مازینی (١٨٠٥- ١٨٧٢) و دەربڕینی هیواداری ڤیکتۆر هۆگۆ و هاوڕێیانی لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس (١٨٤٨)دا لەبارەی هەڵگرتنی سنوورەکانی



ئەورووپا و سەرەنجام هەوڵی ساڵانی ١٩٢٤- ٢٧ی کودینهۆف کالێرجی سیاسەتمەداری بە ڕەچەڵەك یۆنانی لە پێناوی ئەورووپایەکی یەکگرتوودا هەموویان نیشانەی بیری قووڵ و ریشە داکوتاوی یەکیەتیی ئەورووپان. دەرکەوتنی ئەم بیرە لە سەرانسەری ئەورووپادا، بۆخۆی نیشانەی بوونی زەمینەیەکی لەباری فەرهەنگی واتە زەمینەیەکە کە بە بیروڕای ڕەژی دی برەی گرنگترین هۆ و یەکەم مەرجی یەکگرتن و چوونەوە سەر یەکە. هەر لەم کاتەشدا کۆسپی گەورە لەسەر ڕێگەی یەکگرتنی ئەورووپادا هەن کە هێندێکیان پێوەندییان بە مەسەلەی ناوچەیی و ناسیۆنالیزمی ئەو وڵاتانەوە هەیە کە پێوەندییان بەم مەسەلەوە هەیە و هێندێکیشی لە پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێ. هەوڵی وڵاتانی ئەورووپا دوای شەڕی دووهەمی جیهانی تەنیا لە هۆکارە هەستییەکان کە لە رابردوودا هەبووە سەرچاوە ناگرێ بەڵکو پێویستییە بەرچاو هەستپێکراوەکان ئەمانە ناچار دەکا وەسەریەك بکەنەوە. ئەم هەوڵانە سەرەتا ڕەنگی سیاسییان پێوە بوو و نوێنگەی ئەمە لە کۆنگرەی لاهای لە ١٩٤٩دا دەرکەوت. بەڵام ڕێگە چارەی سیاسی زۆر زوو لەگەڵ دیوارە گەمارۆدەرەکانی ناسیۆنالیزم و قەڵا سەختەکانی دەسەڵاتی نەتەوەیی بەرەوڕووبوو و بەرهەمێکی نەبوو. دوای ئەمە ڕێگە چارەی ئابووری زیاتر بە باش دەزانرا.

راگەیاندراوی شومان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٥١دا لەبارەی پێکهاتنی کۆمەڵەی ڕەژووپۆڵا یەکەم هەنگاوی بە کردەوە لەبارەی یەکیەتیی ئەورووپادا بوو. دیسان پاش شکستی هەوڵە سیاسییەکان لەچوارچێوەی "کۆمەڵەی بەرگریی ئەورووپا" لە ساڵی ١٩٥١دا، ڕوانگەکان بەرەو هاوکاریی ئابووری چوون کە سەرەنجام لە ساڵی ١٩٥٧دا بە ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی ڕۆما "کۆمەڵەی وزەی ئەتۆمیی ئەورووپا" یا "ئۆراتۆم"و "کۆمەڵی ئابووریی ئەورووپا" یا "بازاڕی هاوبەش" پێکهاتن. ئۆراتۆم هەر لە سەرەتاوە بەبێ جووڵە مایەوە. بەڵام بازاڕی هاوبەش ڕمێنێکی زۆری بە ئابووریی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەخشی و کردی بە هێزێکی نێونجی.

**ئامانجەکانی بازاڕی هاوبەش کە لە ماددەی ٢ی ڕێککەوتنی ڕۆمادا گونجاوە بریتین لە:**

١ـ پێشکەوتنی بەردەوامی ئابووری لە کۆمەڵەیەکی بەریندا بە بەشداریی ٦وڵاتی ئەندام

٢ـ بردنەسەری خێرای ئاستی ژیانی کۆمەڵگەی ئەندامەکان.

بەپێی ماددەی ٨ی ڕێککەوتنەکە، قۆناغێکی ١٢ ساڵەی گوزار و تەتبیق کە بۆخۆی دەبێتە ٣ قۆناغی چوار ساڵی پێشبینی کرابوو کە لەو ماوەیەدا وڵاتانی ئەندام دەبێ، یەکەم، وردە وردە ڕێوشوێنی گومرك لەنێوان خۆیاندا هەڵگرن و ئاڵوویێری ئازادانەی کاڵا و سەرمایە و مرۆڤەکان لەنێوان ئەنداماندا پێك بێنن. دووهەم، دەبێ بگەنە پێکهێنانی سیستەمێکی گومرکی هاوبەش بۆ بەرهەمی هاتوو لەلایەن وڵاتانی سێهەمەوە. سێهەم، سیاسەتە ئابوورییەکانیان هاوئاهەنگ بکەن و سیستەمێکی تاکدراوی قەبووڵ بکەن. ئەگەر ئەو ئامانجانە وەدی هاتبان وڵاتانی بازاڕ ئەوەی کە بەهیوای بوون لە ساڵی ١٩٩٣دا وەدی دێ لەسەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا پێی دەگەیشتن. هەر لەم کاتەش دا پێشکەوتنەکانی بازاڕ لە دەیەی ١٩٦٠دا زۆر بەرچاو بوون و یەکەم دژکردەوەکانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەرخست. دژکردەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات شتێکی ڕوون و سروشتی بوو. دەزگای تیئۆری داڕشتنی ڕەسمیی سۆڤیەت بازاڕی هاوبەشی بە هەوڵی سەرمایەداری لەدژی سۆسیالیزم دا ناوبرد کە هەر لەم کاتەدا دژایەتییە دەروونییەکانی ئەم سیستەمە هێرشکەرە، ئەم سیستەمە تێك دەشکێنێ. بەڵام ڕژێمە کۆمۆنیستییەکان بەتایبەتی سۆڤیەت دوای ئەوەی دیتیان بازاڕ سەرکەوتووە، دژکردەوەییەکی واقیعبینیانەتریان لەخۆیان نیشاندا و لەساڵی ١٩٦٢ بەم لاوە خوازیاری دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ بازاڕی هاوبەش بوون کە ئەم تکایە تا ساڵی ١٩٨٨ وەڵامی نەدرایەوە.

بەڵام دژکردەوەی ئەمریکا وەك هاوپەیمانی ئەورووپا زۆر سەرنجڕاکێش بووو نیشانەی ڕکەبەرایەتیی جیهانی سەرمایەداری و نیگەرانیی ئەمریکا لەدەست پەروەردەی خۆی (پلانی مارشاڵ) بوو. لەپێش دا لەلایەن ئەمریکاوە دژایەتییەك نەکرا بەڵام لە ساڵی ١٩٦١بەم لاوە هەڵوێستی خەباتخوازیی ئەمریکا لەبەرامبەر بازاڕی هاوبەش دا بە ئاشکرا دەرکەوت.

کەنەدی لە کۆنفرانسی چاپەمەنیی خۆی لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٦١دا نیگەرانیی ئەمریکا بەم شێوەیە دەردەبڕێ: "ئێمە پێمان خۆشە هەناردەی خۆمان بۆ ئەورووپا و وڵاتانی ئەندامی بازاڕی هاوبەش بپارێزین. ئەگەر هەناردەمان لە هاوردەمان زیاتر نەبێ ئێمە ناچارین یارمەتییەکانمان بۆ دەرەوە ڕابگرین. هێزەکانمان لە دەرەوەی سنوورەکانمان کە بۆ بەرگری لە جیهانی ئازاددا ڕاگیراون، ساڵی ٣ میلیارد دۆلاریان خەرجە. ئێمە بەو هۆیەوە دەتوانین ئەم خەرجە بکێشین کە هەناردەی ٥ میلیارد دۆلار لە داهاتوومان زیاترە..." لەمەوبەدوا وتووێژێکی دوورودرێژ کە بە "خولی کەنەدی" بەناوبانگە لەنێوان



ئەمریکا و بازاڕی هاوبەش دا دەستی پێ‌کرد کە بوو بە هۆی هێندێك ڕێککەوتن لەبارەی کەم بوونەوەی ڕێوشوێنەکانی گومرك بۆ بەرهەمە پیشەسازییەکان.

مەبەستی ئەمریکا لەم وتووێژانەدا و ئەو هەڵوێستانەی دەی گرتن، پاراستنی باڵادەستیی ئابووریی خۆی بەسەر جیهانی سەرمایەداریدا بوو.

لەماوەی ساڵانی نێوان ١٩٥٧ تا ١٩٦٢دا ڕێژەی ئەمریکا لە بەرهەمە پیشەسازییەکانی جیهاندا لە ٦٥٪ەوە بۆ ٦٠٪ کەم بۆوە. لەحاڵێك دا ڕێژەی بازاڕی هاوبەش لە ٢٠٪ەوە گەیشتە ٢٧٪. ئەم ئامارانە هۆی نیگەرانیی ئەمریکا دەردەخەن. نیکسۆن لە وتەکانی جوونی ١٩٧١ی خۆی دا ڕایگەیاند: "کاتێك ئێمە لەبارەی ئابووری و هێزەئابوورییەکاندا بیردەکەینەوە، ئێمە پێنج هێزی ئابووی لە جیهانی ئەمڕۆدا شك دەبەین: لەو نێوەدا ئەورووپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن واتە دوو ناوەند کە لە ناخی جیهانی ئازاددا سەریان هەڵدا و بوونە ڕکەبەری واقیعیی ئەمریکا. ئەوە کە ئەمانە هاوپەیمانی ئێمەن ڕاستە، بەڵام لە دونیای ڕکەبەرایەتییە ئابوورییەکانیشدا ئەمانە ڕکەبەرێکی دژوارن". ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە ئێمە لە باسەکەماندا مەبەستمانە.

خەباتخوازیی ئەورووپای ڕۆژئاوا هەر تەنیا لایەنی ئابووری نییە بەڵکو خەباتی سیاسییشی تێدایە کە کێشەکانی جیهانی ئاتلانتیکی ئاڵۆزتر کردووە بە جۆرێك هەموو دەسەڵاتەکانی ئەمریکا لە ترۆمێنەوە بگرە تا بۆش لەگەڵ کێشەیەك بەناوی کێشەی ئاتلانتیك بەرەوڕووبوون. نوێنگەی ئەم خەباتە هەڵوێستەکانی دوگۆل لەبەرامبەر ئەمریکادا دەبینین. دوگۆل کە لە ساڵی ١٩٥٨دا بوو بە سەرۆك کۆماری فەڕەنسا و کۆماری پێنجەمی دامەزراند، یەکەم هەنگاوی لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا ناردنی پەیامێك بە ئایزنهاوێر لە ٢٤ی سێپتەمبەری ١٩٥٨دا بوو کە لەو پەیامەدا خوازیاری پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سێقۆڵی لە کاروبارەکانی جیهانی ئازاددا بوو. بە واتایەکی دیکە خوازیاری دەزگایەکی ڕێبەریی سێقۆڵی بە بەشداریی ئەمریکا، فەڕەنسا و بریتانیا بوو کە لەبارەی داڕشتنی بەرنامەی ستراتیژیی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور، بەتایبەتی لەبارەی بەکارهێنانی چەکە ئەتۆمییەکاندا بڕیار بدەن. سەیر ئەوە بوو ئەو کات فەڕەنسا هیچ چەشنە چەکێکی ئەتۆمیی لەبەردەست دا نەبوو و تەنانەت لەبواری چەکە کلاسیکییەکان و کۆڤانسیۆنێل لە ناتۆش دا لە خوارەوەی ئەڵمانیایا دا بوو. بۆیە داوای دوگۆل زیادەڕۆیی تێدا بووو لەگەڵ وەڵامی نای ئەمریکا بەرەوڕوو بوو. لەمەودوا دژایەتیی

دوگۆل لەگەڵ ئەمریکا لە کۆمەڵەی ئاتلانتیك دا لایەنی ئاشکراتری بەخۆوە گرت. دوگۆل لەساڵی **١٩٦٣**دا کە دوکتورینی مەك نامارا هاتە گۆڕێ، بەتوندی دژایەتیی لەگەڵ کرد. "دوکتورینی مەك نامارِا لەراستیدا ئاسایشی ئەمریکای بەزەرەری ئەورووپا بەهێز کرد.... ئەورووپاش دەبووە مەیدانی شەڕی ئیحتیمالی و هەم دبووە مەیدانی کێشە و تێکهەڵچوونی رۆژهەڵات و رۆژئاوا." بە واتایەکی دیکە چەتری پشتیوانیی ئەمریکا بەهەق لە روانگەی دوگۆلەوە چەترێکی جێگەی شك و گومان بوو و سەرەنجام بەدوای ئەم دژایەتییەدا، دوگۆل لەساڵی **١٩٦٦**دا فەڕەنسای لە بەشی نیزامیی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور کێشایە دەرەوە و ساڵی دواتر دوکتورینی مەك نامارا وەك دوکتورینی نیزامیی ناتۆ پەسند کرا.

**دوو لێکدانەوەی جیا لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی دەگۆل دا هەیە:** لە روانگەی هێندێك کەسەوە ئەم سیاسەتە تەنیا دەربڕی عەینیی ناسیۆنالیزمێکی کۆنەپارێزە کە تێکەڵ بە جۆرێك راڕاییە. بەو مانایە کە دوگۆل دەیەویست وڵاتەکەی بە پلەی هێزێکی گەورە بگەیەنێ و هەر لەو کاتەش دا دژایەتییەکی وەك نەخۆشیی لەبەرامبەر ئەمریکادا هەبوو کە سەرچاوەکەی بۆ ساڵانی ١٩٤٠ بەدواوە دەگەڕێتەوە.

لێکدانەوەی ئەو لەبارەی بارودۆخی نێونەتەوەییدا قانوونی جەنگەڵ بوو کە لەودا پێوەندیی هێز حاکمە و وڵاتان بەگوێرەی قازانجەکانیان و تەماعەکانی خۆیان دەجووڵێنەوە و هێزە لاوازەکان بەدوای خۆیاندا رادەکێشن. ئەرکی ئەویش لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا پاراستنی سەروەریی فەڕەنسایە.

دووهەمین لێکدانەوە لە سیاسەتی دەرەوەی دوگۆل کە ستانلی هوفمەن باسی دەکا ئەوەیە کە دوگۆل دەیەویست پێداچوونەوەیەکی گشتی لە پێوەندییەکاندا بکرێ و مەبەستەکەی گۆڕینی سیستەمی دوو جەمسەری و پێکهێنانی سیستەمێکی وابووە کە دەسەڵاتە نێونجییەکانیش بتوانن رۆڵێك بگێڕن.

سیاسەتی دوگۆل هەرچییەك بێ دیارخەری خەباتێکی نهێنیی بوو کە لەنێوان دووبەشی جیهانی سەرمایەداریدا لەگۆڕێ دا بوو. بناغەکەشی لەسەر رکەبەرایەتیی حاشاهەڵنەگری سەرمایەداری دامەزرابوو. ئەم خەباتە کە پاش دوگۆلیش درێژەی هەبوو و لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش دا بەشێوەی دیکە و بە توانایەکی کەمترەوە وەرێکەوت، سەرەنجام کەلەبەرێکی لە بلۆکی رۆژئاوادا پێك هێنا و سیستەمی نێونەتەوەیی ئاڵۆزتر کرد. ئەم



خەباتە هەروەك دەیبینین لە دەیەکانی دواتردا بە تایبەتی لە دەیەی ١٩٨٠دا لەچوارچێوەی بازاڕی گەورە ساڵی **١٩٩٣** لەلایەن ئەورووپا و گەیشتن بە هێندێك رێککەوتن لەگەڵ سۆڤیەت لەلایەن ئەمریکاوە درێژەی کێشا کە لە لاپەڕەکانی دواتردا باسی دەکەین.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بە ناکۆکیی فەرهەنگی یان بەواتایەکی دیکە ناکۆکیی سوننەتەکۆنەکانی ئەورووپا و پراگماتیزم و فەرهەنگی رەسەنی سەرمایەداری لە ئەمریکاش دا بکەین کە هەرچەند کاریگەرییەکانی بەچاو نابینرێن بەڵام دەبنە هۆی هێندێك کێشە کە هێندێك لە نموونەکانی لە خەباتی لاوانی ئەڵمانیایا لە دەیەکانی ١٩٧٠و ١٩٨٠دا بەدی دەکرێن. فەڕەنسەوییە کۆنەپارێزەکانیش سەبارەت بەوە کە بیناسازیی کۆنی شارەکانیان کەوتۆتە بەر هێرشی رەنگە تۆخەکانی دوکانە بیگ مەك فرۆشەکان و ریستۆرانتە ئەمریکاییەکان، ناخۆشحاڵ بووبن.

**ج ـ وشیاریی هەستی نەتەوایەتی لە ئەورووپای رۆژهەڵات:** هەر بەو جۆرەی کە بلۆکی رۆژئاوا یەکپارچە و یەکگرتوو نەبوو، بلۆکی رۆژئاواش هەر لە سەرەتای پێکهاتنییەوە لەگەڵ دژایەتییە بنەڕەتییە دەروونییەکان بەرەوڕوو بوو:

یەکەم دژایەتی لەلایەن تیتۆوە بوو کە سوسیالیزمی نەتەوەیی لە یوگسلاڤیادا دامەزراند و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت نەبوو. هەروەك ئاماژەمان پێکرد یوگسلاڤیا تەنیا وڵاتێکی ئەورووپای رۆژهەڵات بوو کە بەبێ یارمەتیی راستەوخۆی سۆڤیەت خاکی خۆی لە دەست هێرشکەرانی ئەڵمانیای و ئیتالیایی دەرهێنا. سروشتییە کە ئەمە بناخەی سەربەخۆیی یوگسلاڤیا بوو. بەڵام ناکۆکیی ستالین و تیتۆ هەر بەتەنیا لە سەربەخۆیخوازیی تیتۆوە سەرچاوەی نەگرتبوو بەڵکو بەرنامەی وی لەسەر پێکهێنانی فیدراسیۆنێك لە وڵاتانی بالکان بە دەوروبەری خۆشیدا دەبووە هۆی نیگەرانیی ستالین. پێوەندییەکانی یوگسلاڤیا لەگەڵ سۆڤیەت لەسەردەمی جێنشینەکانی ستالینیش دا جگە لە دوو قۆناغی کورتی پاش کۆنگرەی بیستی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بەردەوام ناخۆش بوو. پێوەندییەکانی یوگسلاڤی لەگەڵ رۆژئاوا و ئەندامەتییەکەی لە گرووپی وڵاتانی بێلایەندا ئەم کەلەبەرەی ئاوەڵاتردەکردەوە. تەنانەت لەسەردەمی گۆرباچۆڤیش دا وا وێنەدەچوو باشبوونێك لە پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا بێتە پێش، چونکە لێرەدا یوگسلاڤی لەگەڵ هەموو ئەو رێفورمانەدا کە لە سەرەوەڕا کرابوون، هاوهەنگاو نەبوو.

رۆمانیا ئەم تاقە وڵاتە لاتینییە لە ئەورووپای رۆژهەڵات دا و تەکرەوییەکانی چائۆشێسکۆ نموونەیەکی دیکە لەسەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ناخی بلۆکی رۆژهەڵات دایە. رێبەرانی رۆمانیا چەندین جار بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی خۆیان، خۆیان لە هاورێیەتی سۆڤیەت و دەوروبەرەکەی پاراست. لە ساڵی ١٩٦١دا کە سۆڤیەت بڕیاریدا پسپۆری و دابەشکردنی کار لە ئاستی وڵاتانی ئەندامی کۆمێکۆندا بەڕێوەبەرێ، رێبەرانی رۆمانیا هەروا پێیان لەسەر سیاسەتی پشت بەخۆبەستن داگرت. سەرەنجام شێوەی شۆڕش لەدژی چائوشێسکۆ و پاشان داگیرکردنی ئەو لە دیسەمبەری ١٩٨٩دا بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو لەگەڵ رێفۆرمەکانی گۆرباچۆڤ خۆی نەدەگونجاند.

لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپای رۆژهەڵاتیش دا لە ماوەی ساڵانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا هێندێك ئاڵۆزی روویاندا کە پێشانیان دەدا ئەم وڵاتانە ئامادە نین دەسەڵاتی سۆڤیەتیان بەسەردا زاڵ بێ. راپەڕینی ١٩٥٣ی بەرلین و پاشان ئاڵوگۆڕەکانی ١٩٥٦ لە پۆلۆنیا و هەنگاریا و ٥ساڵ دواتر سیاسەتی لایەنگریی چین لە ئاڵبانی (لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١دا خرۆشچۆڤ بەرەسمی هەڵوێستی دژی رووسیی ئاڵبانیی مەحکووم کرد و سێ رۆژ دواتر مائۆ ئەم کارەی خرۆشچۆڤی بە زەبرێك ناوبرد کە لە بلۆکی سۆسیالیزمی داوە و بەدوای ئەمەدا ئاڵبانی لە سۆڤیەت دابڕا و پاڵی وەچیندا) و سەرەنجام رووداوەکانی بەهاری پراگ ١٩٦٨ کە بوو بەهۆی وەلانانی ناقانوونیی دوبچیك، هەمووی نیشانەی هێزە هەڵسوورِ و ئازادیخوازەکان بوو لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا لە کۆتاییدا یەکپارچەیی بلۆکی سۆسیالیزمی دەخستە ژێر پرسیارەوە.

**د ـ سەرهەڵدانی دەسەڵاتە نێونجییەکان لە ئاسیادا:** لە ماوەی دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا دوو وڵاتی چین و ژاپۆن لە رۆژهەڵاتی دووردا یەکێکیان لەشێوەی هێزی نیزامی ـ سیاسی و ئەوی دیکەیان لەشێوەی هێزێکی ئابووریدا ئامادەییەکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگریان لە شانۆی سیاسەتی جیهانیدا لە خۆیان نیشاندا.

حیزبی کۆمۆنیستی چین کە لە ساڵی ١٩٢١دا دامەزرا توانی لە ساڵی ١٩٤٩دا بە رێبەرایەتیی مائۆ تسەتۆنگ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. چین لەوکاتەوەی مائۆ لە مانگی دیسەمبەری ١٩٤٩دا سەفەرێکی بۆ مۆسکۆ کرد و نزیکەی دوو مانگ لە سۆڤیەت مایەوە تا کۆتایی بەرنامەی پێنج ساڵەی یەکەم واتە ١٩٥٧ لەریزی هاوپەیمانان یان بە واتەیەکی دی لە پێڕەوانی سۆڤیەت بوو لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا. لەو ماوەیەدا لە



یارمەتییەکی زۆری زانستی، ئابووری و فەننیی سۆڤیەت و لە قەرزێکی نزیك بە ٣٠٠ میلیۆن دۆلار سوودێکی ١٪ی لەلایەن سۆڤیەتەوە بەهرەمەند بوو.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لە رێککەوتنێکی نهێنی لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧دا سۆڤیەت بەڵێنیدا یارمەتییە تەکنیکییە پێویستەکان بۆ سازکردنی بۆمبی ئەتۆمی لەبەر دەستی چین بنێ بەڵام خرۆشچۆڤ ئەم رێککەوتنەی لە جوونی ١٩٥٩دا هەڵوەشاندەوە. سەربەخۆییخوازیی چین لە بەرامبەر برا گەورەکەیدا نیشاندەری ئەوە بوو کە دەیەویست لەئاستی نێونەتەوەییدا رۆڵێکی سەربەخۆ و هەڵسوو ریاری بکا. دیارە هێشتا رێگەی چین تا گەیشتن بەو مەبەستە هێندێك دووردرێژە و دەبێ قەیرانەکانی وەك "با سەدگوڵ بپشکوێن" (١٩٥٦) یا "قەڵەمبازێکی مەزن بۆ پێشەوە" (١٩٥٨) تێپەڕ بکا. هەر لەم کاتەدا چین لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٤ یەکەم تەقینەوەی ئەتۆمیی ئەنجام دا و لە ساڵی ١٩٦٧دا یەکەم بۆمبی هایدرۆژێنی خۆی تەقاندەوە. لەمەوبەدوا هێزی چین حاشای لـێناکرێ، دەبێ چاوەڕوان بین تاکو چین ئەو ناوچەیەی مەبەستییەتی و ئەو ستراتیژییەی دەیەوێ و پەرەپێدانی نفووزی خۆی دیاری بکا.

دەبێ دەستپێکردنی چالاکییە دیپلۆماسییەکانی چین بە کۆتایی هاتنی شەڕی کۆریا بزانین. چین لەساڵی ١٩٥٤ لە کۆنفرانسی جنێڤدا کە کۆتایی بە شەڕی هیند و چین هێنا بەشدار بوو و لەساڵی ١٩٥٥دا بە بەشداری لە کۆنفرانسی باندونگ خۆی وەك رێبەری وڵاتانی جیهانی سێهەم ناساند و لە هەمان کاتدا درێژەی بە پێوەندیی تایبەتیی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت دا. لەو کاتەوە کە پێوەندییەکانی نێوان چین و سۆڤیەت بەرەو ساردی چوو مەیلی چین زیاتر بەلای وڵاتانی جیهانی سێهەم دا شکایەوە. زەمینەی نفووز لەنێو شۆڕشگێڕانی وڵاتانی جیهانی سێهەمیش دا بۆ چین ئامادە ببوو. چونکە پاش کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و با بڵێین خەیانەتی لایەنگرانی پێداچوونەوە (رێڤیزیۆنیستەکان)ی سۆڤیەت، چین وەك ئاڵای هەڵگری خەبات لە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ناسرابوو. سەفەری چوئێن لای سەرۆك وەزیرانی چین لە دیسەمبەری ١٩٦٣ تا فێبریوەری ١٩٦٤ بۆ وڵاتانی ئەفریقایی کە چەندین رێککەوتننامەی گرنگی سیاسی و ئابووریی لـێکەوتەوە و هەروەها یارمەتی بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی وەك شۆڕشی زەفارو ئێریترە و پشتیوانی لە کۆمۆنیستەکانی ئاسیای باشووری رۆژهەڵات و هیند و چین نیشاندەری سیاسەتە جیهانی سێهەمییەکانی چین بوو. هەرچەند چین بەهۆی لاوازیی

ئابووریی و دواکەوتوویی ڕێژەیی تەکنیکی و پیشەسازی نەیتوانی ناوچەی ژێر نفووز وەك ئەمریکا و سۆڤیەت بۆ خۆی پێك بێنێ بەڵام دەیتوانی سەرکەوتنی ڕێژەیی وەدەست بێنێ. پەرەگرتنی دیپلۆماسیی چین کە لە ساڵی ١٩٧٠دا (دامەزراندنی پێوەندیی سیاسی لەگەڵ کەنەدا، ئیتالیا، یوگسلاڤیا، ئێران، تورکیا، شیلی، مەکزیك، ئارژانتین و ...) دەستی پێکرد. بەتایبەتی پاش چوونی ئەم وڵاتە بۆ ڕێکخراوی نەتەوەکان (ئۆکتۆبەری ١٩٧١) بە ڕەسمی ئەم وڵاتەی خستە پاڵ وڵاتانی گەورەی جیهانەوە. قسەکانی دینگ شیائۆپینگ لە ئەپریلی ١٩٤٧ [١٩٧٤] لە ڕێکخراوی نەتەوەکاندا کە "تیۆریی سێ جیهان"ی هێنایە گۆڕێ نیشانی دەدا ئیدی چین جیهانی دوو جەمسەریی دەیەکان ١٩٥٠و ١٩٦٠ی قەبووڵ نییە و هەر لەم کاتەدا زەمینەی نفووز لە جیهانی سێهەم بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جیهانی یەکەم پێك دێنێ. هەرچەند سیاسەتی دەرەوەی چین لە ساڵانی دواتردا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەرداهات و دژایەتی لەگەڵ سۆسیال - ئیمپریالیزمی سۆڤیەت، دوژمنایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکاشی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بەڵام هەوڵەکانی چین لە سەر یەك بیرخەرەوەی ئەم تیئۆرییە ڕۆشنبیریانە لە کۆمەڵناسی دایە کە بە پێی ئەم تیئۆرییە ڕووناکبیرییە نوێیە بەدوای پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك دا دەگەڕێ تا بە کەڵك وەرگرتن لە توانای وان و فێڵبازیی خۆی بە سەر هەڵبژاردە دەسەڵاتدارەکاندا سەرکەوێ (پارەتو). ئەمڕۆش نفووزی چین لە ئاسیا و بەشێکی زۆر لە جیهانی سێهەم ڕۆڵی ئەم وڵاتە لە هاوسەنگییە سیاسییەکانی جیهاندا حاشای لێناکرێ.

وڵاتێکی دیکە کە لە ژێر سێبەری پێشکەوتنە ئابووری و پیشەسازییەکاندا بوو بە جەمسەرێکی ئابووری، وڵاتی ژاپۆن بوو. ژاپۆن کە ساڵی ١٩٤٥ لە شەڕی دووەمی جیهانیدا دۆڕاندی و لەبەریەك هەڵوەشا، توانی لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ دا لە ڕووی ئابوورییەوە خۆی بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی گەورەی جیهان و وەکو نموونەیەکی پەرەسەندو و بە جیهان بناسرێ. لە کاتی شەڕی کۆریا و ڕاست لە ساڵی ١٩٥٢وە کە ئەمریکا دەسەڵاتی تەواوی ژاپۆنی گەڕاندەوە بۆ ئەم وڵاتە، ڕۆڵی ژاپۆن لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا زیادی کرد. بە تایبەتی کە پاش ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی ژاپۆن لەگەڵ سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٦دا، ئەم وڵاتە توانی بچێتە ڕێکخراوی نەتەوەکانیش. دیپلۆماسیی ژاپۆن لە ساڵی ١٩٦٠دا بە توندی لە ژێر کاریگەریی ئابووریدا بوو. هەربۆیەش ژاپۆن هەوڵ دەدا لە ئەمریکا دوور بکەوێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ وەدوای قازانجە



ئابوورییەکانی خۆی تەنانەت لە نێو وڵاتانی کومونیستی بە تایبەتی چیندا بکەوێ و بیان پارێزێ. هەرچەند ئەم دوورکەوتنەوە لە ئاستێکی دیاریکراو قەت تێنەپەڕی بەڵام نیشانی دا کە چۆن وڵاتێکی دۆڕاو و هاوپەیمانی زلهێزێك دەتوانێ لە پەنا پەرەگرتن و گەشەکردنی ئابووریدا، ڕێبازێکی سەربەخۆ و تەنانەت نەگونجاویش لە بەرامبەر دەسەڵاتە دامەزرێنەرەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی بگرێتە پێش.

تێکڕای ئەم ئاڵوگۆڕانە، سیستەمی نێونەتەوەییان تووشی ئاڵۆزییەکی زیاتر کرد و بوون بە هۆی ئەوەی کە تەنیا تەوەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یا مۆسکۆ و واشینگتۆن بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان بەس نەبێ، بەڵکو پێوەندیی دوو زلهێزیش لە ژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەردا بگاتە قۆناغێکی نوێ لە هاوکاری و ڕکەبەرایەتیدا.

## ٢ـ ئاڵوگۆڕ لە پێوەندییەکانی ئەمریکا و سۆڤیەتدا

هەرچەند بە کۆتایی هاتنی قەیرانی کووبا قۆناغێکی تا ڕادەیەك دووروودرێژی نەمانی گرژی لە پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەستی پێکرد بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە هەوڵی دوو زلهێز بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چەکی تەیار تریش ڕاوەستاوە. "لە دەیەی ١٩٦٠دا هەرکام لەو دوو زلهێزە لە هەوڵی پەرەپێدان و دروست کردنی مووشەکە دژە مووشەکەکاندا بوون کە ئەو توانایەی پێدەبەخشین کە مووشەکەکانی یەکتر لە هەوا و بەرلەوەی بگەنە ئامانج بتەقێننەوە." لە ماوەی دەیەی ١٩٦٠دا پێشبڕکێی چەکوچۆڵی دوو زلهێز لە سێ بواری مووشەکە ئەتۆمییەکانی بەهۆی ژێردەریاوە داوێژراون و مووشەکی دامەزراو لەسەر وشکایی و مووشەکی سەر فڕۆکەدا بوو. لەهەمان کات لەم قۆناغەدا بەتایبەتی لەساڵی ١٩٧٣ بەم لاوە هێندێك هەوڵ بەمەبەستی چەك داماڵینی گشتیش دەبینرێن. پەیمانی مۆسکۆ کە لە ئاگۆستی ١٩٦٣دا لەنێوان ئەمریکا، سۆڤیەت و بریتانیادا ئیمزا کرا، و دوای ماوەیەکی کورت بەسەر ٩٩ وڵاتانی دیکەدا سەپا (جگە لە چین و فەڕەنسا) تاقیکارییە ئەتۆمییەکانی لەسەر زەوی، دەریا و هەوادا قەدەغە کردبوو. هەرچەند ئەم ڕێککەوتنە بەمەستی پێشگیریی وڵاتانی دیکە بوو لە هەبوون و تاقیکاریی چەکە ئەتۆمییەکان بەڵام زۆر زوو خودی ئەو دوو زلهێزەی بەرەو وتووێژ لەبارەی سنووردارکردنی چەکە ئەتۆمییەکان برد. لە ساڵی ١٩٦٦دا جانسۆن سەرۆك کۆماری ئەمریکا پێشنیاری بە سۆڤیەت کرد و وتووێژە پەیوەندیدارەکانی بە پێشگیری لە چەکە

ستراتیژییەکان دەست پێبکەن. سۆڤیەت ئەو پێشنیارەی قەبووڵ کرد و ئەو وتووێژانە دەستیان پێکرد و لەساڵی ١٩٦٩ بەدواوە نیکسۆن و کیسنجێر درێژەیان پێدا. کیسنجێر کە خۆی بە پێڕەوی واقیعبینی دەزانی پێی وابوو بناغەی ئاشتیی جیهانی لەسەر هاوسەنگیی هێزەکان دامەزراوە، بۆیە بۆ پاراستنی ئاشتی، ئەمریکا دەبێ یەکسانیی سۆڤیەت لە بواری چەکوچۆڵدا قەبووڵ بکا تاکو سۆڤیەت لەبارەی ئاسایشی خۆیدا دڵنیا بێ و سیاسەتی هێرشکەرانەی خۆی وەلابنێ. جگە لەوە ئەم میتۆدە لەلایەن ئەمریکاوە بوو بەهۆی بەهێزبوونی قۆڵی میانەڕۆ لە سۆڤیەتدا و پاش ماوەیەك سۆڤیەت تێکەڵ بە سیستەمی ڕۆژئاوا دەبێ. ئاکامی ئەو وتووێژانە و ئەو بیروبۆچوونانە ڕێککەوتنی ساڵتی یەك لە ساڵی ١٩٧١دا بوو کە لە ٢٦ی مای ١٩٧٢دا لە مۆسکۆ بە یەکجاری ئیمزا کرا و بەپێی ئەم ڕێککەوتنە چەکە ستراتیژییەکانی ئەم دوو زلهێزە بە شێوەی خوارەوە سنووردار دەکران:

| ولات | موشەکی بالستیکی دوورهاوێژ | بالستیك کە لەژێر دەریاییەوە داوێژرێ | ژێر دەریایی |
|---|---|---|---|
| ئەمریکا | ١٠٥٤ دانە | ٧١٠ دانە | ٤٤ دانە |
| سۆڤیەت | ١٦١٨ دانە | ٩٥٠ دانە | ٦٢ دانە |

هەروەك دەبینرێ جیاوازییەکی بەرچاوی ژمارە لە نێوان چەکەکانی دوولایەندا دەبینرێ کە هۆیەکەی باشتر بوونی چۆنیەتیی چەکە ئەمریکاییەکانە بەتایبەتی لەبواری مووشەکە چەند کلاوەییەکان کە توانای ڕەوانەکردنیان هەبوو. قەبووڵکردنی قەرەبووکردنەوەی لاوازیی چەکە ڕووسییەکان لەلایەن ئەمریکاوە نیشانی دەدا کە تاچ ڕادەیەك بۆچوونەکانی کیسنجێر کاریگەر بوون. ڕێبەرانی ئەمریکا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە جیهان بەڕاستی وەك جیهانی دوو جەمسەری دەمێنێتەوە. کەوابوو وا باشترە بۆ چارەسەری کاروبارەکان بەشێوەیەك هەوڵ بدەن کە ڕەزامەندیی هەردوولای تێدا بێ. بەتایبەتی ئالۆگۆڕەکانی دەوروبەر و سەرهەڵدانی هێزە نێونجییەکان و سەرهەڵدانی جیهانی سێهەم پێویست بوو دوو زلهێزەکە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کردنیان بە ڕێککەونی بناغەیی



بگەن لە حاڵێکدا یەکەم، ئەو جۆرە چاوپۆشییە لەلایەنی ڕووسەکانەوە بە لاوازیی لێك دەدرایەوە، دووهەم هیچ شتێك ناتوانێ بەر بە ئالۆگۆڕەکانی جیهان بگرێ. ئەمانە ئەو کات بڕوایان بە هێزی چین، ژاپۆن، ئەورووپای ڕۆژئاوا و هێزی "بالقوە" ی جیهانی سێهەم نەبوو. هەر لەم کاتەدا ئەو تێڕوانینەی سەرەوە شوێنێکی قووڵی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبوو و ڕەوتی هاوکاریی ئەم دوو زلهێزەی خێراتر کرد، بە چەشنێك کە لە جوونی ١٩٧٣دا لە کاتی سەردانی برژنێف لە ئەمریکا ئەم دوو وڵاتە چەند ڕێککەوتنێکی دیکەشیان بوو کە گرنگترینیان پەیمانی هەردوولا لە پێشگیری لە شەڕێکی ئەتۆمی لە جیهاندا و ئەوی دیکە پەرەپێدانی پێوەندییە بازرگانییەکانی دوو وڵاتەکە بوو. وا دەهاتە بەرچاو کە ڕێککەوتنی ئەمریکا و سۆڤیەت لەسەر کێشە جیهانییەکان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. میشل ژوبێر وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی فەڕەنسا وشەی "Condominium" یا دەسەڵاتی هاوبەشی لەبارەی پێوەندیی ئەو دوو زلهێزەی جیهاندا بەکارهێناوە. لە ڕاستیدا ئەو دوو وڵاتە جیهانیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد و باڵادەستیی خۆیان بەسەر ڕێکخراوە نێزامییەکاندا زیاد کرد و بە گرتنە دەستی ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بیری "دەسەڵاتی هاوبەش" یان بەهێزکرد. کۆنفڕانس بۆ ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا کە لە ساڵی ١٩٧٥ ڕاگەیەندراوی کۆتایی لە هێلسینکی بڵاو بۆوە نیشانی دەدا کە ئیدی کاروباری ئەورووپای ڕۆژئاوا، هەر بە تەنیا پێوەندیی بەم ناوچەیە نییە. ڕۆڵی سەرەکی ئەم کۆنفڕانسە کە بە بەشداریی هەموو وڵاتانی ئەورووپا، سۆڤیەت، ئەمریکا و کەنەدا پێك هات، نێونەتەوەییکردنی مەسەلەکانی ئەورووپا بوو. هەروەك گوتمان ئەورووپای ڕۆژئاوا یەکێك لەو هێزە بەهێزانە بوو کە دەیتوانی وەکو ڕکەبەرێك لەبەرامبەر ئەو دوو زلهێزەدا بێ و مەسەلەکانی جیهان لە پاوانی ئەمانە بێنێتەدەر. هەروەك هێندێك کەس هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی نەوت لەساڵی ١٩٧٣دا بە سیاسەتی ئەمریکا مەبەستی لاوازکردنی ڕکەبەرە ئەورووپاییەکانی خۆی دەزانن. ئەمریکا لەم قەیرانەدا توانی کەمیی هاوسەنگیی پارەدانەوە بە دەرەوە قەرەبوو بکاتەوە. ڕۆڵێکی دیکەی ئەم کۆنفڕانسە جێگیرکردنی سنوورەکانی ئەورووپا بوو، کە هەموو لایەك ئەمەیان بەسەرکەوتنی سۆڤیەت لێك دەدایەوە، چونکە دەسەڵاتی سۆڤیەت بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات دا بەڕەسمی ناسرابوو. لەبەرامبەردا ئەمریکا وەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤی بە سۆڤیەت قەبووڵکرد. مافی مرۆڤ بیانوویەك بوو کە ئەمریکا دەیتوانی ئەگەر پێویست بێ بۆ ئالۆزی لەودیوی پەردەی

ئاسنیندا کەلێکی لێ وەربگرێ (نموونەکەی مافی مرۆڤ لە پۆلۆنیا و پشتیوانی لە بزووتنەوەی هاوپێوەندی) و سەرەنجام کەلەبەرێکی تێدا پێکبێنێ.

سەرەڕای ئەو رێککەوتننانە و ئارامی لە پێوەندییەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوادا کە لە سالەکانی **١٩٧٣ـ٧٥**دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی هیچ کات نابێ رقەبەرایەتیی حەتمیی ئەو دوو زلهێزە لەبیر بکەین. لەپشت ئەم کەشوهەوا ئارامەدا هەرکام لەو دوولایەنە خەریکی لاوازکردنی ئەوی دیکە و پەرەپێدان بە ناوچەی ژێرنفووزی خۆیان بوون. هەربۆیە قۆناغی نەهێشتنی گرژی تەمەنێکی کورتی هەبوو و چەند سالێك دوای راگەیەندراوی هێلسینکی ئاگری رکەبەرایەتی و گرژیی نێوان ئەم دوو زلهێزە هەلایسا و بوو بەهۆی قۆناغێکی دیکەی شەڕی سارد کە بە قۆناغی شەڕی نوێی سارد بەناوبانگە.

# بەشی سێیەم

## شەڕی نوێی سارد و سەرەتای لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت ١٩٧٩- ١٩٩٠

شەڕی نوێی سارد کە بەچوونی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان دەستی پێکرد تا ساڵی ١٩٨٥کە گۆرباچۆڤ لە سۆڤیەت دا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت درێژەی کێشا. گرنگترین کێشەی نیزامیی ئەم قۆناغە کێشەی مووشەکە ئەوروپاییەکان یان "ئورووميسيل"و داهێنانی بەرگریی ستراتیژیکی یان "شەڕی ئەستێرەکان" بوو. ئەم دوو کێشەیە نیشانی دەدا کە سەرەکیترین کێشەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت لەم قۆناغەدا کێشە نیزامییەکانن. جگە لەوەی کە ناکۆکیی ئایدیۆلۆجی و نیزامە دژبەیەکە سیاسی ـ ئابوورییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا سەرهەڵدانی دووبارەی شەڕی سارد لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا بە شتێکی سروشتی نیشان دەدا، [بەڵام] نابێ خاڵی سەرەکی واتە بوونی رکەبەرایەتیی ئاشکرا و نهێنی لەنێوان دوو ئەکتەری سەرەکیی مەیدانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەبیر بکەین. چاوخشاندنێك بەسەر هۆیەکانی ئەم شەڕەدا نیشان دەدا کە ئەم رکەبەرایەتییانە تەنانەت لە لوتکەی قۆناغی نەبوونی گرژییش دا قەت لە پێوەندییەکانی ئەم دوو زلهێزەدا لەنێو نەچوو.

### ١ـ سەرچاوەکانی شەڕی نوێی سارد

دەکرێ رکەبەرایەتییەکان و گێرەوکێشەکانی نێوان ئەم دوو زلهێزە لە دەیەی ١٩٧٠دا بە دوو جۆری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دابەش بکەین: کێشە بە مەبەستی پەرەپێدانی ناوچەی نفووز لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دا و کێشە لەسەر مەسەلە نیزامییەکان کە دوو زلهێزەکەی راستەوخۆ لەبەرامبەر یەکتردا رادەگرت.



**أـ رکەبەرایەتی بۆ وەدەستهێنانی نفووزی زیاتر لە جیهاندا:** رکەبەرایەتیی دوو وڵاتی ئەمریکا و سۆڤیەت بۆ پاراستن یان وەدەستهێنانی نفووزی زیاتر لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین لە گۆڕێدا بوو. لە هێندێك شوێندا ئەم رکەبەرایەتییانە لەگەڵ مەترسییەکی گەورە بەرەوروو دەبوون و پەردەی لەسەر دژایەتیی قووڵی قازانجەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت هەڵ دەگرت. یەکێك لەو نموونانە شەڕی عەرەبەکان و ئیسرائیل ناسراو بە شەڕی "کیپوور" لەساڵی ١٩٧٣دا بوو. پێشڕەوییەکانی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کە لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا دەستی پێکردبوو، ئەگەری تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەمریکای زیاد دەکرد. نفووزی سۆڤیەت لە لیبیادا بە هاتنە سەرکاری قەزافی لە ساڵی ١٩٦٩دا و لە عیراقدا بە کوودیتای ئەلبەکر لەساڵی ١٩٦٨و لە سووریادا بە هاتنە سەر کاری حافزئەسەد و تەنانەت لە میسر تا ساڵی١٩٧٣ کە سادات کارناسە رووسییەکانی وەدەرنان، بەرەو زیادی دەچوو. ئەم وڵاتانە کە بە چەکی رووسی تەیار ببوون لە ساڵی ١٩٧٣دا لەکاتی هێرشەکەیان بۆ سەر ئیسرائیل کەڵك لە چەکە پێشکەوتووەکانی وەك فڕۆکەی میگ٢١ و مووشەکە دژی هەواییەکانی سام ـ٦، وەرگیرا. لەپێش دا عەرەبەکان سەرکەوتن بەڵام ئیسرائیل خێرا بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵبوو و توانی سوپای سێیەمی میسر گەمارۆ بدا. سۆڤیەت مەبەستی خۆی لەبارەی دەستێوەردان لەو شەڕەدا بە قازانجی هاوپەیمانەکانی خۆی بە ئەمریکا راگەیاند بەڵام لەگەڵ دژکردەوەی توندی ئەم وڵاتە بەرەوروو بوو. راوێژی هەڕەشەکانی بە چەشنێك بوو کە بیرەوەریی قەیرانی کووبای زیندوو دەکردەوە. هەرچەند قەیرانەکە بە قەبووڵکردنی بڕیارنامەی رێکخراوی نەتەوەکان کۆتایی هات بەڵام ئەوەشی سەلماند کە نەبوونی گرژی لە پێوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا تا سەر نییە. لە ئانگۆلاش دا ئەو دوو زلهێزە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کەوتنە بەر یەك. ئەو کۆلۆنییەی پورتوگال کە لە ساڵی ١٩٧٥دا سەربەخۆیی وەرگرت بوو بە سووژەی رکەبەرایەتی و وەدەستهێنانی نفووزی دوو زلهێزەکە.

دوو بەرەی نێوخۆیی هەرکامیان لەلایەن یەکێك لە وڵاتانی ئەمریکا و سۆڤیەتەوە پشتیوانیی لێدەکرا. بزووتنەوەی گەل بۆ ئازادیی ئانگۆلا یا "MPLA" لەلایەن سۆڤیەتەوە پشتیوانیی لێدەکرا (بە چوونی یازدە هەزار سەربازی کووبایی بۆ ئانگۆلا بە مەبەستی پشتیوانی لەم بارەیەوە، بلۆکی رۆژهەڵات راستەوخۆ تووشی قەیرانی ئانگۆلا

بوو) و یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی تەواوی ئانگۆلاش یا "UNITA" لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکەی ئەفریقای باشوورەوە پشتیوانیی لـێدەکرا (هێزەکانی ئەفریقای باشوور لە نۆڤەمبەری ۱۹۷۵دا چوونە ئانگۆلا). لە راستیدا شەڕی ئانگۆلا نموونەیەکی بچووك کراوەی تێکهەڵچوونی رۆژهەلاَت و رۆژئاوا بوو. پاشەکشەی ئەمریکا لە شەڕی هیند و چیندا کە بەدوای رەتکردنەوەی پێشنیاری فۆرد لەبارەی دانی بوودجەیەکی ۷۲۲ میلیۆن دولاری بە دەوڵەتی سایگۆن (ڤیتنامی باشوور) لەلایەن کۆنگرەی ئەمریکاوە رادەی رکەبەرایەتییەکانی ئەمریکا و سۆڤیەتی لە جیهانی سێهەم دا زیاد کرد. لەلایەن ئەمریکاییەکان کە نەك هەر ڤیەتنامی باشوور بەڵکو لائوس لە بە دەسەلاَت گەیشتنی هێزەکانی (پاتیت لائۆ) و کامبوج (رووخانی لۆن نۆل و بە دەسەلاَت گەیشتنی خمێرە سوورەکان)یشی لەدەست دا، لەبیری قەرەبووکردنەوەی ئەم شکستانە لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا بوون، لەلایەکی دیکەشەوە سۆڤیەت کە دیتی ئەمریکا لە ڤیەتنام دا شکستی خواردووە لە پەرەپێدانی نفووزی خۆیدا سوورتر بوو. سیاسەتی سۆڤیەت لەسەر ئەوەی کە هێرش بکرێتە سەر خاڵە لاوازەکانی ئیمپریالیزم واتە رژێمە بەستراوەکان بە ئەمریکا لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا لە قسەکانی ساڵی ۱۹۷٦ی برژنێڤ دا لە بیست و پێنجەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دا خۆی دەنواند و بە دوکتورینی برژنێڤیش ناوبرا، وڵاتانی جیهانی سێهەمی کردبووە مەیدانی گێرە و کێشەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت. "سۆڤیەت دەیەویست لە رێگەی هێنانە سەرکاری رژێمە سۆسیالیستییەکان لەو وڵاتانەدا کە چ بەهۆی وجوودی حیزبی کۆمۆنیست (وەکو ئەفغانستان) و چ بەهۆی وجوودی هێزە شۆڕشگێڕەکان (وەکو ئانگۆلا، یەمەنی باشوور) یان بەهۆی بوونی فەرهەنگی رەخنە قەبووڵکران (وەکو حەبەشە) زەمینەیەکی لەبارتر هەیە، شوێن و پێگەی سۆسیالیزم لە جیهاندا زیاد بکرێ". چالاکتر بوونی سیاسەتی سۆڤیەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا هاوکات لەگەڵ پێشبڕکێیەکی نهێنیی چەکوچۆڵ بوو کە سەرەنجام لە ساڵی ۱۹۷۹دا ئاشکرا بوو.

**ب ـ پێشبڕکێی چەکوچۆڵ:** سۆڤیەت لە ساڵی ۱۹۷۳دا کە مووشەکە چەند کلاَوەییەکانی خۆی بەسەرکەوتنەوە تاقی کردەوە ساتێکیش لە پەرەپێدان و تەواوکردنی چەکەکانی خۆی رانەوەستا. سۆڤیەت لە پێش دا مووشەکی ئێس ئێس ـ ۱۹ و پاشان لەساڵی ۱۹۷۷دا موشەکی ئێس ئێس ۲۰ەکانی خۆی کە بە وردبینییەکی لە رادەبەدەر کە



دتوانن شوێنە گرنگەکان بپێکن، تاقی کردەوە و بوو بە بالاَدەستێکی بێرکەبەر لە ئەورووپادا. لە ساڵی ۱۹۷۷دا نیشانەکانی قەیران لە پێوەندییەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت دا بە تەواوی دەرکەوتن.

ناکۆکیی بیروڕای ئەمریکا و سۆڤیەت لەسەر کێشەی چەکوچۆڵ شتێك نەبوو وەکو کێشە لەسەر وەدەستهێنانی نفووزی زیاتر لە وڵاتانی دیکەدا بکرێ بە دانانی ((وجه المصالحه))یەك بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕن. چونکە قازانجە گرنگەکان و هێزی سیاسیی ئەو دوو وڵاتە بەسترابۆوە بە توانای نیزامییانەوە. کاتێك وتووێژە پەیوەندیدارەکان بە ساڵتی ۲ لەگۆڕێدا بوو، ناکۆکیی بیروڕای ئەمانە لەسەر مووشەکی کرووز (cruise)ی ئەمریکا بوو کە ئەمریکاییەکان ئەمانەیان بە چەکی تاکتیکی لە قەڵەم دەدا و خۆیان لە دانانی ئەم مووشەکانە لە چوارچێوەی وتووێژەکانی ساڵتی ۲دا دەپاراست. لەبەرامبەردا رووسەکانیش دەستیان بە سازکردنی بۆمبهاوێژی مۆدێرن کرد کە ئەمریکاییەکان back-fire یان پێدەگوتن و داوایان لە رووسەکان دەکرد لە دروستکردنیان دەست هەڵبگرن. لەچاوپێکەوتنی کیسنجێرـ برژنێڤ لە ساڵی ۱۹۷٦دا رووسەکان نەك هەر راگرتنی دروست کردنی ئەم بۆمبهاوێژانەی قەبووڵ نەکرد، بەڵکو بە کەڵك وەرگرتن لە کەشوهەوای هەڵبژاردن و سەرقاڵیی ئەمریکاییەکان بە مووشەکە چەند کلاوەییەکانی ئێس ئێس ـ۱۹)ی خۆشیانەوە زیاد کرد. لەساڵی ۱۹۷۷و ۱۹۷۸ کە سایروس‌ونس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەفەری مۆسکۆی کرد هەوڵیدا رووسەکان هان بدا پێشبڕکێی چەکوچۆڵ رابگرن و بەڵێنی پێدان ئەمریکا چاوپۆشی لە بەرهەمهێنانی فڕۆکە سۆپێرمۆدێرنەکانی ب ـ۱ بکا کە دەیانتوانی ۱۵ هەزار کیلۆمەتر بە خێرایی ۲۳۰۰ کیلۆمەتر لە سەعاتێك داو هەڵگرتنی ٤٥ تۆن چەك ببڕێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەمریکاییەکان خەریکی دروستکردنی بۆمبی نۆترۆنی بوون کە بالاَدەستیی چەکە کۆنڤانسیۆنیل و نا ئەتۆمییەکانی بلۆکی رۆژهەلاَتی پووچەڵ کردەوە. کارتێر بەڵێنیدا ئەگەر رووسەکان دروستکردنی فڕۆکەکانی Back- Fire رابگرن، ئەمریکاش دروستکردنی بۆمبە نۆترونییەکانی رادەگرێ ( بەڵام وا بلاو بۆوە کە فەڕەنسا دەستی بە تەکنەلۆجیای دروستکردنی ئەم بۆمبانە راگەیشتووە). برژنێڤ بۆ ماوەیەکی کاتی قەولیدا رازی بێ. ئەم رەزامەندییە کاتییە بوو بەهۆی ئەوەی لە ۱۹۷۹دا وتووێژەکان بەڕێوە بچن و رێککەوتنی ساڵتی ـ۲ ئیمزا بکرێ کە بەپێی ئەم رێککەوتنە مووشەکە ستراتیژییەکان بۆ هەردوولا یەکسان بێ ( بە

پێچەوانەی ساڵتی ١ کە ژمارەکەیان فەرقی هەبوو) لەسەر یەك ٢٢٥٠ دانە دیاری کرا کە ١٣٠٠ دانەیان مووشەکە چەند کلاوەییەکان و ٨٢٠ دانەیان لە مووشەکە دووهاوێژەکان بن. بەڵام ساڵتی ـ٢ لەلایەن سەنای ئەمریکاوە پەسند نەکرا.

ئەمریکاییەکان هەستیان بەوە دەکرد لە ماوەی یەك دەیەدا هەنگاو بەهەنگاو لەبەرامبەر رووسەکاندا پاشەکشەیان کردووە و ئێستاش جێی خۆیەتی توانای خۆیانیان نیشان بدەن. کارتێر بۆ ئەوەی سەنای ئەمریکا بۆ پەسند کردنی ساڵتی ـ٢ رازی بکا و نیشان بدا کە دەوڵەتی ئەمریکا ئەوەندەش لەبەرامبەر سۆڤیەت دا داینەنواندوە فەرمانی دروست کردنی مووشەکی مۆدێرنی MXی دەرکرد. ئەم هەنگاوەی ئەمریکا کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر پێشبڕکیی چەکوچۆڵ دانا و نەك هەر نەبووە هۆی پەسندکرانی ساڵتی ـ٢ بەڵکو مەودای پێشبڕکی و گرژیشی زیاتر کرد، چونکە لەگەڵ دژکردەوەی جیددی سۆڤیەت بەرەوڕوو بوو. رووسەکان لەبەرامبەر ئەم کارەدا پەرەیان بە فڕۆکە Back- Fire ەکان و مووشەکە ئێس ئێس ـ٢٠ەکانی خۆیاندا. لەبەرامبەردا ئەمریکاییەکانیش لە کۆبوونەوەی زستانی ١٩٧٩ی ناتۆدا مەسەلەی دامەزراندنی مووشەکەکانی پرشینگی ٢ لە ئەورووپایاندا هێنایە گۆڕ و پەسندیان کرد. بەمجۆرە دیسان شەڕێکی دیکەی سارد دەستی پێکرد و جیهانی لەگەڵ نیگەرانی بەرەورووکرد. هەڵبژاردنی رەیگان بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەساڵی ١٩٨٠دا کە خۆی ئاکامی شکستی سیاسەتی کۆنترۆڵی چەکوچۆڵ بوو، نیشانەی ئەمە بوو کە ئەمریکاییەکان مەبەستیانە بەربەرەکانییەکی جیددی لەگەڵ سۆڤیەت و لەگەڵ هەر چەشنە جموجۆڵێك بکەن کە قازانجەکانیان بخاتە مەترسییەوە. سروشتی بوو سەرێکی شمشێرە هەڵکێشراوەکەی رووی لە جیهانی سێهەم و بزووتنەوەکانی وەك شۆڕشی ئیسلامی ئێران* و سیاسەتی توندڕۆیانەی وەك سیاسەتەکانی لیبیا و نیکاراگۆئی بوو.

* شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران شۆڕشی ئیسلامی نەبوو، هەموو خەڵکی ئێران بە ئایینی وشکۆکەوەوە لەسەرخستنی ئەم شۆڕشەدا جێگیربوون. پاشان دوژمنایەتیی رژێمی ئێران و ئەمریکا بە هێرشی ئەم رژێمە بۆ سەر سەفارەتی ئەمریکا لە تاوان لە پاییزی ١٩٧٩دا دەستی پێ کرد- وەرگێڕ.



## ٢ـ کێشە گرنگەکانی قۆناغی شەڕی نوێی سارد

هەروەك دیتمان ساڵانی سەرەتای دەیەی١٩٧٠ هەموو کەس وەك ساڵانی ئەوپەڕی نەهێشتنی گرژی سەیر دەکەن بەڵام هەر لەم ساڵانەشدا بوو کە گرژییەکی قووڵیش لە پێوەندییەکانی دوو زلهێزەکەدا هاتە گۆڕێ.

سروشتییە کە سیستەمەزاڵەکان بەسەر رۆژهەڵات و رۆژئاوادا لە رووی بیروباوەڕ و پێکهاتەوە سییتەمی ناهاوئاهەنگ بوون. بەڵام لەپشت ئەم مەسەلەیەدا رکەبەرایەتییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان ئەو دوو زلهێزە پێوەندییەکانیان لەسەر شەڕێکی دایمی دادەمەزرێنێ. ئەوەی لەنێوان شەڕی نوێی ساردو شەڕی ساردی دوای ساڵانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی جیاواز بوو، یەکێکیان بوونی گیروگرفتی قووڵی ئابووری بوو لە دوو وڵاتی ئەمریکا و سۆڤیەت دا کە وا دێتە بەرچاو ئەوانی لە کۆتایی رێگە نزیك کردۆتەوە و ئەوی دیکە ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە جیهاندا پێك دێن و هەر دوو وڵات بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنیان لە قازانجدا لەگەڵیان هاوبەشن. هەر بۆیەش لە سەرەتای شەڕی نوێی ساردداهێندێك هەوڵ دەبینین کە لەلایەن هەردوو لاوە بۆ وەدەستهێنانی رێککەوتن ئەنجام دەدرێن. دژکردەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر چوونی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ نێو ئەفغانستان زۆر بەرچاو نەبوو. کارتێر بۆماوەیەکی کاتی پێشی بە ناردنی دانەوێڵە بۆ سۆڤیەت گرت و یاریزانانی ئەمریکا خۆیان لە بەشداریی یارییەکانی ئولەمپیکی مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٨٠دا پاراست و لە بوارەکانی دیکەش دا دژکردەوەی ئەمریکا زۆری توندوتیژی پێوە دیار نەبوو کە رێگەی گەڕانەوەی بۆ نەبێ. قووڵترین کێشەی ئەم قۆناغە مووشەکە ئەورووپاییەکانی " ئورووميسيل"و ئەوی دیکە "شەڕی ئەستێرەکان" بوو کە لە هەردووکیاندا ئەمریکا دەرگای وتووێژی دانەخست.

بەهاتنە سەرکاری رەیگان بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، ئەمریکا لە پێش دا رێگەی ئاشتیخوازانەی تاقی کردەوە. پێشنیاری ئەمریکا "option zero" یان بە زمانی خەڵکی ئاسایی "نەهیچی من و نەهیچی تۆ" بوو. واتە ئەمریکا هیچ مووشەکێك لە ئەورووپادا نادامەزرێنێ و رووسیاش هەموو مووشەکەکانی ئێس ئێس ـ ٢٠ کۆبکاتەوە. وتووێژە پەیوەندارەکان بەمە لە ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٠دا لە جنێڤ دەستیان پێکرا، رووسەکان بە کەمکردنەوە رازی بوون بەڵام option zero یان قەبووڵ نەبوو. ئاکامی

شکستی ئەم وتووێژانە دامەزراندنی مووشەکەکانی پرشینگ ۲ بە توانای بڕینی ۱۸۰۰ کیلۆمەتر و مووشەکەکانی کرویزیر بە توانای بڕینی ۲۵۰۰ کیلۆمەتر لە ئەورووپادا (لەپیشدا لە نۆڤەمبەری **۱۹۸۳**دا ئەم مووشەکانە لە ئەڵمانیایا و پاشان لە بەلجیکا و هۆڵەندادا دامەزران). رووسەکان هەولیاندا کەڵك لە لایەنگرانی ئاشتیی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی وەرگرن کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پەرەگرتنی تەبلیغات لە ئەورووپادا پێك هاتبوو و بەشی زۆری لاوەکان بوون کە تێدا بەشدار بوون و سۆڤیەتیش نفووزێکی زۆری لەنێویاندا هەبوو. خۆپیشاندانی دژایەتی لەگەڵ دامەزرانی مووشەکەکانی ئەمریکا لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا بە تایبەتی ئەڵمانیایا بەڕێوەچوو (بەڵام کەس باسی مووشەکە ئێس ئێس ـ۲۰ەکانی سۆڤیەتی نەدەکرد) بەڵام سوودێکی نەبوو و مووشەکەکان دامەزران و هاوسەنگیی لەدەستچوو لەنێوان ناتۆ و وارشەودا دیسان بەرقەرار بۆوە. ئەم مووشەکانە دەیانتوانی نەك هەر ئەورووپای رۆژهەڵات بەڵکو دوورترین شوێنەکانی سۆڤیەتیش بپێکن لە حاڵێك دا سۆڤیەت نەی دەتوانی بە مووشەکە ئێس ئێس ـ ۲۰ ەکانی کە۵۰۰۰ کیلۆمەتریان توانای هەڵدان هەبوو بگەنە ئەمریکا. ئەوەش بەس نەبوو کێشەکە بە دامەزراندنی مووشەك لە ئەورووپادا کۆتایی نەهات. هێشتا جیهان لە هەراوهوریای "مووشەکە ئەورووپاییەکان" ئاسوودە نەببوو کە لە **۲۳**ی مارسی **۱۹۸۳**دا رەیگان پێشنیاری بە زانایانی ئەمریکایی کرد بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ مووشەکە رووسییەکان کە بەرەورووی ئێمەدا بەستراون دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو بکرێ. کۆمەڵگەی زانایانی ئێمە چەکی ئەتۆمییان پێشکێش بە ئێمە کرد و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە توانای خۆیان بخەنە خزمەت مرۆڤایەتی و ئاشتییەوە رێگایەك بدۆزنەوە کە ئەم چەکانە توانای بەرگرییان نەمێنێ*.

پێشنیاری رەیگان روون بوو: بەربەرەکانی لەگەڵ مووشەکەکانی بالستیك. ئەمە خۆی شۆڕشێکی لە پیشەسازیی مووشەکە دژە مووشەکەکان کە بابەتی ساڵتی ۱و ساڵتی ۲ بوون پێك هێنا. مەبەستی ئەم پێشنیارە کە بە ناوی "داهێنانی ستراتیژیکی" یان شەڕی ئەستێرەکان ناوبانگی دەرکرد و بریتی بوو لە تەقاندنەوەی مووشەکەکان بە تیشکی لەیزەر. **۲۶** میلیۆن دۆلار بودجەش بۆ قۆناغی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوانە تەرخان کرا.

* قسەکانی رەیگان لە دەقە فارسییەکە دا بەم چەشنە هاتوە.



ئەورووپا لەو پێشنیارە ترسی لـێنیشت، لە ئەمریکادا دێموکراتەکان دژایەتییان لەگەڵ کرد و رووسەکان دەست و پێیان تێك ئاڵا و وتووێژیان پێشنیار کرد. بۆماوەیەکی کاتیش بێ، دەبوو ئەمریکا هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی رازی بکا. پلانی وان "داهێنانی بەرگری کۆنڤانسیۆنیل" بۆ ئەورووپا (کە دامەزراندنەکەی دەبوا لە چوارچێوەی folowen force attack = FOFA واتە بەهێز کردنی هێزەکانی کۆنڤانسیۆنێل و نائەتۆمییەکانی ئەورووپادا بێ) لەبەرامبەردا "داهێنانی بەرگریی ستراتێژ" بۆ ئەمریکا بوو. جگە لەوە ئەمریکا خوازیاری زیادکردنی بودجەی پێوەندیدار بە ناتۆ لەلایەن هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی بوو. پلانی FOFA کە لە ساڵی ۱۹۸۵ پێی نایە قۆناغی جێبەجێکردنەوە دوای ماوەیەکی کورت لەبەرامبەر رێککەوتنە نوێیەکانی ئەمریکا و سۆڤیەتدا کاریگەریی خۆی لەدەست دا.

هەرچۆنێك بێ پلانی "داهێنانی دیفاعی ستراتێژی" هاوسەنگیی نیزامیی جیهانی بە تەواوی گۆڕی. ئەمریکا کە لە ساڵی ۱۹۸۰دا لەڕووی نیزامییەوە لە سۆڤیەت لاوازتر بوو بەم پلانە لە ساڵی **۱۹۸۶**دا بە تەواوی کەوتە سەرەوەی سۆڤیەت. لاوازیی سۆڤیەت وێڕای لاوازیی توندی ئابووری ئەم وڵاتەی ناچار کرد لەبەرامبەر ئەمریکادا نەوی بکێشێ و گەڵاڵەیەکی نوێ بۆ سیستەمی ئابووری و سیاسیی خۆی دابڕێژێ کە بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ نەهێشتنی گرژی.

## ۳ـ قۆناغی نەهێشتنی گرژی

### أـ ئاڵوگۆڕ لە پێوەندییەکانی دوو زلهێزەدا

ئەو هۆیانەی وەك ئەوەی لە سەرەتای دەیەی ۱۹۷۰ پێوەندییەکانی دوو زلهێزەکەیان نزیکە کردەوە، لەدەیەی ۱۹۸۰شدا زەمینەی لێك تێگەیشتن و هاوکاریی ئەم دوانەی لەبارەی کێشە نێونەتەوەییەکاندا پێك هێنا. ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە چوارچێوەی سیستەمی نێونەتەوەییدا پێك هاتبوون لە دەیەی ۱۹۸۰دا بەربڵاوتر و نوێتر بۆوە و تێکهەڵچوونەکانی نیوەی یەکەمی ۱۹۸۰ لە پێوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاواش دا زەمینەیەکی لەبارتری بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانە پێك هێنا: ئەورووپای یەکگرتوو، جیهانی سێهەم و ئەو تێکهەڵچوونانەی کۆنترۆڵیان لە دەست پارێزەرانی سیستەمی نێونەتەوەیی چووبووە دەر (وەکو شەڕی ئێران و عێراق) و کێشەی دیکە. هۆیەکی دیکەش کە لە دەیەی

١٩٨٠دا هاتە سەر هۆیەکانی دیکە لاوازییە ئابوورییەکانی دوو زلهێزەکە بوو کە توانای مانۆڕی نیزامیی لێی ئەستاندبوون. سروشتییە کە قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژی خاوەنی تایبەتمەندیی نوێش بێ. قووڵایی رێککەوتنە نیزامی و لێکتێگەیشتنە جیددییەکان لەبارەی کێشە نێونەتەوەییەکاندا تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی نەهێشتنی گرژی لەم قۆناغەدایە کە لایەنە بەرچاوەکانی لەم دەقەدا دەخەینە روو.

**١ـ هۆیەکان و زەمینەی لەبار لە دەرکەوتنی نەهێشتنی گرژیی نوێدا**

هەروەك ئاماژەی پێکرا هۆکارە کاریگەرەکانی نەهێشتنی گرژی لەم قۆناغەدا بۆسەر دوو گرووپ دابەش دەبن. یەکەم، ئەو هۆیانەی ئەو ئاڵوگۆڕەیان لە چوارچێوەی سیستەمی نێونەتەوەییدا پێك هێنا و ئەوی دیکە ئەو هۆیانەی پێوەندییان بە بارودۆخی نێوخۆی دوو وڵاتی ئەمریکا و سۆڤیەتەوە هەیە.

**ـ ئاڵوگۆڕەکانی چوارچێوەی سیستەمی نێونەتەوەیی لە دەیەی ١٩٧٠دا:** هەروەك لەبارەی دەیەی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا ئاماژەی پێکرا ئەورووپای رۆژئاوا، جیهانی سێهەم، چین و ژاپۆن وردە وردە بوونە هێزی بالقوە و بە کردەوە نەیان هێشت کاروبارە نێونەتەوەییەکان تەنیا لە پاوانی ئەو دوو زلهێزەدا بمێننەوە و دەریان خست کە دیارخەری تەوەرەی واشینگتۆن ـ مۆسکۆ بۆ لێکدانەوەی رووداوە نێونەتەوەییەکان بەس نین. هەر ئەم ئەکتەرانە لە دەیەی ١٩٨٠شدا درێژە بە رێگەی نیوەسەربەخۆیانەی خۆیاندا و کەڵکیان لە لاوازیی ئەو دوو زلهێزە وەرگرت و بە شێوەیەکی بەردەوامتر سەربەخۆیی نیسبیی خۆیان لە کردەوە نێونەتەوەییەکاندا زیاد کرد. ئەوەی لە هەموان گرنگتر بوو، ئاڵوگۆڕ بوو لە جیهانی سێهەم دا کە نەك لە چوارچێوەی پێکەوە بەستراوی پێشوودا واتە چوارچێوەی "بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن"، بەڵکو بە شێوەی هەڵسوکەوتی بەجیا و سەربەخۆ، هەڕەشەیان لە سیستەمی دوو جەمسەری دەکرد. سیاسەتی نە رۆژهەڵات نە رۆژئاوای کۆماری ئیسلامیی ئێران، کێشەی بارمتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئێرانداو لە هەمووی گرنگتر درێژەی شەڕ لەگەڵ عیراق شتێك نەبوو کە لەگەڵ دەسەڵاتی زلهێزەکاندا بگونجێ. لە نیکاراگوایشدا ساندینیستەکان سەرەڕای بیروباوەڕی رۆژهەڵاتی درێژەیان بە سیاسەتی سەربەخۆیانە دەدا. لە باکووری ئەفریقادا سیاسەتەکان و هەڵسوکەوتەکانی لیبیا لە رووی سیاسەتی جیهانییەوە سەرەڕۆیانە دەهاتە بەرچاو. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا حافز ئەسەد و سەدام حوسێن هەوڵیان دەدا کەڵك لە ناکۆکییەکانی نێو سیستەمی



نێونەتەوەیی وەربگرن و سیاسەتی ئیسرائیل هەمیشە لەگەڵ سیاسەتی رۆژئاوادا نەدەگونجا. تێکڕای ئەم شتانە نیشانیان دەدا کە کۆنترۆڵی ئەو دوو زلهێزە بەسەر کێشەکانی جیهاندا بەرەو کەمی دەڕوا و ترسی ئەوە هەبوو کە وردە وردە ئەم جۆرە سەرەڕۆییانە بکێشێتە ناوچە گرنگەکانی وەکو وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی فارسیش.

سیاسەتی چەکوچۆڵی چین و گەڕانی ئەم وڵاتە بۆ دۆزینەوەی جێپێیەك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا، رکەبەرێکی بەهێزی لە بەرامبەر ئەو دوو زلهێزەدا قوت کردبۆوە. لە لایەکی دیکەشەوە دراوسێی چینیش واتە ژاپۆن بازاڕەکانی ئەمریکا و ئەورووپای خستبووە بەرهێرشی کالاکانی خۆیەوە و سەرەڕای وتووێژی دوور و درێژ، وا نەدەهاتە بەرچاو لە داهاتوویەکی نزیك دا ئاکامێکی هەست پێکراوی هەبێ. بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەر شتێك دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی نێونەتەوەیی (دوو جەمسەری)دا پێك بێنێ رەوتی یەکگرتن لە ئەورووپای رۆژئاوادابوو. ئەورووپای بازاڕی هاوبەش توانی ئەو گیروگرفتانەی لە دەیەی ١٩٧٠دا لەگەڵیان بەرەوڕوو بوو تێپەڕ بکا و بەسەر نوشستی ئابووریدا زاڵ بێ. سروشتی بوو کە بە چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە ئەورووپا دیسان مەسەلەی یەکیەتیی سیاسی و ئابووری و پێکهێنانی هێزێکی نیزامیی سەربەخۆ دێنێتە گۆڕێ. چونکە یەکیەتیی سیاسی و ئابووری و لەگەڵ ئەمانەش دا سەربەخۆیی نیزامی ئامانجێك بوون کە لە رێککەوتنی ١٩٥٧ی رۆماش دا باسی لێکرابوو و ئەگەر گیروگرفتەکانی دەرەوە و ساڵانی کۆتایی دەیەی ١٩٦٠و ساڵانی سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ لێگەڕابان، بە پێی بەرنامەی دیاریکراو ئەوەی ئەورووپا چاوەڕوانیەتی لە ١٩٩٣دا پێی بگا لە دەیەی ١٩٨٠دا پێی گەیشتبوو. ئەورووپای یەکگرتوو رەنگە تەنیا رکەبەرێك بێ کە بتوانێ لە داهاتوودا لە هەر روویەکەوە ببێتە "زلهێزێکی دیکە". بۆیە وادێتە بەرچاو یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی دەست پێکردنی وتووێژەکان لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا پێشگیری لە پێکهاتنی ئەورووپایەکی ئەوتۆ کە نە ئەمریکا پێی رازییە و نە جێی دڵخۆشیی سۆڤیەتە. ئەگەر لێك تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا نەبێ، ئەورووپا دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە لاوازییە ئابوورییەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت، بە خێرایی توانای خۆی زیاد بکا و دەست بەسەر زۆربەی بازاڕە جیهانییەکاندا بگرێ.

لێرە دایە سیستەمی گشتی واتە سیستەمی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر بن سیستەمەکاندا دژکردەوە لە خۆی نیشان دەدا و بۆ پاراستنی خۆی لە رێگەی

چارەسەرکردنی ناکۆکییە بنەڕەتییەکانییەوە دژایەتییە دەروونییەکانی خۆی کەم دەکاتەوە. (گەلاڵەی ماڵی هاوبەشی ئەورووپایی گۆرباچۆڤ و کەڵکوەرگرتن لە کارتی سەرکەوتنی یەکیەتیی دوو ئەڵمانیایا بۆخۆی هەنگاوێك بوو بە مەبەستی تێکدانی بەرنامەی ئەورووپای یەکگرتوو کە هەر لەم کاتەدا ئەورووپاشی لە ئەمریکا دادەبڕی و لە رووی نیزامیشەوە لاوازی دەکرد).

**- کێشە نێوخۆییەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت و کاریگەرییان لەسەرهەڵدانی قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژیدا:**

**١- ئەمریکا:** راپەڕینی جیهانی سێهەم پێویستیی بەوە دەکرد کە ئەمریکا هەر رۆژەی بودجەیەکی زیاتر بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوە سەربەخۆیخوازەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان لەو وڵاتانەدا کە زۆربەیان ناوچەی نفووزی ئەمریکا بوون تەرخان بکا. ئەوە لە حاڵێك دابوو کە کەسریی بودجەی ئەمریکا ژمارەیەکی بەرز بوو کە جێی نیگەرانی بوو. بەشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرهەمی جیهانیدا کە لە دەیەی ١٩٥٠دا نزیکەی ٤٠٪ بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ تەنیا ٢٢٪ بوو و هەناردەی پیشەسازیی ئەمریکا کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ٣٠٪ی بازاڕی جیهانیی گرتبۆوە، لە ساڵی ١٩٨٦دا دابەزی بۆ ١٣٪. سروشتییە کە ئەم کەموکورییانە دەسەڵاتی ئەمریکا لە دەرەوەش دا کەم دەکەنەوە. فرۆشی لە رادەبەدەری کتێبی "پول کەنەدی" لە ژێر ناوی "بەهێزبوون و لاواز بوونی دەسەڵاتە گەورەکان"دا کە لەودا بە هەق بە خستنەڕووی بەڵگەی مێژوویی ئاماژە بە پێوەندیی راستەوخۆی نێوان لاوازییە ئابوورییەکان و بەڵێنەکانی دەرەوەی وڵاتێك دەکا، نیشانەی جیددی بوونی لاوازیی هێزی ئەمریکا لە لای بیروڕای گشتییەوەیە. بە هۆی لاوازیی ئابووری، ئەمریکا هەوڵ دەدا باری بەڵێنەکانی بە دەرەوە کەم بکاتەوە. "فرانك کارلوچی وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٧ بە ئاشکرا بەرنامەی کەم کرانەوەی حوزووری نیزامیی ئەمریکای لە ئەورووپادا هێنایە گۆڕێ". لە لایەکی دیکەوە فشاری ئەمریکا بۆسەر هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی خۆی لەسەر بە ئەستۆوەگرتنی بەشێکی زیاتر لە خەرجەکانی ناتۆ و بەشداری لە دەسمایەدانان بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسمانی و "داهێنانی دیفاعی ستراتیژی" نیشانەی نەبوونی توانای ئەمریکا لە کێشانی خەرجی قورسی نیزامی دایە. ئاشکرایە یەکێك لە رێگەچارەکان بۆ کەمکردنەوەی بودجە نیزامییەکان گەیشتن بوو بە



رێککەوتنێك لەگەڵ سۆڤیەت کە لە سەرەتای شەڕی نوێی ساردا و هاتنەسەرکاری رەیگان بوو بە سەردێڕی بەرنامەکانی ئەمریکا.

**٢- سۆڤیەت:** بەڵام گیروگرفتە نێوخۆییەکانی سۆڤیەت لە چاو گیروگرفتە نێوخۆییەکانی ئەمریکا کاریگەریی زیاتریان لە دەست پێکردنی قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژیدا هەبوو. لە راستیدا خراپ هەڵسوکەوت کردنی سیستەمی ئابووریی سوسیالیستیی یەکیەتی سۆڤیەت کە پاش ١٨ ساڵ برژنێڤیزم کۆمەڵگەی سۆڤیەتی لەگەڵ قەیرانی سیستەماتیکێکی زۆر قووڵ بەرەوڕوو کردبوو، رێبەرانی سۆڤیەتی ناچار کرد ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێك بێنن. کۆمەڵگای سۆڤیەت بە هیچ جۆر توانای بەرابەری و رکەبەرایەتیی تەکنیکی و ئابووریی کۆتایی سەدەی بیستەمی نەبوو. گۆرباچۆڤ و هاوپەیمانەکانی بە دەرك کردنی ئەم خاڵە کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێك لە کردەوەی سیستەم دا نەیە، بلۆکی سۆسیالیزم بە زوویی لە رکەبەرایەتیی داهێنانی نوێدا یارییەکە دەدۆڕێنێ، هەوڵیاندا ئاڵوگۆڕێکی ئابووری (پرۆسترۆیکا) پێك بێنن. ئەگینا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دا سۆڤیەت نەی دەتوانی وەکو زلهێزێك بمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە لە بواری پێشبڕکێی چەکوچۆڵدا، ئەمریکا سۆڤیەتی بۆ مەیدانێکی دیکە رادەکێشا کە وەدەستهێنانی سەرکەوتن لەو مەیدانەدا بە هیچ جۆر لە توانای ئابووریی سۆڤیەتدا نەبوو. "شەڕی ئەستێرەکان" نەك هەر ئاسایشی سۆڤیەتی دەخستە مەترسییەوە، بەڵکو توانا ئابوورییەکانی ئەم وڵاتەشی تووشی زیادە خەرجییەکی بێسوود لە بواری چەکوچۆڵ دا دەکرد. تەنیا رێگەی دەربازبوون لەم بنبەستە بۆ سۆڤیەت گەیشتن بە هێندێك رێککەوتن بوو کە بتوانێ وڵاتەکەی لە دانی خەرجێکی زۆری نیزامی بپارێزێ. لە راستیدا هەردوو زلهێز لەم بوارەدا قازانجی هاوبەشیان هەبوو. چونکە وڵاتانی وەك ئەڵمانیایا و ژاپۆن کە قەدەغەی نیزامییان لەسەر بوو لە بواری ئابووریدا زۆر پێشکەوتوو بوون، لە حاڵێك دا ئەمریکا و سۆڤیەت بەشی زۆری لەبەر خەرجە نیزامییەکان لە بواری ئابووریدا تووشی پاشەکشە ببوون.

**ب - چۆنایەتیی قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژی**

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژی بەربڵاویی وتووێژە پەیوەندیدارەکان بە چەك داماڵین و کۆنترۆڵی چەك وچۆڵ لە رێککەوتنەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت دایە. چارەسەری تێکهەڵچوونە ناوچەییەکان و نوێکردنەوەی رۆڵی رێکخراوی

نەتەوەکانیش لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم قۆناغەیە. ئەم پێشکەوتننانە لە چاوپێکەوتنە یەك بە دوای یەکەکانی ڕێبەرانی ئەمریکا و سۆڤیەتدا وەدی هاتن کە لە نیوەی دووهەمی دەیەی ١٩٨٠دا بە شێوەیەکی کەموێنە زیاد بوون. لە ماوەی چوارساڵدا لە ساڵی ١٩٨٥، ١٩٨٩ گۆرباچۆڤ و ڕەیگان ٤ جار پێکەوە دانیشتن.

لە دانیشتنی ١٩٨٥دا وتووێژە نیوەچڵەکانی ١٩٧٩ جارێکی دیکە دەستیان پێکرایەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەمریکا و سۆڤیەت لە بارەی قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و ئەنبارکردنی چەکە کیمیاییەکاندا ڕێك کەوتن و دیسان پێیان لەسەر ڕۆڵی ئەم دوو وڵاتە لە پاراستنی ئاشتیی جیهانی و پێویستیی خۆپاراستن لە شەڕی ئەتۆمیدا گرتەوە. (دوای قەیرانی کووباش بە ئاکامێکی ئەوتۆ گەیشتبوون).

لە دووەمین دانیشتنی قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژیدا کە لە ساڵی ١٩٨٦دا لە ریکجاویك پایتەختی ئایسلەند ڕوویدا لە بارەی سڕینەوەی ئەورووپا لە چەکە ئەتۆمییەکان لە بەرامبەر "ڕاگرتنی بەرنامەی شەڕی ئەستێرەکان"دا بە هێندێك ڕێککەوتنی سەرەتایی گەیشتن و جارێکی دیکە وڵاتانی ئەورووپایی ئەم ڕاستییەیان بۆ دەرکەوت کە لە پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا جگە لە ڕووی ئاشتەوایی شتێکی دیکە نین.

سێهەمین دانیشتن کە لە دیسەمبەری ١٩٨٧دا لە واشینگتۆن کرا بەستنی ڕێککەوتنێکی لە بارەی نەهێشتنی مووشەکە نێونجییە ئەتۆمییەکان لێکەوتەوە (ئەو مووشەکانەی ٥٠٠ تا ٥٥٠٠ کیلومەتر دەبڕن). سەرەنجام پاش پێنج مانگ لە کۆبوونەوەی مۆسکۆ (١٢ی جوونی ١٩٨٩)دا وێڕای ئیمزای کۆتایی ڕێککەوتننامەی پێوەندیدار بە مووشەکە نێونجییە ئەتۆمییەکان، وتووێژە پەیوەندیدارەکان بە نەهێشتنی ٥٠٪ لە مووشەکە ئەتۆمییە ناوەندییەکان واتە مووشەکە ستراتیژییە دوورهاوێژەکانی دامەزراو لە ئەمریکاو سۆڤیەتیشیان دەست پێکرد (START). لەم قۆناغەدا ئەمریکا تەحریمی ئابووریی پێوەندیدار بە چوونی سۆڤیەت بۆ نێو ئەفغانستانی هەڵوەشاندەوە و لایەنێکی نوێیدا بە پێوەندییە ئابوورییەکانی دوو وڵات. وتووێژەکانی پێوەندیدار بە چەك داماڵین هەروا درێژەی کێشا و وردەوردە چەکە ناسراوەکان (کۆنڤانسیۆنێل)یشی گرتەوە و هیوایەك پشکوت کە پێشبڕکێی چەکوچۆڵ لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت دا بە لانی کەمی خۆی بگا.

لە بارەی چارەسەری کێشەکان و شەڕە ناوچەییەکان کە یەکێك لە هۆیەکانی کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتە گەورەکان بەسەر مەسەلە جیهانییەکانیدا پێك دێنا و



یەکێك لە هۆیەکانی قووڵکردنەوی ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوون و بوون بە هۆی ئەوەی ئەمریکا و سۆڤیەت کە قازانجی هاوبەشیان هەبوو خێرا بە هێندێك ڕێککەوتن بگەن. بە دوای کۆبوونەوەی مۆسکۆدا بوو کە ئێران ناچار بوو بڕیارنامەی ٥٩٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قەبووڵ بکا (بە دوای کەوتنەخواری فرۆکەی گەشتیار هەڵگری ئێران لە کەنداوی فارس دا). ئەم بڕیارنامەیە لە ٢٠ی جوولای ١٩٨٧دا بە تێکڕای دەنگ لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرابوو. هەروەها بە پێی ڕێککەوتنەکانی جێنێڤ لە ١٤ی ئەپریلی ١٩٨٨دا بڕیار درا هێزەکانی سۆڤیەت لە ١٥ی فێبریوەری ١٩٨٩دا وردە وردە ئەفغانستان چۆڵ بکەن و سەرەنجام بە پێی ڕێککەوتنەکانی ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٨٨ی نیۆیۆرك لە بارەی ئەفریقای ناوەندی و باشووردا هێزەکانی کووبا لە ئانگۆلا و هێزەکانی ئەفریقای باشووریش لە نامیبیا بچنە دەر و سەربەخۆیی نامیبیا بۆ ساڵی ١٩٩٠ دەستەبەر کرا.

لە قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژیدا نەك هەر کێشەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت کەم بوونەوە بەڵکو پێوەندییەکانی مۆسکۆ و پەکینیش بەرەو باشی چوو و کێشە ناوچەییەکان کە ئەم دوو وڵاتەی لە بەرامبەر یەکتردا ڕاگرتبوو تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر کران. هێزەکانی ڤیەتنام خاکی کامبۆجیان بەجێ هێشت و کێشەی نێوان چین و سۆڤیەت لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات بە ڕادەیەکی زۆر چارەسەر کران.

سەرەنجام لە بارەی بەهێزکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە قۆناغی نوێدا دەبێ بڵێین هاوکاریی ئەمریکا و سۆڤیەت بۆ خۆی دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕێکخراوی نەتەوەکان. چونکە بەدوای ئەمەدا هاوکاریی نێوان دەوڵەتانی سوسیالیستی و وڵاتانی ژێر نفووزی سۆڤیەت و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیارەکان مەشرووعیەتیان هەیە. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ بەم لاوە بودجەی ڕێکخراوی نەتەوەکان زیاد کرا و چارەسەری کێشەکانی وەك شەڕی ئێران و عیراق و کێشەکانی نامیبیاش کەوتە ئەستۆی ئەم ڕێکخراوەیە کە بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی توانای ڕێکخراوی زیاد کرد.

ئەوەی لە کۆتاییدا پێویستە بیر بخرێتەوە بوونی ڕکەبەرایەتیی حەتمییە کە لە نێوان دوو هێز یان هێزەکانی مەوجوود لە جیهاندا دەبێ. ڕێککەوتنەکانی دەیەی ١٩٨٠ی دوو زلهێزیش نە لە ڕووی نیازپاکی ڕوویاندا و نە لە ڕووی ئاشتیخوازییەوە، بەڵکو قازانجی

هاوبەش لە بەرامبەر هەڕەشەی هاوبەش کە لە سەر هەر دووکیان بوو، بوو بە هۆی ئەم نزیکایەتییە. هەر لەم کاتەدا زەمینەی ناکۆکی و رکەبەرایەتییەکانیش دیار بوون. "ماڵی هاوبەشی ئەورووپایی"ی گۆرباچۆڤ جۆرێکی دیکە لە خەباتخوازی لە ئەورووپادا بووو هەر لەو کاتەش دا رێککەوتنێکی بە مانا و بە ئاشکرا لە بارەی دابەشکردنی ناوچە ژێر نفووزەکانی جیهانیش دا رووی دەدا کە نوێنگەی کەشوهەوای "گورگ و مەڕ" بوو (هێرشی ئەمریکا بۆ سەر پاناما، گۆڕانی حکوومەت لە نیکاراگوی....).

ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵکو ببووە هۆی نیگەرانیی سۆڤیەت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژاپۆن و وڵاتانی جیهانی سێهەمیش.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا گورباچۆڤ پلانی " ماڵی هاوبەشی ئەورووپایی" یا ئەورووپای لە ئورالەوە تا ئاتلانتیکی هێنایە گۆڕێ تاکو بە هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە پلەی یەکەم دا فەلسەفەی بوونی ناتۆ لە نێو بەرێ و پێی ئەمریکا لە ئەورووپا ببڕێ. هەروەها کۆمەڵگەی ئابووریی ئەورووپا بخاتە نێو ڕێکخراوێکی بەرینتر کە هەموو وڵاتانی ئەورووپایی و خودی سوڤیەتیش بگرێتەوە تا لەم ڕێگەیەوە ئەگەر نەیتوانی لێکی هەڵوەشێنێ لانیکەم لە پێی بخا. لەم خاڵە هاوبەشەدا هاوکارییە هەمەلایەنەکان لە سەر تەوەری مسکۆ ـ بەرلین دەبن. مۆسکۆ دەبێتە پایتەختی نیزامی و بەرلینیش دەبێتە پایتەختی ئابووریی ئەورووپای یەکگرتوو. ئەم بیرۆکەیە ڕێککەوتنی ڕاپالۆی لە ساڵی ١٩٢٢دا بیر دەخستەوە کە لە نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیەتدا ئیمزا کرا. بە پێی ئەم بیرۆکەیە سۆڤیەت کەڵکی لە تەکنۆلۆژیاو ئابووریی ئەڵمانیایا وەردەگرت و ئەڵمانیایا کەڵکی لە خاکی سۆڤیەت وەردەگرت بۆ تاقیکارییە نیزامییەکان. کارتی سەرکەوتنی گۆرباچۆڤ بۆ وەدیهاتنی ماڵی هاوبەشی ئەورووپا، یەکگرتنی ئەڵمانیایا بوو. گۆرباچۆڤ وای لێك دابۆوە کە یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانیایا، ئەڵمانیایا گەورە ئیدی پێویستیی بە هاوپەیمانانی ئەورووپایی نابێ. لە لایەکی دیکەوە بە تێکچوونی ئاستی هێز کە یەکێك لە مەرجەکانی چوونەوەسەر یەکە (همگرایی) هاوپەیمانانی ئەڵمانیایا وەکو فەڕەنسا و بریتانیاش لە هێزی ئەم وڵاتە ترسیان لـێ‌دەنیشێ و لێی دوور دەکەونەوە. بەجۆرە سۆڤیەت بە بەردێك دوو کێلان دەشکێنێ. لە لایەك بازاڕی هاوبەش تێك دەدا و لەگەڵ هەرکام لە وڵاتانی ئەورووپاییدا ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی دوولایەنەیان لەگەڵ دەبەستێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە دانی متمانە و بەڵێنی پێویست بەو وڵاتانە، ناتۆ دەخاتە حاڵەتی بەرگرییەوە. سۆڤیەت بەو مەبەستانە خەریکی ڕێگە خۆشکردن بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمانیایا بوو. ئەمریکاش دیارە بەم بەرنامەیە ڕازی بوو. چونکە هەم کەلێنێك دەکەوتە بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە و هەم بازاڕی هاوبەش، ڕکەبەری ئابووریی ئەمریکا، لەگەڵ کێشەیەکی نوێ بەرەوڕوو دەبوو.

# بەشی چوارەم

## پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە دەیەی ١٩٩٠دا

### ١ـ لێك هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئاکامەکانی

ڕژێمە سیاسییەکان هەرچی زیاتر پاوانخواز و ئایدۆلۆجیایی بن لاوازتر و قرچۆکتر دەبن. هەر کە گۆرباچۆڤ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت تێگەیشت کە بەرنامەی نوێکردنەوەی ئابووریی سۆڤیەت لەگەڵ کەندوکۆسپێکی گەورە بەرەوڕوویە کە بریتییە لە بەربەرەکانیی دەزگای حیزب و سڕبوونی کۆمەڵایەتی کە لە ماوەی ٧٠ ساڵ دا کۆمەڵگەی سۆڤیەتی لە حاڵی بوورانەوەدا ڕاگرتبوو. هەربۆیە ناچار بوو نوێکردنەوەی ئابووریی ناسراو بە "پروسترۆیکا" تێکەڵ بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناسراو بە "گلاسنۆست" بکا. ڕژێمی سۆڤیەت نەك هەر لەگەڵ ئابوورییەکی تێك رووخاو بەرەوڕوو بوو کە خۆی بەرهەمی بروکراسیی لە ڕادەبەدەری کەڵەکە بوو لە لایەك و بەڵێنەکانی بەدەر لە توانای خۆی لە دەرەوە لە بەرامبەر بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکاندا لە لایەکی دیکەوە بوو، بەڵکو لە مەیدانی نێونەتەوەییش دا دەبوو هاوکات لەگەڵ خەباتخوازیی ئەمریکا و سەرنج ڕاکێش بوونی بازاڕی هاوبەش دەستەویەخە بێ. ڕاگەیەندراوی هاوبەش لە فێبریوەری ١٩٨٦دا لەلایەن کۆمەڵگەی ئابووریی ئەورووپاوە پەسند کرابوو، بازاڕێکی هاوبەش یان قەڵایەکی لەشکان نەهاتووی بۆ ساڵی ١٩٩٣ دیاری کردبوو کە نەك هەر وەسوەسەی دەخستە دڵی

دیواری بەرلین لە ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا هەڵگیراو وتووێژەکانی ئەڵمانیا و سۆڤیەت و پاشان وتووێژەکانی ناسراو بە ٢+٤ واتە دوو ئەڵمانیایا لەگەڵ ئەمریکا، سۆڤیەت، فەرەنسا و بریتانیا دەستیان پێکرا و سەرەنجام لە ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٩٠دا دوو ئەڵمانیایا بە کردەوە یەکیان گرت. بەڵام هاوکات لەگەڵ رەوتی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیایا ئازاد کردنی هەموو ئەورووپای رۆژهەڵاتیش دەستی پێکرد و پەیمانی وارشەو هەڵوەشایەوە و نەك هەر سۆڤیەت دەسەڵاتی چل و پێنج ساڵەی لەسەر شانی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات هەڵگرت، بەڵکو رەوتی ئازاد بوون خۆی خزاندە نێو ئیمپراتۆریی سۆڤیەتیشەوە. وڵاتانی رووسیای سپی، ئوکرانیا، وڵاتانی بالتیك و سەرەنجام وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز و سەرەوەی ئاراس یەك بە دوای یەکدا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. سۆڤیەتیش بۆخۆی مالاوایی لە ئایدۆلۆجیای مارکسیزم کرد و رژێمی لیبراڵ و دیموکراتیکی قەبووڵ کرد.

سروشتی بوو کە ئەم پرۆسەیە بوو بە هۆی لاوازیی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی رووسیاشدا و لە ئاستی زلهێزییەوە دابەزی بۆ هێزێکی ناوچەیی. بە لەنێوچوونی یەکێك لەو جەمسەرە سیستەمی نێونەتەوەیی کە لە سەر بنەمای دوو جەمسەری دامەزرابوو لێك هەڵوەشا. جیهان لە چاوەڕوانیی سیستەمێکی نوێدا، بە خێرایی تێکهەڵچوونی بچووك و گەورەی لە ئەفغانستانەوە بگرە تا کۆریا و لە کۆماری ئازەربایجانەوە بگرە تا سوودان و لە پاناماوە بگرە تا نیکاراگوئێی بۆخۆیەوە دی.

## ٢ـ نەزمی نوێ یان بەنەزمی

سروشتی بوو کە بە هەڵوەشانی سۆڤیەت، ئەمریکا بیەوێ سیستەمی یەك جەمسەری بپارێزێ یان لانیکەم ئاشتییەکی ئەمریکایی (Pax – Americana) پێك بێنێ کە هەموو کاروبارەکان لە ژێرچاوەدێری و بە رەزامەندیی ئەمریکا چارەسەر بکرێن و بە زاڵبوونی ئەم وڵاتە پێش بە کێشە گەورە و بچووکەکان لە گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا روو دەدەن بگیرێ. دیارە ئەمریکا هێندێك بەرنامە و رێوشوێنی بۆخۆی دیاری کردبوو کە ئەو مەبەستەی بۆ وەدی بێ. بەڵام هێزی ناڕازییش هەبوون کە ئاشتییەکی ئەوتۆیان قەبووڵ نەدەکرد.



رێوشوێنی ئەمریکا بەرلەوەی کات بەفیڕۆ بدا، بەدەستەوە گرتن و کۆنترۆڵی وزەی جیهان بوو. هێرشی عیراق بۆ سەر کوێت لە دووی ئاگوستی ١٩٩٠دا ئەم بیانوویەیدا بە دەستەوە. رژێمی سەدام حوسێن یەکێك لە بێ بناخەترین رژێمەکانی ناوچەی ئالۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە بە هیچ جۆر جێی متمانە نییە و قەت ناکرێ کردەوە و دژەکردەوەکانی هەڵسەنگێنی. کوێت لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عیراق دا یارمەتییەکی زۆری بە عیراق کردبوو بەڵام بە پێی بەڵگەیەك کە دەوڵەتی عیراق لە سێپتەمبەری ١٩٩٠دا لە لەندەن بڵاوی کردەوە کوێت و سعوودی بەوە تاوانبار کرابوون کە پلانیان لە دژی عیراق بەدەستەوەیە و هەر بۆیەش هێرشیان کردۆتە سەر. داوا سنوورییەکانی عیراق لە کوێت رابردوویەکی درێژی هەیە. بەڵام ئەم هێرشە بە پێی ئەم لێکدانەوەیە روویدا کە لە قۆناغی دوای شەڕی سارددا رۆژئاواییەکان ئامادە نابن گیانی سەربازەکانیان لە مەترسی باوێن. هەر لەم کاتەشدا بەڵگەکان نیشانەی پیلانێکی بەربڵاوترە کە دەبووا بیانووی پێویست هەبێ بۆ ئەوەی ماشێنی شەڕی عیراق واتە ئەو ماشێنە کە رۆژئاواییەکان لە دژی ئێران تەیاریان کردبوو، هەڵتەکێنن و لەوەش زیاتر دەبووا زەمینەی حوزووری ئەمریکا لە ناوچەکەش دا ئامادە بکرێ. لە بارەی پێوەندی و وتووێژە نهێنییەکانی نێوان باڵوێزی ئەمریکا لە عیراق و سەدام حوسێندا لە رۆژەکانی بەر هێرش دا قسەیەکی زۆر کراوە بەڵام لێکدانەوەی ئێمە بە پێی ئاکامەکانی رووداوەکەیە. ئەم ئاکامانە کە شەڕی کەنداوی فارس یان هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عیراقی خستۆتە ریزی شەڕە گەورەکانەوە نیشانەی بەرنامە داڕشتنێك لە ئاستی جیهانی دایە. رۆڵی رێکخراوی نەتەوەکان لەم رووداوەدا نەك هەر رۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر نەبوو، بەڵکو لە خزمەت سیاسەتەکانی ئەمریکادا بوو.*

* رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رێکخراوی "مجرد" نییە و لە نوێنەری دەوڵەتانی جیهان پێك هاتووە. دوای چەند جار داوا و ئۆلتیماتۆمی کۆمەڵگەی نەتەوەیی رژێمی عیراق لە کوێت نەچووە دەر و ئەو هێرشە بۆ سەر عیراق مەشرووعیەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەگەڵ بوو. جگە لەوەش فەلسەفەی وجوودیی ئەم رێکخراوەیە پاراستنی "ئاشتی" و "پێشگیری لە شەڕ"ە کە رژێمی سەدام هەردووکیانی لە هێرش بۆسەر کوێت دا پێشێل کردبوو.

بڕیارنامەی ٦٦٠ی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەکان عیراقی مەحکووم کرد و داوای لەم وڵاتە کرد کە لە خاکی کوێت بچێتە دەر. بڕیارنامەی ٦٦١ تەحریمی ئابووریی لە دژی عیراق پەسند کرد. بەڵام ئەم کارە تەنیا مەشرووعیەتی دا بە هەوڵی ئەمریکا و کەڵك وەرگرتنی ئەمریکا لە هێزەکانی ناتۆ بۆ سەرکوتی عیراق و یارمەتیی بە چارەسەری کێشەکەی نەدا.

ڕۆژی دەی ئاگوستی ١٩٩٠ ناتۆ ئامادەیی خۆی بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانی ئەمریکا ڕاگەیاند و وڵاتانی پۆرتوگال و ئیسپانیا پێگەکانی خۆیان بۆ کەڵك وەرگرتنی هێزەکانی ئەمریکا کردەوە و وڵاتانی وەکو فەڕەنسە و ئەڵمانیایا کە حەزیان نەدەکرد لەو هێرشەدا بەشدار بن سەرەنجام ناچار کران لەگەڵ کەون.

سیناریۆی ئەمریکا ئەوەندە وەستایانە داڕێژرابوو کە هیچ وڵاتێك دەرفەتی تێفکرینی بۆ نەما. هێزەکانی ئەمریکا لە ڕووی نیزامییەوە پێویستیان بە هاوڕێیەتیی هێزەکانی ئەورووپا نەبوو بەڵام لە باری بیروڕای گشتی و بۆ مەشرووع نیشاندانی ئەم هێرشە، هاوڕێیەتیی وڵاتانی ئەورووپایی پێویست بوو. هێزەکانی ئەمریکا لە سعوودی، بەحرەین، قەتەر و عومان دامەزران. بەڵام مەودای جموجۆڵی هێزە ئەورووپاییەکان زۆر بەرتەسك بوو. ئەورووپاییەکان زۆر باش دە مەبەستی ئەمریکا گەیشتبوون. ئەمریکا دەیەویست پاش دڵنیا بوون لە هەڵتەکانی ماشێنی شەڕی سەدام، گەرووی وزەی جیهان بەدەستەوە بگرێ. لە ڕووی توانایەکی زیاترەوە لەگەڵ ڕکەبەرە ئەورووپاییەکانی و لەگەڵ ژاپۆن و ڕووسەکان بدوێ و دوای ئەمەش کێشەی عەرەبەکان و ئیسرائیلییەکان بە حەز و ئارەزووی خۆی چارەسەر بکا و سەرەنجام کۆنترۆلێکیشی بەسەر بزووتنەوە ئیسلامگەراکاندا هەبێ. هەربۆیەش جۆرج بۆش بە پێداگرتنی دووبارە لەسەر بەرپرسایەتیی وڵاتەکەی لە پاراستنی نەزمی نێونەتەوەیی (٢٠ی ئاگوست لە بالتیموور) ئەوەی کردە ئەرکی ئەمریکا کە تەنانەت پاش چارەسەری قەیرانەکەش بۆ ماوەیەکی بێسنوور لە ناوچەی کەنداوی فارس دا دەمێنێتەوە. ئەوە کە عیراق پەسندکراوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەڕێوە نابا بۆخۆی باشترین بیانوو بوو بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداوی فارس دا کە بە هێرشی جارجارەی خۆی بۆ سەر سەنگەرەکانی عیراق پێش بە سستیی هێزەکانی خۆی



بگرێ. هەرچۆنێك بێ شەڕی کەنداوی فارس سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو. ئاکامەکانی ئەم شەڕە ئەو دەرفەتەی دا بە ئەمریکا کە بۆ ماوەی دەیەیەك توانی پێش بە هەرچەشنە هەوڵێك بگرێ کە هەڕەشە لە تەك جەمسەریی جیهان بکا.

یەکێك لە پرەنسیپەکانی سیاسەتی نوێی ئەمریکا کەڵك وەرگرتن لە ڕێکخراوی نەتەوەکان بە مەبەستی مەشرووعیەت دان بە کردەوە نیزامییەکانیەتی. بەڵام ئەم چەکە بەتەنیا بەس نەبوو. کەڵك وەرگرتنی پەیتا پەیتا لە هێزی نیزامی نیشانی دەدا کە ئەمریکا دەیەوێ بۆ پاراستنی باڵادەستیی خۆی گرنگییەکی تایبەتی بەهێزی نیزامی بدا. لێکدانی ئەم دوو شتە ئەوە بوو کە ئەمریکا ناتۆی وەك باڵی نیزامیی ڕێکخراوی نەتەوەکان بە سەر جیهاندا دەسەپێنێ. هەر لەم کاتەش دا سیاسەتی ئەمریکا لەوە مەترسیدارتر بوو کە بیەوێ چاوەڕوانی پەسندکرانی وڵاتانی دیکە بمێنێتەوە. ستراتیژیی ئەمریکا بۆ قۆناغی دوای شەڕی سارد، لەسەر بناخەی کاری خێرا و کەمترین بەستراوەیی بە پێگە سوننەتییەکان دامەزرابوو. ئەمریکا تا بەر لە هەڵوەشانی سۆڤیەتیش سوپێر ئیمپریالیزمی (وشەیەك کە هاری مەگراف بەکاری هێنا) خۆی لە ژێر سێبەری ئەم هێزە نیزامییەی خۆیدا پاراستبوو و پاش ئەمەش کە دەیزانی ڕادەی خۆشەویستییەکەی لە سەرانسەری جیهاندا چەندە، ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی جیهان کە لە دژی هێزەکانی ئەمریکا دەردەبڕان و دەردەبڕێن، باش دەزانێ کە تەینا پارێزەری قازانجەکانی لە جیهاندا هێزی نیزامیی ئەم وڵاتەیە.

ئامرازێکی دیکە کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بە شێوەیەکی بەرچاو جێی خۆی کردۆتەوە "مافی مرۆڤ"ە. ئەم ئامرازە چەندین ساڵە جێگەی سەرنجی ئەمریکایە و بە تایبەتی پاش کۆنفرانسی ١٩٧٥ی هێلسینکی لە دژی بلوکی ڕۆژهەڵات دا بەکار هاتووە و ئاکامی باشی بۆ ئەمریکا هەبووە. ئەم ئامرازە پاش ڕووخانی سۆڤیەت لە دژی وڵاتانی سەرەڕۆی جیهانی سێهەم دا کەڵکی لێوەرگیراوە. نەك هەر چین کەوتەبەر هێرشی ئەم چەکی مافە بەلکو زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە ئەمڕۆ کەوتوونەتەیە و هەڕوگیفی دەسەڵات نواندنی ئەمریکاو بە ئاسانی لە بەرامبەریدا چۆك دادەدەن. لە دوایین ڕۆژەکانی سەدەی بیستەم دا ناتۆ بە ناوی پشتیوانی لە مافەکانی مرۆڤ لە دژی سێربیا هاتە

مەیدان*. کەمایەتییەکاندا، بە مەبەستی پارچە پارچە کردنی وڵاتان کەڵك لەو چەکە وەربگرێ و دەوڵەتان لە ژێر فشار بنێ تا ملّ بۆ دانی خودموختاری بە کەمایەتییەکان رابکێشن، دەبێ چاوەڕوانی سامناکترین رووداوەکان بین، ئەو رووداوانەی کە دەبنە هۆی ناسەقامگیری و لەرزۆك بوونی بە تەواویی جیهان.

## دژە هێز

ئەگەر ئەمریکای وەك هێزێکی زاڵ و وەکو حکوومەتێکی پاوانخواز بێنینە بەرچاو دەبێ بزانین چ خەباتخوازییەك لەبەرامبەر ئەم هێزەدا بەرێوە دەچێ. راستییەکەی ئەوەیە کە لە بەرامبەر ئەمریکادا هێندێك هێزی نێونجی هەن کە هیچ کامیان بە تەنیا توانای راوەستان لە بەرامبەر ئەمریکایاندا نییە. بەڵام ئەمریکاش ناتوانێ وەڵامدەری هەموو ئەو کەند و کۆسپانە بێ کە لە سەر رێگەی دا هەن مەگەر ئەوە کە تەن بە تەن و بە نۆرە قەڵت و بریان بکا.

یەکێك لەو هێزانە چینە کە دەتوانێ تا ئاستی زلهێزێك بچێتە پێش، پان و بەربڵاویی وڵات، هەڵکەوتی ناوەندەتی لە ئاسیادا، سەرچاوە سروشتییەکانی، حەشیمەتی زۆر، هێزی نیزامیی‌و توانای پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمییەکانی، ریتمی گەشەکردنی بێ‌وێنەی، لەو هۆکارانەن کە زلهێزێکی بەهێزیان لە چیدا پێك هێناوە.

ئەمریکاش چەندین جار نیگەرانیی خۆی لە هێزی نیزامیی چین دەربڕیوە و چەندین جاریش لە رێگەی مافی مرۆڤەوە و لە رێگەی قەڵسەگێڕانەوە خەریکی سنووردار کردنی هێزی چین بووە.

*سەبارەت بەوە کە دەوڵەتی وڵاتی نووسەریش، ئێران هەر ئە سیاسەتە لە دژی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی وڵاتی خۆی بەرێوە دەبا کە سێربەکان لە یوگسلاڤیای پێشوودا بەڕێوەیان دەبرد، دەبێ ئاوا باسی رووداوەکان بکا. ئەگینا تا هێزەکانی ناتۆ نەرژانە مەیدانەوە رۆژ نەبوو کۆمەڵێك ئینسانی بێ‌تاوان بە دەست سێربەکان نەکوژرێن. تەنانەت پاش ١٥ ساڵ لەو رووداوە ئێستاش گۆڕی بە کۆمەڵ لە کۆزۆڤۆ دەدۆزرێنەوە. لە دوایین رۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا گۆڕی بە کۆمەڵی تێکڕای شارێکیان دایەوە کە بە دەستی جینایەتکارانی سێربیا کوژرابوون. هەڵەی ناتۆ ئەوەیە پێشی بەو کۆمەڵکوژییانە نەگرت!! وەرگێڕ.



رووسیاش لە چوارچێوەی فیدراسیۆن، کۆمەڵەی قازانجە هاوبەشەکان و یان تەنانەت دەوڵەتێکی نەتەوەیی، هێزێکی بالقوەی دیکەیە کە ئەگەر لە دەست گێروگرفتی نێوخۆیی رزگار بێ دەتوانێ جارێکی دیکە ویلایەتەکانی پێشووی خۆی لە ئاسیای نێوەڕاست و تەنانەت لە ئەورووپای رۆژهەڵات لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بلۆکێکی بەهێز پێك بێنێ* "نیشانەیەکی زۆر هەن کە ئیمکانی گەڕانەوەی سەرپەرستایەتیی رووسیایان لێ‌چاوەڕوان دەکرێ."

لانیکەم چەکە ئەتۆمییەکانی سۆڤیەتی پێشوو و تەکنۆلۆژییاکەی هۆیەکی گرنگن لە توانای نیزامیی رووسیادا. ئەم هێزە لەگەڵ ئۆگریی توندی رووسیا بە سەرپەرستایەتی کردن بەسەر وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست، ئەم وڵاتە دەکاتە یەکێك لە ئەکتەرە گرنگەکانی شانۆی نێونەتەوەیی.

ئەگەر چین و رووسیا رکەبەری نیزامیی ئەمریکان، ژاپۆن و ئەورووپای رۆژئاواش رکەبەری سەرسەختی ئابووریی ئەمریکان. ژاپۆن کەڵکی لە قەدەغەبوونی پیشەسازیی نیزامی وەرگرت و بوو بە هێزێکی گەورەی ئابووری. بەرنامەی ئەمریکا ئەوەیە کە دیسان باری خەرجی نیزامی بە ئەستۆی ئەم وڵاتەدا بسەپێنێ و لە توانا ئابوورییەکەی کەم بکاتەوە.

بەڵام ئەورووپای یەکگرتوو، دۆستی کۆن و هەر لەم کاتەشدا مەترسیداری ئەمریکا ناکرێ هەر وا بە ئاسانی لە مەیدان دەربکرێ. رەوتی یەکگرتنی ئەمریکا پاش ١٥ ساڵ سستی و نوشستی، جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٨٥ واتە هاوکات لەگەڵ قۆناغی نوێی نەهێشتنی گرژی دەستی پێ‌کردەوە. هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت، ماڵی هاوبەشی ئەورووپایی گۆرباچۆڤی پێشکەشی کۆمەڵگەی ئەورووپا کرد. نەك هەر ئەڵمانیایای یەکگرتوو لەو کۆمەڵگەیە نەهاتە دەر بەڵکو وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی مایەوە و زۆر لە ولاتانی ئەورووپای ناوەڕاست و رۆژهەڵات داوای ئەندامەتی لە کۆمەڵگەی ئابووریی ئەورووپایاندا پێشکێش بە کۆمیسیۆنی ئەورووپا کرد. لەبەرامبەریشدا ئەورووپای یەکگرتوو بانکێکی ئاوەدان کردنەوەو پەرەپێدان

*کورد گوتەنی: "پیاو ئەگەر موفلیس بوو خزمی دوور و قەرزی کۆنی دێنەوە بیر".

(BERD)ی بۆ ئامادەکردنی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پێك هێنا. هەروەها ئەورووپای یەکگرتوو زۆربەی نیهادە کۆنەکانی وەك "کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا"ی بۆ راکێشانی ئەم وڵاتە ئاوەدان و بەهێز کردووە. ئەم کۆنفرانسە لە کۆبوونەوەی نۆڤەمبەری ١٩٩٠ی پاریس دا "جاڕنامەی پاریسی بۆ ئەورووپای نوێ" پەسند کرد و کۆنفرانسەکەی کردە ڕێکخراوێکی بەرنامەیەکی بەربڵاوی بۆ دارشت. ئەم ڕێکخراوەیە ئەمرۆ ٥٣ ئەندامی (لەوانە ئەمریکا، کەنەدا و رووسیا) هەیە. شوورای ئەورووپا (دامەزرانی ١٩٤٩)ش چالاك بۆوە تاکو لە حاڵەتی نێهادێکی بەجێماو لە قۆناغی شەڕی سارد ببێتە نیهادێکی هاوکاری ئەورووپا.

پەیمانی ماستریخت (فێبریوەری ١٩٩٢) ئەورووپای یەکگرتووی کە لەوە بەدوا ناوی نا "یەکیەتیی ئەورووپا" بۆ گەیشتن بە یەکیەتییەکی تەواو تا ساڵی ١٩٩٩ ئامادە کرد. سێ کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم پەیمانە بریتی بوون لە: پێکهێنانی ئەورووپای هاووڵاتان (لە جێی ئەورووپای مافناسان و سیاسەتمەداران)، یەکیەتیی دراو بۆ ساڵی ١٩٩٧ یا ئەوپەڕەکەی بۆ ساڵی ١٩٩٩و سەرەنجام سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی هاوبەش. ئەم هێزە ئابوورییە کە تا ئێستا لە بەر هێندێك هۆ رووی لە مەسەلە نیزامییەکان نەبوو، دەتوانێ ببێتە هێزێکی نیزامی. یەکیەتیی ئەورووپای رۆژئاوا کە لە ساڵی ١٩٥٤دا دامەزرا دەتوانێ وەکو باڵی ئەورووپایی ناتۆ ئەوەندە بەهێز بێ کە وەکو ئەمیبا لە لەشی دایکی جیا بێتەوە و سەربەخۆ بێ. دوو هۆ واتە خەرجی زۆر و لاوازیی تەکنۆلۆژیا، تاکو ئێستا ئەورووپاییەکانی لە باری نیزامییەوە غافڵ کردووە. بەڵام سەربەخۆیی نیزامی کە خاڵی لاوازی ئەورووپایە قەت لە ناخی بیری ڕێبەرانی ئەورووپادا نەفەوتاوە. بە بۆچوونی ئێمە سەبارەت بەوەی کە تەوەرەی سەرەکیی کێشەکان پاش هەڵوەشانی سۆڤیەت کێشەی ئەورووپا ـ ئەمریکایە، سەرەڕای کارشکێنیی ئەمریکا، ئەورووپا بەرنامەیەکی نوێ بۆ سەربەخۆیی نیزامیی خۆی دادەڕێژێ. ئەگەر چین تەنیا هێزێکی نیزامی و ژاپۆن تەنیا هێزێکی ئابووری و رووسیا دەسەڵاتێکی لە ئاستی ناوچەیی دان، ئەورووپا دەتوانێ هێزی نیزامی و ئابووریی تێکەڵ بە یەك بکا و وەکو ڕکەبەری سەرەکیی ئەمریکا بێتە مەیدان، بەتایبەتی ئەوە کە سەرنجڕاکێش بوونی یەکیەتیی ئەورووپا ختۆکەی خستۆتە نێو دڵی هەموو وڵاتانی ئەورووپاییەوە کە دەگەڵی بکەون. "نیگەرانیی ئەمریکا لە ئەورووپای



یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٨٦ واتە دەرچوونی ڕاگەیەندراوی یەکیەتی دەستی پێکرد. ئەم نیگەرانییانە لایەنی ئابووری، سیاسی، ژیئۆپۆلەتیکی و ژیئۆستراتیژیکیان هەبوو. ڕکەبەرایەتیی ئابووریی ئەورووپا و ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦١دا دەستی پێکرد و لە قسەکانی کەنەدی سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئەمریکادا لایەنی ئاشکرای بەخۆوە گرت و پاشانیش لە قسەکانی نیکسۆندا بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕەنگی دایەوە. ئەوکات بوونی مەترسیی سۆڤیەت ئەورووپاییەکانی ناچار بە لەخۆبردوویی کرد. ئێستا کە ئەو هەڕەشەیە نەماوە، ڕێبەرایەتیی ئەمریکاش وەکو مەسەلەیەکی داسەپاو و تەحەمول نەکراوی لێ هاتووە."

### ٣ـ دووره دیمەنی کێشەکانی جیهان لە دەروازەی سەدەی ٢١دا

لە سەرەتای چوونە نێو سەدەی بیست و یەکەم دا ئاکامی هەوڵی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی جیهانێکی یەك جەمسەری لە لایەك و بەربەرەکانیی هێزە نێونجییەکان بە تایبەتی یەکیەتیی ئەورووپا لە لایەکی دیکەوە هەلومەرجەکەی بەرەوحاڵەتێکی ناروون و هەڵپەسێراو بردووە. تەنانەت دەکرێ بڵێین تا ئێستاش هەلومەرجەکە بە ویستی ئەمریکا چۆتە پێش و زۆربەی ئامانجەکانی ئەمریکا لە شەڕی یەکەم و دووەمی کەنداوی فارس واتە دەسەڵات بەسەر کانگای وزەکان وەدی هاتووە. ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ کە لە دوو تەوەری بازرگانیی ئەمریکا بە کردەوەی خۆکوژی وێران بوون، بیانووی پێویستی دا بە دەست ئەمریکا تا بە بیانووی خەباتی جیهانی لە دژی تیرۆریزم لەگەڵ ڕکەبەر و دوژمنەکانی بە شەڕ بێ و لەشکرکێشی بکاتە سەر ئەفغانستان و عیراق. ڕووخانی تالیبان و سەدام حوسێن لە ئەفغانستان و عیراق لەپێشدا ئەمریکای وەکو هێزێکی باڵادەست لە جیهاندا نیشاندا، بەڵام زوو لەگەڵ ڕەخنەی بەربڵاو لەلایەن وڵاتانی ئەورووپایی و وڵاتانی دیکە، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و بیروڕای گشتی بەرەوڕوو بوو و سەربازە ئەمریکاییەکانیش لەگەڵ دژکردەوەی جۆراوجۆری گرووپە عیراقییەکان بەرەوڕوو بوون. ڕەوتی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دوژمنایەتیی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلی لە نێو نەبردووە، بەڵام کاریگەرییەکی توندی لەسەر لاوازکردنی عەرەبەکان هەبوو. ڕووسیا

لە دەست قەیرانە نێوخۆییەکانی دەرباز نەبووە و هەروەك دیتمان لە شەڕی ناتۆ لە دژی سێربیا نەیتوانی هیچ چەشنە دژکردەوەیەك لەخۆی نیشان بدا. چین بە ئارامی بەرنامەی کرانەوە بە رووی جیهاندا بەرەوپێش دەبا و لانیکەم تا دەیەیەکی دیکە ناتوانێ کۆسپێکی جیددی بێ بۆ ئەمریکا و ئەورووپای یەکگرتووش سەرەڕای هێندێك پێشکەوتن لە بواری ئابووریی یەکیەتیی دراویدا، هێشتا بە دەست قەیرانی ناسنامەوە دەناڵێنێ، و بە هیچ جۆر نەیتوانیوە لە ناتۆ بێ‌منەت بێ.

لە بەرەبەری ساڵی ۲۰۰۰ی زایینیدا قەیرانی کۆزۆڤۆ وەك سەمبولی بارودۆخی جیهان ناسرا. ئەم قەیرانە کە بە هێرشی هێزەکانی ناتۆ بۆ سەر سێربیا لە مارسی **۱۹۹۹**دا پێی نایە قۆناغێکی سەختەوە دوو خاڵی تازەی تێدایە کە سیاسەتی ئەمریکا روونتر دەکاتەوە. یەکەم ئەوەیە کە ناتۆ لەژێر چاوەدێریی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەمایەوە، دووەمیش ئەوەیە کە بە ناوی بەرزکردنەوەی مافی مرۆڤ و ئەستاندنی مافی کۆزوڤارەکان لە سیربەکان هاتە مەیدانەوە.

بەڵام رووداوی ۱۱ی سێپتەمبەر و لەشکرکێشی بۆ سەر عیراق دەکرێ وا لێك بدرێتەوە کە ئەمریکا لەمەوبەدوا گرنگییەکی ئەوتۆ بە رێکخراوی نەتەوەکان نادا و رەنگە لە داهاتوودا هێرشەکانی ناتۆ لایەنی مرۆیی و مافی مرۆڤ بەخۆوە بگرن. لە حاڵێك دا لێکدانەوەی مافی مرۆڤ بناخەیەکی نەگۆڕی نییە و دەستێوەردانی ناتۆ رەنگە لە داهاتوودا زۆر لە سنوورەکان ببەزێنێ. لەم حاڵەتەدا گەورەترین مەترسی لە سەر ئاشتیی سەدەی بیست و یەکەم دەبێ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە هێرش بۆ سەر سێربیا و پاشان بۆ سەر عیراق لەگەڵ دژایەتیی رووسیا، چین و چەند وڵاتی دیکە بەرەوڕوو بوو کە نیشانەی لەگۆڕێدا بوونی بەربەرەکانی لە بەرامبەر ئەمریکا دایە. ئومێدی ئەوە هەیە هەروەك پۆل کەنەدی لە کتێبی "سەرهەڵدان و رووخانی دەسەڵاتە گەورەکان"دا لە بارەی دەسەڵاتە مێژووییەکاندا دەڵـێ، بەڵێنەکان و دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی سنوورەکانیشیدا یارمەتی بە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی بکا. لە هێرشی ناتۆ لە یوگسلاڤیادا دەکرێ دوو لێکدانەوەی ناوچەیی و جیهانیی لەسەر بێ: لێکدانەوەی ناوچەییەکەی ئەوەیە ئەمریکا گەورەترین رکەبەری



نوێ لە ئەورووپای یەکگرتوودا دەبینێ و بۆ ئەوەی ئەم ئەورووپایە لە داهاتوودا نەگاتە سەربەخۆیی نیزامی و بەردەوام پێویستیی بە ناتۆ بێ، کەڵکی لە قەیرانە بچووکە ناوچەییەکان لە ناوچەی بالکان وەردەگرت تاکو لاوازیی ئەورووپاییەکان بە خۆیان نیشان بدا و لەگەڵ ئەوەشدا بیانووی پێویستیش بۆ حوزوورو بەهێزکردنی جێگەی خۆی لە ئەورووپادا بدۆزێتەوە و لەوانەشە مەودای ناتۆ بگەیەنێتە ئەورووپای رۆژهەڵاتیش. هەر بەو جۆرەی کە نووسەرێکی مەغریبی دەڵـێ: "ئەم شەڕە لە ماڵە ئەورووپاییەکان و بۆ شکستی ئەورووپای هاووڵاتیان (بناخەی سەرەکیی پەیمانی ماستریخت) و وەڕێ کەوتووە و مادام کە یەکیەتیی ئەورووپا لە رووی نیزامییەوە سەربەخۆ بێ ناتوانێ خۆی لە پێڕەوی کردنی ناتۆ و گرێ کوێرەکانی دەرباز بکا." بەڵام لێکدانەوە جیهانییەکەی ئەوە بوو کە قەیرانی کۆزۆڤۆ یەکەم قۆناغ لە خەباتخوازیی ئەمریکاییەکان لە قۆناغی نوێ دایە و پاش ئەمەش ناتۆ بۆ هێرشی لەم چەشنە روودەکاتە ناوچەکانی دیکەی جیهان بە تایبەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عیراق ئەم مەسەلەیەی سەلماند. ئەگەر مافەکانی مرۆڤ ببنە بناخەی پاساودانی هێرشەکانی ناتۆ، ئەوکات ئەمریکا بە بیانووی وەبەرچاونەگرتنی مافی کەمایەتییەکان دەتوانی لە هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە موزائیکێك لە نەتەوەکان و مەزهەبەکان پێك دێنن بێتە مەیدان. هەر وەك نووسەرێکی فەرەنسەوی دەڵـێ: "زۆر تاڵە کە مافەکانی مرۆڤ وەك ئامرازێك لە سیاسەتی دەرەوەدا بە کار بێ ئەویش بە مەبەستی جۆراوجۆر. کردەوەی تورکەکان لە بەرامبەر کوردەکاندا هێندەی کردەوەی سێربەکان لە بەرامبەر کرۆواتەکان و کۆزۆڤەکاندا، یان رەفتاری ئیسرائیلییەکان و لە بەرامبەر فەلەستینییەکاندا دزێوە. بەڵام ئامرازی مافەکانی مرۆڤ لە پڕ لە بارەی تورکیا و ئیسرائیلدا بێدەنگ دەبێ بەڵام لە شوێنەکانی دیکە وەك بورکان دەتەقێتەوە". لەوەدا کە ئەمرۆ ئەمریکا گەورەترین هێزی نیزامییە قسەی تێدا نییە. بەڵام تا چ رادەیەك دەیەوێ کەڵك لەو هێزە بۆ دەستێوەردانی لە کاروباری جیهان دا وەربگرێ. پێشبینیی ئێمە ئەوەیە کە ئەم قۆناغە زۆر ناخایەنێ جیهان بە شێوەیەکی رەسمی لە سەر بنەمای چەند جەمسەریی ئێتیلافی

بە بەشداریی ئەمریکا لە چوارچێوەی ..... ئەورووپا لە چوارچێوەی یەکیەتیی ئەورووپادا، رووسیا لە چوارچێوەی ولاّتانی قازانجە هاوبەشەکان و رێکخراوەکانی لەم چەشنە لە ئاسیای باشوور و رۆژهەلاّت و رۆژهەلاّتی دوور بە سیستمێکی سەقامگرتووتر دەگەن. "بەلاّم ئێستا هەر کەسەی بە جۆرێك روخساری سەدەی بیست و یەکەم رێك دەگوشێ و باری مەینەتییەکانی زیاد دەکا و دەی ژاکێنێ."